گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد

بەرگی دووەم
بەشی یەکەم
١٩٧٤




چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا

بسم الله الرحمن الرحيم



نـوسەری هـەر وتار و لێـکۆڵینەوەیـەك کە لەم گۆڤارەدا بـڵاو دەکرێتەوە خـۆی بەرپرسـیاری ناوەرۆکێتی .

البحوث والدراسات التي تنشر في هذه المجلة تعبر عن اراء اصحابها .



ژمارە دوی

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد

سەرۆکی کۆڕ
ئیحسان شێرزاد

خوێندەواری بەڕێز !

بە شانازییەوە وا ژمارە دوی (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد) تان پێشکەش دەکەین کە هیوامانە مایەی ڕەزامەندیتان بێ و لە ناوەڕۆک و ڕوخساردا گەیشتبێتە ئەو ڕادە و پایەیەی لە ژمارە یەکی گۆڤارەکەماندا پەیمانمان دابۆ هەوڵی بۆ بدەین. بێ گومان هەمۆ بۆ پێشەوە چۆن و سەرکەوتنێکی کۆڕ و گۆڤارەکەی بەر لە هەمۆ شتێك و زیاتر لە هەمۆ مەرجێك بە هەوڵ و کۆشش و تەقەلای زانا و شارەزایانمانەوە بەستەیە کە بێ دریغی چاکی کار و خزمەتیان لێ کردوە بە لادا و دڵسۆزانە هەوڵ دەدەن کون و کەلەبەر و کەلێنەکانی ژیانی ڕۆشنبیری و زانستی گەلەکەمان پڕ بکەنەوە، جا هەمۆ دەستکەوتێکی نوێی ژمارە دوی گۆڤارەکەمان



لەوانی بەژێزەوە دەناسرێ و جێی سوپاس و قەدرزانینی کۆژە .

ژمارە یەکی (گۆڤاری کۆژی زانیاری کورد) دەنگێکی باشی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا دایەوە و دەزگا و زانا و رۆشنبیرانی کورد و بێگانە بە رێز و سۆزەوە پێشوازییان کرد و بە دەستکەوتێکی زیارتی شایانیان لە قەڵەم دا[1] . بە لای ئێمەوە یەکێك لە ئەنجامە بایەخدارەکانی دەرچوونی گۆڤاری کۆژ جولاندنی ژمارەیەکی زۆر لە توسەر و شارەزایان بۆ کە گەلێك پێشنیاری باش و بەکەڵکیان لە بارەی ناوەرۆکییەوە پێشان داوە یا راستەوخۆ بۆیان ناردوین و ئەمەش بووە هاندەرێکی نوێ بۆ کار و چالاکتی کۆژ کە بە چاوی رێز و قەدرەوە سەیری دەکا . هەروەها سەرۆکایەتی کۆژ بە دەها نامەی رازاوەی لە شارەزا پایە بڵندەکانی دەرەوە و خۆمانەوە بۆ هاتووە و هەمویان پڕن لە هەستی بە سۆز و هیوای دڵسۆز بۆ گۆڤارەکەمان کە دەرچوونی ژمارە دوی بە هەل دەزانین بۆ دەربڕینی سوپاسی بێ پایانمان بەرامبەر هەستیان .

کۆژ بێ وچان لە رۆژی دەرچوونی ژمارە یەکی گۆڤارەکەیەوە هەر وەك جاران لە هەوڵ و تەقەلادایە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکە زانستییە گرنگانەی لە سەرەتای دامەزراندنییەوە دەستنیشانی کردبوون و لە ژمارە یەکی گۆڤارەکەیدا خستبوونییە بەر چاوی

---

(١) زوربەی رۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبێکان لە بارەی دەرچوونی ژمارە یەکی گۆڤاری کۆژ و ناوەرۆکیەوە وتاریان بلاو کردەوە .

خوێندەوارانی بەژێز [٢] . لێژنەکانی کۆڕ ، بە تایبەتی ئەوانەیان کە بە باسەکانی زمان و دانانی زاراو و فەرهەنگی یەکگرتوی کوردی و وەرگێڕانی کتێبەوە خەریکن بە چالاکی لە کاردان و بەرە بەرە بەرهەمەکانیان دەدەن بە دەستەوە و دەخرێنە بەر چاوی خوێندەواران . کتێبخانەی کۆڕ ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبێ و ژمارەی کتێب و دەسنوس و چاپەمەنیکانی زیاد دەکا و شان بە شانی ئەوەش شارەزایانی خوێمان و دەرەوە زیاتر ڕوی تێ دەکەن و کەڵکی لێ وەردەگرن . هەروەها پەیوەندێ کۆڕ لەگەڵ زانا و شارەزایان و دەزگا زانستیکانی ناو ولات و دەرەوەدا لە گەشە کردن و پەرەسەندندایە و سەرۆکایەتی کۆڕ بەپێی توانا هەمۆ ئەو مەرجانەی هێناوەتە گۆڕێ کە بۆ ئەم مەبەستە پێویستن ؛ یەکێك لە ڕووە گرنگەکانی پەرەسەندنی پەیوەندێ کۆڕ بریتییە لە بەشدار بوونی چالاکانەی ئەندامانی لە کاری هەندێك لەو کۆنگرە زانستیانەی لە ناو عیراق و دەرەوەیدا دەبەسترێن . لە هەمان کاتدا چەند هەنگاوێکی پێویستمان بۆ دروست کردنی بارەگای نوێی کۆڕ و فراوان کردنی چاپخانەکەی ناوە و هەردوکیشیان نزیك تەواو بوون . کۆڕ لە جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی تریشیدا درێغێ نەکردوە و بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە وا کۆڕێ زانیاری کورد بەم زوانە بە سەر بڵندییەوە پێ دەنێتە چوارهەم ساڵی تەمەنییەوە . ئەمەو دەرچوونی ژمارە دوی گۆڤارەکەمان بە هەل

---

(٢) بڕوانە ڕاپۆرتی سکرتیری گشتی کۆڕ .

دەزانین بـــۆ ئەوەی جارێـکی تر رای بگەێنین کـه وا (کۆڕی زانیاری کورد) هی هەمۆ زانا و ڕۆشنبیرانی گەلەکەمانە و دەرگای لەسەر پشـــتە بۆیان و هیوامانە هەمۆ لایەك بەپێی توانا دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکەن تا بتوانین پشـــت بە یەزدان و دڵسۆزیێ ئەوان ئەرکە گرانەکانی سەر شانمان جێ بەجێ بکەین .

* * * * * *

سۆڕێکی خامە بە دەوری «زانا و» دا

ئەندامی کارا : مەسعود محەمەد

زانایانی زمان تەواوێك خەریك بوون ، لەکۆنەوە ، پێویش خەریك دەبن لەدوا رۆژدا ، بۆ دۆزینەوەی بەشەکانی ئاخاوتن بەپێی سروشتی وشە و ئەو رۆڵەی پێی هەڵدەستێ لە رستەدا . یەکێك بیەوێ زیهن کارێ بکا و دەسەڵاتی زمانزانیش یارمەتی بدا دەتوانێ ، بایی قەناعەتی خۆی و بەشێکیش لە خەڵق ، بەڵگە بێنتەوە بۆ ئەو دابەش کردنەی کە خۆی پەسندی دەکا چونکە بابەتی وەك ئاخاوتن کە بوونێکی مادی نیە بیکا بە مەوزوعی ئەزمونی[1] « مختبری » و راستی و هەڵەیی بە تەجرەبە ساغ بکرێتەوە ، هەڵدەگرێ هەریەك لە سەرە باسەکانی چەندین بیر و باوەڕی جیاجیا لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و هەموشیان شانازێ بکەن و بە خۆیاندا هەڵبڵێین . کە ئەمە دەڵێم ئاگاداری هێندێم بیر و باوەڕی خۆیشم ، کە هەبێ ، یەکێکە لەو شانازێ کەرانە و بەخۆدا هەڵگوتوانە و هەر لە هەمان ڕێبازی یەکجار فراوانی زمانزانیەوە

---

(١) ئەزمون : امتحان .

یەکێکی وەك من دەرفەتی دەبێ لە کناریەکەوە هەنگاو هەڵێنێ و خۆ بترنجێنێتە ریز و کۆڕی بڵیمەت و پسپۆڕ و ئوستادانی ئــەم بەشە گرنگەی زانستی مرۆڤ .

لە رواڵەتدا زمانیش هــەر بەقەدەر دیمــەنە بــەر چاو و ئاشــکراکانی‌تری جیهان دەرەنی دەکاتەوە بۆ سرنج و تێۆەڕامان : خەیاڵێکی سەر پێی دەڵێ ئەستێرە و مانگ و رۆژ وا لە چــاوان دەچەقن لە هەڵاتن و ئاوا بۆن و خوار و ژۆر کردنیاندا .. گیا و گەڵای دەشت و دەر لەبەر هەستی پەنجەکانمانــدا دەردێن و گەشــە دەکەن و وشك دەبن .. شاخ و گرد و تەلان و هەڵدێر و ئاو و ئاگر و ئاۆەڵ کەرستەی گوزەرانی رۆژانەمانن .. هیچ کامێکیان پەردەی نەێنی لە خۆی نەئاڵاندوە و بە قــەدەر ئەلف و بێی ئاخاوتنمان ، لەوانیش زیاتر ، دێنە بەر پینچ هەستەی ئادەمزاد : کەواتە زانستی زمانیش یەکێکە لەو زانستانەی ســەرچاوەکانیان رۆنە و لە دیمەنی ئاشکراوە «انعکاس» دەکەنەوە بــۆ بەر هەست و زیهنی مرۆڤ ، هێندەی وانیش پێویستی هەیە ، یا نیە ، بە فێرکار و مامۆستا بــۆ لێ شارەزابۆنی .

ئەم خەیاڵە سەرپێی‌یە فزی بەسەر راستییەوە نیە :

ئاخاوتن ســەرەڕای ئــەوە کە بەرهەمێکی هەســت پێکراوی بێبەردە و ئاشکرای مرۆڤە ، زادەی ئیرادە و خواهیشت و هۆشی مرۆڤیشە ، بابڵێم دەسکردی هۆشیەتی .. مەخــلوقی زیهنیەتی .

مرۆڤ نازانێ چۆن دەبینێ و دەچێژێ و دەبیسێ و دڵی لێدەدا و زراوی کاردەکاو متوی دڕێژ دەبێ و ددانی دەکەوێ .. بەڵام دەزانێ چ دەڵێ و بۆ چی دەڵێ .. دیتن و چێشتن و بیستن و دڵ لێدان و ددان روان و کەوتن دەسکردی مرۆڤ نین ، کاری ســـروشتن لە مرۆڤدا و لە غەیری مرۆڤیشدا ، بەڵام ئاخافتن هەموو پیت و وشە و ئەمراز و رستە و تێکهەڵکێشان و دارشتن و کـورت کردنەوە و درێژە پێدانێکی کوتومت خەلقی خـــواهشت و ویستی مرۆڤە ، زەنەی هەست و بیریەتی . دارتاش کە تەختێـک دەکا دار و بزمـار و مشار و لۆکە و قوماشەکە لە لاوە دێنێ و دەیانکا بە تەخت ، بەڵام هەمان دارتاش کە قسە دەکا ســـەر لەبەری ئاخاوتنەکەی لە دەروونی خۆیەوە دروست دەکا ، لە نەبوونـەوە دەیهێنێتە بـــوون : دەروونـی دارتاش سەرچاوەی ئاخاوتنـە زیاتر لەوەی کانی سەرچـاوەی ئاو بێ چونـکی ئاوی کانی مەخلـــوقی کانیـــەکە خـــۆی نیە ، بـــەڵام ئـاخاوتن مەخلـــوقی دەروونەکە خـــۆیەتی . تـەنانەت بەرهـــەمی هونەرمەندیش ، وەک رەسم و پەیکەر تراشی و مۆسیقا ، بەقەدەر ئاخاوتن مەخلوقی هونەرمەندەکە نیە چونکە کەرستەی بەرهەم هێنانی هونەر لە رەنگ و فرچە و مەزمەڕ و کەمان و عود زادەو مەخلوقـی هونەرمەند نین . قیاســـی بەرهەمی هونەری لە ئاخاوتن ناکرێ ، چونکە ئەو بەرهەمانە لەتەک ئاخاوتندا زۆر بێگانە خۆ دەنوێنن بەنیسبەت مرۆڤەوە : قیاسیان لەگەڵ « نوسین » دەکرێ لەو رووەوە کە خامەو مەرەکەب و کاغەزیش وەک کەرستەی بەرهەمی هونەری شتی

لاوەکێ و دەرەکین بـە نیسـبەت دەروَنی مرۆڤ کـە کارگـەی ئـاخاوتنە .

ئەم نیسبەت و پەیوەندییە یەکجار نێزیکەی میـانی مـرۆڤ و زمان کە نیسبەتی خەلق و داهێنان و هەڵقوڵین و زەنـە کـردنە ، وادەکا کە زمانزان لە خەریك بوونی بە زانستی زمانەوە وەك خەریك بێ بە دەسکردێکی ئاشکرا و مفهومی خـــۆیەوە وایە ، هێندەی کە خوێندنەوەی کتێب و نـوسراو و تێۆریەکانی سەر بە زمان یاریدەی دەدەن بۆ قۆڵ بوونەوە لەم زانستەدا ، زیاتریش لەو ، وردبوونەوە و سرنج گرتن و بەراورد کردن لە خودی زمانەکە ، کە تەرجومـانی دەروَنی خۆیەتی ، رۆشنایی بۆ هەڵدەکەن و تـرکیبی زمانەکەی بـۆ ئاشکرا دەکەن وەك ئەوەی لەبەریەك هەڵوەشابێ و گرێ و گاڵ و تەگەرەکانی کرێبێتەوە و نهێنیەکانی رەواندبێتەوە .

ئەم تێبینیانە دوَ ئەنجامی گرنگ بە دەستەوە دەدەن :

یەکەم : زمانزان رێی ئەوەی نیە دەم لە زمانێکی بێگانە بدا تا بە رادەی زمانی مادەرزادی خۆی لێی شارەزا دەبێ . فێربـوونی « رسمی » و دەرس خوێندن لە زمانێـکدا مرۆڤ ناکا بە شـیرمژی ئەو زمانە . بۆ کوردێك کە عەرەبێ یا ئینگلیزێ فێـر دەبێ ئەوەندە بەس نیە لە رێی فێربوونەوە بزانێ عەرەب و ئینگلیز کار «فعل» پێشی بەرکار «مفعول » دەخەن و دەڵێن « أری رجـلاً ، I see a man » و وەك کورد ناڵێن « پیاوێـك دەبینم » و بـەرکارەکە پێش بخـەن . .

تا کوردێك مانی ئەوەی دەبێ دەم لە ڕێزمان و تایبەتیەکانی عەرەبێ و ئینگلیزێ بدا ، پێویستە وەك ئینگلیزێك و عەرەبێك پێش خستنی بەرکاری لێ ببێتە سەلیقە و لە بیری بچێتەوە کە لەو پێش خستنەدا دژی سەلیقەی کورد ڕەفتار دەکا . گەورەترین هەڵەیێکی شاگردی زمان بێکا ئەوەیە دەرس لای ماموستایێك بخوێنێ کەوا هەر بابی ئەرکی سەر شانی زانایێکی ئەکادیمی شارەزای ئەو زمانەبێ کە بە دەرسی دەڵێتەوە . زمان هەر کار و کارا و بەرکار و تێپەڕیو و داهاتو و ڕوشە و ئەمراز ... نیە ، شیرازە و تەقەڵ و دروماندێك کە ئەمانە بە یەکەوە دەیەستێتەوە ، گیان و هەست و هۆش و سەلیقەی مرۆڤ خۆیەتی . بەرەو ژوری مێژوو بۆ زمانەکەت سەرکەویت ، جۆلەی مێشك و خورپەی هەناو و سۆزی دڵ و تاسەی گیانی باپیرەکانتی تێدا دەدۆزیەوە کە ئێستاکە خۆت بێ ماموستا و دوور لە لاسایی ، بە سەلیقە دوبارەیان دەکەیتەوە بێ ئەوە توانیبێتت فکر بکەیەوە لە سەرچاوەکانیان . زمانزانێکی بێگانە لە فەرزی بە دەرسیش ئەو مێژوە بخوێنێ ، لە تاکە ڕێی مێشکەوە فێری دەبێ و لە تاکە ڕێی زمانەوە دەیداتەوە ، مەگەر بۆی بلوێ وەك تۆ تێیدا بکوڵێ و فرچکی زانایانەی پێوە بگرێ . بە داخەوە ، دیومە ماموستای زمانی کوردی لە ڕێی فێرکاری[٢] بێگانەوە چۆتە ناو زمانەکەیەوە و ڕێزمانێکی تەرجەمە کراوی بە دەرس وەرگرتوە و دەیەوێ بیکا بە کلیل ،

(٢) فێرکار : معلم .

راستی و نەێنیەکانی زمانی کوردیی پێ بکاتەوە . چەندین جار لە وتوێژدا دۆچاری دڵ گەرمی بووم لە وەدا کە دەبیێم رۆشنبیرێکی کورد لە موناقەشەی پرسیارێکی زمانی کوردیی بە ئاسایی و بێ پەروا بنیشتۆکەی « کوردی لە زمانەکانی هیندیی — ئەوروپایی یە »ی جێواوەتەوە بە جۆرێك هەر دەڵێی بیری نەکردۆتەوە لەوە کە کوێی و پژدەر و دیار بەکر و هەورامان و شکاك و قامیشلیش کوردن ، نەك هەر (هیندیی — ئەوروپایین) کەچی زۆر جار ئاخاوتنیان لە یەکدی دۆر دەکەوێتەوە .

دووەم : زمانزانانی زمانێك ، کە خۆشیان رزگار بکەن لە تاو و تەئسیری زمانێکی بێگانە و بە مێشکێکی ئازاد و کرایەوە دەست بکەن بە تۆژینەوە لە ڕێزمان و تایبەتیەکانی زمانەکەیان ، لە وانەن بە ڕێبازی جیاجیادا بڕۆن بۆ بنج و بناوانی باسەکانیان و ماوەی فراوان لە یەکدی بترازێن بێ ئەوەی یەکێکیان جارێ چوبێتە ناو سنووری هەڵە . زمانەوان زانایێکی کیمیا نیە ، کە هەڵەی نەکردبێ ، هەر بگا بە تاکە ئەنجامێکی راست لە تحلیلی ئاو و با و خاك : زمان لە دەروونی خەڵقەوە هەڵقوڵیوە بە سەر شەقامێکی هەزاران ساڵەی مێژوودا ، لەوانیە گەڵێك لە دەستوورەکانی تێکەڵ بۆن و بەیەك گەیشتنەوەی چەند لەهجەیێك پەیدای کردبێ ، یاخود لە ئەنجامی دابەش بۆنی شەقامە ڕێێکی زمان بۆ چەند ڕێچکۆلەیێك ئەو دەستوورانە بەرهەم هاتبن ، بەو پێیە دەشێ « اجتهاد »ی زمانزانێك بیگەینێ بە ڕێچکۆلەیێك کە دراوسێی ئەو

ڕێچکۆڵەیە بێ زمانزانێکی‌تر پێی گەییوە . بە نموونە دەڵێم جارێکیان لە وتووێژی میانی ئەندامانی لیژنەی ڕێنووس دەربارەی هەندێ لە گیروگرفتەکان ، من گوتم ئەو پیتە « د »ەی کە لەهەندێ لەهجەی کوردیدا دێتە میانی پیتی « ڕ »ی ئەسڵی وشە و « ر »ی صیغەی « بنا مجهول » هەوە بۆ مەبەستی سوك کردنی « تلفظ »ی هەردوو « ر »ەکەیە ، وەك دەگوترێ « کردرا ، گۆڕدرا » . گوتم ئەو « د »ە وەك « نون الوقایه »ی زمانی عەرەبێ وایە بە زیادەوە دێ بۆ مەبەستێکی تایبەتی . یەکێك لە ئەندامان بۆ ئەو باوەڕە چوو کەئەم « د »ە هەمان پیتی ڕەسەنی « کڕیدن و گۆڕیدن »ە لەم حاڵەی بە یەك گەیشتنەوەی دوو « ر » دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئاخاوتن ، کەواتە بە زیادەوە نەهاتوە وەك « نون الوقایه ». ڕاستی هەر کامیان بێ ، یا شتێکی تر بێ غەیری ئەم دوو «احتماله» ، زمانەوان و زمانزان لێی بە عەیب ناگیرێ ، بۆ تەعلیلی زاهیرەیێکی زمانەکەی ، یەکێك لەو ڕێبازانەی پەسند کردبێ کە دەست دەدەن بۆ «تعلیل» و لە ڕاستە شەقامەکانی زمانیشیان لا نەداوە ، بە تایبەتی بە نیسبەت زمانی کوردییەوە کە تۆزینەوە و پشکنینەوە و تەقەللای دۆزینەوەی دەستورەکانی ، جارێ ، کاری سەرەتایین و نەگەییون بە پلەی سەپاندن .

چاوەڕوان دەکرێ لە حاڵی ئێستا کەماندا زمانزانی کوردێ ، کە خۆی کورد بێ ، یا لە ڕێی لاسایی کردنەوەی بێگانە ، کە بە کارێکی ناڕەوای دەزانم ، یا بەهۆی سرنج گرتن و «استقرا» ی

خۆیەوە ڕێی ئەوتۆ بگرێتە بەر بۆ دانانی ڕێزمان (راستییەکەی دەبێ بڵێین دۆزینەوەی ڕێزمان) زۆر و کەم جیاواز بێ لە ڕێی زمانزانێکیتر و بگا بە ئەنجامی سەربەخۆی خۆی لە بیرکردنەوە و پێوانە و کێشانەی زمانەوانی. بە لای منەوە هەر هەوڵێکی تایبەتی نەێنیەکی زمانەکەمان ئاشکرا بکا و دەستوورێکی ڕۆن کاتەوە هەوڵێکی پیرۆز و بایەخدارە، ئەو ڕێگایە چ دەبێ با ببێ کە تەقەڵلاکە بەسەریدا گوزەری کردوە. گریمان تێکڕای شێوازی کارکردنێك لەسەر ڕێبازی زانستی تازەش نەژۆیی بێ، دۆزینەوەی دەستوری راست لە بەکارهێنانی ئەو شێوازە ناتەواوە نرخی کەم نابێتەوە. هەڵەی پەیڕەوێ کردنی شێوازی راستیش هەر بە هەڵە لە قەڵەم دەدرێ، و دروستی شێواز شەفاعەتی بۆ ناکا.

ئەم جۆرە بیر کردنەوە بۆ هەندێهان دەبا کە سەیرمان نەێتەوە لە زۆر بۆنی بیر و باوەڕی جیا جیا هەم لای زمانزانانی جیهان دەربارەی تێکڕای زانستی زمان و سەرجوملەی زمانەکانی گەلان هەم لای زمانزانی تاکە زمانێك لە عاست سروشت و ڕێزمان و تایبەتیەکانی ئەو تاکە زمانەدا. بەولای سەیر پێ نەهاتن، بۆ ئەوەمان دەبا کە لەو حاڵە نارازیش نەبین و ئەگەر بە زیهنێکی فراوان سەیری دیمەنەکە بکەین خۆش ئامەدیش بکەین لە زۆرێ شێواز و جۆری تێفکرین لە زانستی زماندا، چونکە بێ گومان هەر زانایە لە ئەنجامی هەست و تصورێکی سەربەخۆی خۆیەوە شێوازێکی سەربەخۆی گرتۆتە بەر،

دەشێ بەرهەمێکی ئەوتۆ بە دەستەوە بدا لەو شێوازەوە نەبێ دەست نەکوێ . ئەگەر لە نێو سێ چـــوار هەلە راستییەکان پێ ببەخشێ زۆرمان قازانج کردوە .

چ لە تێکڕای زانستی زمان بـــێ ، چ لە تاکە ســـەرەباسی « بەشەکانی ئاخاوتن » بێ بـیر و باوەڕ و لێکدانەوەی زمانزانان پەراوێزی خۆی فراوان کردوە و ژمارەی بەشەکانیش تێهەڵکشاوە ، وا پێدەچێ هەر لە فراوان بوون و تێهەڵکشانیش بێ تا ماوەیێکی نادیاری دوا رۆژ .

بە نیسبەت « بەشەکانی ئاخاوتن »ەوە ئـــەو دابەش کردنانەی لەلایەن زمانزانانی کوردەوە بە زۆری لە کارهاتون ، سێ بەشەکەی عەرەبێ « اسم و فعل و حرف » و هەشـــت بەشەکەی ئینگلیزی « ناو و رانـــاو و ئاوەڵناو و کار و ئاوەڵکار و Preposition و ئەمرازی پەیوەندی و Interjection » ن .

ئەو کوردانەی لە بابەت رێزمانی کوردییەوە نوسیبێتیان ، بەپێی سەرچاوەی سەقافەتیان یەیزەوی عەرەبێ یا ئینگلیزییان[۳] کـردوە ؛ نوسەری کورد هەیە هەر ئەو سێ بەشـەی عەرەبێ کردوە بە پنجی نوسینەکەی و بەوەدا « راناو ـ ضمیر »ی کردوە بە بەشێکی « ناو ـ اسم » ، ئەو دەورەیشی داوە بە « راناو ـ ضمیر » لە پێکهێنانی واتا و دارشتنی رستە لە کوردیدا کە زمانزانانی عەرەب بـۆیان داناوە .

(۳) چاکتر ئەوەیە بڵێین «ئەوروپایی » .

تاقمێکی‌تر لە زمانزانانی کورد کە پەیژەوتی رۆژئاوایان کردوە « ضمیر راناو » یان داناوە بە یەکێك لە بەشەکانی ئاخاوتن ، بەڵام هەروەك لە زاراوەکەی «رانـاو ـ Pronoun »را دەردەکەوێ ئەو کوردانەش وەك زمانزانانی ئەوروپا «راناو»یان بە سێبەرێکی «ناو» زانیوە و بە جۆرێك لە سەربەخۆیەتییان کەم کردۆتەوە کەلکی ئەوەیان پێـــوە نەهێشتوە ئەو دەورە زلەی هەبێ کە لە ئاخاوتنی کوردیدا بە راستی هەیەتی ؛ وردە وردە لەگەڵ رچەی نوسینەکەم ئـەم راستییەت بۆ ڕوَن دەکەمەوە ، وەك خۆم لە « راناو » و دەوری یەکجار گەورەی لە ئاخاوتنی کوردیدا تێگەیشتوم .

پەیژەوانی زمانی عەرەبێ لە کوردیشدا هەر بە «ضمیر» ناوی ئەم بەشەی ئاخاوتنیان بردوە ، ئـەو چەند وشەشیان بە « ضمیر » داناوە کە لە عەرەبیدا «ضمیر»ن .

شاگردانی فێرگەکانی[٤] ئەوروپاییەکان راستەوخۆ « Pronoun »یان وەرگێزاوەتە ســەر کوردێ ، هەندێکیـان پێی دەڵێن « بۆناو » هەندێکیان « جێناو » هەندێکیشیان « راناو »یان بـۆ کردوە بە زاراوە . ئەم وشـــەی دوایێ لەنێو کوردســـتانی خوارۆدا باوی ستاندوە و زوربەی تۆسەران بۆ « ضمیر ، Pronoun » بەکاری دێنن ، منیش کوردێ گوتەنی « بەگوێی مامۆستا » کردۆمە بە سەرەباسی ئەم گوتارە . هەر لەم رێبازەی چاولێکەرێ زانـاکانی

(٤) فێرگە : مدرســە .

ئەوروپاوە توسەرەکانمان هەمو ئەو وشانەیان بە « راناو » لە قەڵەم داوە کە لە زمانەکانی ئەوروپادا پێیان دەڵێن « راناو » و بەر ئەو « تعریف » ە دەکەون کە بۆ راناویان هەڵبەستوە .

تۆ بڵێی « راناو ، ضمیر ، Pronoun » لە کوردیدا هەر ئەوە بێ کە عەرەبێ بۆ خۆی بە « ضمیر »ی داناوە ؟ ، یاخود راستە « Pronnou » کە پێی بڵێین « راناو » ئەوەندە فراوان و بێسنوور بێ کە ئەوروپاییەکان جغزیان بۆ پان کردۆتەوە ؟ ئایا سروشتی زمانی کوردیێ و سەلیقەی قسەکەری کورد دەسەڵمێنێ بەو وشانەی پێیان دەگوترێ « راناوی لکاو » لە کوردیدا ئەو واتایە راگەیەندرێ کە « is ، am ، are » لە ئینگلیزیدا رای دەگەیەنن ؟ .

چت لێ بشێرمەوە ، رۆشنبیری کورد ، بەدبەختانە نەمتوانیوە لەگەڵ یەکێك لە خاوەن بیر و رایانی کورد بگونجێم لەسەر پاکی باسی « راناو ، ضمیر ، Pronoun » بگرە هەر لە سەرەتاوە رازێ نیم بە زاراوەی « راناو ، بۆ ناو ، جێناو ، بەرناو » کە جۆرێکن لە وەرگێڕانی وشەی « Pronoun » بۆ سەر زمانی کوردی . خۆ دابڕینی زاراوەی « ضمیر » بەسەر ئەم بەشەی ئاخاوتن ، کە تصوری زانایێکی عەرەب دەداتەوە بۆ ناو رێزمانی کوردیێ نە زمانەکەمان لێمان دەسەڵمێنێ و نە هیچ لایەنێکی باسەکە رۆن دەکاتەوە . کە رێمان ببێ «ضمیر» بەکار بێنین ، بۆ نەڵێین «بارز ، واضح ، معلن» چونکە ئەو واتایەی «إضمار» کە عەرەب هەستی پێ دەکا لە سروشت

و دەوری «ضمیر»ی عەرەبی ، دەبێ کوردێك دژی ئەو هەست بێ بکا کە سرنج بگرێ لە «ضمیر ، راناو » لە ئاخاوتنی کوردیدا لەو روەوە کە رستەی واتاداری خاوەن «إسناد ، حکم» لە کوردیدا دروست نابێ بێ « ضمیر ، راناو » . بەشێکی یەکجار کەم نەبێ لە رستەی کاردار «جملة فعلية » لە کوردیدا ، هەرچی ئاخاوتن هەیە بێ «راناوی لکاو » نابێتە رستەی تەواو .

کە خۆمان ئازاد کەین لە لاسایی کردنەوە و رەها بین لە تاوی بیرو باوەڕی حازر و بزری زمانزانە ناودارەکان و سرنج بگرین لە سروشتی زمانەکەمان وەك هەیە ، نەك وەك لە ئاوێنەی ڕێزمانی بێگانەدا دەیبینین ، بایی لێوەشانەوەی باسەکەش بەشە جوداکانی ئاخاوتن هەڵسەنگێنین و بە یەکدییان بگرین ، بۆ زیهنی ڕۆن و کرایەوەمان دەردەکەوێ ئەو تاقمە وشەی کە لە زمانەکەماندا دەبنە «راناوی لکاو » بەشێکی هێندە بنجی و سەربەخۆن لە ئاخاوتندا و دەورێکی وەها بێ هاوتا پێ هەڵدەستن لە داڕشتنی رستەی تەواودا کە هەرگیز نەشێ بە بیرماندا بێ ئەو وشانە بکرێن بە سێبەری هیچ یەکێك لە بەشەکان ، چەندی گرنگ دەبێ ئەو بەشە با ببێ .

بۆ دەرخستنی دەوری لە غایەت بەدەر گرنگی ئەو تاقمە وشەیە لەوە تێفکرە کەوا ئیمکان هەیە رستەی تەواو پێك بێ لە کوردیدا بێ لە کارهێنانی ناو ، یاخود کار یا ئاوەڵکار ، یا هەر بەشێکی تر بێ لە بەشەکانی ئاخاوتن ، بەڵام رستەی تەواوی « اسناد دار » بێ «راناوی

لکاو» پێك‌نایێ . ئەم کۆمەڵە نیمچە وشەیەی کە پێیان دەگوترێ « راناوی لکاو » لە دروست کردنی رستەدا وەك داوە دەزۆ وایە کە پارچەکانی قوماشێك بە یەکدیدا دەدرۆێ و دەیانکا بە جل و بەرگ ، یا ئەو لەحیمەی وردە ئەمرازی مەعدەن بە یەکدییەوە دەبەستێتەوە و مەکینەی تەواویان لێ پێك‌دێنێ .

بۆخۆت لەگەڵ خۆتدا خەریکی گوتنەوەی گوتەی جۆر جۆری زمانەکەت بە و سرنج لە کەرت و بەشەکانی بگرە و بیانخە بەر تەرازوی « منطق » و هەست و زانینت .. وا منیش فکری خۆم لەگەڵ هی تۆ جوت دەکەم و رستەی جودا جودا لێرە و لەوێ ، بێ ئامانج و مەبەستی دیار کراو ، بەسەر زماندا دێنم .... « وەی چ خۆشە سەرکەویت .. تا توانیم رۆیشتم .. بڕۆن بۆ خۆتان بخولێنەوە .. تا دەستی نەدا خەنجەری نەیفەرمۆ دەسا دەی .. چیە گوارە گوناهی وا بە نەستەق .. بە گوێ هەڵتاواسیوە سەر معلق ـ بەردەکان زلن .. ئێمە کوردین .. دوای حەسانەوە رۆیشتین .. » . تا رستەی واتاداری تەواو بێنینەوە راناوی لکاو ، بە ناچاری و بە دائیمی ، یەکێکە لە کەرتە بنجییەکانیان .. رەنگە « کار » لە رستە دەرنەکەوێ و واتاش تەواو بێ . وەك کار « ناو » و هەمۆ کەرتەکانی تری ئاخاوتنیش هەر وان ، تەنانەت راناوی نەلکاویش هەمو جاران لە قسەدا دەرناکەوێ ، تاکە کەرتێکی بێ بڕانەوە هەر راناوی لکاوە .

دەوجا کە بەشێکی ئاخاوتن ئەوەبێ رستەی واتاداری تەواو بێ

ئەو پێك‌نەیێ ، چۆن رەوایە تێکەڵ بەشتی‌تر بکرێ کە دەگونجێ هەبێ و نەبێ لە رستەدا ؟ ، ئەم جیاوازییە زلەی میانی راناو و غەیری راناو کە نەبێتە هۆی جیاواز کردنەوە و هەڵاوێردنی ، ئیتر لزوم چیە بەشەکانی‌تری ئاخاوتن لە یەکدی جیاواز بکرێنەوە و خۆمان بە لێ‌تۆژینەوەیان ماندوَ بکەین ؟ تا خەریك بین جیاوازێ بدۆزینەوە لە میانی ئاوەڵناو و ئاوەڵکار « صفة و ظرف » ناگەین بە دەیێکی ئەو جیاوازییەی وا لە میانی راناوی لکاوی « هەڵستاین » و وشەی دارا و باغ و مامزدا هەیە .

پەیژەوانی فێرگەکانی ئەوروپا راناوی زمانی کوردی دەکەنەوە بەو هێندە بەشەی کە لەو زمانانەدا بە راناو حیساب کراون .
سەرجوملەی دابەش کردنەکەیان ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

١— راناوی کەسی Personal pronoun وەك : من ، ئێمە تۆ ، ئێوە ، ئەو ، ئەوان لەگەڵ جۆری لکاویان کە جیاوازی تێدایە هەم لە کاری تێپەڕ و تێنەپەردا و هەم لە لەهجەیێکەوە بۆ لەهجەیێکی تری کوردی .

٢— راناوی لێکدەر ، رابط ، گەیەنەر ، پێگەهە ، پەیوەندێ : لە ئینگلیزی Relative pronoun ، لە دەستورێکی فارسی (حرف ربط)ی پێگوتراوە و ناوی‌تریشی هەیە غەیری ئەمانە . وێنەی ئەم راناوە لەم رستەیەدا دیاردەکەوێ « ئەوەی کە دوێنێ هاتە لام بارام بۆ » . بەڵای هەندێ زمانزانانەوە هەر

« کە » یەکە راناوە ، بەلای هەندێکیشەوە ئەو پیتە « ی » ی دوای یەکەم وشەی رستەکە ئەویش هەر راناوە .

٣— راناوی پرسیارێ ، وەك : کەی ، کام ، کوێ ، چۆن ، کوا ، بۆ ، چەند ، ئاخۆ ، ئایا ، کامەتە ، کامەیە ....

٤— راناوی ئیشارێ وەك : ئەمە ، ئەوە ، ئەمانە ، ئەوانە ، هۆوانە ، هۆ و هێ ...

٥— راناوی خۆیێ وەك : خۆم ، خۆت ، خۆی ، خۆمان ...

٦— راناوی هەیێ وەك : « هێ من ، هێ تۆ ، هێ خۆمان » یاخود هین من هین تۆ ، بەپێی لەکارهێنانی ناوچەیێ لە هەندێ شوێنی کوردستانی ژێرووا ..

٧— راناوی نادیار هەندێك پێی دەڵێن بۆ ناوی « مبهم » — ناوی تریشی هەیە ، کە بگەڕێین بەدوا هەمۆ جورە ناوەکانی .
ئەم راناوە (نادیار — مبهم) هیان دابەش کردوە بۆ دۆ بەش :

أ — راناوی نادیاری سادە — یاخود رۆت وەك کەس ، کام ، پیاو ، چی ، هیچ ، کابرا ، فلان ، هین ، هەمۆ ، کەم ، یەك ، هەرامە ، وانێك ...

ب ـ راناوی نادیاری لێکدراو وەك : هیچ کەس ، هینەکە ، کابراکە ، هـــەر کابرایێ ، هەمۆ کەس ، یەکێتر ، گەلێ ، کەسێ ، نەختێ ، فلانەکەس ...

ئەم کۆمەڵە وشەیەی لەیەك نەچۆوی ، واتا جیاوازی ، خاوەن تایبەتی سەربەخۆ لە رستەدا خراونەتە ژێر ناو و عینـــوانی راناو لەبەر هۆیێکی بنجی : گۆیا هـــەر یەکێك لەمانە بگـرە لە وشەی «من» تا دەگاتە «فلانەکەس» جێگەی ناوێکیان گرتۆتەوە لە رستەدا و دەشێ وشەکە لابەیت و ناوێـك بخەیتە جێگاکەی ، واتە کە گوتت «کابرا هات» دەتوانی بڵێیی « دارا هات » ، هەروەهاش ئەو وشانەی تر کە لە لیستەی سەرەوە بەدوا یەکتردا قەتارمان کردن هەمۆیان ئەو قابلیەتەیان تێدایە کە ناو بخرێتە جێگایانەوە .

بێگومان لە قەوڵەی گوتارێکدا مەودای موناقەشە و نرخاندنی هەر یەك لەوبەشانە و لەو وشانە پەیدا نابێ ، کە بمەوێ لەسەر هەمۆیان بدوێم دەبێ نیمچە کتێبێکی لەسەر بنوسم ، کەواتە بیر و باوەڕ و رەخنەیێکم کە هەبێ دەربارەی سەرپاکی باسەکە دەبێ بە جۆرێکی گشتی و لە گۆشەی نیگای تەصوری خۆمەوە بەرەو پیریان بچم ، نەك مفرداتی لیستەکان خورد کەمەوە و هەر یەکەیان باوێمە ئەو پەراوێزە رێزمانیەوە کە بەپێیی قەناعەتی خۆم پێی رەوا دەبینم . بە نمونە دەڵێم دەربارەی ئەو کەرتەی پێیی گوترا «راناوی پرسیارێ» سەرەڕای ئەوە کە من بە راناوی نازانم ، مفرداتی کەرتەکەش بە چەند جۆرێك دادەنێم . وشەی

«کێ» پرسیارە لەبارەی «کەس»ەوە : وشەی «ئایا» پرسینی «مطلقە» و ناچێتە ریزی «کێ و چەند و کەی »ەوە . «ئایا» ئەمرازی پرسینە و «کێ» ناوێکی رێك و پێکی سەربەخۆی واتا داری پرسینە . تعریفێك کە دانراوە بۆ « ناو » وشـــەی « کێ »ی بەردەکەوێ بەڵام وەك لاستیکیش لێکی بکێشیتەوە باوەش بە وشەی « ئایا »دا ناگرێ مەگەر بە زۆرە ملێ و کوتەکم حقی چن .. ئەوەی راستێ بێ وشـــەی « ئایا ، ئاخۆ ، ئەرێ » هەر لە رێی ئەوەوە کە واتای پرسیاریان تێدایە دەترنجێنە ناو پەراوێزی « راناو »ەوە ، دەنا ئـەگەر بەهـۆی بەشداربوونیان لە واتای پرســـیار نەبێ کە کۆیان دەکاتەوە لەگەڵ « راناوی پرسیارێ » هەرچێ پەیوەندێ و خزمایەتی و نزیکی هەیە لەمیانی ئەمان و راناودا پەیـــدا نابێ ، چونکە بە هیـــچ زانـــا و پسپۆڕ و پاڵەوانیش ناکرێ پێمان بسەلمێنێ ئیمکان هەیە ناوێك بخرێتە شوێنی « ئایا » لە رستەدا تا هەر نەبێ لە روالەتدا پێی بـگوترێ « راناو ، جێ ناو ، بۆ ناو ، Pronoun » . ئەگەر بە تەئویلێکی زۆر دوورە دەست زمانزانێك هەڵمانفریوێنێ بەوە کە (ئایا) دەست دەدا ناوێکی بخـــرێتە جـــێ ، من لەئێستاوە پێش نیـــار دەکەم « هەلاو »یش بە راناو قبول بکرێ چونکە دەشێ بڵێین مەبەستمان لە وشەی هەلاو « مرۆڤی ئەوپەڕی تەلەکە »یە .

دەمەتەقە و موناقەشە لەسەر ئەو بـیر و باوەڕەی « رانـاو »ی کردە « ۷ » جۆر و « م »ی وشەی « گرتم »ی لەگەڵ « فلانەکەس »

لە ژێر یەك عینواندا کۆکردەوە و بە هەر دۆیانی گوت « راناو » نە سەری دیارە نە بن ، ئەوەندەی بە دوای کەوین و لێی بکۆڵینەوە و رەخنەی لێ بگرین بە بەریەوە هەیە . کە بیانەوێ دەتوانین بـــۆ ماوەیێکی دوور و درێژ هەر بەردەوام بین لەسەر بەراوردکردنی « کە »ی رستەی « ئەو پیاوەی کە هات » لەگەڵ وشەی « خۆمان » یاخـــود وشەی « کابرا » یاخود « هین » و چەندین جار خـۆمان و خەلقیش ئیقناع کەین کە ئەمانە ناشێین هەموویان بخرێنە ژێـر عینوانێکەوە و لەوەشزا هەنگاوی تر هەڵێنین بۆ دەرخستنی نادروستی ئەو بیر و رایانە بە هۆی هێنانەوەی رستەی وەك « ئایا کە ئێوە هیچ خۆتان بۆمن نەبژێون بۆچی من هتی ئێـــوە بم » کە بەپێی دابەش کردنـەکەی سەرەوە لە ١٥ کەرت ١٢ کەرتی راناوە !! خولاسە مەیدانی رەخنە بەر فرەوانەو بە پێی باوەڕی مـــن رەخنەکانیش زۆر بەهێزترن لەو بنگە فکرییانە کە زمانزانەکان بەڵگە و ئیسپاتیان لێ هەڵقوڵاندوە بۆ کۆکردنەوەی فەرهەنگۆکێکی وشەی لە یەکدی جودا لەژێـــر عینوانی « راناو » دا .

من کە عوزری بێمەودایێ دێنمـــەوە لە پەراوێزی گوتار ، ئەسەفێکی کەم ناخۆم بۆ ئەو بێمەودایییە لەو روەوە کە هەڵسۆڕ و داسۆڕی فکر بەدەوری ئەو وشانەدا بەدەم سرنجدانێکی ورد و قۆل لە سروشت و کونهی واتایان و دەوریان لە ئاخاوتندا ، بـێگومان ، گەشتێکی خۆش و سۆد بەخشمان پێ دەکا لە رۆپێوێکی پان و بەرینی

زمانەکەمان . لەزەتی پشکنین و تۆژینەوە لە زماندا بـە کوتـانەوەی « بدیهیە »کانی نایەتە بەر چەژی پشکنەرو خوێنەر ، خەریك بوون بە وردەکاری شیکردنەوە و هەڵوەشـاندنی رایـەڵ و تەقەڵەکانی ناوەرۆکی زمان و بەدوادا گەڕانی پەیوەندییەکانی ناوەکی « داخلی » مەیلەو نهێنی میانی وشە و رستەو داڕشـتن و واتـای ئاخاوتن ، زاخاوی مێشك دەدەن و نیگا فراوان دەکەن . کە لەم گوتـارەدا ئەمەم بۆ نەکرێ هەڵێـکی زلم دۆزاندوە و خـۆشیێکی زیهنی شیرینکەلەم لەکیس چوە . تۆ باڵێ چەندمان زیاد دەکرد لە خەرمانـی زمانزانیان ئـەگەر لە موناقەشەی وشەی « هیـچ » گەیشتبایین بە دۆزینەوەی ئەو تایبەتییەی وای کردوە کە دەڵێی « فلانەشت هیچە ، فلانەشت هیـچ نیە » هەمان واتا بەدەستەوەبدەی و « سـلب و ایجاب » وشەکە لەمطلقی « سلبیة » نەگۆڕێ ؟ وەك وشەی « هیچ » گەڵێکی تریش لەوانەی بە راناو دانراون سەرگوزەشتی سەربەخۆیان هەیە و هەریەکەیان لەلای خۆیەوە تیشکێك داوێژێ بۆ یەکێك لە دەربۆنەکانی زمان . کە ئەم وردبۆنەوەیەم بۆ نەکرێ ناچـارم قسە لە تێکڕای ئەو « راناوانە » بکەم و رەخنەی گشتی لەو بنگە فکریە بگرم کە لە سەری هەڵچەقیون لەگەڵ دەربڕینی تـێبینی و سرنجی تایبەتـی خۆم ، کـە هەبێ ، دەربارەی سەرجوملەی باسەکە .

وەك لێرە بەپێشەوە گوتم ئـەو کۆڵەکە ناوەندییەی باوەڕی خاوەنانی فێرگەی « حەوت جۆر راناو »ی پێوە وەستاوە دەسـت

دانی وشەکانه بۆ هاتنی « ناو » لەجێیی ئەوان .

رەخنەیێکی بنجی سەرەتایی لەو تێفکرینه ئەوەیه کەوا گوێی ناداته ئەو راستییه که جۆر و چۆنەتی و سروشتی وشه له پێشەوه و بەر له هاتنی بۆناو رسته لەخودی وشەکەو واتای سەرهەڵدەدا و دەسەپێ ، هەر ئەوساش دەبێ ناوو عینوانی بۆ دانـدرێ ، لەوه بەولاوه که بەپێیی قابلیەتی واتاکەی دەستی دابچێته قاڵبی جیاجیاوه ناشێ بگوترێ سروشتێکی نوێی لێ رسکا له گوێرەی پێداویستی ئەو قاڵبه تازەیه ، بەنموونه دەڵێم کەوشەی «کەس» بەخۆی و واتایەوه بەر « تعریف » و سروشتی « ناو » کەوت ئیتر یەکجارەکتی دەبێ به «ناو» لەقەڵەم بدرێ ، لەوه بەولاوه چۆنی بۆ ناو قاڵبی جیا جیا حاڵەتی وشەکه دەگۆڕێ نەك واتا و جۆری . هەندێك ، یاخود بەشی زۆر ، له زمانزانه تازەکانی کورد پەیزەوەتی ئەوروپاییەکان دەکەن و دەسەلێنن یەکوشه له رستەیێکدا ئاوەڵناو «صفة» بێ و لەرستەیێکیتردا ئاوەڵکار « ظرف » بێ ، یاخود راناو ببێته ئاوەڵناو .. هەرچەند من لێرەدا قسەم لەگەڵ «راناو»ە بەڵام زیانێك نیه لەوەدا بڵێم زمانی کوردیتی ئاوەڵناو و ئاوەڵکار « صفة وظرف » ی لەیەکدی جودا کردۆتەوه بەر لەوه بچنه ناو رستە. ئاوەڵناو « صفه » زۆر بەرچاوه پێویست نیه من لیستەی بۆ بگرمەوه ، بەڵام رەنگه لزوم هەبێ بڵێم بۆ ئاوەڵکار « ظرف » دوَ صیغەی قەراردادە هەیه جگه لەوه که وا دەبێ رستە و نیمچه رستەش دەوری « ظرف » ببینن : دەگوترێ « کورد مەردانه خەبات دەکا » وشەی

« مەردانە » ئاوەڵکارێکی بێفێڵە و هەر لەگەڵ « کار ـ فعـل » دا بەکار دێ و هەرگیز ناگوترێ دارا مەردانەیە یاخـــود زیرەکانەیە . دەشگوترێ « حەز دەکەم لەگەڵت بە خۆشی رابوێرم » . ئەم وشەی « بەخۆشی » ئەویش ئاوەڵـکارە و هەر وەسفی (کار ـ فعل) دەکا و نابێتە ئاوەڵناو ، تۆ ناتوانی بڵێی « دارا بەخوشییە ، من بەپیاوەتیم » . ئێمە ئەگەر لاســـایی زمانی بێـگانە بۆ هەڵەمان نەبا دەزانین کـورد وشەکانی وەک « چاك ، خۆش ، سارد ، گەرم ، جوان ، دزێو ، بەرز ، نزم ، تاڵ ، شیرن .... هتـــاد » ی لە بنەڕەتـا بـە « ئاوەڵناو ـ صفه » دروست کردوە و کە هیچ پێچەکە و خوارەکە و تەئویل لەئاخاوتندا نەبێ ئەمانە راستە و خۆ وەسفی ناو دەکەن ، واتە لە گوتنەوەی ئەو وشانە خەیاڵی کوردێك تەنها بۆ وەسف کراوێـکی خاوەن گیان دەڕوا چ مادی بی چ مەعنەوی و هەرگیز بەبـیری‌دا نایێتەوە کەسـێك بڵێ « ڕۆیشتم تاڵ ، دەڵێم شـیرن ... » . ئەمـــە راستییەکە ، بەڵای منەوە ، نەسەلماندن هەڵناگرێ : دەوجاکە بەپێی سەلیقەی کوردانەمان بڕیارمان دا « جوان . تێر ، خراپ » بە ئەسڵ «ئاوەڵناو ـ صفه» ن لەوە بەوڵاوە کە کەوتنە قاڵبی ئەوتۆ لە ڕواڵەتدا وەسفی غەیری ناویشبکەن نابێ زۆ تەسلیم بین و بڵێین ئەم وشانە سروشت و واتایان دۆڕاند و بۆن بە شتێـکی جودا لە « صفه » . بەڵای منەوە کە گوترا « فلانەکەس زۆر دەخوا » لێرەدا هەرچەنـد لەبەر چاوان وشەی « زۆر » وەسفی ناویش ناکا لە راستیدا هـەر « ئاوەڵناو » ە : دەتوانین بەوە دلنیا بین کە « موصوف » یێـکی قرتاو

هەبوە و تێچوە ، وەك ئەوەی کەئەسڵی رستەکە « فڵانەکەس خواردنێکی زۆر دەخوا » بۆبێ . تۆ سەیرکە وشەی « زۆر » لە رستەکەدا جێی « بەرکار ـ مفعول » ی حەزفکراوی گرتۆتەوە و لەپێش « کار ـ فعل » ەوە هاتوە وەك « بەرکار ، مفعول »ی صەریح ، گریان ئەو سازاندنە(٥) ئیقناعیشمان نەکا و نەسەڵمێنین بەرکاری(٦) حەزفکراو هەبۆبێ ، چ چار نامێنێ دەبێ بڵێین زمانی کوردی ئەوە هەڵدەگرێ ئاوەڵناوەکانی ، کە لە بنەڕەتا بە ئاوەڵناوێ پەیدابۆن ، وەسفی کاریش بکەن و نەبنە ئاوەڵکار ، واتە بکەونە حاڵەتی وەها لە رستەدا کە روالەتی ئاوەڵکار بنوێنن ، چونکە ئاوەڵناو بۆنی ئەم وشانە دەمەتەقە هەڵناگرێ . سرنج بگرێە ئەم میسالەی خوارەوە نەختێکی تریش راستییەکەت بۆ ئاشکرا دەبێ ، دەڵێی « دارا بە منداڵی ژیر بۆ » . دەزانین وشەی « بە منداڵی » ئاوەڵکارە و داڕشتنەکەشی هەر هی ئاوەڵکارە . ئەدی وشەی « ژیر » چیە ؟ خۆ لە رستەکەدا نەکەوتۆتە جێگەی رێزمانی ئاوەڵناوەوە هەر چەند وشەی ژیر بۆ خۆی ئاوەڵناوە ، چونکە دەزانین وشەی « صفە » لە کوردیدا دەکەوێتە دوای وشەی

(٥) سازاندن : تعلیل .

(٦) لێرەی رێزمانی سەر بە کۆڕی زانیاری کوردەوە ، دوای لێکدانەوەیێکی دوور و درێژ « کار ، کارا ، بەرکار »ی پەسند کرد بە واتای « فعل ، فاعل ، مفعول » لێرەدا ماوەی شەرحدان نیە ، کە پێویست بۆ خۆم ئامادەم گۆشەی نیگای لێرنە زۆنکەمەوە .

« موصوف »ەوە وەك بڵێیی « منداڵی ژیر ، مەلی جوان » ؟ کەواتە لێرەدا وشەی « ژیر » کە « ئاوەڵناو »ێکی راستەقینەیە بە پێی پێویستی دەربڕینی مەبەس کەوتۆتە قاڵب ، یاخود حاڵەتێك مەودای نادا خۆ لەناوێك بدااڵێنێ و وەسفی بکا هەرچەند زمانی کوردی ئەو و ئاوەڵەکانی بو وەسفی « ناو » خەلق کردوە .

بەڵای منەوە هەروەك ناشێ وشەی « هات » جارێکیان فیعل بێ و جارێکیان « حرف جر یاخود ناو یاخود ئاوەڵناو » بێ هەروەهاش کە وشەی « چەند »مان بە « ناوی پرسیار» دانا ناکرێ لە دێڕێکدا ناوی پرسیار بێ و لەدێڕێکیتردا ئاوەڵناو یاخود راناو بێ . تۆسەری کورد هەیە لەو باوەڕەدایە کە گوتت « چەندت ژمارد ؟ » لێرەدا وشەی « چەند » دەبێتە « راناو ، ضمیر » چونکە ئیمکان هەیە جێی ژمارەیێکی گرتبێتەوە وەك لە وەرامدا بڵێیی « بیستم ژمارد » . بەڵام کە گوتت « چەند کەست ژمارد ؟ » وشەی « چەند » دەبێتە « صفە ، ئاوەڵناو » چونکە وەصفێکی وشەی « کەس » دەکا .

سەلماندنی ئەم باوەڕە ، کوردی گوتەنی ، دەرگەی خێران لە راناو دەکاتەوە و دەیخاتە سەرپشت و بەشێکی زۆری وشەی فەرهەنگی کوردی دەکا بە راناو . کە گوتت « باوکم هات » دەبێ لێرەدا وشەی باوکیش راناوبێ چونکە دەتوانی بێگۆڕی بە ناوی باوکت و بڵێیی « برایم بەك هات » کە ناوی باوکت برایم بەك بێ .

هەروەها هەموو شە ناوەکانی کەس و خزم و برادەر و جـــیران و دۆست و دوژمنت دەبنە راناو چونکە « ئامۆزا دایك ، خوشـك ، بـرا ... تا دەگـاتە خـــزمی خەزوری سەپانی شێخی » هەموویان ئەمەدێك ، حەسەنێك ، فـــاتیلەیێك هـەر هـەن بچنـە جێی ئەو وشانەوە . ئەوەی راستی بێ کە ئێمە بسەلمێنین بە پێی گۆڕانی جێگەی وشە لە رستەدا عینوان و دەوریشی دەگۆڕێ دەبـێ بڵێین « برایم بەگ »یش راناوە چونکە « برایم بەگ هات » دەشێ بکرێتە « باوکم هات » . وشەکانی وەك ترێ ، سێو ، هەنار ، هەرمێ ، تەماتە ، نارنج .. هتاد ئەوانیش دەبنە راناو چونکە ئیمکان هەیە کە گوتت « هـــەنارم کڕی » وشەی هـــەنارەکە بگۆڕێ و بڵێی « میوەم کـڕی » ، مـــیوەش وەك هەنـار دەبێتەوە رانـاو بـــە هەڵگیرانەوەی میسالەکە . هەرچی پۆشاك و ئاژەڵ و سوتەمەنی و تەقەمەنی و پێڵاو و گوڵ و درەخت و چەك و پارە ... خولاسـە هەمو ئەوانەی پێیان دەڵێن « اسم الجنس » دەســـت دەدەن بـــە خۆیان و موفرەداتیانەوە ببنە راناو . ئەمە لیستەیێك لە نمونەی رستە بۆ رونکردنەوەی مەبەس :

١— خەنجـەرم کـڕی ، چەکم کڕی .
٢— چوخەڵم لەبـەرکرد ، جلکم لەبەرکرد .
٣— وەنـەوشـەم دیـت ، گوڵم دیت .
٤— سوتەمەنی دەکـڕم ، نەوت و دار و چیلـکە دەکڕم .

٥— فــلانەکەس هـات ، ئەحمەد هات .
٦— مامــم هــات ، ئەحمەد هات .

حەز دەکەی نیوەی وشەی فەرهەنگی کوردی بێنە و بیکە بە راناو ، پەکی تەعبیرت ناکەوێ و دەتوانی رستەیەک بێنیەوە بۆ ئەو ناوەی مەبەستە خۆی بێدا نەناسێتەوە یاخود سـواری چـەرخ و فەلەکی رستە گۆڕێ بکەی و هەر ساتە خۆی لە باریەک ببینێ .

بە ئانقەســت نمونەی پێنجەم و شەشەمم هێناوە لە لیستەی سەرەوە تا ئەوانەی « فلانەکەس » بە راناو دادەنێن چاریان نەمێنێ و لێیان بسەلمێنن ، لەبەرخاتری باوەڕەکەی خۆیان ، مام و ئەحمەدیش بـە راناو قبول بکەن چونکە فلانەکەسەکە هەر خۆی مامم بۆ هەر خۆی ئەحمەدیش بۆ .

بە راستی ، دەردەکەوێ ، ئەم راناوە باری زمانزان ستوک دەکا چونکە چ نامێنێتەوە نەبێتە راناو و لەکۆڵ دەردی سەری دابەش کردنی ئاخاوتن دەبینەوە . سەیری ، هــەولێر و کەرکوک و ئەدیس ئەبابا ئاگایان لە خۆیان نیــە ئەوانیش راناون ، چونـکە وەک دەتوانی بڵێی « هەولێرم دیت » دەتوانی هەولێرەکە بکەی بە شتێکی تر و بڵێی « ئاوایم دیت ، شــارم دیت ، کۆمەڵە خانۆ و قەڵەبالغم دیت ، کەونە شاری ئاشورم دیت ... » .

وا دەزانم دیارخستنی چەند و چۆنی بەشەکانی ئاخاوتن بە گوێرەی حەقیقەتی واتای وشە ، تاکە ڕێگەیەکە لە پێش زمانزان ، چونـکە

تێکەڵ کردنی (حاڵەتی وشـــە و واتای وشـــە) هەمتر حیسابان سەرەوبن دەکا . بۆ خۆت جارێکی تر ســـەیری سەرجوملەی ئەو وشانە بکە کە دەکەونە ناو جغزی ئەو حەفت جۆرە راناوەی لێرە بەپێشەوە نوسیمن(٧) ، دەبینی وشـــەکان هێندە لە یەکدی دوَرن و بابەتی وەهـا جیاجیایان تێـــدایە لزوم نامێنێ وشەی تازە بەمتونە بێنینەوە بۆ دەرخستنی نادروستی ئەو تەقسیماتە . باوەڕ دەکەم تۆش لەگەڵ منداسرنج بگری دەگەی بەو قەناعەتە کە وا هەرچەند بمانەوێ دوَ بەشی لە یەکـــدی جودا لە ئاخاوتندا پەیدا کەین ، وەك ئەو جودابیەمان بۆ نادۆزرێتەوە کە لە میانی وشەی « ئایا » و وشەی « فلاّن و فیسار » دا هەیە . بە راستی هەرگیز کار و چاوگ « فعل و مصدر » هێندی ئەم وشـانە لە یەکدی دوَر نین : لەگەڵ خۆتدا بڵێی « فلاّنە کەس .. ئایا » و بەیەکدییان بگرە ، ئینجا بڵێی « کردن ، کردی — نوستن ، نوست » و ئەمانیش بە یەکدی بگرە . ئینساف لێمانِ داوا دەکا چ دوَ دڵی نەکەین لەوەدا کـــە بڵێین « کردن و کردی » یەك شتن ئەگەر لە پێشەوە سەلماندبێتمان ئایا و فلاّنەکەس

(٧) ساغ کردنەوەی پێش‌خستن و پاش‌خستنی راناوە لکاوەکان لێرەدا جێی نابێتەوە پێویستە بە وردی باس لەوە بکرێ ئایا « کتبتهم » بنوسرێ « نوسیمن ، نوسینم ، نوســیانم ، نوســیمیان » . کە دەرفەتم بێ لە شوێنی خۆی لەم گوتارەدا هەندێکی لەسەر دەنوسم ، ناشتوانم لە ئیستاوە بەڵێن بدەم چونکە بۆ خۆم نازانم سنوری نوسینەکەم تاکوێ دەڕوا و چ رۆبێوێك « مساحة » دەگرێتەوە ، لەبەر زێدە بەر فرەوانی مەوزوع .

هەردوویان راناو بن .

لە هەموو کاریگەری زیهنیدا ، کە زمان یەکێکە لە هەرە پێشەوەی ئەو کارانە ، ورد بوونەوە و قۆڵ داگرتن و زەڕەبینی — مەرجی پسپۆڕی و وەستایی و شارەزاییە نەك پان بوونەوە بەسەر بابەتدا . مرۆڤ دەبێ ئاگای لە خۆی بێ بەر تەڵە و فاقەی روالەتی درۆزن نەکەوێ ؛ تۆ ئەگەر ورد نەبیەوە ، نەخێر ئەگەر تەلەسکۆپ بەکار نەهێنی ، وا دەزانی ڕوی مانگ وەك ئاوێنەیێکی لەکەداره ، ئەوەندەش لەو روالەتە دڵنیا دەبی پاکانەی بۆ دەکەی و زۆر بەلگەی عەقلی و مەنتیقیشی بۆ دەهێنیەوە : کە یەکێك لە ڕێی تەلەسکۆپەوە کەڕ و دۆڵ و لوتکە و گردۆلکەی تێدا دیتەوە و وێرای دۆزینەوەکەی ئاشکرا بکا ، ڕەنگە هەر بە شێتی دانێی . بۆ میسال و بە نیازی ڕوون کردنەوەی بیر و باوەڕی خۆم ، بەشی « راناوی کەسی Personal Pronoun » کە بەلای هەموو زمانزانانەوە راناوە و بە جێگری ناو دانراوە ، دێنمە بەر سرنج و هەندێکی لێ ورد دەبمەوە لە گۆشەی نیگای خۆمەوە تا بزانین ئاخۆ ئەم چەند وشە بێگومان و بێفێڵە « من ، ئێمە — تۆ ، ئێوە — ئەو ، ئەوان » کە راناوی میراتین لە مێژوی کۆنەوە ، هەموویان وەك یەکن و یەك قابلیەتیان هەیە لە جێگرتنی ناو و بەکار هێنانیان لە رستەدا ؟

دەزانین ئەم کۆمەڵە وشەیە بە سێ بەش دابەش دەکرێن :

١— کەسی یەکەم « قسەکەر » ، من و ئێمە ؛
٢— کەسی دوەم « قسە بۆ کراو » ، تۆ و ئێوە ؛
٣— کەسی سێیەم « قسە لێ کراو » ، ئەو و ئەوان .

تا ئێرە گرفت نیـــە و بەدیهیەمان کوتاوەتەوە ، جارێ باس لەوەش ناکەین وێنەیێکی تری ئـــەم وشانە هەیە کە پێی دەڵێن « راناوی لـکاو ، ضمیر متصل » چونکە ئیشیان بەو باسە نیە لێرەدا ، هەرچەند ئەویش بەر « بدیهیە » دەکەوێ و زانیاری بازاڕییە .

بەڵام دوای ئەم مەعلوماتە سادەیە ، ورد بۆنەوە و پێوانە و کێشانەی لەسەرەخۆ راستیێك دەردەخا کە ئـەم کۆمەڵە وشـــەیە ، گردەبڕ ، دەکا بە دوو کەرتی لەیەکدی جـــودا ، جوداییەکەش وەك ئەوە نیە کە گۆڕانی حاڵەتی وشە لە رستەدا پەیدای دەکا ، نەخێر جوداییەکە لە دەروون و قابلیەتی وشەکاندایە :

سرنج بگرە لەم رستانە :

من مرۆڤـم — ئێمە مرۆڤین .

تـۆ مرۆڤی — ئێوە مرۆڤن .

ئەم راناوانەی کەسی یەکەم و دوەم قبوڵ ناکەن هیچ ناوێك وە یا وشەیێك جێگەیان بگرێتەوە . راناوی « من » بـــۆ رسـتە پێك‌هێنان تەنها لەگەڵ جۆرە لـکاوەکەی خـــۆی کە پێتی « م » ە دەبێتە « فاعل » یاخود « مبتدأ » یاخود « Subject » یاخود هەر شتێکی تر

بێ ، بەتەواوتی خۆی لە قەبەڵ جۆری لکاوی کردوە هەر دەڵێی خۆی لە قەبەڵ خۆی کردوە . کە دەڵێم « من کوردم » ناتوانم هیچ وشەیێکی فەرهەنگی کوردتی و غەیری کوردتی لە جێگەی ئەم « من »ە دانێم تەنانەت کە ناوم « دارا » بێ و بشمناسیت ناتوانم بڵێم « دارا کوردم » هەروەها کە گوتم « تۆ ئازایت » ڕێم نیە بڵێم « قوتابی ئازایت » کە خۆت قوتابی بیت . هەڵبەت « ئێمە و ئێوە »ش وەك « من و تۆ » وان لە نەبوونی ئیمکانی هاتنی وشەی غەیری خۆیان بۆ جێگەیان لە رستەدا . راناوی لکاوی کەسی یەکەم و دوەم دەست نادەن ، هەرگیزا و هەرگیز ، ببن بە تەواوکەری رستە لەگەڵ غەیری راناوە نەلکاوەکانیان . نەکا بە سەهۆم بردبیت ، یاخود تایبەتیێکی ئەم راناوانەم لێ شاردبیەوە ، دەبێ ئەوە بڵێم لە یەك حاڵدا ڕێی هەیە راناوی لکاوی « ئێمە و ئێوە » ببێتە تەواوکەری رستە لەگەڵ غەیری دۆ وشەی « ئێمە و ئێوە »دا ، حاڵەکەش ئەمەیە کە لەم نموونانەدا دەردەکەوێ . دەگوترێ :

من و دارا و برزۆ شاگردین .

دارا و برزۆ و تۆ شاگردن .

ئەم ڕێی دانە زیرەکیەکی گەورەی تێدایە چونکە هاتنی وشەی دارا و برزۆ لەگەڵ راناوی « من »دا ، فاعیلەکە یاخود « متبدأ »ەکەی کرد بە « جمع » ناکرێی راناوی لکاوی تاکی بەدوادا بێ ، خۆ دیارە ناشکرێی « جمع »یك بێ بە دوا ئەو فاعیلە وەیا « متبدأ »ەدا کە

کەسی یەکەمی تێدایە مەگەر ئەو جەمعە بۆکەسی یەکەم بێ . زیکی کەسی یەکەمی تاك لە کەسی یەکەمی جەمع دەیانکا بە هاوەنگی یەکتر . کەسی یەکەمی تاك کە لەگەڵ کەسی یەکەمی جەمع تەنها لە رووی ژمارەوە جودایە ، لەگەڵ کەسی دوەم و سێیەمی جەمع لە هەمو رووێکەوە جودایە ، حاڵی کەسی دوەمی تاکیش وەك کەسی یەکەم وایە ئەویش خزمە لەگەڵ جەمعی کەسی دوەم ، هێندە هەیە کە دەڵێی « تۆ و برزۆ مرۆڤن » راناوە لکاوەکەی « ن » بە رێکەوت بۆ جەمعی دوەم و جەمعی سێیەم هەر یەکێکە ، هەڵبەت تۆ لە رستەدا مەبەستت جەمعی کەسی سێیەم نیە . سەیری ، کە دەڵێی « تۆ و برزۆ نۆسیتان » راناوەکە هی کەسی دوەمی جەمعە نەك هی کەسی سێیەم ، چونکە لە کاری تێپەڕدا راناوی لکاوی جودا هەیە بۆ هەرکەسە .

ئینجا با بێینە سەروکاری کەسی سێیەم :

دەگوترێ :

ئەو مرۆڤە دارا مرۆڤە کێ مرۆڤە ؟ .

ئەوان مرۆڤن کورد مرۆڤن هەمۆیان مرۆڤن .

راناوی کەسی سێیەم دەست دەدا وشەی‌تر بێتە جێگاکەی ، هەر بەو پێیەش راناوە لکاوەکەی ببێتە تەواوکەری رستە . کەسی سێیەم ، بەهۆی ئەوەوە کە خۆی غائبە ، دەبێتە خزم لەگەڵ هەمۆ غائبێك و دەشێ غائب جێی بگرێتەوە . لەوەش زیاتر ، هەر لەبەر

خاتری ئەو غائبانەیە راناوی کەسی سێیەم دروست بوە . بەڵێی راستە لە بنەڕەتا راناوی « ئەو ، ئەوان » بۆ مرۆڤ داهاتوە ، ئێستاش کە دەڵێیی « ئەو » بەر لە هەمۆ شتێك مرۆڤت بە بیردا دێ و حەز ناکەی لە رستەدا « ئەو » بە ســـەراحەت بۆ غەیری مرۆڤ بەکار بێ ، بەڵام دوای داهاتنی ناچارە مل کەچ بێ بۆهەمۆ ئەنجامێك کە « غیاب » لێیی دەوەشێتەوە . با لە موناقەشەی ئەوە گەڕێین ئاخۆ چۆن دەتوانین ، یا ناتوانین ، راناوی « ئەو و ئەوان » بۆ غەیری مرۆڤ بەکار بێنین ، خۆ لە فەرهەنگدا چەندین وشە بۆ مرۆڤ بەکار دێن وەك تێکڕای « اسم علم » و ناوی گەل و کۆمەڵ و خزم و کەس و ئیشارە و پرسیار و « مبهم » و ئایین و حیزب و مەزهەب و نازانم چی ، هەمۆشیان غائبن وەك کەسی سێیەم [راستییەکەی ، ئەم وشانە کەسی سێیەمن ، دۆ وشەی « ئەو و ئەوان » راناوی کەسی سێیەمن] . دەوجا کە راناوێك دەلالەتی ئەو غائبانە بدا و لەبەر ئەوان پەیدا بۆ بێ دیارە جۆری لکاویشی دەبێتە تەواوکەری رستەکانیان .

ئەم تایبەتیەی « غیاب » کە لەراناوی کەسی سێیەمدا هەیە و کۆی دەکاتەوە لەگەڵ هەمۆ « غائب »ێك لەو روەوە کە هەرچی « غائب » هـــەیە ئەویش کەسی سێیەمە ، رێی خۆش کردوە لەبەر خامەی زمانزانان بۆ لێك کێشانەوەی پەراوێزی « راناو » تا ئەو هەمۆ وشەی لەیەك دۆرە بگرێتە ناو باوەشی خۆیەوە . بۆ خۆت دەبینی وشەکانی شەش بەشی « راناو » لەو حەفت بەشەی ژماردمانن کە حیساب کراون بە راناو هەمۆ دەبنە راناوی کەسی سێیەم . ناتوانین یەکێك

لەو وشانە بکەین بە راناوی کەسی یەکەم یا دووەم[٨] . باوەڕ دەکەم ئەم « غیاب » ە خلیسکە لەبەر پێیی زمانزان ، دەبێ لێی بەپارێز بێ .

لەوکورتە سرنجەی لە راناوی « کەسی ، شخصی Personal » مان گـرت بۆمان دەرکەوت ئەو زمانزانەی لە ڕێی قابلیەتی هاتنی ناو بۆ شوێنی وشـــەیێك ، وشەکە بکا بە راناو ، پەکی ئەوەی دەکەوێ « من ، ئێمە — تۆ ، ئێوە » بە راناو دانێ چونـــکە مەعلومان کرد هیچ ناوێك ، وەیا غەیری ناویش ، ناشێ جێگەیان بگرێتەوە لەرستەدا . پێیی ناوێ بڵێم ، لە خۆتەوە دەزانی ، لەلانی ڕێزمانەوە واتای وشەکانی « من ، تۆ .... » کە دەلالەتی شەخسیان هەیە هیچ ئەوە ئیســـپات ناکا کە راناون چونـکە دەستوری ڕێزمان لە چۆنەتی رەفتاری وشـــەوە وەردەگیرێ نەك واتای وشـــە : هەر وشەی « راناو » بۆ خۆی راناوی ڕێزمانی نیـــە ، وشەی « فعل ، کار » ئەوێش فیعل نیە ، ئاوەڵناویش ئاوەڵناو نیە . کە دەڵێی « ناوی من نوسرا » هەرچەند لە رووی واتاوە وشـــەی « ناو » لەرستەدا مەفعولێکە ئاو لێڵ ناکا ، بەپێیی دەستوری ڕێزمان پێچەوانەی مەفعولە . کە رستەکەت گۆڕی و کردتە « ناوی منی نوسی » ئەوسا وشەی « ناو » دەبێتە مەفعول .

کاکڵی گوتە ، لێرەدا ، ئەوەیـــە ئەگەر میقیاسەکانی کلاسیکی بکەین بە دیاردەری راناو ، دوبەش لە سێ بەشی ئەو وشانەی تا ئێستا لای هەمو دونیا راناو بوە لە « راناوێ » دەکەون ، واتە وشـــەکانی

(٨) جیکایەتی « خۆم ، خۆت » دواتر دێ .

« من ، ئێمە ـ تۆ ، ئێوە » بەر ئەو مەفهوومە ناکەون کە « ئەو ، ئەوان » دەکا بە راناو .

جگە لەم تایبەتیە ، تایبەتیێکی تری واتاییش سەرلەنوێ کەسی یەکەم و دووەم جیا دەکاتەوە لە کەسی سێیەم : پەیوەندی کەسی یەکەم و دووەم بە مرۆڤەوە گەلێك بەتینترە لە هی کەسی سێیەم ، چونکە وەك بەدیهیە ئاشکرایە لە مرۆڤ بەولاوە مەخلوقێك نیە قسە بکا و بڵێ « من وام کرد ، ئێمە رۆیشتین » ، بەنیسبەت کەسی دووەمیشەوە دیارە لە بنەڕەتا مرۆڤ وتووێژی هەر لەگەڵ مرۆڤ بوە ، دوایی بە پێی پەرەسەندنی مامڵەتی مرۆڤ لەگەڵ جیهان و فرەوان بوونی جۆری ئاخاوتنی ، غەریزی مرۆڤیش بوە بەکەسی دووەم . سەرنج بدە تا ئێستاش بە دەگمەن و لە حاڵی تایبەتیدا نەبێ راناوی « تۆ ، ئێوە » بۆ دار و بەرد و ئاژەڵ و چشتی ئەوتۆیی بەکار نایێ . ئەم لەقەبەڵ بوونەی راناوی کەسی یەکەم ، تا رادەیێکیش کەسی دووەم ، بۆ مرۆڤ سروشتی وشە داخوازی دەکا نەك دەستووری زمان . واقیع وایە مرۆڤ نەبێ ئاخافتن ناکا ، بەڵام ڕێزمان چ مانیعێکی نیە لەوە کە هەرچی هەیە لە جیهاندا بە دەنگ بێ و بئاخێوێ ، ئەوساش قسەکەر مرۆڤ بێ یا گۆڕان ، فیعڵی رابردوو یەك دارشتنی دەبێ بۆ هەردوویان و دەگوترێ « من بێژام ، من چەمام » . خۆت دەزانی وشەی پرسیار لە بارەی ئادەمزادەوە « کێ » یە و لە بارەی غەیری ئادەمزادیشەوە « چی »یە ، بەڵام لە رستەدا چ فەرقێك نیە لە میانی بەکارهێنانی « کێ ، چی » و دەڵێی « کێ هات ، چ قەوما » . زمانزان دەبێ خۆ بپارێزێ لە تێکەڵ کردنی فەلسەفە و زمان و ئاگای

لە خۆی بێ دەستوری فەلسەفە و مەنتیق نەکا بە دەستوری زمان : بۆ دانانی ڕێزمان ، زانست و فەلسەفە و مەنتیق و لێکدانەوە هەموو دەبنە ئەمرازی دۆزینەوەی یاساکانی زمان نەك یاساکە خۆی . دەبینی هەندێ زمان ستۆرن لەسەر جیاکردنەوەی نێر و مێ ، زیاتر لە جیاکردنەوەی تاك و کۆل لە ئاخافتندا کەچی زمانێکیتر ئەمەی نەکردوە ، خۆ مەعلومیشە مەنتیق و زانست و فەلسەفە یەك نرخاندنی هەیە بۆ ئەم شتانە و چ گوێ ناداتە دەستوری زمانەکان ، سەلیقەی هەر میللەتە بە پێی ئەو زەرفە مێژوییە کە تێیدا ژیاوە ڕێگایەکی گرتۆتە بەر بۆ دەربڕینی واتا و داڕشتنی گوتە ، لەوکارەشدا دەستوری وەهای داناوە کە لەگەڵ سروشت و تایبەتیەکانی خۆی ڕێك کەوێ ؛ با بڵێیم مەنتیقێکی زادەی سەلیقە و زەوقی ئاخاوتنی پەیدا کردوە کە زۆر جاران لەگەڵ مەنتیقی فەلسەفە و زانستی ڕۆت ناگونجێ . بەڵای منەوە ڕوانێتێکی بێ هێز و پێزی وەك ئەوەی وشەی « نڵان » دەتوانێ جێی خۆی چۆل کا بۆ « دارا » هەرگیز بە مەنتیقی زمان غەڵەبە ناکا لەسەر ڕاستیێکی زۆر بەهێز و پێز کە سروشت و واتای وشەکە خۆیەتی . ئەم ڕوانێتە لە مەنتیقێکی دەرەوەی زمانەوە ، کە مەنتیقی لێکدانەوەی زمانزانانە و بەسەر زمانیاندا سەپاندوە ، بایەخی زیاد لە مافی خۆی وەرگرتوە و هەندێ ڕێچکۆڵەی زمانی تەماوێ کردوە .

یەکێك لەو بڕیارە غەڵەتانەی کە لە مەنتیقی دەرەوەی زمانەوە بەسەر ڕێزمانی کوردیدا بڕاوە ، ئەوەیە کە دەگوترێ چوکی

کوردی له زمانەکانی هیندی ـ ئەوروپایی یە نابێ رستەی بێ فعلی تێدا بێ ، هەر لەو بڕیارە غەڵەتەوە گەلێك راست بە هەڵە دانراوە و گەلێك هەڵەش کراوە بە دەستور . ئەو زمانزانانەی بڕیاری وایان داوە گوێیان نەداوەتە واقیعی سەربەخۆی هەر زمانێك لە خێزانی هیندی ـ ئەوروپایی ، بەڵکو مەیلەو بە پەلە رواڵەتێکی بەرچاوی هەندێك لە زمانانی ئەو خێزانەیان پان کردۆتەوە بەسەر هەمو زمانەکانی و بێ دوو دڵی کردوویانەتە دەستورێکی گشتی . گومانم نیە لەوەدا بڕیاری باس لێکراو ئەو غەڵەتە گەورە بەناوبانگەی نێدایە کە لە « اصول الفقه » پێی دەڵێن « مصادرة[9] علی المطلوب » چونکە بڕیارەکە هەڵوەستێکی نارەوا و نارِاستی دادەهێنێ بۆ دزینەوە و دەست بەسەر داگرتنی ئەو مەوزوعە کە جێی موناقەشە و دەمەتەقەیە : خۆ ئێمە جارێ نەمانسەلماندوە هەمو زمانێکی هیندی ـ ئەوروپایی لەو بابەتەن تا بسەلمێنین کوردیش لەو بابەتەیە ، موناقەشەی ئێمە لەسەر ئەوەیە ئایا لە کوردیدا رستەی بێ فعل هەیە یا نیە کەچی بڕیارەکە هەر لەپێشەوە دەستی بەسەر مەوزوعدا گرت و بێ ئەوە لە کوردی بکۆڵێتەوە رستەی بێ فیعلی لێ یاساغ کرد . ج فەرقێك نیە لەوەدا یەکێکی تر بێ و بڵێ (چونکە لە کوردیدا رستەی بێ فیعل هەیە دەبێ لە هەمو زمانەکانی هیندی ـ ئەوروپاییش رستەی بێ فیعل هەر هەبێ) هەڵبەت ئەمەش هەر « مصادرە »یە چونکە جارێ

(۹) شەرحی ئەم زاراوە گەلێك پتری پۆدەوێ ، بە داخەوە لێرەدا دەرفەت نیە .

نە ئەوە سەلێنراوە کە لە کوردیدا رستەی بێفعل هەیە و نە ساغیش بۆتەوە هەمۆ زمانەکانی‌تریش تێیاندا هەیە .

بەلای باوەڕی منەوە وەك بەدیهیە وایە کە کوردی رستەی بە فیعل و بێ فیعلی تێدایە و هەر لەو حاڵەتەدا رستە بێفیعلەکانی نابینین کە بە چاویلکەی خوازرایەوەی زمانزانەکانی بێگانە سەیری زمانی کوردی بکەین : ئینکار کردنی هەبوونی رستەی بێفیعل لە کوردیدا ئەو خلیسکەمان پێ دەبا کە ، کوردی گوتەنی ، تەوقی‌سەری رێزمانەکەمان بە ئەرز دەکەوێ ، چونکە بەشێکی گرینگ لە بنج و بناخەی زمانەکە هەڵدەتەکێنێ : فەرمۆ سەیری ئەم میسالانە بکە و بەدوا ئەودا سەرنج بگرە لە ئەنجامی نەسەلماندنی هەبوونی رستەی بێ فیعل لە میسالەکاندا ؛ دەگوترێ :

من پاك بوم .

من پاك دەبم .

رستەی یەکەم صیغەی رابردوو و رستەی دووەم داهاتوی کاری « بوون »ە و دەتوانی وشەی پاك هەڵگری و بڵێیی « بوم ، دەبم » هەروەك دەڵێیی « نوستم ، دەنوم ـ خواردم ، دەخۆم » . لەم رستانەدا فیعل هەن و جێیی دەمەتەقە نین .

ئینجا سەیری ئەم رستەیە بکە :

من پاکم .

لێرەدا کام بەشی رستە فیعلە؟ هەڵبەت دوو وشەی «من، پاك» نە کەس دەڵێی فیعلن و بە زوورەملێش ناینە فیعل. ئەوەی دەمێنێتەوە لە رستەکەدا و دەکەوێتە بەر هەست تەنها پیتی «م»ە، ئاخۆ ئیمکان هەیە پێی بگوترێ فیعل؟

تاقێك لە زمانزانەکان خۆ لەوە لا دەدەن بەو تەرزە بەشەی ئاخاوتن بڵێین فیعل چونکە لە حیسابی وانیشدا بە راناو دانراوە، بەڵام کۆڵیش نادەن لە دەعوای هەبوونی فیعل لە رستەی کوردیدا ئیتر دەڵێین لە میانی کۆتایی وشەی پاك و پیتی «م»دا دەنگێکی بێهێز هەیە ئەو دەنگە فیعلە. ئەم دەعوایە نەك جارێك، چەندین جار ڕەش دەبێتەوە و لەبەر یەك هەڵدەوەشێ و بەسەرخۆیدا دەتەپێ بێ ئەوە ئەرکێکی چەندان بە خەرج بدەین:

ئەگەر ئەم دەنگە بێهێزە فیعل بێ کەواتە دەبێ لە «مضاف و مضاف إلیه» شدا فیعل هەبێ چونکە ئەو دەنگە بێهێزەی تێدایە، وەك کە دەڵێی «کۆڕم، کچم، خێزانم».

با لە ئیزافە گەڕێین و بلکێین بە هەمان میسال کە هێنامانەوە، بەڵام ئەجارەیان کەسی یەکەمی جەمعی بۆ بەکار بێنین ئەوسا دەڵێین: «ئێمە پاکین». دەبینی لێرەدا پیتی «ك»ج بزوێن و دەنگی بێهێزی بەدوادا نایێ و راستەوخۆ راناوی «ین» دەکەوێتە شوێنی، کەواتە ئەو خۆ هەڵفریواندنەش جێگەی نەما کە لە میسالەکەی پێشتودا جنجڕۆکی مڕۆڤی نەسەڵمێنی لێ گیر دەبێ.

دیسانەوە با واز لە جەمع بێنین و بادەینەوە سەر میسال بۆ کەسی یەکەمی تاك وەك میسالەکەی « من پاکم » :

دەڵێی « من ئازام - من خەلقی لادێم - من ئامادەم - من کاکە برزۆم ... » لەمانەدا چ دەنگێکی بێهێز نیە لە میانی کۆتایی وشەکان و راناوەکە تا وەهمی جنۆکاویش گومانی راناوی لێ بکا .

راستی ، ئەم دەنگە بێهێزە کە دێتە ناو رستەی وەك « پاکم » لە ناچاریيەوە دێ ، چونکە تۆ ناتوانی « تلفظ » بکەی بە پیتی « کاف » ی وەستاو و بەدوا ئەودا « میم » یەکی وەستاو بێنی ، چ عەلاجت نیە دەبێ « کاف »ەکە قورسکەی بۆ درکاندنی « میم » ەکە . لێرەدا تۆ پیتی « میم » لە دەرەوەی وشەوە دێنی و دەیلکێنی بە وشەکەوە کە ئەمە سەرلەنوێ ناچارت دەکا « کاف »ەکە قورسکەی تاکتۆ مەعلوم بکرێ لەوێدا وشە کۆتایی دێ : وا هەیە لەناو خودی وشەکەدا ئەم قورس کردنەی پیتی پێش کۆتایی وشە دەبێتە کاری ناچاری چونکە هەندێك پیت کە کەوتنە پێش هەندێکی ترەوە ئیمکان نیە بە وەستاوی «سکون» تەواوەوە « تلفظ » بکرێن . کە گوتت « کرم » بۆت ناکرێ « رێ و میم »ەکە هەردوان بەجارێ بوەستێنی ، هەڵبەت دەبێ یەکێکیان قورسکەی ، کە مەعلومە پیتی « رێ »یەو « میم » نیە چونکە « میم »ەکە کەوتۆتە کۆتایی وشەوە و جێگەی خۆی هی وەستانی تەواوە . هەروەها کە دەڵێی « شەکر » دەبێ « کاف »ەکە قورسکەی . هەندێ دەنگ

هەیە هەردوو حاڵەتان هەڵدەگرن ، واتە وەستانی تەواو و قورس کردن ، وەك کە دەڵێی « دەنك » دەتوانی « نون » ەکە بوەستێنی و دەشتوانی قورسی کەی . واش دەبێ پیتی پێش کۆتایی وشە قورس کردن هەڵناگرێ وەك « دەنگ ، رەنگ ، ماست ، بیست ، مەرد ، بەرد ، کەرت ، شەرت . . » . کورتەی قسە ئەوەیە ئەم دەنگە زۆر بێهێزە کە وا دەبێ پێی دەڵێن « کسرة مختلسه ، Stress ، قورس کردن — من پێی دەڵێم بزوێنی بێتەرەف » چ پەیوەندییکی نیە ، کەم و زۆر ، بە ڕێزمانەوە و کارێکی سەر بە زانستی « فۆنێتیك » ە . تاکو ئێستاکەش کەس دەرسی دەنگەکانی زمانی کوردیی نەکردوە لە ڕوی قابلیەتی هەر دەنگێك بۆ وەستاندنی لەپێش دەنگێکی وەستاوی‌ترەوە . من بە شێوەیێکی سەرەتایی نەختێك لە مەوزوعەکە تێفکریتوم ، رەنگە تا رادەیێك گەڵاڵەی نیمچە دیراسەیێکیشم کردبێ ، بەڵام هێشتا لێکدانەوەکانم نەخستوتەتە سەر یەك و ڕێکم نەخستوون ، سەرەڕای ئەوە کە وا جارێ زۆریشی بە بەرەوە ماوە .

کەواتە دڵ خۆش کردن بەو ڕواڵەتە بێ بایەخە لە کارێکی وا گرنگدا ، کە بڕیار دانی بۆن و نەبۆنی فیعلە لە رستەی کوردیدا ، جگە لەوە کە هەرچی زانستی زمانە و هەرچی هۆش وا هەست و مەنتیقە گاڵتەی پێ دەکا ، هەر خۆی ، واتە ئەو دڵ خۆش کردنە ، نیشانەی بێ بایەخ کردنی ڕێزمان و دەستورەکانیەتی چونکە قبول‌کردنی

روالـــەتی بێهـــێز و بێ دەلالەت و بێنرخ بە بەلـــگەی زمانەوانی بۆ ئیسپات کردنی مەسەلەیێکی زلی ڕێزمان هەرچی متمانییە نایهێنێ و دەمانباتە ســـەر ئەو قەناعەتە کە وا ڕەنـــگە لە هەمتو سەرەباسەکانی ڕێزماندا تۆژینەوەی وەها سەراوتی بەکار بێ و بەکار هاتبێ . . با ئەم ڕوپەڕەیە لێـــرەدا وەرگێڕین و چێتر بە دوای نەکەوین چونکە ئەوە ناهێنێ یەك هەنگاوێتری بۆ هەڵێنین .

هەندێك لە زمانزانان راناوی « م » لە ڕستەی وەك « من پاکم » بە فیعل دادەنێن ، واتە بەڵای وانەوە هەمتو راناوە لـکاوەکان لەو ڕستانەدا کە بێفیعلن خۆیان فیعلەکەن و کاتی « ئێستا ، حاضر » دەبەخشن . ئەم تاقمە دەڵێن « میم » ی ڕستەی « من پاکم » وەك « am » ی زمانی ئینگلیزی وە یا « sui » زمانی فرەنسی وایە کە حاڵەتێـــکی « فعل الـکینونە ، Verb to be » یـە واتە ئەو وشانەی کە بە راناو دادەنرێن لە ڕستەی « من پاکم ، ئێمە پاکین ، تۆ پاکی ، ئێوە پاکن ، ئەو پاکە ، ئەوان پاکن » دەبێ صیغەی ئێستاکەی فیعلی « بتون ، کینونە » بن ، گۆیا رابردتو « من پاك بتوم » داهاتتو « من پاك دەبم » بێ .

ئەم باوەڕە نەختێك لە باوەڕەکەی پێشتتر کاملتترە لەو ڕوەوە کە هەر نەبێ وەك کەسێك لافاو رامالێ دابێ دەیەوێ دەست بە پنچکێك وە یا لکە دارێـکەوە بگرێ . بەڵام بە داخەوە ئەویش لەلای خۆیەوە کارێك دەکا بە زمانەکەمان با بە دەواری شتێری نەکردبێ .

کە گوترا ئەو « میم »ەی کۆتایی رستەی « من باکم » فیعلە نەك راناوە ، ئەوسا دۆچاری مەتەڵی ئەوتۆ دەبین لە زمانەکەماندا بە کەس هەڵنەیێ ، چونکە راستەوخۆ بەو حەقیقەتە ڕەق و تەقە دەکەوینەوە کە هەمان « میم » لە کۆتایی فیعلیشەوە دێ وەك « گوتم ، ڕۆیشتم ، دەبینم ، بکەم . . » بەو پێیە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە لە کوردیدا یەك « فعل » دۆ فیعلی تێدایە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گەیێکی سەیرە ، ئێسکیشی سۆك نیە ، ئینجا تێدەمێنین بەدەست ئەو «استحاله»وەکە بە کەس ناکرێ لە رستەی «ڕۆیشتم»دا واتای فیعل بەسەر ئەو « میم »ە بێ گوناهەدا بسەپێنێ ، ئەوساش « میم »ەکە دەبێتە « فعل و نافعل » . لەوەش سەیرتر حاڵی « میم »ەکەیە کە دەبێتە « مضاف إلیه » وەك کە بڵێیی « بارامی کوڕم » لێرەدا هەر بە جارێ پەکی هۆش و گۆشی هەموو زمانزانێنێکمان دەکەوێ چونکە لە « اضافه » دا چ پێوەستێکمان نیە بە فیعل . خۆ ئەگەر هات و گوتم « من براتم » ئەوسا « تێ »یەکەو « میم »ەکە هەردوکیان ، خۆشی بێ و ترشی بێ ، دەبنە « فعل » هەرچەند ئیمکان نیە بە شرینقەش واتای فیعلیان تێ بکرێ . دەمێنتەوە بڵێین ئەو « میم »ە و هاوژێکانی هەر لە حاڵێکدا بە فیعل دادەنرێن کە لە رستەدا فیعلی بەرچاو نەبێ ، واتە کە گوتمان « من کوڕم » لێرەدا « میم »ەکە فیعل بێ تاکو رستەکە نەبێتە رستەی بێ فعل ، کە گوتیشمان « بارامی کوڕم ئەمەتە ! » با لێرەدا « میم »ەکە راناو بێ یا هەرچی دەبێ با ببێ هەر فیعل نەبێ ،

بەو گوێرەیە دڵمان تەسکین دەبێ بە نەهێشتنی « تناقض » و بێ مەنتیقی لە بژێارو دەستوور و لێکدانەوەی زمانزانیان . خولاسە بۆخاتری سەپاندنی بۆنی « فعل » لە هەمۆ رستەیێکی کوردیدا پێویستمان هەیە بەهەندێك چاوپۆشی و لە بیرخۆ بردنەوە و هۆش خەواندن ، ئەگەر وانەگەین دۆچاری ئەوە دێین کە دان بنێین بە بۆنی رستەی بێ فیعل لە زمانی کوردیدا ، ئەوساش مەبدەئە پیرۆزەکەی « هەمۆ زمانەکانی هیندێ — ئەوروپایی هەر رستەی بە فیعلیان هەیە » کەلێنی تێ دەکەوێ ، یاخود هەر بە جارێ سەرەوبن دەبێ ، ئیتر لەوە بەولاوە خوا دەزانێ کورد و زمانی کوردێ چیان بەسەر دێ . . . ! !

بە دەست خۆم نیە لێرەدا بە نیسبەت لەناوچۆنی ئەو مەبدەئەوە قسەی کابرای شارەزۆریم بە بیردا دێ کە گوتی « دەمرێ نامرێ ملی وەقوتەوە » .

زمانی کوردێ نە زیاد دەکا نە کەم دەکا بەوە کە هەمۆ دەستوورەکانی لەگەڵ هەمۆ زمانەکانی هیندی — ئەوروپایی رێك بکەوێ یا رێك نەکەوێ . من تەعەصوبێکم نیە ، نە بە لایەنگیرێ نە بەدژکارێ ، بۆ هەر راستییەك کە لە تۆژینەوە دەربارەی زمانەکەمان ئاشکرا دەبێ ، تەعەصوبێکم کە هەبێ بۆ راستییەکە خۆیەتی .

من وا لەبەر چاومە هەر هەمان راناوی لکاو کە بە دوا فیعلدا دێ لەکۆتایی ئەو رستەیەش دێ کە فیعلی بەرچاوی تێدا نیە ، ئینجا دەبێتە « مضاف الیه » و کاراو بەرکار و بەدوا ئەو ئەمرازانەش دا

دێی کە پێیان دەگوترێ « Preposition » :

من هاتم ،

من کوڕم ،

دارای کوڕم هات ،

لێم گەڕێ ،

پێم بڵێ ،

بمبینە ،

دەتاندێتم ،

مەخەرە هاوێەیی هەولی فیراق ،

دەستم تێمەدە هەر خۆم ئاگرینم .

لە هەمۆ رستەکاندا « میم »ەکە وەك خۆی دێتەوە بێ ئەوە زەررەێیك لە واتاو سروشت و تایبەتیەکانی زیاد و کەمی کردبێ ئیتر بە چ مافێك و ئینسافێك بە مرۆڤی کورد بڵێم : براکەم ئەم « میم» ە لە فلانە رستەدا شتێکی جیاوازە لە « میم »ەکانی تر ، خۆئەگەر قەناعەتیشت نەێی ، کاکی کورد ، دەبێ لەبەر خاتری من خۆت ئیقناع کەی . . .

بە راستی ئەمە کاری کردن نیە .

دوای ئەمە سەر لەنوێ دەبێ خۆم و خەلقیش هەڵفریوێنم

بەوە کە بڵێیم ئەم « میم »ەی رستەی « من کوردم » هەمان « am »ی « فعل الکینونە » ی « I am a boy » ە هەروەهاش دوو پیتی « ین » لە رستەی « ئێمە کوردین » « فعل الکینونە » ی (are)ە لە رستەی « We are boys » دا .

وەی کە دوور دەکەوینەوە لە جەرگەی زمانی کوردیی و خۆمان لە تایبەتیەکانی کوێر دەکەین بە قسەی ئەوتۆیی .

لە ئینگلیزیدا ئەم « am , is , are »ە بە راستی « فعل الکینونە ـ Verb to be » ن و « تصریف » دەکرێن و لە « ماضی »دا دەبنە « was , were » :

I am
I was
We are
We were
He is
He was

راناوە لکاوەکانی کوردیی ئەم « تصریف و ماضی و مضارعە » یان نیە چونکە فیعل نین تا هەیانبێ . رێکەوت وایە راناوی کەسی یەکەم لە کوردیدا کە « میم »ە نەختێك لە « am »ی ئینگلیزیی دەچێ خۆ هەموو راناوەکانی تر زۆر و کەم پێك چوونیان نیە لەگەڵ « am , is , was , Were » . کە دەڵێی « ئێمە کوردین » چ شەباهەتی تێدا نیە لەگەڵ رستەی « We are Kurd » ، واتە راناوی

« ین » لە کوێی و فیعلی « are » لە کوێی . هەر راناوی « میم » خۆی چ ناشوبهێنێتە « sui » کە « فعل الکینونە » ی کەسی یەکەمی تاکە لە فرەنسیدا ، خۆ فرەنسیش وەك ئینگلیزی و کوردی یەکێکە لە خێزانەکەی « هیندی ـ ئەوروپایی » .

لە ئینگلیزیدا راناوی لکاو نیە وەك لە کوردیدا هەیە ، تەنانەت هەموو فیعلەکانی یەك صیغەیان هەیە بۆ هەموو کەسەکان ، تەنها لە « مضارع » ی کەسی سێیەمی تاکدا پێتێکی « S » دەلکێ بە کۆتایی فیعلەکەوە . تۆ سەیر کە کە دەڵێی « I was » راناوێکی نەلکاو و فیعلی « کینونە »ت بەکار هێناوە ، بەڵام لە کوردیدا کە دەڵێی « من بۆم » راناوی نەلکاوی « من » و « فعل الکینونە » ی « بۆ » و راناوی لکاوی « م »ت هێنا دەوجا کە « م »ەکە بۆخۆی « فعل الکینونە » بێ ئەی فیعلی « بۆ » دەبێ چی بێ ؟

پوختەی قسە لە سەرلەبەری ئەم مەوزوعە رادەگەیەنێ کە وا لە رستەی وەك « من پاکم ، لێمزا دیارە ، تۆ برای منی ، هەموومان کوردین ، سەیری[10] چەند جوانە ، دارا کوڕی رۆستەمە ، ناوی سالم عەبدوڵڵاحمان بەگە ، رەواندز بەسەر خەرەندەوەیە . . . » و هەزاران رستەی ئەوتۆیی لە زمانی کوردیدا نە هیچ فیعلێکی نەبێ

(١٠) بە ئانقەست ئەم رستەیەم هێنا تا بڵێم دەشێ لێرەدا فیعلێکی قرتاو هەبێ و بە ئەسل « سەیری کە » بۆبێ ، بەڵام « چەند جوانە » بۆ خۆی بێ فیعلە .

تێدایە نە عەقل دەسەلێنێ ئەو بەشەی پێی دەگوترێ « راناو » لە رستەکاندا فیعل بن چونکە هەروەك مراوتی کەرکەدەن نیە ئەمانەش فیعل نین ، کە بە زۆرە ملەش کردمانە فیعل هەرچی دەستوری بنجی هەیە بۆ پێکهێنانی رستەی تەواو لە کوردیدا نەگەڵ هەوڵ تەکانی ئەم زۆرە ملەیەدا پەڕەم بە پەڕەم دەبێ و زمانی کوردیش ئەوە نامێنێ کە هەیە ، دەبێ ڕێزمانێك ساز دەین ئەوەندە پڕ فەند و فێڵ و ساختە و تەئویل بێ بایی ئەوە بکا هەر نەبێ لە ڕواڵەتدا پەردەپێکی درۆزن بخاتە سەر ئەو هەموو ئیعتیرازانە کە دێنە سەری و ڕێی پێ دەگرن . بە نموونە دەڵێم کە گوترا راناوکان فیعلن ئەوسا دەبێ تەعریفی فیعل دەسکارتی بکرێ تا ئەوانیش بگرێتەوە ، تەئویلیش بێتەوە بۆ نەبوونی ئاوەڵکار « ظرف » ی ئەوتۆ لەگەڵ واندا بگونجێ ، شەوەها و ڕۆژەهاش خەریك بین تەوجیهێك بێنینەوە بۆ گۆڕانی ئەو وشانە لە راناوەوە بۆ فیعل ، لە فیعلەوە بۆ راناو و لە خەلق بگەینین چۆن « میم » ی رستەی « من پاکم » فیعلە و هی رستەی « ڕۆیشتم » راناوە .

ج سەرپێچی پێ ناوێ ، لزوم بە دوَ دلیش ناکا لەوەدا بێ پەروا و بە قەناعەتێکی تەواوەوە بڵێین رستەی بێ فیعل لە کوردیدا هەیە وەك رستەی فیعلدار : ئەوەی ئیمکانیتی پەیدا کردوە رستەی بێ فیعل هەبێ راناوە لکاوەکەیە بە خۆی و توانای زۆر سەربیەوە بۆ دروست کردنی « حکم ، اسناد » لە رستەدا . لە کوردیدا

راناوی لـکاو ئەوەندە کاریگەرە نەك هـــەر لە رســـتەی بێفیعلدا « اسناد ، حکم » هەڵدەستێنێ ، فیعلیش ، بە دەگمەن و لە هەندێ صیغەی تایبەتی نەبێ ، بێ راناوی لـکاو کار ناکا بە تایبەتی لە لەهجەی کوردستانی ژێرووا کە وا خەریکە خۆ دەسەپێنێ وەك شێوە زمانی ئەدەبی کوردی . زمانزانێك کە سرنج بگرێ لە بەشـــەکانی زمانی کوردی و رۆڵی هەر بەشە لە ئاخاوتندا بێنێتە بەر هەست و هۆشی خۆیەوە زۆ لەوە دڵنیا دەبێ کە وا رستەی بێ فیعل هەیە و پڕی زمانی کوردییە ، سەر لە نوێ پرسیارێکیتریش لە خۆی دەکا و دەڵێ ئایا دەشێ لە کوردیدا رستەی تەواوی بە « اسناد » پەیـدا بێ بێ راناوی لـکاو ؟ بەڵامەوە لێرەشدا قەناعەت پەیـدا دەکا بـەوە کە وا هاتنی راناوی لـکاو بۆ ناو رســـتەی بە « اسناد » دەستورێکی بنجی و گشتییە لە زمانی کوردیدا ، تەعلیلێکیش پێویست دەبینێ بۆ نەبوونی راناوی لـکاو لە زۆرینـــەی فیعلی کەسی سێیەمی تاك و لە صیغەی « فەرمان ، أمر ، طلب ، ویستن » بۆ کەسی دووەمی تاك . دەبێ پرسیارێك لە خۆی و سروشتی زمانەکەی و مەنتیقیش بکا هۆی نەبوونی راناو لە فیعلی وەك « هات ، فڕی ، رما ، مرد — بڕو ، وەرە ، بڵێ بخۆ ، بڕێ » چیە و بۆ ئەم فیعلانەی کەسی سێیەم و دووەمی تاك بێ راناون ؟ هەوڵ دەدەم لەم توسینەمدا ، ئەگەر زێدە لە تەحەمولی بارستی گوتار درێژ نەبێتەوە ، بەپێی تێگەیشتنی خۆم وەرامی ئەم پرسیارە بدەمەوە .

تۆسەرم دیوە لە کوردیدا بەئاسایی و بێ خۆ ماندوو کردن و بەلگە هێنانەوە گوتوەتی ئەم بزوێنەی کۆتایی رستەی وەك « دارا مەردە » کە دەبێتە هۆی «اسناد» لە رستەدا هەمان فیعلی « کینونە »یە کە لە فارسیدا بە وشەی « است » دەردەبڕێ ، ئەوەشی خستۆتە سەر قسەکانیەوە بۆ پتەو کردنی باوەڕەکەی کە وا لە هەندێ شێوەی کوردیی رستەکە بە تەواوی خۆی لە فارسی نزیك دەکاتەوە و دەبێتە « دارا مەردەس » . زمانزانێك کە لەبەر تیشکی چاو غەڵەتێنی « دارا مەردەس » بگا بەو قەناعەتە کە لەو جۆرە رستانەدا کورد و فارس « مەردە ، مەردەس — مرداست » یان لە یەك سەرچاوەوە هەڵێنجاوە دەبوا پرسیارێك لە خۆی بکا و بڵێی لە فارسیدا ئەم « است » ە هەر بۆ کەسی سێیەمی تاك بەکارنایێ ، بۆ هەمو کەسەکان بەکار دێ و دەگوترێ « مرداستیم ، مرداستم ، مرداستی ، مرداستید ، مرداستند ، مرداست » ئەدی بۆ لە کوردیدا هەر بۆ کەسی سێیەمی تاك ، ئەویش لە هەندێ لەهجەکانی ، ئەم « است »ە تارماێیکی دەدیترێ ؟ بۆ ناگوترێ « من مەردەسم ، تۆ مەردەسی ، ئێمە مەردەسین . . » ؟

لێرەدا پەردەێیك لەسەر مەوزوع هەیە دەبێ لابرێ ئینجا خۆی بەدەستەوە بدا .

لە فارسیدا کە بڵێی « منم — بە ئیمڵای کوردیی مەنەم دەنوسرێ » وەك ئەوەیە لە کوردیدا بڵێی « منم » : کە گوتیشت

« من هستم » ئەم گوتەیە لە کوردیدا دەبێتە « من هـەم » . ئەم صیغەیەی « منم — مەنەم » بۆ هەموو کەســەکان بەکار دێ وەك خۆی ، تەنها بۆ کەسی سێیەمی تاك نەبێ . دەڵێی « منم ، توئی ، مائیم ، شمائیــد ، ایشانند » بەڵام بۆ کەسی سێیەمی تاك دەبێتە « اوست — دیارە کورت کراوەی أوهست »ە .

صیغەکەی تریش هەرودها بۆ هەموو کەســەکان دێتــەوە و دەگوترێ : « من هستم ، ما هستیم ، تو هستی ، شما هستید ، أو هست ، ایشان هستند » .

کوردیش وەك فارسی هەر دوو صیغەی هەیە :
منم ، ئێمەین ، تۆی ، ئێوەن ، ئەوە ، ئەوانن .

من هەم ، ئێمە هەین ، تۆ هەی ، ئێوە هەن ، ئەو هەیە ، ئەوان هەن .

لەمەڕا دیار دەکەوێ کورد کە دەڵێ « دارا مەردە » رستەیێکی کوردی پەتی بەکارهێناوە ، ئەمرازێکیشی[11] بۆ دروستکردنی « حکم و اسناد »ە کە هێناوەتەوە کە نەك هەر کــوردییــە و بەس بەڵکو یەکێکە لە دوو صیغەی کوردی رەسەن کە تا ئێستاش بە جۆرە زیندوون و هەر یەکەیان کارێکی تایبــەتی دەکا . بەو پێیە « دارا

(١١) مەبەستم ئەو بزوێنــەی « ە »یە کە لە کۆتایی رستەکەدایە « دارا مەردە » ، بەڵای منەوە بزوێنەکە جێگــەی « راناوی لــکاو » ی گرتۆتەوە .

مەردە ، من مەردم » لە « دارا مرداست ، من مرد استم » وەرنەگیراوە ، لەو دۆ رستەیەی کوردیش وەرنەگیراوە کە گوترابا « دارا مەرد هەیە ، من مەرد هـەم » ، زۆر ئاشکرایە راناوەکانی « ە ، م » شتێکی جیان لە « هەیە ، هەم » . راستییەکەی « هەیە و هەم و هەین و هەن .. » بەولای « حکم و اسناد » ی « مطلق » شتێکی بەزیادەوەیان تێـــدایە کە واتاکەیان راستەوخۆ دەکاتە « مەوجودە ، مەوجودم ، مەوجودین . . . » .

بەڵام لێرەدا رۆن کردنەوەیێك پێویستە بێ دڕێژە پێـدان ، چونکە نە ئەو دەرفەتە هەیە نە ئەو تۆزینەوە کـراوە ڕێی دڕێژ کیشانەوە بدا .

لە فارسیدا صیغەی « هستم ، هستیم » هەر بۆ حاڵی حازر هەیە نە لە رابردۆ ، نە لە « مضارع »دا پەیدا نابێ . لە «ماضی»دا دەبێتە « بودم » لە «مضارع»دا دەبێتە « می‌شوم » .

لە کوردیدا بەنیسبەت مەوزۆعەوە دۆ تێبینی دێتەپێش :

١ — « هەم، هەین.. » «ماضی»شیان هەیە و دەگوترێ « هەبۆم ، هەبۆین ، هەبۆی ، هەبۆن ، هەبۆ ، هەبۆن » . لە تصریفەکەشـڕا دیارە فیعلەکە تێنەپەڕە ، چونکە راناوی تێنەپەڕی بۆ بەکارهاتوە ، خۆ لەگوێرەی واتاکەی هەر ئەمەیش چاوەڕوان دەکرا .

٢ — فیعلی « هەبۆن » بە واتای « تملك » یش بەکاردێ ، بەڵام ئەوسا جۆری لەکارهێنان و تەصریفی دەگۆڕێ . بۆ حازر دەگوترێ

« هەمە ، هەمانە ، هەتە ، هەتانە ، هەیەتی ، هەیانە » .

هەمیسان بۆ حازر دەگوترێ « هەیەتم ، هەیەتمان ، هەیەتت هەیەتتان ، هەیەتی ، هەیەتیان » . لێرەدا وەك ئەو صیغەیەی لێ کرا کە دەڵێ « کردوەتم ، کردوەتمان ، کردوەتت ، کردوەتتان » کە بە واتای « کردوَمە ، کردوَمانە ... » دێ لە زاری خەلقی سولەیمانی . دەشدیترێ بۆ کەسی سێیەمی تاك بۆ هەردوَ وێنە هەر صیغەی « هەیەتی » بەکار دێ .

لە «ماضی»دا دەگوترێ « هەمبوَ ، هەمانبوَ ، هەتبوَ ، هەتانبوَ ، هەیبوَ ، هەیانبوَ » .

لە «مضارع»دا دەگوترێ « دەمبێ ، دەمانبێ ، دەتبێ دەتانبێ ، دەیبێ ، دەیانبێ » .

ئاشکرایە بەکارهێنانی « هەبوَن » بە واتای « تملك » دەیکاتە کاری تێپەڕ « متعدی » ، بە پێچەوانەی ئەوە کە بە واتای « مەوجوَدم » بەکار بێ ئەو فیعلی لەگەڵیدا دێ دەبێتە تێنەپەڕ ، وەك گوتمان .

تۆ کە دەڵێی « من هەم ، من هەبوَم ، من دەبم » بە واتای مەوجوَدم ، مەوجوَد بوَم ، مەوجوَد دەبم ، وەك ئەوەیە گوتبێت « من نوستوَم ، من نوستم ، من دەنوَم » کە تەصریفی کارێکی تێنەپەڕە .

بەڵام کە دەڵێی « هەمە ، هەمانە » صیغەی « گوتومە ، گوتومانە »ت بەکار هێناوە کە هی کاری تێپەڕە . لە کاری تێنەپەڕدا ناگوترێ « نوستومە ، نوستومانە .... »

کە دەشڵێی « هـەیەتم ، هەیەتمان » صیغەی « گوتوەتم ، گوتوەتمان » ت بەکارهێناوە کە ئەویش هی تێپەڕە.

لە «ماضی»دا کە دەڵێی «هەمبۆ ، هەمانبۆ » لە راستە «تصریف»ت لادەوە چونکە وەك ئەوە نیە بڵێی « کردم ، گوتم » ، بەڵام لەبـەر هۆیێکی گرنگ ئەم لادانە کراوە : ئەگەر وەك « کردم و گوتم » کرابایە «ماضی» ئەوسا دەبوە « هەبۆم » کە تێنەپەڕە و واتای تەڵك نادا ، واتـای «موجود بۆم » دەدا . بۆیەیە کە دەڵێی « هەمبۆ ، هەمانبۆ » ئەوەت کردوە کە لەگەڵ فیعلی تێپەڕی خاوەن پێشگری دەکەی : دەڵێی « هەڵم گرت ، دەرم کرد ... » ، ئەگەر فیعلەکە تێنەپەڕ بێ دەڵێی « هەڵستام ، دەرچۆم » .

لە «مضارع»یشدا کە دەڵێی « دەمبێ » « مضـارع »ی عادەتیت نەهێناوە وەك « دەخۆم ، دەبینم ، دەخۆین ، دەبینین » چونـکە ئەگەر واتـکردبا دەبوا بڵێی « دەبم » کـە وا بە واتای تێنەپەڕ دێ و «تەڵك»ی تێدا نابێ . « دەمبێ ، دەمانبێ » وەك فیعلی « دەمانپەرژێ ، دەمانخورێ ، دەماندزێ[12] ، دەمانەوێ » وایە کە فیعلی تێپـەڕن ،

(١٢) دەمدزێ : لە دزینەوە نەهاتوە ، بە ئەسـل لە وشـەی (دزێـو) وەرگیراوە ، دزێویش بە واتای (ناشیرن) دێ ، کەواتە دەمـدزێ « بێم دزیوە ـ یقزنی » یە . ئەوەی راستی بێ ئەم کۆمەڵە فیعلـە ، هی تریش هەن ، لە کوردیدا سروشتی تایبەتی خۆیان هەیە و مامەڵەتیان لە هەندێ رووەوە لە فیعلی تر جودایە وەك ئەوەی کە لە «ماضی»دا راناوە لـکاوەکەیان «فاعل»ەو و لە «مضارع»دا دەبێتە مەفعوڵ : « پەرژام ، =

بەڵام راناوە لکاوەکەیان « مان » هەرچەند هی فیعلی تێپەڕە ، لێرەدا جێگەی « مفعول »ی گرتۆتەوە .

ساغ کردنەوەی ئەو باسانە گەلێك پتری دەوێ لەوەندەی من لەسەری رۆیشتم ، بەڵام بێگومان لە پەراوێزی گوتارێکدا هەر هێندەی جێ بۆ دەکرێتەوە . خۆ ئەوەی راستی بێ دەبوا بە جۆرێك خۆمیان لێ بدزمەوە باسەکەش ناتەواو نەبێ و قازانجی « کورت کردنەوە »ش پێك بێ ، بەڵام لەو دەربڕینەی تێیدا رۆیشتم بۆ سەرشار و ناوەرۆکی گوتارەکە ، لۆتو بزۆت تۆشم هات و پێم

= دەمپەرژێ ـ دزام ، دەمدزی ـ ویستم ، دەمەوێ » . بە سەهۆ مەچۆ لە راناوەکەی فیعلی دەمەوێ بەوەدا کە وەك فاعیل بێتە پێش چاوت : راناوی لکاو لە «مضارع»دا نایێتە دوای نیشانەی «دە»ی مضارعەوە بە مەفعولی نەبێ وەك «دەمنۆسێ ، دەمبینێ ، دەمکا ، دەمخوا ...» فیعلی «دەمەوێ» واتاکەی دەبێتە « یعوزني » هەرچەند لە رابردوودا «ویستم» بە واتای « طلبت ، أردت »ش بێ .

سەیرێکی فیعلی « دەمخورێ » بکە ، هەرچەند لە رابردوودا « خوارم » تۆنەپەڕە و چ مەفعولی پێ ناوێ ، لە «مضارع»دا راناوەکەی «م» بوە بە مەفعول. بەپێی دەستور دەبوا بۆ دروست کردنی فیعلی تێپەڕ لە «خوران» هەر خوراندن هەبێ و بگوترێ « خوراندمی ، دەمخورێنێ» کەچی وا لە «مضارع»دا مامڵەتی بەتەواوی هی تێپەڕە بە بۆ زیادکردنی پاشگری « اندن» . مەوزوع پتری بە بەرەوە هەیە و پێویستی بە (استقراء)یش زۆرە . بەڵام لێرەدا جێی نابێتەوە ، چێگاکە خۆی چێترى بەبەرەوە نیە .

نەکرا خۆمی لەبەر لادەم تا باجی خۆی لێ سەندم . مەبەسم لەو تێ بینیە « هەمە و هەیەتم »ە نەك باسەکانی تر کەوا لە جەرگەی مەوزۆعەوە هەڵدەستن .

تا ئێرە کارێکی کردبێتم و گوتەیێکی گوتبێتم ، بە زۆرێ ، رەخنە و راست کردنەوە و پێ رازێ نەبۆن بوە ، لە دوَ لێوەی خامەم دەرنەچۆ « ضمیر ، راناو ، Pronoun » چیە و چەندە و چۆنە . بەڵام وەنیە لەوەدا سۆچی من هەبێ ، مەوزۆع لە خۆیەوە پەل داوێ بە هەمۆ لایێکدا و گەلێك دەفتەران دەخۆێنتەوە ، تەنانەت وابوە من دەفتەرم لێ داخستوە دەنا دریژتریش خۆی لێك دەکێشایەوە .

لەو رۆپەڕنەی وا بەدەستەوە ماون لە گوتارەکەدا دێمە سەر چەقی باسەکە و هەوڵ دەدەم ، بەپێی تێفکرینی خۆم ، وەرام بدەمەوە :

لە کوردیدا « راناو » چیە ؟

راناو چەندن ؟

راناو چ کارێك دەکەن ؟

پێشتر گوتم لەو لیستەی حەفت لکاوییە ، شەش لکیان راناو نین . هەڵبەت کە دەڵێم راناو نین لەو رووەوەیە کەوا لکی حەفتەم « راناوی کەسی » کە لە ئینگلیزیدا پێی دەگوترێ « Personal »

ئەو راناو بێ ، چونکی هـــەرچی هۆی کۆکردنەوە و لە یەك چواندن و خزمایەتی هـەیە لە بەینی راناوی کەسی و شـــەش بەشـــەکەی تردا نیـــە . لە فەرزی لە رێی تەعریفێکی فش و فۆڵی راناوەوە بشـــتوانین جغزێـکی پان و شل و شـــەپەتە بە دەوری هەموواندا بکێشین ئەو جغزە هـەر وەك ئەو خەندەقەی لێ دێ کە بە دەوری ئاو و ئاگرەوە هەڵـکەندرابێ : صەد جاران بڵێی « ئاو و ئاگر مادەن » دژایەتی و « تناقضی »ی میانیان بەو قسەیە هەڵناستێ . ئەگەر بە وشەسازی و فەندی رەوانـکاری چاری «تناقضات» کرابا دەمانـگوت « داگیرکەر و داگیرکراو هەردوکیان ئادەمزادن » و بە وە لە هەرا و هۆریا و شۆرش و کشتوبڕی دەبوینەوە . هەر تەعریفێك بێ و راناوەکانی « گوتمان ، دەڵێین ، کۆبکاتەوە لەگەڵ وشەی وەك « ئایا ، هیـچ کەسێ » ئەو تەعریفە لەوەی زیاتر نەکـردوە کە خۆی ئاوس کـردوە بە شـــتی وێك نەچوی وەك « هێلـکە مراوی و خاکەناز و متوی ساختەی باروکا » . پێشتر گوتم و ئێستاش دەڵێمەوە کە زمانزان یاسا و دەستوری وەها دانێ راناوی « میم » لە رستەی « کردم »دا بەر ئەو تەعریفە نخا کە بڵێ « فلانەکەس و فیسار » دانراوە ئیتر پێی ناوی (اسم و فعل و ظرف و صفه)ش لە یەکدی جودا کاتەوە : شاعیر گوتەنی « زەحمەتی بێهودە چ لازم » .

من لێرەدا رێی بەخۆم نادەم ، دەرفەتیش نیە ، بچمە ئەو بنج و بنگە فکرییەوە کە بیروباوەڕی زمانزانانی لەسەر هەڵچەقیوە

دەربارەی تێکڕای دەستورەکانی ڕێزمان یا تایبەتی دەستوری سەر بە راناو کە یەکێك بێ لە بەشەکانی ئاخاوتن : ئەم کارە نە دەکرێ و نە پێویستە . لێرەدا هەر هێندە ماوەی قسە و تۆژینەوە هەیە کە بابی هەڵسەنگاندنی ئەو ژۆرخانە ئاشکرا و دیارە بکا کە لە کتێبان تۆسراوە و بە سەر زار و زمانانەوەیە .

ئەو شەش بەشەی راناو کە دەمێنێتەوە دوای دەرهاویشتنی راناوی کەسی لە لیستەی حەفت کەرتی ، بەلای منەوە ، ئەوانیش کۆنابنەوە لەژێر ناونیشانی « راناو » یا هەر عینوانێکی تر بێ چونکە زۆر لەو بەشانە هێند لە یەکدی دۆرن ئەگەر ڕوالەتێکی بێبایەخیش خزمایەتییان لە میاندا پێك بێنێ ، جودایی وەها بەهێز لە یەکدییان دەترازێنێ کە نەشێ هەرگیز لەتەك یەکترا دابنرێن و بە تیرە و هۆزیك حیساب بکرێن . سرنج بدە ئەو « ی »ی رستەی وەك « پیاوەکەی هاتە لام » و بیخە تەك وشەی « هیچ کەس » و خۆ خەریك کە بە دۆزینەوەی شەباهەت و لە یەکدی چون لەبەینیاندا . بێ لە گەمە ئەم دوو وشەیە هەر ئەوەندە لە یەکدی دەچن و خزمن لەگەڵ یەکتر کە هەریەکەیان وەك ئەوی تر بریتییە لە پێتی « ئەلف و بێ » و لە ئاخافتندا دەورێکی هەیە ، لەوە زیاتر هیچ تایبەتییەکی « مشترك » کۆیان ناکاتەوە . وەك ئەم دوو وشەیەش وشەی « هی » لە رستەی « جلکەکە هی دارایە » و وشەی « یەکێك » لە رستەی « یەکێك هات بۆ ماڵەکەمان » ئەوانیش هێندی هەموو جۆتە

وشەیەکی لە یەکتر بێگانە بێگانەن . وشەی « هی » واتایەکی رۆتی « تملك » دەبەخشێ وەك وشەی « of » لە ئینگلیزیدا ، هەر ئەوەندە فەرقەش هەست پێ دەکرێ لە بەینیاندا کە جۆری بەکار هێنانیان لە دوو زمانەکەدا لە یەکتریان جودا دەکاتەوە . وشەی « یەکێك » بە لەفز و واتاوە تەواو و سەربەخۆیە .

خولاسەی قسە ئەوەیە کە وشەکانی « من ، ئێمە ، ئێوە ، تۆ ، ئەوان ، ئەو » بە خۆیان و شێوە لکاوەکانیانەوە راناو بن رێگە دەبەستێ بە تەواوی لەوە ئەم عینوانە بۆ هیچ بەشێکی تری ئاخاوتن بەکار بێ .

بەڵام تۆ بڵێیی کە ناوی راناوت نەکردە عینوانی ئەم تاقە وشەیە ئایا عینوانی راناو دەست دەدا بۆ شەش کەرتەکەی تر ؟ بێ ئەوە بچمە ناو درێژە پێدان و خورد کردنەوەوە ، بەڵای باوەڕی منەوە ، ئەم چەند تێبینییانەی خوارەوە بەقەدەر « بدیهیە » دێنە بەر هەست و سرنجی مرۆڤ دەربارەی کۆمەڵە وشەی لیستەی شەش لکاوییەوە :

١ — عینوانی « راناو » دەست نادا ، نە بۆ تێکڕای لیستەکە نە بۆ هیچ یەکێك لە لکەکانی .

٢ — ئیمکان نیە هیچ عینوانێکی تر ئەم کۆمەڵە وشەیەی لە یەکتر نەچووی پەڕاگەندەی بێسنوور و پەراوێز بخاتە ژێر سایەی خۆیەوە .

٣ — گەلێك لە وشەکانی یەکێك لە لکەکان بۆ خۆیان ناچنە ژێر تاکە یەك عینوانەوە و دەبێ دابەش بکرێن بەسەر چەند بەشێکی ئاخافتندا .

من لێرەدا مالئاوایی یەکجارەکی دەکەم لەم شـــەش لـکەی لیستەی راناوان و چ رۆڵێوی‌تری ئەم گوتارەیان پـێ ناگرمـەوە ، مەگەر ناوناوە موناسەبەیێکی ناچارێ بیانهێنێتەوە ناو باسەکە ، چـی ماوە لە مەودای نوسین لە قەبەڵ ئەو تاقە وشـــەیەی دەکەم کە لە لیستەکەدا « راناوی کەسی » بۆ بەکار هاتبۆ .

راناوی کەســی ؟

وەك لێتەوە دیارە ، بەرلەوەی بچمە ناو لێکۆڵینەوە و رۆن کردنەوە ، عینوانی « راناوی کەسی » بەلای قەناعەتی منەوە پرسەك « علامة ســؤال » ێکی گەورەی بەسەرەوەیە ، واتە هەر لە پێشەوە بەم عینوانە رازێ نیم خۆ بکاتە روانگەی تێوەڕامان لەم کۆمەڵە وشەیـە .

عینوان و ناو و نیشان کە دادەنرێ بۆ هەر باسێك وای لێ چاوەڕوان دەکرێ چەنـد مەبەستێکی بنجێ جێ بە جێ کـردبێ وەك :

١ — رێ نەدا بە هاتنە ناوی غەیری باسی ئەسڵی بـــۆ ناو جغزی عینوانەکە ، کەچی وشـــەی « کەسی » کوپـــرە رڕیانیش

نابەستێتەوە لە رۆی وشەی وەك «کێ» کە راستەوخۆ و بێ کینایە و تەئویل لە هەمۆکەسان کەسترە و بێ سێ و دۆ قوت دەبێتەوە لەسەر چەقی واتای «راناوی کەسی». لە وشەی «کێ»ش واز بێنە سەیرێکی وشەی «ئەمە» بکە: لەبەر تیشکی واتای «راناوی کەسی» دا چ فەرقێك هەیە لە میانی «ئەمە دارایە- ئەو دارایە؟»، بە راستی کوردێ گوتەنی، درۆزن نەبێ فەرقیان پێ نا کا.

نەخێر، زاراوەی «راناوی کەسی» شۆرەیێکی هێنده بڵند رانا کێشێ بە دەوری مەبەستدا کە نەهێڵێ وشەی بێگانە بەسەریدا بازدا بۆ ناویەوە.

۲— هەمۆ کەرت و بەشەکانی باسەکە بگرێتەوە بەهۆی واتای عینوانەکە خۆیەوە نەك لە رێی تەئویل و یارمەتی دانەوە.

کە ئەمە بکەین بە کێش و تەرازۆی هەڵسەنگاندنی زاراوەی «راناوی کەسی» دەبینین زاراوەکە لە زۆر رووەوە کورت دێنێ: پێشتر گوتم وشەکانی «من، ئێمە» بە هیچ جۆرێك ناچنە جێی ناو، ئیمکانیش نیە ناو جێیان بگرێتەوە، کەواتە زاراوەی «راناو» بۆ ئەمان دەست نادا چونکە بەر واتای راناو ناکەون. دۆ وشەی «تۆ، ئێوە»ش لەو رووەوە وەك «من، ئێمە» وان. بە راستی وشەکانی «ئێمە، من - ئێوە، تۆ» راناو نین بەڵام «کەس»ی تەواون. کە سرنج بدەین دەبینین وشەکانی «ئەو، ئەوان» دەشێ

پێیان بگوترێ « راناو » چونکە جێی ناویان گرتۆتەوە ، بەڵام وەنیە هەمۆ جاران دەڵاڵەتی « کەس »یان هەبێ وەك کە بڵێیی « من مێشوڵەکەم نەکوشت ، ئەو لە خۆوە مرد » . بەو پێیە مەعلوم دەکرێ کە « من ، ئێمە ، تۆ ، ئێوە » کەسن و راناو نین ، « ئەو ، ئەوان » راناون و هەمۆ جاران کەس نین .

۳— بەرچاوترین و بنجیترین سروشت و تایبەتی باسەکە دیار بخا .

لەم لایەنەوە زاراوەی « راناوی کەسی » سەرەڕای بە سەهۆ بردن ، هەر دەڵێیی بۆیە هاتوە تایبەتیەکانی ئەم کۆمەڵە وشەیە تێببا و ڕواڵەتێکی درۆزن لە جێگەیان دانێ . لە فەرزی زاراوەی « راناوی کەسی » دەستیش بدا ، کە هیچ دەست نادا ، دیسانەوە بە نیسبەت ڕاگەیاندنی سروشت و کاری وشەکانەوە کەم و زۆر نەپێکاوە ، بە تایبەتی بە نیسبەت « راناوی لکاو »ەوە کە بەشێکە لە راناوی کەسی و هەر ناتەواوییەك لە عینوانەکە هەبۆ بە نیسبەت ئەوەوە دەبێتە ناتەواوی لە هەمۆ مەوزوع . با بزانین لە گۆشەی نیگای راناوی لکاوەوە چۆن زاراوەکە هەر بەجارێ دەست نادا ! .

پێی ناوێ دوبارە کەمەوە لە خۆوە دیارە ، ئەوەی لە زاراوەکەدا بۆ جۆری نەلکاوی دەست نەدا ، بۆ جۆری لکاویشی دەست نادا ، چونکە لکاو و نەلکاو هەر یەك شتن ، ئەمەش « بدیهیە » یەو دەمەتەقە هەڵناگرێ . کەواتە جۆری لکاویشی نە هەمۆی راناوە و

نە مەرجە هەمۆ جارانیش بۆ کەس بێ . دەمێنێتەوە زاراوەی « لکاو » ئایا ئەو چۆنە ؟

ئەم وشەیەی « لکاو »ە هەر لەوەدا راست دەکا کە لە نۆسیندا دەلکێ بە وشەی پێش خۆیەوە ، لەوە بەولاوە ، وەک کڵاوی سەخرەجنی ، هەمۆ سروشت و کار و تایبەتیێکی راناوە لکاوەکان دەشارێتەوە . کە لێت بپرسن ئادەمزاد چیە ؟ و بڵێی گیان لەبەرێکە بە پێیان دەڕوا راست ئەوەیە گوتبێتت راناوی لکاو ئەوەیە دەلکێ بە وشەی پێش خۆیەوە . نەختێک ورد بینەوە لێیان مەعلوم دەبێ هەر ئادەمزاد بە پێیان ناڕوا ، چەندین گیان لەبەری‌تریش وەک ئەو بە پێیان دەڕۆن . گرنگترین ڕەوشت و سروشتی ئادەمزادیش ئەوە نیە کە بەپێیان دەڕوا ، نەخێر پێیەکانیشی ببڕیتەوە جارێ هەر ئادەمزادە .

راناوی لکاویش تەنها کەرتێکی ئاخاوتن نیە کە دەلکێ بە وشەوە ، چەندین ئەمراز هەیە وەک ئەو دەلکێن و لە نۆسیندا دەبنە پارچەی یەک وشە وەک کە دەڵێی « کچێ باش ، سێیەم ، هۆشمەند ، فرۆشیار ، بەختەوەر ... » . لکان و نەلکانی وشە لە نۆسیندا دەگەڕێتەوە بۆ جۆری دەستورەکانی ڕێنوس ، لەوانەیە بڕیار بدرێ هەندێک لەو لکاوانە نەلکێنرێن یاخود لکان هەر بەجارێ یاساغ بکرێ . ئاشکرایە زاراوەی « لکاو » وەرگێڕانی « متصل »ی عەرەبییە بۆ سەر کوردێ ، سەیریش لەوەدایە پەیڕەوانی زمانەوانانی

ئەوروپا کە دەیانەوێ لە عەرەبی دۆر کەونەوە ئەم زاراوەیان هێناوە و دۆ جاران تێیدا بە سەهۆ چۆن ، جارێکیان لەوەدا کە نابێ زمانزانی کورد لاسایی زمانێکی تر بکاتەوە لە دانانی رێزمانی کوردی ، جارێکیشیان لەوەدا کەوا بە رێکەوت ئەم وشەی « لکاو »ە چەندی بڵێی مێشك غەلەتێنە لەو « تصوراتە »ی دروستی دەکا دەربارەی راناوی لکاو و هەرچی رەوشت و کردار و تایبەتییکی هەیە دەیخاتە ژێر پەردەوە .

رەنگە وا چاك بێ لێرەدا پێش‌دەستی بکەم و ئەو کردار و سروشتەی راناوی لکاو باس بکەم بەر لەوەی بچمە سەر دیارخستن و ژماردنی راناو و بەشەکان و جۆرەکانی . بە درێژایی توسینەکەشم دەبێ ئەوەت لەبیر بێ کە من جارێ هەر راناوی لکاو بەکار دێنم ، نە بە زاراوەی راناو و نە بە هی لکاو رازیم ، وتوومێژ دەربارەی دۆزینەوەی زاراوەیێکی راست و دروست بۆ ئەم تاقە وشەیە کارێکی لێرە بەدواوەیە ، کارێکی ئاسانیش نیە با جارێ خۆم و خوێنەری پێوە خەریك نەکەم .

راناوی لکاو سەرەڕای ئەوەی کە پێك‌هێنەری رستەی تەواوی خاوەن « حکم و اسناد »ە لە کوردیدا تایبەتییکی سەربەخۆی ئەوتۆشی هەیە کەم و زۆر لە تیرە و هۆزی « ناو ، ئاوەڵناو » تەنانەت راناوی نەلکاویش دەرناکەوێ ، بە کورتی تایبەتی ئەوتۆیە لە خودی راناوە نەلکاوەدا هەیە و هیچی تر : بە وردی سرنج بگری

دەبینی چالاکییەك لەو راناوانەدا هەیە لە دەستەی کۆمەڵەی ناو و نەلکاو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاریان دەردەبا و دەیانگەیەنێ بەو پایەیە کە دەبوا فیعل نەبێ نەیگاتێ ، لەو روەوە کە « فعل » بۆ خۆی رۆدانە و چالاکییەکی رۆتە . با مەبەستت بۆ رۆن کەمەوە بە میسال :

دەڵێی : تێفکریم ، تێوەڕامام ، لێدوام .

ئەمراز (یاخود پێشگر) ەکانی وەك « تێ ، تێوە ، لێ » هاتنە پێش «فعل» ەکان و لەگەڵیاندا بە کار هاتن . ئەم پێشگرانە وەك خۆیان دەمێنێتەوە کە فیعلەکان دەبنە چاوگ « مصدر » چونکە چاوگیش وەك فیعل رۆدانی تێدایە و دەگوترێ : تێفکرین ، تێوەڕامان ، لێدوان . ئینجا با بەرکار « مفعول » یەك بێنینەوە و بیخەینە رستەوە لەگەڵ ئەو فیعلانە . دەڵێی : لە دارا فکریم ، لە تۆوە رامام ، لە برزۆ دوام . دیقت پێشگرەکان کە کۆبۆنەوە لەگەڵ « ناو ، راناوی نەلکاو » گۆڕان و بۆنە « لە » .

ئینجا با راناوی لکاو بێنین لەگەڵ فیعلەکان ، دەڵێین :

تێیان فکریم ، تێوەم رامان ، لێت دوام .

دیقت پێشگرەکان کە دەکەونە پێش راناوی لکاوەوە وەك ئەوەن کە کەوتبنە پێش فیعلەوە ، واتە راناوە لکاوەکان رەفتاری فیعل دەکەن نەك ناو و راناوی نەلکاو . لەو میسالانەدا راناوە نەلکاوەکان

هەموویان لە جێگەی «مفعول» بەکار هاتن ، بەڵام وەك فاعیلیش بەکار بێن فەرقێك ناکەن لە رەفتاریان کە رەفتاری فیعلە ، دەڵێی :

لێم دان ، تێمان گرتن ، تێت راخوڕین .

چەند میسالێکی تر لەگەڵ بەکارهێنانی ئەمرازی «بە» دێنینەوە . دەڵێی : پێی‌هەڵگەڕا ، پێی‌کرا ، قسەکەی پێی‌گوت . لە چاوگیشدا هەر دەگوترێ پێی‌هەڵگەڕان ، پێی‌کردن ، پێی‌گوتن .

ئەم ئەمرازەش کە لەگەڵ ناو و هاوڕێکانی هات ئەوە نامێنێ کە لەگەڵ فیعل و چاوگ بێ . دەگوترێ :

بە شاخەکە هەڵگەڕا ، چراکە بە ئاگر کرا ، قسەکەی بە دارا گوت .

بەڵام لەگەڵ راناوی لکاودا ئەو رەفتارە دەکا کە لەگەڵ فیعلدا کردی :

پێی‌هەڵگەڕام ، پێتان‌کرد ، هەرچی هەبێ پێم‌گوت .

ئەمە رەفتارێکە لە راناوی لکاو بەولاوە هەرچی بەشی ئاخاوتن هەیە نایکا ، بۆشی ناکرێ ، هەر هەمان چالاکی و بزۆزێ و کاریگەرییە وا دەکا راناوی لکاو ئەو جێگۆڕکێیە بکا کە لەم میسالانەدا دەردەکەوێ :

دەڵێی «دەمگوت» . کە نەفیت کرد دەڵێی «نەمدەگوت» . ئینجا پێشگر یا ئەمرازێکی بخە پێش و بڵێ «پێم‌نەدەگوت» . دەبینی

راناوە لکاوەکەی « م » هێندە ئامادەیە بۆ کارتێکردن ، کام کەرت لە پێشی فیعلەکەوە بێ دەرلەحزە پێوەی دەلکێ و کاری خۆی لێ دەکا ، راناوەستی لەسەر هاتنی کەرتێکی تر .

جارێکی تریش لەوە بفکرە کە لە کوردیدا « مضاف الیه » بە هۆی « ی » پەیوەندی یا « اضافی » بە دەوری خۆی هەڵدەستی . دەڵێی « سەری شاخەکە بەرزە ، ناوی تۆ دارایە ، خانوی فلانەکەس دوَرە . . . » . بەڵام کە راناوی لکاو بۆ بە « مضاف الیه » هەر بۆخۆی دەبێتە پێك هێنەری « ترکیب اضافی » بێ ئەوە پێویست هەبێ « ی » ی پەیوەندی بێتە ناو رستەوە . دەڵێی : براتان رۆیشت ، خانوەکەمان فرۆشرا ، چاوت شینە ، رێیان دوَرە .

بگەڕێی بەدوا میسالاندا لە زمانەکەت ، گەلێك جۆری بەکارهێنانی راناوی لکاو دەدۆزیەوە ئەم تایبەتیەی زێدە چالاکی و بزۆزی و کارکردنەی تێدا دیار کەوێ . من بۆ خۆم لەو زمانانەی شتێکیان لێ دەزانم یەکێکم نەدیت راناوی لکاوی یاخود بەشێکی تر لە بەشەکانی ئاخاوتنی ئەو کرداره بکا کە راناوی لکاو لە زمانی کوردیدا دەیکا .

بە راستی راناوی لکاو داینەمۆی زمانی کوردییە ، بە تایبەتی لە لەهجەی کوردستانی خوارۆدا ، حەیفە زمانزان هەر بەقەدەر ئاوەڵناو و پیتی پەیوەندی و ئیشارە و پرسیار بایەخی پێ بدا یاخود لەسەری زمانیەوە بیکا بە سێبەری ناو . باوەڕم هەیە هەر کەسێك

بە رۆنی و ئاشکرایی و قۆڵی لە راناوی لکاوی کوردیی نەگا ، لە کۆنەی زمانی کوردیی ناگا . لێرە بەدواوە دەبینی زوربەی کەسەکان راناوی لکاوی جۆرجۆریان هەیە ، هەر یەکەیان کارێک دەبینن و بە فەرمانێک هەڵدەستن لە « ماضی » یەوە بۆ « مضارع » و لە تێپەڕەوە بۆ تێنەپەڕ و لە رستەی بێ فیعلەوە بۆ رستەی فیعلدار . ئەوەندەی فیعل لە « تصریف » دا شکڵی دەگۆڕێ و کات گۆڕێ دەکا راناوی لکاویش لە لەهجەی کوردیی خوارووا شکڵ و کرداری خۆی دەگۆڕێ ، جێگۆڕکێی دەکا .

ئەوەندەی بۆم باس کردی لە زێدە چالاکی راناوی لکاو و پێکهاتنی رستەی تەواو و بە « اسناد » بەهۆی ئەوەوە بەسە بۆ دەرخستنی گرنگی رۆڵی ئەم بەشەی ئاخافتنە لە زمانی کوردیدا . هەر لە رێی ئەم گرنگییەی رۆڵیەوە دەریش دەکەوێ راناو هەڵناگرێ ناو و عینوانێکی زیهن غەلەتێنی بۆ دانرێ کە تایبەتیەکانی بشارێتەوە یاخود بیکا بە خزمەتکاری بەشێکی تری زمان کە « ناو »ە . سەیرە وشەی وەک « ئەدیی ، ئەرێ ، پەکۆ ، دەک ، وەی . . . » ناونیشانی سەربەخۆیان هەبێ ، بەڵام داینەمۆی زمانەکە ناونیشانێکی هەبێ وەک خوازرایەوە وابێ .

من ، جارێ ، پێش نیاریێکم نیە بۆ گۆڕینی زاراوەی « راناو » . وا بە چاک دەزانم ئەرکی دۆزینەوەی زاراوەیێکی لێهاتو بۆ ئەم بەشەی ئاخافتن یا بخرێتە سەرشانی دەستەیێک لە زمانزانان ، یاخود

کۆڕی زانیاری کورد بە بەرخۆی هەڵبڕێ . بەڵام بەنیسبەت زاراوەی « لکاو »ەوە ئەو هەمو خۆگرتنـە و قایمکارییە بە پێویست نازانم . دەست نەدانی زاراوەی « لکاو » گەیشتۆتە رادەی تاوانبارێ ، لەوە تێپەڕیوە کە هەر ناڤۆڵا و نالەبار بێ . بەڵای منەوە « نەلکاو و لـکاو » هەردوویان دوشمنی ڕێزمانی کوردین ، لەناوبردنیان نەك مانی هەمۆمانە و بەس ، فەرمانێکی دڵسۆزێ و پەرۆشە بۆ زمانەکەمان وا بەسەر شانمانەوە . من لە ڕێی سروشت و ڕەفتاری جۆری « لکاو »ەوە بۆ ئەوە دەچم زاراوەی « چـالاك »ی بۆ بەکار بێ ، خۆ ئەگەر وشەیێکی بەهێزتر و بزۆزترمان بەدەستکەوێ باشتریشە ، چونکە لـکاوەکان بۆ چالاکی و بزۆزێ وشـەی نمۆنەیین . هەر لە ڕێی « چالاك »یشـەوە فـکرم بۆ وشـەی « مەند » دەڕوا کە بکرێ بە زاراوە بۆ « نەلـکاو » .

لە پاشماوەی گوتارەکەمدا دوَ زاراوەی « مەند و چالاك » بەکار دێنم لە جیاتی « نەلـکاو و لـکاو » و دەڵێم « راناوی مەند و راناوی چالاك » .

ئەو وشـانەی لە لەهجەکانی کوردیدا بۆ راناوی مەند دێنە بەرگوێ ، نالێم دێنە بەرچاو چونکی زۆریان لە توسیندا بەکارنایێن تا چاو بیانبینێ ، بە درێژێ لە کۆبۆنەوەیێکی لیژنەی ڕێزمانی سەر بە کۆڕی زانیاری کوردەوە لێیـان کۆڵرایەوە و بە « استقراء »ی تایبەتی ئەندامانی لیژنە کۆکرانەوە و ئەم لیستەیان لێ پێك هات :

أ ـ بۆ کەسی یەکەم :

١ـ تاك : من ، ئەز ، ئەمن ، م .

٢ـ کۆ : ئێمە ، ئەمە ، ئەم ، مە .

ب ـ بۆ کەسی دووەم :

١ـ تاك : تۆ ، ئەتۆ ، ئەتو ، تو ، تە .

٢ـ کۆ : ئێوە ، ئەنگۆ ، ئەوە ، هەوە ، هوین ، هنگ ، وە .

ج ـ بۆ کەسی سێیەم :

١ـ تاك : ئەو ، ئەوێ ، وێ ، وێ ، ئەوێ .

٢ـ کۆ : ئەوان ، وان ، ئانا ، ئەو ، وا .

دەزانم بەشێکی وشەکانی ئەم لیستەیە بەرگوێی خوێنەری کورد نەکەوتوە ، واتە هەموو کوردێك هەموو وشەکانی نەبیستوە ، بەڵام گومانم نیە وشەی‌تریش هەن کە بەرگوێی ئەندامانی لێژنەی رێزمان نەکەوتون یا بە بیریاندا نەهاتون . لێرەدا نە مەبەستمە ، نە رێشم هەیە رەسەنی و بیژۆکی هەریەك لەم وشانە ساغ کەمەوە ، لێستەکە وەك خۆی دەهێڵمەوە بۆ سرنج و تێفکرین ، سەریش لە کەس ناشێوێنێ لە نوسیندا هەروەك لە خۆشمی نەشێواندوە : رچەی خامەی نوسەران بەر پێی هەندێك لەو وشانەی وا هەموار کردوە کە هەر ئەوان بێنە سەر کاغەز و بگەنە بەرچاوی خەلق .

ئەمانە کە سەرجوملەی وشەکانی « راناوی مەند » بن لە شکڵی « چـــالاك » دا لیستەیێـکی تر دروسـت دەکەن ، بەڵام وەك بۆت دەردەکەوێ ئەمیان وەك هی « مەند » بێ دەمەتەقە نیـــە . ئەوەی راستی بێ خەریك بۆن بە گەیشتنی کۆتایی دەمەتەقەکە تا ئەو رادەی ئیسپاتێکی بێگومان بەرهەم بێنێ و گۆشـــەی نیگای خاوەنەکەی بسەپێنێ بە بەڵگەی ڕێزمانی و « منطقی » و مێژوێی ، مەیدانێـکی گەڵێك بەر فرەوانتری دەوێ لەم گوتارە . چارم ناچارە دەبێ خۆم لە زۆر تەفسیلات و وردەکارێ و نەێنیبینی بدزمەوە تا نوسینەکـەم لە قەوارەی گوتاردا جێی ببێتـــەوە : زەڕەبینی و قۆڵ بۆنەوەی ئەوپەڕەکی دوابخرێ بۆ تۆزینەوەی لەسەرەخۆتر و بەر فرەوانتر .

بەڵام وا بـــە باش دەزانم بەرلەوەی یەخـــەگیری « راناوی چـــالاك » بین چەند قسەیێك هەیە لەگەڵ ئەو بەشـەی پێی گوترا « راناوی خۆیی » یەك لای بکەین و جێـگەی راست و دروست بۆ ئەم « راناو »ە دەستنیشان بکەین . لە پێشەوەش بەڵێنم دا کە دواتر ســـەرێـکی لێ خوار بکەینەوە ، با ئێرە جێـگەی پێك هێنـــانی بەڵێنەکە بێ .

سەرجوملەی وشەی ئەو « راناوە » بەقەدەر ژمارەی « راناوی چالاك » دەبێ کـە بۆ « اضافة » بەکار بێ . راناوەکان ، بەو پێیە ، ئەمانەن :

کەسی یەکەم : خـۆم ، خۆمان ؛

کەسی دووەم : خۆت ، خۆتان ؛

کەسی سێیەم : خۆی ، خۆیان .

لە هەندێ لەهجەی کوردیدا لە جێگەی « خۆمان » تەرکیبی « خۆن » بەکار دێ ، لە جێگەی خۆتان « خۆو » . من ناچمە ناو دڕێژەی جیاوازی لەهجەکانی کوردی چونکە بە پێویستی نازانم و بابەتی باس لێکردنیش نیە . هـەر دەمەتەقەیێك هـــەبێ لەگەڵ ئەم کۆمەڵەی سەرەوەدا دەیکەم .

ئەم وشانە ، زیاد لە پێنج بەشەکەی‌تری لیستەی راناوان وەك راناوی « هەیی و پرسـیارێ و ئیشارێ ... هتـاد » هەڵدەگرن لە رستەدا شوێنی وشەکانی « راناوی مەند » بگرنەوە ، دەگوترێ « من خۆم هاتم ، ئێمە خۆمان هاتین ، ئێوە خـــۆتان هاتن ، تۆ خۆت هاتی » ، دەشتوانی راناوە مەندەکان نەڵێیی و رستەکەش وەك هەیە وا بمێنێتەوە و بڵێیی : « خـــۆم هاتم ، خـۆمان هاتین ، خۆتان هاتن » . ئەم روانەتە زیهن بـــۆ ئەوە دەبا کە وشەکان وەك بەشی « مەند » ئەوانیش راناو بن چونکە لە رستەدا جێگەی ئەو بەشەیان بەتەواوێ گرتۆتەوە و راناوی « چالاك » دەبێتە تەواوکەریان .

بەڵام نەختێك وردبۆنەوەی زمانزانانە راستیێـکی‌تر دەردەخا و جێگە و ناونیشانی راستەقینە بۆ ئەم کۆمەڵە وشەیە دەسـت‌نیشان دەکا .

دەزانین ئەم وشانە پێکهاتوون لە ایزافەی « خۆ » بۆ راناوەکانی چالاك . بێگومان تاکە وشەی « خۆ »ش لە فەرهەنگدا واتایێکی بۆ دیار دەکرێ و کراوە چونکە وەك هەموو وشەیێکی فەرهەنگی لە ئاخاوتندا بەکار دێ و دەگوترێ : خۆمانی ، خۆیی ، خۆییاتی ، خۆ هەڵدانەوە ، خۆڕەپێش کردن ، خۆکرد ... هتاد هەر بەو پێیە خۆم ، خۆمان ، خۆتان ، خۆت ، خۆی ، خۆیان بێ زیاد و کەم تەرکیبێکی ایزافییە وەك هەر تەرکیبێکیتر لە زمانی کوردیدا لەگەڵ تێبینی ئەوە کە واتای « خۆ » تەرکیبە ایزافیەکە ئامادە دەکا بۆ ئەو بەکارهێنانە کە واتاکە لێی دەوەشێتەوە . بە میسال دەڵێم لە کوردیدا ناگوترێ منم دیت ، ئێمەم دیت ، ئێمەمان دیت ، تۆت دیت ، ئێوەت دیت ، ئێوەتان دیت . کەچی دەگوترێ خۆم دێت ، خۆمانم دیت ، خۆمانمان دیت ، خۆت دیت ، خۆتانت دیت ، خۆتانتان دیت . کە ئەمە وایە هەڵبەت ئیسپاتی هێندێی نەکرد « من ، ئێمە ، تۆ ، ئێوە ، ئەوان » راناو نین بەڵکو بە پێچەوانە ، ئەوەی راگەیاند کە ئەم راناوانە بۆ دەربڕینی واتای جۆرجۆر پێویستییان هەیە بە وشەی جۆرجۆر کە واتاکان بەدەستەوە بدەن . تۆ سەیرکە دەتوانی بڵێیی « دەستم گوشی » بەڵام وا خۆشە بڵێیی « دەستی خۆم بڕی » هەرچەند لە ڕوی ڕێزمانەوە ج مانیعێك لەوەدا نییە کە بڵێیی « دەستمم بڕی » . تۆ دەتوانی بڵێیی « ئەوی دیت ، ئەوانی دیت » بەڵام ئەوسا کەسێکی سێیەمیترێ دیوە نەك

« خۆی و خۆیان » . ئەمانە پێداویستی « تعبیر » دەیانهێنێ بـۆ ناو ئاخاوتن نە سیفەتی راناوی لە « من و تۆ و ئەو » دەسەپێتەوە نە ئەم سیفەتەش بۆ وشەی « خۆ » دەسەپێنێ ، کە ورد بیەوە دەبینی میسالەکان « خـــۆ » دەکەنەوە بە وشەیێـکی فەرهەنگی خاوەن واتایێکی تایبەتی .

« خۆ » دەوەستێتە بەرامبەر « نفس ، عین ، Self » لە رۆی واتاوە ، وا دەبێ جێگەی لە رستەدا هـەر ئەو واتایانە دەبەخشێ واش دەبێ جێگەی « تأکید » دەگرێتەوە . دەڵێی « خۆکوشتن » کە واتاکەی « قتل الذات »ە دەشڵێی « من خۆم هاتم » کە دەبێتـە « جئت بنفسی ، بذاتی » بۆ تەئکیدە . لە ئینگلیزیشدا دەگوتـــرێ « Self sacrifice » کە واتاکەی خۆبەخت کردنە دەشـــگوترێ « I myself » کە راســـتەوخۆ « من خـــۆم » رادەگەیەنێ کە تەئکیدێکی رۆتە .

هەر ئەو راگەیاندنەی واتای « تأکید »ە رێ دەدا بگوترێ « خۆم هاتم » و راناوی چالاك « م » ببێتـە تەواوکەری رستەکە بە دوا وشەی « خۆ » دا . دیققەت بگرە دەتوانی بڵێی «هەمۆمان هاتین» کە لەویشدا راناوی چالاکی « ین » بە دوا وشەی « هەمۆ » دا هاتوە . کە دەڵێی « خۆمان هاتین » وشەی « خۆ » سەر لەبەری « ئێمە » دەگرێتەوە ، هەروەها کە دەشڵێی « هەمۆمان هاتین » وشـــەی « هەمۆ » دیسانەوە ســـەرلەبەری « ئێمە » دەگرێتەوە ، لە هەردۆ

ألیشدا ، سەرەڕای گرتنەوەی سەرلەبەری واتای ئێمە ، تەئکیدیش
هیە . بۆیەیە دەشێ راناوی چالاکی « ئێمە » کە وا لەم رستانەدا
ین » ە بە دوا « هەمۆ ، خـــۆ »دا بێت . تۆ سەیرکە کە لە
ستەدا وشەی « نیـوەمان ، هەندێکمان ... » کەوتـە جێـــگەی
هەمۆمان » ئەوسا بە دۆ جۆر دەتوانی رستەکە تەواوکەی :

نیوەمان هاتین .

نیوەمان هات .

لێرەدا واتای « ئێمە » هەیە بەڵام نەك سەر لەبەری « ئێمە » ،
ەتوانی وشەی « نیوە » بکەیتە « بدل ناقص »ی راناوی (ئێمە) و
اناوە چالاکەکەی (ین)ی بـــدەیتێ و (بڵێی نیوەمان هاتـین)
ەشتوانی وشەی (نیـوە) بەکار بێنی وەك کەسی سێیەم ، چاکتریش
وەیە بە گوێرەی رواڵەتی وشەکە کە رواڵەتێکی (تاکە) فیعلی تاکی
بێنیەوە و بڵێی (نیوەمان هات نەك نیوەمان هاتین) چونکە کە
شـــەی (نیوە) لە رســـتەکەدا خـــۆی لە واتـای (ئێمـە) و
ۆبۆنەکەی ترازاند وا پەسندترە بەجارێك لێی بترازێ ، واتە هەم
رۆی کەسی یەکەمەوە و هەم لە رۆی کۆ (جمع)ەوە .

لە بیرت نەچێ هەرگیز بۆت ناکرێ بڵێی « هەمـۆمان هات »
ونـکە واتای هەمۆ سەر لەبەری ئێمە دەگرێتەوە و دەبێ وەك ئەو
ر بکا .

دیتت سروشتی « هەمۆ » هەڵگرت بێتە « نیوە ، هەندێك ، کەمێك . . . » بەڵام سروشتی « خۆ » ئەم کەرت کردنە هەڵناگرێ کە ئەمە چ دەخلێکی نیە بەسەر رێزمانەوە .

بۆیەیە زمانزان نابێ خۆی تەسلیم بە رواڵەتی وشە و پێداویستی سروشت و واتای بکا لە رستەدا . چ ستۆچی زمان نیە کە ناگوترێ « هەمۆم هاتم » چونکە واقیع ئەمەیە کەسی تاك نیوە و سێیەکی نیە تاکۆ وشەی « هەمۆ » بێ و دەفعی شوبهەی هاتنی نیوە و سێیەکی بکا . وشەی « هەمۆ » هەر هەمان وشەیە کە دەدرێتە پاڵ « ئێمە » و دەگوترێ « هەمۆمان » و کە ناشدرێتە پاڵ « من و تۆ » و ناگوترێ « هەمۆم هاتم ، هەمۆت هاتی » . وشەی « خۆ » ش هەر هەمان وشەی فەرهەنگییە لە تەرکیبی « خۆکوشتن » و « خۆیان هاتن ، خۆمان هاتین » دا . تۆ سەیر کە وشەکانی « خۆ ، هەمۆ ، هەندێك » راناوی چالاکیان بە دوادا نایێ ئەگەر ئیزافەی راناو نەکرابن ، بەتایبەتی بەنیسبەت « خۆ » وە . تۆ هەرگیز ناتوانی بڵێیی « خۆ هات ، خۆ هاتم ، خۆ هاتین » تەنانەت ئەگەر راناوی مەندیش لە پێشەوە بێ هەر ناگوترێ « من خۆ هاتم ، ئێمە خۆ هاتین ، ئێوە خۆ هاتن » . بەنیسبەت « هەمو » وە کە دەگوترێ « هەمۆ هاتین » ئەوەی راستی بێ راناوەکەی قرتاوە دەنا ئەسڵی رستەکە « هەمۆمان هاتین » بوە . هەڵبەت تایبەتێیك لە وشەی « هەمۆ » دا وای کردوە رێی بدرێ بە قرتانی راناوەکە ، تایبەتێیکی وشەی

« خۆ »ش وای کردوە رێی نەدرێ بـە قرتانی راناوەکە ، بەڵام ئێرە جێی ئەم درێژە پێدانەی تێدا نابێتەوە با وازی لێبهێنین .

خولاسە وشەی « خۆ » واتایێکی فەرهەنگی هەیە و لە سنتوری ئەو واتایەدا بەکار دێت ، ئیزافەی بۆ راناوەکانی «چالاك » وا دەکا لە تەواوکردنی واتای رستەدا راناوی چالاکی بە دوادا بێت و بگوترێ « خۆم هاتم ، خۆم سەرکردەم » دەنا کە ئەو ئیزافەیەی نەبێ وەك وشەیێکی عادەتی لێ بەســـەردێ بێ زیاد و کەم وەك بڵێی « خۆ هەڵدانەوە باش نیـە » کە ئەمە لەلایەن دەستوری رێزمانی و واتای فەرهەنـگییەوە ج فەرقێکی نیـە لەگەڵ ئەوەدا کە بڵێی « دەسـت هەڵبژین پێویستە لەکاتی دەنـگ وەرگرتندا » . سەیرێـکی ئەم رستە نمونەییانە بکە :

کابرا خۆیی دەرچۆ ، کابرا کۆیی دەرچۆ .
بەرخەکە خۆماڵییە ، بەرخەکە ئاوەکییە .
خۆی بۆ بە فێرکار ، برای بۆ بە فێرکار .

چەندی ئارەزوَ بکەین دەتوانین رستە بێنینەوە و وشـــەی « خۆ » تێیاندا وەك هەر وشـــەیێکی تری فەرهەنـگی کوردی بەکار هاتبێ و ئەو واتایەی بە دەستەوە دابێ کە بەڵێی جێـگەی لە رستەدا و لە گوێرەی سروشت و تایبەتی خۆی لێی چاوەڕوان دەکرێ .

ئینجا با بڵێینە سەر و کاری راناوی « چالاك » .

قسەی من لێرەدا بە زۆرێ لەگەڵ لەهجەی کوردێ ناوچەی کوردستانی ژێرووە ، ئەو لەهجەیە بوە بە ئەمرازی نووسین و کەرستەی تەعبیری ئەدەبی و بڵاو کردنەوەی کتێب و رۆژنامە و گوتار و نامێلکە . دەورەدان لە هەمو لەهجەکانی کوردێ کات و ماوەیێکی زۆری دەوێ ، خۆم و خوێنەریش لە ئەرك و پێوە خەریك بۆنی دەبەخشم .

جارێ با لە پێشەوە ئەو راناوە چالاکانە بخەمە سەر کاغەز کە بەلای هەمو زمانزانەکانەوە راناوی چالاکن ، لەگەڵ تێبینی ئەوەدا کە هەر من پێیان دەڵێم (چالاك) ، لەلایەن زوربەی نوسەرانەوە (راناوی لکاو)یان بۆ بەکار دێ ، ناشزانم ئاخۆ لە دوارۆژدا شتێکی تریان پێ دەڵێن یاخود پێ دادەگرن لەسەر هەمان ناونیشانی (راناوی لکاو) بۆیان .

جۆری چالاکی راناوی (من) لە هەمو حاڵاندا هەر پیتی (م)ە ، پێی ناوێ میسالی بۆ بێنمەوە چونکە « استثناء » لە دەستورەکەدا نیە و چ شکلێکیتر پەیدا نابێ بۆ ئەم راناوە .

راناوی چالاکی (ئێمە) دوَ جۆری هەیە (مان ، ین) .

کەسی دوەمی تاك (ت ، ی) جۆرەکانی چالاکیەتی ، بەڵام بەلای تاقمێك لە زمانزانانەوە لە جیاتی (ی) (یت) راناوە و دەڵێن دەبێ ئەو (تێ)یە بە دوا (یێ)یەکەدا هەر بێت و نەقرتێ وەك

(تۆ بەر لە من هاتیت ، دوای من دەڕۆیت) . من خۆم لەوانەم هەمیشە دەڵێم و بە زۆرێ دەتوسم (تۆ بەر لە من هاتی ، دوای من دەڕۆی) . دواتر قسە لەم باسە یەك لا دەکەین .

بۆ کەسی دوەمی کۆ راناوی چالاك (تان ، ن)ە .

بۆ کەسی سێیەمی تاك راناوی چالاکی بێ دەمەتەقە هەر (ی)ە کە لە « ماضی » بە دوا فیعلی تێپەڕدا دێ و دەشبێتە « مضاف الیه » وەك (چی پێی کرا کردی ، خۆی و برای هاتن) .

بۆ کەسی سێیەمی کۆ (یان ، ن) راناوی چالاکن .

بەرلەوە بگوێزمەوە بۆ راناوە چالاکەکانی گوماناوێ دەبێ ئەوە بڵێم ئەم راناوانەش لە بە کار هێناندا بێگرفت نین ، ڕوون کردنەوەی چۆنەتی هاتنیان بۆ ناو رستە داستانێکە سەربەخۆ ، دەمەوێ لێرەدا بەکورتترین شێوە لێی ببمەوە .

راناوی چالاکی فیعلی تێپەڕی رابردوو ، هی هەمو کەسەکان ، خۆیان دەبنەوە « مضاف الیه » ، وەك :

کردمان ، برامان .
کردت ، برات .
کردتان ، براتان .
کردی ، برای .
کردیان ، برایان .

میسالم بۆ کەسی یەکەمی تاك نەهێنایەوە چونکە لەهیچ حاڵێکدا ناگۆڕێ .

لە « مضارع »دا بۆ تێپەڕ و تێنەپەڕ راناوە چالاکەکان یەك جۆریان هەیە ، وەك :

دەخۆین ، دەڕۆین .
دەخۆی ، دەڕۆی .
ئێوە دەخۆن ، ئێوە دەڕۆن .
ئەوان دەخۆن ، ئەوان دەڕۆن .

راناوی فیعلی « ماضی » تێنەپەڕیش هەر ئەو راناوەی فیعلی « مضارع »ە بۆ هەموو کەسەکان :

ڕۆیشتین ، دەڕۆین .
ڕۆیشتی ، دەڕۆی .
ئێوە ڕۆیشتن ، ئێوە دەڕۆن .
ئەوان ڕۆیشتن ، ئەوان دەڕۆن .

هەر ئەو راناوەی «مضارع» و فیعلی تێنەپەڕیشە کە لە رستەی بێ فیعلدا دەبێتە هۆی پەیداکردنی « حکم و اسناد » :

ئێمە کوردین .
تۆ کوردی .
ئێوە کوردن .
ئەوان کوردن .

هەمو زمانزانان لەوەدا یەك باوەڕیان هەیە كە كەسی سێیەمی تاك لە « ماضی » تێنەپەڕدا راناوی نیە ، بۆیەیە راناوێكی مەعلوم كراوی بێ دەمەتەقەی نیە ، وەك كەسەكانیتر ، رستەی تەواوی بێ فیعلی بۆ پێك‌بێنێ ، هەر ئەم هۆیەیشە وای‌كردوە زمانزانان رێك نەكەون لەسەر یەك باوەڕ دەربارەی ئەمرازی « حكم ، اسناد » لە رستەی بێفیعلی وەك (ئەو كوردە) ، ئایا ئەم بزوێنەی كۆتایی رستە « ە » راناوە یاخود شتێكیترە ؟ لەجێی خۆیدا قسە لەم باسە دەكەم .

تێكەڵ پێكەڵێكی یەكجار سەرشێوێن هەیە لە بەكارهێنانی راناوە جیاكەكان لە « صیغە » جۆرجۆرەكانی فیعلی تێپەڕدا ، ئەوەندەی سەرم هێناوبرد نەمتوانی شێوازێكی تۆسینی ئەوتۆ بەكاربێنم گیروگرفتەكان باوێتە ناو پەراوێزێكەوە لەگەڵ پەراوێزی گوتار خزمایەتی هەبێ ، بە ناچاری ئەم باسە زۆر گرنگ و گرێیاویەم واز لێهێنا ، كە وام نەكردبا دەبوا پشكێكی گەورەی بارستی گۆڤارەكەم بۆ گوتارەكەی خۆم دابڕیبا كە ئەمەش كارێكی ناڕەوایە . لێرەدا تاكە میسالێك دێنمەوە زەحمەتی تەقەللای یەك لا كردنی گرفتەكان بێنێتە بەرچاو .

شاعیرێكی كورد لە سەرەتای شیعرێكی ئەمەی گوتوە :

« كوشتمت ئاخر بە ناحەق » .

هەڵبەت ئەمە گوتەیێكی كوردی رەسەنی بێهەڵەیە و دەشێ بۆ

داڕشتنی ڕستەی‌تر ببێتە ئەرکی . دەبینی « مفعول » بەدوای « فعل »ی (کوشتن)دا هاتوە کە راناوی چالاکی کەسی یەکەمە ، واتە پیتی « م »ە . بەشوێن (مفعول)دا راستەوخۆ « فاعل » هاتوە کە راناوی چالاکی کەسی دووەمی تاکە واتە پیتی « ت »ە . بەو پێیە دەبێ کە بمەوێ کەسی یەکەم بکەم بە فاعیل و کەسی دووەم بکەم بە مەفعول جێگەیان بە یەکتر بگۆڕمەوە و بڵێم (کوشتتم) واتە من تۆم کوشت . کەچی لە هەندێ لەهجەی کوردیی ڕێک و پێکدا دەگوترێ (کوشتمی) کە ئەمە لە هەمان کاتدا واتای (ئەو منی کوشت) یش دەگەیەنێ .

لە پژدەر دەگوترێ (کوشتنم) واتە من تۆیە یا ئەوانم کوشت ، کەچی لە شوێنی‌تردا بۆ هەمان واتا دەگوترێ (کوشتمن) . لە هەندێ ناوچەدا دەڵێن (کوشتیانم یاخود کوشتمیان) . وا هەیە دەگوترێ (کوشتینی) بە واتای ئەو تۆمەی کوشت ، کەچی دەشگوترێ کوشتمانی .

لە صیغەی ئاوات « تمنّی » دەتوانی بڵێیی (بمکوشتبای ، بمکوشتبان) واتە من تۆ ، تۆیەم بکوشتبا ، لە هەمان کاتدا دەشتوانی بڵێیی (کوشتبامی ، کوشتبامن) . رستەی (کوشتبامی) ئەو واتایەش دەبەخشێ (ئەو منی کوشتبا) .

تا بەدوای میسالان بکەوین بابەتی تازە بە تازەی گیروگرفت دێتە بەرچاو . هەڵی ئەم تێك ئاڵقان و تێكئاڵۆزانە بەلای منەوە

شتێکی نەبێنیە ، بەڵام باس لێکردن و هەڵوەشاندنی گرێ پچکەکانی ، سەرەڕای زەحمەت ، کاری تاکە کەسێکیش نیە . گریمان من توانیم هەموو جۆری هەڵەی بەکارهێنانی ئەم ڕاناوانە بدۆزمەوە ، جۆرە ڕاستەکانیش دەستنیشان بکەم ، تۆ بڵێی مانی ئەوەم هەبێ داوا لە نوسەران و زمانزانانی کورد بکەم بێنە سەر ئەو ڕێیە کە من بەراستی دەزانم ؟ دەبێ ئەم باسەش واز لێبێنم وەك وازم هێنا لە موناقەشەی پێنج بەش لە حەفت بەشی لیستەی ڕاناوەکان بە خۆیان و « مفردات » یانەوە . وا دەزانم بزیاری ڕاستی و هەڵەیی بەکارهێنانی ڕاناوە چالاکەکان مانی کۆڕی زانیاری کوردە ، با بۆ ئەو یا لایەنێکی تری خاوەن دەسەڵاتی بەجێبهێڵین .

ئێنجا با بێینە سەر باسی ئەو ڕاناوە چالاکانەکە دەمەتەقەیان بەسەرەوە هەیە . لەپێشەوە قسە لە ڕاناوەکانی کەسی دووەم دەکەین ئێنجا کەسی سێیەم ، هەردوکیشیان هی تاك .

گومان لە کاری ڕابردوی تێپەڕدا « فعل ماض متعد » ڕاناوی کەسی دووەمی تاك پیتی « ت » ە وەك کە دەگوترێ (خواردت ، دیتت ، کڕیت ، بیستت ، دروت) . بەپێی دەستورێکی گشتی ڕێزمانیش هەر هەمان ڕاناوە دەبێتەوە (مضاف الیه — حەزدەکەم زاراوەی «خاوەن» بەکار بێ بۆ مضاف الیه) ، دەگوترێ (برات ، خزمت ، بەرکت ، ناوت ، ڕێت ، کەللەت . . » ، دەشچێتە پاش ئەمڕازانەوە وەك (لێت دەپرسم ، پێت دەڵێم) .

بەڵام راناوی چالاکی کەسی دوەمی تاك لە کاری رابردوی تێنەپەڕ و کاری «مضارع»ی تێپەڕ و تێنەپەڕ و رستەی بێ «فعل»ی تەواو، ئا لەم سێ حاڵەتەدا دەمەتەقەی لەسەرە. تاقمێك لە زمانزانان دەڵێن راناوەکە دۆ پیتی (یت)ە و ناشێ پیتی «ت»ەکە لە رستەدا بقرتێ و دەبێ هەمیشە وەك لە و میسالانەدا دەردەکەوێ، بەکاربێ:

تۆ رۆیشتیت - رابردوی تێنەپەڕ؛

تۆ دەڕۆیت - «مضارع»ی تێنەپەڕ؛

تۆ دەکەیت - «مضارع»ی تێپەڕ؛

تۆ پاکیت - رستەی بێکار «فعل»ی تەواو؛

هەروەها لە صیغەیێکی (فەرمان، داواکردن، أمر، طلب) کە یەکێکە لە دۆ (صیغە)ی (فەرمان، أمر) لە کوردیدا دەبێ ئەم راناوە «یت»بێ نەك «ی»:

دەبێ نان بخۆیت ئینجا بخەویت.

صیغەی (فەرمان، أمر) لە جۆرەکەی تردا (بکە، بخۆ، بخەوە) یە بێ زیادکردنی (یت).

بەڵای هەندێك لە زمانزانانەوە، کە منیش لە باوەڕی ئەواندام، ئەوەی راناوبێ لەو رستانەدا هەر پیتی (ی)ە، پیتی (ت) کە بە دوا پێیەکەدا دێ زیادەیێکی (صرفی، گەردانی) یە دەشێ بمێنێ و

دەشێ لەناو بچێ . وە نیە من لە زەرفێکدا بم بتوانم بڵێم لە مێژوی کۆنەوە ئەم (ت)ە هەروا بێبایەخ بوە ، یاخود بزانم لە ئەسڵدا چۆن و بۆ چ مەبەستێك هاتوە ، بەڵام ئەوەی بە راناویشی دادەنێ لەم لایەنانە بێخەبەرە وەك من ، بەڵگەی بە راناو حیساب کردنی هەر ئەوەندەیە کە بەدوا ییەکەدا دێ و دەشێ « تلفظ » بکرێ .

لە باوەڕی منـــدا راناوی چالاك ، لەبەر زێدە گرنگی ئەو دەورەی پێی هەڵدەستێ لە ئاخافتندا ، ناشێ هیچ پیتێکی بقرتێ . لەپێش چاومانە راناوە چـــالاکەکانی (مان ، تان ، یان) لە هەمتو حاڵێك و لە هەمتو ئەو لەهجانەدا کە بەکاریان دێنن وەك خۆیان دێنەوە و هیچ پیتێکیان لێ کەم ناکرێتەوە ، تێیەکەی (دەکەیت) یش ئەگەر پیتێکی بنجی با دەبوا ئەویش وا با . لەمەش زیاتر دەتوانم بڵێم : بۆ دەبێ رێ هەبێ تێیەکە بقرتێ و بگوترێ (دەکەی) کەچی رێی قرتانی (ییەکە) نەبێ ، خۆ زۆر ئاشکرایشە دەنگی (ی) لە کوردیدا بە ئاسانی لەناو دەچێ ! ئەگەر ییەکە بنجی نەبا دەبوا ئەو ببێتە قوربانی تێیەکە و بگوترێ (دەکەت لە جێگەی دەکەی) . هەر هەمان دەنگی (ت) لە رابردوی تێپەڕدا بەهۆی ئەوەوە کە راناوە هەرگیز تێچوونی بۆ نیە .

کە بگەڕێینەوە بۆ بوێژانی بابان لە سەدەی نۆزدەمدا دەبینین تێکڕایان بە زۆری ئەم تێیەیان قرتاندوە . کوردی دەڵێ :

خۆت بۆ ستەمان کەم بۆی بیستت قسەی ئەغیارێش
فیرعەونی زەمان ئامان گوێ مەگرە لە هامانت

گوتی (کەم بۆی) نەیگوت (کەم بۆیت) .

نالی دەڵێ :

تۆ کە حۆری وەرە ئێو جەننەتی دیدەم چ دەکەی
لەم دڵەی پڕ شـــەرەر و سـینەیی سـۆزانمدا

گوتی (تۆ کە حوری) نەیگوت (حوریت) . گوتی (چ دەکەی) نەیگوت (چ دەکەیت) .

لێرەم نیە ئەتوانە لە شیعری شاعیرانی ناوچەکانیتری کوردستان بێنینەوە چونکە بەکارهێنانی ئەم تێیەی دوای یێیەکە زیاتر لە سلێمانی باوە .

بگەڕێینەوە بۆ فارسیش ، کە لەگەڵ کوردیدا خزمایەتی هەیە ، دەبینین لەوێدا بۆ کەسی دوەمی تاك لە (ی) بەولاوە راناوی چالاك بەکارنایێ ، واتە دەنـگی (ت) هەر بەجارێ بزرە لە هەموو ئەو رستانەدا کە « حکم و اسناد » یان تێدایە . تەنهـــا بۆ « اضافة » لە فارسیدا (ت) دەبێتە راناوی چالاکی کەسی دوەم .

دەگوترێ :

تو رفـتی ، تو گفـتی ، تو اورا دیـــدی .

تو میروی ، تو میگوئی ، تو اورا می بینی .

دستت میزاد .

هەر دەڵێی فارسی ئەم راناوەی « اضـــافة »ی لە کوردیش خواستۆتەوە چونکە لە کوردیدا بەکار هێنانی راناوی (ت) بە پێیی

دەستوری گشتی رێزمان بۆ « اضـــافة» و بۆ فیعلی تێپەڕی رابردوو دەبێ و دەگوترێ :

کردت ، بردت ، خواردت ، هێنات
دەستت ، خانوت ، برات ، خانـەت

کەچی لە فارسیدا چ دەستوری گشتی نایێتە بەرچاو کە ئەم (ت)ەی هێنابێتە ناو رستەوە ، یا دەبێ بڵێین تایبەتێکی زمانی فارسییە یا زیهن بۆ ئەوە دەڕوا لە زمانی کوردیی خواستبێتەوە .

وەنیە لەوەدا چ زیانێك هەبێ ئەم (ت)ە بە بەشێکی راناوەکە حیساب بکرێ ، هەروەها زیانیش نیە بگوترێ زیادەیێکی « صرفی»یە ، راستی هەر لایێکیان بێ زمانی کوردیی زەرەری لێ ناکەوێ بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دوو تێبینی دێنە بەر هۆشی مرۆڤ :

یەکەم : راستی ، کە ستودێکی تایبەتیشی نەبێ ، چاکترە لە هەلە ، با هەلەکەش چ زیانێکی لێ نەکرێ .

دووەم : رەوا نابینم ئەو کەسانەی (ت)ەکە بە بەشێکی راناو دادەنێن داوا بکەن لە خەلق کە هەمیشە لە نوسیندا تێیەکە بنوسن . سەپاندنی ئەم تێیە بەسەر نوسیندا دوو زەرەری گەورەی تێدایە :

١— بەشێکی یەکجار زۆری کەلەپوری ئەدەبیـان کە تێیەکەی بەکار نەهێناوە راستەوخۆ مۆری هەلەی لێ دەدرێ .

٢— رێبازێکی گوشاد لە رەوتی ئەدەبیان کوێر دەبێتەوە و

ئازادی تەعبیرمان کەم دەبێتەوە ، بەتایبەتی بەنیسبەت شاعیرەوە کەوا وا دەبێ کێش و قافیەی شیعری بەند دەبێ بە تێبردنی ئەو تیێە .

سەیری ئەم بەیتەی نالی بکە هەر چەند بۆ کەسی سێیەمیشە :

نالی زمانـەکەی تـــەڕو پاراوی ســـۆسنت
حەیـــرانی چاوی نەرگسـە وەك لالە نـــادوێ

کە مەجبوورت کردبا بڵێ (نادوێت) کۆتێکت دەخستە دەستی و شیعرەکەت لێ یاساغ دەکرد ، ئەوسا یەکێکیتریش رێی دەبۆ لە لای خۆیەوە مەنعی ئەم نیوە دێڕەش بکا لە هەمان قەسیدەدا :

یا شـاهی نەوبەهارە هەڵێداوە هوردوێ

چونکە وشـــەی (هوردوێ) پیێێکی « ك »ی لێ قـــرتاوە ئەسڵەکەی (هۆردوێك) بوە .

خاوەنانی ئەو باوەڕەی کە دەڵێ « ت »ەکە زیادەیێکی « تصریفی »یە چ رێیان کوێر ناکەنەوە ، هێشتنەوە و قرتاندنی تێیەکە دەخەنە بەر زەوق و خواهشتی بێژەر .

کەواتە بەکار هێنانی راناوی چالاکی کەسی دوەمی تاك « ضمیر متصل للمفرد المخاطب » لە لەهجەی کوردستانی خـوارووا گردەبـڕ دەبێتە دوو جۆری لە یەکدی جودا :

جۆری یەکەم بەلای هەمتو زمانزانەوە تاکە پیێی « ت »ە ئەویش

لەم شوێنانەدا بەکار دێ :

١— رابردوی تێپەڕ لە هەموو کاتەکانی و هەموو صیغەکانی خەبەری و ئینشائیدا .

نموونە بۆ صیغەکانی خەبەری :

کردت ، کردوتە ، کردبوت ، دەتکرد .

نموونە بۆ صیغەکانی ئینشائی :

کردبات ، کردبێنت ، کردبوبات ، بتکردبا (بتکردایە لە لەهجەی سلێمانیدا)[١٣] .

٢— دەبێتە « مضاف الیه ـ خاوەن » بێ یارمەتی « ی »ی ئیزافە ، دەڵێی : (برات هات ، ناوت دارایە ، دەستەکانت دەژۆن)

« لێوت کە وەکو لەعلی بەدەخشانە بە ئاڵی »

٣— وەک فیعل و چاوگ دەکوێتە دوای ئەو ئەرازانەی سەر بە فیعلن . دەگوترێ « لێتەوە دیارە ، پێت خۆشە ، تێتڕا دەبینم » کە چاوگەکانی (لێوە دیار بوون ، پێخۆشبوون ، تێڕادیتن)ە . ئەم ئەرازانە هەرگیز ناییێنە دوای ناو وە یا ئاوەڵناوی مەندەوە . دەگوترێ « لە ئەخۆلەوە دیارە ، بە تۆ خۆشە یاخود تۆ پێتخۆشە ،

(١٣) تێبینی : خوێنەر بەبوترێ لەوەدا کە نانوانم باسی صیغەی « خبری وانشائی » کارەکان لێرەدا شەرح بدەم و جیاوازی میانی وانای « خبري و انشائي » ش روون کەمەوە .

لەگەڵ تۆ رادەبینم» .

دەشبێتە هاوبەشی ناو و راناوی مەند لە ئەمرازی (بـۆ)دا ، کە هەرگیز فیعلی بەدوادا نایێ . دەگوترێ (بۆت بە پەڕۆشم ، بۆ تۆ بە پەڕۆشم ، بۆ دارا بە پەڕۆشم) .

٤— لە رستەی فیعلیدا دەبێتە «فاعل و مفعول» و بەپێی داوای دەستوری دروستکردنی رستەی فیعلی لە کوردیدا جێگۆڕکێ دەکا ، دەگوترێ :

چیت کرد ـ لێرەدا فاعیلە .

دەتبینم ـ لێرەدا مەفعولە .

نموونەی جێگۆڕکێ :

دەتگرت ، نەتدەگرت ، هەڵتنەدەگرت ، منداڵەکەت هەڵنەدەگرت .

لە ئێمەت پرسیبا ، لێت پرسیباین ، لێیانت پرسیبا ، پرسیبات .

هەڵبەت راناوی چالاکی کەسی دووەمی تاك لەم تایبەتیانەدا هەر خۆی وانیە ، هەرچی راناوی چالاکە هەیە وایە .

ئەمە دەربارەی جۆری یەکەمی راناوەکە کە پێتی «ت» بێ .

جۆری دووەمی ئەم راناوە چالاکەی بڵێین تاکە پێتی «ی»ە و

چ بڵێین دوو پیتی « یت »ە ئەویش مەیدانی تایبەتی خۆی هەیە بۆ بەکارهێنان لە ئاخاوتندا :

١— لەگەڵ فیعلی رابردوی تێنەپەڕدا دێ :

تۆ هەڵستای ـ هەڵستایت ، تو نوستی ـ نوستیت ، تو چوی ـ چویت .

٢— لەگەڵ فیعلی « مضارع »دا دێ تێپەڕ بێ و تێنەپەڕ بێ : دەکێڵی ، دەکەی ، دەخۆی ، دەنوی ، دەکەوی ، دەمری ، دەبڕێی یاخود دەکێڵیت ، دەخۆیت ، دەکەویت ...

٣— لەگەڵ یەکێك لە دوو صیغەی فەرمان « أمر »دا دێ :

بکەی ، بخۆی ، بنوی ، بی ، بدەی ، بڵێی ، بکەوی یاخود بکەیت ، بنویت ، بڵێیت ...

ئەوەی راستی بێ صیغەی فەرمانی راستەقینە هەر (بکە ، بخۆ ، بنو ، بکەوە) یە نەهی راستەقینەش (مەکە ، مەخۆ ، مەنو ، مەکەوە)یە ، هەر بۆ کەسی دوەمیش بەکار دێ کە وا لە بنەڕەتا « أمر و نهی » بۆ ئەو داهاتوە . صیغەکەی تر بە « مثبت و منفی »یەوە واتە (بکەی ، بکەن ، بکەم ، بکەین ، بکا ، بکەن ـ هەروەها نەکەی ، نەکەن ، نەکەم ، نەکەین ، نەکا ، نەکەن) فەرمان و نەهی رەبەق نین ، وادەبێ بۆ « دعاء » یاخود هەڕەشە و مەبەستی تریش بەکار دێن :

خوا نەکا تۆ نەخۆش بی .

خوا بکا ببارێ .

بچێ بۆ فێرگە باشترە لە بازار .

پارەکەم بدەیێ و نەدەیێ دەغڵەکەت هەر بۆ دێنم .

(تەماعی گەورەیی بێ چەك نەکەن نەك) .

٤— دەبێتە تەواوکەری رستەی بێ فیعل ، واتە لە رێ ئەوەوە « حکم ، اسناد » لە رستەی بێفیعلدا پەیدا دەبێ ، وەك :

تۆ مرۆڤی ، تۆ مرۆڤیت .

هەمیشە لە پێشەوەیی ، لە پێشەوەیت .

دوشمنی کەس نی ، نیت .

لە صیغەی فەرمانی راستەقینەدا (مەکە ، مەڕۆ) ئەم راناوە بەدەرناکەوێ ، لە کەسیشم نەبیستوە گوتبێتی لێرەدا راناو هەیە ، تەنها مامۆستا (نوری علی أمین) بەلایەوە لەو فەرمانانەدا کە کۆتایی‌یان بزوێنی (ە) یە بزوێنەکە راناوە وەك (بکە ، ببە ، بدە ، بوەستە) ، کەچی هەرخۆی دەڵێ هەمان بزوێن لە رستەی وەك (دارا کوردە)دا راناو نیە و کاری بۆن (فعل الکینونە) یە .

ئەوەی راستی بێ بەلای منەوە نەك هەر راناو وجودی نیە لە فیعلی ئەمری کەسی دوەمی تاکدا ، هۆیەکی زۆر بەهێزیش هەیە بۆ

نەبوونی راناو هەم لەو فیعلە و هەم لە زوربەی فیعلەکانی کەسی سێیەمی تاکدا . لێرە بەپێشەوە بەڵێنمدا کە ئەگەر مەودای شیکردنەوەی ئەم هۆیە بمێنێ لە گوتارەکەمدا ، بە پێی باوەڕی خۆم شەرحی باسەکە بکەم . بە داخەوە هەرچی دەرفەت و مەودایە بە دەستەوە نەماوە لەبەر زێدە درێژەکێشانی باسەکان ، بۆیێ بە ناچارێ وازی لێدەهێنم .

ئێستا دێینە سەر باسی ئەو راناوانەی کەسی سێیەمی تاك کەوا دەمەتەقەیان بە دەورەوە هەیە و زمانزانان تێیاندا گوماناوین .

بە راستی هەر لە دوێ نوقتەدا زمانزانان رێك دەژێن لە باوەڕیان دەربارەی ئەم راناوانەی کەسی سێیەمی تاك : نوقتەی یەکەم ئەوەیە کە فیعلی رابردوی تێنەپەڕ « ماض لازم » بۆ کەسی سێیەمی تاك راناوی نیە . نوقتەی دوەم ئەوەیە لە فیعلی رابردوی تێپەڕ بۆ کەسی سێیەمی تاکدا ، دەنگی (ی) دەبێتە راناو ، وەك : کردی ، دیتی ، بردی ، ستاندی ، هاویشتی ... ئەم راناوەیش چ دەورێکی راناوی چالاك هەیە پێی هەڵدەستێ : دەبێتە « مضاف الیه » و بە دوا ئەمرازەکانی سەر بە فیعلەوە دێ و دەبێتە فاعیل و مەفعول و جێگرێکی دەکا بەپێی داخوازی دەستورەکانی بەکارهێنانی راناوی چالاك .

لەوە بەولاوە جیاوازێ بنجی هەیە لە میانی زمانزانان دەربارەی بوون و نەبوونی راناوی چالاك بۆ کەسی سێیەمی تاك .

بەشی زۆری خاوەن رایەکان بۆ ئەم بیر و باوەڕانەی خوارەوە

دەچن :

١— لە فیعلی «مضارع »دا راناوی کەسی سێیەمی تاك هەمیشە هەیە و بریتییە لەو (ت)ەی کۆتایی فیعلەکان کە لە هەندێ لەهجەکاندا دەقرتێ وەك : دەچێت ، دەخوات ، دەنوێت ، دەژیت ، دەکات ، دەتوسێت .

هەندێ لەم خاوەن رایانە وا دەزانن دەنگەکەی پێش دەنگی (ت) ئەویش هەر بەشێکی راناوەکەیە .

٢— لە فیعلی فەرمان « أمر » یشدا عەینی باوەڕ دوبارە دەکەنەوە و دەڵێین لە فیعلەکانی (بڕوات ، بنوێت ، بڵێت ، بژیت ، بکات) دەنگی (ت)ی کۆتایی فیعلەکان راناوە . باوەڕی وەهاش هەیە دەنگەکەی پێش (ت)ەکەش بە بەشێکی راناو دادەنێ .

بە راستی راناوی کەسی سێیەمی تاك ئەگەر هەبێ لە فیعلی « مضارع » دا هەر خۆیەتی سەر هەڵدەداتەوە لە فیعلی فەرمان « أمر» دا چونکە صیغەی «مضارع» نیشانەی «مضارعە» کەی دەکرێ بە نیشانەی « أمر » و وەك خۆی دێتەوە ، واتە فیعلی (دەڕوات) نیشانەکەی (دە)ی لێ دەگۆڕێ و دەکرێتە (ب) و فیعلەکە دەبێتە (بڕوات) . صیغەی « أمر »ی راستەقینە هەر ئەوەیە کە بۆ کەسی دووەمی تاك بەکار دێ ، چونکە فەرقی دیاری هەیە لەگەڵ صیغەی « مضارع » دا . بەنموونە : لە « مضارع » دا دەڵێی (دەخۆی) ، کەچی لە «أمر» دا دەڵێی (بخۆ)... دەڵێی (دەکەی — بکە ،

دەچی — بچۆ ، دەمری - بمرە)

٣— بزوێنی کۆتایی رستەی وەك (دارا مەردە) بە راناو دانانێین ، بە لایانەوە (فعل الکینونه ، Verb to be ، کاری بوون)ە ، تەنانەت هی وا هەیە لە رستەکانی (من مەردم ، تۆ مەردیت ، ئێمە مەردین ، ئێوە مەردن) تەواوکەری رستەکان (م ، یت ، ین ، ن) بە راناو دادەنێ بەڵام بزوێنی (ە) لە رستەی (دارا مەردە)دا بە راناو دانانێ و بە فیعلی حیساب دەکا .

بە نیسبەت خاڵی یەکەم و دووەمەوە کە رستەکانی (دەچێت ، دەخوات ، دەژیت ..) لە ئایندەدا و رستەکانی (بچێت ، بخوات ، بژیت) لە فەرماندا دەکا بە نموونەی بوونی راناوی چالاك بۆ کەسی سێیەمی تاك ، چی لێرە بەپێشەوە گوتم دەربارەی (ت)ی کەسی دووەمی تاکەوە کە بە دوا (ی) راناودا دێ ، هەمۆی دوبارە دەبێتەوە دەربارەی ئەم (ت)ەی کۆتایی فیعلەکان بۆ کەسی سێیەمی تاك . هەمۆ ئەو رەخنەی لەوێ خستمە بەرچاو لێرەش ، ئۆتۆماتیکی ، دێتەوە . بەڵام بە نیسبەت کەسی سێیەمی تاکەوە رەخنەیێکی تایبەتی بە زیادەوە هەیە پتر دەبێتە سەپێنەری ئەو رایەی کە دەڵێ (ت)ی فیعلەکانی (دەخۆیت ، دەخوات) واتە هی کەسی دوەم و سێیەمی تاك زیادەی (تصریفی)ن نەك راناو .

کەسی سێیەمی تاك لە « مضارع و أمر » دا نەك هەر دوو صیغەی (بەتێ و بێتێ)ی هەیە ، صیغەیێکی سێیەمیشی هەیە لە زۆرترین

ناوچەکانی کوردستانی خوارووەدا بەکاردێ ، هەروەها لە گەڵێك شوێنی کوردستانی سەروشدا . سەیری ئەم نمونانە بکە :

١— دەڵێ ، دەڕوا ، دەژی
دەڵێت ، دەڕوات ، دەژیت
دەڵێتن ، دەڕواتن ، دەژیتن

٢— بکا ، بنوێ ، بژی
بکات ، بنوێت ، بژیت
بکاتن ، بنوێتن ، بژیتن

لە هەردوو صیغەی «مضارع و أمر»دا سێ جۆر بەکارهێنان هەیە و تائێستاش زیندوون ، چ دیاریش نیە بمرن . کە ڕێگە هەبێ بگوترێ ئەو (ت)ەی کۆتایی فیعلەکان کە دەشێ بقرتێن ئەوان راناون ، بۆ نەگوترێ (تن)ەکە تێکڕای راناوبێ ؟

بێگومان کەسانێك کە خەیاڵیان چوە بۆ ئەوە کە هەر (ت)ەکە راناو بێ ، ئەگەر خۆیان بە زۆرێ (تن)ەکەیان بەکار هێنابا بێ دوو دڵی دەیانگوت ئەو راناوە ، بەڵام ڕێکەوت وایە لە ئاخاوتندا خۆیان هەمیشە هەر (ت)ەکە بەکار دێنن ، تەنانەت لە هەندێکیانم بیستوە کە ئەم (تن)ە لە ناوچەی سلێمانیدا هەر بە کار نایێ ، ئیتر کە خۆی بەکاری نەهێنێ و لە شارەکەشیدا بەکار نەهاتبێ ، دیارە بە درەنگەوە بایەخی پێ دەدا یا هەر پێی نادا . بەڵام راستییەکەی

ئەمەیە کە ئەم صیغەیە لە سلێمانی و غەیری ئەوێش لە سەرانسەری کوردستاندا بەکار هاتوە و بەکار دێ . لێرەدا بە نمونە شیعری دوَ شاعیری کوردی سەدەی نۆزدەم دەکەین بە شایەدی قسە :

شێخ رەزا لە پێنج خشتەکیێکی بەسەر غەزەلی (مصطفی) بەگی کوردییەوە ئەمەی گوتوە :

بە یادی چاوی مەستی خۆم گوتی مەیخانە (بێتن) جێت

فیعلی (بێتن) م خستە ناو کەوانەوە تا چاوی خوێنەر باشتری بخوێنێتەوە .

لە لاپەڕە (٩)ی دیوانی (مەلا وەسمان) کە خۆی خەلقی سلێمانی بوە ئەم بەیتە دەخوێنیتەوە ، لەپێشەوە بە ڕێنوسی خاوەنی دیوان ئینجا بە ڕێنوسی تازەی کوردی بەیتەکە دەنوسمەوە :

علمە کالای مغفرت پشتانی بالای ادمی
ژنگی عصیان دیرزینی توبە (دیکاتن) رفو

ئەمەش بەیتەکەیە بە ڕێنوسی تازە :

عیلمە کالای مەغفیرەت پشتانی بالای ئادەمی
ژەنگی عیسیان دەیرزینێ تۆبە (دەیکاتن) رفو

دیسان فیعلی (دەیکاتن) خرایە ناو کەوانەوە بۆ مەبەسی ئاشکرایی .

بەپێی باوەڕی من ، بۆنی ئەم جۆرە «تصریف» ە زیاتر راناو نەبۆنی پێتی (ت) ئیسپات دەکا چونکە دیاردەدا کە وا نەك هەر پیتی (ت) بەڵکۆ دۆ پیتی سەرلەبەری (تن) بە زیادەوە دێنە ناو فیعلەوە و هەردۆشیان بەجارێ ، یا هەر جارە یەکێکیان ، دەقرتێن .

ئەو زمانزانانەی پێ دادەگرن لەسەر گوتنو نۆسینی دەنگی (ت) لە کۆتایی فیعلەکاندا و دەڵێن دەبێ هەمیشە بگوترێ و بنۆسرێ (دێت ، دەخوات ، بکات ، بڵێت) سێ جاران ، هەرجارە بەجۆرێك ، ستەم دەکەن :

جاری یەکەم ستەمیان لەوەدایە کە وا بێ بەڵگە و هۆی «ترجیح» ، تاکە دەنگی (ت) دەسەپێنن بەسەر گوتن و نۆسیندا لە حاڵێکدا جۆتە دەنگی (ت ، ن) وا لە کاردان و خەڵق دەیانێ و دەشیانتۆسێ . بێگومان سەپاندنی (ت ، ن) زیاتر لە ئیحتیمالی هەلە دۆرە چونکە ئەگەر دەنگی (ت) راناو بێ ئەوا (ت) کە هەیە و نەقرتاوە و دەشێ بگوترێ (ن) کە زیادەیێکی «تصریفی» یە خۆ ئەگەر (ت ، ن) بەیەکەوە راناو بۆن ، ئەوە نیشان پێکراوە و لە هەلەی حیساب نەکردنی (ن) کەش بە راناو رزگار بۆین . لە فەرزی هیچیشیان راناو نەبن فەرقی (ت)ی تەنها و (ت ، ن)ی بەجۆتە نیە : هەلە هەر هەلەیە .

جاری دووەم ستەمیان لەوەدایە کە بە سەپاندنی (ت) دۆ شەقامەڕێی ئاوەدان کوێر دەکەنەوە ، بێ لزوم و بێ بەڵگە و بێ

یاڵ پشتی مەنتیقی و زانستی و مێژوویی .. بێ هیچ .

جاری سێیەم ستەمیان لەگەڵ « اجتهاد »ی خۆیانە ، چونکە کە مەیلیان بۆ ئەوە چۆ پیتی قرتاو بە راناو حیساب بکرێ ، بۆ لە نیوەی رێگە دەوەستن و تاکە پیتی (ت) دەکەنە راناو لە حاڵێکدا زمانەکە دوو پیتی بەدەستەوە داوە ؟ .

هەندێـــک لەو زمانزانانە بەلگەیێك دێننەوە کەمێك دەبێتە داروەکازی دەستی ئەم (ت)ە . دەڵێن لەو فیعلانەی صیغەی « دوبارە کردنەوە »یان هەیە ئەم دەنگەی (ت) دێتەوە و قرتانی بۆ نیـە وەك کە بڵێی « دەرگا کە دەکاتەوە ، نەختێکی تر دێتەوە ، دارەکە خەریکە دەڕێتەوە ، تازە بەرەو ماڵ دەبێتەوە . . »

ئەم بەلگەیە زەکاو وردبینی تێدایە ، بەڵام مەبەست ناسەپێنێ .

سرنج بگرە دەبینی هـەرچی فیعلی کەسی سێیەمی تاك هەیە لە « مضارع »دا بە بزوێن کۆتایی دێ وەك « دەڕوا ، دەچێ ، دێ ، دەژی . . . » ، دەوجـا کە ویستت پاشگری « هوە »ی دوبـــارە کردنەوەی بخەیتە سەر دەبێ پیتێـکی پەیوەندی ببێتە ئاڵقەی بەیەکەوە بەستنەوەی کۆتایی فیعلەکە ، کە خۆی بزوێنە ، لەگەڵ پاشـگری « هوە » کە ئەویش بە بزوێن دەست پێدەکا ، مەعلومێـکی وەك بەدیهیەش وایە بزوێن ناچێتە سەر بزوێن بێ ئاڵقەی پەیوەندی . کەواتـە دەبێ پیتێك بە زیادەوە بێ ئەگەرچ پیت لە بەینـدا نەبێ . لەوەڕا دەردەکەوێ هـاتنی « ت » یا پیتێـکی تر شتێـکی ناچاریيە و

نابێتە بەڵگەی راناو بۆن ، تەنانەت رەسەن بۆنیشی . بەڵام ئـــەو پرسیارە هەر دەمێنێ لە خۆمانی بکەین : بۆ دەنـگی (ت) هات و دەنگێکی تر نەهـــات ؟ بۆ نەمانگوت « دێخـــەوە » لە جیـاتی « دێنـــەوە » ؟ یاخـــود بۆ نەمانگوت « بەرەو ماڵ دەبێشەوە » لەجیاتی « دەبێتەوە » ؟.

بەڵای منەوە هـــاتنەوەی « ت » لێرەدا لە هـاتنی هـــەمو دەنگێکی تری « ئەلف و بێی » کوردی لەبارتر و مناسبترە ، چونکە خۆی بە ئەسل وەك زیادەیێکی « تصریفی » هـــاتنی بۆ نـاو فیعلی « مضارع » شتێکی عادەتییە ، واتە لە فـەرزی ئیسپاتیش بۆ کە راناو نیە ئەوەی هەر بۆ دەمێنێتەوە کە زێدە لە دەنگە کانی تر دەشێ بێتە ناو فیعلەوە بە وێنەی « تصریفی » یاخود لە ژێر هەر عینوانێك بێ . تۆ کە ڕێت هـەبێ بڵێی « دێت » با ئەو دەنگەی « ت »ە راناویش نەبێ ، هاتنەوەی خـۆی لە کاتی پێویستیدا گونجاوترە لە هاتنی دەنگێکی تری بێگانەی وەك « ش ، ك ، ل ، م . . . . » . لەم ڕووەوە لە ئاوەڵڵەکەی خۆیشی کە « ن »ە ئـاشناترە بە فیعلە کە ، چونکە خۆی بە فیعلەوە دەلکێ و دەکەوێتە میانی کۆتایی فیعلە کە و تۆنەکەوە ، جـگە لەوە کە پیتی (١٤) (ت) یەکێکە لـــەو پێنج پیتانەی دەکەونە پێش (تۆنی چاوگ) و دەبنە کۆتایی فیعـــل .

(١٤) لەم شوێنانەدا مەبەس « دەنگی پیتەکان »ە ، پیت بۆ خۆی نیشانـەی دەنگە .

کەواتە سەیر نیە دەگوترێ (دەخواتەوە) و ناگوترێ (دەخواتنەوە) یاخود (دەخوانەوە) با ئەو «ت»ە زیادی «صرفی» بێ نەك راناو .

ئەم بۆرە بەلگەی هاتنەوەی «ت» لە «مضارع»ی دووبارە کراوی کەسی سێیەمی تاك ، نابێتە داروەکاز لە هەڵستاندنەوەی باری «ت» لە «مضارع»ی کەسی دووەمی تاکدا چونکە زوربەی ناوچەکانی کوردستان لەوێدا نایهێنەوە ناو فیعل و دەڵێن (دێیەوە ، دەخۆیەوە ، دەکرێیەوە ، دەدۆزیەوە .. » . لێرەدا هۆیێکی یەکجار ورد و نهێنی هەیە ، بە سرنج گرتنێکی دوور و قوڵ نەبێ لە زمان و بزوتنەوەی ناوەکی میکانیزمی زمان ، ئیمکان نیە هەستی پێ بکرێ . هۆیەکەش ئەمەیە :

بزوێنەکانی کۆتایی فیعلی «مضارع»ی کەسی سێیەمی تاك هەمیشە بە بزوێنی دەمێنەوە و هیچ کامێکیان ناگۆڕێن بە (دەنگدار) ، لەبەر ئەمە هەرگیز ناشێ بزوێنی تری پێوە بلکێ . فیعلەکانی (دەخوا ، دەڵێ ، دەڕی ، دەچێ ، دەبا ...) ناکەونە هیچ حاڵێکەوە شکڵی کۆتایی‌یان بگۆڕێ بە پیتی دەنگدار . ئەم شکڵەیان «نهائی»یە . بەڵام راناوی «ی»ی کەسی دووەمی تاك وا دەبێ بزوێنە و وا دەبێ دەنگدارە ، واتە ئیمکان هەیە خۆی ببێتە ئەو پیتە کە بزوێنی «هوە»ی پێوە بلکێ ، ئیتر زەروورەت نامێنێ ئەو «ت»ەی زیادەی «تصریفی» بکرێ بە ئاڵقەی پەیوەندی ،

سەیری ئەم نمونانەی خوارەوە بکە :

دەچیـت ، دەژیت ، دەبیت .. لەمانەدا یێیەکە بزوێنە .

دەخوێیت ، دەکەیت ، دەڵێیت .. لەمانەدا یێیەکە دەنگدارە .

دەوجا کە حاڵ وابێ رێی هەیە بگوترێ (دێیەوە ، دەکەیەوە ، دەچیەوە ، دەژیەوە ، دەڵێیەوە) . کە زەروورەتیش نەما بۆ هاتنی«ت» هەڵبەت خەلق ئازاد دەبێ لەوەدا کە وەك زیادەی « تصریفی » بێهێنێتەوە یا بێقرتێنێ ، بەوەدا جارێکیتریش راناو نەبونی ئـەم « ت »ە بەرەو ئیسپات دەچێ[١٥] .

دیسانەوە بانگ هێشتنت دەکەم لە گەڵ مـــندا ، بە چاوێکی زەرەبین ، سرنج بگریە ئـــەم تایبەتیەی « فعـل أمر » بـۆ کەسی دووەمی تاك .

صیغەی « أمـــر »ی راستەقینەی وەك (بزۆ ، بکە ، بڵێ ، بژی) هیچ زیادەی « تصریفی » تێـــدا نیە وەك لە صیغەکەی تردا هەیە کە دەگوترێ (بزۆیت ، بکەیت ، بڵێیت ، بژیت) . لەبـەر ئەمە صیغەی « أمر »ی راستەقینە لەو فیعلانەدا کە دوبارە کردنەوەیان

(١٥) لە گوتاری (بەکار هێنانی « ی » لە رێزمانی کوردی) کە لە یـەکەم زمارەی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا بڵاو کرایەوە ، بەراوردێکی مەیلەو ورد هەیە دەربارەی ئەو بۆیانەی هەمیشە بزوێنن و ئەوانەی لە بزوێنی دەکەون ، خوێندنەوەی ئەویان یارمەتی تێگەیشتنی ئەمیان دەدا .

تێدایە چاوپۆشییان تێدا دەکرێ لە نەهێنانی پیتی ئالقەی پەیوەندێ بۆ بەینی کۆتایی فیعلەکان ، کە بزوێنن ، لەگەڵ پاشگری « ەوە » ، کە دووبارە کردنەوە رادەگەیەنێ . لەم حاڵەدا زەروورەت وا دەکا بێهێزترین بزوێن لە ناو بچێ کە بزوێنەکەی سەرەتای « ەوە »یە واتە بزوێنی « ە » کە فەتحەی پێ دەگوترێ لە زمانی عەرەبیـــدا . بەو پێیـە دەگوترێ (بخۆوە ، بکەوە ، بڵێوە) . وابزانم تەنها ناوچەی سلێمانی ، کـە حەز دەکا پیتی پەیوەندێ بـەکار بێنێ ، لەم فیعـلانەدا پیتی « ر »ی ناسـك دەهێنێ بـۆ میانی هەردوو بزوێنەکان و دەڵـێ (بخۆرەوە ، بکەرەوە ، بزورەوە . . » . بەڵام لەوێشدا کە کۆتایی فیعلەکە «رە» بۆ واز لە « ر »ەکەی زیاد دێنن و دەڵێن (وەرەوە ، بشارەوە . .) . ئەم حەز لێکردنەی ناوچەی سلێمانی لە پیتی پەیوەندێ ، هەر خۆی سەبەبی ئەوەیە هەمیشە کات بڵێن (دەڵێیتەوە ، دەخـــۆیتەوە . .) جارێـکیان بە رێـکەوتیش پیتی « ت »ەکە نەقرتێنن . وادەبێ زیاتریش مەیـلی خـۆیان بۆ ئارایشتی وشـــەیی ، کە تایبەتیێکی « حضاری » پێش کەوتوە ، دیارێکەن بـەوەدا کە سـەرەڕای تاکـە پیـتی « ر » زیادەیێکی تری درێژی « تصریفی » بخەنە کۆتایی فیعلی « أمر »ەوە و بڵێن « بخۆرەوەوانێ ، بێرەوەوانێ ، بکەرەوەوانێ » . لە رابردوو و « مضارع »یشدا ئەم زیادییە هەر بەکار دێنن .

ئەم روونـکردنەوانە دەربارەی حالاتی کەسی دووەمی تاك ، بەر لەوە لە کەسی سێیەمی تاك بدوێم و فیعلی دووبارە کردنەوە باس بکەم ،

جێیان خۆش نەدەبو بۆیێ لە شوێنی خۆیانم هەڵەنگاوتن بۆ ئێرە .

کەواتە باوەڕی من ئەمەیە لە فیعلەکانی (دەڕوات ، دەچێت ، دەخوات ، دەڕیث) کە فیعلی «مضارع»ی کەسی سێیەمی تاکە ، نە پیتی (ت) نە پیتی پێش ئـــەو هیچ کامێکیان راناو نین ، پێداویستی «تصریف»ن . وەك ئەوانیش دوَ پیتی (ت ، ن) لە فیعلەکانی (دەڕواتن ، دەخواتن ، بچێتن ، بڕواتن ...) . ئەم زیادییانە ئەگەر راناو بان دەبوا لە شوێنی تردا دەربکەون و ببنـــە هۆی پەیدابونی «حکم و اسناد» لە ئاخافتندا ، تۆ سەیریان کە لەو شوێنانەدا کە بەکاریش دێن «حکم و اسناد» دروست ناکەن چونکە بە قرتانیان چ نوقسانیێك پەیدا نابێ ، «حکم و اسناد»ێك لە رستەدا کە هەیە هەر دەمێنێ . ئەوەی راستی بێ رەنگە جۆرێك «تأکید» رابگەیەنن ، بە تایبەتی لە کاری وەك (دەبارێتن)دا ئیشارەیێکیش هـــەیە بۆ «مستقبل» ، واتە زیاتر لە بەیانی راستیێکی «مطلق» ، رۆدانێکی بەرچاوی چاوەڕوان کراو دەخاتە بەر هەستی مرۆڤەوە .. بەڵام ئەم تێبینییە لێکۆڵینەوەی زیاتری دەوێ .

دەربارەی خاڵی سێیەم کە بزوێنی کۆتایی رســـتەی وەك «دارا مەردە» و زمانزانان بە لاسایی کردنەوەی رۆژئاواییەکان دەڵێن «کاری بۆن ، فعل الکینونە ، Verb to be» یە رەخنـــەیێك و تێبینییێکی بنجیم هـــەیە لەگەڵ هەنـــدێك رۆنکردنەوە کە دەبن بە کۆتایی گوتارەکە .

وەك پێشتر باسم كرد زمانزان هـــەیە لە نێوان هەمو راناوە چالاكەكاندا تەنها بەم بزوێنە دەڵێ « فعل الكينونه » ، واتە ئەمیان زیاتر لەوانی تر قسەی بەسەرەوە هەیە كە فیعل بێ . دەبا بزانین هیچ ئیمكان هەیە ئەم بزوێنە ، یاخود هاوژێـكانی كە راناوە چالاكەكانن وەك (م ، مان ، ین ، ت ، ی — یت ، تـان ، یان ، ن . .) فیعل بن ؟ لەو روەوە زۆتر موناقەشـەیێكی بیروباوەڕەكەم كرد لە روانـگەی تێكڕای راناوە چـــالاكەكانەوە ، لێرەدا كەمێك زیاتر لە موناقەشەكە قۆڵ دەبینەوە بەنیسبەت ئەو بزوێنەوە چونكە تایبەتیێكی سەربەخۆ لەودا هەیە تا رادەیێك وتوویژ دەربارەی ئەو جودا دەكاتەوە لەوانی تر .

لە رستەی (دارا مەردە)دا كوا فیعل ؟ دەزانین هەمو فیعلێك لە خودی خۆیدا ، واتە لە ناوەرۆك و واتای وشەكەیدا ، دۆ رەگەزی هەیە كە هەر خۆیان ناوەرۆك و واتای فیعلەكە پێكدێنن . ئەم دۆ رەگەزە (كات و رۆدان) ن . هەرچی فیعلی جیهان هەیە بیانهێنەوە بە نمۆنەی دەمەتەقە ، تاكێكیان بێ ئەم دۆ رەگەزە نیە و ئیمكانیش نیـە هەبێ . كە دەڵێی (دارا هات) بێ پێویســتی تەئویل و یارمەتیدانی زمانزانانەی من و یەكێكی تر راستەوخۆ راتگەیاند كە رۆدانی « هاتن » لێرە بەپێشەوە بوە ، (دارا)ش لابەری لە رستەدا و بڵێی « هات » ئەم رۆدانە و كاتی لێرە بەپێشەوە سەر لە بەریان لە

فیعلەکەوە هەڵدەقوڵێن و دەبن بە ناوەرۆکی[١٦] . رۆدان و کاتەکە لە مێشکی من و تۆ ، یا خود لە راگەیاندنی واقیعێکی دەرەوەی فیعلەکە ، یا لە « مقتضی الحال » و شتی ئەوتۆوە نەهاتوون ، هەر خۆیان فیعلەکەن . کە دەشڵێین (رۆدان) مەبەستمان پەیدابوونی شتێکی نەبووە ، واتە لە فیعلی (هاتم)دا هاتنەکە لە نوێی پەیدابوو و پێشتر وجودی نەبوو .

لەبەرتیشکی ئەم راستییە بەدیهیانەدا با سەیرێکی (دارا مەردە) بکەین . با بزانین ، بێ شـــەرم کردن لە جێگە و مەقامی زاناکانی ئەوروپا ، رۆدان لە کام بەشی رستەکەدا هەیە ؟ .

(١٦) دەتوانم بڵێم بۆنی « فاعل » کـــارا »بێکبش بە زەرورەت دێتە زیهنەوە ، خۆ ئەگەر گوتبام « هاتم » فاعیلەکە وجودیشی لە فیعلەکەدا دیار دەکەوت ، بەڵام وجودی فاعیل لە دەرەوەی فیعلەوە دێ و رەگەزی فیعلەکە نیە ، دەبێتی هەرجارە فاعیلەکە دەگۆڕێ « هاتم ، هاتین ، هاتی ، هاتن . . » ، بەڵام رۆدان و کاتەکە هەر خۆیانن . بۆ گومان بەسترانەوەی فیعل بە فاعیلەوە لەو زمانانەدا کە راناوی چالاکیان هەیە زیاتر دێتـــە بەر هەست تا ئەو زمانانەی راناوی چالاکیان نیە . کە دەڵێی (من نۆسیم) بەهۆی دەنـــگی « م » لەکۆتایی فیعلەکەدا کە بوە بە کەرتێکی چڕمساوی وشە ، شەخسی فاعیلت هێندی فیعلەکە لەبەرچاوە بەڵام کە دەڵێی « I wrote » بەهۆی وشـــەی « I » نەبێ فاعیلەکە نایێتـــە بەر هەستی مرۆڤەوە ، واتە وشەی « Wrote » خۆی لە خۆیدا کەسی یەکەم بەدەستەوە نادا ، لە راستیدا هیچ کەسێك بە دەســـتەوە نادا . . قسە درێژەی زیاتر هەیە بەڵام دەرفەت نیە .

تۆ کە دەڵێی (دارا مەردە) حەقیقەتێکت پاس کردوە ، ج مەبەستت ئەوە نیە (تازە دارا بۆتە مەرد) تا خەیاڵمان بۆ « رۆدان » بچێ . لە رستەکەدا مەردایەتی دارا رۆداوێکی تازە نیە کە پێشتر وجودی نەبۆبێ . ئەگەر گوتبات (دارا مەرد بۆ) ئەوسا مەردایەتی دارا دەبۆ بە رۆداوێك لە کاتی رابردۆدا .

بۆ رۆنکردنەوە فیعلێکی کەسی یەکەم دێنمەوە : دەڵێی (من مەردم) . ئەم رستەیەش کە کردت بە (من مەرد بۆم) رووداوێکی رابردۆی لێ دەقەرێتەوە ، واتە کە وشەی « مەرد »ت خستە بەر تاوی فیعلێکی راستەقینە ، واتاکەی کە « مەردایەتی »یە دەبێتە « رۆداو » .

تەماشای ئەم نمۆنەیەش بکە : (دارا نوستوە ، من نوستۆم) . لێتەوە دیارە بزوێنی « ە »کە من بە راناوی دادەنێم و پیتی « م » کە بەلای زۆر لە زمانزانانەوە راناوە لەم تەرزە صیغەیەی فیعلدا هەردۆیان دەبنە هۆی بەرهەم هێنانی « رۆدان » . واتە کە گوتبات (دارا نوستو ، من نوستو) رۆدان پەیدا نەدەبۆ هەرچەند لە رستەکەدا صیغەیێکی فیعلیش هەیە و رودانیش رەگەزێکی فیعلە .

کەواتە لە رستەی (مەرد بۆ) دا واتای « تجرید »ی مەردایەتی بە هۆی فیعلەکەی « بۆ » دەبێتە رۆدان . هەروەهاش لە رستەی « نوستوم ، یا نوستوە »دا راناوە چالاکەکان بە هۆی بۆنی صیغەیێکی فیعلی « نوستن »ەوە دەبنە راگەیێنی واتای « رۆدان » ، هیچ

کامێك لە راناوەکان لە خودی خۆیاندا رۆدانیان تێدا نیە .

لەم نمایشـــەدا دەردەکەوێ کە فیعلی «بوون» ت لە وشـــەی «مەرد» دوور خستەوە و راناوی «م» ت لە کۆتایی فیعلزا راگوێست بۆ دوای وشەیێك کـــە رۆدانی تێدا نەبێ وەك وشەی «مەرد» ، ئیترئەو رستەی کە پەیدا دەبێ بەداهەتەن رۆدانی تێدا نابێ ، واتە کـــە گوتت «مـــەردم» گوتەیێکی بێ فیعل و بێ رۆدانت گوتوە چونکە نە وشەی (مەرد) ، نە (م) هیچ کامێکیان بە خەیاڵیش رۆداویان تێدا بەدی ناکرێ .

بە راستی ئەوەی زیهن دەغەلەتێنێ و بەرەو هێندێی دەبا وابزانێ لە رســـتەی «مەردم ، مەردە» دا رۆداو هـــەبێ ، ئەو «حکم و اسناد» ەیە کە راناوە چـــالاکەکە رایدەگەیەنێ و بەوەدا بزۆتنەوەیێکی واتایی پەیدا دەبێ لە رستەکەدا کە هەرگیز لە وشەی ســارد و سڕ و بێ تاو و تین پەیدا نابێ ئەگەر هەزاریشی بە دوایەکدیدا قەتار کەی . کە بڵێیی (لێرەوە تا کەرکوك دەشت) و وەســـتای لە قســـەکەت ، چەند لاشـــەیێکی وشە و ئەمرازت بە دوا یەکدیدا ریزکردوە بێگیان و بزۆتنەوە ، بەڵام کە گوتت (.... تا کەرکوك دەشـــتە) ئا ئەم بزوێنەی کۆتایی رستەکە گیانێك و جموجۆڵێك دەخاتە بەر وشەکان و رەگەزێکی تازە دێنێتە ناوەڕۆکی رستەکەوە کە بریتییە لە بڕیاردانی (دەشتایەتی) مەودای میانی لێرە و کەرکوك . فامرانەوەی ئەو بڕیارە لە رســـتەکەدا وا دەکا خەیاڵ بۆ

واتای رۆدان بڕوا ، کەچی هیچ شتێك لە نەبوونەوە پەیدا نەبوە ، واتە رۆدان لە گوتەکەدا نیە ، لە راگەیاندنی حەقیقەت بەولاوە . ئەو بڕیار « حکم و اسناد »ە لە فیعلیشدا هەیە سەرەڕای ئەوە کە کات و رۆدانیش هەیە ، واتە لە رستەی « نوسی » دا رۆدانی « نوسین » لەکاتی « رابردوو » دا دوو رەگەزی رەسەنی فیعلەکەی « نوسین »ن ، ئینجا بڕیارێکیش هەیە کە رۆداوی « نوسین » لە کاتی رابردوودا قەوماوە . بەڵام لە رستەی (دارا مەردە)دا لە غەیری بڕیاری هەبوونی مەردایەتی کە هێز و پێزی گوتەکەیە ، نە رۆدان نە چ کاتێك مەبەستی گوتەکەیە ، کە مەبەست نیە لێشی نافامرێتەوە .

ئەمە لەلایەن بوون و نەبوونی رۆدان لە رستەی (دارا مەردە)دا .

با بزانین « کات » لەم رستەیەدا هەیە یاخود نیە ؟ .

بەر لەوە لە بارەی کاتەوە تۆژینەوە بکەم دەبێ ئەوە بڵێم نەبوونی « رۆدان » تەنها بۆ خۆی بەسە بێتە ئیسپاتی نەبوونی فیعل ، واتە وشەیێك یاخود تەرکیبێك رۆدانی تێدا نەبێ دیارە فیعلی تێدا نیە ، چونکە رەگەزی هەرە گرنگ لە فیعلدا (رۆدان)ە بەدوا ئەودا کاتە ، سەرەڕای ئەوە کە بە کۆبوونەوەی هەردوو رەگەز فیعل پەیدا دەبێ . سەیری چاوگ بکە دەبینی خۆی رۆدانێکی رۆتە و هیچی تر ، کەچی لەبەر نەبوونی کات تێیدا ، پێی ناگوترێ فیعل هەرچەند کاتیش دوەم رەگەزی فیعلە . بەو پێیە گریمان لە رستەی (دارا مەردە)دا کاتیش هەبێ ، فیعلی هەر پەیدا نابێ چونکە رۆدان لە

رستەکەدا وجـودی نیە ، لەگەڵ ئەمەشدا چ زەرەر ناکەین لە ساغ کردنەوەی بۆن و نەبۆنی کات لە رستەکەدا .

(دارا مەردە ، ئامێدێ شارێکی کوردە ، ئەهریمەن ئەفسانەیە ، زانکۆی سلێمانی چالاکترە لە هی بەسرە ، یا هی بەسرە چەلاکترە لە زانکۆی بەغدا ، دەستی راست لە هی چـەپ بەهێزترە . .) لەم رستانە و هەرچی وەك ئەوان هەیە ، بە خەیاڵی کەسدا تـێناپەڕێ دارا کەی مەرد بوە ؟ شاری ئامێدێ ئێمرۆ یا دوێنی کورد بـوە ؟ دەستی راست لە کەیەوە بەهێزتر بوە لە دەستی چەپ ؟ ، قسەکەر لەو گوتانەدا مەبەستی دەربڕینی راستییەکە[17] بێئـەوە ئاگای لە دوێنێ و ئێمرۆ و سبەینێ هەبێ و بێئەوە رستەکەش خۆی لەخۆیدا چ کاتێکی دەستنیشان کراو رابـگەیەنێ . وا دەبێ لە دەرەوەی رسـتەوە ،

(١٧) عادەت وا رۆییوە بگوترێ « راستی » دەنا ئیمکان هەیە رستەکە درۆی تێدا بێ یاخود کابرای قسەکەر مەبەستی درۆ بێ . زاتەن رستەی « خبری » ئەو رستەیەیە کە هەڵدەگرێ راست بێ یا درۆ بـێ وەك ئەوەی بـڵێی « داری گوێز لە قەزوان بە عومرترە ، دارا ئامۆزامە » . واش دەبێ رستەی« خبری » هەر درۆی رۆتە وەك : شاخی هەورامان لە فەرەنسەیە . لە رستەی « خبری »دا بڕیار هەیە کە پێی دەڵێن « حـکم و إسـناد » ئیتر بڕیارەکە راستی و درۆیی هەڵدەگرێ . فەرقێکیش نیە لەوەدا رستەی « خبری » فیعلی تێدابێ یا نەبێ : باران باری ، سبەی دەچمە پردێ ، دارەکەم ئاو دا .. هەموویان رستەی « خبری »ن . رستەی « انشائی » درۆ و راستی هەڵناگرێ وەك کە بڵێی : کاشکی نەچۆبام ، خوابە لێم خۆش بی ، هەستە لەوێ لا کەوە ..

رێکەوت یاخود حاڵ ، کات بە رستەکەوە دەڵکێنێ وەك : دارا لێرەیە ، من تێرم ، جلەکانم لای وتوچین ، هەموو لەشم تەڕە . لەم رستانەدا دیار دەکرێ راستییەکان لە کاتی ڕێستادا هەن ، بەڵام ئەم دیارکردنە ڕاگەیاندنی حاڵە نەك تەرکیبی رستە . تۆ سەیرکە حاڵ و رێکەوت چ کارێك دەکەن لە رستەی وەك (منداڵەکە نە دەچێتە مەکتەب و نە دەبێتە شاگردیش لای دارتاش) . لەم رستەیەدا هەر دوو فیعلی (دەچێ و دەبێ) فیعلی « مضارع »ن ، کەچی نەچوون و نەبوونە کە لێرە بەپێشەوە مەعلوم کراوە و ڕوداوی تێپەڕیون .

کە دەڵێی (هەنگوین شیرینە) ڕاستییەکت گوتوە لە هەموو کاتدا هەر ڕاستە ، واتە لە وەتەی هەنگوین هەبوە هەر شیرین بوە ، ئێستاکەش شیرینە و لە دواڕۆژیشدا هەر شیرین دەبێ ، خۆ کەسیش ناڵێ لەم رستەیەدا سێ کات بەجارێ کۆبۆتەوە .

کە دەگوترێ کات لە وشە وەیا رستەدا هەیە مەبەست ئەوەیە لە خودی وشەکە یا تەرکیبەکە کات هەبێ نەك لە دەرەوە زەروورەت ، یا ڕاگەیاندنی حاڵ ، یا پێویستێکی عەقڵی و مەنتیقی هێنابێتی . ئەگەر تەماشای تەنها واتا و ناوەرۆکی وشە و تەرکیبی رستە نەکەین و گوێ ڕاگرین بۆ دەنگ و صەدای دەرەکی داخوا کاتمان بۆ تێ دەخوێنێتەوە یا ناخوێنێتەوە ، هەموو فیعلەکان تێکەڵ بە یەکدی دەبن و شیرازەی باسی زانستی زمانی لەبەر یەکدی

هەڵ دەوەشێ ؟ ، حاجی قادر دەفەرموێ :

(هەرکەسێ زا بە ناعەلاجی مرد)

دوَ فیعلی (زا ، مرد) هەردوَیان رابردوَن ، کەواتە ئەم قسەیە هەقی بەسەر ئەو کەسانەوە نیە لێرە بە دواوە دەبن ، ئەو کەسانەش ناگرێتەوە کە وا جارێ نەمردوَن چونکە نەیگوت (بە ناعەلاجی دەمرێ) .

دەڵێی (تێنەکۆشیت ، سەر ناکەویت) . فیعلەکان بۆ کەسی دووەمی تاکن و « مضارع »یشن ، کەواتە کەسێکیتر بەر ئەم قسەیە ناکەوێ ، ئەو کەسەی پێشتریش تێنەکۆشابێت لەوانە بوە دەرچوبێت .

خولاسە دەلالەتی حاڵ نابێ دەخلی هەبێ بەسەر سروشت و واتای وشە و رستەوە . رێزمان خەریکی خودی وشە و دارشتن و تێکهەڵکێشانی ئاخاوتن دەبێ . کە فیعل روالەتی رابردوَ بۆ هەر بە رابردوَ دەمێنێتەوە با دەلالەتیشی بۆ دوارۆژ بێ یا بە پێچەوانە .

لە رستەی وەك (دارا مەردە ، ترێ میوەیە)دا کە وا مەبەست دەرخستنی باوەرێك وە یا راستییەکی «مطلق »ە و هیچ یەك لە بەشەکان و کەرتەکانی رستەکان لە خۆیانەوە پەنجە بۆ کاتێکی دیار کراو درێژ ناکەن، هەر « اعتبار»ێکی دەرەکی بێ و کات « تحدید » کا بۆ ئەم باوەڕە وەیا راستییە ، بایەخی پێ نادرێ لە گۆشەی نیگای رێزمان و زانستی

زمانەوە . کە لە عەینی رستەکەدا کات پەیدا نەبێ ئیتر ئەواکات نیە .

لە عەرەبیدا دەمەتەقە نیە لەسەر هەبوونی رستەی بێ فیعل ، ئەو بڕیار و « حکم و اسناد »ەکە لە کوردیدا بەهۆی راناوی چالاکەوە پەیدا دەبێ ، لەوێدا تەرکیبی رستە ، بەتایبەتی « تنوین الضمة » ، دەیخاتە ناوەڕۆکی گوتەکە : دەڵێی « دارا رجلٌ ، العنب فاکهةٌ » بەوەدا هەمێ واتای (دارا مەردە ، تڕێ میوەیە) بە خۆیان و راناوی چالاکیانەوە هاتنە ناوەوە چ شەڕە دەندۆکێش نیە لەسەر بوونی فیعل . بەڵێ دەزانم نەبوونی فیعل لە هەندێ رستەی عەرەبیدا راستەوخۆ ئیسپاتی شتێك ناکا لە زمانی کوردیدا بەڵام هەر نەبێ بە بیرماندا دێنێ زمان هەیە رستەی بێ فیعلی تێدایە ، واتە نەبوونی فیعل لە رستەدا کارێکی « مستحیل » نیە ، چ سەیر بێ هاتنیشی ناوێ «حکم و اسناد » لە زمانێکدا بە « تنوین » و لە یەکێکیتردا بە راناوی چالاك بێك بێ ، بێ فیعل و بێ کات .

ئێستا کە شریتەی وتووێژ و موناقەشە ، دوای ئەم گەشتە دوور و درێژە ، زۆر بە ئاسایی دەمانگەیەنێتە دوا ئاڵقەی زنجیرەی باسەکە : ئایا کە ئەم بزوێنەی کۆتایی رستەی وەك (دارا مەردە) واتە بزوێنی (ە) کە فەتحەی عەرەبییە ، خۆی هۆی پێكهێنانی حوکم و ئیسنادە لە رستەکەدا دەبێ چ ناوێکی لێبنرێ ؟ ئایا فیعلە یاخود راناوە یاخود شتێکیترە ؟ .

بەنیسبەت پرسیاری ئەوە کە فیعل بێ لێرە بەپێشەوە بە درێژایی

توسینەکەم گوتومە فیعلی تێدا نیە چونکە رۆدان و کاتی تێدا نیە . ئێستا کەش دۆبارە دەکەمەوە ئەم بزوێنە هەرچی ببێ فیعل نابێ . کەسێك بشیەوێ ئیسپاتی فیعل بۆنی ئەم بزوێنە بکا دەبێ بەشێکی زۆر لە رێزمانی کوردی بگۆڕێ تاکو دۆچاری « تناقض » نەبێ لەگەڵ خۆیدا . من لێرە بەپێشەوە گوتم فیعل دۆ رەگەزی بنجی هەیە (رۆدان و کات) و بزر بۆنی یەکێك لەم دۆ رەگەزە لە وشەدا پەکی هێندێ دەخا پێی بگوترێ فیعل ، ئێستا ئەمەش ئیزافەی سەر ئەو قسانە دەکەم کە لەو تەعریفانەی بۆ « فعل » دانراوە لە کوردی ، سەرەڕای کات و رۆدان مەرجێکی تریش دانراوە بۆ حیساب کردنی وشە بە فیعل : دەبێ وشەکە خۆی لە خۆیدا واتایێکی تەواوی هەبێ نەك بە هۆی وشەی تر یا یارمەتی رستە و تەرکیبی ناو ئاخاوتن ، واتە دەبێ فیعل لە تەنها وشەکەی خۆیدا کات و رۆدانی تێدابێ وەك : هات ، دەخوا ، ببینە .. لێرەی رێزمانی کوردی سەر بە کۆڕی زانیاری کوردەوە خۆیشی ئەم « تعریف »ەی پەسند کردوە بۆ فیعل . دەوجا کە ئەم تەعریفە بکەین بە چرا و فیعلی پێبناسینەوە چ لزوم نامێنێ بەنیسبەت راناوی چالاکەوە بە دوا کات و رۆدانیش دا بگەڕێین چونکە ئاشکرایە هیچ کامێکیان بە تەنهایی واتا بە دەستەوەنادا نە بێ زەمان و نە بە زەمان و نە بێ رۆدان و نە وەکی تر .. خۆ ئەوەی راستی بێ لەبەر تیشکی ئەم تەعریفەدا هێشتا دەنگی « مبهم »ی وەك (هەچە ، ختە ، چغە ،

وەشە ، هەیبە ، کشە ..) کە بۆ «امر و نهی» بەسەر ئاژەڵدا بەکاردێ زیاتر بەر واتای فیعل دەکەوێ تا راناوی چالاك چونکە ئەم دەنگە موبهەمانە بەقەدەر « فعل أمر » کات و رۆدانیان تێدایە ، خۆ دیارە وشەی ئەوتۆن دەشنوسرێن . کە گوتت (ختە) وەك ئەوەیە گوتبێتت (ئەی پشیلە لاچۆ ، دۆر کەوە) . نیسبەتی پەیوەندێ کات بە فیعلی ئەمرەوە لە چاو فیعلی رابردۆ و « مضارع »دا داستانێکی سەربەخۆیە ، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەتی هەیە کە بە هیچ شکڵێك لێرەدا جێیی نابێتەوە ، ئەوەندە تێبینییەشم هێنایە بەر چاو تاکۆ خوێنەر یا زمانزان وەك شوانی پسپۆڕ کە وا بە تڕۆکەیێکی[18] شەوقی هەورە تریشقە رانەکە بەسەر دەکاتەوە ، ئەویش لە تڕۆسکەی ئەم تێبینییەڕا لایەنێکی مەیلەو تاریکی زمان بێنێتە ناو جغزی نیگایەوە و زیهنیشی بە دوا لایەنی تاریکیتردا بگێڕێ .

لام وایە چیتر لزوم نیە بە دوا ئیسپاتی فیعل نەبۆنی بزوێنی کۆتایی رستەی (دارا مەردە)دا بکەوین ، چونکە ئەوەندەی هێنامانە بەر چاو لە رۆناکی و بەڵگە و هۆی شت ناسینەوە ، ئەم بزوێنەی رۆت کردەوە لە هەمۆ واتا و سروشت و تایبەتی و روالەتی فیعل .

بەڵێ بێگومان (دارا مەردە) رستەیێکی بێفیعلە ، وەك (مبتدأ و خبر)ی زمانی عەرەبی حوکم و ئیسنادی تێدایە بەڵام نەك

(١٨) تڕۆکە : بە واتای « لحظە » دێ . هەردۆ وشەی « تڕوکاندی ، لحظ » لە چاوەوە سەر هەڵدەدەن .

لە رێی داڕشتنێکی ڕۆتەوە کە « تنوین » تێیدا دەبێتە تەواوکەری واتا ، بەڵکو بەهۆی بزوێنێکی ئاشکراوە کە وا بۆنێکی هەمیشەیی هەیە لە رستەدا و ناشێ بە هیچ جۆرێك بن لێو بخرێ وەك « تنوین » . لە هەر حاڵێك و هەر زەرفێکدا بزوێنەکەت لادا و گوتت (دارا مەرد) رستەکە واتا دەدۆزێنێ ، لە رستەیی دەکەوێ . بەڵێ دەتوانی جێگەی بزوێنەکە بگۆڕی و بڵێی (دارایە مەرد) کە ئەوسا بەولای (حکم و اسناد)ەوە واتایێکی زیادیشت دەربڕیوە وەك « مبالغە » یاخود مەدح بێ .

دەمێنێتەوە بزانین کە ئەم بزوێنە فیعل نەبێ دەبێ چی بێ ؟

بەرلەوە لە پرسیاری (چیە) بتۆژینەوە با سەیرێکی جێگەی بزوێنەکە بکەین لە رستەدا :

من مەردم .

تۆ مەردی .

ئەوان مەردن .

ئێمە مەردین .

ئەو مەردە ، خۆی مەردە ، دارا مەردە .

چ گومانێك نیە لەوەدا بزوێنەکە جێی راناوی چالاکی پڕاوپڕ گرتۆتەوە و وەك ئاوەڵەکانی هۆی (حکم و اسناد)ە لە رستەدا . بەڵام کە ئەمە وا بێ ، لە صەدی صەد وایشە ، ئاخۆ راناوە ؟ .

لێرە بەپێشەوە باسی ئەوەمان کرد لە کوردیدا بۆ پێك هێنانی رستەی بێفیعل راناوی رابردوی تێنەپەڕ بەکار دێ، واتە هەر وەك دەڵێی (ئێمە ڕۆیشتین) دەشڵێی (ئێمە مەردین). چاکتر ئەوەتە لیستەیێك ڕێكخەین بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو بەدیهیە، دەڵێی :

من ڕۆیشتم	من مەردم .
تۆ ڕۆیشتیت	تۆ مەردیت یاخود ڕۆیشتی، مەردی .
ئێمە ڕۆیشتین	ئێمە مەردین .
ئێوە ڕۆیشتن	ئێوە مەردن .
ئەوان ڕۆیشتن	ئەوان مەردن .

کە بێینە عاست کەسی سێیەمی تاك دەڵێین :

ئەو ڕۆیشت .

لەم فیعلەدا، وەك پێشتر گوتمان، راناوی چالاك نیە، کەواتە بۆ پێكهێنانی رستەی وەك (تۆ مەردی، من مەردم) ناتوانین راناوی چالاك بخوازینەوە لە فیعلی رابردوی تێنەپەڕی کەسی سێیەمی تاك، چونکە راناوی چالاکی نیە . بەم جۆرە کە بێین و چاوەنۆڕی راناوێکی نامەوجوود بکەین پەکی وتووێژمان دەکەوێ لە هەمو ئەو رستە بێفیعلانە کە خاوەنەکەیان کەسی سێیەمی تاك بێ چونکە دەزانین لە کوردیدا رستەی بێ فیعل واتا نابەخشێ بێ راناوی چالاك .

لەم سرنج گرتنەڕا دەردەکەوێ ئەم بزوێنـــەی کۆتایی (دارا مەردە) و هەمۆ رستەیێـکی وەك ئەو ، ناچارێ هێناوەتی و جێی راناوی چالاکی کەسی سێیەمی تاکی پێگرتۆتەوە بۆ دروست کردنی رستەی واتادار ، کە ئەمە نەکرابا یا دەبۆ رستەی بێ واتا بەکاربێ وەك (دارا مەرد ، زستان سارد ، براکەت زیرەك) یاخود ئەو رستانە سەر لەبەریان یاساغ بکرێن کە ئەمە شتێك نیە خەیڵ بۆی بچـێ .

رەنـگە کەسێك بڵێ خۆ لە فیعلی رابردوی تێنەپەڕیش راناوی چالاك نەبۆ بۆ کەسی سێیەمی تاك کەچی بە سەلیقە دەزانین فیعلەکە واتای تەواوی هەیە «بە حکم و اسناد»ەوە : کە دەگوترێ (هات ، رۆیی ، نوست ، برژا ، سوتا ، فڕی ..) بەقەدەر (هاتم ، رۆیشتین ، نوستین ، برژاین ...) لەبەر زەوق و زیهنمان راست و دروستە و هیـچ ناتەواوییـکیان لێ هەست ناکەین ، کەواتە رەنـگ بۆ ئەگەر لە رستەی بێ فیعلیشدا راناوی کەسی سێیەمی تاك نەبا پێی راهاتبین و لێمان بە نوقســـانی نەگرتبا . بەڵێ رەنـگە شتی وەها بگوترێ ، خۆ ئەگەر کەسیش نەیڵێ وا من گوتم . بەڵام قسەکە جێی قەناعەت نیە ، کە باشی لێ ورد بیەوە :

جارێ هەر لەپێشەوە خاوەنی زمانەکە وەرامی داوتەوە بەوەدا کە رازی نەبوە رستەی بێ فیعل بێ راناوی چالاك بێ ، راهاتـن و رانەهاتنیش لە زوەوە دەرگەی باس لێ کردنی بەستراوە چونکە زەوقی کوردی خۆی لە عاســـت دۆ «احتمال»ی بۆن و نەبۆنی

راناوی چالاك نەدیوە تا کو ڕێ هەبێ خەیاڵمان بڕوا بۆ « احتمال »ی پێ ڕاهاتن . تا کە « احتمال » هەر ئەوە بوە کە دەبێ راناوی چالاك لە ڕستەی بێ فیعلدا ببێ ، ئەگەر نەبۆ پێویستە بۆی خەلق بکرێ .

بەنیسبەت نەبوونی راناوی چالاك لە بەشی هەرە زۆری فیعلەکان بۆ کەسی سێیەمی تاك و لە فیعلی « أمر » بۆ کەسی دوەمی تاك ، تەعلیلێکی ڕێك و پێك هەیە کە ڕاستەوخۆ لە « فقه »ی زمانەوە هەڵدەقوڵێ ، بەڵام زۆر بەداخەوە ، وەك زۆتر عوزرم هێنایەوە ، چ دەرفەت و مەودای شی کردنەوەی ئەم جۆرە لاباسانە لە گوتارەکەدا نەماوە ، بۆیێ بە ناچارێ لەبیر خۆمی دەبەمەوە و دەگەڕێمەوە بۆ ئەسلە باسەکە و وەرامی دوا پرسیاری سەر بەو بزوێنەی کۆتایی ڕستەی (دارا مەردە) دەدەمەوە و خەریك دەبم بزانم ئەم بزوێنە لە کوێوە هاتوە .

هەرچەند لێم ڕوون نیە لە کەیەوە کورد وێنە ئاخاوتنی ئێستا کەی بەکار دێنێ و لەبەر ئەمە ناتوانم سەرچاوەی مێژوێیی بۆ کەرستەیێکی تەعبیری وەك ئەم بزوێنە دەستنیشان کەم و بیخەمە پەراوێزی زەمەنی خۆیەوە ، دیسانەوە تێکڕای زمانەکە ، وەك میراتێکی مێژوێیی ، تایبەتیەکانی ڕەسەنی کۆنینەی خۆی پاراستوە تا ئەو ڕادەیە کە شارەزاییەکی گشتی و ورد بە تەرکیبی ناوەکی زمانەکە و میکانیزمی هاتنە گەڕی دەستورەکانی دەسەلات

دەدەن بە تۆژەرەوە تەعلیلی گەلێك لەو زاهیرە و رواڵەتانەی بکا کە بنجی مێژوویی‌یان نادیارە. لە فەرزی پێکانی نیشانەش زەحمەت بێ لەو زیهن کاریانەدا ، کوتانەوەی ڕێبازەکانی زمان ئاشنامان دەکا بە تێك کردنەوە و لە یەکدی ترازان و راستایی و پێچە بە دەورەیان ، ئیتر وەك بەڵەد بتوانین دەوری نیشان هەڵبێین ، کە نەشی‌پێکین .

زانیان ناچارێ ئەم بزوێنەی هێناوە تاکو جێی راناوی چالاك پڕ کاتەوە لە رستەی بێ فیعلدا . ئێستا پرسیار لەوە دەکرێ بۆچی ئەم ناچارییە شتێکی‌تری نەهێنا ؟ چ دەقەوما بگوترابا (دارا مەردك ، یاخود مەردش ، یاخود مەردوف) یا هەر شتێکی تر بێ ؟ بێ گومان چ نە دەقەوما ، بەڵام ئەوساش پرسیارەکە هەر بە ملەوە دەما و دەگوترا بۆچی ئەم پیتە ، یاکۆمەڵە پیتە هات زیادە لە هەمۆ شتێکی تر ؟

من ئەوەندەی تێدەفکرم لەوە کە ئەمرازێك یاخود هۆێکی تەعبیری ڕێك و پێکتر و ئاسانتر و سۆکتر لەم بزوێنەیە بدۆزمەوە و بڵێم دەبوا سەلیقەی کورد ئەوی هێنابا و کەڵێنی ناچارێ پێ پڕکردبایەوە ، ناگەم بە هیچ ئەنجامێك ، ئەو ئەنجامە نەبێ کە زمانی کوردێ لە خۆوە و بێ مامۆستا ئەم بزوێنەی هێناوە کە کەمترین میقداری ئاخاوتنە و لەو کورتتر چ دەنگ پەیدا نابێ ، و کردوەتی بە مزە و باجی ناچارێ !! چەردەپە و ڕێی پێ گرتوم

دەیەوێ شتێکم لێ بسەنێ ، منیش بە تاکە یەك « فلس » لە کۆڵ خۆم کردەوە و رێگەم پێ چۆل کرد . بە جگەرە رازیم کردبا لە فلسێکی پتر دەگرتەوە .

کەواتە پیر و باوەڕی من ئەوەیە کورد بە ئەسل لەبەر ناچاری ئەم بزوێنەرەی هێنا و لەمەشدا کەمترین ئەرکی بە خەرج بردوە چونکە لەوە کەمتر و ستوکتر چنگ ناکەوێ .

بێگومان لە کوردیدا (ئاسانی تەعبیر) یەکێکە لە تایبەتیەکان و مەبەستەکانی ئاخافتن . لە گوتاری (بەکارهێنانی « ی » لە رێزمانی کوردیدا) کە لە بەرگی یەکەم — بەشی یەکەمی گۆڤاری کۆڕدا بڵاوکرایەوە هەوڵم داوە ئەم لایەنەی زمانەکەمان نەختێك ڕوون کەمەوە لە رێبی ڕوون کردنەوەی سروشتی نەرم و شلی دەنگی (ی) وە کە بە زۆری لە پێکهێنانی رستە و واتادا بەکار دێ . ئەم بزوێنەی (ە)ش هەمان سروشتی بایەخداری هەیە بەڵام لە ڕوی زێدە کورتییەوە . ئەوەی راستی بێ بزوێنی « ە » هێندە کورت و « مختصر » ە بە بەرپەوە نیە نەرم و شل بێ . بەڵام لەگەڵ ئەم هەمتو کورتییەشدا هەرگیز ناشێ تێبچێ ، کە وەك راناو بەکارهاتبێ ، چونکی نەمانی راناوەکە واتای رستەکە لەناو دەبا . لەبەر ئەم هۆیە گرنگەیە کاتێك کە بکەوێتە دوای و شەیێك کوتاییەکەی بزوێن بێ (یێی) پەیوەندی دێ و دەبێتە ئیستگە تا بزوێنەکە خۆی بەسەرەوە بگرێ . دەڵێی (ئەمە چرایە ، لەسەر چاوت بڕۆیە ، ناوت چییە ،

پارەم پێبێە ، منداڵ حەزی لە گەمەیە) . کە کۆتایی وشە (واوی تیژ) بۆ وا دەبێ بزوێنەکە دەخەنە سەر واو ، واشدەبێ (یێ)ی پەیوەندی[19] بۆ دێننەوە . دەگوترێ (جارێ زووە ، جارێ زوێە) .

ئەم راستییە ، بەرەو دواوە ، تیشکێك داوێ بۆ سەر یەکێك لە و مەوزوعانەی پێشتر لێی دواین .

ئەو لەهجە کوردییەی کە دەڵێ (دارا مەردەس) چ یێی پەیوەندی ناهێنێ بۆ پاراستنی بزوێنەکە ، بە پێچەوانە بزوێنەکە تێدەبا و هەر سینەکە دەهێڵێتەوە و دەڵێ (چراس ، برۆس . .) . کە سرنج بگرین دەبینین فارسیش هەر وا دەکا ، واتە دەڵێ (بالاست ، نیکوست . .) . لەمەڕا دەردەکەوێ ئەم لەهجە کوردییە بەهۆی نزیکی و دراوسێیەتی لەگەڵ فارسدا سینەکەی هێناوەتە ناو ئاخاوتن و هەندێك لە راستە شەقامی کوردی دوورکەوتۆتەوە ، بزوێنەکەی (دارا مەردە)ش پاشماوەی (است)ی فارسی نیە و بەچکەیێکی زادەی کۆشی زمانی کوردییە .

ئەم بزوێنەی «ە» بەهۆی سۆکی و کورتییەوە بۆ مەبەستی تریش بەکار دێ لە ئاخافتندا ، بەڵام دیارە لەو حاڵانەدا «حکم و اسناد» پێك ناهێنێ ، وەك ئەوەی لەگەڵ ئیشارە و ئەمرازی «تعریف» دا خۆ بە وشەوە دەلکێنێ ، دەڵێی (پیاوەکە ، ئەم

(١٩) وشەی (پەیوەندی) بۆ ئێرە دەست نادا بەڵام ماوەم نیە پەدوا وشەیێکی تردا بگەڕێم .

پیـاوە ، ئەو پیـــاوانە ، پیاوەکان . .) . وا دەبێ کـە بە دوا بزوێندا هات یێیەك دێ و دەیهارێزێ واش دەبێ تێ دەچێ ، دەڵێی : (ئەم برایە ، ئەم پەنجەرەیە) کە لێرەدا پارێزرا ، بەڵام لە رستەی وەك (پەنجەرەکە داخە ، براکەت رۆیشـت) تێچۆ . شـێوەی تریش هەیە بۆ تێبردن و پاراستنی بزوێنەکە لە لەهجەی تری زمانی کوردیدا وەك کە لە ناوچەی کۆیێ و زۆر شـوێنی تری کوردستاندا دەڵێن (برایەکەم هات ، ئەو پەنجەرە داخە) .

وا دەبێ بۆ دارشتنی وشەی تازەش بزوێنەکەی « ە » بەکاردێ ، دەڵێی (چـــاك ، چاکە ـ خراپ ، خراپە ـ دەست ، دەستە ـ لێکەوتە ـــ کردە و بردە . .) . کە خەریك بی گەلێ جۆری تری بەکارهێنـانی ئەم بزوێنە دەدۆزیتەوە لە زمانی کوردیدا ، کە ئێرە جێی هێندێ نیە .

کەواتە پوختەی باوەڕی من دەربارەی بزوێنی رســـتەی وەك (دارا مەردە ، رێگاکە ســـەرەو لێژە . .) ئەوەیە کـە ناچارێ هێناوەتی بۆ دروستکردنی « حکم و اسناد » لە رستەی بێفیعلدا ، لەم کارەشدا بە ئەرکی (راناوی چالاك) هەڵدەستێ ، کەواتە :

ئەم بزوێنە جێی راناوی چالاکی گرتۆتەوە .

ئەم بزوێنە بۆتە راناو .

ئەم بزوێنە راناوە[٢٠] .

* * * * * *

« ڕوون کردنەوە »

لەم گوتارەمدا نیشانەی سەر « ی »ی دڕێژی قۆچاوم هـەر بۆ ئەو « ی »ە بەکار هێناوە کە نەلکاوە بـە پێش خـۆیەوە وەک وشەی (کوردێ ، بڵاوێ ..) . قاڵبی ئەم « ی »ە لە شکڵی لـکاوی بە پیتێترەوە ، نیشانەکەی « ـ » وەک دۆ خاڵی پیتی « ت » خـۆ دەنوێنێ ، بە داخەوە ئەمە هەڵەی ئەو ساختمانەیە کە پیتەکانی دارشتوە بۆ چاپی کۆڕی زانیاری کورد ، وا کۆڕ خەریکە پیتێتر دادەڕێژێ کە خۆش خوێن بێ .

دیسان دەسپارێزیم نەکردوە لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە بـۆ مەبەسی تێگەیاندن . زاراوەکانی « ماضی ، مضارع ، أمر ، حکم ، اسناد ، مطلق ، فعل ، فاعل ، مفعول ، مصدر ، ظرف ، صفه ،

---

(٢٠) تـکایە لە سەرەتای دێڕی دوازدەم ، لاپەڕە (٢٩) ی ئـەم گۆڤارە (خاوەن گیان) راست کەوە و بیکە بە (خاوەن کیان) بە واتای (قەوارە) ، وەک کە بڵێی (قەوارەی سیاسی ـ کیانی سیاسی) . بە داخەوە ئەم هەڵەیە واتای رستەکەی بە جارێ گۆڕیوە ، بێویستم زانی خێرایی بکەم لە ڕاکێشانی سرنجی خوێنەر بۆ راستی وشەکە .

موصوف .. » و گەلێکی‌تری وەك ئەمانە هەمو کەس تێیان دەگا ، لەوانەیو کە وەرم‌گێڕابانە سەر کوردێ ، بە هۆی ئەوەوە کە وا جارێ خەلق پێیان رانەهاتوە ، واتا و مەبەســـی نوسینەکە بەلای گەلـێ کەسەوە وەزەحمەتتر کەوتبا .

خۆم ئازاد زانیوە لە پەیڕەوی کردنی جۆری ڕێنوس ، چونکە تا ئێستاش بڕیارێك دەرنەچوە بۆ دەســـت نیشـان کردنی یەکێك لەو جۆرانەی لە باودان . تا ئەو ڕۆژەی بڕیارێك شوێن خشکەی خامە ڕوَن دەکا و بەسەردا ڕۆیشتنی بۆ دەکا بە دەســـتوَر ، من و تۆ و هەمو کەسێك دەتوانێ یەکێك لە ڕێنوسە ئاشناکان بکا بە گەشتگەی خامەی .

ئاغڵەب باسەکان کە لێیان دواوم گەلێك زیاتر لێکوڵینەوە و تۆژینەوە و درێژە پێدان هەڵدەگرن ، هەندێك باسیش هـەن هـەر بەجارێ لێیـان خامۆش بـــوم . ئەوەی راستی بێ ، لەبەر تازەیـی تۆژینەوەی « فیـلۆلوجی » لە کوردیدا ، بەتایبـەتی لەبـــەر کاری وێرانکەری لاسایی کردنەوەی بێگانە لەو هێندە تۆژینەوە کەمـــەی کە تا ئێستا خراوەتە کۆڕی ڕۆشـنبیرێ کوردییەوە ، زوربەی سەرە باسەکانی زمان ، هەریەکەیان هەڵدەگرێ کتێبی دوَر و درێـــژ و بەهـــێز و پێزی لەسەر بنوســـرێ . باسی « ضمیر ، راناو » بە کتێبێك تەواو نابێ کە بمانەوێ لە هەمو بارێکیەوە لێی بدوێین ، دەشێ لە هەڵـکەوتی دواڕۆژدا بۆ خۆم خەریکی تەواو کردنی بەشێك

لەو باسەنە بم کە بە ناتەواوی لەم گوتارەدا لە سەرم نوسیون .

گۆشەگیریم کرد لە ناوهێنانی ئەو نوســـەرانە کە رەخنەم لە رایەکانیان گرتوە ، تاکە ناوێك نەبـــێ کە تێزادیتەیی برایەتی و ئاشنایی میانمان زاڵی کردم بەسەر دۆدڵی کردن لە دەربڕینی ، خـۆ ئەگەر هاتبام یەك یەك ناوی نوسەرەکانم هێنابا و رایەکانم بە درێژی هەڵسەنگاندبان ، ئیتر هەر نەدەگەیشتم بە کۆتایی گوتارەکە ، کە وا لەگەڵ هەمو مەودا لێ کورت کردنەوەشی هێندە خۆی لێك کێشایەوە کە مەجبوڕم بکا تکای بەخشین بکەم لە گۆڤار و لە خوێنەرانی .

* * * * * *

ـ ملخص المقال ـ

دورة قلم حول «الضمير» فى اللغة الكردية

العضو العامل : مسعود محمد

جهد علماء اللغة قديما ، وسيجهدون مستقبلا ، لتبين اقسام الكلام حسب طبيعة الكلمة ودورها في التحدث . وفي مستطاع من يريد إعمال ذهنه ، اذا ساعدته معلوماته اللغوية ، ان يقنع نفسه وجانباً من الناس بالتقسيم الذي يراه منطبقاً على مفردات اللغة ويقيم الدليل على صحة ما ذهب اليه ، ذلك ان الكلام ليس له وجود مادي يخضع للأمتحان المختبري الذي يظهر صحة وخطأ الأشياء بالدليل القاطع فكل موضوع من مواضيعه يتحمل اجتهادات مختلفة ويجتذب اراء متباينة . وليس شأن عالم اللغة كشأن عالم الكيمياء ، مثلا ، في تحليله للمواد من حيث توصله إلى نتيجة واحدة صحيحة فانه من الممكن ان يختلف عالمان في اللغة رأياً وأسلوباً ويكون كلاهما قد سلك في مذهبه درباً مطروقاً في الاسان فقد يحتمل ان تكون قاعدة من قواعده قد تشكلت من التقاء جملة لهجات مختلفة او ان

تكون احدى قواعده قد تفرعت الى لهجات متعددة فيكون احد العالمين قد سلك في رأيه سبيلا تحاذى سبيل صاحبه وتساويها في الاستقامة . وقد ينشأ اختلاف الاجتهاد من كون اللغة ، دون سائر الأمور الصادرة من الانسان أو الحاصلة خارج كيانه ، نتاج ارادته واختياره فانه يخلق معانيها ومبانيها ويستنبعها من ذاته بأكثر مما ينبع الماء من العين لان العين لا تخلق ماءها على حين يصنع الانسان كلامه من كل وجه فيتأتى من ذلك ان يقرأ عالم اللغة في دخيلة نفسه رأيا صادق الأصالة في واحدة من مسائل اللغة ويقرأ غيره رأياً يخالفه ويساويه صدقاً وأصالة . ولعل الخير كل الخير في قضايا اللغة الكردية ان تتعدد الاجتهادات واساليب البحث عند علمائها فما من باحث اختص بطريقة أو رأى الاوكان وراء ذلك نظر بعيد وفكر طويل يعود خيرهما على اللغة نفسها ولو غنمنا من بين كل ثلاثة أو اربعة اراء غالطة رأيا واحداً صحيحاً لغنمنا خيرا كثيراً . ولا يقلل من قيمة الرأى الصحيح كونه جاء من اتباع اسلوب غير تام العلمية ولا يشفع للخطأ انبثاقه من منهج علمي حديث . واكبر خطأ يركبه باحث اللغة أن يستقى آراءه من استاذ اجنبي قصارى علمه فيها مقدار يساعده على حمل مسؤوليته كعالم اكاديمي . فاللغة ليست الفاعل والمفعول والمصدر وما اليها من مصطلحات اللغويين وانما هي حركة النفس ونفاذ الفكر وجولان الذهن والسليقة حين تتصرف في المعاني وتطوع لها القوالب . فلا يكفى للكردي الذي يتكلم في قواعد الانجليزية أو العربية ان يقدم الفعل على المفعول في الكلام ويقول مثل الانجليز والعرب « أرى رجلا ، I see a man » مخالفا بذلك بديهة الكردى في تقديمه المفعول على الفعل ، بل يجب ان يلابس ذهنه بنية هاتين اللغتين وتتشربها بديهته حتى ينسى كونه قد صدم في قولته تلك حاجزا من

حواجز لغته الأصلية أو كسر ضابطاً من ضوابطها . وانه بقدر ما يساعد عالم اللغة علم يأتيه من الكتب فى تفهم اللغة وخصائصها ، يساعده غوصه هو على مكنونات اللسان وإدراك روابط اجزائه الداخلية وتشابك مبانيه بل ان استكناه هذه الخصائص والروابط والتشابكات عن سبيل التمحيص والملاحظة والمقارنة بفكر سليم وسليقة مستقيمة أهدى للباحث من الكتب والقراطيس . ومن اقتل العلل في بحوث لغة كاللغة الكردية لم يرتدها بعد مرتاد ، استعارة ضوء اجنبي عنها لفحصها وتمحيصها والنظر اليها بغير العين الكردية .وما اكثر ما تسمع في معرض مناقشة مسألة من مسائلها الشائكة شخصاً يقول « لما كانت اللغة الكردية من أسرة اللغات الهندية ـ الاوروبية فانه يجب كذا وكذا . . » مرددا بذلك قولا جاهزاً في كتب القواعد الأجنبية فكأنه قد نسى في ضوء ذلك القول السحري أن أهل كوي سنجق وپژدر و وديار بكر ومهاباد وبقية اجزاء كردستان الكبرى هم اكراد قبل ان يكونوا من الشعوب الهندية — الاوروبية ومع ذلك تجد الخلاف والتفاوت في اساليب كلامهم وقواعد اخراجهم للمعاني .وقدوقع كثير من باحثي اللغة الكردية في خطأ انكار وجود الجملة الأسمية فيها اتباعاً منهم للرأى الذي يقول ان جميع اللغات الهندية الاوروبية خالية من الجملة الأسمية وهم في ذلك واقعون في الذي سماه اهل الأصول « المصادرة على المطلوب » فاننا لم نسلم بعد بخلو اللغات الهندية الاوروبية من الجملة الاسمية كي ينتظر منا التسليم بخلو اللغة الكردية منها ، ولا فرق من حيث وجود « المصادرة » بين هذا القول وبين القول بانه لما كانت اللغة الكردية تحتوي على الجملة الأسمية وجب التسليم بوجود الجملة الاسمية في جميع اللغات الهندية الاوروبية فانه لم يسلم بعد بوجود الجملة الأسمية في الكردية لكي

يعم حكمها بقية اللغات الهندية الاوروبية مع ما في التعميم من تحكم قد لايستقيم .

الباحثون في قواعد اللغة الكردية يتبعون مذهب المدرسة التى تلقوا منها علمهم فمنهم من تثقف في العربية فاستعار قواعدها ونقلها في شبه حرفية الى اللغة الكردية او انه طابق بين تلك القواعد وبين اللغة الكردية بما حقق فى نظره تطويع الكردية وقولبتها في تلك الأطر وقسم الكلام الكردي الى اسم وفعل وحرف وجعل الضمير من اقسام الاســـم وسماه متصلا ومنفصلا الى أخر ماهو وارد في كتب العربية .

أما المطلعون على ثقافة الغرب والمتأثرون بها والمتتلمذون على علمائها فقد قسموا الكلام الكردى تقسيما منتهاه هو الاقسام الثمانية في قواعد الانجليزية من اسم وضمير وصفة وفعل وظرف والـ« Preposition »وحرف الربط والـ «Interjection ».واستعاروا للضمير الكردي اسماً مترجماً من« Pronoun » الغربية فجعلوه « بۆناو ، جێناو، راناو » التى تعنى« للأسم ، مكان الاسم ، نحو الاسم » بالتتابع وقد غلب على ألسنة اللغويين في كردستان الجنوبية ، ومنها العراق ، هذا المصطلح الأخير « راناو » الذى صار هو نفسه عنواناً لهذا المقال .

اما فيما يخص الذاهبين مذهب علماء العربية في نظرهـــم الى الضمير الكردى فانهم كانوا احرياء ان يستعملوا بدل « الضمير » مصطلح « المعلن والبارز .. » فانه بقدر انطباق الضمير على المطلوب منه في العربية ينطبق في الكردية لفظ المعلن والبارز وما هو أدل منهما على الوضوح وذلك لخطورة الدور الذي يؤديه «الضمير» في الكلام الكردى فهو وحده المحتوم الوجود دون

سائر اقسام الكلام في كل كلام كردى تام المعنى ، فقد يختفى في الجملة الأسم أو الفعل أو الحرف ولكن لابد للضمير ، أقصد المتصل منه، من وجود بارز أو كالبارز فانه باستثناء الفعل المسند الى المفرد الغائب وفعل الأمر الصريح المسند الى المفرد لمخاطب لا يفيد الكلام في الكردية معنى تاماً اذا خلا من الضمير المتصل فهو في الواقع « داينمو » اللغة الكردية وخالق « الحكم والاسناد » في جملها ، ومن دونه لايستقيم لقائل قول . ان الضمير المتصل في الكلام الكردي هو بمقام الخيط الذى يجمع اشتات القماش ملبوسا تام الصنع أو هو مادة اللحم التي تضم الادوات الصغيرة بعضها الى بعض ليخرج من مجموعها معمل متكامل. ولا يصح قطعاً اعتبار الضمير ظلا للاسم أو لغيره بحسبانه قسماً أو جزء منه لانه روح الكلام ولحمة المعنى فيه وسداه .

اما متابعو مدارس الغرب من مثقفى الكرد فقد ابتعدوا في محاكاتهم لاراء تلك المدارس من مفهوم الضمير ومقامه في اللغة الكردية بأكثر مما ابتعد مقلدو علماء العربية فانهم إذ ترجموا الـ « Pronoun » الى « بلاناو ، جێناو ، راناو » ليفيد التصاق الضمير بالأسم وتلاشيه فيه فقد اوفوا على الغاية في طمر خواص الضمير واطفاء جذوته وسلبه طاقاته الخلاقه في الكلام الكردي . ولقد نظروا من خلال هذه التسمية المضللة الى كل لفظ في الكرديه يصح قيامه مقام الاسم فاعتبروه ضميراً حتى جمعوا اشتاتاً من الكلام تحت عنوان الضمير لا تجتمع الاكما يجتمع الماء والنار اذا رسمت حولها اطاراً فضفاضاً يضم الشيء وضده فانهم ساووا بين الضمير المتصل في « رأيتُ » وبين الفاظ « فلان ولاشيء وهل » وقالوا أن كل ذلك شيء واحد لاحتمال قيام أحد الاسماء مقام كل واحد من تلك الألفاظ . فالركيزة

التي ينهض عليها بنيان تصورات اولئك الباحثين عن الضمير هو امكان قيام اسم من الأسماء مقام لفظ من الألفاظ لاعتبار ذلك اللفظ ضميراً . وعلى هذا فانه يمكن اعتبار جميع اسماء الجنس من الضمير فان العنب مثـــلا يقوم مقام الفاكهة ويقوم النفط والفحم مقام المحروقات ويحل القميص محل الملبوس ، بل انه بمثل ما يسوغ مجيء اسم «محمود» مكان لفظ « فـــلان » في جملة « جاء فلان » فانه يصح مجيء لفظ « العم » سـواء بسواء فانت تستطيـع ان تحذف « فلان » من الجملة فتقول « جاء محمود أو جاء عمى » وهكذا تنقلب اسماء القرابة والنسابة والصداقة والعداوة كلها الى ضمائر . وقد يسهل اعتبار لفظ « آلو ـ هـــلاو » ضميراً بحجة ان المقصودمنه « يا انساناً في نهايـة الخـط » .

ومن غريب ما فعله اغلب اهـل هذه المدرســـه انهم بعدما تكلفـوا الابتعاد عن مفاهيم قواعد العربية بدعوة كون الـكردية من عائلة اللغـات الهندية الأوروبية رجعوا فقسموا «الضمير الشخصى Personal Pronoun» وهو بنظرهم واحد من ســـبعة انواع من الضمائر ، قسموه الى منفصـل ومتصل فسموها «راناوى جودا و راناوى لـكاو» نقلاً حرفياً من الضمير العربية ووقعوا بسبب ذلك فى وهم كبير أتى على البقية الباقية من صفاته وخصائصه وطبائعه ، فأنه كما لا يصح وصف البشر بانه حيـوان يمشى على الأرجل كذلك لا يصح نقل المصطلح العربى وهو « المتصل » لأطلاقـه على ما يماثله في الضمير الـكردي فالانسان يبقى انساناً حتى بعد قطع رجليه والضمير المسمى بالمتصل يبقى «داينمو» اللغة الـكردية حتى بفرض منع الصاقه في الـكتابـة .

والذي أراه فى شأن مصطلح « المتصل » انه من قبيل المجرم المدان

المهدر دمه و أضع مكانه من جانبي مصطلح « النشيط ـ چالاك» دونما انتظار الفتوى من الباحثين في قواعد اللغة الكردية ويكون أنسب من « النشيط » اى لفظ آخر ادل على الحركة والفعالية . واتريث في تبديـــل « الضمير ـ راناو » بمصطلح آخر وأرى أن يتولى تبديله جماعة من الباحـثين أو المجمع العلمي الكردي نفسـه . ويتداعى مـن النشيط لفظ « المستقر » كمصطلح للنوع المنفصل .

وقد قسم اصحاب هذه المدرسة الضمير الى سبعة انواع فقالوا :

١ ـ ضمير الاشارة ٢ ـ ضمير الاستفهام ٣ ـ ضمير النفس « نفسـه ونفسي ونفسك » ٤ ـ ضمير التملك « وهـو لفظ واحـــد يقابـل of في الانجليزية » ٥ ـ ضمير الربط « وهو يقابـــل الموصـولات في العربيـة » ٦ ـ ضمير المبهمات مثل « فـــلان ، لاأحد ، اى انسان ، عـلان ، الرجـل ، واحد . . » وقسموه الى بسيط ومركب ٧ ـ الضمير الشخصي وهو يقابل الضمير في العربية بنوعيه المنفصل والمتصل .

ورايي حول هذه التقسيمات انه اذا سـاغ اعتبار الفاظ « انا ـ نحن ، انت ـ انتم ، هو ـ هم » وأشكالها المتصلة ضمائر فليس بجائز قطعاً اعتبار الاقسام الأخرى ضمائر لوجود فوارق بينهـا لا تزال الا اذا أُزيلت اللغة الـكردية أو مسخت الى غير حقيقتها الواقعة ، فالضمائر المتصلة أو التي سميتها « النشيطة » لايجمعها اى جامع مـــع ذلك الخليط من الأسماء وغير الأسمـــاء في الاقســـام السـتة الأخرى بل ان الضمير النشيط يتميز في عمله حتى عن الضمير المستقر تميزاً مطلقاً وما كان ليجتمع معه لولا انه منبثق منه . ويعرف تفصيل هـــذا التميز بمتابعة المقال الـكردي واضـافة الملاحظات

والاستقرا آت الأخرى إليهـا وتلك أمور لايتسع لها طوق هذا التلخيص . والمقال الـكردي نفسه ضاق عن شرح أمور كثيرة وردت في تضاعيفه منها تعليل خلو اغلب الافعال المسندة الى المفرد الغائب وفعل الأمر الصريح المسند الى المفرد المخاطب من الضمير النشيط ومأتى هذا الأستغناء ومقام ذلك من ظاهرة ملحوظة في الـكلام الـكردي هي الاكتفاء بأقل ما يؤدى الغرض . ومثل ذلك كثير من المسائل المتفرعة من البحث .

وارى ان الاقسام الستة الأحرى لا تجتمع بدورها تحت مصطلح واحد ضميرا كان ام عنواناً آخر ، بل ان كثيرا من مفردات القسم الواحد تختلف ولا تأتلف ، فان لفظة « هل » أو همزة الأستفهام هي لمطلق السؤال على حين يأتى « من » كلمة تامة المعنى من مضامينها السؤال عن هوية انسان دون سائر الموجودات والمسميات . فـكيف يمكن اعتبار « أ ، هل » من الضمائر وما من تأويل مهما كان متعنتاً يستطيـع تطويـع معناهما لحلول اسم من الاسماء مقامهما . ولو اجزنا لأنفسنا مط التعاريف والمصطلحات حتى تحتضن الشيء وما يخالفه فمن العبث الاشتغال بتقسيم الـكلام ثلاثة أو ثمانية أو عشرين قسماً ويكفي ان تجمع الفعل والاسـم باعتبارهما الفاظاً دالة على معنى تام ، فانه مهما أجهد الباحث نفسه ليقيم الفروق بين الصفة والظرف لما اهتدى الى واحد من عشرة من الفرق بين تاء « كتبت » وهمزة الأستفهام . والمصادر اقرب الى الأفعال من قرب « فـلان » الى « هل » ، ففي المصدر كما في الفعل يوجد الحدث وهو اهم عنصري الفعل باعتبار الزمان عنصره الثاني على حين يتباعد « فلان و هل » من كل وجه .

واتنـاول بالتحليل مصطلح « الضمير الشخصي — راناوى كەسى »

واراه غير منطبق على المقصود منه فانه يلاحظ ان ضمائر المتكلم والمخاطب لا تستقيم لمفهوم « راناو Pronoun » التي يقصد منها « مكان الاسم أو نحوه » لان هذه الضمائر سيما ضمير المتكلم ، منحصرة في نفسها ولا يمكن لأي اسم أو غيره ان يحل محلها في الكلام . فضمير المتكلم والمخاطب منشغل بنفسه منفصلا ومتصلا فانت حين تقول « انا ذهبت ، أنت أتيت » امتنع عليك ابدال (أنا وانت) باي لفظ آخر فلو كان اسمك «دارا» وكنت معروفاً لدى من تكلمه ما استقام قولك « دارا ذهبتُ » . ولا يقبل هنا حجة من يقول ان لفظي « انا وانت » دالان على الشخص ولو امتنع مجيء الاسم مكانهما ، فالمقصود بالـ « Pronoun » وما يقابله في الكردية « راناو » صلاح اللفظ لأبداله بالاسم في الكلام لا في الفكر : ولو تدخل فقه الفكر في فقه اللغة واجرى عليه احكامه لتعذر الخوض في مسائله فان لفظ (الضمير) نفسه ليس ضميرا والفعل ليس فعلا والصفة ليست صفة وهكذا . . . فالضمير الشخصي للمتكلم والمخاطب يأتي في الجملة متكاملا مع نوعه النشيط ولا يمكن لنشيطه ان يكمل الجملة الا اذا كان الصدر فيها ضميراً مستقراً « منفصلا » للمتكلم والمخاطب . غير ان الضرورة أجازت الاستثناء من القاعدة المذكورة في مثل .

دارا وأنا ذهبنا

دارا وأنت ذهبتما — والتثنية في الكردية جمع

حيث ان الجمع يتطلب في الاسناد ضميرا نشيطاً للجمع واقرب الجمع الى ما فيه « المفرد المتكلم » هو جمع المتكلم ، والى ما فيه « المفرد المخاطب » هو جمع المخاطب فلا يستقيم قولك « دارا وأنا ذهبتُ أو ذهبتَ أو ذهبتم أو ذهب أو ذهبوا » وكذلك في « دارا وأنت » لا يتأتى إكمال

الجملة الا باسناد فعلها الى جمع المخاطب ، وما « نحن » الا « انا و دارا وبرزو » وما « أنتم » الا « انت ودارا وبرزو » .

على هذا لا يستقيم قطعا معنى «Pronoun ،راناو» في ضمائر مفرد المتكلم والمخاطب . أما ضمائر الغائب فانها وان كانت محملا صحيحا لمفهوم « راناو » فهي لا تأتي بالضرورة للاشخاص فقد تنصرف الى الأشياء والبهائم . صحيح ان الضمائر هي في الأصل موضوعة للانسان ولا يزال ضمير المتكلم لا يدل حقيقة الا على الانسان فليس غيره من متكلم وكذلك المخاطب لاينصرف الى غير الانسان الا بتكلف وتصرف ، غير أن ضمير الغائب بسبب اشتراك الأنسان والاشياء في حالة « الغياب » قد سهل اطلاقه على الانسان وغيره من الغائبين . وعلى هذا فضمير الغائب هو « راناو — Pronoun » بحق وحقيق ولكن ليس حتماً ان يكون «Personal أو كهسي أو شخصي » لاحتمال انصرافه الى الكرسي والجبل والبعوض . . ولما كنت أنا ارى وجوب فصل هذه الضمائر عن بقية أقسام الكلام فانه تنتفي الحاجة إلى تسميتها بالشخصي وغيره حيث لا موجب للاحتراز من المعدوم .

والظاهر أن مشاركة ضمير الغائب للاشياء الغائبة كلها فى « صفة الغياب » هي التي اوقعت في الاوهام امكان اعتبار كثير منها من الضمائر حيث ان الغائب يسهل مجيئه مكان غائب آخر مثله الا اذا منع ذلك مانع مادي او عقلي فالحجر مثلا لا يأتي مكان الفأر ولكنه يأتي مكان مواد البناء، والفجل لا يقوم مقام دولاب الهواء ولكنه يقوم مقام « الخضار» وهكذا . وهنا مزلق زلقت عليه الأقدام باصحابها الى اعتبار « لا أحد ، فلان وعلان .. » من الضمائر .

والمنكرون لوجود الجملة الأسمية في اللغة الكردية انقسموا في معالجة المشكلة الى قسمين : فمنهم من استعار من الوهم والعدم فعلا تخيل وجوده في الجملة حيث لا وجود حتى لشبح الفعل فقال انه في جملة « من كوردم ـ انا كردى » فان الصوت الذي هو كالكسرة المختلسة في نهاية كلمة « كورد » هي بقية فعل كان موجودا . وهذا القول ينكر جملة حقائق ترقى الى مرتبة البديهيات : منها ان هذه الكسرة المختلسة ، وأسميها أنا الحركة المحايدة ،[1] جاءت بها الضرورة لأمكان تلفظ حرف « الدال » التي تأتي بعدها الميم[2] ساكنة فانك لا تستطيع لفظ الدال ساكنة والميم بعدها ساكنة . وهذه الضرورة ملحوظة حتى في الكلمة الواحدة ، وليست فقط الكلمة التي بعدها ضمير أو اداة فلا يمكن مثلا لفظ حرف الكاف ساكنه في كلمة « شه كر ـ سكر » مع تسكين الراء بعدها . والحروف في الكردية متفاوته في قابليتها لتتابعها ساكنة ، وموضوعها غير مطروق حتى الان وان كنت انا قد كونت فكرة مجملة عنها ودرست قرابة مخارج بعض منها وصلاح التقائها ساكنة ولا مجال هنا للخوض فيه .

ثم ان هذه الكسرة المختلسة تنعدم اذا كانت الكلمة منتهية بأحد حروف الحركة كقولك « من ئازام ـ أنا جرىء » فها هنا جاءت الالف حركة مطلقة لا كسرة مختلسة فيها ولا يحزنون وجاء بعدها ضمير المتكلم

---

(١) أسميها الحركة المحايدة لان النية لم تتجه فيها الى اي من الحركات المعلومة وغاية أمرها أنها تقل « Stress » يوقع على الحرف لامكان تلفظه حين يلتقى ساكنا مع ساكن اخر فاذا حرك هذا الحرف الاخير اختفى الثقل من الحرف الاول لانتفاء الحاجه اليه .

(٢) الميم هنا ضمير نشبط للمفرد المتكلم ويفيد الاسناد والخبرية في الجملة .

المفرد « م » ساكناً مطمئناً . وحتى في الكلمة التي هي مثل الـ « كورد » في المثال السابق فانه لا وجود للكسرة المختلسة اذا جاء بعدها الضمير النشيط للمفرد المخاطب او جمع المتكلم لان الضمير فيها يبدأ بحرف حركة هو « الياء » فتقول « تو كورديت ـ انت كردي و ئيمه كوردين ـ نحن اكراد » فاين هو هذا الفعل وما أثر وجوده في الكلام ؟ لا شيء مطلقاً من فعل وغيره بين نهاية الكلمة وبين الضمير النشيط ولا يمكن أن يقع بينهما شيء لان الضمير النشيط مغن وحده عن كل ما عداه من أقسام الكلام ويخلق الاسناد ومعنى الخبرية بنفسه بل انه يبلغ من الفعالية حداً ينهض معه هذا السؤال : هل فى الامكان ان يفيد الفعل خبرا اذا خلا من الضمير النشيط ؟ فالضمير يفيد الحكم والاسناد ليس في الجملة الاسمية فقط بل في الفعلية أيضا ولا حياة للكلام بدونه .

والقسم الاخر الذي انكر وجود الجملة الاسمية فى الكردية تجنب الوقوع في توهم وجود شيء معدوم ولكن وقع فيما هو أدهى وأمر وهو اعتبار الضمائر النشيطة في تلك الجمل هي الافعال وقد ساواها بما يسمى في الانجليزية « فعل الكينونة Verb to be » . على ان أيسر ملحوظة تفند هذه الدعوى هى ان افعال الكينونه في الانجليزيه تتصرف الى ماض ومضارع في حين ان الضمائر النشيطة لا تتصرف لانها ليست أفعالاً فضمير المفرد المتكلم هو نفسه فى الجملة الاسمية من مثل « من كوردم انا كرديّ » وفي الجملة الفعلية « من ديتم ، انا رأيت » وحين يأتي مضافا اليه « برام دارا ، أخي دارا » أو فاعلا او مفعولا بحسب مكانه في الجملة في احوال أخرى لا يمر بها غير الضمير النشيط . أفيعقل ان يكون هذا الضمير فعلاً وهو مضاف اليه في الجملة ؟ أو حين يأتي فاعلاً ومنشئاً للاسناد والحكم بعد الفعل مباشرة ؟ وهل

يصح في فكر سليم ان يكون التاء في « ذهبتُ » فعلاً جاء بعد الفعل .. كلام ماكان أحراه ان لا يخرج من بين الشفاه ولكنه التعصب لفكرة « انعدام الجملة الأسمية في اللغات الهندية ـ الاوروبية » يدفع بحامله الى تناسي البديهة . يبقى ان يقال ان الضمائر النشيطة هى افعال حيث تختفى الافعال الظاهرة فهي تكون مرة ضمائر ومرة أفعالاً ولا ادري ماذا تكون في حال الأضافة حيث لا يوجد فعل ظاهر . وخلاصة القول ان الجملة الأسميه موجودة في الكردية بل انها مؤكدة الوجود ويصح ان اقول انها محتومة الوجود لان كون الضمير النشيط هو منشىء الاسناد والخبر والحكم يقتضي مجيء جمل خالية من الفعل الذي هو مظنة انشاء الاسناد والخبر والحكم في الجملة دون سائر اقسام الكلام ليتأكد انحصار هذه الخاصية في الضمير النشيط .

وقد تركت في المقال مناقشة خمسة من اقسام الضمير التي حوتها القائمة السباعية الانفة ، واقتصرت على شرح « الضمير النفسي » لكونه هو وحده من بين الاقسام الأخرى يصح أن يأتى في الكلام صدر الجملة ويكمل معناها الضمير النشيط المناسب من متكلم أو مخاطب فكيف أمكن مجيء الضمير النشيط العائد على المتكلم حصراً بعد مبتدأ أو فاعل مثل « خۆم ـ نفسى » ؟ .

يقال :

خۆم هاتم — نفسى جئت .

خۆمان هاتين — نفسنا جئنا .

وقد جاز ذلك لان لفظ « خۆ ـ نفس » يستغرق معنى « من ، ئێمه ـ انا ونحن » فهو يساويهما تماماً . ثم انه يؤكد معناها فضلا عن انه لايجوز هذا الاسناد الا اذا كان « خۆ ـ نفس » مضافاً الى الضمير النشيط من « انا ،

نحن » فمتى ما انحل التركيب الاضافي عادت كلمة « خۆ » كلمة قاموسية تعنى الذات والنفس وال « self » . وتظهر هذه الحقيقة بوضوح اكبر اذا لاحظنا استعمال كلمة « هەمۆ » التى تعنى الكل حين تضاف الى الضمير النشيط للمتكلم او المخاطب فأنت اذا قلت « هەمۆمان ـ كلنا » جاز لك ان تأتي بعده بالضمير النشيط للمتكلم لتكمل به الجملة فتقول : « هەمۆمان دیتمان ـ كلنا رأينا » فانه لما كان لفظ « هەمۆ » في هذه الجملة يستغرق جمع المتكلم ويؤكد معناه وهو في الوقت نفسه مضاف الى الضمير النشيط العائد على الجمع المتكلم فكأنه بهذا أصبح هو الجمع المتكلم فامتنع مجيء ضمير نشيط غير عائد على الجمع المتكلم لأكمال الجملة . لكنك اذا قلت « ثلثنا ، أو ربعنا » وهما بعض من الكل جاز في الكردية وجهان للكلام فلك ان تكمل الجملة فتقول « ربعنا جئنا » لأن الربع هنا وان كان لا يستغرق جمع المتكلم فهو لايشمل انساناً من خارجه لذلك امتنع اسناد الجمعية في الجملة الى جمع غير المتكلم ، وجاز أيضاً ان تقول « ربعنا جاء » باسناد الفعل الى لفظ الربع لا معناه . وأوقع في سليقة الكردي ان يجيء الفعل « مفرداً » باعتبار لفظ «الربع» مفرداً فانه لما افترق فعل «جاء» من المتكلم من حيث الشخصية، حسن افتراقه منه من حيث « الجمعية » أيضاً . ولا يستقيم في سليقة الكردي ان تقلب المتكلم الى غائب ثم تستبقى من المتكلم معنى الجمعية فتسنده الى الغائب ليصبح جمعاً . ومن اجاز في الكردية « ربعنا أو ثلثنا جاءوا — سێیه‌كمان هاتن » تنكب في قواعدها شوارعها العامة وسلك الأزقة . .

ومن البديهي ان لفظ « هەمۆ » لا يضاف الى المفرد من متكلم ومخاطب وغائب لان المفرد لا يقبل الانقسام كي يأتي لفظ قابل له (الا اذا كان الضمير المفرد يعود على لفظ معناه جمع وفي ذلك تفصيل لا يتسع له المقام)

ففي الكردية لايقال « هەموم هاتم — هەموت هاتى — دارا هەموى هات » اى « كلي جئت — كلك جئت — داراكله جاء » ولا يتأتى ايضاً قول « نيوەم هاتم — نيوەت هاتى — دارا نيوەى هات » أى « نصفي جئت — نصفك جئت — دارا نصفه جاء » فليس للواحد نصف . [وتميز الغائب في الأمثلة المتقدمة بايراد اسم علم مفرد فيها لاحتمال عودة ضمير المفرد الغائب على مثل « الجيش والعشيرة والجمهور وما اليها » وهي في معناها جموع تقبل القسمة] .

فالألفاظ تدخل في الجملة وتقع منها مواضع حسب مفهومها وطبيعتها ولا علاقة لذلك كله بالقواعد فاذا كان لفظ « خۆ » يقبل الاضافة الى المفرد ولا يضاف « هەمۆ » الى المفرد ، او اذا كان من خصائص « هەمۆ » قبول التجزئة وكان « خۆ » لا يتجزأ ، فأن اختلاف استعمالها في الجملة تبعاً للاختلاف في الخاصية لا يدخل ضمن اهتمام « قواعد اللغة » . ثم انه يمكن حذف الضمير النشيط الذي يضاف اليه « هەمۆ — كل » فيقال « هەمۆ هاتين — كل جئنا » بحذف ضمير جمع المتكلم وذلك لا يدل قطعاً على ان « هەمۆ — كل » هو الضمير وان المحذوف ليس ضميراً .

وفي المقال تفصيلات في أمور اخرى كثيرة لا تفيد غير المتمكن من الكردية فآثرت عدم ذكرها هنا . وهذه الخلاصة لم يلحظ فيها التسلسل الذي التزمته في الأصل الكردي ، وانما كان همي سرد الأفكار الملخصة في وضوح ما امكن .

* * * * * *

وشەی کوردی

ئەندامی کارا : عەلائەدین سەجادی

کورد وەکو هەمو نەتەوەیەکی تر نەتەوەیەکە خاوەنی زمان و نەریت و خاکێکە ، کەوتۆتە شوێنێکی سنوردارەوە لە رۆژهەڵاتدا و لە رەگەزی ئاریيە . ئەم ئارییانە لە سەردەمی کۆچی یەکەمیانا هەندێکیان رۆبەرۆی ئەورۆپا بۆنەوە ، ئەوانەیان کە مانەوە لە پاش ماوەیەکی درێژ ئەمانیش بۆن بە دۆ بەشەوە : بەشێکیان رۆیان کردە هیند و بەشەکەی تریان بە ناو بانی ئێراندا بڵاو بۆنەوە . ئەوانەیان کە لەم ناو بانەدا مانەوە (پارس)یان دروستکرد ، ئەوانەشیان کە رۆبەرۆی زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس بۆنەوە (ماد)یان دروستکرد . لە پارس (فارس) و لە ماد (کورد) هاتە ناوەوە . کەوابۆ کورد ـ کە مەبەستمان لێرەدا زمانەکەیەتی ـ واتە زمانەکەی زمانێکی سەربەخۆ و خاوەنی رەگ و رەگەز و ریشەیەکی پتەوە ، لە بەربەیانی مێژوویەوە بە سەربەخۆیتی ژیاوە ، هەرچەندە کۆسپی هاتبێتە سەر رێگا

هەموی ساف کردووە و کەسیەتی خۆی بەرەڵا نەکردووە . پاش ئەوە کە ئیسلامەتی داهات زمانی عەرەبی بە هۆی ئایینەوە کەوتە ناویەوە و تا ئەندازەیەك کنەی تیا کرد . ئەمیش هەر نەیتوانی — وەکو لەمەودوا باسی ئەکەین — زاڵ ببێ بەسەریا ، هەر ئەوەندە هەبو توانی بە هۆی ئایینەکەوە هەندێ وشەی خۆی فرێ بداتە ناویەوە . کەوابو تا ئەم رۆژە زمانی کوردی چ لە بارەی ریشەوە و چ لە بارەی ئەدەبەوە هات و چۆیەکی ئەگەر بوبێت تەنها لەگەڵ ئەو دوو زمانەدا بووە و هیچی تر .

بەشی یەکەم کە شێوەی بە ناو زمانی فارسییە لەبەر ئەوە کە هەر لە سەردەمی کۆنەوە پێشهات و دام و دەزگای وای بۆ هێناوەتە پێشەوە بووە بە خاوەنی حوکم و جڵەوی فەرمانڕەوایتی سیاسی گرتۆتە دەست . لە بارەی زمان و ئەدەبەوە سەردەمی پێش لێشاوی ئەسکەندەری ماکدۆنی لە پلەی یەکەمدا و ئەو و هاتنی ئیسلام و سەرکەوتنەکانی عەرەب لە پلەی دوەمدا زۆر تاریکە ، لە سەدەی هەشتەم و نۆیەمی میلادیدا بەرە بەرە شوێن هەواری ئەدەب و زمانی بە تەواوی هەر بە هۆی فەرمانەوە دەرکەوت و رۆژ بە رۆژ رووەو گەشە بۆن هەنگاوی زل زلی ئەنا . گومانی تێدا نییە حوکم لە هەر شوێنێکا بۆ زمانی ئەو شوێنە بڕەو پەیدا ئەکا . ئەو شێوە زمانی فارسییە کەوتە ناو ئەدەبەوە و بە هەموی لایەکدا بڵاو بووەوە . یەکێ لەو شوێنانە کە بە ناو زمانی فارسی و

ئەدەبی فارسی تیا بڵاو بووەوە وڵاتی کوردەواری بۆ ، بە درێژایی یازدە ســـەدە ئەم شێوە زمان و ئەدەبە لە ئامـــانی کوردەواریدا ئەستۆزایەوە ، لە بارەی تاکە تاکەی وشەوە بە جۆرێ خۆی چەسپاند کە هەر وشەیەك لە کوردیدا بوترایە و ئەو وشەیە لە هۆزراو وە یا رستەیەکی فارسیدا هـــەبوایە خێرا ئەوترا ئەوە فارسییە . ئەم جۆرە رایە لە ناو خوێندەوارانی کورد و تەنانەت رۆژەڵاتی ناسەکانیشا بە تەواوی بڵاو بووەوە و کەس بەلای هیچی ترا نەئەچۆ ؛ نەچۆنەکەش لەبـــەر ئـــەوە بـــۆ کە لێکۆڵینەوەیەك لە باری زمانی کوردییـــەوە — چونـــکە حوکمی بەدەستەوە نەبۆ — نە ئەکرا و کەس بە تەنـــگ ئەوەوە نەبۆ کە بنج و بناوانێك تاقی بکاتەوە . وەکۆ وترا باوەڕەکە وای لێهاتبۆ هەر وشەیەك کە کوردەکە بەکاری ئەهێنا هـــەر بەو مەرجە فارسیش بەکاری بهێنایە ئیتر بە بێ دۆ دڵی خێرا ئەوترا ئەوە فارسییە ! . نەوەك هـــەر ئەوەندە بەڵـــکۆ ئەم جۆرە باوەڕە ئیشێـــکی وای کردبۆ کە زۆر کەس لەوانە وا خۆیان بە زانا ئەزانی بە هەندێ لە رۆژەڵاتی ناســـەکانیشەوە — بەڵام ئەمان لەبەر مەبەستی تایبەتی — ئەیانوت زمانی کوردی لقێـــکە لە زمانی فارسی . وای لێهاتبۆ زمانی کوردی هەر بە ناو ناو ئەبرا بە زمان ئەگینا لە باوەڕی ئەوانا زمان نەبۆ ! . زانایانی پێشـــوی کوردیش لەبەر ئـــەوە بە زمانەکەی خۆیان نەیانخوێندووە و نەیاننوسیوە وا دیارە بەلای ئەو بیرەدا نەچۆن کە لە زمانەکەی خۆیان بکۆڵنەوە و قسەیەك لە ریشە و بنج و بناوانیەوە بکەن . جا لەم رووەوە باوەڕی من ئەمەیە :

جارێ لە بارى ئەو زمانەوە کە پێى ئەڵێن فارسى :

وەکو لە پێشەوە وترا زمانى فارسى لەگەڵ زمانى کوریدا لە ریشەیەکى مام ناونجیەوە یەك ئەگرنەوە ، پاشان فەرمان و حوکم واى کرد کە ئەو لە لقەکە بووە و بۆ بە خاوەنى ئەدەب و کتێب و پەروەردە کردنى بەشى خۆى ، فەرمانەکە بۆ بە هۆى ئەوە کە کەسانى تر بێنە ناویەوە و بە خۆیان و بەوانیترەوە دەست بکەن بە بەخێو کردنى . گومانى تێدا نییە زمانێك کە کەسانى تری تێکەڵاو بۆ ئەو زمانە هەرچەندە لە بارى سیاسەت و فەرمانەوە بەرز ئەبێتەوە بەڵام لە بارى جەوهەرەوە تا رادەیەك کەسیەتیەکەى خۆى ون ئەکا .

ئەدەب زۆر بۆ لە زمانى فارسیدا و لە وشەى غەیرى تێکەڵاو بۆ ، ئەو ئەدەبە بەو وشەى بێگانانەوە کەوتە ناو کوردیشەوە و بڵاو بووەوە ، بە جۆرێك بڵاو بووەوە و دەستى کێشا بە سەر دڵاناکە بە بێ هیچ دۆ دڵیەك ئەوترا ئەمە فارسییە ، بە مەرجێك ئەو وشانە کە بە فارسى ناو ئەبران ئەوانە هەمۆ ئەو وشە کوردییانە وە یا ئەو وشانە بۆن کە فارس و کوردەکە هەردوکیان تیایانا هاوبەش بۆن و بە هۆى ئەدەبە بە ناو فارسەکەوە کە حوکمى بە دەستەوە بۆ گەڵابووەوە بۆ کوردەکە ، کوردەکەش ئەمەى نە ئەزانى کە ئەمە هى خۆیەتى و بە زەوتکراوى بە دیارى بۆى هاتۆتەوە ، هەر لەگەڵ ئەبینى لە ناو ئەدەبە فارسییەکەدایە و ئەویش ئەو وشەیە لە قسەو باسیا بەکار دێنێ ئەیوت ئەمە فارسییە لەگەڵ ئەوەشا

وا نەبێ بەڵکو هی خۆی بێ ئەو وای لێ تێ‌ئەگەیشت ! .

بە وێنە وشـــەکانی وەکو : (ئـارام ، گومان ، کەمان ، جیهان ، ئاسمان ، ریشە ، پیشە ، خوێش ، نۆش ، گۆش ، هۆش ، چالاك ، چابوك ، چامە ، خامە ، نـامە ، دلـێر ، کار ، بار ، سەرکار ، پێشکار ، زێوەر) و بە سەدەها وشەی‌تر بۆچ ئەبێ بە فارسی بزانرێن و بۆچ کوردی نەبـن ؟!، بۆچ ئەبـێ بەوە نەزانرێن کە زەوت کراون و دەستمان کەوتونەتـەوە ؟!. هـەر لەبەر ئەوە کە فارس خستوێنیە ناو نێوسینەوە و ناردوێنیەوە بۆ کورد ئیتر ئەمە بێ بە هۆی فارسی بێنیان ؟!. دیارە ئەمە نابێ بە هـۆی فارسی بێنیان بەڵـکو کاڵای خۆمانە و بۆمان گەڕاوەتەوە .

جگە لەمە هەندێ وشە هـــەن کە « و » و « ی »یان تیایە و هەر دوَ شێوەکە بەکاری دێنن ـ شـێوەی کوردی و فارسی ـ وەکو : « کوشش ، گـۆڕسـتان ، کـۆپارە ، کـۆچ ، شـــێر ، دێـر ، بێزار ، بێکار ، بێـگار » و زۆری تریش . ئەم « و » و « ی »یە لە شێوەی کوردیدا کراوەن و لە شێوەی فارسی ئێستەدا گوشـراون ، فارسەکان ئـــەو (و) و (ی)یە بە (واو) و (ێ)ی مەجهوڵ نـاو ئەبەن ؛ واتە بەو چەشنە کە کورد ئەیانڵێ ، ئەڵێن ئەوانە بە چاو ریشـە بناغەییەکەوە راسـتترن و لە ناو شـێوەی زمانی فارســیدا نەماون .

بەڵێ وشەی واش هەیە کە ئێستە کوردەکان بەکاری نایەنن و

فارسی سەردەمی سەدەی سێیەم و چوارەمی هیجری بەکاریان هێناوە ، وەکو : ئاوەند ـ تەخت و پایە ، (کاز ـ قەیچی و برنگ ، فەرسەب ـ حەماڵی خانو ، بتفوز ـ پۆزە ، ئازیر ـ وشیار و ئامادە ، گوشن ـ نێر و داواکردنی مێگە بۆ نێر لە گیانلەبەردا) و گەلێ وشەی تریش . ئەمانە ئێمە ناتوانین بە موڵکی تەواوی فارسی دابنێین ، بەڵکو موڵکی کورد و فارسن و ئەوەندە هەیە ئەوان لە نێوسینا بەکاریان هێناوە .

ئەنجامی ئەم قسانە دێتە سەر ئەوە :

ئەو وشانە کە بە سەر زاری کوردەوەن و بە فارسی ناویان دەرکردووە من ئەو وشانە بە کوردی ئەزانم و وشەیەك نین کە فارسی وە یا فارسی ڕۆت بن ، ئەو پەڕی ئەوەیە وشەیەکن فارس و کورد وەکو یەك تیایانا هاوبەشن بەڵام لەبەر ئەوە کە تا ئێستە چۆنە بنج و بناوانێك لە زمانی کوردیدا بە تەواوی نەکراوە فارسەکان و ئەوانەی کە بە ناو خەریکی تاقی کردنەوەی بنج و بناوانی زمانی ڕۆژهەڵاتیان کردووە ـ ڕۆژهەڵاتی ناسەکان ـ بە فارسییان داناوە و کوردەکەش هەر کەوتۆتە شوێن ئەوان و وتوێە فارسییە ! .

* * * *

ئەمجا زمانی عەرەبی :

سەرکەوتنەکانی ئیسلام پەرەی سەند ، ئەم سەرکەوتنە لە ڕێگای کوردەواریەوە ڕۆ بە ڕۆی وڵاتی فارسی ئەو سەردەمە بووەوە .

ولاتی کوردەواری کەوتە ژێـر ئالای ئیسلامەتیەوە . زمانی ئیسـلام لەو سەردەمەدا زمانی عەرەبی بۆ ، تاکە تاکەی ئەم زمانە تا ئەندازەیەك هـەر لە سەرەتاوە لە ولاتا بلاو بووەوە . ئەم تاکە تاکە وشانەش دۆ جۆر بۆن : هی ئایینی و هی بێجگە لە ئایینی . ئەو وشە ئایینیانە کە پێشتر لە ناو کوردەواریدا مەعناکانیان هەبـۆ وشـەی عەرەبی نەیتوانی ئەوانە فڕێ بدا و خـۆی لە شۆێنیان دابنیشێ ، وەکۆ وشـەکانی : (مزگەوت ، نـوێـژ ، ڕۆژۆ ، دەسـتنوێژ و شتی تریش) . ئەم جۆرە وشانە لەبەر ئەوە کە لە پێش هاتنی ئیسلامدا چەمکەکانیان لە ناو کورددا هەبۆن وشەکانیان هەر لە سەردەمی خۆیانا بۆ داناون ، ئەو وشانە وەکۆ خۆیان مانەوە ، زمانی عەرەبی نەیتوانی ئەوانە بگۆڕێ و لایانبەرێ . ئەو شتانەش کە لە پێشوترا بەو جۆرە کە لە ئایینی ئیسلامدا هەیە لە ناو کورددا نەبۆ زمانی عەرەبی توانی وشەی خۆی بچەسپێنێ ، وەکۆ : « حەج ، زەکات » « ظهار ، ایلاء » لە زمانی ئەهلی شەرعدا ، ئەمانە وەکۆ خۆیان کەوتنە ناو کوردەوە و هەر لە سەر ئەو گوزارانە مانەوە .

بەڵێ ! زمانـی عەرەبی لە سەردەمەکانی پـاش پەرەسەنـدنی ئیسلامدا بەهۆی ئایین و حوکمەوە خزمەتێکی زۆر کرا ؛ لە لێشاوی مەعانی زمانەکانی تر ڕۆێنرایە ناوبەوە و بـۆ بە زمانێـکی زینـدۆ ، وەکـۆ لە مەعانی زمانەکانی تری وەرگرت لە وشەی ئـەو زمانانەش هەر کەوتە ناوبەوە . ئێستە من بە تەواوی قسـە لەوەوە ناکەم کە

لە وشەی زمانی کوردیش کەوتە ناویەوە ؛ ئـەو وشـانە کە لە رەچەڵەکدا کوردی بۆن و پاشان زمانی عەرەبی دەستکاری کردن و کردنی بە هی خـۆی وە لە راستیشدا بۆ بە هی ئـەو ، وەکو وشەکانی : « جوالق » کە جوالّە ،« الجوهـر » گەوهـەر ، « کردن » گەردن ، « جلنار » گوڵ هەنار ، ئەمانە بۆن بە هی ئەو .

گەلێ وشەی واش هەیە کە رێخنی وشەکە لە هـەردوَ زمانەکەدا وەکو یەك وایە ، بەڵام گوزارەکانیان جیایە وەکو بەوێنە : «ریش» لە عەرەبیدا بە پەڕ و لە کوردیدا بە ریشی ریش ئاسایی ئەڵێین . « دور » لە عەرەبیدا خانۆەکان ، لە کوردیـدا پێچەوانەی نزیك . « زور » لە عەرەبیدا درۆ ، لە کوردیدا زبر . « کەیل » لە عەرەبیدا ئەوزاری پێوانە ، لە کوردیدا پڕ . وە یا بە زیاد کردنی « أل » لەسەر وشەکە لە عەرەبیدا و بەبێ ئەو لە کوردیدا وەکو : « البراز » لە عەرەبیدا بە دەشتێکی بڵاو و پان و پۆڕ ئەڵێین ، لە کوردیدا بەبێ « أل »ەکە بە خۆگ ئەڵێین . « الکودن » لە عەرەبیدا یەخـتە تێستر ، لە کوردیدا بەبێ ئەو ئەلف لامە بە زەین کوێر ئەڵـێین ، ئەمانە و هی تریش .

ئەمە لێرەدا ئـەو حوکمە ناکرێ کە هی عەرەبییە و کەوتۆتە ناو کوردییەوە ، وە یا کوردییە و کەوتۆتە ناو عەرەبییەوە ، بەڵـکو ئەمانە هەر یەکە شتێکی سەربەخۆن و کەسـیەتی زمانەکەیان ئـەو مەعنایانەی بۆ دروست کردووە .

بەشی دوەەم ئەو وشـــانە کە ئەوترێن عەرەبین کەوتونەتە ناو زمانی کوردییەوە . ئەمانە ئەگەر سەیری ئەم قسەیە بکەین لە روالەتا زۆر زۆرن ، هەر لە ناو « اسماء الاعلام » ، کردەوە « فعل »ەوە ، وەکو : « عبدالله ، طاهر ، عبدالرحمن ، فاطمه ، رضا ، رمضان ... هتد »، « مقصد ، قصیده ، محافظ ، حارث ، شـــط ، حضور ، صحیفه .. هتد » .

جا لەم لایەنەوە لێکۆڵینەوەیەك پێویستە :

زمانی زمانێك ئەوەیە کە خاوەنی ئـەو زمانە کاتێ کە وترا لێی تێ بگا ، وەخۆکەی پلەشی لە زمانا هەیە ، واتە نابێ بیر و باوەڕی ئێستە بسەپێنرێ بەســەر ســەد ساڵ لەمەوپێشترا ، زمانیش ئەوەیە کە خاوەنەکەی بیزانێ . ئەم وشـــانە کە باسکران لە هەواری خۆیان پەڕیون و کەوتونەتە ناو زمانێکی ترەوە کە زمانی کوردییە ، کوردەکە دەستکاریی وشەکەی کردووە : « عبدالله » بووە بە عەولاّ ، « طاهر » بووە بە تایەر ، « عبدالرحمن » بووە بە ئەورەحمان ، «فاطمه» بووە بە فاتە ، « رضا » بووە بە رەزا ، « رمضان » بووە بە رەمەزان . هەروەها « مقصد » بووە بە مەقسەد ، « قصیده » بووە بە قەسیدە ، « محافظ » بووە موحافز ، « حارث » بووە بـــە حارس ، « شط » بووە بە شەت و « حضور » بە حوزوَر ...

وەرە تۆ بچۆ لە دۆرگەی عەرەب وە یا دەشتی شام و بەسرە یەکێ ناوی (عبدالله) وە یا (عبدالرحمن) وە یا (فاطمه) بێت

بانگی بکە عەولاّ وە یا ئەورەحمان وە یا فاتە بە بێ گومان کەس هەر لاشت لێ ناکاتەوە چونکە تێناگا کە تۆ ئەوت مەبەستە . وە یا لە قسە کردنت لەگەلیانا بڵێی موحافز وە یا شەت وە یا مەقسەد دیسان گومانی تێدا نییە بەو جۆرە دوانە کە تۆ لەگەلیان ئەدوێیت لێت تێ ناگەن و نازانن چی ئەڵێیت . کەوابۆ ئەو جۆرە وشانە لە مۆڵکی ئەوان دەرچۆن و بۆن بە مۆڵکی تۆکە کوردیت .

یەکێکی وەکۆ مەولەوی ئەڵێ « شەتاوان » کە ئەمە بریتییە لە « شەت » و « ئاو » و « ان »گەل و مەبەستی رۆباری بەفراوەکانە . ج عەرەبێك لەمە تێئەگا کە ئەمە « شط ، ئاو ، ان » جمە ؟ . ج کوردێك ئەمەی بە دلاّ دێت کە ئەمە « شط ، ئاو ، ان »ی گەلە ؟ .

ئەجا بە پێچەوانەی ئەمە عەرەبێك بچێت لە دۆڵی شارەزۆری جارانا وە یا لە ناوچەی موکریدا باسی ئەستێرەی (گەلاوێژ) بکا و بڵێ : « کلاویش ، کلاویج ، کلاویز » وەکۆ راست هەروا ئەیڵێن ، وە یا لە باتی (چەرمەڵە) لەو شوێنانەدا بڵێ « جرملە » ، وە یا لە باتی (گۆیژە) ، بڵێ « کویجە » ، لەباتی (گاورتەپە) بڵێ « کاورتبە » بە بێ گومان کەس لێی تێ ناگا و نازانن چی ئەڵێ . کەوابۆ ئەم وشانە بەو جۆرە کە ئەو ئەیانڵێ کوردێ نین و ئەگەر کوردیش بن لە مۆڵکی کورد دەرچۆن و بۆن بە مۆڵکی عەرەب .

تەنانەت هەر لەم سەردەمەدا کە وا هاتوچۆیش بە تەواوی

باوی سەندووە وشەیەکی وکتو (دوکان) کە عەرەبەکان بە دەنگێکی تر ئەیڵێن و ئەڵێن « دۆکان » ئەم وشەی « دۆکان »ە بۆ ئەو (دوکان)ە لە باوەڕی منا کوردی نییـــە و لە مووڵکی کورد دەرچووە چونکە کوردەکە خۆی نایڵێ « دۆکان » بە واوی کراوە ـ بەڵکو ئـەڵێ (دوکان) بە بێ کراوەیی .

دوور نییـــە بوترێ ئەم وشانە بەو جۆرە و ئـــەو ڕێختە لە مووڵکی کورددا هەر نەبووە و نییە تا تۆ بڵێیت لە مووڵکی دەرچووە، ئەگەر ئەوان دەربچن ئەبێ مەعناکانیشیان هەر دەربچن ! .

ئەڵێین : مەعنا دەرنەچووە ، مەعنا شتێکی چەســـپاوە ؛ ئەو کابرایە گوزارەیەکی وەکتو چەمکی گەلاوێژ ، وە یا گۆزیژە ، وە یا گاورتەپەی بەر دەست کەوتووە خۆی هاتووە نـاو و وشـەیەکی بۆ داناوە ، گوایە بە بیری خۆی ناو و وشەی ئەو شـوێنەیە کە ئەوی تێدایە و ئەیڵێین ، کەچی ئەوە نییە بەڵکو شتێکی ترە و ئەو خـۆی دروستی کردووە .

ئەمە لە لایەن گوزارەوە ، لە لایەن وشەکەشەوە ئەو لای وایە وشەی« کلاویج » ـ بە وێنـــە ـ ئەوەیە کە خەڵکی ئەو ناوچەیە ئەیڵێین و ئەویش بەو جۆرە وتوێەتی ، کەچی لە راستیشدا ئەوە نییە، ئەگەر لە باوەڕی ئەودا ئەوە بێ و مووڵکی ئەو ناوچەیە بێ گومانی تێدا نییە کە ئەوە لە مووڵکی ئەو ناوچەیە دەرچووە و بووە بە هی ئەو چونکە باوەڕەکەی ئەو لەگەڵ « واقع »دا یەکی نەگرتەوە .

دیسان لێرەدا قسەیەکی تر ئەکرێ ؛ ئەوترێ ئێستە تێکەڵاوی مەردم و نزیکبوونەوەیان بە هۆی هاتوچۆوە بە پوختی کردوێەتە کارێ کە ئەگەر کوردەکە لە دۆرگەی عەربی و دەشتی شامدا ناوی عەولا و فاتە و حوزوَر و شەت ، وە عەرەبەکەش لە دەشتی شارەزوَر و موکریاندا بڵێ « کلاویج » و « کاورتبە » زۆر چاك دانیشتوی هەردوَ جێگاکە لە مەبەستەکە تێئەگەن ؛ کابرای عەرب ئەزانێ کوردەکە کە ئەڵێ رەمەزان « رمضان »ی مەبەستە ، عەرەبەکەش کە ئەڵێ « کلاویج » کوردەکە ئەزانێ کە ئەمە (گەلاوێژ)ی مەبەستە. کەوابو هیچیان لە مولکی ئەویتریان دەرنەچوَن .

لە وەڵامی ئەمەشدا ئەڵێین : جارێ لە تێکەڵاوی و هاتوچۆی دوَ زمان بەسەر یەکەوە گومانی تێدا نییە کە گەوهەری خاوێنی هەردوَ زمانەکە تێك ئەچێت . ئەجا بە پێی پلەیەك کە لە لێکۆڵینەوەدا بۆ هەمو شتێك بە مەرج گیراوە نابێ تۆ بیر و باوەڕی ئێستە سەرەونخون بکەیتەوە بە سەر هی سەد ساڵ لەمەوپێشترا ، وە نابێ یەکێ دوَسەد ساڵ لەمەوپێشتر شتێکی وتووە ، تۆ کە لە سەر بیروباوەڕی ئێستە گوێش کراوی بڵێیی ئەبوا وای بوتایە و حوکمی ئێستە بگێزیتەوە بۆ ئەو سەردەمە .

ئێستە راستە کە خەڵك لە یەك نزیك بوَنەتەوە ، بەڵام لە سەردەمی خۆیا ئەو نزیکیە نەبووە . ئەو وشەیە کە لە زمانێکەوە پەڕێت بووە و کەوتۆتە ناو زمانێکی ترەوە و روخسارەکەی لە

زمانەکەی ترا گۆڕاوە ، ئەو وشەیە بەو وتنـە ئەگەر بنێررایەتەوە بۆ شوێن هەواره بناغەییـەکەی خۆی کەس لێی تێ نەئەگەیشت ، کەوابۆ ئەوە لە مۆڵـکی ئەو دەرچووە و بووە بە مۆڵـکی یەکێکی تر. بـە وێنە : وشەکانی (عەولا ، فاتە ، حوزوَر ، مەقسەد) ، هـــەر لەو رۆژەوە کـە پەڕت بۆن و کەوتۆنەتـــە ناو زمانی کوردییەوە مانیان بەسەر زمانی عەرەبییەوە نەماوە و بۆن بە مالّی کورد . زمان هی نەخوێندەوارە ، نەخوێندەوارەکە ئەڵێ (رەمەزان ، حوزوَر) ، خوێندەواری زمانەکەش لە کاتی قسەکردنیا هەر ئەو نەخوێنـدەوارە رەچەڵەکیەکەیە ؛ خوێندەوارێ شتێکی لاوەکییە و هاتووە بەسەریا ، ئەویش هەر ئەڵێ : رەمەزان و حوزوَر . ئەجا ئەو خوێندەوارە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا کە ئەکەوێتە لێکۆڵینـــەوەی وشـــە ئەڵێ ئەم (حوزوَر) ە لە بناغەدا « حضـــور » بووە ، (فاتە) « فاطمە » بووە . ئەم لێکۆڵینەوە و چۆنە بنج و بناوانە ئاشنایەتی و پەیوەندێ لەگەڵ زانیاریدا هەیە کە ئەمە شتێکە و بەسەر زمانا ئەچێت ؛ واتە زمان بنجە ڕێزمان و زانیاری و قەواعد لە سەر ئەو هەڵئەستن نەوەك زمان لە سەر ئەوان .

ئەو وشانە کە پەڕت بۆن و کەوتۆنەتە ناو زمانێکی وەکۆ زمانی کوردییەوە ، زمانەکە کە هی نەتەوەکەیە کردنی بـە مالّـی خۆی ، تۆکە لە بنج و بناوانیـان ئەکۆڵیتەوە لێکۆڵینەوەکەت لە ڕوَی زانیارییەوەیە ، ئەسڵی زمانەکە ، واتە پەیـدا بۆنەکەی هیچ

پەیوەندێ بەو زانیاریەوە نییە ، زانیاری شتێکی عەرزییە و هاتووە بە سەریا . دیسان کە تۆ لێی ئەکۆڵیتەوە لێکۆڵینەوەکەت بۆ دەستەیەکی تایبەتییە کە خۆێندەوارانە ، رەچەڵەکی نەتەوەکە کە خاوەنی زمانەکەیە ئاگای لەو لێکۆڵینەوەیە نییە . لە شارەزوری سەد ساڵ لەمەوپێشترا ئەگەر تۆ بتوتایە : « عرض بحضوری ئاغای باسعادتی خۆم بکەم طلبەکەم مقصدی هەمتو اطرافیکە لازمە بگاتە حدی اجرا ! » کابرای شارەزوری ئەیوت : « قوربان نوشتەکە بکەم بە شاخی گایەکەدا یا بیکەم بە ناو چەوانیەوە ! » .

دیسان ئەگونجێ رەخنەگرێك بڵێ : ئەم وشە بێگانانەی وەکو (رمضان ، قصیدة ، فاطمة ، حضور ... هتد) ئەمە زەوتکردنە کە زمانێکی وەکو کوردێ ئەیانڵێ ، داگیرکردن و زەوتکردنیش کەی ملکایەتییە ؟ ! .

ئەڵێین : داگیرکردن و زەوتکردن بۆ شتێکە کە بارستایی و قەوارەیەکی هەبێ وەکو زەویەك ، یا بەراوێك ، یا کتێبێك کە یەکێك لە یەکێکی تری داگیر ئەکا . ئەمانە وەکو ئەوانە نین چونکە خودی وشەکە نەماوەتەوە تا بوترێ کوردەکە داگیری کردووە ، خودی وشەکە « رمضان ، قصیدة ، فاطمة ، حضور » ، کورد هەرگیز بەو جۆرە و لە سەر ئەو دەنگ و مەخرەجە نایانڵێ ، ئەگەر هەر بەو جۆرە بیانڵێ و هەر بۆ ئەو مەعنایانە بەکاریان بێنێ و بشڵێ ئەمانە هی منن راستە ئەمە داگیرکردنە ، بەڵام ئەو بەو چەشنە نایانڵێ

بەڵکو بە جۆرێکی‌تر دێن بەسەر زاریا ، کەوابو مانای خۆی بو هیچ داگیرکردن نەبو .

هەروەها وا رێی ئەکەوێ هەندە وشەیەك ، یا بڵێین هەر بەو کەلەخەیەوە لە زمانێکەوە پەڕێت ئەبێ بۆ زمانێکی‌تر ، ئەو وشەیە لە شوێن هەوارەکەی خۆیا گوزارەیەکی هەیە کە ئەکەوێتە زمانێکی‌ترەوە و گوزارەیەکی‌تر دروست ئەکا ، وەکو وشەکانی — بە وێنە — (دار) ، ئەمە لە کوردییەوە پەڕێت بو بێ بۆ عەرەبی ، وە یا لە عەرەبییەوە کەوتبێتە ناو کوردی ، لە عەرەبیدا بە خاتو ئەڵێین و لە کوردیدا بە چەلاك ئەڵێین ، وە « ئاراستە » لە فارسیدا بە رازێنراوە و لە کوردیدا بە واتای بۆ هاویشتن ، ئاهەنگ لە فارسیدا بە مەبەست و ئارەزو ، لە کوردیدا بە کۆبونەوە بۆ بەزم و شادی ئەڵێین . ئەمانە شکڵی وشەکە و کەسیەتی نەتەوەکە دروستی کردوون ، ناتوانین بڵێین بەکار هێنانی ئەمانە لە کوردیدا بەو مانایە هەڵەیە و بەهەڵە بەکار هێنراون . رۆزگار وەکو چەمك و مەفاهیم دروست ئەکا لە ناو نەتەوەیەکدا هەر ئەو رۆزگارە زەوینەی واش دروست ئەکا کە وشەش دروست بکا بە تایبەتی ئەو وشانە کە ئەوترێ ئەمە بنەچەکەیان فارسییە و لەبەر ئەوە کە فارسی و کوردی لە ریشەدا یەکن ئەبێ ئەو وشانە کە کەوتنە ناو زمانی کوردییەوە ئەبێ هەر وەکو واتا فارسییەکەی خۆیان بەکار بهێنرێن . ئەم قسەیە ناچێتە سەر چونکە ئەمە زوربەی کۆمەڵی نەتەوەکە ئەو وشەیەی وا بە و جۆرە بەکار هێناوە لە دەسەڵاتی من و تۆدا نییە .

لە ئەنجامی ئەم قسانەدا ئەڵێین : زمانی کوردی زمانێکە خاوەنی سامان و کەسیەتیەکە ، ئەبێ بەشی مەردمیش بدا و لە خەڵکی تریش وەربگرێ ، ئەوەی کە دای بە خەڵك وەکتو موڵکی عەینی لە موڵکی ئەو دەرئەچێ ، ئەوەش کە لە مەردمی تری وەرئەگرێ مادام لە رۆی روخسار وە یا ناوەرۆکەوە دەستکاری کرد و شکڵە ئەسڵیەکەی تێکدا تازە لە موڵکی لێوەرگیراوەکە دەرچووە و بووە بە هی ئەم . تەنانەت ئەتوانین بڵێین بەم جۆرە لێوەرگرتنە کە وەری ئەگرێ سامانێك بۆ زمانەکە زیاد ئەبێ جگە لە سامانە بناغەییەکەی خۆی ، نەوەك هەر ئەوەندە بەڵکتو کەسیەتیەکی بەهێز پیشان ئەدا ، بەتایبەتی ئەگەر وەرگرتنەکەی لە زمانێکەوە بێ کە لە ریشەدا بە تەواوی لەگەڵ ئەودا جیا بێ .

* * *

ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە ئەبێ لە پێشا گوزارە هەبێت ئەجا وشەی بۆ دابنرێت ، کەوابتو لە پلەی یەکەما پێویستی و ئاتاجی ئەکاتە کارێ کە گوزارە وە یا وشەکە پەیدا ببێ . رەوزەوەی رۆژگار هەمتو دەم رووەو پێشەوە ئەڕوا ؛ ئەو رۆژگارە جاری وا هەیە ئیشی وا ئەکا کە گوزارەکە نەهێڵێ ، کە گوزارە نەما وردە وردە وشەکەش سەری تیا ئەچێ ، وە جاری واش هەیە گوزارەیەك دروست ئەکا ئەو گوزارەیە بە بێ گومان ئەبێ وشەیەکی بۆ دابنرێت . ئەو گوزارەیەش لە گۆشەیەك لە گۆشەکانی سەر زەویەوە ، وە یا لە ناو

دەستەیەك لە دەستەکانی سەر زەویەوە پەیدا ئەبێ ، هەر ئەو گۆشە زەویە وەیا هەر ئەو دەستەیە لە سەر چەشەی زمانەکەی خۆی وشەکەی بۆ دائەنێ ، ئەو گوزارە و وشەیە پەڕت ئەبێ بۆ شوێنێکی تر و مەردمی ئەو شوێنە یا ئەمەیە وشەکە وەکو خاوەنە ئەسڵیەکە ئەڵێن بۆ گوزارەکە ، یا ئەمەتە بە پێی مەفاهیمێك کە لە ناویانا هەیە و ئەو مەفهۆمە خۆیان وشەیەکیان بۆ داناوە دێنن ئەو وشەیە ئەدەن بە و گوزارەیە کە کەوتۆتە ناویانەوە ، وەیا وشەی خاوەن زمانەکەی تر دێنن بۆ لای ئەم بەڵام بۆیان رێناکەوێ وەکو ئەو بیڵێن بەڵکو تێکی ئەدەن و بە جۆرێکی تر ئەیڵێن ، لێرەدا ئیتر وشە تێکدراوەکە ئەبێ بە مانای ئەمان .

بە وێنە : ئەو گوزارەیە کە لە زمانێکا داهاتووە و هەر ئەو زمانە وشەی بۆ داناوە و وشە و گوزارە ئەکەوێتە ناو نەتەوەیەکی تر و ئەو نەتەوەیە وشەکە هەر وەکو خۆی ئەیڵێ وەك (حەج ، زەکات ، تەلەفۆن و تەلەفیزیۆن) ئەمانە کە کەوتونەتە ناو کوردەوە و وەکو خۆیان ئەیانڵێن ئەمە راستە وشەی بێگانەیە و کەوتۆتە ناویەوە . ئەو مانا و وشەیەش کە لە دەرەوە هاتۆن و کەوتونەتە ناویەوە و بە پێی وێنەی مەفهۆمێك کە لە زمانەکەیا هەبووە و ئەو مەفهۆمە لەسەر سەلیقەی خۆی وشەیەکی بۆ داناوە دێنێ ئەو وشەیە ئەدا بەو مەعنا تازەیە کە کەوتۆتە ناویەوە ، وەکو : « میترالیۆز ، متروسایکل » کە (شەستیر) و (ئەسپەدارینە)ی دایێ . ئەوانەش کە بە گوزارە و

وشەوە کەوتونەتە ناوبەوە و گوزارەکە ماوە بەلام وشەکەی گۆڕیوە وەکو « قصیدە ، حضور ، عبدالرحمن و فاطمە » کە کردوویە بە (قەسیدە ، حوزوور ، ئەورەحمان و فاتە) ئەمە وشەی ئەسڵیەکە گۆڕاوە و بووە بە هی کوردەکە و مانی ئەو ئەسڵەی بەسەرەوە نەماوە .

دیارە ئەم جۆرە شتانە هەمو لە پێشهاتی زەمان و لە ئاو و هەوای ناوچەوە دروست ئەبن ، ئێمەش باسەکەمان لە سەر زمانی کوردییە ، لەبەر ئەوە ئەم زمانە بەم شتانە دەوڵەمەندیەکی پەیدا کرد زیاد لەوەی کە خۆی هەیبو .

جگە لەمانە و وەکو لە سەرەوەش باسکرا ، زمان هی نەخوێندەوارە ، هەر شتێکی لاوەکی کەوتە ناوبەوە ئەو بە هی خۆی ئەزانێ و وا ئەزانێ کە ئەمە لە بزبزەی زمانەکەیەتی ، ئەو دەنگ و باسی زانیارێ نازانێ تا بێنێ لە ڕوی ئەو زانیاریەوە ئەسڵەکە و لاوەکیەکە جیا بکاتەوە بەڵکو هەموی قوت ئەدا و بە هی خۆی ئەزانێ !.. وەکو ئەمە هەیە ئەوەش هەر هەیە ؛ ئەگەر کوردی ناوچەیەک کە بە شێوەیەک قسە ئەکا وشەیەکی کوردی جگە لە ناوچە و شێوەکەی خۆی گوێ لێبێ ئەو ئەوە بە کوردی نازانێ بەڵکو خێرا ئەڵێ ئەمە کوردی نییە !.

لەسەر ئەم باسە دوو وێنە بۆ هەر دوو قسەکە دێنمەوە :

ئەڵێن : سەردەمی زوو جارێک کابرایەکی تایشەیتی ڕێی ئەکەوێتە

بەسرە ، وە وای بیستبۆ کە شاری بەسرە هەموویان عەرەبن ، پاش گەڕانەوەی بۆ ولاّت لێیان پرسیبۆ بەسرەت چۆن هاتە بەر چاو ؟. وتی : « وەڵڵە هەمۆ بە عەرەبی قسەیان ئەکرد تەنها نوێژەکەیان نەبێ ئەویان بە کوردی ئەکرد ! » .

ئەو شتانە کە لە نوێژدا ئەخوێنرێن دیارە هەموویان عەرەبین ، ئەم کابرایەش لە ولاّت و شوێنی خۆی هەر وای نوێژ کردووە و هەر بەو جۆرەی خوێندوە ، بەلاّم لە باوەڕی خۆیا شتێکی بۆ مەعناکان دروستکردوە و وای زانیوە ئەو وشانەش هەر کوردین کە ئەو لە نوێژەکەیا ئەیانڵێ !.

بۆ دووەمەکەش جارێ کابرایەکی ولاّتی ئەردەلاّن رێی ئەکەوێتە ولاّتی دزەیێ ، لەناو دەغڵ و دانا چۆلەکەیەکی زۆر ئەبینێ بۆیان ئەگێڕێتە ئەڵێ : « مەلیچکێکی فرەم چاو پێ کەفت لە ناو دەغڵەکەتان » . ئەڵێن : مەلیچك چییە ؟. بەهەر جۆر بێ تێیان ئەگەیەنێ کە مەلیچك چییە . ئەجا پێی ئەڵێن : باوکم تۆ بە کوردی قسە ناکەی ؟. بۆچ ناڵێی (کێشکە) ، مەلیچك چییە ؟!. ئەوان مەلیچکیان بە کوردی نەزانیوە !..

ئەم شتانە هەمۆ بۆن بە بەڵگە بۆ ئەوە کە زمانی بناغەیێ زمانی نەخوێندەوارە و ئەسڵ ئەوە ، هەر شتێك کە کەوتە ناویەوە و لە مەفهۆمەکەی تێگەیشت ئەو ئەوە بە هێ خۆی ئەزانێ ، شتێکیش کە لێی تێنەگەیشت بە لاوەکی ئەزانێ ، جیاکردنەوەی ئەم بنەچەیێ و

لاوەکیە هی وردبۆنەوە و لێکۆڵینەوەی خوێندەوارەکانە و ئەوانن کە بە هۆی زانیاریەکەیانەوە لێکیان ئەکەنەوە .

بەڵێ ! ، راستە ئەو جۆرە شێوە ناوچەییانە شێوەی گشت نەتەوەکە نییە ، بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانرێ کە لە هەمۆ نەتەوەیەکدا شێوەی جیا جیا هەیە و ئەم شێوانە بە هەمۆیانەوە کەیان و کەسیەتیەکیان بۆ زمانەکە دروستکردوە ، لێکۆڵینەوە لەم بارەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە چۆن شێوەی ناوچەیێ لە ناو زمانێکا دروستبووە ؟. ئەوە زەوینەیەکی تایبەتی هەیە و بابەتێکی تری سەربەخۆیە ، بەڵام ئەمە ئەوە هەر پیشان ئەدا کە لە هەر جێگایەك و لە هەر ناوچەیەکدا ئەوەی خۆی بە ڕەوانتر و بە بنەچتر ئەزانێ ، لێکۆڵینەوەکە ئەکەوێتە ئەستۆی زانایان هەم بۆ دروستبۆنی شێوەکە هەم بۆ وردبۆنەوە لە بنج و بناوانی وشەکە ، ئەوەندە هەیە زمان هی نەخوێندەوارە ، ئەو بێ سەوادە بێ سەوادی هەر ناوچەیەك بێت ، بۆ بەڵگە و بۆ پتەوکردنی ڕەچەڵەکی زمانی تێکڕایی نەتەوە وتنەکەی ئەوان بناغەیە بۆ هەمۆ شت .

* * * * * *

ـ ملخص المقال ـ

الكلمة الكردية

العضو العامل : علاء الدين سجادي

الأكراد شعب كبقية الشعوب في العالم لهم لغة خاصة و موطن خاص في الشرق له حدود معينة وهم ينتمون الى الشعوب الآرية ، والآريون بعد رحلتهم الاولى من سلاسل جبال القفقاس انقسموا الى قسمين : قسم وجه رحيله الى اوروبا والقسم الآخر بعد مرور فترة من الزمن انشطر شطرين ـ شطر ذهب الى الهند والشطر الآخر انتشر في هضاب ايران ، والذين سكنوا في تلك الهضاب آضوا منشأ لپارس ، والقسم الذي توجه الى سلاسل جبال زاگروس كونوا الشعب المادي . فالفرس من سلالة البارسيين والكرد من الماديين . فأذن الشعب الكردي شعب له موطن خاص ولغة خاصة ، عاشت تلك اللغة في ادوارها التأريخية عيشة مستقلة فكلكلت كل العقبات التي اعترضت طريقها وحافظت على شخصيتها اللغوية الراسخة . ولكن بعد ظهور الاسلام وانتشاره بين الأكراد تسربت اليها اللغة العربية بواسطة الدين تسربا جزئيا ، الا ان هذه اللغة ، كما سنرى ، لم تتمكن ان

تسيطر عليهـا كما فعلت بالنسبة للعديد من لغات الشعوب الاخرى التي اعتنقت الدين الحنيف الجديد، بل وحتى انها حرفت ما في وسـعها من مفردات الطقوس التى وجدت الطريق اليها بسـهولة ، وهكذا فان اتصال الكردية سواء كان من حيث جذور مفردات كلماتهـا او من حيث ادبها إقتصر الى حد كبير على اللغتين الفارسية والعربية .

فاللغة الفارسية التى تنسب الى الشعب الفارسي مهدت الحوادث والتطورات منذ عهود ما قبل الاسلام ساحة واسعة لها لـكي تكون صاحبة الحكم والسياسة ، ولـكن في بداية هجوم اسكندر المقدوني خيم الظلام عليها من الناحية اللغوية والأدبية كما ساعد نجاح الفتوحات الاسلامية في مرحلة معينة على خمولها الى ان إنتعشت ثانية منذ بداية القرن الثامن الميلادي حيث ظهرت الآثار الأدبية واللغوية فيهـا مرة ثانية وكان ذلك مرتبطا بشكل مباشر بوضع ايران السياسي فما لاشك فيه ان الحكم عامل رئيسي لنمو اللغة التي تكون صـاحبة الحكم والسيطرة . ان اللهجة الفارسية منـذ استردادها الحكم صارت لغة السيف والقلم ، فتوسعت في حـد ذاتها وتمكنت ان تدخل مناطق وبقاع مختلفة ، فمنها بلاد الكرد أو كردستان ، فكانت هي وادبها تمرح في سماء كردستان طوال احد عشر قرنا ويطير ادبها فيهـا يمينا وشمالا مما ساعد على توطيد بعض المفردات ذات الجذور المشتركة ، في اللغتين الفارسية والكردية ، الا ان ذلك دفع بالـكثيرين الى اعتبار كل كلمة يتلفظ بها اي كردي اثناء تخاطبه الأعتيـادي فارسية الاصل ما دامت هي موجـودة في ذلك الأدب المسمى بالأدب الفـارسي ! وتوغلت هـذه الفكرة بين الأكراد انفسهم وحتى بين قسم من

المستشرقين الذين صرفوا جل جهودهم للمقارنة بين اللغتين الكردية والفارسيه . وسبب نشؤ هذه الفكرة يرجع بالدرجة الاولى الى كون اللغة الفارسية لغة حكم على عكس اللغة الكردية ، وبالدرجة الثانية الى عدم وجود دراسة عميقة بالنسبة لجذور الكلمات ، وبالأخص بالنسبة الى اللغة الكردية لذا أن رأيي في هذا الموضوع يتركز على ما يلي :

ان اللغة الفارسية كما سبق وان ذكرت ، تتصل الى اللغة الكردية من حيث الجذور منذ زمن غير قريب ، وتثبيت الحكم نفسه بين ظهراني الفرس مهد السبيل الى انفكاك اللغة الفارسية عن اصلها الحقيقي وجعلها فرعا مستقلا ، فدخل فيها اناس اجانب ومن الواضح ان اللغة التى يدخل فيها غير ابنائها الحقيقيين بالرغم من انها تعلو من الناحية السياسية ولكن يقل وزنها ويضمحل جوهرها من الناحية الثانية ، اي من حيث اصالتها ونقاوتها .

انتشر الأدب الفارسي فدخلت فيه كلمات لاصلة لها بلغته من حيث الجوهر ، فتسرب الى زوايا البلاد التى كانت خارجة عن سلطانه السياسي فنطقت به الأقوام الخاضعة لتلك السياسة أو الخارجة عنها ومن جملة تلك الأقوام الشعب الكردي الذي صارت قلوب ابنائه دوحة له بدرجة انه كلما يقرأ او يسمع الشخص الكردي ذلك الأدب المملوء من كلماته يذعن ويقول بلا تردد انه — اي الأدب — فارسي لا من حيث المعنى فقط بل من حيث كلماته ايضا في حين ان الكلمات الواردة فيه والمقولة فى حقها انها فارسية كلمات كردية صرفة ، او كلمات مشتركة بين الكردية والفارسية على السواء ولكن الحكم السياسي كان

بيد الفرس فيصدرون الأدب واللغة الى البقاع الكردية كهدية مابرة غاضين النظر عن ان اكثر الكلمات الواردة فيه هي بضاعتهم التي ردت اليهم ولكن بغير اسمهم ! .

فعلى سبيل المثال ان كلمات « ئارام ، گومان ، ئاسمان ، هوش ، چالاك ، چامه ، نامه ، پيشكار » الى النهاية ، كلمات يستعملها الاكراد كاستعمال الفرس لها ، فما هو إذن سبب الرجحان لفارسيتها ؟ . وما هو الدليل الذي جعلها اصيلة في الفارسية ودخيلة في الكردية ؟ . فاذا كان استعمالها في الكتابات والادب المسمى بالفارسي دليلا على رجحان اصالتها في الفارسية فهذا لا يستند لاعلى العلم ولاعلى المنطق ، لان مجرد استعمال الكلمة في لغة من اللغات لا يكون دليلا على اصالتها فيها حيث ان سنة المهاجرة تثبت بانه كما يقهز شخص من روضة الى روضة وبقعة الى بقعة كذلك تثب كلمة من دوحة الى دوحة ومنطقة الى منطقة ، بل الدليل الحقيقي لهذه الميادين هو وجود جذر الكلمة في مشتقات اللغة بالنسبة اليها والتطورات التي تطرأ عليها في ازمنتها المختلفة . فاذا امعننا النظر في جذور تلك الكلمات والكلمات الاخرى التي تدعي اللغة الفارسية ملكيتها لها نرى رؤية واضحة انها لغة الام الحقيقية ، فاستعمال فرع من فروع تلك اللغة لها في كتاباتها لا يجعلها ملكا صرفا لها ولا يخصها بها .

نعم توجد بعض الكلمات الاخرى التي لا يستعملها الاكراد في الوقت الحاضر واستعملها الادب المسمى بالفارسي في القرنين الثالث

والرابع الهجريين كامثال : « باره » بمعنى الحصان . « آوند » العرش . « كاز » المقراض . « فرسب » الخشب الرئيسي لسقف الدار . « بتفوز » اطراف الاسنان والشفة . « گشن » طلب الانثى الذكر « آژنگ » الانكسار والاعوجاج ... انها كلمات لا تعد ملكا خاصا للفرس بل هي مشتركة بين الفرس والكرد غير انهم استعملوها في كتاباتهم في حينه .

وفي الاخير اقول ان الكلمات التي يستعملها الكرد ويقال في حقها انها فارسية ، هي كلمات كردية وليست فارسية محضة ، او كلمات مشتركة بينهما ولكن لعدم وجود البحث والدراسة في اللغة الكردية نسبها الفرس وقسم من الدارسين المستشرقين الى اللغة الفارسية البحتة فتبعهم الاكراد ايضا شأنهم شأنهم ! ..

واما بالنسبة للغة العربية فقد توسعت الفتوحات الاسلامية التي امتدت الى جميع المناطق الكردية ، فاعتنق الاكراد الدين الاسلامي الحنيف الذي كانت العربية لغته فكان من الطبيعي ان تتسرب مفرداتها الى لغتهم ، وهي - اى تلك المفردات - كانت على قسمين : قسم منها مختص بالطقوس والتعاليم الدينية ، والقسم الاخر متصل بالحياة العامة ، والقسم الاول منها كان ايضا على نوعين ، النوع الذى يعبر عن المفاهيم الدينية التي كانت مصطلحاتها موجودة بين الاكراد قبل مجيء الاسلام فلم يظهر اي داع لنبذها مثل « مزگەوت ، مزگت - المسجد . نوێژ - الصلاة . رۆژوو - الصوم . دەستنوێژ - الوضوء . » والنوع الاخر الذي يعبر عن الكلمات الغير موجودة مفاهيمها بين

الاكراد مثل ما هي موجودة في الاسلام . فهذا النوع تمكن ان يفرض نفسه لتلك المفاهيم ويثبت قدمه فيها ، ك « الحج ، والزكاة ، والظهار ، والايلاء » في الاصطلاح الفقهى .

وبفضل انتشار الاسلام في مختلف الارجاء اصبحت اللغة العربية لغة علم وثقافة بالنسبة لمعظم الشعوب التي دخلت فيه وقدم لها ابناؤها اجل الخدمات إذ صبت فيها من المعاني اروعها فزادت من رقتها وقوتها وشمولها لانها بحكم تطورها العارم بدأت تستفيد بدورها من خصائص غيرها فصبت مفرداتها فى صيغ جديدة تتفق مع قواعدها وطابعها وبضمنها كلمات ومصطلحات كردية تصرفت فيها لدرجة حولتها الى جزء منها مثل الجوالق والجوهر وكردن وجلنار وكثير غيرها . وتقابل ذلك ايضا كلمات مشتركة من حيث اللفظ ومختلفة من حيث المعنى في اللغتين ومنها كلمة الـ « ريش » التي تأتي في العربية بمعنى (كسوة الطائر) بينما في الكردية تعنى (اللحية)، و (دور) فى الاولى جمع لـ « الدار » وفي الثانية تعني « البعد » وتأتي كلمة « زور » في العربية بمعنى الكذب بينما في الكردية تعني (خشن) وكيل في الأولى بعنى المكيال و في الاخيرة تعني (المملوء) وهكذا . وفي بعض الاحيان زيدت «ال» على الكلمة في العربية في حين انها في الكردية مجردة عنها ، مثل « البراز » بمعنى الفضاء الواسع في العربية ، و « براز » بمعنى الخنزير في الكرديه . « الكودن » في العربية البرزون الهجين و « كودن » في الكردية بمعنى الغبي . إن امثال هذه الكلمات المعرفة او الغير المعرفة لا تعتبر كرديه وقعت في العربية أو عربيه انتقلت الى الكردية ، بل انها كلمات مستقلة ذات صلة خاصة

بلغتها سواء كانت في العربية ام في الكردية .

والى جانب المصطلحات الدينية دخلت كلمات عربية اخرى عامة غير قليلة الى اللغة الكردية سواء كانت من باب الاسماء كـ « عبدالله ، عبدالرحمن ، محمود ، فاطمة » او غيرها ، كـ « المقصد ، القصيدة ، الشط ، الحضور » الى اخره ، وهذا موضوع علمي شيق قائم بذاته يستحق الدرس والتمحيص :

ان اللغة بالنسبة الى الاقوام عبارة عن فهم ناطقها منها ، وهذا الفهم هو المعيار الحقيقي لتغاير لغة عن الاخرى وتباين قوم عن الاخر . ان الكلمات المار ذكرها اذا بدل شكلها او حرفت صياغتها لا يفهمها صاحبها الاصلي لانها خرجت عن هيئتها المصوغه . فـ (عبد الله) صارت في الكردية « عەولاّ » ، عبد الرحمن « ئەورەحمان » ، محمود « خوله » ، فاطمة « فاته » ، المقصد « مەقسەد » ، القصيدة « قەسیدە » ، الشط « شەت » الحضور « حوزوَر » .

ففي الجزيرة العربية او بادية الشام او البصرة اذا كان اسم الشخص عبدالله او محمود او فاطمة وناديته (عەولاّ) ، او (خوله) ، او (فاته) لاريب انه لايفهم منك ولا يلتفت اليك وحينما تقول في تلك البقاع « مەقسەد » ، او « قەسیدە » ، او « شەست » ، او « حوزوَر » حتما لايفهم سكانها ماذا تقول وماذا تقصد ، ففي رأيي ان تلك الكلمات بشكلها المحرف وصياغتها الجديدة اصبحت في الواقع ملكا لغير اصحابها الاصليين . يصح نفس القول على الكلمات الكردية فالعربي

الذي يذهب الى سهل « شارەزوَر » ، او « موكريان » ، ويرى « الشمري اليماني - گەلاوێژ » فيتلفظه بـ « كلاويش ، أو كلاويز أو كلاويج » - كما يتكلم بها العربي - ، وحينما يجعل من « چەرمەڵە » « جرملة » ، « گاورتەپە » « كاورتبه » ، « گوێژە » « كويجه » لاشك ان سكان المنطقة الاصليين لايفهمون قصده ، فأذن خرجت تلك الكلمات على هيئاتها الملفوظة من ملكية اللغة الكردية وصارت ملكا للغة العربية .

لا يستبعد ان يقول قائل ان هذه الكلمات بهيآتها الحاضرة غير موجودة فى اللغة الكردية حتى تخرج من ملكيتها وتدخل في ملكية الغير وهكذا الحال فى العربية ، في حين انه إذا حكمنا بخروجها لابد أن نحكم بخروج معانيها فيها ايضاً ! . وجوابا على ذلك نقول ان معاني الاشياء ثابتة بالنسبة الى اللغة فهي تبقى ولا تزول . ان الشخص الذي يدرك مدلول « گەلاوێژ » ، او « چەرمەڵە » او « گاورتەپە » يتصور ويظن ان سكان المنطقة يتلفظون بالأسماء الدالة عليها كما هو يتلفظ بها في حين ان تلفظه بها مغاير لها ولتلفظهم اياها مغايرة تامة .

وهنا يجب ايضاً الا تفوتنا حقيقة اخرى وهى أن اختلاط الأقوام فيما بينها وتداخل لغاتها يقلل بشكل أو آخر اصالة اللغة ويضعفها من حيث الجوهر والنقاوة ، ولكن يجب في نفس الوقت ان نلاحظ وبلاستناد الى قانون طاقة التدرج وخاصة بالنسبة الى مفاهيم اللغة ومعانيها الاصيلة واقع عدم جواز التعبير في عبارة قيلت قبل مئات السنين لمعنى مقصود فيها فى حينه بمعنى يتطلبه هذا العصر ، لايجوز

ذلك لانه اذا اخذ بهذا المقياس يزول التدرج في عالم الوجود لا فقط في مجالات الأدب واللغة بل في كافة المجالات ، وهذا شيء لا يقر به العلم بتاتا بل يرفضه . هذا وان اتصالات الناس فيما بينهم ولو ازالت نوعا من الخلافات اللفظية الا انها لم تقض عليها كليا لذا فان كلمات عبدالله وفاطمة وحضور وقصيدة حينما إنتقلت الى اللغة الكردية ، أو « گەلاوێژ وگوێژە و چەرمەڵە » الى العربية تغير شكل الكلمات في كلتا اللغتين ، فعربت وكردت ، فاذا اعيدت الكلمات المعربة أو المكردة الى صاحبها الاصلي لا يفهم منها شيئاً ولا يتصور انها تلك الكلمات التى كانت موجودة في ذهنه ! . فأذن خرجت كل من هذه الكلمات عن ملكية صاحبها الاصلي وصارت ملكا للآخر .

ثم ان دراسة الكلمات من حيث أرومتها واصالتها هي من جهود الطبقة المثقفة ، والثقافة والجهود العلمية شيء خارج عن واقعية الموضوع . ان اللغة الفصيحة في كل قوم هي عبارة عن الكلم والالفاظ التى تأتى بها الطبقة الغير المتحضرة والمتعلمة لانها هي الموجدة للغتها الأصيلة ، فالقاريء والعالم في قوم او لغة هو قبل ان يتحلى بعلمه وقراءته فرد كافراد جمهرة الناس العامية ، بل انه بعد بلوغه العلم يبقى محافظاً على نفس كلام بني قومه . فأذن الكلام الفصيح في كل قوم بالنسبة الى اصالة اللغة هو الكلام المتداول من قبل عامة الناس .

وتوجد ايضاً بعض الكلمات في لغة من اللغات اذا نظرنا الى هيكلها وصياغتها نجدها بنفس الهيكل والصياغة في لغة اخرى ولكن

من حيث المعنى مختلفتان فيهما ، فكلمة « دار » سواء انتقلت من العربية الى الكردية أو من الكردية الى العربية فانها تبقى في اللغة العربية تعني البيت وفي الكرديه الشجر . وينطبق نفس الشيء على « ئاراسته » في الفارسية التى تأتى بمعنى المزين — بصيغة المفعول — وفي الكردية تأتى بمعنى التوجيه كما أن « ئاهنگ » فيها بمعنى القصد وفي الكردية حفل الناس للافراح . هذه الكلمات من صلب مصاغات اللغة في كلتا اللغتين ليس لنا المجال ان نقول بان استعمالها في اللغات الكردية أو العربية أو الفارسية من الاغلاط الشائعة الواردة فيها ، ليس لنا هذا لان المفاهيم كما هي من مخترعات الزمن فالكلمات ايضاً تمر بنفس الادوار والمراحل ، خاصة بالنسبة الى شكل الكلمات التى يقال في حقها انها في الاصل فارسية وحين استعمالها في الكردية لابد ان تستعمل كما استعملها الاصل . لا يقال هذا لان استعمال هذه الكلمات في معانيها بالنسبة الى لغة من اللغات من صنع مجموع القوم لا من صنع الفرد ، ليس للفرد اى حق ان يغيرها أو يلبسها معنى غير معناها الاصلي في تلك اللغة .

وفي الختام اقول : ان للغة الكردية شخصية مستقلة ، تعطى وتأخذ ، الكلمات التي اعطتها للغير خرجت من ملكيتها كما تخرج العينيات من ملكية صاحبها الاول ، والتي تأخذ من الغير اذا تصرفت فيها صورة او سيرة تصير ملكا لها وتخرج من ملكية

صاحبها الاول ايضا ، بل أتمكن ان اقول انها تضم ثروة لغوية الى ثروتها الاصلية وتبرز شخصيتها من هذه الجهة خاصـــة اذا كان اخذها من لغة لا تمت لها بصلة من حيث الارومة ، وهذا هو شأن كل لغة بالنسبة الى الاخذ والعطاء .

* * * * * *

کوردستان
لە سالّەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا

ئەندامی کارا : د. کەمال مەزهەر

بەشی دوەەم

باری گشتی کوردستان
بەر لە دەست پێ کردنی شەڕ

لاوازی و پەککەوتەیی ئێران و تورکیا بەر لە دەست پێکردنی شەڕی یەکەم بە چەند سالّێك گەیشتبوە رادەیەك ، بەولاوەی تەنها کەوتن و ڕوخان بۆ . شەڕی سالّی ۱۹۱۱ی ئێوان تورکیا و ئیتالیا و شەڕی سالّی ۱۹۱۲ی تورکیا لەگەڵ ولاّتانی ناوچەی بەلقاندا و ناکۆکی ئێوان « ائتلاف »ی ئیتیحادیێکان لە ناو تورکیا خۆیدا و هەراوبگری ئێران و تورکیا لە سەر سنوری ئێوان هەردوَ لایان و باری ئالۆز و سەختی ژیانی ئابوری و کۆمەلاّیەتی ئەم دوَ ولاّتە و گەلێك هۆی تر بەو دەردەی بردبون کە لە هەموَ

قوژبنێکیاندا هەستی پێ دەکرا . له کوردستاندا دەسەلاتی ئەم دوو دەوڵەتە تا رادەیەکی ئاشکرا کز بوو وە له هەندێك له ناوچە سەخت و ناو هۆزە بەهێزەکانیدا تەنانەت هەست بە بوونی نەدەکرا . لاوانی ئەو جۆرە ناوچانە بە ئاشکرا و بێ ترس مل پێچییان له سەربازی دەکرد و جوتیارانی زۆر شوێنیش باج و سەرانەیان نەئەدا و وایان لێ هاتبو زەبتیە و جاندرمەکانی میرییان بە هیچ ئەزانی ؛ وەك نوسەری عەرەب صەدیق دەملوجی دەیگێڕێتەوە له و سەردەمەدا کاربەدەست و زەبتیەکانی میری تەنها بە گوند و لادێ پچوکەکانی فەلەکانیان دەوێرا و توخنی زوربەی گوندی هۆزە کوردەکان نەدەکەوتن[1] .

(سواری حەمیدی) ش کە له سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا بۆ پاراستنی دەسەلاتی خۆی و لێدانی بزوتنەوەی ئازادی ـ نەتەوەیی گەلە ناتورکەکان له چەکدارانی هەندێك له هۆزە کوردەکان پێکهێنرابو بەر له سالەکانی شەڕ ببوە لەشکرێکی بێ گیان و توانا و بەو جۆرە بە جارێك سەنگی جەنگی خۆی له دەست دا بو و ئەوەندەی تر له ناو کۆمەڵدا سووك و ریسوا بوو ، بۆیەکا هەمو هەوڵ و کۆشی کاربەدەستانی تورکیا بۆ ئەوەی گیانی بکەنەوە بە

(١) صدیق الدملوجی ، إمارة بهدینان الکردیة ، ص ٨١ . شایانی باسە دانەری ئەم کتێبە خۆی بەر له شەڕ بۆ ماوەی چەند ساڵێك له بادینان کاربەدەستی میری بووە .

بەردا بە فیڕۆ چۆ وە لە زۆر شوێن بووە بار بە سەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە .

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا فەرمانڕەوایانی تورکیا هەر لە هەوڵ و کۆششدا بۆن بۆ ئەوەی کەڵك لە هێز و توانای هۆزە کوردەکان وەربگرن و دەیانویست بۆ شەڕی داهاتۆ ئامادەیان بکەن چونکە دەیانزانی بێ ئەوە کەلێنێکی دیار دەکەوێتە ناو توانای جەنگیانەوە . کاربەدەستانی تورکیا دەیانویست گەلی کورد بکەنە یەکێك لە قەڵا سەختەکانی بەربەرەکانێی ڕوس کە لەم کاتەدا زۆر چاوچنۆکانە دەیانڕوانییە خاکی دەوڵەتی عوسمانی بۆیەکا تورکەکان دەیانویست زیاتر خۆیان لە هەندێك لە سەرەك هۆزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان نزیك بخەنەوە و دژی ڕوسیا بیانجوڵێنن و بۆ ئەم مەبەستەیان پەیمانی چەوریان دەدانێ و بەو جۆرە تەنانەت تواناییان چەند تیپێکی سوارەی حەمیدی لە سەر سنوری ئەو وڵاتە ڕێز بکەن(٢) .

لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ و تەقەلای تورکەکان لەم مەیدانەدا تەواو کەم ئەنجام و بێ سوود بۆ چونکە تەنها ژمارەیەکی کەم لە سەرەك هۆزە کوردەکان بە دەنگیانەوە چۆن کەچی لە هەمان کاتدا هەندێك سەرەك هۆزی تر بە ئاشکرا و بێ ترس بڵاویان دەکردەوە کە وا لەکاتی شەڕدا دژی لەشکری تورك دەوەستن و دەدەنە پاڵ

(٢) بڕوانە : م . س . لازەرێف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٩٥ .

رۆس . ئەوەی لەم بارەیەوە شـــایانی باسە ئەوەتەکە وا ژمارەیەك لە نیشتمانپەروەرە داخ لە دڵەکانیش تا رادەیەکی زۆر پشتگیری ئـــەو بیرەیان دەکرد چونکە زوڵم و زۆری عوسمانییان وای لێ کردبۆن تەماع و پیلانی چینە کاربەدەستەکانی رۆسیا نەبینن .

بەر لە شـــەڕ باری نالەباری ژیانی ئابۆری و کۆمەڵایەتی کوردســتان وەك زوربەی هـــەرە زۆری ناوچەکانی تری ئێران و دەوڵەتی عوسمـانی گەیشتبووە رادەیەك زیاتر لە جاران کۆمـــەڵانی خەڵك بجوڵێنێ و هەســتی نەتەوەییان بزوێنێ . ئەمە و چەنـــد هۆیەکی تر کارێـکی وایان کردبۆ رۆژ بە رۆژ ژمارەی ئەو کەسانەی ســەربەخۆیێتی ، یان بەلای کەمەوە خودموختاریێ (ئۆتۆنۆمی) کوردیان دەویست لە زیاد بۆندا بێ و ئەمە لە پەرەسەندنی هەندێك چالاکیێ سیاسیێ و کۆمەڵایەتیدا خۆی نواند ، ئەوە بۆ بەر لە شەڕ ژمارەی کۆمەڵ و رێـکخراوە سیاسییە نهێنێـکانی کوردستان زۆر بۆ وە تا دەهات سەنـگیان لە ناو کۆمەڵانی خەڵك و بە تایبەتی رۆشنبیراندا پتر دەبۆ . ئەم کۆمەڵ و رێـکخراوانە بە هەر چوار لادا کەوتنە بڵاوکردنەوەی بەیاننـامە و پەخشـــە « نشرە »ی ئەوتۆکە پڕ بۆن لە هەستی نەتەوەیێتی و رق و کینەی رەوا بەرامبەر زۆر و زۆرداریێ میری و کاربەدەستانی . یەکێك لەو پەخشـانە لە ژێر ئـەم ناوە پڕ مانایەدا بڵاو دەکرایەوە : « ئەف خۆڵە خۆڵی ئەمەیە » کە بە ئاشکرا دژی دەســەڵاتی تورك دەدوا و دەیگوت « تورك بە هیچ جۆرێك

بەڕێوە بردنی کوردستانیان لە باردا نییە » . وەك کوردناسی سۆڤێتی م . س . لازەرێف باسی دەکا ئەم پەخشەیە لە ناو خەڵکدا دەنگی دا بۆوە و دەگەیشتە زۆر قوژبنی کوردستان[٣] . شایانی باسە زوربەی ئەو پەخشە و بەیاننامانە لە کوردستانی باکتور و هەندێکیان لە کوردستانی ئێران دەر دەکران بەڵام ژمارەیان لێ دەگەیشتە کوردستانی باشوریش و بە شێوەیەکی تایبەتی دەنێررانە تەکێکانی بارزان و لەوێوە بڵاو دەکرانەوە[٤] .

هەر لەو ساڵانەشدا هەندێك کۆمەڵ و ڕێکخراو کە لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی تورکە لاوەکانەوە پەیدا بوبوون[٥] بە ئاشکرا کاریان دەکرد و چاپەمەنیی خۆیان بڵاو دەکردەوە و سەنگیان ، بە تایبەتی لە ناو ڕۆشنبیرانی کوردا ، تا دەهات قورستر دەبو . بەر لە شەڕ « کورد طلبە هیڤی جمعیتی » (کۆمەڵی هیڤی شاگردانی کورد) لە هەمو ڕێکخراوێکی تری کورد چالاکتر لە کاردا بو و

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٠٠ .

(٤) بڕوانە : صدیق الدملوجی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٩٥ .

(٥) بەشێکی گرنگ لە زانیارێکانی بەشی دوهەمی ئەم وتارە ، بە تایبەتی ئەوانەیان کە پەیوەندییان بە چالاکی ڕێکخراو و کۆمەڵە سیاسی و سەردارەکانیانەوە هەیە لەلایەن نوسەر خۆیەوە کۆکراونەتەوە و لەم بارەیەوە کەڵکێکی زۆری لە ماموستایان مەمدوح سەلیم و ئەکرەم جەمیل پاشا وەرەگرتووە کە خۆیان لە دامەزراندنی زوربەی ئەو کۆمەڵانەدا بەشدار بوون .

تەنانەت توانیبوشی چەند لقێك له هەندێ شاری ئەوروپا دابمەزرێنێ. ئەم کۆمەڵە ئۆرگانێکی تایبەتی خۆی به ناوی (رۆژا کورد) هەوە بڵاو دەکردەوە که دوایی ناوی گۆڕرا به (هەتاڤا کورد) و ئینجا به (ژین) . (هیڤی کورد) تا دەست پێ کردنی شەڕی یەکەمی جیهان له کار نەکەوت ، بەڵام دوای ئەوەی به بۆنەی ئەو شەڕەوە زوربەی کادرەکانی راپێچ کرانە ناو سوپاوە ئیتر وەك هەموو کۆمەڵ و ڕێکخراوانی تری ئەو سەردەمەی کوردستان توانای کار کردنی نەما.

کۆمەڵێکی تری کاریگەری سیاستی ئەو سەردەمەی کوردستانی تورکیا « کورد تعالی و ترقی جمعیتی » (کۆمەڵی بەرزی و پێشکەوتنی کورد) بوو که یەکەم ڕێکخراوی سیاستی کوردستان بوو وه ژمارەیەك گەورە پیاوی ناوداری وەك ئەمین عالی بەدرخان و شەریف پاشا و شێخ عەبدولقادری شەمزینی تێدا کۆبوبۆوە[٦] ، بەڵام سیاسەتی شۆڤێنی تورکە لاوەکان کارێکی وای کرد چالاکی ئەم کۆمەڵە بەر له دەست پێ کردنی شەڕ له سنورێکی تەسکی نەبێنی تێپەڕ نەکا .

هەرچەندە لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی نیشتمانپەروەرانی کوردستانی تورکیا لەو سەردەمەدا له هەموو لا زیاتر له جم و جۆڵدا بوون ، بەڵام له هەمان کاتدا هەست به وریابوونەوە و ڕاپەڕینی کوردستانی ئێرانیش دەکرا . بەر له شەڕ و له سالەکانی شەڕدا لەو بەشەی کوردستاندا

(٦) بڕوانە : الدکتور بلەج شیرکوه ، القضیه الکردیه . ماضی الکرد وحاضرهم ، القاهره ١٩٣٠ ، ص٥١ .

کۆمەڵی « ئیستخلاصی کوردستان » بـە گەرمی کەوتبووە خۆ و دروشمی یەکگرتنی کورد و سەربەخۆیتی کوردستانی بەرز کردبۆوە . هەر لەو دەور و بەرەشدا (ساڵی ۱۹۱۲) کۆمەڵی «جیهاندانی»(۷) لە کوردستانی ئێران دامەزرێنرا ؛ ئەم کۆمەڵە دەیویست خەباتی گەلی کورد بە رێبازێکی راسـتدا بەرێ و لە چوارچێوەیەکی یەکگرتودا کۆی بکاتەوە(۸) .

یەکێك لە رووە هەرە گرنگـە نوێکانی خەباتی رۆشـنیرتی کۆمەڵ و رێکخراو و پیاوە سیاسییە ناوداڕەکانی ئەو سـەردەمەی کوردستان بریتتی بۆ لە بایەخدان بـە بڵاوکردنـەوەی خوێنـدن و خوێندەواری لە ناو منداڵ و لاوی تازە پێگەیشتوی کوردا لەگەڵ خزمەت کردنی زمان و ئەدەبی گەلی کورد وەك دۆ هۆی کاریگەری

(۷) لەوە ئەچێ دامەزرێنەرانی ئەوکۆمەڵە خۆیان ئەو ناوەیان بۆ داڕشـتبێ کە وا دیارە مەبەستیان مەعریفەت و شارەزاییە .

(۸) بڕوانە :

И.О.Фаризов, Место национально-освободительного движения курдов в борьбе народов Ближнего и Среднего Востока против империализма, Канд.дисс. (реферат), Москва, 1953, стр.19.

ئی . و . فاریزۆف ، شـوێنی بزوتنەوەی ئازادی ـ نەتەوەیی کورد لە خـەباتی گەلانی رۆژهـەلاتی نزیك و ناوەڕاسـتدا دزی ئیمپریالیزم ، (کورتەی نامەی دوکتۆرێکەی) ، مۆسکۆ ۱۹۵۳ ، ل ۱۹ .

پاراستن و پەرە پێدانی نەریت و هەستی نەتەوەیی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا . مامۆستا خەلیل خەیالی یەکێك بۆ لەوانەی لە کار و خەباتی رۆژانەیاندا جێگەیەکی بەرز و شایانیان بۆ ئەم باسە دانابۆ . ئەم نیشتمانپەروەرە دڵسۆزە بە گەرمی هانی رۆشنبیرانی کوردی دەدا بە چاوێکی دوربینەوە بزوانن ئەم ئەرکە گرنگەی سەر شانیان و هەمیشە و لە هەموو شوێنێك باسی ئەوەی کردوە کە نەخوێندەواری یەکێکە لە دەردە گەورەکانی کۆمەڵگای کورد . بە هاندانی مامۆستا خەیالی ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی شاگرد و هاوەڵی ، « کورد تعمیم معارف جمعیتی » (کۆمەڵی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری کورد)یان دامەزراند کە بەر لە شەڕ فێرگەیەکی تایبەتی لە ئەستەنبوڵ بۆ منداڵانی کورد کردەوە[٩] .

هەر لەو سەردەمەدا عەبدوڕەزاق بەدرخانی بەناوبانگ جێگەی مامۆستا خەیالی لە ناو کوردی ئێراندا گرتبۆوە و بە گەرمی لە هەوڵ و کۆششدا بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری لە ناویاندا و یەکێك لە باسە گرنگەکانی دیوەخانی ئاوەدانی بریتی بۆ لە باسی نرخی خوێندن و هاندانی خەڵکی بۆ ئەوەی بایەخی پێ بدەن . چالاکی عەبدوڕەزاق بەدرخان لەم مەیدانەدا بەوەوە نەوەستا ، لە سەرەتای ساڵی ١٩١٣دا لە شاری

(٩) لەم فێرگەیەدا خوێندن بە زمانی کوردی بۆ و شاگردەکانی بە گیانی کوردایەتی گوێش دەکران ، بەڵام بە داخەوە زۆری نەخایاند بە ناچاری دەرگای ئەم فێرگەیە داخرا .

(خۆی) کۆمەڵێکی رۆشنبیری دامەزراند و نیازی بۆ چاپخانەیەکیشی بۆ دابێ و رۆژنامەیەکی بـە ناوەوە دەربکا و لە ژێـر سەرپەرشتی ئەودا چەند قوتابخانەیەکیش بکاتەوە . هەنگاوی هەرە گەورە و پـڕ مانای ئەم کۆمەڵە بریتی بۆ لە کردنەوەی یەکەم فێرگە (قوتابخانە)ی کوردی لە شاری (خۆی) بە پارەی کۆکراوەی دانیشتوانی ناوچەکە خۆیان[10] .

لە هەمان کاتدا هەندێك بەڵگەی بە نرخ هـــەن کە نیشانەی بایەخ پێدانی پیاوە سیاسییە رۆشـنبیرەکانی کوردسـتان بـە زمان و ئەدەبی کورد بـەر لە دەسـت پێکردنی شـــەڕ بـە ماوەیەك[11] ، ئەمەش ، وەك ئاشکرایە ، هەنگاوێکی گەورە و گرنگە بە نیسبەت

(١٠) ئەم فێرگەیە لە رۆژی ٤ی تەشرینی دۆهەمی ساڵی ١٩١٣دا کرایەوە و بەم بۆنەیەوە لە شاری (خۆی) ئاهەنگێکی گەورە سازکرا . ژمارەی یەکەم دەستەی شاگردانی ئەم فێرگەیە ٢٩ کەس بۆ کە بە زمانی کوردی دەرسیان دەخوێند و بـە ئەلف و بێی رۆسی دەیانخوێنـدی و زمان و ئەدەبی رۆسیشیان دەخوێند ؛ لەناو فێرگەکەدا نەخۆشخانەیەکی بچوکیش هەبـوو (بڕوانە : م . س . لازەرێـف ، سـەرچـاوەی ناوبـراو ، ل ٢٢٧ ــ ٢٢٨) .

(١١) « کوردستان »ی یەکەم رۆژنامەی کوردی لەسەر لاپەڕەکانی بایەخێـکی باشی دەدا بە ئەدەبی کورد و بە شێوەیەکی تایبەتـی هـەوڵی دەدا لە رێگەی شـیعرەکانی (خانی)یەوە هەستی خوێندەوارانی کورد بجوڵێنێ و داوای لێ دەکردن بە وردی گوێ لە ئامۆژگارێکانی بگرن (بڕوانە : « کردستان » ، عدد ٦ ، ٢٥ جمادی الاول ١٣١٦) .

ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەموو گەلێکەوە . ڕێکخراو و پیاوە سیاسێکانی کوردستانی تورکیا وە بە رادەی یەکەم مامۆستا خەلیل خەیالی تەنانەت کەوتبوونە بیرکردنەوە لە دانانی ڕێبازێکی تایبەتی بۆ نزیکخستنەوە و یەکخستنی کرمانجی و سۆرانی . لە کوردستانی ئێرانیش عەبدوڕەزاق بەدرخان لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٣دا لە ڕێگەی وەکیلی کۆنسولی ڕوسەوە لە (خۆی) داوای لە ڕوسیا کرد ڕۆژهەڵات و کوردناسی بەناوبانگ ئۆربێلی[١٢] بنێرێت بۆ کوردستان بۆ دانانی ڕێزمان و فەرهەنگ بە زمانی کوردی و وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبی ڕوسی بۆ سەر زمانی کوردی و هەروەها داواشی کرد بەشێکی کوردی لە دەزگای ڕۆژهەڵاتناسی پیترۆگراد دابمەزرێنن کە بە بیری ئەو دەبێ یەکەم فەرمانی بریتی بێ لە دانانی (ئەلف و بێ)یەکی تایبەتی کوردی بە یارمەتی (ئەلف و بێ)ی ڕوسی .

شایانی باسە لە ساڵەکانی پێش شەڕدا لە کوردستانی باشوور (کوردستانی عیراق) هەست بەو جم و جۆڵ و چالاکییەی کوردستانی ئێران و بە تایبەتی کوردستانی تورکیا نەدەکرا ، بەڵام دامەزراندنی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی کوردستانی تورکیا و

(١٢) ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی ڕوسیا و یەکێتی سۆڤێت یوسف ئەبگارۆڤیچ ئۆربێلی (١٨٨٧ - ١٩٦١) یەکێکە لەو زانا پایە بڵندانەی لە قۆناغێکی دژوار کوردیان خۆش ویستوە و دڵسۆزانە بایەخیان بە کوردناسی داوە . لە سەر پێشنیاری ئۆربێلی بەشی کوردی لە ئاموزگای ڕۆژهەڵاتناسی لقی لینینگراددا دامەزرێنرا .

چاپەمەنیکانیان لە هەندێك ناوچەی ئەم بە شەی کوردستاندا دەنگیان دابۆوە و هەر وەك لە سەرەوە باسمان کرد ژمارەی ئەو پەخشە سیاسییە نهێنیانەی لە کوردستانی تورکیا چاپ دەکران دەگەیشتە چەند ناوچەیەکی بادینان . بەر لە شەڕیش بە ماوەیەکی زۆر کەم (جەماڵەددین بابان) دەستی کرد بە بڵاو کردنەوەی گۆڤارێکی کوردی - تورکی بە ناوی (بانگ کرد)[بانگی کورد] هەوە کە لە بەغدا لە چاپخانەی « اداب » چاپی دەکرد و لەوێوە بڵاوی دەکردەوە[١٣] .

ئەوەی لێرەدا پێویستە بە شێوەیەکی تایبەتی سەرنجی بۆ رابکێشین ئەوەتە کە وا هەستی نەتەوەیی لە زۆر شوێنی ناوەڕۆکی ئەم گۆڤارەدا خۆی نواندووە . « بانگ کرد » لە یەکێك لە وتارەکانیدا بە درێژی باسی نرخی خوێندن و کاری لە ژیانی گەلاندا کردوە و نمونەی لە سەر ژاپۆن و بەریتانیا هێناوەتەوە و دەڵێ :

« مثلا[١٤] ژاپونیا ! ام قومە بوچوکە چی بو ! بخدا هیچ نەبو . فقط بسایەی سعی و تقدیر قیمت وقتەکەیان دولتیکی عظیمی

(١٣) ژمارە یەکی ئەم گۆڤارە ڕۆژی ١٢ی « ربیع الاول »ی سانی ١٣٣٢ ك ، واتە ٨ی شوباتی سانی ١٩١٤ چاپکراوە ، لە ژمارە یەکێوە تا ژمارە سێی بە سەر یەکەوە ٧٢ لاپەڕەن ، واتە هەر ژمارەیەی ٢٤ لاپەڕە بووە .

(١٤) بۆ دەستکاری کردنی جۆری ڕێنوسەکەی بلاوی دەکەینەوە .

وەکو روسیەی شکان و تارومار کرد .

مثلا انگلتره . امانش وکو ایمه انسانن فقط بوچی او نوعه اختراع و ایجاده که بسایەی عقل و فکریان دیهننه وجود انسانان شیت دەکا و همو کسی مجبور تعظیم و تقدیر شخصیان دەکن »[١٥] .

له هەمان کاتدا « بانگ کرد » داوای دامەزراندنی کۆمەڵ و کردنەوەی قوتابخانەی دەکرد و لەم بارەیەوە له یەکێك له ژمارەکانیدا نوسیوێتی دەڵێ :

« ... لبر امەیه اونده هاوار و داد و بیدادمانه دەلین له بغدادا جمعیتی کشاد بکین که به تشویق و کوشش ام جمعیته له همو جیگەیه مکتبی کشاد بکری و قوم کردانی لم جهالته تخلیص بکا . دەبزانینکی له کردان سرهلکری نائل ام شرف عظیمه دەبی . فقط حیف که ام خدمته به کسی به دوکس ناکری اگر وا بوبوبایه له بغدادا زور کسانی هیه که دیدەدوز انتظار ام خدمتەیه »[١٦] .

وا لێرەشدا بۆ نمونه چەند بەیتێك له یەکێك له و شیعرانه دەهێنینەوه که له « بانگ کرد » دا بڵاو دەکرانەوه و ئەمیش بۆ خۆی بەڵگەی پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیی و بایەخ پێدانی رۆشنبیرانی کورده به گۆڤارەکه :

(١٥) « بانگ کرد » ، ژمار ٣ ، ١٣٣٢ ، ل ٦٨ .

(١٦) هەمان ژمارە ، ل ٦٩ .

« بـو ترقی ملك و ملـــت اتحادمان واجبـه
صرف غیرت چاکه باغیبی نەکەین ئەم فرصته »[17]

« محفظەی دین و شریعتمانه خو خاك وطن
آوەدانی او بزوری عـــلم و فن و صنعته
ایش اکر وابی وطن نورانیو معمور ابی
رستکاریمان ابی ایمش لدســـت ام ظلمتـه
دشمنی ، علم و معارف خانەمان ویران اکا
زور خراب و مهلـکه درمانیکین ام علته »

* * * * * *

« بانك کرد جداً حکیم خستەکی ام قومەیه
با له خواب غفلت و وحشـت خبرمان بیتوه
پایدار بی تا قیامت بو شـــفای ام امتـــهٔ
حال و اوضـــاع زمانه طعنـه درس عبرته »

« بانـگ کرد » له هەمان کاتـدا به تورکی وتاری له بارەی مێژوی گەلی کوردەوه بڵاو ئەکردەوه[18] و لـه سنوری توانا و

(۱۷) ئەم بەیتانه هی قەسیدەیەکن که به ناوی (صائب زاده سلیمانیەلی محمد عارف)ەوه له زمارە سێیی « بانك کرد » دا بـڵاوکراوەتـەوه (ل ٦٩ ـ ٧٠) .

(۱۸) (شکری الفضلی) وتارێکی درێژی یه تورکی به ناوی « مێژوی کورد له سـەردەمی ئیسلامدا » له چەند زمارەیەکی « بانـگ کرد » دا بڵاوکردۆتەوه .

تێگەیشتنی ئەو سەردەمەدا بایەخیشی بە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەلی کورد دەدا[19] . هەمو ئەمانەش بەڵگەی گومان لێ نەکراوی ئەوەن کە وا هەستی نەتەوەیێ لە ناو گەلی کوردی عیراقیشدا بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان لەکەف و کۆڵ و ئاڵ و گۆڕدا بوو کە بەڵگەیەکی تریشی لە کارەکانی ئەو سەردەمەی شێخ مەحمودا بەدێ دەکرێ ، بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ بەدرخانێکاندا دامەزراند و لە ساڵی ١٩١٣دا هەوڵی ڕێکخستنی لەگەڵ کامیل بەگ و حسەین بەگی کۆڕانی بەدرخان پاشادا دا بۆ خەبات کردن لە پێناوی ڕزگار کردنی کوردستاندا لە دەسەڵاتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدرالی کوردی تیایدا ؛ شێخ مەحمود لە هەمان کاتدا چەند نامەیەکی لە بارەی دواڕۆژی سیاسێ کوردستانەوە ناردوە بۆ کاربەدەستانی ڕوسیا .

ناڕەزایێ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و خەباتیان لە پێناوی ڕزگاریدا بەر لە دەست پێ کردنی شەڕ بە ماوەیەکی زۆر کەم دوبارە گەیشتەوە ڕادەی تەقینەوە کە لە شێوەی ڕاپەڕینی چەکداردا چەند ناوچەیەکی گرتەوە . گەورەترینی ئەو ڕاپەڕینانە لە بەهاری ساڵی ١٩١٤دا لە ناوچەی تبلیس بە سەرکردایەتی مەلا سەلیم[20] و چەند

(١٩) وتارێك لە ژمارە سێیی ئەم گۆڤارەدا (ل ٦٤ ـ ٦٦) بە ناوی « کردلرده زراعت »ەوە بڵاوکراوەتەوە .

(٢٠) بە مەلا سەلیم ئەفەندی خێزانی مەشهوڕە .

سەردارێکی نیشتمانپەروەری تر ڕوێدا کە داوای پەیڕەوی کردنی شەریعەت و دوورخستنەوەی کاربەدەستانی تورکیان دەکرد چونکە ، وەک لە یەکێك لە ڕاپۆرتە دیپلۆماسییە نهێنێکانی ئەو سەردەمەدا تۆسراوە ، بە لای ئەو سەردارانەوە دەزگای کارگێڕی تورك « کورد دەڕوێنێتەوە و ولات بە بێگانە دەفرۆشێ »(٢١) .

ئاگری ئەم ڕاپەڕینە زۆ تەشەنەی کرد و ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی هۆزە کوردەکانی ئەو مەڵبەندە دایانە پاڵی بە ڕادەیەك ڕۆژی ٩ی مارت ژمارەی بەشدارانی گەیشتە دەوروبەری چوار هەزار کەس و دوای یەك ڕۆژ ، واتە لە ١٠ی مارتدا ژمارەیان خۆی لە ٨ هەزار کەس زیاتر دا . بەمە ڕاپەڕینی نوێی کوردستان هێندەی تر دەنگی دایەوە و تەنانەت سەربازە کوردەکانی لەشکری عوسمانی ئەو ناوچەیەش بە خۆیان و چەکیانەوە دایانە پاڵی . سەردارانی ڕاپەڕینی بتلیس نیازیان وابۆ بەرە بەرە ئاگری شۆڕش لە ناوچەکانی تری کوردستاندا بەرپا بکەن و بۆ ئەم مەبەستە بەر لە هەمۆ شتێك ویستیان جێی پێی خۆیان لە ناوچەی بتلیسدا بە تەواوی قایم بکەن و تەنانەت داوای پشتگیری و یارمەتییان لە ئەرمەن و ئاسۆرێی ئەو دەوروبەرەش کرد(٢٢) .

---

(٢١) بڕوانە : م . س . لازەرێف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢١٥ .

(٢٢) A. Safrastian, Kurds and Kurdistan, London, 1948, P. 73 هەوڵداني سەرداراني ڕاپەڕيني بتليس بۆ نزيك كەوتنەوە=

ئەم ڕۆداوانە و گورج و گۆڵی سەردارانی ڕاپەڕینەکە و دەنگدانەوەی لە ناو کوردی شوێنەکانی تردا مەترسییان خستە دڵی کاربەدەستانی تورکیاوە کە لە ترسی عاقیبەتی ویستیان بە زۆترین کات و بە هەر نرخێك بێ ڕادەیەکی بۆ دابنێین و لە راستیشدا باری ئەو سەردەمەی تورکیا و نزیك بۆنەوەی شەڕ و بێزارتی گەلە ناتورکەکان و چەند هۆیەکی تر کاریگەی وەهایان کردبۆ هەمۆ ڕاپەڕین و بزوتنەوەیەك فەرمانڕەوایانی تورکیا بە جارێك بتۆقێنێ بۆیەکا بە گەرمی کەوتنە خۆ بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی بتلیس و بۆ ئەو مەبەستە والییەکی بە توانا و هێزێکی زۆریان نارده ئەو ناوچەیە . لەم کاتەدا شۆڕشگێڕانی کوردیش کەوتنە هەڵەیەکی گەورەوە بەوەی شوێنە ستراتیژیکانی خۆیانیان بەجێ هێشت و ئابڵوقەی شاری بتلیسیان دا و ڕۆژی ٣ی نیسان تواندیان بیگرن ، بەڵام لە راستیدا ئەمە بووە هۆیەکی یاریدەری گەورە بۆ لەشکری عوسمانی کە توانی بە باشی کەڵکی لێ وەربگرێ و لە ناو شاردا لە شۆڕشگێڕانی کورد بدا و سەریان لێ بشێوێنێ و بەو جۆرە ڕاپەڕینەکەیان دابمرکێنێتەوە[٢٣] . مەلا سەلیم ئەفەندی و چەند سەردارێکی تری

= لە ئەرمەن و ئاسۆری کاربەدەستانی ئەستەنبۆڵی بێ ئاگەت کرد چونکە ئەوان بە پێچەوانەوە لە هەمۆ شوێنێك بە گەرمی هەوڵیان ئەدا کورد دژی ئەو کەمپانە ، وە بە تایبەتی ئەرمەن ، بجوڵێنن .

(٢٣) هاتنە ناو شاری بتلیسەوە بە جارێك ئەرکی هێزەکانی تورکی ئاسان کرد ، هەر ئەو ڕۆژە توانیان بە زیانێکی کەم (٤ کوژراو) سەر لە شۆڕشگێڕانی کورد بشێوێنن و ٦٠ کەسیان لێ بکوژن .

کورد ناچار بۆن پەنا بەرنە بەر کۆنسولخانەی رۆس لە شاری بتلیس. دوای ئەوە بە نیازی تۆقاندنی کورد و ئەرمەن و ئاسوری کاربەدەستانی عوسمانی بە رەقی کەوتنە گیانی خەڵکی ناوچەی بتلیس و زیندانەکانیان لێ ئاخنین و هەر رۆژێکیش کۆمەڵێکیان لێ هەڵدەواسین(٢٤).

بەر لە شەڕ لە ناوچەی بارزان و دەوروبەریشی وەزع تێکچۆبۆ و خەڵکێ لەسەر پێ بۆن بۆ چەك هەڵگرتن دژی دەسەلاتی تورکە عوسمانێکان و بۆ ئەم مەبەستە هەمۆ لە دەوری شێخ عەبدولسەلامی بارزانی کۆبۆبۆنەوە و ئەمیش کەوتبووە هاندانی سەرەك هۆزە کوردەکان بۆ ئەوەی یەك بگرن و زەغت بخەنە سەر ئەستەنبۆل تا ناچاری بکەن دەست لە سیاسەتی خستنە پشت گوێی کوردستان هەڵبگرێ. بێ گومان فەرمانڕەوایانی تورکیا نە ئامادە بۆن گوێ لە داخوازێ وەها بگرن و نە لە باریشیاندا بۆ جێ بەجێی بکەن بۆیەکا لە بەهاری سالی ١٩١٤دا زوربەی ناوچەی بادینانیان لێ یاخێ بۆ بە تایبەتی دوای ئەوەی لەم کاتەدا میری باج و سەرانەی لەسەر جوتیاران زیاد کرد. شێخ عەبدولسەلام هەوڵی دا ئاگری راپەڕین لە هەمۆ کوردستاندا خۆش بکا و هەندێك لە دەوڵەتە گەورەکان (بە تایبەتی رۆسیا و بەریتانیا) بجوڵێنێ بۆ ئەوەی

(٢٤) تەنها رۆژی حەوتی مایسی سالی ١٩١٤ لە بتلیس یازدە کەس لە سەردارانی راپەڕینەکە کران بە سێدارەدا (بڕوانە : م س. لازەریف، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٢١٦).

پشتگیریێ داخوازیێکانی کورد بکەن و کاربەدەستانی عوسمانی ناچار بکەن بە دەنگیانەوە بچن .

ئەم راپەڕینەش مەترسییەکی زۆری خستە دڵی کاربەدەستانی تورکیاوە چونکە دەیانزانی شێخ عەبدولسەلام دەتوانێ ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە ناوارەکانی عیراق و ئێران لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و بە شەڕی چەتەگەرێ لە ناوچە سەختەکانی بادینانداا لەشکری تورک هیلاك بکا و هەروەها لەوەش دەترسان کە ئەم راپەڕینەی کاریگەری وەها بکا جڵەوی کاریان لە ویلایەتی موسڵ و بەغداشدا لە دەست دەربچێ چونکە دەیانزانی هۆزە چەکدارەکانی ئەو ناوانەش لەسەر پێن بۆ راپەڕین . لەبەر ئەم هۆیانەی عوسمانێکان زۆر بە خێرایێ هێزێکی گەورەیان لە رەواندز و عەقرە و ئامێدی کۆکردەوە و بەو جۆرە تا سەرەتای حوزەیرانی سالّی ١٩١٤ توانییان بەشی زۆری ئەم راپەڕینەش دابمرکێننەوە[٢٥] ؛ شێخ عەبدولسەلام و هەندێك لە هاوەڵەکانی ناچار بۆن بپەڕێنەوە کوردستانی ئێران و لە ناوچەی ورمێ بۆ ماوەیەك جێگیر بۆن .

(٢٥) یەکێك لەو هۆیانەی ئەرکی عوسمانێکانی لە دامرکاندنەوەی راپەڕینەکانی ئەو سەردەمەی کوردستاندا ئاسان کرد نەبۆنی یەکێتی و پەیوەندێ بۆ لە نێوانیاندا ، بە وێنە هیچ هەنگاوێك لە لایەن سەردارانی بزوتنەوەی ئازادیێ کوردەوە نەنرا بۆ یەکخستنی راپەڕینەکانی بتلیس و بارزان کە هەردوکیان لە یەك کاتدا پەرپا بۆن .

ئەم هەمتو راپەڕین و بزوتنەوانەی دانیشتوانی کوردستان کە بریتی بتون لە رۆیەکی تری ناڕەزایەتی گەلانی ئمپراتۆرێتی عوسمانی نەبتونە دەرس بۆ کاربەدەستانی ئەو ولاتە بەڵکو بە پێچەوانەوە تا دەهات زیاتر لەسەر سیاسەتی چەوسانەوەی نەتەوەیەتی خۆیان ستور دەبتون و لە و ڕێگەیەوە دەیانویست بزوتنەوەی ئازادێتی - نەتەوەیەتی گەلی کورد زیندە بە چاڵ بکەن و بۆ ئەم مەبەستەشیان هەر ڕۆژە بەند و باوێکی نوێیان دەهێنایە کایەوە . « بەرزترین » پلەی ئەم ڕێبازە ناهەمواریان ئەوەبتو کە بەر لە دەست پێ کردنی شەڕی یەکەم بە ماوەیەکی کەم پلانێکی نوێیان بۆ لێدانی کورد دانا کە بریتی بتو لە بزیاری گواستنەوەی زوربەیان بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەنادۆل و دابەش کردنیان بەسەر تورکی ئەو مەڵبەندانەدا بە نیازی تواندنەوەیان ، بەڵام دەست پێ کردنی شەڕ بووە کۆسپ لەبەر دەمی جێ بەجێ کردنیدا(٢٦) .

بەم جۆرە ناڕەزایەتی و بێزارێتی بێ سنوری دانیشتوانی کوردستان و پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیەتی لە ناویاندا چوارچێوەی باری گشتی کوردستانی پێش شەڕیان پێك دەهێنا و هیچ دۆر نییە ئەگەر ئاگری شەڕی یەکەمی جیهان هەڵنەگیرسایە کوردستان ببوایە بە

(٢٦) « Memorandum sur la situation des Kurdes et leurs revendications » , Paris, 1948 , P . 1 1 .

بەڵقانێ-کی نوێ[٢٧] بۆ ئیمپراتۆرێ عوسمانی ، بەڵام ئەو شەڕە و ئەنجامەکانی کارێکی یەکجار گەورە و دیاریان کردە سەر ژیانی کورد و دوا ڕۆژی نیشتمانەکەیان کە ببوە یەکێك لە مەیدانە گرنگەکانی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا و لە راستیشدا کاربەدەستانی تورکیا بە ناوی ئایینەوە توانییان بەشێکی زۆر لە هێز و توانای گەلی کورد بکەنە یەکێك لە چەکەکانی دەستیان لە مەیدانی شەڕدا ؛ نیگێتین لەم بارەیەوە تۆسیوێتی دەڵێ :

(٢٧) ولاتەکانی ناوچەی بەڵقان بەشێك بوون لە ئیمپراتۆرێ عوسمانی ، بەڵام پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیی لە ناو گەلانی ئەم ناوچەیەدا و سیاسەتی نەتەوەپەرستی و زۆرداری عوسمانێکان بەرامبەریان بۆتە هۆی تەقینەوەی زنجیرەیەك ڕاپەڕین و شۆڕش لە ناویاندا و لە ئەنجامی ئەوەدا لە نیوەی دۆهەمی سەدەی نۆزدەوە یەك لە دوای یەك ئەو گەلانە توانییان خۆیان لە دەسەلاتی عوسمانی ڕزگار بکەن . جا بۆی کوردستانیش بەر لە شەڕ تا ڕادەیەکی زۆر لە بۆی ژیانی ولاتانی ناوچەی بەڵقانی ئـــەو سەردەمەی دەکرد . شایانی باسە کاربەدەستانی تورکیا خۆیشیان هەستیان بەمەکردبۆ و ترسی ئەوەیان لێ نیشتبۆ کوردستانیان لەکیس بچێ بۆیەکا چەند جارێك لەم باسە کۆڵینەوە و تەنانەت کۆمیتەی « ئیتیحاد و تەرەقی » ڕۆژی چواری نیسانی ساڵی ١٩١٣ کۆبۆنەوەیەکی تایبەتی تەنها بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسەتی بەرامبەر بە کورد بەست . بەڵام ئەم جۆرە کارانەی فەرمانڕەوایانی تورکیا لە راستیدا بێ ئەنجام بوون چونکە چ ئەوان و چ کاربەدەستانی ئەو سەردەمەی ئێران دەیانویست یا لە ڕێگەی چەکەوە وە یا لە ڕێگەی چەند ئالوگۆڕێکی کرچ و کاڵی سەربڕیەوە « چارەسەری » کێشەی کورد بکەن .

« بانگەوازێ ـ غەزا ـ کە دیسان بە پەردەی ئیسلامەتی داپۆشرابۆ ، تواتی هێزی جەنگێ گەلی کورد بە رێگەیەکی ئەوتۆدا بەرێ کە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ بەرژەوەندە نیشتمانێکانی ئەو گەلەدا نەدەگونجا »[٢٨] . دیارە کارەساتە سامناکەکانی جەنگ ئەوەندەی تر ئەنجامی ئەم کارەی خراپ کرد چونکە ، هەروەك بە دریژی لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەین ، کوردستان کەوتە ناوجەرگەی کلپەی ئاگری مەیدانەکانی شەڕی یەکەمی جیهانەوە لە رۆژهەلاتدا .

بەشی سێیەم

کوردستان

لە کلپەی ئاگری شەڕدا

لەگەڵ ئەو هەمۆ ناڕەزاییەی گەلی کورددا کە چەند رۆیەکیان لە بەشی دۆهەمی ئەم باسەدا خستە بەر چاو ، کاربەدەستانی عوسمانی تواننیان تا رادەیەکی زۆر تێکەڵی ئاگری شەڕی بکەن[٢٩] و بۆ ئەم

B . Nikitine, Les Kurdes. Etude sociologique et historique , Paris , 1956 , P . 195 . (٢٨)

(٢٩) بە تایبەتی لە سەرەتادا .

مەبەستە پەنایان بردە بەر هەموو ڕێگە و فڕوفێڵێك و لە هەموو شتێکیش زیاتر هەستی ئایینیی خەڵکی ساویلکەی کوردستانیان دەجوڵاند جگە لەوەی بە ڕاست و بە چەپیشدا پەیمان و گفتی دامەزراندنی ڕژێمی ئۆتۆنۆمییان لە کوردستاندا بڵاو دەکردەوە هەرچەندە جێ بەجێ کردنی ئەوەیان بە تەواو بۆنی شەڕەوە دەبەست. لە ڕاستیشدا گەلی کورد لەبەر ئەوەی نیشتمانەکەی ببوە مەیدانی شەڕی سێ سوپا - تورك و ڕوس و ئینگلیز - نەیدەتوانی بە جارێك دوڕەوپەڕێز بوەستێ چونکە ئاگری شەڕ لە زۆر لاوە و بە زۆر ڕەنگ دەیگرتەوە بە تایبەتی دوای ئەوەی تورکیا لە کۆتایی پایزی ساڵی ١٩١٤ وە دایە پاڵ ئەڵمانیا و بە و جۆرە بە ئاشکرا دژی بەرەی وڵاتە سوێندخۆرەکان تێکەڵی شەڕ بۆ[٣٠]. هەر لەو

(٣٠) کە شەڕی یەکەمی جیهان دەستی پێ کرد (یەکی ئابی ساڵی ١٩١٤) تورکیا یەکسەر تێکەڵی نەبۆ هەرچەندە لە هەموو ڕوێەکەوە و بە دڵ لەگەڵ ئەڵمانیادا بۆ و تەنانەت تەنها یەك ڕۆژ بەسەر دەست پێ کردنی شەڕدا تێپەڕیبۆ کە پەیمانێکی نهێنیی لە ئەستەنبوڵ لە بارەی هاریکاریی جەنگییەوە لەگەڵ ئەڵمانەکاندا مۆر کرد، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەمان ڕۆژدا بە سەرزاری بۆ لایەنێ خۆی بە نیسبەت شەڕەوە بڵاوکردەوە و وڵاتە سوێندخۆرەکانیش بەرامبەر بەوە ڕۆژی ٢٨ی ئابی هەمان ساڵ ڕایان گەیاند کە وا ئەوانیش توخنی خاکی دەوڵەتی عوسمانی ناکەون بە مەرجێك بێ لایەن بمێنێتەوە. بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ هاریکاریی نێوان ئەڵمانیا و تورکیا ئاشکراتر دەبۆ تا کار گەیشت بەوەی ڕۆژی ٢٩ ی تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٤ پاپۆڕە جەنگێکانی هەردۆ لایان بە جۆنە=

رۆژهشـەوه دوژمنانی تورك ، به تایبەتی رۆسەکان کەوتنه هاندانی کورد دژی دوژمنەکانیان و بۆ ئەم مەبەستەیان له نزیکەوه پەیوەندییان لەگەڵ چەند سەردارێکی دەسەڵاتداری کوردستاندا دامەزراند و تەنانەت شێخ عەبدولقادری شـەمزینان پەیمانی دانێ به هـەمۆ توانایەوه بداته پاڵیان به مەرجێك ئەوانیش دامەزرانـدنی رژێمی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد مسۆگەر بکەن و هەر بەم بۆنەیەشەوه نامەیەکی تایبەتی به کوردستاندا بڵاو کردەوه که تێیدا داوای له کورد کردبۆ بەرەنگاری لەشکری رۆس نەیەن[٣١] .

بەم جۆره گەلی کورد بێ ئەوەی له دەست خۆیـدا بێ یا ئارەزوی لێ بێ له سەرەتاوه تێکەڵێ رۆداوەکانی شەڕی یەکەمی جیهان بۆ وه خاکی نیشتمانی نەك تەنها بووه یەکێك له مەیدانه گەورەکانی جەنگ ، بەڵکو وەك لازەرێف دەڵێ « له راستیدا دەنگی یەکەم تەقەی شـەڕ له رۆژهەڵاتی نزیکدا له کوردستانی ئێران بەرزبۆوه نەك له دەریای رەشدا »[٣٢] . لەو کاتـەوه بـۆ ماوەی نزیکەی

= بۆمباباراتی رۆخەکانی بەری رۆسـیای دەریای رەشـیان کرد و ئەمە به سەرەتای تێکەڵ بۆنی تەواو و ئاشکرای تورکیا له شەڕی یەکەمدا دەزمێررێ ؛ رۆژی ٣ی تەشرینی دۆهەم رۆسیا و دوای دۆ رۆژیش بەریتانیا جارێ شەڕیان دژی دەوڵەتی عوسمانێ دا .

(٣١) بڕوانه : م س. لازەرێف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٣٠٤ .

(٣٢) هەمان سـەرچاوه ، ل ٢٩٩ . وەك له پەراوێزی ٣٠دا باسمانکرد هێرشی تورك و ئەڵمان بۆ سەر رۆخەکانی بـەری رۆسـیای دەریای=

چوار ساڵ لەشکری تورك و ڕوس و ئینگلیز له گەلێك ناوچەی کوردستاندا بە یەکیانا دا و گەلێك شەڕی قورسیان کرد کە ئەنجامی هەندێکیان بە ئاشکرا کاری دەکردە سەر تەرازوی هێزی شەڕکەرانی مەیدانەکانی ڕۆژهەڵات و له هەمان کاتدا دەبووە هۆی ماڵ ویرانی و سەرگەردانیی زۆر ناوچەی کوردستان جگە لەوەی ژمارەیەکی بێ شومار کۆڕە کوردی تازە پێگەیشتوش دەبۆنە قۆچی قوربانییان چونکە زوربەی لەشکری نۆهەمی ناوچەی ئەرزڕۆم و لەشکری دەهەمی ناوچەی سێواس و له شکری یازدەهەمی ناوچەی ئەلعەزیز و لەشکری دوازدەهەمی ناوچەی مۆسڵ کورد بۆن(٣٣) سەرەڕای هێزەکانی سواڕەی حەمیدیش کە له زۆر ناوچە تێکەڵی شەڕ دەبۆن و ئەوانیش زۆر یا کەم قوربانییان دەدا(٣٤) .

= ڕەش بە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهان له ڕۆژهەڵاتی نزیکدا دادەنرێ ، بەڵام بەر لەوەش بێنەوبەرە له نێوان ڕوسیا و تورکیادا له کوردستانی ئێران چەند جارێك گەیشتە ڕادەی تەقینەوە بۆیەکا لازەرێف دەڵێ یەکەم تەقەی شەڕ له مەیدانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا له کوردستانی ئێران بەرز بۆوە .

(٣٣) محمد أمين زكى ، خلاصة تأريخ الكرد و كردستان ، القاهرة ، ١٩٣٦ ، ص ٢٧٤ . گومان له راستی ئەم زانیارییانە ناکرێ بە تایبەتی لەبەر ئەوەی مامۆستا ئەمین زەکی خۆی یەکێك بووە له ئەفسەرە شارەزاکانی لەشکری عوسمانی .

(٣٤) وشەی « سەفەر بەرلك » (له هەندێك ناوچەدا بۆتە سەفەربەلك) کە مانای نەفیری گشتی دەگرێتەوە لەو ڕۆژانەوە تێکەڵی زمانی کوردی بووە و تا ئێستا بە مانای نەهامەت و چۆنی بێ گەڕانەوە بەکاری دەهێنین .

زۆر بەسەر شەڕدا تێنەپەڕی سەربازە کوردەکانی لەشکری عوسمانی بە تاکە و بەکۆمەڵ کەوتنە راکردن و بەجێ هێشتنی ریزەکانی لەشکر . بە وێنە هەموی چەند مانگێکی نەخایاند لە ١٨ هەزار سوارەی کوردی لەشکری سێیەم نزیکەی ٢٨٠٠ کەسێکیان لێ مایەوە[٣٥] . لە ناوچەکانی قەفقاسدا زۆر جار لە گەرمەی شەڕدا سەرباز و سەرداری کورد بە خۆیان و چەکیانەوە دەچوونە پاڵ هێزە شەڕکەرەکانی ڕوس و لە زۆر ناوچەش هەندێك سەرداری دەسەڵاتدار هەر لە سەرەتاوە رازی نەبوون شەڕ بۆ عوسمانێکان بکەن و ئەمانەش هەموو بێگومان بەڵگەی بێ بڕوایی کورد بوون بە ڕژێمی عوسمانی .

لەشکری عوسمانی لە مەیدانی قەفقاس و ئازەربایجان و کوردستاندا هەموو ڕۆژێك تۆشی نوشوستییەك و ژێرکەوتنێك دەهات و لە زۆر ناوچە بە شکاوی یا خۆیان دەدا بە دەستەوە یا دەکشانەوە . لە تەشرینی دوەمی ساڵی ١٩١٤دا هێزە چەکدارەکانی ڕوس لە ناوچەی ئەرزڕۆم و واندا میقدارێکی باش چوونە پێشەوە و بەرامبەر بەوە سەرکردایەتی لەشکری عوسمانی ویستی هێرشێکی

(٣٥) بڕوانە :

N.Г.Корсун, Сарыкамышская операция на Кавказском фронте мировой войны в 1914-1915гг., Москва, 1937, стр.30.

ن . گ کارسون ، شەڕی ساریقامیش لە بەرەی قەفقاسی شەڕی جیهاندا ١٩١٤ ـ ١٩١٥ ، مۆسکۆ ، ١٩٣٧ ، ل ٣٠ .

گەورە لە ناو قەفقاس خۆیدا (واتە لە ناو سنووری ڕوسیادا) بکاتە سەر هێزەکانی ڕوس و بەو جۆرە گەمارۆیان بدا و پشتیان بشکێنێ و لە ئەنجامدا ناچاریان بکا ئەو شوێنانەی داگیریان کردوون بەجێبێلن و بەو جۆرە ناوچەکانی سەر سنووری ڕوسیا بە کوردستانەوە لە مەترسی داگیر کردن ڕزگار بن. کاربەدەستانی تورکیا بایەخێکی یەکجار گەورەیان بەم پلانەیان دا و هەموو لەشکری سێیان بۆ تەرخان کرد کە لە ١٢٧ بەتەلیۆن و ٢٢ تیپی سوارەی میری و چەند تیپێکی سوارەی لەشکری حەمیدی و ٢٧١ تۆپ پێکهاتبوو. لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٤دا شەڕێکی قورس لە نێوان هەردوو لادا لە دەوروبەری شاری ساریقامیش ڕوویدا و تا سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٥ لەشکری ڕوس توانی بەرامبەر نزیکەی بیست هەزار کوژراو و بریندارتی خۆی هێزەکانی تورک تەفروتونا بکا و لە ٩٠ هەزار کەس ٧٠ هەزاریان لێ بکوژێ یا بە دیل بگرێ[٣٦]. ئەم شکانە گەورەیەی تورک[٣٧] ڕێگەی پێشکەوتنی

(٣٦) بڕوانە :

Н.Г.Корсун, Первая мировая война на Кавказском фронте, Москва, 1946, стр.36-39.

ن . گ . کارسون ، شەڕی یەکەمی جیهان لە بەرەی قەفقاسدا ، مۆسکۆ ، ١٩٤٦ ، ل ٣٦ ـ ٣٩ .

(٣٧) لە ڕاستیدا شەڕی ساریقامیش بشتی لەشکری تورکی وەما شکاند کە تەنانەت کاری کردە سەر هێزەکانیان چ لە باشووری عیراق و چ لە ناوچەی کەنالی سوێسیشدا و ئەرکی پێشکەوتنی لەشکری ئینگلیزی لەو ناوچانەدا ئاسان کرد .

لەشکری رۆسی بەرەو وان خۆش کرد و لە هاوینی سالّی ۱۹۱۵وە هێزە چەکدارەکانی رۆس رۆیان کردە ئەو ناوچەیە . بەم جۆرە لەشکری رۆس لە شوباتی سالّی ۱۹۱٦دا توانی ئەرزرۆم و دوای ئەوە بە چەند مانگێك (لە هاوینی هەمان سالّدا) مۆش و بتلیس داگیر بکا و ئەمە ئەرکی لێدانی لەشکری تورکی لە ئێرانـدا بـۆ ئاسانتر کرد .

هەرچەندە دەوڵەتی ئێران[۳۸] لە شەڕی یەکەمی جیهاندا بەشدار نەبو وە بە شێوەیەکی ڕەسمی ڕۆژی ۲ی تەشرینی دوەهەمی سالّی ۱۹۱٤ بێ لایەنی خۆی بڵاوکردەوە بەڵام ئاگری ئەم شەڕە زۆر ناوچەی ئێرانیشی گرتەوە و ئازەربایجان و کوردستانی ئێران هەر بۆن بە بەشێك لە مەیدانەکانی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا . کاربەدەستانی تورکیا و ئەڵەمانیا لە پـلانی سالّانی شەڕیاندا بایەخێکی تەواویان دابـۆ بە کوردستانی ئێران چونکە یەکەمیان دەیویست کەڵك لە هەلی شـەڕ وەربگرێ بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و دوەهەمیشیان ـ واتە ئەڵەمانیا ـ دەیویست لە ڕێگەی ئازەربایجان و کوردستانەوە جێ پێی خۆی لە هەمۆ ئێراندا قایم بکا . بـۆ ئەم مەبەستەیان ج

(۳۸) زوربەی دەوڵەتە شەڕکەرەکان (بەریتـانیا و ڕۆسـیا و ئـەڵەمانیا و تورکیا) دەمێ سالّ بۆ چاویان بڕیبوە خاکی ئێران ، لەبـەر ئـەوە جێگەیەکی تایبەتیان لە بڵانەکانی شەڕیاندا بۆ تەرخان کردبۆ ، تەنانـەت ڕۆسیا و ئینگلتەرە لە مانـگی مارتی سالّی ۱۹۱۵دا پەیانێـکی نهێنییان لە بارەی دابەش کردنی ئێرانەوە لە نێوان خۆیاندا مۆر کرد .

پیاو و به کڕێی گیراوی تورك و چ پیاو و به کڕێی گیراوی ئەڵمان هەوڵیان دەدا هەستی کوردی ئێران ببزوێنن و لەو ڕێگەیەوە توانایان دژی ئینگلیز و به تایبەتی ڕوس ئاراستە بکەن و ئەمەش بەنیسبەت هەردوو لایانەوە زۆر گرنگ بوو چونکە هەر بەر لە شەڕ ئینگلیز و ڕوس ناوچەکانی باکووری - ڕۆژئاوا و باشووری - ڕۆژئاوای ئێرانیان داگیر کردبوو[٣٩] . بەڵام لە هەمان کاتدا ڕوسەکانیش هەوڵیان دەدا هۆزە گەورەکانی کوردستانی ئێران ڕاکێشنە پاڵ خۆیان و هەردوو لاشیان ، چ ڕوس و چ تورك و ئەڵمان ، تواناییان لایەنگر لە ناو سەردارانی هەندێك لەو هۆزانەدا بۆ خۆیان پەیدا بکەن .

بەڵام لە کوردستانی ئێرانیشدا کار تەنها بەوەوە نەوەستا ، بەڵکو چەند شەڕێکی قورسیشی تێدا قەوما بەتایبەتی لە ئەنجامی ئەوەدا کە هەر دوای دەست پێ کردنی شەڕ یەکسەر بەشێك لە لەشکری تورك چەند ناوچەیەکی کوردستانی داگیر کرد چونکە لەگەڵ ئەڵمەنەکاندا دەیانویست بەو جۆرە کۆسپ بخەنە بەردەمی پەیوەندی نێوان ڕوس و ئینگلیزە هاوپەیمانەکانیانەوە لە خوارووی عیراقدا . تورکەکان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم مەبەستەیان بەر لە هەستۆ شتێك ویستیان ڕوس لە

(٢٩) بەریتانیا و ڕوسیا دامرکاندنەوەی شۆڕشی مەشرووتە (١٩٠٥ - ١٩١١)یان بۆ داگیرکردنی هەندێك لە ناوچەکانی باکوور و باشووری ئێران بە هەل زانی و هێزەکانیان تا دەست پێ کردنی شەڕی یەکەم هەر لەو ناوچانەدا بوون و تەنانەت لەشکری ڕوس تا شاری خۆی هاتبوو .

ناوچەی ورمێ دۆر بخەنەوە و ئەو ناوە بکەنە بنکەیەکی جەنگی بەهێز بۆ خۆیان . لە سەرەتای شەڕدا هێزەکانی تورك توانییان بگەنە ورمێ و دەوروبەری و ئەو رۆسانەی لەو ناوەدان دەریان بکەن و چەند هۆزێکی کوردی وەك شکاکیش رابکێشنە لای خۆیان . گرتنی ورمێ و چەند ناوچەیەکی تر[٤٠] زیاتر رێگەی بۆ کار کردنی تورك و ئەڵەمان لە ناوچەکانی تری کوردستانی ئێراندا خۆش کرد . بە هاندانی پیاوەکانیان ژمارەیەك دەرەبەگی کرمانشا حکومەتێکیان بە ناوی « حکومەتی میللی »یەوە لەو ناوەدا دامەزراند و نیزامولسەلتەنەی دەرەبەگی ناوداریان کردە سەرۆکی[٤١] .

کاربەدەستانی تورك بە یارمەتی و راوێژی ئەڵەمانە هاوپەیمانەکانیان بەرە بەرە لە سەرەتای شەڕدا توانییان دەسەڵاتی خۆیان لە زوربەی ناوچەکانی ئازەربایجان و کوردستانی ئێران و هەندێك مەڵبەندی تری ئەو وڵاتەدا داسەپێنن و لەشکری تورك بەو جۆرە تاوەکو ئەولای هەمەدان رۆی . بێ گومان ئەمە بووە کۆسپێکی

(٤٠) لە هەمان کاتدا هێزە چەکدارەکانی تورك توانییان تەورێز و چەند ناوچەیەکی تری ئازەربایجانیش بگرن و ئەمەش زیاتر رێگەی داگیرکردنی کوردستانی ئێرانی بۆ خۆش کردن .

(٤١) بڕوانە :

М.С.Иванов, Очерк истории Ирана, Москва, 1952, стр.257.

م. س. ئیڤانۆف ، دیراسەی مێژوی ئێران ، مۆسکۆ ، ١٩٥٢ ، ل ٢٥٧.

گەورە لەبەر دەمی پلان وپیلانی ولاتە سوێندخۆرەکاندا بە نیسبەت رۆژهەلاتی نزیك و ناوەڕاستەوە بۆیەکا رۆسیا لە باکور و بەریتانیا لە باشوری ئێرانەوە بە خێرایی کەوتنە خۆ و تەنگیان بە لەشکر و دەسەلاتی تورك لە ئێراندا هەلچنی ؛ رۆسەکان لە ماوەی چەند مانگێکی کەمدا توانییان هەمو ناوچە داگیرکراوەکانی ئازەربایجان و کوردستان لە تورك بسێننەوە . بەشێك لە لەشکری رۆس دوا بە دوای دەرکردنی تورك لە تەورێز و دەوروبەری (کانونی دوەمی سالی ۱۹۱۵) بەرەو رۆژهەکانی باشوری دەریاچەی ورمێ کشان و پاش شەڕێکی پچوك لەگەڵ چەکدارانی شکاکدا لەولای خۆیەوە توانییان رۆژی ۲۵ی مایسی سالی ۱۹۱۵ شاری ورمێ و دەوروبەری لە لەشکری عوسمانی بسێننەوە و بەو جۆرە کۆتایی بە دەسەلاتی پێنج مانگەی تورك لەو ناوچەیەدا بهێنن(٤٢) .

دوا بە دوای داگیر کردنی ورمێ لەشکری رۆس توانی بچێتە ئوشنۆ و مەهابادیشەوە ، بەڵام لەم ناوچانەدا تۆشی بەرهەڵستییەکی توندی هۆزە چەکدارەکانی کورد هات . لە شوباتی سالی ۱۹۱۱ دا رۆسەکان توانییان کرمانشاش داگیر بکەن و دوای ئەوە گەیشتنە سەر سنوری تورکیا و ئێران . بەڵام پاش چەند مانگێك تورکەکان توانییان بێنەوە ناو کرمانشا و هەمەدان و دوبارە پیاو و لایەنگرانی ئەوان و ئەڵمانەکان لە رۆژئاوای ئێراندا دژی ولاتە سوێندخۆرەکان

(٤٢) W. Eagleton, The Kurdish Republic of 1946, London, 1963, P. 9.

کەوتنەوە کار . لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە زۆری نەخایاند چونکە لەشکری رۆس توانی جارێکی تر بە تۆندی لە هێزەکانی تورکیا بدا و تا سەرەتای ساڵی ١٩١٧ کار گەیشت بەوەی ئێران لە راستیدا کەوتە ژێر دەستی رۆسیا و بەریتانیاوە کە یەکەمیان تا ئەصفەهان و دۆهەمیان زورېەی باشۆرێ داگیر کرد و تەنانەت چەند هێزێکی رۆس بە نیازی ئاسان کردنی پێشکەوتنی ئینگلیز لە باشۆری عیراقدا تاوەکو ناوچەی رەواندز و خانەقین و پێنجوین رۆیشتن .

ئەوەی لێرەدا پێویستە بە تایبەتی سەرنجی بۆ رابکێشین ئەوەتە کە چ رۆس و چ ئینگلیز و چ تورک حکومەتی ئێرانیان بە هیچ نەدەزانی و بایەخیان نەئەدا بەوەی کە ئەو بەنیسبەت هەردۆ بەرەی شەڕەوە بێ لایەن بوو و هەمۆیان زۆر بە رەقی وەک داگیرکەر لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچانەی دەیانگرتن دەجوڵانەوە . بە وێنە سەربازی لەشکری تورک و پیاوی چەند هۆزێکی کوردی تورکخواە لە سەرەتای شەڕدا کە ورمێیان داگیر کرد زۆر دڕندانە کەوتنە گیانی فەلەکانی ئەو شارە و دەوروبەری و بە بیانوی ئەوەوە گوایە کاتی خۆی داویانەتە پاڵ لەشکری رۆس نزیکەی صەد گوندیان سوتاندن و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن و ئەوانی تریان ئاوارە کردن[٤٣] . لە زۆر ناوچەی تریشدا جەندرمەکانی تورک بێرەحمانە بەردەبۆنە گیانی ناحەزەکانیان ؛ بە وێنە تەنها لە یەکێک لە

(٤٣) علی سیدو الکوړانی ، من عمان الی العمادیة ... ، ص ٢٠٥ ـ ٢٠٩ .

ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا دوو سەرداری ناحەزی خۆیان (محەمەد حسەین خان و سەیفەددین خانی سەقز)یان لە سێدارە دا و بۆ چەند رۆژێك تەنها بە نیازی چاوترساندنی خەڵکی ئەو ناوە لاشەکانیان بە هەڵواسراوی هێشتنەوە . رۆسیش لەوان کەمتریان نەکرد و وشەی (مسقۆف) [٤٤] « دیارێ » ئەو سەردەمەیە لە زمانی کوردیدا ماوەتەوە کە تا ئێستەش بە مانای (کافر و زندیق) بەکار دەهێنرێ [٤٥] .

---

(٤٤) لە (مۆسکۆڤی) واتە (مۆسکویێ)یەوە وەرگیراوە . تا ئێستەش پڕوپیرێژنی زۆر ناوچەی کوردستان باسی ئەوە دەکەن چۆن رۆسەکان کاتی خۆی بە حەوت مانگ چەقۆیەکیان داونەتێ . ئارنۆلد ویلسن لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا ئەوەی تۆمار کردوە کە چۆن دانیشتوانی هەر شوێنێکی کوردستانی عیراق لەشکری رۆسی تۆچۆبێ لێیان داخ لەدڵ بۆن ، بە تایبەتی خانەقینێکان کە دوو جار (سالی ١٩١٦ و سالی ١٩١٧) ئازارێکی زۆریان بە دەستەوە چێشتبۆن (بڕوانە :

A. T. Wilson, Loyalities Mesopotamia, 1914 - 1917. A personal and historical record, London, 1930, P. 162).

(٤٥) وەك خوا لێخۆشبۆ مامۆستا حسەین حوزنی موکریانی باسی دەکا لەشکری رۆس تەنها چەند خانۆیەکی کەمی رەواندز نەبێ کە ئەویش بۆ خۆیان پێویست بۆن ، ئەوانی تریان هەموو بە جارێك سۆتاندووە (بڕوانە : حسین حزنی موکریانی ، مێژوی میرانی سۆران ، چاپی دوەەم ، هەولێر ١٩٦٢ ، ل ١١٣) .

زوڵم و زۆری داگیرکەران خەڵکی زۆر ناوچەی کوردستانی ئێرانی جوڵاند و پاڵی پێوەنان بە توندی بەرهەڵستییان بکەن. فەلەکانی ناوچەی ورمێ لە رقی تورك ئەوەندەی تر لە رۆس و دوای ئەوان لە ئینگلیز نزیك کەوتنەوە. خەڵکی ناوچەی سابڵاغ (مەهاباد) یش بە سەرکردایەتی قازی فەتاحی بەناوبانگ[٤٦] بەگەرمی کەوتنە بەرهەڵستی کردنی هێزی تورك و دوای ئەوانیش رۆس. هەروەها خراپەکاری سەربازی لەشکری رۆس و ئەو ئەرمەنە چەکدارانەی لەگەڵیاندا بوون بەرامبەر بە دانیشتوانی ڕەواندز خێڵاتی

(٤٦) میرزا فەتاحی قازی (قازی فەتاح) (١٨٣٠ ـ ١٩١٦ ـ ؟ ـ) برا پچوکی بابیری قازی محەمەدە و یەکێکە لە گەورە پیاوە ناودارە هەرە ئازاکانی موکریان کە تەمەنی لاوی و پیری خۆی لە رێگەی خزمەتی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا بردۆتە سەر و هەر لەبەر ئەوەش دوژمنانی کورد بە خوێنی سەری تینۆ بۆن. لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا بەرگری لە ناوچەی سابلاغ دژی لەشکری تورك و رۆس کردوە و خۆی و کۆڕێکی بە دەستی سەربازی رۆس شەهید کراون و وەك دەگێڕنەوە تا دوا گوللە شەڕی کردوە و ئینجا لە سەنگەر هاتۆتە دەرێ و رۆی تێ کردۆتە و وتوێە: «مەلەتۆنینە ئێتر دەتوانن بەسەر کەلاکی کۆڕەکەم و خۆمدا تێپەڕن و شارەکەم داگیر بکەن. ئێتر بشم کۆڕن دڵم خۆشە چونکە لە رێگەی نەتەوەکەمدا کۆڕێکم فیدا کردووە و ئەوا خۆشم فیدا ئەکەم...»، سنگی قازی فەتاح حەفدە گوللەی پێوە بووە (بڕوانە: د. رەحیمی قازی، قازی محەمەد (دەستوسێکی ئامادە کراوە بۆ چاپ)، ل ٣١ ـ ٣٤).

ئەو ناوچەیە و کۆیە و هەولێری دژیان جوڵاند و لە ئەنجامــدا ناچاریان کردن ئەو ناوە بەجێ بهێڵن ، لە قۆڵی پێنجوینیشەوە شێخ مەحمود بە خۆی و پیاوەکانیەوە هێرشی کردنە ســەر . کوردی عەلی ئاوای ناوچەی خانەقین و چەند شوێنێکی تری ئەم مەڵبەندەش پیاوانە بەرهەڵستێ پێشکەوتنی لەشکری ڕوسیان کرد .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنها شۆڕشی ئۆکتۆبەر رادەی بۆکارە خراپەکانی لەشکری ڕوس دانا و بە یەکجارێ لە ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستانی ئێران و تورکیای دوورخســتنەوە[٤٧] کە ئەمەش ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی دووبارە لەشکری عوسمانێ تێ بچێتەوە .

لە لایەکی ترەوە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر تەرازوی هێزی نێوان دەوڵەتان و تاکتیك و ســتراتیژی دەوڵەتە گەورەکانی تێکدا و ئەمەش لە زۆر ڕووەوە کوردســتانی وەك زوربەی ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرتەوە و یەکێك لە ئەنجامەکانی لەم بارەیەوە بریتی بۆ لە گۆڕانی سیاســەتی ئینگلیز بەرامبــەر بە کوردستان کە ویســتی ، بە پێچەوانەی سالّەکانی بەر لە سەرکەوتنی شۆڕشی

(٤٧) ڕوسیا دوای ڕوخانی ڕژێمی چار و ســەرکەوتنی شــۆڕشی ئۆرجوازیی شوباتی سالّی ١٩١٧ لە شەڕ نەکشایەوە و هەر وەك جاران لەشکرەکانی لە هەموو مەیدانەکاندا ، بە کوردستانەوە ، لە جەنــگدا بوون . شــایانی باســە کاربەدەستانی نوێی ڕوســیا لەســەر سیاســەتی چارەکان بەرامبەر بە کوردستان ڕۆیشتن و هەر وەك سەردەمی ئەوان بۆ جیاوازی هەوڵیان دەدا سەرداری کوردەکان ڕاکێشنە باڵ خۆیان .

ئۆکتۆبەرەوە ، دەسەلاتی هەکسەری خۆی تێدا دابەزرێنێ[٤٨] و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئاگری شۆڕشەکە جیهان لە دوا ساڵیدا کوردستانی باشووریش بگرێتەوە کە تا ئەو کاتە تەنها لەشکری رۆس چەند جارێکی کەم توانیبوی بگاتە هەندێك ناوچەی پچوکی هەرچەندە داگیرکردنی بەشێك بۆ لە پلانی گشتی لەشکری ئینگلیزدا لە بارەی گرتنی عیراقەوە کە بەر لە دەست پێ کردنی شەڕ خۆیان بۆ ئامادە کردبۆ . شایانی باسە لە ناو ئەو چەك و جبەخانە زۆرەی ئینگلیزەکان بەر لە شەڕ لە هەندێك ناوچەی کەنداوی عەرەبدا بە نیازی داگیر کردنی عیراق لە شەڕی چاوەنواڕ کراودا ئامادەیان کردبۆن دۆ بەتەلیۆنی تۆپی شاخێشیان تێدا بۆ[٤٩] کە زۆر لەوانەیە لەبەر ناوچە شاخاوێکانی کوردستان لەتەك چەکەکانی تریاندا هێنابێتیانن .

زیاتر لە تاکە رۆژێك بەسەر تێکەڵ بۆنی رەسمی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهاندا تێنەپەڕیبۆ کە هێزە چەکدارەکانی

(٤٨) هەر وەك لە دواییشدا بە درێژی باسی دەکەین بەریتانیا بەر لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەزی نەدەکرد لە ولاتە زێردەستەکانیدا ببێتە دراوسێی رۆسیا کە بە بێی بەیمانی (سایکس ـ پیکۆ) بەشێکی گەورەی کوردستانی بۆ دانرا بۆ بۆیەکا بەریتانیا بەوە قایل بۆ هەر بە بێی ئەو پەیمانە کوردستانی باشوور بدرێ بە فەرەنسە نەك خۆی .

(٤٩) عبدالرزاق الحسنی ، تأریخ العراق السیاسی الحدیث ، الجزء الاول ، صیدا ١٩٥٧ ، ص ٥٣ ـ ٥٤ .

ئینگلیز پەلاماری باشووری میسۆپۆتامیایان دا و فاوی تاکە بەندەریان گرت و دوابەدوای ئەوە بە چەند رۆژێکی کەم توانیان بەصرەش بگرن . لەو لاشەوە کاربەدەستە تورکەکانی عیراق بە هەر چوارلادا بە ناوی غەزاوە کەوتنە هاندانی هۆزی عەرەب و کورد دژی «کافران» و تواینیان لە و رێگەیەوە هەستی زۆر کەس بجوڵێنن کە بە گەرمی دایانە پاڵ هێزە شەڕکەرەکانی تورك بە نیازی وەستاندنی هێرشی لەشکری ئینگلیز و بەو جۆرە زۆر بەسەر داگیر کردنی بەسرەدا تێنەپەڕی کاتێك دەوروبەری دە هەزار جەنگاوەر کە پتر لە هەزاریان سوارەی چەکداری کورد بوون[٥٠] ، لە نزیك شاری ناصریەوە بۆ کۆمەگی تورك کۆبوونەوە ، بەڵام لە و شەڕە سێ رۆژییەدا کە لە نیسانی ساڵی ١٩١٥دا لە شوعەیبە لەگەڵ لەشکری تورکدا قەوما پیس شکێنران ، بەرەی عوسمانی لەو شەڕەدا پتر لە دوو هەزار و پێنج صەد کەسیان لێ کوژران و بریندار کران و ٨٠٠یشیان لێ بە دیل گیران جگە لە هەندێك چەك و جبەخانەش کە دایان بە دەستەوە ؛ زیانی ئینگلیزیش دەگەیشتە دەوروبەری ١٢٥٠ کەسێك[٥١] .

(٥٠) بڕوانە : رفيق حلمي ، يادداشت ، بەشی ـ ١ ـ ، بەغدا ، ١٩٥٦ ، ل ٤٩ ـ ٥٠ . ئەو هەزار سوارەیەی کورد لە زێر سەرکردایەتی شێخ مەحمودا لە و شەڕەدا بەشدار بوون .

(٥١) A. T. Wilson, Loyalities Mesoptamia, 1914 - 1917, P. 35.

هەندێك سەرچاوە کوژراو و بریندارى لەشکری عوسمانی بە زیاتر لە قەڵەم دەدەن (بە وێنە بڕوانە : محمد طاهر العمری ، تأريخ مقدرات العراق السياسية ، الجزء الاول ، موصل ١٩٢٤ ، ص ١٠٥) .

ئەمە و هەڵوێستی ڕەق و پڕ لە گومانی بێ جێی ئەفسەرانی تورك جەنگاوەرانی عەرەب و كوردیان ناچار كرد مەیدان بەجێ بهێڵن و بگەڕێنەوە مەڵبەندەكانی خۆیان هەرچەندە لە كاتی شەڕی شوعەیبەدا دڕێغییان لە گیان فیداكاری نەكرد .

دوای شەڕی شوعەیبە لەشكری ئینگلیز بەرەو بەغدا كشا و لەمەدا هاندانی سەرمایەدارە گەورەكانی بەریتانیا دەورێكی گەورە و دیاری بینی(٥٢) . پێشكەوتنی ئینگلیز تا كوت هیچ تەگەرە و قۆرتێكی نەهاتە ڕێ ، بەڵام لێرە هێزە چەكدارەكانی تورك توانییان ئابڵوقەیەكی وەهایان بدەن كە ناچار بن لە كۆتایی نیسانی ١٩١٦دا خۆیان بدەن بە دەستەوە . ئەمە هەرچەندە بووە كۆسپێكی گەورە لە ڕێگەی داگیر كردنی بەغدادا بۆ ئینگلیز بەڵام ورەیان بەر نەدا و لە سەر پلانی خۆیان ڕۆیشتن و لە مارتی ساڵی ١٩١٧دا تواناییان بەغداش بگرن و بەو جۆرە بەشی زۆر و گرنگی میسۆپۆتامیا كەوتە ژێر دەسەڵاتیانەوە .

بەڵام زۆر بە سەر داگیر كردنی بەغدادا تێنەپەڕی كاتێك شۆڕشی ئۆكتۆبەر لە ڕوسیادا سەركەوت و هەر وەك وتمان بووە هۆی ڕوادانی ئاڵوگۆڕێكی گەورە لە هەموو تاكتیك و ستراتیژی

(٥٢) الدكتور زكي صالح ، مقدمة في دراسة العراق المعاصر ، بغداد ، ١٩٥٣ ، ص ١١ .

دەوڵەتە ئیمپریالیّەکاندا کە یەکێکیان بریتی بوو لەوەی بەریتانیا بە خێرایی کەوتە خۆ بۆ داگیر کردنی کوردستانی باشور و چاویشی بڕیبە کوردستانی باکووری کۆنە میراتی چارەکانی ڕوسیا کە بە پێی پەیمانی نهێنی سایکس - پیکۆ بۆیان تەرخان کرابوو. یەکێك لە نیشانە دیارەکانی ئەم گۆڕانە لە سیاسەتی ئینگلیزدا بەرامبەر بە کوردستان لەوەدا بەدی دەکرێ کە وا ئینگلیزەکان نزیکەی سێ ساڵیان ویست بۆ داگیر کردنی بەشی خوارووی عیراق تاوەکو بەغدا ، کەچی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر (٧ی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٧) وا خێرا کەوتنە خۆیان بە رادەیەك بەر لە وەستاندنی شەڕ توانییان لەشکر و کاربەدەستانی تورك لە زوربەی ناوچەکانی ئێری عیراقدا دەربکەن و دەسەلاّتی خۆیانیان تیا دابەزرێنن. بەڵگەیەکی پڕ مانای ئەمەش ئەو شەڕە قورسە بوو کە لەشکری ئینگلیز لە خوارووی موسڵدا بەر لە مۆر کرنی هودنەی مۆدرۆس بە دوازدە ڕۆژ کردی ، واتە لە کاتێکدا کە هەموو لا دەیانزانی تورکیا و هاوپەیمانەکانی ئەمڕۆ نا سبەی بە ناچاری خۆیان دەدەن بەدەستەوە ، کەچی ئینگلیزەکان دەوروبەری دوو هەزار سەربازی خۆیان کردە قوربانی[٥٣] تەنها بۆ ئەوەی پێش تەواوبوونی شەڕ کەمێك زیاتر بچنە

(٥٣) شایانی باسە لە ماوەی چوار ساڵی شەڕدا لەشکری ئینگلیز لە هەموو عیراقدا بەسەر یەکەوە دەوروبەری ٣١ هەزار کەسی لێ کوژرا .

پێشـــەوە[٥٤] . بەر لەوەش بە ماوەیەك لەشکـری ئینگلیز لە قوڵی باکوری - رۆژهەلاتی بەغداوە میقداریـکی باش پێشکەوت و رۆژی ٢٨ی نیسانی ساڵی ١٩١٨ توانی بچێتە ناو شـــاری کفریـیەوە و دوای ئەوە بە رۆژێك تۆزخورماتۆشی داگیر کرد . لەم ناوچانەشدا چەند شـەڕێك لە نێوان هێزی چەکداری تورك و ئینگلیزدا قـەوما کە لە ئەنجامیاندا پتر لە ٢٠٠ ســـەربازی تورك کوژران و ١٣٠٠ کەسێك و ٢٠ تۆپێکیشیان لێ بە دیل گیرا و لە ئینگلیزیش نزیکەی ٢٠٠ کەس کوژران یان برینـــدار کران[٥٥] . دوا بە دوای ئـــەوە ئینگلیزەکان بە شـــەڕێکی پچوك تواییان رۆژی حەوتی مایـس کەرکـوکیش بگرن بەڵام دوای نزیکەی ســـێ حەفتە (رۆژی ٢٤ی مایس) لێی کشانەوە و لەشکری تورکی تێ هاتەوە کە دوای ماوەیەکی کەم دوبارە ناچار بۆ بەجێی بهێڵی و ئەجارەیان لەشکری ئینگلیز تا دەوروبەری ئاڵتون کۆپری دوای کەوت .

لێرەدا پێویستە سەرنجیش بۆ ئەوە رابکـێشین کە وا ئینگلیزەکان هەر دوای داگیر کردنی بەغدا کەوتنە ناردنی ژمارەیەك لە ئەفســـەرە

(٥٤) لە هەمان شەڕدا تورکەکان نزیکەی یازدە هەزار دیـل و ٥١ تۆپ و گەلێك جبەخانەی تریان دا بەدەستەوە . (بڕوانە :
A. T· Wilson, Mesopotamia, 1917 - 1920 . A clash of loyalities . A personal and historical record, London, 1931, PP. 16 - 17)

(٥٥) Op. Cit., P. 8

هەرە شارەزا و بە تواناکانیان ـ بە تایبەتی لەوانەیان کە کاتی خۆی بە باشی لە هیندستان دەرس درابۆن یا پێش شەڕ هاتبۆنە ناو کوردەوە ـ بەرەو شارەکانی کوردستان بۆ خۆش کردنی ڕێگەی هاتنی هێزەکانیان و دامەزراندنی دەسەلاتی سیاسییان لە و ناوچانەدا. بە وێنە چەند جارێك مێجەر سۆنی بەناوبانگیان نارد هەندێك ناوچەی کوردستان و زۆری نەخایاند دوای داگیر کردنی بەغدا کە بە نهێنی ناردیانە خانەقین و ئەو دەوروبەرە(٥٦). ئینگلیزەکان لەگەڵ گرتنی کفریشدا لە ڕێگەی نامە و ئەفسەرە سیاسێکانیانەوە لە نزیکەوە پەیوەندییان لەگەڵ پیاوە ناوارەکانی کەرکوك و سلێمانیدا

(٥٦) ئارنۆلد ویلسن یەکەم حاکمی سیاسی ئینگلیز لە عیراق بە شێوەیەکی تایبەتی باسی خزمەتەکانی سۆنی لە خانەقین و سلێمانی کردوە و دانی بەوەدا ناوە کە بۆ کاری لەشکری ئینگلیز لە سالەکانی شەڕدا زۆر بەکەڵك بۆن. ویلسن بە ئەوپەڕی شانازییەوە باسی سۆنی لە کتێبەکەی خۆیدا کردوە و دەڵێ: «سۆن یەکێك بۆ لەو کەسە هەرە دیارانەی کە بەختەوەر بۆم بە ناسینیان ... سۆن زمانزانێکی بێ هاوتا بۆ و تاکە کەس بۆ کە لە زیانمدا دیبێتم بتوانێ وا بە سەرکەوتوبێ لە ناو فارسدا بە خۆشاراوەیی وەك فارس بژی»
(A. T. Wilson, Loyalities Mesopotamia, pp. 162, 169)
سۆن لە سەرەتاوە تا کۆتایی شەڕ لەگەڵ لەشکری ئینگلیزدا لە عیراق بووە و دەورێکی لەورەی لە دەرکردنی «بەصرە تایمس» و «بەغداد تایمس»دا هەبووە کە ئینگلیز لە ڕۆژی داگیرکردنی ئەو دۆ شارەوە دەستیان کرد بە دەرکردنیان.

دامەزراند[٥٧] و بە تایبەتی کاپتان نۆئیلیان[٥٨] نارده لای شـــێخ مەحمود لە سلێمانی کە لە رۆژی کشانەوەی کاربەدەست و سـەربازانی تورکەوە دەسەلاّتی ئەو مەڵبەندەی گرتبووە دەست خۆی .

(٥٧) بڕوانە :

C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs. Politics travel and research in North - Eastern Iraq, London, 1957, P. 29 .

(٥٨) کاپتان (دوایی مێجەر) نۆئیل ئەفسەرێکی زۆر شـارەزا و گورج و گۆڵ و هێمن بوو ، زمانی فارسی باش دەزانی و لە نەفسیەتی هۆز و سەرەك هۆزەکانی رۆژهەلاّت باش گەیشتبوو . نۆئیل لە سەرەتادا لە ناو بەختیارێکاند کاری دەکرد و توانی خەڵکی ئەو ناوە دژی ئەڵمانەکان بجوڵێنێ و خزمەتێکی زۆر بە کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی لە ئێرانـد بگەیێنێ . لە دوا سالەکانی شەڕدا نۆئیل توانی لە نزیکەوە پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەرەك هۆز و دەسەلاّتدارانی کوردستاندا دابمەزرێنێ و تەنانەت دەستیشی کرد بە فێربوونی زمانی کوردی . شایانی باسە نۆئیل زۆر لایەنگری دامەزراندنی دەوڵەتێك بوو لە کوردستاندا و لە راپۆرتە نهێنیکانی خۆیدا بە گەرمی کاربەدەستانی بەریتانیای بۆ ئەمە هان دەدا

(بڕوانە :

« Documents on British Foreign Policy, 1919 - 1939 », First series, Vol. IV, London, 1952, pp. 678, 693, 742 , 782) .

نۆئیل هەرچەندە چەند ساڵێکی کەم لە ناو کوردا کاری کرد بەلاّم بە خێرایی توانی هەستی ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ناسراوی کوردستان=

بەم جۆرە تا رۆژی مۆر کردنی هودنەی « مۆدرۆس » لە ٣٠ی تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨دا لە ئێوان وڵاتە سوێندخۆرەکان و تورکیادا هێزەکانی ئینگلیز توانییان دەسەڵاتیان لە بەشێکی زۆری کوردستانی باشوریشدا دابمەزرێنن وە لە قـۆڵی موسڵیشەوە تەنها دوازدە میلیان مابۆ بگەنە ناو شار ، بـەڵام ئینگلیزەکان گوێیان نەدایە وەستاندنی شەڕ و بە بیانوی بەندی حەوتەمی « مۆدرۆس »ەوە کە ڕێگەی دەدانێ لە کاتی پێویستدا « هەمۆ شوێنێکی ستراتیژی بگرن » وە بەندی شازدەهەمی کە مەرجی خۆبەدەستەوە دانی هەمـۆ هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی « لە میسۆپۆتامیادا » کـردبۆ بـە مـاڵ بەسەر تورکەوە(٥٩) ـ چۆنە ناو شاری موسڵەوە و تورکیان لەو ناوەش

= بۆ لای خۆی رابکێشێ بە رادەیەک مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە بارەیەوە نۆسیوێتی دەڵێ : « زەمان بە دڵی نۆئیل بچوایە بەژێوە شکم لەوەدا نیە کە بناغەی (کوردستانی گەورە)ی دائەمەزراند » (ڕەفیق حیلمی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٦٩) . نۆئیل زۆر لە کوردستان نەمایـەوە ، ئەوەبۆ کاربەدەستانی ئینگلیز بۆ کاری « تایبەتی » خۆیان ناردیانە ناوچـەی قەفقاس و لەکاتی گەڕانەوەیـدا لە لایـەن شۆڕشـگێڕە جوتـگەلێکـانەوە بە دیل گیرا .

(٥٩) بڕوانە :

Ю.В.Клычников и Андрей Сабанин, Международная политика новейшего времени в договорах, нотах и декларациях, ч.II, Москва, 1926, стр.188-189.

یو . ف . کلیوچنیکف و ئەندرێیەی سەبانین ، سـیاسەتی نـێوان=

دۆر خستەوە و دوای ئەوە هـەر ناوچەیەکی کوردستانی باشوور مابۆ داگیریان کردن بەو نیازەی لە دواڕۆژێکی نزیکدا بیانکەنە بەشێك لەو دەوڵەتـەی دەیانویست بـە ناوی ئینتیدابـەوە لە عیراقـــدا دایبمەزرێنن[٦٠] .

ئەوەی لێرەدا پێویستە بە تایبەتی سـەرنجی بـۆ رابکێشین ئەوەتە کە ئینگلیزەکان هەرچۆنێك بوایـە و بە هەر نرخێك بوایـە «ویلایەتی موسڵ»یان هەر داگیر دەکرد بۆیەکا ئامادە بۆن بە شەڕیش بێ هێز و کاربەدەستانی تورك لە موسڵ دەرپەڕێنن[٦١] چونکە ، هەر وەك کاتی خـــۆی لۆرد کیرزن وتـبۆی ، لایان وابۆ ســـنوری رۆژئاوای هیندستان بە فـــوراتدا تێدەپەڕی کە تەنها لە ڕێـگەی « موسڵەوە »[٦٢] دەتوانرێ بگیرێتە دەست[٦٣] .

= دەوڵەتانی سەردەمی هەرە نوێ لەپەیان و یادداشت و « تصریح »دا ، بەشی دۆهەم ، مۆسکۆ ، ١٩٢٦ ، ل ١٨٨ - ١٨٩ .

(٦٠) بڕوانە :

« Documents on British Foreign Policy », Vol. IV, PP. 679, 594, 743 .

(٦١) بڕوانە :

H. St. J. Philby, Arabian days, London, 1948, PP. 173 - 174 .

(٦٢) مەبەستی هەموو ویلایەتی موسڵە .

(٦٣) بڕوانە :

Н.Г.Корсун, Арабский Восток-Ирак, Москва, 1928, стр.35.

ن . گ کارسۆن ، ڕۆژهەلاتی عەرەب ـ عیراق ، مۆسکۆ ، ١٩٢٨ ، ل ٣٠ .

بەم جۆرە لە ساڵانی ١٩١٤ — ١٩١٨ دا هەموو لایەکی کوردستان ببوە بەشێکی گرنگ لە مەیدانەکانی رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستی شەڕی یەکەمی جیهان و لەشکری ئینگلیز و ڕوس و تورك و هۆزی چەکداری کورد و سوارەی حەمیدی و پیاوانی ئەڵەمان لەو ساڵانەدا هەریەکە بە جۆرێ لەسەر خاکی کوردستان دەوری خۆی دەبینی وە ئەگەر سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کشانەوەی لەشکری ڕوس نەبوایە تا کۆتایی شەڕ هیچ بەشێکی کوردستان بە دەست داگیرکەرە کۆنەکانیوە نەدەما ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شەڕە و ئەنجامەکانی بۆتە هۆی ڕوودانی گەلێك ئاڵۆگۆڕی گرنگی سیاسی و ئابوورێ لە زوربەی کوردستاندا وە بە تایبەتی لە کوردستانی باشووردا کە کەوتە ژێر دەسەڵاتی یەکسەرێ ئینگلیزەوە . لە هەمان کاتدا ڕووداوەکانی شەڕی یەکەم هەر لە ساڵەکانی شەڕدا کارێکی زۆریان کردە سەر باری سیاسی کوردستان و بۆتە هۆی ماڵ وێرانی و سەرگەردانی و زیانێکی زۆر بۆ گەلی کورد .

بەشی چوارەم

خەباتی گەلی کورد لە ساڵەکانی شەڕدا و ئەو زیانانەی لەو ساڵانەدا لە کورد کەوتن

هەروەك لە بەشی دوەمی ئەم باسەدا وتمان بێ گومان شەڕی

یەکەمی جیهـــان و روداوەکانی بۆنە کۆسپێـکی گەورە لەبەر دەمی پێشکەوتن و پەرەســـەندن و قۆڵ بۆنەوەی ناوەرۆکی بزوتنـــەوەی ئازادی ـ نەتەوەیی گەلی کوردا ، بەڵام ئەمـــە وەها ناگەیێنێ کە واگەلی کورد لەو ســـالانەدا ئیتر بە یەکجاری دەسـتی لە خەبات هەڵـگرتوە[٦٤] چونکە هیـچ نەبێ هۆ جۆڵێنەرەکانی ئەو خەباتە تا رادەیەکی زۆر هەر وەك جاران لە ئارادا بۆن ، بەڵـکو هێندێکیان قۆڵتریش بۆنەوە . بەر لە هـــەمۆ شتێك کاربەدەســتانی دەوڵەتی عوسمانی نەك تەنها دەستیان لە سیاسەتی شۆڤێنی جارانیان هەڵنەگرت بەڵـکو لە ئەنجامی بە یەکجاری زەحمەت بۆنی ژیانی ئابۆری هـــەمۆ وڵاتـــدا بە هۆی شەڕەوە ئەوەندەی تر ئەو سیاســەتە نالەبارە بە کاروباری رۆژانەیانەوە دیاری دا و لەم مەیدانەدا زۆر ناشییانە هاتنە پێشەوە چونکە وا دیارە فەرمانڕەوایانی تورکیا دەست پێ کردنی شەڕیان بۆ لێدانی بزوتنەوەی رزگاریی گەلی کورد بە هەل زانی ، ئەوەبۆ لە بریتی دڵدانەوە و رازی کردنی سەرۆکەکانی بۆ ئەوەی لە و رێـگەیەوە بتوانن گەلی کورد لەو کاتە ناسکەدا رابکێشنە پاڵ خۆیان یەکســەر کەوتنە گیانیان . لە موسڵ رۆژی یەکی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٤

(٦٤) هەنـدێك مێژوونوس لەوەدا بە هەڵەدا چۆن کە گوایە گەلی کورد لە ساڵەکانی شەڕدا دەستی لە خەباتی رزگاریی خۆی هەڵـگرتووە .

شێخ عەبدولسەلام و دوان لە پیاوەکانیان لە سێدارە دان[٦٥] و بەم کردەوەیەیان بە جارێك رقی دانیشتوانی زوربەی ناوچەی بادینانیان لە خۆیان هەڵساند .

کاربەدەستانی بتلیسیش دەست پێ کردنی شەڕی یەکەمیان بە هەل زانی بۆ ئەوەی بدەن بەسەر کۆنسوڵخانەی ڕوسیادا و مەلا سەلیمی خێزانی و هاوەڵەکانی بگرن و دەس بەجێ بە نیـــازی تۆقانـدنی خەڵکی ئەو مەڵبەندە لە سـەر شەقامەکانی شار هەڵیانواسین و لاشەکانیان بۆ چەند ڕۆژێك بە و جۆرە هێشتنەوە[٦٦] .

بەڵام نە ئەم کارە ناهەمـوارانەی چینە کاربەدەستەکانی تورکیا وە نە ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرییەی بە بیانوی شەڕەوە بەسەر خەڵکیانا داسەپاند نەیانتوانی کۆتایی بە خەباتی گەلی کورد بهێنن و ڕۆلەکانی دەمکوت بکەن . ڕاسـتە لە زروفی شەڕدا — لە کاتێـکدا زوربەی ڕۆشنبیرانی کورد بە بەرگی سەربازییەوە نێررابوونە مەیدانەکانی شەڕ و هەمو ڕێـکخراو و کۆمەڵە سیاسێـکانی بەر لە شەڕ دایانەزراندبوون لە کار کەوتبوون — نەدەتوانرا کـڵپەی ئاگری بزوتنـەوەی رزگاری

(٦٥) عبدالمنعم الغلامي ، الضحايا الثلاث ، الموصل ، ١٩٥٢ ، ص ٥٠ — ٥١ . تورکەکان لە ڕێگەی خیانەتـکاری هەندێك کوردەوە بە هۆی صۆفی عەبدوڵلا شکاکی فەنەکییەوە لە پایزی ساڵی ١٩١٤دا توانییان شێخ عەبدولسەلام بگرن .

(٦٦) بلەج شیرکوە ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٥٠ .

کۆمەڵانی خەڵك وەك جاران خۆش بکرێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناڕەزایی و رقی دانیشتوانی زۆر ناوچەی کوردستان لە ساڵەکانی شەڕدا لە شێوەی راپەڕیندا دەتەقییەوە . بە وێنە لە بەهاری ساڵی ١٩١٥دا خەڵکی بۆتان بە ئاشکرا دژی دەسەڵاتی میری پەلاماری چەکیان دا و بەرهەڵستێ هێزەکانیان کرد . هەر لەو سەردەمەشدا خەڵکی دەرسیم بۆ ماوەی پتر لە ساڵێك توانییان کاربەدەست و سەربازی تورك لە هەمۆ ناوچەکەیان وەدرخەن و دەسەڵاتی تەواوی ئەو مەڵبەندە بگرنە دەست خۆیان[٦٧] . عەلی شێری شاعیری بەناوبانگی ئەم ناوچەیە دەوڕێکی دیاری لە بزواندنی هەستی نەتەوەیێ خەڵکەکەیدا بینی و بە هەمۆ توانایەوە کەوتە هاندانی هۆزەکانی دەرسیم و قۆچگیری بۆ ئەوەی لە پێناوی ئازادێ نیشتمانەکەیاندا یەك بگرن و رێگەی گەڕانەوەی دەسەڵاتی عوسمانی نەدەن ، بەڵام هەندێك لە سەرەك هۆزە تورکخواکان لەبەر دەمی پەرەسەندنی ئەم بزۆتنەوەیەدا بۆنە کۆسپێکی گەورە[٦٨] .

لە دواساڵەکانی شەڕدا لە ئەنجامی ژێرکەوتنی یەك لە دوای یەکی لەشکری عوسمانی لە هەمۆ مەیدانەکاندا و بە تەسیری پەرەسەندنی

(٦٧) م . س . لازەرێف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٣١١ .

(٦٨) لە بارەی زیان و خەباتی عەلی شێرەوە لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمدا بڕوانە :
Nuri Dersimi , Kürdistan Tarihinde Dersim , Halep , 1952 , C . 112 - 113 .

بژۆتنەوەی رزگاریی زوربەی گەلە ژێردەستەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی ، خەباتی گەلی کوردیش توند و تیژتر بۆ و ئەجارەیان کوردستانی باشوریشی گرتەوە و خەڵکی ئامێدی و سلێمانی و هەندێك ناوچەی تر چەند جارێك دژی دەسەلاتی عوسمانی یاخی بۆن . شێخ مەحمود هەر لە کاتی کوشتنی شێخ سەعیدی باوکیەوە بەر لە شەڕ[٦٩] بە هاندانی کاربەدەستانی موسڵ ، دڵی لە دەوڵەتی عوسمانی کرمێ بۆ بۆ و بۆ هەڵێك دەگەڕا تۆڵەی باوکی بسێنێ و تەنانەت چۆنی شوعەیبەشی بە هاندانی پیاوە ئاینێکان و فەتواکانیان بۆ و گەڕانەوەشی لە رقی ئەفسەرانی تورك بۆ . جا شێخ مەحمود باری نالەباری دەوڵەتی عوسمانیی لە دواسالەکانی شەڕدا بە هەل زانی و بە ئاشکرا کەوتە خەبات کردن بە نیازی لەناو بردنی دەسەلاتی بەلای کەمەوە لە کوردستانی باشوردا کە لەشکری ئینگلیزی لێ نزیك بۆبۆوە . هەر بۆ ئەم مەبەستەش شێخ مەحمود کەوتە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ هەمۆ ناحەزەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا و بە نامەی تایبەتی بەر لە هەموان داوای یارمەتیی لە ڕۆس کرد و ئینجا کەوتە نامە نوسین بۆ شەریفی مەککە حسەینی کوڕی عەلی و داوای لێ کرد شان بە شانی یەك دژی دەسەلاتی

(٦٩) دوای سەرکەوتنی شۆڕشی تورکە لاوەکان شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمود دۆر خرایەوە موسڵ و لەوێ هەر لەو ساڵەدا (١٩٠٨) خۆی و چەند پیاوێکی و شێخ ئەحمەدی کوڕی بە دەسبەسەی کاربەدەستانی تورك کوژران .

عوسمانی بکەونە خەبات و دوای ئەوەش هەر بۆ ئەو نیازە پەیوەندیی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا دامەزراند و هەر وەك لە شـوێنێکی تری ئەم باسەدا گوتمان بەر لەوەی شەڕ کۆتایی بێ شێخ مەحمود توانی ببێتە تاکە دەسەڵاتداری هەمتو ناوچەی سلێمانی .

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی تورکیاش تا دەهات زیاتر لەسەر خەبات سوور دەبوون . هاوینی ساڵی ۱۹۱۷ دانیشتوانی دەرسیم و بۆتان دووبارە و خەڵکی خـــەرپوت بۆ یەکەم جار دژی حوکمی عوسمانی هەڵسان و لە سەرەتای ئابیشدا خەڵکی ماردین و ئامەد (دیاربەکر) راپەڕینێـــکی گەورەیان بەرپا کرد و عەرەبی ئەو ناوەش بە گەرمی پشتگیرییان کردن . ئەم راپەڕینە کاربەدەستانی تورکیای ناچـار کرد هێزێـکی زۆر بۆ دامرکاندنەوەی تەرخان بکەن[۷۰] بە تایبەتی لە ترسی ئەوەش کە سەرۆکەکانی پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ ئەو هێزانەی رووسدا دامەزراندبوو کە لەو ناوچانەدا شەڕیان دەکرد و تەنانەت مەعلوماتیشیان لە بارەی لەشکری تورك و جۆلانەوەکانییەوە دەدانێ . لـــە پایزی هەمان ساڵدا خەڵکی بتلیس دووبارە راپەڕینەوە و ژمارەی چەکدارانی ئەمجارەیان خۆی لە دەوروبەری ۳۰ هەزار کەسێك دەدا[۷۱] .

(۷۰) کاربەدەستانی تورکیا سەرتاپای تیبی چل و حەوتەمی لەشکر و چەند هێزێکی تریان بۆ دامرکاندنەوەی راپەڕینی دیاربەکر و ماردین تـەرخان کرد (بڕوانە : م . س. لازەرێف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ۳٤۹) .

(۷۱) شایانی باسە بیاوە سـیاسی و عەسـکەرێکانی رووس و بەکرێ گیراو و لایەنگرەکانیان بایەخێکی زۆریان بەم راپەڕینانەی کورد دەدا و لە هـەر=

لەو سالانەدا کوردی ئێرانیش بە گەرمی چوونە ناو کۆڕی خەباتەوە و لە زۆر ناوچەدا بە ئاشکرا چەکیان دژی کاربەدەستانی ئێران هەڵگرت و تەنانەت بەشێك لە دانیشتوانی کوردستانی ئێران تێکەڵی ئەو راپەڕینە گەورەیەش بوون کە لە سەرەتای شەڕی یەکەمەوە جەنگەلێکان لە ژێر سەرکردایەتی میرزا کوچك خاندا لە باشوری ئێران ، بە تایبەتی لە ناوچەی گەیلاندا دژی داگیرکەران و فەرمانڕەوایانی ئێران بەرپایان کرد ؛ خاڵۆ قوربانی کورد بووە یەکێك لە یاریدەدەرە نزیکەکانی کوچك خان(۷۲) . لە هەمان کاتدا ڕێکخراوە سیاسێ نهێنێکانی ناو لەشکری ڕوس پەیوەندییان لەگەڵ هەندێك شۆڕشگێڕی ڕۆشنبیری کوردا دامەزراند و تەنانەت لە ناوچەی کرماشادا کۆمیتەیەکی هاوبەشیان لە نوێنەرانی هەردوو لایان پێك هێنا(۷۳) .

= شونێك بۆیان بکرایە ئاگریان خۆش دەکرد و لە لایەکی تریشەوە هەنگاو بە هەنگاوی ڕۆداوەکانیان دەکردە ڕاپۆرتی تایبەتی و دەیاننارد بارەگای جەنگیی ڕوس لە ناوچەی قەفقاسدا و بەشێکیشیان دەگەیشتە وەزارەتی دەرەوی ڕوسیا لە پیترۆگراد . ئەو ڕاپۆرتە گرنگانە کە سەرچاوەیەکی یەکجار بایەخدار و ڕەسەن بۆ مێژوونوس لە ئارشیفەکانی سۆڤێتدا هەڵگیراون و گەلێك لەکوردناسانی ئەو وڵاتە لە کارە زانستێکانیاندا کەڵکێکی یەکجار زۆریان لێ وەرگرتوون .

(۷۲) بڕوانە : م . س . ئیڤانۆف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ۲٦۰ .

(۷۳) بڕوانە :

"Всемирная история", т.VIII, Москва, 1961, стр.574.

« مێژوی هەموو جیهان» ، بەرگی – ۸ – ، مۆسکۆ ، ۱۹٦۱ ، ل ٥۷٤ .

سەرەڕای هەمۆ ئەمانە خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لە دواساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا لە سنووری کوردستانیش چووە دەرێ و رۆشنبیرانی کورد لە هەر شوێنێك بۆن دووبارە هاتنەوە ناو کۆڕی خەبات و کەوتنە هەوڵدان بۆ ئەوەی بە هەمۆ جۆرێك مەسەلەی کورد بێننەوە ناوەوە ، بە تایبەتی دوای ئەوەی وای لێ هات کۆتایێ دەوڵەتی عوسمانی لە ئاسۆدا بە رۆنی ببینرێ . سورەیا بەدرخان بەر لە کۆتایێ شەڕ بە ماوەیەکی کەم بە گورج و گۆڵی لە قاهیرە کەوتە خۆ و توانی کۆمەڵێکی سیاسی بۆ رۆن کردنەوەی مەسەلەی کورد دابمەزرێنێ و پەیوەندێ لەگەڵ ئەو رۆشنبیرە کوردانەدا ببەستێ کە لە کاتی شەڕدا لە لایەن لەشکری ئینگلیزەوە بە دیل گیرابۆن و ئێررابۆنە میسر و هیندستان[٧٤] . سورەیا بەدرخان و هاوەڵەکانی نیازیان وابۆ لە یەکێك لە شارەکانی ئەورووپادا کۆنگرەیەکی تایبەتی بۆ پیاوە سیاسێکانی کورد ببەستن بۆ لێکۆڵینەوەی باری سیاستێ نیشتمان و دواڕۆژی لەبەر رۆشنایێ ئەو رووداوانەدا کە هەمۆ رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستیان لە قۆناغێکی مێژوویێ نوێ نزیك خستبۆوە .

بەم جۆرە وەك دەبینین روداو و کارەساتەکانی شەڕ و سیاسەتی

(٧٤) بەپێی ئەو زانیارییانەی مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیس بلاّوی کردۆتەوە رۆشنبیرە گیراوەکانی کورد لە هەندەران نیمچە رێکخراوێکی نەتەوەیێ نهێنیان بۆ خۆیان دامەزراندبۆ (بڕوانە : « رۆژی نوێ » ، ژمارە ـ ٩ ـ ، کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ ، ل ٢٤ ـ ٢٦) .

دیکتاتۆرێتی کاربەدەستانی تورکیا نەیتوانە هۆی وەستاندنی خەباتی گەلی کورد لە ساڵەکانی شەڕدا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم خەباتە بە هیچ کامێك لە ئامانجە گەورەکانی نەگەیشت و سەرەڕای باری سیاستی نێوان دەوڵەتان چەند هۆیەکی تریش بوبنە کۆسپی ئەو کارە کە هەموشیان لە راستیدا ئەنجامی دواکەوتوێتی و نزمتی رادەی تێگەیشتنی خەڵکی ئەو سەردەمەی کوردستان بوون . بەر لە هەموو شتێك راپەڕینەکانی ئەو ساڵانەی کورد لە ڕێچکەیەکی تایبەتی یەکگرتودا کۆنەبونەوە تا بتوانن خۆیان لە بەردەمی هێزی دوژمندا بگرن و بەو جۆرە ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنن . شایانی باسە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێك لەو راپەڕینانە لە یەك کاتدا لە شوێنی جیاوازی کوردستاندا دەقەومان کەچی سەرداڕەکانیان بیریان لە دامەزراندنی پەیوەندی و یەکگرتن نەدەکردەوە . سەرەڕای ئەوە سەرکردایەتی هیچ یەکێك لە راپەڕینەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان تاکتیك و ستراتیژێکی دیاریان نەبو ، بە وێنە بە نیسبەت شێخ مەحمودەوە هەستی ئایینی بەس بو بۆ ئەوەی لە سەرەتای شەڕدا دژی ئینگلیز چەك بۆ دوژمنەکانی خۆی هەڵبگرێ ، ئەمە جگە لەوەی لە کاتێکدا بە نامە و نامەکاری داوای یارمەتی لە ڕوس دەکرد لە هەمان کاتدا بە چەك هێرشی دەبردە سەر هێزەکانیان .

بەڵام لەگەڵ هەموئەمانەشدا پێویستە دان بە بایەخ و گرنگیی خەباتی گەلی کورد لە ساڵەکانی شەڕدا بنێین کە بووە یەکێك لە هۆ

یاریدەرەکانی هەرەس هێنانی بناغەی رژێمی عوسمانی و پەرە سەندن و پێشکەوتنی هەستی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و زیاتر جێگیر بوونی دروشمی ئۆتۆنۆمی و تەنانەت سەربەخۆیی کوردستان کە ئەمانەش هەمو رێگەیان بۆ قۆناغی نوێی دوای شەڕی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد خۆش کرد .

لە هەمان کاتدا بەردەوام بوون و پەرەسەندنی خەباتی کورد لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانـدا ئەوەنـدەی تر رقی فەرمانڕەوایانی تورکیایان لێ هەڵساندن و زیاتر رەگی رەگەزپەرستیی بزواندن بە تایبەتی دوای ئەوەی لەوە دڵنیا بوون کە وا گەلی کورد بە دڵ شەڕیان بۆ ناکات و ڕۆڵەکانی پۆل پۆل ریزەکانی لەشکری عوسمانی بەجێ ئەهێڵن[٧٥] و زۆر جار بە چەکەکانیانەوە دەدەنە پاڵ شۆڕشگێڕانی گەلەکەیان ، وە ئەوەی لە هەمو شـتێك زیاتر رقی عوسمانێکانی لە کورد هەڵساند ئەوەبو ، وەك بە درێژی لە شـوێنێکی تری ئەم باسەدا دەیبینن ، کە وا نەیانتوانی ڕۆڵەکانی بکەنە داردەستی خۆیان دژی کەمینە ئاینێکانی دەوڵەتی عوسمانی وە بە تایبەتی گەلی ئەرمەنی دراوسێیان . بەم جۆرە چینە کاربەدەستەکانی تورکیا لەوە دڵنیا بوون کە وا گەلی کوردیان لە کیس چووە بۆیەکا لە دوا ساڵەکانی شـەڕدا دوبارە بە نیازی تواندنەوەیان بە رەقی کەوتنەوە گیانیان و وایان

(٧٥) تاکۆتایی شەڕ کار بەوە گەیشت لە ناو ریزەکانی لەشکری عوسمانیـدا زۆر بە دەگمەن سەربازێـکی کورد دەبینرا .

دەزانی ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ نەدۆڕاندنی کوردستان ؛ شایانی باسە لەمەدا ئەڵمانەکانی دۆستیشیان هاوبیریان بۆن . کاربەدەستانی تورکیا بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم نیازەیان لە نزیک کۆتایی شەڕدا چەند یاسا و فەرمانێکیان دەرکرد بۆ پەرژ کردنەوەی گەلی کورد بە ناو گوندە تورکەکاندا بە مەرجێك نیسبەتیان لە هیچ شوێنێك لە ٥٪ تا لە ١٠٪ی دانیشتوانی ناوچەکە تێپەڕ نەکا و بژیاریشیان وابۆ سەرەك هۆز و پیاوماقوڵانی کورد بە دەستبەسەری بنێرنە شارەکانی ڕۆژئاوای ئەنادۆل و نەهێڵن بە هیچ جۆرێك پەیوەندی لەگەڵ پیاوەکانیاندا ببەستن[٧٦] . عوسمانێکان بێ دواخستن بەر لە کۆتایی شەڕ کەوتنە جێ بەجێ کردنی فەرمان و یاساکانیان لەم بارەیەوە و بەر لە هەموان کەوتنە گیانی ئەو هۆز و سەرەك هۆزانەی بە لایانەوە « لاسار » بۆن و بۆیان دابین نەدەکران و تواناییان بە زۆری چەك بە هەزارەهایان لێ دۆر بخەنەوە بۆ ناوچە هەرە کەلا و دۆرەکانی ڕۆژئاوای ئەنادۆل . بەم جۆرە فەرمانڕەوایانی تورکیا لە سالەکانی شەڕدا تواناییان دەوروبەری ٧٠٠ هەزار کەس لە کوردستان دۆر بخەنەوە کە پتر لە نیوەیان لە ڕێدا لە برسانا مردن یان لە سەرمانا ڕەق هەڵهاتن یان بە نەخۆشی لەناو چۆن[٧٧] و تەنها

(٧٦) بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٦٠ .

(٧٧) بڕوانە :

« Memorandum sur la situation des Kurdes.. », P.11; =A. Safrastian, Op. Cit, pp. 76, 81; D. A. Shmidt,

ژمارەیەکی کەمیان ، ئەویش دوای شـــەڕ ، توانییان بگەڕێنەوە مەڵبەندەکانی خۆیان ، ئەوانەشـیان کە لەوێ جێگیر بوون ژیانێکی سەختی پڕ لە نەخۆشی و بێ کارییان دەبردە ســـەر و لە ئەنجامی ئەوەشدا گەلێکی تریان لێ مردن(۷۸) .

ســـەرەڕای ئەوە لەشکری عوسمانی زوربەی هـەرە زۆری دانیشتوانی دیاربەکر و موش و بتلیسی بە ناوی پێداویستی جەنگەوە دەربەدەر و ئاوارە کرد و ئەمانە بەشێکیان تەنانەت ناچار بوون پەنا بەرنە بەر شاراني وەك حەڵەب و موسڵ و بە سەرمای زستان و گەرمای هاوین لەسەر شەقامەکانیان بژین و لە برسانا لاشەی کەس و

= Journey among brave men, Toronto, 1946, p. 52.
بە پێی هەندێك سەرچاوە ئـەم ژمارەی ۷۰۰ هـەزارە لە فایـلەکانی « مهاجره إدارەسی»ی ئەستەنبوڵدا هەیە (بە وێنە بڕوانە لاپەڕە ۲۰۲ی کتێبەکەی بلەچ شێرکوە) . هەرچۆنێك بێ ڕۆژنامەی « ســربستی » کە لە ئەستەنبوڵ دەردەچـوو لە ژمارە ۳۰ی نیسانی ساڵی ۱۹۱۹یدا باسـی چەند هەزار کوردێکی بلاڤ کردبۆوە کە لە سالەکانی شـەڕدا بە زۆر دۆر خرابوونەوە بۆ هەندێك ناوچەی ڕۆژئاوای ئەنادۆل .

(۷۸) ئەم بارە قورسەی ژیانیان زیاتر هانی دەدان هەرچۆنێك بێ بگەڕێنەوە کوردستان و ئەوەبـوو دوای تەواو بوونی شـەڕ بەکۆمەڵ داوایان لە کاربەدەستانی تورکیا کرد ڕێگەی گەڕانەوەیان بدەن و زۆریشیان بـێ ئەوەی گوێ بدەنە بڕیاری قەدەغە کردنی گەڕانەوەیان بە دزییەوە دوای شـــەڕ لـەرانەوە خاکی باووباپیرانیان (بـڕوانە : عبدالعزیز یاملکی ، کوردستان و کرد إختلال لری ، جلد ۱ ــ ، تهران ، ۱۹٤٦ ، ص ۷۱) .

کاری مردوی خۆیان و کەلاکی ئاژەڵی له برسا تۆپیوی ئەو ناوه بخۆن(۷۹) .

کار بەوەشەوه نەوەستا ، هەزارەها ڕۆڵەی ناوچەکانی ڕی کوردستان بۆنه قۆچی قوربانی برسێتی و نەخۆشی و مالّ وێرانی . بە وێنه دەوروبەری هەشت هەزار کەس له نزیکەی دوازده هەزار دانیشتوی تەنها بیست گوندی یەکێك له ناوچەکانی کوردستانی تورکیا له ماوەی شەش حەوت مانگی یەکەمی شەڕدا به نەخۆشی مردن(۸۰) . تەنانەت شوێنێکی وەك کوردستانی عیراقیش کە له هەمۆ پارچەکانی ڕی کوردستان له ئاگری شەڕ و کارەساتەکانی دوڕتر بۆ لەگەڵ ئەوەشدا به هۆی شەڕەوه توشی مەینەتی و نەهامەتێکی زۆر هات کە ئەمانه تەنها چەند نمۆنەیەکی کەمینی : ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی تاکۆتایی شەڕ گەیشته سێ یەکی ژمارەی پێش شەڕی و هەر به و نیسبەته و خراپتریش ژمارەی دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری کەم بۆنەوه(۸۱) . پتر له نیوەی

(۷۹) گەلێك مێژونوس باسی زۆر ڕۆی ئەو دەرد و ئازاره بێ شومارەیان کردوه کە له سالەکانی شەڕدا نۆشی گەلی کورد هاتوه ، مامۆستا ئەمین زەکی بەگی خۆشمان کە هەندێکی به چاوی خۆی دیوه ، به درێژی باسی کردووه (بڕوانه : محمد أمین زکی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ۲۸۰ - ۲۸۳) .

(۸۰) م . س . لازەرێف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ۳۱٤ .

(۸۱) C . J . Edmonds , Op . Cit , P. 81

خەڵکی خانەقین هەر لەو ماوەیەدا لە تاو برسێتی و نەخۆشی و زۆرداری داگیرکەران ناچار بۆن شار بەجێ بهێڵن[٨٢] ؛ وەزعی رەواندزیش زۆر لەوە باشتر نەبۆ[٨٣] .

بەم جۆرە بە هەزارەها و بە سەدەها هەزار رۆڵەی کورد بۆنە قۆچی قوربانی شەڕی یەکەمی جیهان ، مامۆستا ئەمین زەکی ژمارەی ئەو کەسانە بە دەوروبەری نیو ملیۆن لە قەڵەم دەدا[٨٤] کە هیچ دۆرنییە لەوەش زیاتر بۆبێ [بە پێی زانیارێکانی ناوکتێبەکەی دوکتۆر لازەرێف کە لە دەکومێنتە دیپلۆماسێکانی زەمانی چاری دەرهێناون ، خێزانی ٢٠ ـ ٣٠ کەستی زۆر ناوچە ژمارەیان لە سالەکانی شەڕدا هاتۆتە سەر سێ چوار کەس[٨٥]] . جگە لەوە کوردستان بە هۆی شەڕەوە ژیانی ئابوریشی لە بنەڕەتەوە هەڵتەکا کە یەکێك لە هۆ گرنگەکانی ئەوەش بریتی بۆ لە کز بۆنی هێزی کار لە کوردستاندا بەوەی لە لایەکەوە هەرچی رۆڵەی بەکاری هەبۆ نێررانە مەیدانەکانی شەڕ یا یاخی بۆن و دایانە کێو و لە لایەکی تریشەوە لەشکری عوسمانی دەستی بەسەر زوربەی ولاغی ئەو ناوچانەدا گرت

(٨٢) A. T. Wilson, Loyalites Mesopotamia, P. 266

(٨٣) بڕوانە : حسین حوزنی موکریانی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١١٤ .

(٨٤) محمد أمین زکی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٣٨٠ .

(٨٥) م. س. لازەرێف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٣١٤ .

کە بەشێکی زۆری لەکاری کشتوکاڵدا بەکار دەهێنرا بۆیەکا تەنها پیاوی پیر و ئافرەت و منداڵ لە وەرزەکاندا کاریان دەکرد ، تەنانەت بەشێکی زۆر لە و پیاوانەش کە هێشتا بە بەریانەوە مابۆ ، لەبەر کەمێك داهاتی زیاتر گوندیان بەجێ دەهێشت و دەچونە شارە گەورەکان یا بنکە سەربازێکان و ئەو رێگە و بانانەی بۆ مەبەستی شەڕ دروست دەکران . لە ئەنجامی هەمۆ ئەم هۆیانەدا لە سالەکانی شەڕدا زەوی و زارێکی زۆر بەرەڵا کرا ـ تەنها لە کوردستانی عیراق نزیکەی لە صەدا پەنجای ئەو زەوی‌وزارەی بەر لە شەڕ دەچێنرا هەر وا بە نەکێڵراوی مایەوە . بەم جۆرە داهاتی کوردستان بە جارێك هاتە خوارێ و ئەو دەغڵ و دانە کەمەش کە بە هەزار کوێرەوەری و ئەمسەر و ئەو سەر دەهێزایە بەرهەم تا لەشکری عوسمانی بوەستایە بە خەڵکی‌تر حەرام بۆ ، لەشکریش یا زەوتی دەکرد یا بە نرخێکی زۆر هەرزان و بە پارەی بێ « رصید » دەیکڕی(٨٦) . وەزعی مەڕومالاتیش لەوە باشتر نەبۆ ، ئەویش یا لە ناو چۆ یا سەرباز و جەندرمەی تورك قڕی تێ خست ؛ تەنانەت مەڕومالاتی ئەو هۆزانەی کوردستانی تورکیاش کە پەنایان بردە بەر لەوەڕگاکانی ناوچەی هەولێر و موسڵ بەرگەی نەگرت و

(٨٦) هەندێك لە دەوڵەتە شەڕکەرەکان لە ژێر زەبری باری قورسی ئابوریباندا کەوتنە لێدانی دراوی بێ « رصید » .

زۆری فەوتا[۸۷] و لە ئەنجامدا گرانییەکی بێ وێنە ڕوی کردە هەموو ماڵێك و هەموو گوندێك و بازاری هەموو شارێك کە خەڵکەکەی زۆر جار ناچار دەبوون بە گژوگیای دەشتودەر خۆیان بژێنن . نرخی حۆقەی گەنم لە شارێکی وەك سلێمانیدا کە بە نیسبەت زوربەی شارەکانی تری کوردستانەوە لە ئاگری شەڕ دوور بوو و ژمارەیەکی کەم سەرباز و ئەفسەری تورکی تێدا بوو ، گەیشتە لیرەیەکی زێڕ بۆیەکا وەك مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەیگێڕێتەوە « نانی وشك و پاقڵەی کولاوێش بوو بە دەرمان و تەنیا خواپێداوەکان ـ ئەویش بە دەگمەن ـ دەستیان ئەکەوت ... » و « شاردنەوەی نەرمەی مردوەکان لە تەوانای بەلەدیەدا نەما » و هەندێك ئافرەت « بە فرۆتنی لەشیان» ماوەیەك بە کولەمەرگتی دەژیان[۸۸] .

بەم جۆرە چوار ساڵی شەڕی یەکەمی جیهان تەنها برسێتی و نەخۆشی و مردن و ماڵوێرانی و سەرگەردانتی بۆ کورد و کوردستان هێنا و وابزانم لە راستی دوور ناکەومەوە ئەگەر بڵێم هیچ گەلێکی تری ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست بە ڕادەی ئەرمەن و ئاسوری و کورد بە هۆی شەڕەوە تووشی نەگبەتی و نەهامەت

(۸۷) بڕوانە :

« League of Nations . Question of the frontier between Turkey and Iraq », Geneva, 1924, P. 42.

(۸۸) ڕەفیق حیلمی ، سەرچاوەی ناوبراو ، بەرگی یەکەم ، ل ۳۰ ـ ۳۳ .

نەهات و لە هەمۆشی سەیرتر ئەوەیە کە وا کاربەدەستانی تورکیا بە هەمۆ جۆرێك هەوڵیان دەدا دەستی بە خوێنی ئەرمەن سۆربۆیان بەسەر گەلی کوردی شەتەك دراو و زیندوەی مردوودا بسۆن ، وەك لە بەشی داهاتوی ئەم باسەدا بە درێژی دەیخەینە بەر چاو .

* * * * * *

ـ ملخص المقال ـ

كردستان خلال الحرب العالمية الاولى

العضو العامل : د. كمال مظهر احمد

القسم الثاني

الوضع العام لكردستان قبل نشوب الحرب

كانت تركيا وايران قبيل الحرب قد وصلتا الى حافة الانهيار ، فقد كانت الحرب التركية — الايطالية والحرب التركية — البلغارية ، وخلافات الائتلافيين والاتحاديين فيما بينهم ، ومشاكل الحـــدود بين تركيا وايران ، والوضع الاقتصادي والاجتماعي المتردي في كلا البلدين وعوامل ضعف اخرى ، واضحة للعيان . وكانت سـيطرة الدولتين في كردستان ولا سيما في مناطقها الجبلية وبين القبائل شبه معدومة إذ كان الشباب يتمردون على الجندية وكان الفلاحون لا يعيرون اهتماما لرجال الدرك والشـرطة . اما فصائل فرسان الحميدية التي كانت قد الفت من بين القبائل الكردية للحفاظ على سيطرة الحكومة في المنطقة الكردية ولسحق

الحركة التحررية بين الشعوب غير التركية ، فقد تحولت الى جثة شبه هامدة ، وظلت مساعي الحكومة لبعث الحياة فيها دون طائل .

ومع ذلك فلم يكن الحكام العثمانيون يدخرون وسعا للاستفادة من قوة القبائل الكردية اذا ما نشبت الحرب ، فقد كانوا يدركون ان ثغرة ستحدث في صفوف قواتهم لا يمكن سدها الا عن طريق رجال القبائل الكردية . ولذلك ركزوا همهم على ان يحولوا كردستان الى احدى قلاعهم الحصينة لمقاومة الروس الذين كانت لهم مطامع في الممالك العثمانية .

ومع ان العثمانيين استطاعوا حشد بعض الوحدات من الفرسان الحميدية على الحدود الروسية و عقدوا لهم صلات مع بعض الرؤساء الاكراد ، فان جهودهم لم تسفر الا عن نتائج ضئيلة ، وكان الكثير من رؤساء القبائل الكرديه يعلنون صراحة انهم سيقفون الى جانب الروس اذا ما نشبت حرب بينهم وبين العثمانيين . بل ان كثيرا من المثقفين الكرد كانوا يشجعون هذه الفكرة ، فمظالم العثمانيين كانت تحول دون ان يدركوا شرور خطط الروس ومطامعهم .

كان سوء الوضع الاقتصادي والاجتماعي في كردستان قبل الحرب بلغ حدا اثار اكثر من اي وقت مضى جماهير الشعب وايقظ فيهم المشاعر القومية . وكان هذا الى جانب عوامل اخرى مما جعل المطالبين بالحكم الذاتي يزدادون يوما بعد يوم . وقد برزت هذه الظاهرة في عدد من النشاطات السياسية والاجتماعية . فقد ازداد قبيل الحرب عدد المنظمات السياسية السرية العاملة في كردستان وكان وزنها يزداد سيما بين اوساط المثقفين . واخذت هذه المنظمات تصدر البيانات

والنشرات التي تبث الروح القومية وتثير مشاعر الكره تجـــاه مظالم العثمانيين وموظفيهم . وكانت هذه النشرات تصل الى انحاء عديدة من كردستان حيث يتداولها الناس .

وفي تلك السنوات كانت هناك ايضا منظمات اخرى نشأت بصورة علنية في ظروف انتصـــار ثورة الاتحاديين والتي كانت لها صحف ومجلات توزع بصورة واســـعة ولا سيما بين المثقفين وكان لها وزن كبير بينهم . وظلت هذه المنظمات تعمـــل حتى نشوب الحرب حيث حلت بسبب سوق كوادرها الى ساحة القتال .

وبالرغم من ان اسباب عدة ادت الى ان يكون نشاط الوطنيين الاكراد في تركيا اكثر منه في اي مكان آخر ، فان كردستان الايرانية هي الاخرى لم تخل من نشاط سياسي كردي ملموس . فهنـــاك ايضا تأسست عدة منظمات وابرازها منظمة (جيهاندانى) التي تميزت بانها كانت تعمل لقيادة الحركة الكردية وفق نهج صحيح وفي اطار موحد.

كان من ابرز وجوه النضـــال الثقافي للجمعيات والمنظمات والشخصيات السياسية الكردية آنئذ العمل لنشر التعليم بين الناشـئة والجيل الفتي الكردي والعناية ببعث التراث الادبي الكردى والتقاليد القومية في كردستان . وقد تاسست لهذا الغرض عدة جمعيات ثقافيـة كان ابرزها (جمعية نشر التعليم الكردي) التي انشـأها خليل خيالي وقد اقامت هذه الجمعية مدرسة خاصة للاطفال في استانبول .

وفى ايران كان يوجد ايضا نشاط مماثل قادها عبدالرزاق بدرخان. وقد اتسع نشاط بدرخان هذا الى حد كبير ، حيث انشأ جمعيه ثقافية

وكان يعمل لانشاء مطبعة وعدة مدارس . وتمكن اخيراً من فتح مدرسة كردية في (خوي) من تبرعات الاهالي .

وفي هذه الفترة اتخذت خطوات تدل على الاهمية الخاصة التي كان يتسم بها النشاط الثقافي والفكري الكردي آنئذ ففي تركيا اتجه التفكير نحو ايجاد طرق لتوحيد اللهجتين الكرمانجية والسورانية . وفي ايران كان عبدالرزاق بدرخان يسعى عن طريق القنصل الروس في (خوي) لجلب المستشرق المعروف اوربيلي الى كردستان لوضع قواعد اللغة الكردية وتأليف قاموس كردي وترجمة نتاجات الادب الروسي الى الكردية . كما انه طالب بتأسيس قسم كردي في معهد الاستشراق بيتراوگراد تكون مهمته الاولى وضع ابجديه خاصة للغة الكردية على اساس الابجديه الروسيه .

ومع أن كردستان الجنوبية (كردستان العراق) كان بمعزل عن هذه النشاطات الا أن اصداء احداث كردستان تركيا كانت تنعكس في هذه المنطقة ايضاً . فكانت اعداد من النشرات الكردية الصادرة في كردستان تركيا تصل الى بعض انحاء كردستان الجنوبية . وقد بدأ اصدار جريدة كرديه — تركيه فيها قبيل الحرب باسم (بانگ كرد — نداء الكرد) كانت تهتم بمسائل نشر التعليم ودور الثقافة في حياة الامم . كما كانت تعنى بالحياة الاقتصادية واحياء التاريخ الكردي . ومن الامثلة الاخرى على نشوء ونمو الفكرة القومية في كردستان الجنوبية ايضاً ان الشيخ محمود أقام له صلات مع البدرخانيين في عام ١٩١٣ وكان يسعى للاتفاق معهم في النضال لتحرير كردستان من السيطرة العثمانية واقامة دولة فيدراليه فيها ، كما ان الشيخ اوفد

بعض انصاره الى روسيا ايضاً للتداول حول مستقبل كردستان .

ومرة اخرى بلغ الاستياء الشعبي لدى الجماهير الكردية ونضالها من اجل التحرر حد الانفجار قبيل الحرب فاندلعت نيران الثورة في مناطق عديدة وحدثت عدة انتفاضات كان اهمها ما وقع في ربيع ١٩١٤ في منطقة بتليس تحت شعار العمل وفق احكام الشرع والقضاء على مظالم الاتراك . وقد اشترك في هذه الانتفاضة عدة قبائل كردية وانتشر لهيبها حتى شمل مناطق واسعة ، بل وأن عدداً كبيراً من جنود الجيش العثماني من الاكراد انضموا اليها . وقد تفاوض الثوار مع الارمن والآثوريين لتوحيد مساعيهم معهم وضمان ضمهم اليهم . وتوجس العثمانيون خيفة من هذه الانتفاضة التي جاءت في ظروف عسيرة بالنسبة لهم بسبب من ان اندلاع الحرب كان واضحاً في الافق السياسي فجمعوا جيشاً كبيراً للقضاء على الانتفاضة وساعدهم في ذلك خطأ استراتيجي كبير وقع فيه الثوار الا وهو تركهم مواقعهم وقيامهم بمحاصرة بتليس التي استطاعوا تحريرها ، حيث تمكن العثمانيون من تطويقهم داخل المدينة والسيطرة عليهم واخمدوا الحركة واعدموا عدداً من قادتها وملأوا السجون بالمواطنين .

وقبيل الحرب كان الوضع في منطقة بارزان ايضاً متدهورا ، وكان الناس على وشك ان يحملوا السلاح حيث التفوا حول الشيخ عبدالسلام البارزاني الذي كان بدوره يحرض رؤساء القبائل الكردية على الاتحاد فيما بينهم للضغط على الأستانة للتخلي عن سياسة اهمال كردستان . ولكن الحكام العثمانيين لم يكونوا مستعدين للانصياع لمثل هذا الضغط ولا كان بوسعهم ذلك . وهكذا فبعد ان زادت السلطة

الضرائب على الفلاحين تمردت معظم مناطق بهدينان في ربيع ١٩١٤ وكان الشيخ عبدالسلام يسعى لاشعال نار الثورة في كردستان كلها ويعمل لتحريك بعض الدول الكبرى (سيما بريطانيا وروسيا) لمساندة مطالب الاكراد واكراه العثمانيين على الانصياع لهم .

كان العثمانيون يخشون ان تفلت الامور من ايديهم من جراء هذه الثورة سيما وانه كان بوسع الشيخ عبدالسلام كسب ود عدد كبير من القبائل الكردية في العراق وايران وان يضيق الخناق على العثمانيين عن طريق حروب العصابات ، مما قد يؤدى الى ان يفلت زمام الامور من ايديهم في الموصل وبغداد ايضاً . ولذلك بادروا الى تعبئة جيش كبير هاجموا به الثوار في حزيران ١٩١٤ واخمدوا الانتفاضة في معظم مناطقها واضطر الشيخ عبدالسلام وبعض رفاقه لاجتياز الحدود الى ايران حيث استقروا هناك ردحاً من الزمن .

كل هذه الحركات والانتفاضات لم تقنع العثمانيين بانتهاج سياسة اخرى سليمة ، بل بالعكس كانوا يتشددون في نهجهم كل يوم اكثر فاكثر . فكان « ارقى » المراحل التي بلغها هذا النهج هو خطة تهجير الاكراد الى مناطق الاناضول الغربية وتوزيعهم بين اتراك تلك المناطق بقصد صهرهم واذابتهم . ولكن نشوب الحرب حال دون تنفيذ هذه السياسة .

وهكذا فقد كان الاستياء والغليان الشعبي وانتشار الوعى القومي ومظاهر اخرى هي التي تشكل الاطار العام للوضع السائد في كردستان قبيل الحرب بل يمكننا القول انه لو لم تنشب الحرب لكان بالامكان

ان تتحول كردستان الى بلقان جديدة للامبراطورية العثمانية ، ولكن نشوب الحرب ترك آثاراً اخرى على حيـــاة الشعب الكردي ومصير وطنه ، حتى ان كردستان باتت واحدة من اهم ميادين القتال في الشرق الاوسط ، وقد استطاع العثمانيون ان يجندوا ، مستغلين المشاعر الدينية لدى الاكراد ، عدداً كبيراً منهم وساقوهم الى ميادين القتال .

القسم الثالث

كردستان في اتون الحرب

وهكذا فرغم الاستياء الشامل الذي كان يعم اوساط الشعب الكردي فان العثمانيين استطاعوا ان يزجوهم في القتال مستغلين في ذلك ضروب الحيل والمكائد واهمها اثارة الحس الديني لديهم ، عدا الوعود التي كانوا ينشرونها يميناً وشمالا باقامة الحكم الذاتي لهم ، رغم انهم كانوا يعلقون تنفيذ ذلك الوعد على انتهاء الحرب . والواقع ان الشعب الكردي لم يكن بمستطاعة البقاء بمعزل عن القتال بعد ان اصبحت بلاده ميداناً لقوات ثلاث دول هي تركيا وروسيا وانكلترا ، سيما بعد ان دخلت تركيا الحرب ضد الحلفاء . ومنذ ان اصبحت تركيا طرفاً رسمياً في القتال اخذ الحلفاء ، ولا سيما الروس يحرضون الاكراد ضدهم وعقدوا لهذه الغاية اتفاقيات مع بعض الرؤساء الاكراد وحتى ان الشيخ عبدالقادر شمزينان وعدهم بالمساعدة بكل قواه شريطة ان يضمنوا الحكم الذاتي للاكراد . وعلى هذا الاساس فقد نشر نداء في

كردستان يطالب فيها الاكراد بعدم الوقوف بوجه الجيش الروسي . وهكذا اخذت قوات المتحاربين تتقاتل في كردستان حوالي اربع سنين ، وقد تركت بعض هذه المعارك اثراً كبيراً في تحديد مصير المعركة . ودمرت مساكن الالوف من القرويين الاكراد وخر الالوف من الشباب الكرد صرعى في ميادين القتال ، فقد كان بعض القطعات التركية تتألف في معظمها من الاكراد .

ولكن لم تنقض مدة طويلة على نشوب الحرب حتى اخذ الجنود الاكراد يفرون افراداً وجماعات من سوح الوغي ، وفي بعض مناطق القفقاس كان رؤساء القبائل الكردية ينضمون مع قبائلهم المقاتلة واسلحتهم الى الجانب الروسي . ولذلك فان الجيش العثماني في مناطق آذربايجان والقفقاس كان يمنى بالهزائم الشنيعة فيتراجع أو يستسلم . وقدم الجيش العثماني في الجبهة الشرقية ضحايا كثيرة في الارواح والمعدات واستطاع الجيش الروسي احتلال مواقع كثيرة في المدن التركية الشرقية مما سهل مهمة ضرب الجيش العثماني في ايران ايضاً .

ومع ان ايران اعلنت رسميا حيادها الا انها لم تكن بمعزل عن نار الحرب . فكانت آذربايجان وكردستان بين ميادين القتال ، وكان الاتراك والالمان قد اعطوا اهمية خاصة لهذه المناطق في تقديراتهم العسكرية إذ كانت تركيا تريد الاستيلاء على هذه المناطق وكانت المانيا تريد من خلال ذلك تثبيت مواقع اقدامها في ايران كلها . ولذلك فان عملاء الاتراك والالمان سواء بسواء كانوا يعملون لاثارة المشاعر الدينية لدى الاكراد الى جانب العثمانيين ضد الانكليز والروس الذين

كانوا احتلوا المناطق الشمالية الغربية والجنوبية الغربية لايران . ولكن الروس كانوا يعملون بدورهم لكسب رؤساء القبائل الكردية الايرانية . وهكذا فان الفريقين استطاعا كسب عدد من هذه القبائل الى جانبها .

ولكن لم يتوقف الامر بالنسبة لكردستان ايران عند هذا الحد فعند بدأ الحرب مباشرة احتلت القوات التركية بعض انحاء كردستان ايران حيث كانت تريد بالاشتراك مع الألمان وضع العراقيل في طريق التعاون الروسى الانكليزي ولهذا الغرض كانت تركيا تعمل لابعاد الروس من منطقة اورمية واتخاذها قاعدة حصينة لها حيث استطاعت احتلالها وكسب بعض رؤساء قبائلها الى جانبها مما ساعد على تحسين مواقع الاتراك و الالمان في مناطق اخرى من كردستان ايران . ففى كرمانشاه تأسست حكومة من عملاء الترك والالمان باسم (الحكومة الوطنية) كان يرأسها الاقطاعى المعروف نظام السلطنة . وهكذا عم النفوذ التركي ـ الألماني كردستان الأيرانية وتقدم الاتراك حتى وصلوا مشارف همدان وبذلك بدأوا يشكلون عقبة كبيرة في طريق مخططات الحلفاء في الشرقين الادنى والاوسط مما دفع بالانكليز والروس الى وضع مخططات جديدة مضادة بحيث استطاعوا خلال اشهر قلائل استرجاع المناطق المحتلة وانهاء السيطرة التركية عليها . وهكذا وصلت القوات الروسية الى الحدود التركية الايرانية ، غير ان الاتراك استطاعوا استرجاع كرمانشاه وهمدان ثانية بعد اشهر قلائل . الا ان الروس مالبثوا ان اعادوا الكرة وهزموا الأتراك ، وفي اوائل عام ١٩١٧ أصبحت ايران ثانية تحت قبضة الروس والانكليز بل ان القوات

الروسية استطاعت التوغل الى داخل العراق بحيث وصلت الى مناطق پينجوين وخانقين وروواندوز مستهدفة من ذلك تسهيل مهام القوات الانكليزية في جنوب ووسط العراق .

ان ايا من الدول التي كانت تتبادل احتلال المناطق الكرديه والاذربايجانية لم تكن تعير للحكومة الايرانية أي انتباه ، وكانت تعامل الأهلين بقسوه متناهية بحجة انهم وقفوا الى جانب الدولة الاخرى . فالاتراك مثلا كانوا يضطهدون المسيحيين اضطهادا بشعا ويحرقون قراهم ، وكانوا يعاملون مناوئيهم بوحشية . وفي سقز شنقوا زعيمين كرديين وابقوا جثتيهما معلقتين عدة ايام وهكذا كان شأن الروس الذين لم يقلوا عن الاتراك في بشاعة الاعمال .

وقد اثارت مظالم المحتلين جماهير كردستان فهبت لمقاومتهم . وهكذا حدثت انتفاضات جماهيرية في معظم انحاء كردستان سواء ضد الروس او ضد الترك . وفي الواقع لم يضع حدا لمظالم الجنود الروس غير ثورة اكتوبر الاشتراكية التي ابعدتهم عن كردستان ايران وتركيا ، مما مهد الطريق لعودة الاحتلال التركي مجددا لهذه المناطق . لقد قلبت ثورة اكتوبر موازين القوى ونسف مخططات الدول الكبرى وأهدافها البعيدة في مختلف المناطق ومنها الشرق الاوسط ، مما ادى الى تبدل ملموس في سياسة بريطانيا تجاه كردستان . فبخلاف موقفها في سني ماقبل اكتوبر ، اخذت بريطانيا تعمل لتثبيت اقدامها في كردستان وكان من نتائج ذلك ان نار الحرب امتدت في السنه الاخيرة من الحرب الى كردستان الجنوبية ايضا والتي لم يكن قد وطأ ارضها الى ذلك الحين سوى الجيش الروسي ولايام قلائل .

لم يمض على دخول تركيا الحرب رسميا الا يوم واحد عندما هاجمت القوات الانكليزية العراق واحتلت ميناءه الواحيد (الفاو) ، ثم احتلت البصرة في ايام قليلة ، واخذ الاتراك يحرضون الناس على الجهاد ضد « الكفار » وهكذا احتشد حوالي عشرة ألاف مقاتل كان اكثر من الف مقاتل منهم من الاكراد قرب الناصرية لمساندة الترك ، ولكنهم هزموا في معركة الشعيبة نيسان ١٩١٥ هزيمة شنعاء . وقد ادى هذا اضافة على المعاملة السيئة التي كان يتلقاها المقاتلون من الضباط الاتراك الى ان ينسحبوا من ساحة القتال ويعودوا الى مناطقهم .

واخذ الجيش البريطاني يزحف نحو بغداد بدون ان يلقى مقاومة حتى بلغ الكوت حيث استطاعت القوات التركية تطويقه واجباره على الاستسلام ، الا ان البريطانيين مالبثوا ان اعادوا الكرة واضطروا الاتراك الى الانسحاب وإقتحموا بغداد في مايس ١٩١٧ .

وبعد انتصار ثورة اكتوبر اتخذت خطط البريطانيين طابعاً جديداً ونهجا اخرا ، إذ دخلت القوات الانكليزية في سباق مع الزمن لاحتلال كردستان واضعة نصب اعينها الاستيلاء على ميراث القياصرة . ومن ابرز معالم هذا النهج الجديد ان الانكليز لم يحتلوا مابين البصرة وبغداد الا خلال حوالي ثلاثة اعوام من الحرب ، حين انهم خلال العام الاخير منها فقط احتلوا معظم مناطق العراق الاخرى وفرضوا سيطرتهم عليها . منها ايضا ان الانكليز خاضوا معركة ضارية في جنوب الموصل قبل توقيع الهدنة باثني عشر يوما ضحوا خلالها بحوالي الفي جندي في حين ان الكل كانوا يدركون ان تركيا و حلفاءها يستسلمون اليوم او غدا ، كل ذلك في سبيل ان يضمنوا

لانفسهم التقدم مسافة اكثر باسرع ما يمكن و ذلك ليكونوا في اقرب نقطة من الحدود الروسية .

وهنا يجب الاشارة الى ان الانكليز اخذوا بعد احتلال بغداد يرسلون ضباطهم المطلعين الكفوئين ولاسيما الذين عملوا في الهند الى كردستان لتمهيد الطريق لجيوشهم واقامة سلطتهم السياسية فيها . وهكذا فقد استطاعوا بسط سيطرتهم على اجزاء عديدة من كردستان واحتلوا الموصل ايضا رغم التوقيع على هدنة مودروس لتكون جزء من الدولة التي كانوا يريدون اقامتها فيما بعد وتنفيذاً لمخطط قديم لهم كان ينصب على ان حدود الهند الغربية تمتد عبر الفرات وان هذه الحدود « لايمكن السيطرة عليها الا عبر الموصل » .

وهكذا فان كردستان بأسرها تحولت خلال أعوام ١٩١٤ ـ ١٩١٨ الى احد الميادين الهامة للقتال في الشرقين الادنى والاوسط وكان الانكليز والروس والترك والقبائل الكردية المساحة وفرسان الحميدية وعملاء الالمان يلعبون دورهم على مسرحها كل وفق اسلوبه الخاص . ولو لم تقع ثورة اكتوبر لما ظلت كردستان في ايدي اي من محتليها القدامى . ومع هذا فان الحرب ادت الى حدوث تغييرات سياسية واقتصادية مهمة في معظم انحاء كردستان ولاسيما كردستان الجنوبية التي وقعت تحت سيطرة الانكليز مباشرة ، كما انها سببت نتائج مدمرة لها وادت الى دمار وتشرد وأضرار كبيرة للالوف من الاكراد .

القسم الرابع

نضال الشعب الكردي في سنوات الحرب والاضرار التي اصابته في تلك السنين

مع ان الحرب سببت للشعب الكردي محنا وويلات كثيرة وصارت عقبة كبيرة في طريق تطوره وتعمق محتوى حركته التحررية الوطنية ، فان هذا الشعب لم يكف عن النضال خلال سنوات الحرب ، وكانت العوامل المحركة لهذا النضال باقية على حالها الى حد كبير ، بل ان بعضها تعمقت اكثر فاكثر . فقد اشتدت السياسة الشوفينية للحكام العثمانيين بسبب الحرب وازداد استياء الناس من اساليب الاتراك الدكتاتورية . وهكذا ففي ربيع ١٩١٥ حمل اهالي بوتان السلاح بوجه الاتراك ، كما ان اهالي درسيم طردوا الجنود الحكوميين من منطقتهم في تلك الفترة وحكموا انفسهم ذاتيا مدة تربو على السنة الواحدة . وفي السنوات الاخيرة من الحرب واثر الهزائم المتكررة للجيش العثماني اشتد النضال التحرري الكردي وعم كردستان الجنوبية ووقعت عدة تمردات في العمادية والسليمانية واماكن اخرى . واخذ الشيخ محمود يخوض النضال ضد الاتراك بقصد القضاء على سيطرتهم في كردستان الجنوبية على الاقل حيث اقتربت منها القوات الانكليزية الغازية ، كما أخذ يقيم العلاقات مع اعداء الدولة العثمانية حيث طلب المساعدة من الروس وراسل شريف مكة وفيما بعد عقد الصلات مع الانكليز .

وفي كردستان تركيا كان السخط الشعبي في غليان مستمر ، ففي صيف ١٩١٧ هب سكان درسيم ثانية وهب معهم لاول مرة سكان خربوط وفيما بعد سكان ماردين وديار بكر ومعهم عرب تلك الديار . وكانت لهم صلات مع الجيوش الروسية التي كانت تقاتل في تلك المناطق . وفي خريف العام ذاته هب سكان بتليس مجددا بوجه الجيش العثماني .

وفي تلك السنوات اخذ اكراد ايران ايضاً يخوضون غمرة النضال بشدة وحملوا السلاح فى مناطق عديدة بوجه الحكام ، وساهم كثيرون منهم في حركة الجنگليين في منطقة گيلان . وكان للمنظمات الثورية العاملة في صفوف الجيش الروسي صلات مع بعض المثقفين الاكراد ، وحتى انه تكونت في كرمانشاه لجنة سرية ثورية مشتركة من ممثلي الطرفين .

وفي هذه الفترة تعدى النضال الكردي حدود كردستان ، فبعد ان لاح في الافق بوضوح ان الدولة العثمانية اصبحت قاب قوسين او ادنى من الموت اخذ المثقفون الاكراد خارج كردستان ينشطون من اجل إثارة المسألة الكردية في مجالات العمل السياسي العام آنئذ . ففي القاهرة اسس ثريا بدرخان جمعية سياسية لتوضيح المسألة الكردية اقامت الصلات مع المثقفين الاكراد الاسرى لدى الجيش الانگليزى . وكان ثريا بدرخان ينوي حتى عقد مؤتمر للمثقفين الاكراد في الخارج في احدى المدن الاوروبية لدراسة الوضع السياسي وبحث مستقبل المسألة الكردية على ضوء الوقائع الراهنة آنئذ .

وهكذا فان احداث الحرب ومآسيها والسياسة الدكتاتورية لحكام تركيا لم تستطع وقف النضال القومي للشعب الكردي في سنوات الحرب ، الا ان هذا النضال لم يبلغ اهدافه الكبرى وقد حالت دون ذلك فضلا عن الوضع السياسي عوامل اخرى ناجمة عن تخلف المجتمع الكردي وانخفاض مستوى الوعي لدى جماهير كردستان آنئذ . فقبل كل شيء ظلت كل إنتفاضة كردية تسير في مجراها الخاص ولم تنصب جميعها في اطار موحد لتستطيع الصمود بوجه العدو وفرض اهدافها التحررية . فمع ان كثيراً من تلك الانتفاضات كانت تحدث في وقت واحد الا ان قادتها ماكانوا يفكرون باقامة اي صلة ورابطة فيما بينهم . هذا فضلا عن ان ايا من هذه الانتفاضات ما كانت تملك تاكتيكا وستراتيجا واضحاً . ومع كل ذلك ينبغي الاقرار بان النضال الكردي في سنى الحرب كان احد العوامل المساعدة لانهيار السلطة العثمانية وتطور الوعى القومي لدى الجماهير الكردية وترسخ شعار الحكم الذاتي وحتى شعار المطالبة باستقلال كردستان ، مما مهد الجو الملائم لانتقال حركة التحرر ـ الوطنى للشعب الكردي الى مرحلة اعلى جديدة .

ومن ناحية اخرى فان استمرار النضال الكردي ادى الى المزيد من الحقد لدى الحكام الاتراك ضد الشعب الكردي وحركته التحررية في سنوات الحرب سيما بعد ان تاكدوا ان هذا الشعب لا يقاتل لهم بأخلاص وان ابنائه الجنود ينهزمون من ساحة القتال وينضمون الى جانب ثوار شعبهم ، وعندما ايقنوا انهم لن يستطيعوا استخدام الشعب الكردي آلة طيعة بايديهم ضد الاقليات الدينية . ولذلك فانهم تاكدوا

من ضياع الشعب الكردى من ايديهم ، فبدأوا يعملون من اجل صهره في بودقتهم ، ولتحقيق هذه الغاية اصدروا في السنوات الاخيرة من الحرب اوامر ومراسيم خاصة لتشتيت الشعب الكردي بين القرى التركية على ان لا تزيد نسبة كل مجموعة كردية من ٥٪ — ١٠٪ من السكان كما اتخذوا قرارا حول ابعاد الرؤساء الاكراد الى غرب الاناضول ومنع اقامة اي نوع من الصلة بينهم وبين اتباعهم . وقد بدأوا بتنفيذ هذه الخطة قبل انتهاء الحرب واستطاعوا بقوة السلاح ابعاد حوالي ٧٠٠ الف كردي من كردستان الى المناطق النائية ومات حوالي النصف منهم جوعا او من شدة البرد في الطريق ، ولم يستطع معظم من بقي على قيد الحياة ان يعودوا الى اماكنهم الا بعد انتهاء الحرب .

وفضلا من ذلك فان الجيش العثماني ابعد غالبية سكان دياربكر وموش وبتليس الى اماكن اخرى تحت شعار متطلبات الحرب ، وقد اضطر العديد من هؤلاء للجوء الى المدن والعيش في ظروف قاسية بحيث كانوا يأكلون جيف الحيوانات او جثث الموتى من شدة وطأة المجاعة المخيفة التي خيمت عليهم ولم يقف الامر عند هذا الحد فقد سببت سنوات القتال البؤس والشقاء لآلاف العوائل الكردية وعم القحط والمجاعة معظم انحاء كردستان ، ولم تكن اي منطقة كردية بمنجى من هذه الكارثة الداهمة ، ففي العديد من المناطق مات اكثر من نصف السكان حتى ان البعض قدروا ضحايا المجاعة بنصف مليون شخص .

وبسبب من ظروف الحرب تدهورت اقتصاديات كردستان تدهوراً

فظيعا ، حيث ان الايدي العاملة سيقت كلها الى ميادين الحرب بحيث لم يبق في الحقول الا الشيوخ والنساء والاطفال ، حتى وترك العديد من هؤلاء ايضا قراهم الى المدن بحثا عن لقمة الخبز وطلبا للامان . وهكذا فقد بارت الاراضي واهملت زراعتها فانخفض الانتاج ، وكان الجيش العثماني يستولي على الجانب الاكبر من ذلك المنتوج القليل وذلك اما بالقوة او مقابل أوراق نقدية لم يكن لها رصيد ولم يبق امام سكان معظم المناطق سوى ان يقتاتوا على الاعشاب البرية .

وهكذا فان سنوات القتال الاربع لم تجلب لكردستان الا البؤس والشقاء والدمار والموت والجوع ، ولا نغالي إذا قلنا ان اي شعب لم يعاني من ويلات القتال ما عاناه الارمن والأثوريون والاكراد ، ومع ذلك فان الحكام الاتراك كانوا يعملون لالقاء تبعة ما قاساه الارمن على ايديهم على عاتق الاكراد كما نتحدث عن ذلك فيما بعد .

* * * * * *

پێشگر و پاشگر

ئەندامی کارا : شێخ محەمەدی خاڵ

پێشگر و پاشگر دوو زاراوەی تازەن ، یەکەمیان دانراوە بۆ ئەو بەشە لێکدەر« جزئی ترکیبی »یەی کە ئەکەوێتە پێش بەشی کرداری « جزئی حدثی » یەوە ، وە لەگەڵیا ئەبێ بە یەک وشە ، بە جۆرێک کە مەبەستێکی تازە بگەیەنێ ، کە جاران هیچ بەشێک لەو دوو بەشە ، ئەو مەبەستەی نەگەیاندووە ، وەک : « هەڵاڵێتن ، داماڵێتن ، راماڵێتن » کە مەبەستیان جیایە لەگەڵ مەبەستی « ماڵێتن » دا .

دوو هەمیان دانراوە بۆ ئەو بەشە لێکدەرییەی کە ئەکەوێتە پاش بەشی کردارییەوە ، وە لەگەڵیا ئەبێ بە یەک وشە ، بە جۆرێک کە مەبەستێکی تازە بگەیەنێ ، کە جاران هیچ بەشێک لەو دوو بەشە ئەو مەبەستەی نەگەیاندووە ، وەک : « هاتنەوە ، کردنەوە ، لەرینەوە » .

دکتۆرە نەسرین فەخری لە ژێر ئەم باسەدا ، وتارێکی دوور و

دڕێژی نوسێوە ، لە ژمارە یەکی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردا[1] ، وە دوَ سێ ڕەخنەی گرتووە لەو باسی پاشگرەی کە لەسەرەتای فەرهەنگی خاڵەوە نوسراوە زۆر بە کورتی ، نەک بە ناوی دەستوریکی تێکراییەوە بۆ زمانی کوردی ، بەڵکو هەر بۆ ئەوەندەی کە نیشان بدات بۆچی « هەڵهاڵێتن . پێ‌ڵێخستن . پێ‌ڵێهەڵبڕێتن . پێ‌ڵێدا گرتنەوە » کراون بە وتەی فەرهەنگ و ڕاڤە کراون ، لە کاتێکا کە یەکەمیان بە دیمەن دوَ وتەو ، دوَهەمیان سێ وتەو ، سێیەمیان چوار وتەو ، چوارەمیان پێنج وتەیە . ئنجا وا لەم ژمارەیەدا نەختێ بە درێژتر قسەی لێ ئەکەین ، وە تۆزێ زیاتر ڕوَنی ئەکەینەوە .

جا بۆ ئەوەی کە لە ناوقەدەوە تێهەڵنەکەین نەمویست هەر وەرامی ڕەخنەکان بدەمەوە بە بێ ڕوَن کردنەوەی باسەکە ، لەبەر ئەوە ناچار لە سەری باسەکەوە دەستمان پێ کرد ، وە لە بنەڕەتەوە باسەکەمان دامەزراند ، تا خوێنەوارانی بەڕێز چەواشە نەکەین .

واژە گۆڕێ

„تصریف“

واژەگۆڕێتی : زانیینێکە قسە لە هەڵگێڕان و وەرگێڕانی

(١) « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، ساڵی ١٩٧٣ ، ل ٢٣٤ ـ ٢٧٣ .

وتەی کوردێ ئەکات . ئەم هەڵگێڕان و وەرگێڕانە هەر لە ناو کردارا ئەبێ ، نەک لە ناو پیتا .

کردار « فعل » لە چاووگ « مصدر » دروست ئەکرێ .

چاووگ

چاووگ : بە وتەیەک ئەڵێین کە کردەوەیەک بگەیەنێ بە بێ کات « زمان » و بکر « فاعل » ، وە لە دواییەکەشییەوە « ن » ببێ . ئەم تۆنە پێی ئەڵێین : ئامراز « أداة » ی چاووگ . پیتەکانی تر ـ کە کردەوە ئەگەیەنن ـ پێیان ئەڵێین : مایە « مادە » ی چاووگ .

چاووگ پێنج جۆری هەیە (١) ئەلفی (٢) تائی (٣) دالی (٤) واوێ (٥) یائی ، چونکە لە پێش تۆنی چاووگەوە ، هەمیشە یەکێک لەم پێنج پیتانە ئەبێ ببێ ، ئنجا بەم بۆنەیەوە ، هەر یەکەی ناو ئەبرێ بە ناوی یەکێک لەم پیتانە :

١ـ چاووگی ئەلفی وەک : پێچان . برژان . سوتان . بێژان . هەڵسان .

٢ـ چاووگی تائی وەک : نوستن . کوشتن . گرتن . کەوتن . خەوتن .

٣ـ چاووگی دالی وەک : کردن . بردن . مردن . خـواردن . چاندن .

٤ـ چاووگی واوێتی وەک : جوون . چوون . بـوون . روون . گوروون .

٥ـ چاووگی یائی وەک : بڕێن . دڕێن . زانێن . روانێن . توستێن .

چاووگی سادە و لێکدراو

چاووگ بە هەر پێنج جۆرەکەیەوە ، یا سـادە ئەبێ ، یا لێکدراو ، سـادە : ئەوەیە کە تەنیـا وتەیەک بێ ، وەک ئەو میسالانەی کە رابوردن .

لێکدراو : ئەوەیە ، کە دروست کرابێ لەدوو پارچە ، وەک : (هەڵماڵین) ، یا لە سـێ پارچە ، وەک : (پێ لێ خستن) ، یا لە چوار پارچـە ، وەک : (پێ لێ هەڵبڕێن) ، یا لە پێنج پارچە ، وەک : (پێ لێ داگرتنەوە) .

ئەو پارچەیەی کە ئیـش و کار ئەگەیەنێ ، وەک : (ماڵین . خستن . بڕێن . گرتن) لەم نمونانەدا ، پێ ئەڵێین : بەشی کرداریی « جزئی حدثی » ئەوانیکەی تر وەک : (هەڵ ، پێ لێ . پێ لێ

هەڵ . بێ لێ دا . ... ـەوە) پێیان ئەڵێین : بەشی لێکدەرێتی « جزئی ترکیبی » واتە بە هۆی ئەم پارچانەوە ، لێکدراوەکە پێک دێ .

بەشی لێکدەرێتی لە پێشەوە ئەبێ ، وەک : (هەڵکردن . داکردن) ؛ لە دواوە ئەبێ ، وەك : (هاتنـــەوە . چوونەوە) ؛ لە هەردوَ سەرەوە ئەبێ ، وەك : (داکردنەوە . راکردنەوە) . ئەوی لە پێشەوە بێ پێی ئەڵێین : (پێشـــگر) ؛ ئەوی لە دواوە بێ پێی ئەڵێین : (پاشگر) .

ئەو بەشە لێکدەرییەی کە لە دواوە ئەبێ ، هەمیشـە واوێك ئەبێ لە ناوەندی دوَ «ە» دا بـــەم جۆرە (ەوە)[٢] یاخو بڵێین : واوێك ئەبێ لە ناوەندی دوَ سەرا ، یا دوَ بزوێنـدا ، ئنجا خوای ئەکرد بزوێنی یەکەم ، پیتی پەیوەند ئەبوَ ، یا لە پیتـە بنەڕەتییەکانی ئەم پاشگرە ئەبوَ ، مەبەسی ئێمە لێرەدا هەر ئەوەندەیە ، کە پاشگر هەر لەم شێوەیەدا دەرئەکەوێ ـ کە واوێکە لە ناوەندی دوَ بزوێنا ـ وە بە بێ ئەم شێوەیە هەرگیز دەرناکەوێ لە ناوچەی ئێمـەدا ، وە

(٢) ئـەو دەســتوَری زمانی کوردییـەی کە لە ســاڵی ١٩٤١ و ١٩٤٢دا نوَسیومە ، بە دەستی خۆم ، وە ئێستا ئەو دەستوسە ماوە ، ئاوا (ەوە) نوَسراوە ، نەك وا (هـ و هـ) وە ئەم هەڵەیە کە کراوە لە سـەرەتای فەرهەنگی خاڵەوە ، یا هەڵەی چاپە ، یا هەڵەی ئەو کەسەیە کە نسخەی چاپی نوَستوەتەوە ، یەکێك وتەی (بردنەوە . چوونەوە . کردنەوە . خواردنەوە) ئاوا بنوَسێ ، چۆن نەڵێ ئەم پاشگرە « هـ و هـ » یە ؟!!!.

هیچ مەبەستێك لە مەبەستەكانی ناگەیەنێ .

لێرەدا دكتۆرە نەسرین ئەڵێ ئەم پاشگرە هـەر (وە)یە نەك (ـەوە)یە ، چونكە بە لای ئەوەوە ئەم (ـەوە) هەر لەگەڵ ئەو وتانەدا دەرئەكەون كە كۆتاییان بە پیتی دەنگدار « حرف صـحیح ساكن » دێ ، نەك بە پیتی بزوێن « حرف علە » ، كەواتە بزوێنی یەكەم لای دكتۆرە نەسرین لە پێتە بنەڕەتەكانی ئەم پاشگرە نییـە ، بەڵكو پیتی ناوەند « حرف ربط »ە ، ئەو وشانە ئەبەسـتێ بەم پاشگرەوە كە كۆتاییان بە پیتی دەنگدار دێ ، وەك :

كردن — كردنەوە

بردن — بردنەوە

چۆن — چۆنەوە

جۆن — جۆنەوە

هاتن — هاتنەوە

بەڵام ئەگەر وشەكە كۆتایی بە پیتی بزوێن هات ، ئـەو حەلە هەر (وە) دەرئەكەوێ ، نەك (ەوە) .

ئەمە ئەگەر واش بێ ، لە ناوچەیەكی زۆر پچـكۆلانەدایە و دەستوری لە سەر دانانرێ ، بەڵام ئەوی ئێمە دەستورەكەمان لە سەر داناوە ، هەمۆ ناوچەی سـلێمانی و كەركوك و خانەقـین و دهۆك و بەشی زۆر لە ناوچەی هەولێرە ، وە هەمۆ كوردوسـتانی ئێرانە بە

هەمۆ بانە و سەقز و سنە و سابڵاغ و کرماشان و سەردەشتەوە . تەنانەت ئەوانەی کە کۆتاییان بە پیتی بزوێنیش دێ ، هەمۆیان لەم ناوچە گەورەیەدا هەر وەک ئەوانە وان کە کۆتاییان بە پیتی دەنگدار « حرف صحیحی ساکن » دێ ، وەک : کرایەوە . ژیایەوە . خولایەوە . دایەوە . پێچایەوە . بێژایەوە . هەڵسایەوە . بڕییەوە . دڕییەوە . نۆسییەوە . درۆیەوە . جۆیەوە » .

ئێجا کاتێک کە ئەمەمان زانی ، ئەبێ ئەمەش بزانین کە ئەم پاشگرە هەمیشە یەکێک لەم سێ مەبەستە ئەگەیەنێ ، گەڕانەوە « عودە » ، دۆبارەکردنەوە « تکرار » ، هێواشی و بەرە بەرە « تدریج » :

١ـ گەڕانەوە ، وەک : « هاتنەوە . چۆنەوە » لەم دۆ نمۆنەیە زیاتر نەدۆزراوەتەوە[٣] ، ئێستا لەم دۆنمۆنەیەدا « هاتن » واتە بێیت بۆ جێگایەک یەکەم جار ، (هاتنەوە) واتە بێیتەوە بۆ ئەو جێگایە دۆهەم جار .

« چۆن » واتە بچێت بۆ جێگایەک یەکەم جار . « چۆنەوە » واتە بچێتەوە بۆ ئەو جێگایە دۆهەم جار[٤] .

(٣) ئەگەر گەڕانەوەش ئەڵێیت ، ئەمە لە « هاتنەوە » و « چۆنەوە » بەدەر نییە ، چونکە یا گەڕانەوەیە بۆ لای تۆ ، ئەوە هاتنەوەیە ، یا لەڕانەوەیە بۆ لای یەکێکی تر ، ئەوە چۆنەوەیە .

(٤) بەڵام چۆنەوەی پەفر ، یا رەنگی شتێک بەرە بەرە و لە سەر خۆ ، ئەوە لە بەشی سێیەمە ، کە تەدریجە .

٢ـ دوَبارەکردنەوەی کارێك ، وەك (دانیشتنەوە ، هەستانەوە ، سەرکەوتنەوە ، نوستنەوە) واتە دوَبارە دانیشتن و هەستان و سەرکەوتن و نوستن .

٣ـ هێواشی و بەرە بەرە « تدریج » :
ئەو نمونەکانی ئەم بەشە هێندێکیان سادەیان هەیە و هێندێکیان نییانە ، ئەوانەی کە هەیانە وەك ئەمانە :

ساده	لێکدراو
بردن (ی شتێك)	بردنەوە (ی یاریێ بە هێواشی و دزە دزە ، تا هاوڕێکەت زەبوَن ئەکەیت ، بەڵام بردنەوەی بە مەعنا دوَبارە شتێك ببەیتەوە بۆ جێگاکەی پێشوَی ، ئەوە لە بەشی دوَهەمە کە دوَبارە کردنەوەیە).
بەردان (بەرەڵلا کردن)	بەردانەوە (ی ئاو) .
بێر چوَن (بە شتێك ئەوترێ ئەوترێ کە بۆ ساتێك لە بێرت چوَبێت) .	بێر چوَنەوە (بە شتێك کە بە ئێجگاریێ لە بێرت چوَبێ).
بێرکردن (یاد کردنی	بێر کردنەوە (لە شتێك بە وردیێ و

شتێك له كاتێكا)	به قوڵی) .
پاڵدان (ی شتێك به شتێكەوه)	پاڵدانەوه (مرۆڤ به ئاهیستە و هێواشی) .
پەڕین (له شوێنێكەوه بۆ شوێنێك)	پەڕینەوه (ی ئاو له شوێنێكەوه بۆ شوێنێك به هۆی شتێكەوه ، یا پەڕینەوه له ئاو ، یا قوتاربوون له چورتمێك) .
پەستن	پەستنەوه(ی بانێك یا گوێسوانه ، یەك له سەر یەك) .
جۆڵان	جۆڵانەوه(ی یەك له دوای یەك)
چاكبوون	چاكبونەوه(ی نەخۆش له سەر خۆ و به هێواشی) .
چنین	چنینەوه(ی شتی وردی رژاو . بەڵام چنینەوەی شوێنی درّاو له گۆرەویێ له بەشی دوەمەمه كه دوبارە كردنەوەیه) .
جوون(ی خواردن)	جونەوه (ی مەكینه بۆ ئەو گۆشتەی كه تێی ئەكرێ) .

چۆن	چۆنەوە (ی رەنگ بە هێواشی) .
خواردن	خواردنەوە(ی شتی شل بە هێواشی و قوم لە دوای قوم ، بەڵام خواردنەوە ، بە مەعنا دووبارە خواردن لە شتێك ئەوە لە بەشی دووەمە ، کە دووبارە کردنەوەیە) .
خوێندن	خوێندنەوە(ی باسێکی تۆسراو وردە وردە) .
دادان(ی قەڵەم)	دادانەوە(ی پەردە) .
دۆزین	دۆزینەوە(ی شتێکی ون بۆ) .
دەست گرتن (ی یەکێك بە یارمەتی دانی)	دەست گرتنەوە(ی شکاو یا لە جێ چۆ) .
دەمدان (لەوەژین)	دەمدانەوە (ی گوڵ و گەشانەوەی).
ژیان	ژیانەوە(ی دارودرەخت لە بەهارانا) .
ستۆتان	ستۆتانەوە (ی بریتن و تەنینەوەی).

کردن	کـردنەوە(ی دەرگا یا بـــەری دەخت یا گرێ بە هێواشی و لە سەر خۆ ، بەلاّم کردنەوەی کارێك دوَبارە ، ئەوە لە بەشی دوَهەمە).
کوشتن	کوشتنەوە(ی ئاژاڵ بە زۆریێ).
کۆکردن (سڵ کردن)	کۆکردنەوە (ی شتی وردێ رژاو).
گرتن	گرتنەوە(ی تـۆپ یا ئەندامێ لە جێ‌چۆ) .
گۆڕێن	گـۆڕێنەوە(ی شتێك بە شتێك ، یا گـۆڕێنەوەی پارە بە وردە) .
لێکدان(ی دوَ شت لە یەك)	لێـکدانەوە (بێرکردنەوە لە شتێك بە وردێ) .
مالّێن (ی گەسك)	مالّێنەوە (ماشێنەوەی خـواردن : هەرچی لە سەر خـــوانەکە بـۆ هەموَی مالّییەوە ، یا ژنی فـلاّن کەس هەرچی لە مالّی مێردەکەیا بۆ هەموَی مالّییەوە و بردێ) .
نوَسین(ی شتێك)	نوَســـێنەوە (وێنە دەرهێنانـی نوسراوێك) .

وێستان	وێستانەوە(ی ئاو و خـــوێنی لۆت ، یا لە ســك وێســتانەوەی ژن) .
هەڵدان(ی شت سەر بەرەوژوور)	هـەڵدانەوە(ی ســـەری بێر و سەرقاپی شت).
هەڵـگەڕان (بە دارا)	هەڵـگەڕانەوە (یاخی بوونی یەکێك لە یەکێك) .

ئەوانەی کە سادەیان نییە وەك ئەمانە

ئاوڕدانەوە	تاقی کردنەوە
بریسکانەوە	تلانەوە
بۆرانەوە (ی نەخۆش)	چەوسانەوە
بۆژانەوە	حەسانەوە
پاڕانەوە	حەوانەوە
پلیشانەوە	خولانەوە
دڵخۆشی دانەوە	دامردنەوە
دوورخستنەوە	کوژانەوە
رشانەوە	گواستنەوە

رۆتانەوە	گەشانەوە
سڵەمێنەوە	لاڵانەوە
شاردنەوە	لاواندنەوە(ی مردۆ)
شەکانەوە	لاوانەوە (ی یەکێکی زەبۆن)
فلیقانەوە	لەرێنەوە
کزانەوە	ماشێنەوە(ی خواردن)
کۆڵێنەوە	هۆنێنەوە .

ئەگەر لەم بەشی سێیەمە ، بتەوێ رێژە « صیغه »ی دوبارە کردنەوە دروست بکەیت ، ئەبێ یەکێك لە وتەی (دیسان ، هەمیسان ، دوبارە) بخەیتە سەر ، بەم رەنگە بڵێیت : (دیسان ئاوەکە بخۆرەوە . یا دوبارە بەفرەکە چووەوە . یا هەمیسان دەرگاکەی کردەوە . یا سێبارە یارییەکەی بردەوە) .

* * * * * *

ئەم بەشە لێکدەرییانە ، هێندێکیان مەبەستدار و هێندێکیان بێ مەبەستن ، هەرکامێکیان بێ ، کە لەگەڵ بەشی کرداریی یەکدا یەك کەوتن ، زۆر جار مەبەستێکی تر ئەگەیەنن ، وەك : (سەرخستن . راکردن) ئێستا لە نموونەی یەکەمدا « سەر » مەبەستێکی تایبەتی هەیە « خستن » مەبەستێکی هەیە ، بەڵام کە یەك خران ،

مەبەستەکەیان ئەبێ بەمە کە یەکێك لەزمانیەکەوە ، شتێك بخاتە بەرزایيەك .

لە نمونەی دوەمدا « را » مەبەستی نییە ، « کردن » مەبەستەکەی ئەوەیە کە کارێك بکەیت ، بەڵام کە بۆن بە یەك ، مەبەستەکەیان ئەبێ بە هەڵاکردن .

* * * * * *

ئەم (هوە) یە ـ کە یەکێك لە سێ مەبەستەکەی پێشو ئەگەیەنێ لە گەڕانەوە « عودة » و دوبارە کردنەوە « تکرار » و هێواشی و بەرە بەرە « تدریج » ـ قیاسییە ، وە لە هیچ شوێنێك ـ بە دەگمەنیش ـ دوا ناکەوێ ، وە بە هەمو چاووگێکیشەوە ئەنوسێ ، بەڵام دکتۆرە نەسرین ئەڵێ : « یەکەم و دوەمیان کە گەڕانەوە ، دوبارە کردنەوەیە » تەواوە . سێیەمیان نا (واتە تەواو نییە) چونکە هەر سێ نمونەکە پێکەوە (کە خواردنەوە ، چونەوە ، بردنەوەیە) ئەچنە ژێر بەشی دوەم (کە دوبارە کردنەوەیە) .

ئەمە وانییە ، چونکە نمونەکانی فەرهەنگی خاڵ هەر « خواردنەوە . چونەوە . بردنەوە »ی تەنیا نییە ، تا بڵێیت — با لە رویەکی تریشەوە بێ — ئەچنەوە ژێر بەشی دوەم ، بەڵکو نمونەکانی :ـ

« خواردنەوە »ی شتی شلە ، قوم قوم و بە هێواشی .

« چونەوە »ی بەفرە ، بەرە بەرە و لەسەر خۆ .

« بردنەوە »ی یاریـــە ، کەم کەم و بە دزە دزە ، کە بـەم مەعنایانە نە ئەچنە ژێر بەشی یەکەم و نە بەشی دوەـــەم ، بەڵکو هەر لە ژێر بەشی سێیەمان و هیچی تر .

بەڵێی ئەگەر نمۆنەکانی فەرهەنـگی خاڵ هـەر « خواردنەوە . چۆنەوە . بردنەوە » بوایە ، ئەگونجا بۆترایە کە ئـــەم نمۆنانە لە بەشی دوەمیشن ، بەڵام ئەمان لە کوێی و نمۆنەکانی فەرهەنـگی خاڵ لە کوێی ؟!!.

لە پاشـــا دکتۆرە ئەڵێ : « نمۆنەی دووەم و سێیەم (کە چۆنەوە ، بردنەوەیە) ئەچنەوە ژێر بەشی یەکەمیش »(٥) کە عەودەتە .

جارێ وەکو لە پێشەوە وتمان ، نمۆنەکانی فەرهەنـگی خاڵ « چۆنەوە »ی بەفر و « بردنەوە »ی یاریـیە ، کە ئەمانە هەر لە ژێر بەشی سێیەمان ، وە بە هیـچ جۆرێ ناچنەوە ژێر بەشی یەکەم و دوەـەم . جگە لەوە کە « بردنەوە » ئەگەر بە مەعنـــا بردنەوەی یاریش نەبێ « عودة » نییە ، بەڵـکو « اعادە »یە ، چونـکە « عودة » لازمە و « إعادة » « متعدی »یە ، وە ئەم دوانە ئێجگار لە یەکەوە دوەن .

هەر وا دکتۆرە ئەڵێ : « سەرەڕای ئەوە ، کە هەرسێکیان پێکەوە واتای نوێیان بە یارمەتی ئەم پاشـگرە دروست کردووە » بەڵام ڕوەدانی کارەکە (واتـــە خواردنەوە . چۆنەوە . بردنـەوەیە

(٥) « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ژمارە یەک ، ل ٢٤٨ .

ـ خاڵ ـ) وردە وردە ناگەڕێتەوە بۆ پاشگری (وە) ، بەڵکو (ئەگەڕێتەوە ـ خاڵ ـ) بۆ سروشتی کارەکە خۆی »[٦] .

ئاشکرایە لە هەمۆ لایەکەوە ، کە (خواردن . چۆن . بردن) ـ کە سادەی « خواردنەوە ، چۆنەوە ، بردنەوە »ن ـ خۆیان بە بێ پاشگرەکە ، ئەم مەعنا تازانە ناگەیەنن ، بەڵکو هەر پاشگرەکەیە کە ئەم مەعنایانە ئەبەخشێ بە ئەسڵی وتەکە ، وەک دکتۆرە خۆشی ئەمەی گەیاندووە ، بەڵام بۆچی خێرا پەشیمان بۆتەوە ، وە لە ناوقەدی ڕێگادا پاشەوپاش گەڕاوەتەوە و ئەڵێ : « بەڵام ڕۆدانی کارەکە کە بە وردە وردە و بەرە بەرە ناگەڕێتەوە بۆ پاشگری (وە) ، بەڵکو (ئەگەڕێتەوە) بۆ سروشتی کارەکە خۆی » .

ئەگەر ئەمە وابێ وەکو دکتۆرە ئەڵێ ، ئەبێ وتە سادەکان خۆیان بە بێ پاشگرەکە مەعنای وردە وردە و بەرە بەرە بگەیەنن ، کە واش نییە ، کە نەشیان گەیاند مەعنای وایە کە پاشگرەکە ئەمە ئەگەیەنێ .

ئنجا دکتۆرە ئەگەڕێتەوە بۆ جێگیر کردنی ئەو قسەیەی کە وتی : « ڕۆدانی کارەکە بە وردە وردە ، ناگەڕێتەوە بۆ پاشگری (وە) بەڵکو ئەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کارەکە خۆی » ، وە بە یانزە جۆر نیشانیان ئەدا ، هەر یەکەی بە ڕەنگێک ، بەڵام لە ڕاستیدا هەمۆیان هەر گەڕانەوە و دۆبارەکردنەوە و هێواشتی و بەرە

(٦) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٤٨ ـ ٢٤٩ .

بەرەیە کە هەر پاشگرەکە ئەی‌گەیەنێ ، وە سـروشتی کارەکە دەسـتی تێدا نییە .

* * * * * *

خۆلاسە ئەم پێشگر و پاشگرە ، وەك « دینـەمۆ » وان بۆ مەکینەی کارەبا ، بە هـەر وتەیەکەوە کە تۆسان جۆرە مەعنایەك پەیدا ئەکەن ، جگە لەوە کە وتەی :—

« هەڵ » زۆرتر جۆڵانەوەی سەربەرەوژوور ئەگەیەنێ ، وەك : هەڵـکێشان ، هەڵـکشان ، هەڵـگرتن ، هەڵهاڵێتن ، هەڵپەڕێن ، هەڵپێچان ، هەڵنان ، هەڵـکردن ، هەڵوەشاندن .

« دا » زۆرتر جۆڵانەوەی سەربەرەوخوار ئەگەیەنێ ، وەك : داکێشان ، داکشان ، داگرتن ، داماڵێتن ، داپەڕێن ، داپێچان ، دادان ، دانان ، داکردن ، داوەشان .

« را » زۆرتر جۆڵانەوەیەك ئەگەیەنێ کە خشـکەیێ و بە سەر زەویدا بێ ، وەك : راکێشان ، داکێشان ، راگرتن ، راماڵێتن ، راپەڕێن ، راپێچان ، رادان ، راکردن ، راوەشاندن .

پاشگر : هەمیشە واوێکە لە ناوەندی دوَ بزوێنـا ، وە لەم جۆرە زیاتری نییە .

پێشگر : چەند وتەیەکی تایبەتین کە پێش هێنـــدێ چاووگ ئەکەون وە مەبەستێکی تازە ئەگەیەنن .

ئەو وتانە ئەمانەن : هـــەڵ ، دا ، را ، ڕۆ ، ڕێ ، ڕاو ، لێ ، تێ ، پێ ، پیا ، سەر ، تێك ، تیا ، پێك ، بەجێ ، فڕێ ، پێوە ، ڕێ تێ ، تێـــك بەر ، پێ لێ ، ڕۆ لێ ، ڕۆ تێ ، ڕێ پێ ، ڕۆ لێ وەر ، پێ لێ دا ، پێ لێ هەڵ .

نموونەی هێندێك لە « بەشی لێکدەریتی » و لە بەشی « کرداریتی » .

بەشی لێکدەریتی	بەشی کرداریتی	بەشی لێکدەریتی	بەشی کرداریتی	بەشی لێکدەریتی	بەشی کرداریتی	بەشی لێکدەریتی	بەشی کرداریتی
هەڵ	پەڕێین	دا	پەڕێن	را	پەڕێن	ڕۆ	چۆن .
هەڵ	کێشان	دا	کێشان	را	کێشان	ڕۆ	کردن .
هەڵ	کشان	دا	کشان	را	کشان	ڕۆ	نیشتن .
هەڵ	ماڵێین	دا	ماڵێین	را	ماڵێین	راو	نان .
هەڵ	هێنان	دا	هێنان	را	هێنان	ڕێ	کەوتن .
هەڵ	کردن	دا	کردن	را	کردن	ڕێ	خستن .
هەڵ	گرتن	دا	گرتن	را	گرتن	ڕێ	بڕێین .
هەڵ	هاتن	دا	هاتن	را	هاتن	ڕێ	گرتن .
هەڵ	وەشان	دا	وەشان	را	وەشان	پێ	خستن .
هەڵ	دان	دا	دان	را	دان	پێ	کردن .

هەڵ	وەستان	...	..	را	وەستان		
هەڵ	وێستان	...	...	را	وێستان	سەر	کەوتن .
هەڵ	دۆین	دا	ین	را	مان	سەر	خستن .
هەڵ	گیرسان	دا	گیرسان	را	پسکان	تێك	دان .
					تڵەقان		
هەڵ	کەوتن	دا	کەوتن	را	بوردن	پێك	هێنان
هەڵ	نان	دا	نان	لێ	خوۆین	تێ	خوۆین .
هەڵ	نیشتن	دا	نیشتن	لێ	بۆین	تێ	بۆین .
هەڵ	دۆشین	دا	دۆشین	لێ	کەوتن	تێ	کەوتن .
هەڵ	شێلان	دا	شێلان	لێ	نان	تێ	نان
هەڵ	سوۆان	دا	سوۆان	لێ	دان	تێ	دان .
هەڵ	پژان	دا	پژان	لێ	چون	تێ	چون .
هەڵ	چون	دا	چون	لێ	خستن	تێ	خستن.
هەڵ	بەزین	دا	بەزین	لێ	بردن	تێ	بردن .
هەڵ	بۆین	دا	بۆین	لێ	خشان	..	...
هەڵ	پاچین	دا	پاچین	لێ	قەومان	..	...
هەڵ	چۆڕان	دا	چون	لێ	کردن	تێ	کردن .
هەڵ	خزان	دا	خزان	پیا	چون	تێ	چون .
هەڵ	کزان	..	...	پیا	چونەوە	تێ	کوتان .
هەڵ	هێنجان	..	...	پیا	کردن	تێ	مان .
هەڵ	سوۆان	دا	سوۆان	پیا	بردن	تێ	کێشان .

...	...	دا	مردن	پیا نان	تێ وەردان .
...	...	دا	نەوتن	پیا ماڵێتن	تێ شکان .
...	...	دا	مان	پێ‌ڵێ خستن	تێ خزان .
فڕێ	دان	پێوە	بۆن	پێ‌ڵێ بڕێتن	تیا چۆن .
ڕێ‌تێ	چۆن	پێوە	کردن	پێ‌ڵێ نان	تیا مان .
ڕێ‌پێ	بردن	پێوە	کردن	تێك بەر بۆن	بەجێ هێنان .
ڕوڵێ	نان	پێ‌ڵێ	داگرتن	تێك بەردان	بەجێ هێشتن .
ڕوتێ	کردن	پێ‌ڵێ	بڕێتن		بەجێ مان .
ڕوڵێ	گێڕ	هەڵ	بڕێتن		
وەر					

* * * * * *

ـ ملخص المقال ـ

السابقة واللاحقة

العضو العامل : الشيخ محمد الخال

للسابقة واللاحقة دورهم في الادب الكردي ، وفي بيان المعاني المقصودة فمثلها في ذلك كمثل المولد للمحرك الكهربائي ، فكما أن كل ضغط على أحد ازراره يولد نوعا من التأثير ، كذلك السابقة واللاحقة في اللغة الكردية ، فاذا أردت حركة صاعدة ، تأتي بكلمة « هەڵ » وتقول « هەڵکێشان » ، واذا أردت حركة نازلة ، تأتي بكلمة « دا » وتقول : « داکێشان » ، واذا أردت حركة مستوية على الارض ، تأتي بكلمة « را » وتقول : « راکێشان » .

فالسابقة واللاحقة أقسام للمصدر ، والمصدر مايدل على حدث بدون زمان وفاعل ، وهو ينتهي بالنون ، فهذه النون يقال لها اداة المصدر ، والاحرف الباقية يقال لها مادة المصدر .

المصدر على خمسة أقسام : الفى ، وتائي ، ودالي ، وواوي ، ويائي ، لان اداة المصدر يسبقها احدى هذه الاحرف الخمس ، وبهذه المناسبة يسمى كل قسم منها باسم تلك الحرف التي تسبق النون .

المصدر البسيط والمركب

المصدر باقسامه الخمسة اما بسيط واما مركب ، والمركب : ما ركب من جزئين مثل « هەڵهاڵێتن » أو من ثلاثة اجزاء مثل « پێڵێخستن » أو من اربعة اجزاء مثل « پێڵێهەڵبڕێتن » او من خمسة أجزاء مثل « پێ ڵێ دا گرتنەوە » . فالجزء الذي يدل على الحدث مثل « هاڵێتن . خستن . بڕێتن . گرتن » يقاله الجزء الحدثي ، والباقي مثل « هەڵ . پێڵێ . پێڵێهەڵ . پێڵێدا . ەوە » يقاله الجزء التركيبي .

فالجزء التركيبي يلتصق باول الكلمة مثل « هەڵكردن . دا كردن » وبآخرها مثل : « هاتنەوە . چوونەوە » ، وبهما جميعاً مثل : « دا كردنەوە . را كردنەوە » ، فالذي يلتصق بالاول يقاله : « السابقة » والذي يلتحق بالآخر يقال له : « اللاحقة » .

فالجزء الذي يلتحق بالآخر يكون دائماً واوا بين فتحتين ، سواء كانت الفتحة الاولى حرف ربط ، أو حرفاً اساسياً من احرف اللاحقة ، بمعنى ان اللاحقة لاتظهر في اكثر المناطق الكردية الا في هذه الصورة .

وهذه اللاحقة تؤدي احدى المعاني الثلاثة الآتية :

١ـ العودة مثل : « هاتنەوە . چوونەوە » ولا ثالث لهما ، فـ « هاتن » بمعنى المجيء الى مكان لأول مره ، و « هاتنەوە » بمعنى المجيء الى نفس المكان ثانية .

« چوون » بمعنى النصاب الى مكان لاول مرة ، و

« چۆنەوە » بمعنى النصاب الى عين المكان ثانية .

٢ـ التكرار مثل : « دانيشتنەوە » بمعنى الجلوس مرة ثانية ، و « هەستانەوە » بمعنى القيام ثانية .

٣ـ التدريج مثل : « بردنەوە » بمعنى التقلب على اللاعب تدريجيا .
« خواردنەوە » بمعنى الشرب جرعة بعد جرعة .
« چۆنەوە » بمعنى زوال اللون وذوبان الثلج تدريجيا .

فهذه المعاني الثلاثة للاحقة قياسية لا تتخلف ، ويلتحق بكل مصدر الا نادرا ، مثل : « مردن » بمعنى الموت ، فلا يقال : « مردنەوە » لان الموت واحد لا يتكرر .

والجزء الذي يلتصق بالاول كلمات معدودة مثل : « هەڵ . دا . را . ڕۆ . ڕێ . راو . لێ . تێ . تێك . پێ . پێك . پێ لێ . ڕۆ لێ . ڕۆ تێ . ڕێ پێ . ڕێ تێ . ڕۆ لێ وەر . پێ لێ دا . پێ لێ هەڵ .

« هذه بعض الامثلة للجزء التركيبي والجزء الحدثي »

الجزء التركيبي	الجزء الحدثي	الجزء التركيبي	الجزء الحدثي	الجزء التركيبي	الجزء الحدثي	الجزء التركيبي	الجزء الحدثي
هەڵ	پەڕێن	دا	پەڕێن	را	پەڕێن	سەر	كەوتن
هەڵ	كێشان	دا	كێشان	را	كێشان	سەر	خستن
هەڵ	كشان	دا	كشان	را	كشان	بەجێ	هێنان

هەڵ ماڵێن دا ماڵێن را ماڵێن بەجێ هێشتن

هەڵ هێنان دا هێنان را هێنان بەجێ مان

هەڵ کردن دا کردن را کردن ڕێ تێ چوون

ڕێ پێ بردن

لێ خوێن تێ خوێن ڕۆ چوون ڕۆ لێ نان

لێ بڕێن تێ بڕێن ڕۆ کردن ڕۆ تێ کردن

لێ کەوتن تێ کەوتن ڕۆ نیشتن پێ لێ خستن

پێ لێ بڕێن

لێ نان تێ نان راو نان پێ لێ نان

لێ دان تێ دان ڕێ کەوتن تێک بەر بوون

لێ چوون تێ چوون ڕێ خستن تێک بەر دان

لێ خستن تێ خستن ڕێ بڕێن پێ لێ دا گرتن

ڕێ گرتن پێ لێ هەڵ بڕێن

پیا چوون تیا چوون پێک هێنان ڕۆ لێ وەرگێڕان

پیا کردن تیا مان تێک دان

پیا بردن تیا دانان تێک خستن

* * * * * *

کورد و سەربەخۆیی زمان

ئەندامی کارا : هەژار

وشەی خۆبیون یان سەربەستی و سەربەخۆیتی کە هەرسێك بە مانا یەکن لەم دەوروزەمانانەدا کە مەمانان تیا دەژین وەك بیزانم پتر لە هەمو واژەیەك بەسەر دەموزارانەوە دێت و دەچێ و زۆرجارانیش بۆ واتا ئاڵوگۆڕ کردن رستێك یان وشێکی تری وەك پاشکۆ لێ شەتەك دەدەن ، وەکو : سەربەستی نەتەوایەتی ، خۆبیونی گەل و نیشتمان ، سەربەخۆیتی بیروباوەڕ ، سەربەخۆ بونی ئابوری یان خۆڕێوتی . وەك دەشزانین هەمو مرۆڤی سەرزەمین بە هەمو زار و زمانان چ بە دەستی گەل چ بە تاك ئەویندار و بەندەواری مانای ئەو رستە رەنگینەن و بۆی سەوداسەر و هەڵوەدان و خوێنی لە پیناو دەڕێژن و لاشی لە رێدا دەنێژن و ئەوانەی لەسەر ئەم بیرە خراونە چاڵ و زیندان و لەگرتوخانەاندا گیرن هەرگیز لە بیریان دەرناچێ و بە هیوای وەدیهاتنی ئەو نیاز و دۆزە پیرۆزە رۆژ دەسەر شەو دەخەنەوە و شەوی پێ رۆژ دەکەنەوە . .

بەڵام بە ناشکوری نایێم ئێمەی گەلی کوردی کڵۆڵ چەندین چەرخە ئێستا و ئێستاش خۆیبونە بێ پاشکۆیەکە و سەربەخۆییە کلکەدارە نرخدارەکانی ترمان لە هیچ لا بۆ نەڕەخسیوە و وەختە بشڵێم : خەونیشمان پێوە نەدیوە !! .

لە لایەکی تریشەوە لە ســـایەی شایتی بە خۆیتی بێ کاکڵ و ئارەزوی رەگـــەڵ رەگەڵی هەربەدەم و شـــەرم و فەدتی لە عالەم خۆهەڵاواردن .. ئەشێ هیچ نەبێ : لاسایەك ، چاولێکەریەك — با لاســا و چاولێکەریەکەش بێ بەهرە بێ — رەچاوکەین و بە جۆرە سەربەخۆبوونێك کە وەك دەڵێن نە شیش بسوتێ و نە کەباب خۆمان نیشانی مەردم دەین و نەڵێن کورد دەستەوستانن و قەدری سەربەستی نازانن ! . دەڵێن قسە قسە دێنێ : لە بیرمە رۆژێك لە رۆژان بە زەمانی (عەهدی باید) کە ئەوســـا لە « شارع غازی » دوکانی وێنەگریم بۆ ، ســـەر و کەللەی مامۆســتایەکی موحتەرەم گەورەی کردم .. لە پاش من خۆش و تۆ خوشێ گەرم و گوڕ و برایانە مەزبەتەیەکی دەرێنـــا و فەرمۆی : ئەگەر زەحمـــەت نەبێ بیخوێنـــەوە و پەنجەمۆرێـــکی پێوە نێ ! .

تۆسرابۆ : لە بریکارێ گەلی کورد بژیار دراوە : مامۆســـتا فلانی شـاعیر بـــە نازناوی (ئەمیرالشـوعەرای کـوردان) خەڵات بکرێ ...

بێ لام و جوم و خۆگرتن لە لای ســـەرۆی چەند ئیمزایەکی

دیکەوە ئیمزایەکی خوانا و درشتم لێ کرد و وێم دایەوە، بە بزەیێکی پڕ بەزەیی و کەزەب بڕۆاوانە گوتم : مامۆستا گیان زۆر سەیرە : لە ناو میللەتێك کە هێشتا هێندێك فەیلەسوف بە میللەتی حەساو ناکەن و مافی رەوای خواداویشی هێمان پێ رەوا نابینن، لە ناو ئەو هەمو ملیۆنە کوردەی لە بەر پێ پلیشاوەدا لە ناو کۆلەکەی تەڕیشدا ناوی ئەمیرێك نابیسرێ !! ئەوە چۆن بە بیرتاندا هات کە لە ناو وێژەواناندا پێویستە میرێکمان هەبێ ؟؟. ستور دەشزانن کە چینی شاعیر و نوسەر لە کوردستان نەخوازەلا لەم چاخەشدا لە هەمو جون و دەستەیەك حەتتا لە دۆم و دەرویشیش رەجاڵتر و بێ ئەنوا و بێ بڕیوترن !!، مامۆستای خۆم نازناوی میر لە ناو گەلێکی یەخسیردا زۆر ئەشتێکی زەق و زۆپە و دەترسم ناقۆلا دەرچێ !. دەگەڵ ئەوەش بەو میرە شوکرانە بژێرم، چونکە کوردە و لە خۆمانە .. خوا نەیبڕێ و پیرۆزمان بێ ..

هەرچەند مامۆستای ناونەبراو جیا لەوەی بە عەقڵی من پێبکەنێ درکانێکی نەخستە سەر ... بەڵام دەیتوانی بفەرموێ : نەقڵی میری شاعیرانمان وەك ئالای گۆڕخانەکانە، هەمو کورد لە کوردستاندا ئەوانەی دەجۆڵێنەوە و ناوی خۆیان ناوە زیندو، کوتە پەڕۆیەکیان نیە کە درۆشمی ناسینیان بێ، کەچی هەمو گۆڕستانێك لە کوردستان هەزار ئالای سەوز و شین و سپی و مۆر و بۆر و بێ رەنگی پێوەیە !!. فەرقی چیە .؟!

ئەو مەبەستەی بزم پێدا و چیرۆکم تێدا وەگێڕا : باسی مێری شاعیران و ئالای سەرگۆڕستانەکان دێننەوە بێر کە بۆ یەکدی یان پسمامن یان هیچ نەبێ بە بۆرە خزمایەتیەکێ بە یەك دەگەن !! .

بەشێکی باش لە خوێندەوارە کوردەکان ، ئەوانەی لە پاش شۆرشی چاردەی تەموزی پیرۆزڕا دەستیان داوەتە قەڵەم و نیازیان وایە خزمەت بە زمان و ئەدەب و دیرۆك و چیرۆکمان بکەن و لە گەرداوی کوردێ نەزانینی پێشوو دەرمان بخەن و بۆ پلەی سەربەخۆ بوونێك ـ جا هەرچی بێ ـ بە بارێکدا سەرمان بخەن .

وەختێ بێریان لێ کردەوە کە سەربەخۆیێ روت و قوت داواکردن مانای زۆر لێ دەدرێتەوە و هەویرێکی ئاو هەڵگرە و لەوانەیە ئەو ئاگرە پزیشکێکی ریشی خۆیان بگرێتەوە ، بایان داوە سەر سەربەخۆیێ بە کلکە و کاتێ ئەوانیشیان دۆزی روانیان ئەویش رەوانابن ، چون سەربەخۆیێ ئابووری یان سەربەستێ بێر و بڕواش بە بێ خۆیبوونە بڤەکە نایەتە جێ ... ئەدی چیکەن ؟! ، لە هەموی باشتر ئەوەیە : بۆ سەربەخۆ بوونی زمان تێکۆشن و بە پلارێك چەند چوێلەکەیەك دەپێکن ... وشە خۆش و شیرینەکەی هەموو دنیای لەدوو وێڵە کوردیش دەیێ .. زانایێ و رێبەرێ خۆیان بە نامۆ و خۆ نیشان دەدەن و چونکە وشەی سەربەخۆیێ بە زمانەوەش بەستراوە .. هیچ کەسیان لێ دڕدۆنگ ناکا و هەر لەسەر داری بە مازوون ...

بەڵام ئاخۆ ئەو سەربەخۆیی زمانە وەك ئەوانە دەیانەوێ قازانجمانە ؟ یان زیانە ؟ . گەلێك لەو تازە نوسەرە تازەپێداکەوتوانەمان لایان وایە هەر وشەیەك کە دە زوانی عەرەبدا بەکار هاتبێ - با کوردی نەخوێندەواریش هەموویان بزانن چیە و بەچی دەڵێین - ئەوە دەبێ دەراوێژرێ و وشەیەکی داتاشراوی لە عەرەبی بۆ سەر کوردی وەگێڕدراوی لەجێ دانێین !!. بۆنموونە : دوکان کراوە بە کۆگا ، لە باتی نوختە دەڵێین خاڵ ، خەت بۆتە هێڵ ، قەڵەم کراوە بە پێنوس ، بۆ نەگبەتی کاغەزی کاغەزئاسایش بە کوردی حەساو نەکراوە و کردوویانەتە هاوکێش و قافیەی پێنوس و هێندێك ناویان ناوە تێنوس ! .

لەو جۆرە بابەتە زۆرە و ئەگەر درێژەی پێ بدەین دەبێتە درێژەدادرێ و لە وتاری وا سەرجەمدا دوایی نایە و دبێتە هۆی سەرەگێژەی خوێندەواران ..

بەڵام ئەگەر کوردێکی پشو درێژو خۆڕاگر تاقەتی هەبێ و یەکدوو جار ئیزگەکەی بەغدای بەشی کوردی سەرلەبەری گوێ لێ بگرێ و بە وردی، سەرنجی بدا ئەوسا دەزانێ چباسە و کوردی تازە لە سایەی مامۆستای تازەی کوردیتاشی عەرەبیزان بە چۆن مەرەدێك براوە !! ئەگەر ئەو تابشتەش نەبۆ بڕوانێە وردە کتێبان کە لە پەستاو بێ بڕانەوە دێنە بازاڕ و پڕیانە لەو پەڕۆ و پاڵ و خشتۆخاڵە ..

هەر دانەرەی بە هەوای خۆی وشـە و رســتی پێداویـستی کتێبەکەی بە عەرەبی لە مێشکیدا دارژتوە و ئەوسا هاتوە دەنك دەنك عەرەبیەکەی بە کوردی تەرجەمە کردوە و دەیان رستی وەك هەوالّی تەندروستی و خولی ئاوەکانی گشتی دێنە بەر چاو و پەیمانگا لە جێی معهدە و ناوی جامیعەی عەرەبی بۆتە مزگەفتی عەرەبان و هێندە شتی سەیر و سـەمەرە دەردەچن کە پیاو متوی لێ گرژ دەبن و لە تاوی زمانەکەمان کە لە سایەی لەسەر وەجواب نەهاتنی خاوەن کاران خەریکی ئاویلکە دانە ! . ناچارین هەر ئاخ هەلکێشین و بۆ چروکمان لە هەناوان بێ ! ! من گەرەکە دەگەڵ ئەو جۆرە کوردانەی کە بە نیازی بۆاری زمانی کوردی لە عارەبی چڵوپنجە بە کەڵکەکانیش دەشێلن و دەری‌داوێن و لەجیاتی خاوێن کردنەوە سەروگوێلاکی دەشـکێنن ، تۆزیك بدوێم .

لە سەرانسەری دنیادا هیچ زمانێکی سـەربەخۆ بەو مانایە کە هیچ وشەی هەندەرانی تێدا نەبێ دەس ناکەوێ[1] ، هیچ گەلێکیش بە تێکەڵاوی چەند وشـەی بێگانە لە زمانەکەیدا توشی هیچ زیانێك نابێ و توشیش نەبوە .

با لە زمان زانان بپرسین : داخوا زوانی گەلانی خودا پێداوی خاوەن تەخت و بەخت چۆنە ؟ ؟ پێیان دەڵێن : ئیتالیایی و ئەسپانی و

(١) لە ولاتە ئەوروپاییکان فەرهەنگـی تایبەتی بۆ وشـەی هەندەرانی ناو زمانەکەیان دادەنێن .

ئەڵمانی و ئینگلیسی و فەرانسـی و گەلێك لە زمانی ئوروپایی تر چونکە بنیچە لاتینین بە سەتان وشە و رستەیان وەك یەك دەچن و هیچ کامیش بە تەنگەوە نین کە ئەو وشـە هاوبەشیانە وەسەر یەکتر بکەنەوە . دەڵێن رۆسی کە زمانێـکی سڵاڤیە جگە لەوەی کە زۆر وشەی وەك بۆلغاری و چیکی دەچێ بە صەتان وشەی ئینگلیسی و فەرانسیشی تێخزاوە و هەرگیز رۆسـی دوای شۆرشی ئۆکتۆبریش نەیانگوتوە ئەو وشـانە کاپیتـالی و بۆرجوازی و کۆنەپەرست و فاشیستن ، بێ دەسکاری هێشتویانن و جیا لە قازانج زیانێکیان لێ نەدیون . بادۆر نەزۆین ، هەر لەم ناوە و لەم رۆژهەڵاتە نزیکە و لە نزیك خۆمان بژوانین .. تورك ، فارس ، ئەفغان و هیند و پاکستان بەنگلادیشیشیان دەگەڵ بێ ، بە صەتان نا بە هەزاران وشەی عەرەبی رەسەنیان خوازتۆتەوە ، دەیان توسن و دەیانخوێنن و دەناو فەرهەنگی خۆیاندا ریزیان دەکەن و بە هی خۆیانی دەزانن و وەك دەزانین هیچ زیانێکیش بە عەرومالێیان نەگەیوە و لە سۆنگەی وشەی بێگانە دەکارهێنان کەس ئازادی و نانی شـەوی لێ نەبڕاوە و بـە دەردی کوردەگوتەنی زەرەدی لە پەز نەداوە .

پسپۆڕانی زمانی فارسی لە ئێران لایان وایە : سەعدی و حافزی شیرازی چاکەی زۆریان بەسەر ئێرانەوە هەیـە چونکە زۆر وشـەی عەرەبیان هێناوەتە ناو شیعری فارستی خـۆیان و وایـان دەگەڵ فارسیەکدا پێڵۆز کردوون کە تازە هەڵناوپڕێن و بـەو کارەیان زمانـە

فارسی‌یەکەی خۆیان دەوڵەمەند و بە پێزکردوە و ئەو گش وشـــە عەرەبیانەی کە خوازراون و راگوێزراون خزمەتی فارسـی دەکەن و خزمەتکاری بێ موچە و مز خێری خوایە .

بژار و خاوێن کرنەوەی زمان ئەگەر لە باری بزانین و بـــە لەبارتی خەریکی بین کارێکی بێ بەهرە نیە . بەڵام بژاری بەهرەدار زانا و پسپۆڕی گەرەکە و هـەرکەس دەستی قەڵەمی گرت و کوێرە سیوادێکی هەبێ مل لە دەسکارتی زمان و وێژە بنێ دروست نیە و لە جیاتی کل دەچاو کێشان کوێری دەکا !!.

بەر لە هەر شت پێویستە ئەوەی بزانین : ئەو وشانەی بـۆرە پیاگو نەخوێندەواری گەلەکەت دەیانزانن و لەبەریانە و کە بۆیان دەڵێی تێی دەگەن با ردسەنیان عارەبی نەبێ تورکی بێ ، با فارسـی نەبن روستی بن ئەوە تازە بۆنە کـوردی و مانی حەڵاڵی خۆمانن و خزمەتکاری زمانمانن و ئەرکیشیان لەسەرمان نیە . کـورد گوتویە : نۆکەر بێ خەڵات و بەرات تانجی سەری ئاغایەتی ..

بۆ نموونە ئەو وشانەی وەکـو : دوکان و قەڵەم و خـــەت و خاڵ و خەیاڵ و ماڵ و ئیش و کشمیش و ســـەدەقە و خـــێر و صندوق و نەغد و وەفا و دۆڵمە و یاپراغ و شـــێخ و زەکات و تەزبیح و خودبە و مێزەر و شەربەت و قەساب و بەقاڵ و چەرچی و هەرچی وەك ئەوانە دەچن و هەموکوردێك دەزانێ چن ئەگەر باپیرەی هەزار ساڵ لەمەوبەریشیان نامۆ بێ هیچ قەی ناکا .. ئـەو وشانەش

وەکو عەولاد رەسوڵەکان زۆر لە مێژە بۆتە کورد و هۆگریان بوین و ناسراون و شانازیشیان پێوە دەکەین . . ئەو جۆرە وشانە ناشێ بە هیچ ئاوا لە شوێن خۆیان بیانبزێوین .

بەڵام هێندێك وشەی وا هەن کە مەلا وکاڵی ساویلکە و کۆڵکە میرزای بافیش‌کەر و هێندێ ئەفەندی دەر دیتوی خۆ لە کوردان نەبان کردوە هەر بە هەوا و بۆ ئەوەی خەڵك وابزانن ئەو بۆتە پیاوێکی دیکە و لە کوردی رەمەکی خزمی جوێی بۆتەوە خستویانە ناو کوردیەکە و نەك هەر چینی نەخوێندەوار ، خوێندەواریش بە بێ قاموس تێیان ناگا ...، دیارە دەبێ ئەوانە وەدەر بخرێن و وشەی کوردی رەسەن و لەسەر زمان سوك لە شوێنی ئەوان دابندرێن ، بەڵام دیسان ئەم وەدەرنان و دانانەش کاری هەمو رەشکە و پێشکەنوسێك نیە . هەرگیز تاك و تەرای زاناش بە بێ یاریدەی هاوکاران ئەو ئەرکەی پێ هەڵناسوڕێ .. گەرەکە کۆڕی زانیاری یان کۆمەڵێك لە زمانزانانی بژاردە کە دەست بەو بژارە دەکەن بەر لە هەر کار هەمو وشەی هەمو زاراوەکانی جوێی بەجوێی کوردستانیان بە فەرهەنگ لەبەر دەست دا بێ و کە بیانەوێ وشەیەکی زەق و ڕەق و نەگونجاوی رەزاگرانی بێگانە وەدەرنێن و بە وشەیەکی کوردی خۆمالی جێی پڕوەکەن ، ئەشێ ئەو وشەی لە مانای ئاوەکیەکەوە نزیکە و بە جوانتر دێتە بەر چاو و رەوانتر دێتە سەر زمان بی‌ڕێزن و لە شەڕەگەڕەك و منمن و تێمە وای

نالێین وای دەڵێین و هەر چونکە مـن نەم‌بیستوە کوردی نیـە !!
خـــۆبوێرن و دڵسۆزانە و زانایانە وەری گرن و ئەو کەلەبەرەی
پێ بگرن کە جێیی دەرکراوەکەیە .

تا ئەو رۆژەش کە ئەم ئاواتە دێتە دی و تا دەتوانین بژارێکی
زۆر لەبار و تەیار بکەین و کردە پەشیمان دەرنەیەین ، با ئێمەش
وەک گەلانی دی دەگەڵ چەند وشـــەی بێگانە بساچێین و ئەگەر
یەکێک هاتو پرستی : بۆ فلان وشەی عەرەبی لە ناو کوردیەکەتان
دایە ؟ دەڵێین ئێمـە خۆ لە عەرەبان زیاتر نین ، ئەو عەرەبەی کە
خاوەنی ئەو زمانە بەر بەرین و هەراوەیە کە هەموو کەسێک لای وایە
هیـچ ئاتاجی بە زمانی بێگانە نیە ، هەزاران وشـــەی بێگانەی
خواستۆتەوە و دەناو عـەرەبی ئاخنیوە و رەنـگ و روخســـاری
گۆڕیوە و کارێکی بەســـەر هێناوە کە ئێستا خاوەنی پێشتوی ئەو
وشـــانە توشیشیان بێ نایان‌ناسێ ... ئەگەر زانایانی عەرەب خۆیان
راستی ئەو ئاوەکیانەیان نەگوتبا و بە ئێمەیان نەفەرموبا : ئەو وشانە
لاوەکین و هاتونە ناو عەرەبیەوە ، نەک یەکی وەک منی هەژار بگرە
پیـاوی دانا و زاناش بیری بەلادا نەدەچوون و لای وانەبو عەرەبی
نین و غەوارەن و عەرەب لە زمانەکەی خۆیـــدا پەنای داون و
دەرنەکراون . بۆ شایەتی ئەم راستیـیە زۆر کتێب هەن کە زمانەوانانی
عەرەب یان عەرەبی‌زانی دیکە لەو بارەوە دایان ناون . بەڵام من
هـەر سێ‌کتێبم بۆ روانیون و بۆ نموونەی لوێـچ لە تەغار چەند

ســـەت وشەیـکم راگوێزتوون و لێرەدا دەیخەمە بەرچاو . هەرچەند خاوەن کتێبەکانی سـەرچاوە بڵێ ماموستا : ئەددای‌شێر کە جار و بار ناوی کوردیشی هێناوە هەر وشەیەکی رەگەزی بچێتەوە سـەر زمانە ئێرانیـەکان ناویان ناون : فارسێنەژاد ، بەڵام من گومانم نیـــە هەر کوردێـکی زیت و وریا چاوێـکیان پێـدا بگێڕێ لە ناویاندا کۆنە وشـەی کەلەپوڕی کەونارای خۆی لە زۆر شوێنان دێنە بەر چاو کە ئەوانیش وەك ئێمە و باپیرەکانمان لە خزمەت بە برای عەرەبیـان بێ دریـغ بوون و لەناو زمانی ئیســـلامدا شوێنی خۆیان کـردۆتەوە . بەشەکەی هەرەزۆریشم لەو وشـانەی کە لەلاوە هاتونە ناو عەرەبیەوە بۆ ئەو کەسانە هێشتەوە کە حەز دەکەن هەر راستەوخۆ کتێبەکان بخوێننەوە .

ئەو سێ کتێبەش کە دەڵێم وەك سـەرچاوە بۆم روانیون و بەشی خۆم لێی هەڵێنجاون ئەم سێیانەن :

١ـ (المعرب من الكلام الأعجمي على حروف المعجم) لأبي المنصور الجواليقي ٤٦٥ ـ ٤٤٠ هـ ، چاپی دوەم سالی ١٩٦٩ لە چاپخانەی دار الكتب لەسەر ئەرکی وەزارەتی ئەقافەی میصر چاپکراوە .

٢ـ (الألفاظ الفارسية المعربة ـ تأليف السيد ادی‌شير رئيس اساقفة سعرد الكلداني) ، ساڵی ١٩٠٨ لە چاپخانەی کاثۆلیـکی ئاباء اليسوعيين لە بێروتێ چاپ کراوە .

٣ـ المنجد في اللغة ـ چاپی بیستەم ـ بێروت ـ لبنان .

ئەمەش ریزی وشەکانە :

عـــەرەبی	واتـای	رەگـەزی
آبنوس	داریّکە	یۆنـانی
آجر	خشت	فارسی
آخر	ئاخوڕ	فارسی = آبخور
آهو	ئاسك	فارسی
أباشه	أوباش	فارسی
أبد	هەتا هەتا	فارسی
أبرشیه	کلیسا	یۆنانی
أبریز	زێڕی پاك	فارسی
أبریسم	ئاوریشم	فارسی = أبریشم
أبریق	مەسینە	فارسی = آبریز
أبزیم	ئاغزوَنە	فارسی
أبلیس	شەیتان	عەرەبی نیە
أبهە	جوانی	فارسی - آب بها
أثیر	مادەیەکە	یۆنانی
أرجوان	ئەرخەوان	فارسی
أرخبیل	جزیرەگەل	یۆنانی
أرپکە	تەخت	فارسی

أستاذ	مامۆستا	فارسێ
أسرب	سورب	فارسێ
أستبرق	پارچەی ئەستوور	فارسێ = ستبرك
أسطبل	تەوێلە	لاتینی
أسطرلاب	ئەسترلاب	یۆنانێ
أسطول	گەمێ گەل	یۆنانێ
أسفنج	هەولە	یۆنانێ
أسمنت	چیمەنتۆ	لاتینێ
أسوة	پێشەوا	فارسێ ـ ئاسا
أشنان	ئەسپۆن	فارسێ
اصطوانه	ستوون	فارسێ
أقليم	بەشێك لە زەمین	یۆنانێ
أقيانوس	دەریا	یۆنانێ
أليكترۆن	کارەبا	یۆنانێ
أماس	گەوهەر	یۆنانێ
أمد	زەمان	فارسێ
أنبار	عەمبار	فارسێ
أنبوب	لوولە	ئارامێ و فارسێ
أنبيق	دڵۆپێنەر	فارسێ
أنجر	لەنگەر	فارسێ
أوج	بەرزێ	فارسێ = أوگ

أيضاً	ئێدن	کوردی
أيقونه	کۆتەڵۆکه	یۆنانی
أيوان	هەیوان	فارسی

- ب -

باب	دەرگا	ئارامی
بابوج	کاڵه	فارسی = پاپوش
بابور	گەمیه	فەرانسی
بابونج	بابۆنه	فارسی
بادنجان	باینجان	فارسی
بارجه	گەمیه	فارسی = بارگاه
باز	بازی مەل	فارسی
باشق	باشۆ	فارسی
باطیه	بادیه	کوردی
باع	ئێوان دەست و ئانیشك	فارسی = باژ
بالون	باڵۆن	فرانسی
باله	تابار	ئیتالی
بانطلون	پاتۆڵ	ئیتالی
ببغاء	تۆتی	ئیتالی

بختر	شایەتی بەخۆ	فارسی = بختیار
بخس	کەم	فارسی = بخسیدن
بخشیش	بەخشش	فارسی
بذرقه	بەڕێکەر	فارسی = پادراه
بربط	ئەمرازی موزیك	فارسی = بربط = سنگه ـ مراوی
برذون	بارگین	فارسی
برزخ	لەمپەر	فارسی
برغل	ساوار	فارسی ـ کوردی = بەرکوڵ
برغی	پێچ	ترکی
برکار	پرگار	فارسی
برکان	ئاگرپژێن	ئیتالی
برنیطه	شەپکه	ئیتالی
برواز	کەناره	فارسی
برهان	بەڵگه	فارسی = پروهان
بری	دادان	فارسی = بڕیدن
برید	پۆسته	فارسی
بزر	تۆو	فارسی
بزل	بژن	کوردی
بست	دەراو	فارسی
بستان	بێستان	فارسی

بستقانی	بێستانچی	فارسی
بستوقه	کۆپەڵە	فارسی = بستو
بسن	جوان	فارسی = پسند
بشغ	پشکەباران	فارسی
بط	مراوی	فارسی
بطریق	شایی بەخۆ	فارسی = پتیاره
بغداد	خوادا	فارسی
بقسماط	نانێکە	فارسی
بقلاوه	شێرنی	ترکی
بلاط	فەرشە	لاتینی
بلسم	هەتوان	یۆنانی
بلطه	تەور	ترکی
بلوط	بەڕۆ	فارسی
بلید	نازیرەك	فارسی = پلید
بم	ژێتاری ستور	فارسی
بند	بە هەمۆ مانا	فارسی
بندر	مینا	فارسی
بندق	بەرێکە ، گزمۆلە	فارسی
بنفسج	وەنەوشە	فارسی
بوتقه	بۆتە	فارسی
بوریاء	حەسیر	فارسی

بوسه	ماچ	فارسێ
بوص	گەمیه	فارسێ = بوژی
بهلول	گەپجارْ	فارسێ
بهو	هەیوان	فارسێ
بیب	جێْئاو	فارسێ
بیدق	پیاده	فارسێ
بیعه	کلیسا	عەجەمێ
بیمارستان	خەستەخانه	فارسێ

- ت -

تابل	بەهارات	فارسێ
تأریخ	مێژوَ	عەرەبێ نیه
تب - تباب	هیلاك	فارسێ = تباه
تبان	دەرپێ	فارسێ = تنبان
تدرج	پۆژ	فارسێ = تزرو
ترانزیت	رێیی تێپەرین	لاتینێ
ترسانه	سەنگەر	فارسێ
ترعه	دەراو	فارسێ = دەرگا
ترمس	ساردوگەرم	یۆنانێ
ترمومتر	هەوا پێو	یۆنانێ

ترهات	پڕوپوچ	فارسی = تاررهه
تست ـ طست	تەشت	فارسی
تفاح	سێو	فارسی کۆن = تۆپا
تفه ـ تافه	بێ نرخ	فارسی = تباه
تکتیك	پلان	یۆنانی
تکنیك	ماشێنی	یۆنانی
تلامیذ	شاگردان	عەرەبی نیه
تلسکوب	عاسمان بین	یۆنانی
تلغراف	تێلگرام	یۆنانی
تلفون	تەلەفۆن	یۆنانی
تلفزیون	تەلەفیزیۆن	یۆنانی
تنباك	تەماکۆ	عەرەبی نیه
تنبل	تەوەزەل	فارسی
تنجره	مەنجەڵ	ترکی
تنك	تەنەکە	فارسی
تنور	تەندوور	فارسی
تنوره	دامێن ، زرێ	فارسی
توت	تو	فارسی
تیر	کاریته	فارسی
تیماء	بانۆ	فارسی
ثغر	جغزی دەم	فارسی = ژفره .

- ج -

جادە	شاڕێ	فارستی
جارف	رامالّ	فارستی : جاروب
جاریە	کەنیز	ڕۆمتی
جاش	کولّی	فارستی = جوش
جبس	گێـچ	فارستی = جبسین
جربز	وریا	فارستی = گربز
جردبان	نانەوا	فارستی = گردەبان
جردق	کولێرە	فارستی = گردە
جزاف	وتەی سەربەخۆ	فارستی : گزاف
جزر	گێزەر	کوردتی
جص	گێـچ	فارستی : گچ
جغرافیا	جۆغرافیا	یۆنانتی
جفت	تفەنـگی راو	فارستی
جل	گولّ	فارستی
جلاب	گولّاو	فارستی
جلاهق	گزمولە	فارستی = گل‌آهك
جلخ	چەرختی چەقوان	فارستی = چرخ
جلسان	گولّستان	فارستی
جلنار	گولّهەنار	فارستی

جرگ	بارانه	فارستی = گمرگ
جل	پوختەی حیساب	فارستی
جناستیك	وەرزش	یۆنانی
جمهور	حەشامات	فارستی = گروهه
جناح	گوناه	فارستی
جنبد	خونچه	فارستی = گنبد
جنزار	ژەنـگ	فارستی = زنـگار
جنق ـ منجنیق	گژهاوێژ	یۆنانی
جنی	بەرچنی	فارستی = چنیدن
جوالق	جەوالّ	فارستی
جۆبار	جۆبار	فارستی
جوذاب	گوێزاو	فارستی
جوخ	کرێخوری	فارستی
جوخان	جۆخین	کوردی
جوخه	قولّـکه	فارستی = گوچاه
جورب	گۆریه	فارستی
جوره	قولّـکه	فارستی = گور
جوز	گوێز	فارستی
جوسق	کۆشك	فارستی
جوشن	زرێ	فارستی
جوهر	ماك ، گەوهەر	فارستی

جهز	پسپۆڕ	فارستی
جهنم	دۆزەخ	عەرەبێ نیە
جهوری	بەرز	فارستی = جاهوار
جیرو	حەوالّە	ئیتالێ
جیۆلۆجی	زەوی ناسی	یۆنانێ

- ح -

حب	کوپە	فارستی = خم
حباری	چێرگ	فارستی = هوبرە
حدأة	کۆلارە	فارستی = خات
حسك	نێزە	فارستی = خسك
خاتون	خات	ترکی
خافت	زمێ دەنگ	فارستی = خفتن
خام	دەکارنەکراو	فارستی
خان	بە هەمۆ مانای	فارستی
خباء	خێوەت	عەرەبێ نیە
خبل	شێتی	فارستی = خوبلە
ختل	فێڵ	فارستی = ختلی
خرج	توربێن	فارستی
خشاف	خۆشاو	فارستی

خشتق	گـرۆڵ	فارسی = خشتك
خشخاش	خاشخاش	فارسی
خط	خەت	فارسی کـۆن = کتا
خف	کاڵە	فارسی = کفش
خلخال	خرخاڵ	فارسی
خنجر	خەنجەر	فارسی
خندق	خەندەك	فارسی = کندك
خوان	خوان	فارسی
خوذه	شەڕکـلاو	فارسی
خیار	ئاروَ	فارسی
خیش	پارچەی گونیە	فارسی

- د -

داشن	تازە ئیجاد	فارسی
دانق	دانـگ	فارسی
داما	دامە	فارسی
دایە	مامان	فارسی
دأب	داب	فارسی
دبج - دیباج	نەخش ، نەخشاو	فارسی
دبوس	دەنبوس	فارسی

دجی	تاریکی	فارسی
دراج	پۆڕ	فارسی
درب	ڕێ	فارسی
دربونه	کۆڵان	فارسی
دردی	تڵپ	فارسی
درزی	خەیات	فارسی
درهم	دره‌م	یۆنانی
درویش	دەرویش	فارسی
دسار	بزماری دوَ سەر	فارسی
دست	به هەمو مانای	فارسی
دستور	به هەمو مانای	فارسی
دسکره	گوند	فارسی
دغل	دەغەڵ	کوردی
دف	دەفه	فارسی
دفتر	دەفتەر	فارسی
دقدان	کوچك‌ئاور	فارسی = دیکدان
دکان	دوکان	فارسی
دکتاتور	لاسار	لاتینی
دلق	دەڵەك	کوردی
دلو	دوڵچه	فارسی
دمار	له ناو چوون	فارسی = دم‌آر

دمل	کوان	فارستی
دمق	موشەدەمە	فارستی
دەمە	باو بۆران	فارستی
دهلیز	دالان	فارستی
دهقان	گەورەی دێی	فارستی
دیان	حاکم	سریانی
دیوان	بە گش مانای	فارستی
دین	ئاین	سانسکریتی
دین	قەرز	یۆنانی
دینار	دینار	فارستی ، یۆنانی
دینامۆ	دینەمۆ	یۆنانی
رافد	چۆم	فارستی = رود
رذاذ	ورده باران	فارستی = ریزه
رزق	رۆزی	فارستی
رسن	گوریس	فارستی = ریس
رشته	هەرشته	فارستی
رصاص	مز	فارستی = أرزیز
رطل	نیو من	یۆنانی = لتر
رهبان	رەبەن	فارستی
رهوان	خۆشرۆ	فارستی = رهوار

- ز -

زاج	زاخ	فارستی
زاغ	قاژۆ	»
زئبق	جێوه	»
زبانیه	دۆزەخەوان	» = زبانه : گز
زبـر	فێر بو ، نوستی .	» = ازبر
زبون	کزیار	ئارامتی
زخرف	نەخشاندن	فارستی
زرابی	رایەخ	فارستی = زیرپا
زرد	زرێ	فارستی
زرق	جیقنه	سریانتی
زرنیخ	زەرنیخ	یۆنانتی
زری	کەنەفت	فارستی = زار
زفت	قیل	یۆنانتی
زلابیه	زلوبیا	فارستی
زلال	ئاوی خۆش	»
زمهریر	زۆرسەرما	»
زنار	پشتێند	یۆنانتی
زنبرك	باندۆڵ	فارستی = زنبورك
زنبق	گوڵێکه	»

زنجار	رەنـگ	فارسی
زنجبیل	زەنجەفیل	»
زنجیر	زنجیر	»
زندیق	زەندیەرست	»
زنك	زنـگۆگرافی	ئەڵمانی
زیج	عاسمان نامه	فارسی = زیگ

- س -

ساده	ساکار	فارسی
ساذج	ساده	»
ساجور	سەمەندۆك	» = شگ گیر
سبج	شەوه	» = شبه
سجنجل	ئاوێنه	یۆنانی
سجور	ئەجەق	فارسی = سگوار
سجیل	گزمۆلەقوڕ	» = سنگ گل
سجیه	خۆ	»
سخط	رقی زۆر	» = سخت
سراب	تراویلکه	»
سراج	چرا	»
سرادق	تاوڵی سەرماڵ	»

سرج	زین	فارسی = سرك
سرجین	سەرگین	کوردی
سرداب	ساراو	فارسی
سردین	جۆرە ماسیيەکە	فەرانسی
سرمد	هەرهە	فارسی
سرو	سەوڵ	»
سروال	دەرپێ	»
سطل	پەقرەج	»
سفسطه	وتەی بە هەڵە بەران	یۆنانی
سکر	شەکر	فارسی
سل	دیق	»
سلحفات	کیسەڵ	» = سولاخپا
سمندر	خەمەگزو	»
سنبك	سمەولاغ	»
سنجاب	سمۆرە	»
سەنجه	سەنگەتەرازوَ	»
سنجەق	لیوا	»
سندان	دەزگای ئاسنگەر	کوردی
سندروس	شتێکە وەك کارەبا	یۆنانی
سندس	پارچەی ئاوریشم	فارسی
سندل	کاڵەپۆش	یۆنانی

سندیان	جۆرە داربەڕوێکە	یۆنانی
سنطور	ئەمرازی مۆسیقا	»
سنونو	پەڕەسێلکە	عەرەبی نیە
سهم	بەش	فارسی = سامە
سیخ	زەرگ	کوردی
سیرج ، شیرج	رۆنکونجی	فارسی = شیرە

- ش -

شاش	نەسفت : هەڵە	فارسی
شابندر	کونسول	»
شابلوط	شابەڕو	»
شاذروان	تاوڵی بەر ماڵ	»
شاقول	راستەی بەنتا	»
شأن	حاڵ	» = سان
شاهترج	شاتەڕە	»
شاهین	ـ ی تەرازوَ	»
سبت	شەمۆ	سریانی
شبت	شویت	فارسی
شبین ، أشبین	برازاوا	سریانی
شبکرە	شەوکوێری	فارسی

شبوط	قاشەماسێ	فارسێ
شتم	جنێو	» = ستم
شخص	کەس	»
شرب	وەخوارن	» = سیراب
شرز	تورەیێ	» = شرزه
شرس	شەڕانێ	» = شرزه
شطرنج	شەترنج	عەرەبێ نیە
شفع	جوت	فارسێ = جفت
شلغم	شێلم	»
شم	بۆن	» = شمیدن
شنار	شورەیێ	»
شوبك	تیرۆك	»
شواظ	گر	» سوز ـ کوردێ = شەوات

شوکة	شکۆ	فارسێ
شهیه	ئارەزو	»
شهلا	کاڵێ چاو	»
شیء	شت	» = چیز

ـ ص ـ

صابون	سابۆن	فارسی ـ کوردی = ئەسپون
صاروج ـ صهریج	حەوز	فارسی
صحن	سینی پچوك	»
صدقه	خێر کردن	» = صدیکه
صراط	ڕێگه	یۆنانی
صر	سارد	فارسی = سرد
صرد	سارد	»
صرصر	سارد سارد	»
صرم	گەرم ، چەرم	»
صقر	مەلی راو	» = چرغ
صك	ڕەسید	»
صلاطه	زەلاتە	ئیتالی
صندوق	یەغدان	ڕۆسی
صنم	بت	فارسی ـ شمن
صهر	خزمی ژن	» = شوهر
صیدله	دەرمانفروش	»
صیف	هاوین	»
صیوان	تاولی زل	فارسی : سایەبان

ـ ض ـ

ضنك	تەنگانە	فارستی

ـ ط ـ

طابه	تۆپ	فارستی
طابوق	خشت	»
طارمه	بەرپەسار	عەرەبتی نیه
طازج	تازه	فارستی
طاق	تاق	فارستی
طاوس	تاوس	عەجەمیه
طبر	تەور	فارستی
طباشیر	تەباشیر	تورکتی
طراز	تەرز	فارستی
طربوش	تەپله	فارستی = سەرپوش
طرش	کەڕ	عەربتی نیه
طغری	مۆری‌شا	فارستی
طلسم	تەلیسم	یۆنانتی
طنبور	ئامرازی مۆسیقا	فارستی = دنبره
طنفس	رایەخ	» = تنپاس
طواشی	کویلەی‌خەساو	»

طوایه	تاوه	فارسی
طوبی	بەهەشت	هیندی
طود	کێو	فارسی = توده
طیلسان	جبـــه	فارسی = تالسان

- ع -

عبقری	هەڵکەوتە	فارسی = آبکار
عسکر	لەشکر	»
عطش	تینگی	» ، یۆنانی = تشنه

- غ -

غثّ	کـز	فارسی = کـژ
غراره	خەرار	»
غرّه	سەرەمانگ ، چەرمگی تویڵڵ	»
غساق	کێم و زوخاو	ترکی
غطرفه	بایتی بۆن	فارسی = غتفر
غضاء	داری گەز	»
غمز	چاو داگرتن	» = گمژه
غوغاء	ئاپۆره	»

- ف -

فالوذەج	پاڵودە	فارستی
فانوس	چرادەست	عەرەبی نیە
فانیذ	هەلوایەکە	فارستی
فتراك	پاشکۆبەند	»
فجل	تور	عەرەبی نیە
فخ	تەڵە	فارستی
فدان	تەختەزەوی	سریانی
فردوس	بەهەشت	رۆمی
فرسخ	مەوداڕێ	فارستی = فرسنگ
فرشە	فرچە	فەرانسی
فرو	جلی کەوڵ	فارسی = پروە
فرن	تەندوور	لاتینی
فستان	کراسیژن	فارسی
فستق	پستە	»
فسطاط	رەشماڵ	»
فلز	مەعدەن	» = پولاد
فلس	قۆشە	یۆنانی
فلش	بڵاو	سریانی
فلق	قەڵاشتن	» = پلکە

فلّـين	تەپەدۆر	یۆنانی
فنجان	فینجان	فارسی = پنـگان
فنر	چرا	»
فنك	دەڵەك	»
فولاذ	پۆڵا	»
فهرست	ناوەرۆك	»
فیروزج	پیرۆزە	»
فیشفاروج	پێشپارو	کوردی
فیلسوف	زۆرزان	یۆنانی
قالب	قاپێلك	فارسی = کالبد
قابوس	لاوچاك	» = کاوس
قبان	قەپان	» = کپان
قبـج	کەو	» = کبك
قبّـه	هەڵمساو	»
قربوس	قەڵپۆز	»
قرطاس	کاغەز	عەرەبی نیە
قرطبان	دەویت	فارسی = کلتبان
قسطاس	تەرازۆ	رومی
قصار	گـازر	فارسی
قصری	کوێزر	کوردی
قطمیر	کەمتر	فارسی

قلّه	سەرو	» = کله
قره	جێخەو	ئیتالتی = کەماره
قطریر	توش و تاریك	فارستی
قنجر	کەماندار	» = کمانگر
قن	کولانه	کوردتی = کون
قنب	گیاشریت	یۆنانتی
قند	شەکرتی کەلله	فارستی
قندیل	چرا	لاتینتی
قنصل	کۆنسول	لاتینتی
قیثاره	گیتار	فارستی = سەتار
قیروان	کاروان	»

- ك -

کأس	کاسه	فارستی
کاش	کۆشا	»
کاغز	کاغەز	»
کافور	کافور	»
کاهن	پێشگۆ	سریانتی
کبریت	گۆگرد	عەرەبتی نیه
کبس	ڕێك گوشین	سریانتی

کبسول	چەشنی	لاتینی
کتان	کەتان	فارسی
کثیراء	کەتیرە	»
کدی	گەدایی	»
کرباج	قامچی	»
کرفس	کەرەوز	سریانی
کسوف ، خسوف	گیرانی مانگورۆژ	فارسی = کشفتن
کشتبان	کلکەوانەی دورمان	»
کشده ، قشطه	سەرتوێ	»
کشمش	کشمیش	»
کمبیاله	وامنامە	ئیتالی
کنری	هەرمێ	فارسی
کنجه	کەمانچە	»
کمون	زیرە	عەرەبی نیە
کمیت	کوێت	فارسی = کمخت
کناری	زەردەزێرە	ئەسپانی
کندوج	کەندۆ	فارسی
کنز	خەزنە	»
کنیسه	کلێسا	ئارامی
کهرباء	کارەبا	فارسی
کهف	ئەشکەوت	کوردی = کێف

کهل	پێر	کوردێ = کال - فارستی = چهل
کیلۆ	نیوسیه	یۆنانێ
کیمیاء	کیمیا	»

- ل -

لازورد	عابێ	فارستی = لاجورد
لبلاب	لاولاو	»
لجام	لغاو	» = لگام
لوزینج	خوراکێکه	»
لیمون	لیمو	»
لینوفر	نیلوفەڕ	»

- م -

مائدة	خوانی خۆراك	فارستی
ماخور	کۆڕی مەستان	» = میخوره
ماخولیا	گیژ و ویژ	یۆنانێ
مارستان	خەستەخانه	فارستی
مأس	ئەڵماس	یۆنانێ
ماسوره	لوله	سریانێ

متراس	مەتەریز	فارستی = ترسانە
مرت	زەوی‌قاقڕ	» = مردە
مرج	مێرگ	»
مرغ	شێنکە	» = مرغزار
مریم	پایەبەرز	سریانی
مزج	تێکەڵاو	سریانی = مزك
مسك	بۆن	فارستی
مص	مژ	» = مك
مطران	مەلای‌فەلە	یۆنانی
مکوك	مەکوك	ئەرمەنی
ملکوت	فرشتاوا	سریانی
ملیار	ژمارە	فرانستی
ملیون	ژمارە	فرانستی
موسیقا	مۆزیك	یۆنانی
مومیاء	مۆمیایی	فارستی
مهر	مۆر	»
مهرجان	جەژن	»
مهرە	مۆرۆ	»
میدان	گۆڕەپان	»
میزاب	لوساو	»
میل	کلچۆك	»

مینا	شۆشە	فارسی
میناء	بەندەر	یۆنانی

- ن -

نارنج	نارنج	فارسی
ناسوت	خەڵکاوا	سریانی
ناطور	پاسەوان	»
ناموس	رازدار	یۆنانی
نای	بلوێر	فارسی
نبراس	چرا	سریانی
نجل	ڕۆڵە	فارسی = نگل
نحریر	زیرەك	عەرەبی نیە
نرجس	نێرگس	فارسی
نرجیله	قلیان	»
نرد	نەردێن	»
نزیز	دەڵاو	»
نسترن	گوڵێکە	»
نشا	نیشاستە	»
نشوە	کەیفی مەستی	فارسی = نوش
نعناع	پنگ	فارسی = نانە

نفیر	شەپۆر	فارسی = نەپور
نکس	نخۆن	فارسی
نمرق	باڵگە	» = نرمك
نمرە	نمرە	ئیتالی
نمق	نووسی	فارسی = نامە
نموذج	نمونە	»
نورە	قسڵ	عەرەبی نیە
نیزك	ئەستێرەی خوشیو	فارسی
نیل	خم	»
نیلوفر	نیلوپەڕ	»

- و -

ورد	گول	عەرەبی نیە
وردیان	زیندانوان	ئیتالی
وصر	پەیمان	عەجەمی
وقت	وەخت	کوردی

- ھ -

هاله	خرمانە	فارسی
هاون	جۆن	»
هرطقه	ئایین گۆڕین	یۆنانی

هری	عەنبار	یۆنانی
هزار	بلبل	فارسی
هزبر	شێر	» = هژبر
هیج	تەپۆ	» = چمک
هەمیان	هەمبانە	»
هندس ـ هنداز	ئەندازە	»
هندام	بالای ڕێك	»
هودج	کەژاوە	»
هیولی	ماکی یەکەم	یۆنانی

ـ ی ـ

یأجوج ، مأجوج	عاجوج و باجوج	عەجەمی یە
یاسمین	یاسەمەنە	فارسی
یاقوت	گەوهەر	یۆنانی
یباب	وێران و چۆڵ	فارسی
یخت	گەمیە	هۆلاندی
یزك	سەرعەسکەر	فارسی
یشم	گەوهەر	» = یشب
یـّم	دەریا	ئارامی

* * * * * *

ـ ملخص المقال ـ

الكرد وبقاء اللغة

العضو العامل : هـــژار

تعاني اللغة الكردية من مشاكل عديدة تختلف من حيث حدتها وتتفق من حيث ان جميعها بحاجة الى درس عميق وتقص مضن وبحث أصيل .

وان واحدة من اهم تلك المشاكل التي تنتظر الحل الجذري العاجل تتعلق ، في رأيي ، بمسألة وجود الكلمات والمصطلحات الاجنبية في اللغة الكردية ومنها وعلى رأسها الكلمات العربية . وتلك ظاهرة عامة شاملة بالنسبة لجميع اللغات التي تتفاعل فيما بينها ، تأخذ من غيرها وتعطي لغيرها مما يعتبر عامل قوة لها يساعد على تطويرهما وتوسيع افقهما . ولكن مع ذلك دأب بعض المثقفين الأكراد وبحماس منقطع النظير على « تنظيف » لغتهم من الكلمات « الدخيلة » محاولين بذلك « إثبات » إستقلال كيان اللغة الكردية وهم يخلقون بعملهم هذا مشكلة جديدة وخطيرة بالنسبة لهذه اللغة لان معظمهم في أحسن الاحوال ليسوا أهلا لانجاز هذه المهمة الذي يتطلب اول ما يتطلب

معرفة واسعة بمختلف اللهجات الكردية واطلاعاً كافياً على تراثنا الادبي المدون وغير المدون وإدراكاً تاماً لتقدير ضرورة وكيفية التغيير والتبديل في الكلمات والمصطلحات الاجنبية التي في أحيان كثيرة تتحول بفعل عوامل وظروف معينة الى جزء متمم للغة المعنية وتكون في قوة الأصيل بالنسبة لها فلا يمكن والحالة هذه تغييرها بكلمات ومصطلحات مصطنعة تبدو هي في طابعها وصياغتها غريبة أو دخيلة مجردة من مقومات الحياة والبقاء ، وليست قليلة من أمثالها في العديد من المؤلفات الكردية بما فيها الكتب المدرسية وغيرها .

وهذا لا يعني بطبيعة الحال إنني لست من انصار احياء ونشر المصطلحات الكردية الأصيلة التي تستطيع أداء دورها الصحيح في التعبير الدقيق السلس عما يراد منها ، بل بالعكس ارى في ذلك ضرورة علمية سبقتها تجارب غنية لامم اخرى ، ولكن علينا ان نعهد انجاز مثل تلك المهمة الشاقة الى اناس من ذوي الكفاءات والخبرة ومؤسسات لها من الامكانات العلمية والمادية ما يؤهلها لاخذ تلك المهمة على عاتقها . ولكنني في كل الاحوال أرى من المهم التأكيد على ضرورة عدم التفريط بالكلمات والمصطلحات المقتبسة التي أصبحت جزءاً حيوياً متمماً لكيان لغتنا دون ان تؤثر على إصالتها وقوتها . وليست تلك حالة فريدة في واقعها بل امر شائع وحقيقة واقعة بالنسبة لجميع اللغات وحسبي ما انشره رفق مقالي من شواهد على الكلمات والمصطلحات « الدخيلة » في اللغة العربية التي لا يختلف إثنان على كونها واحدة من أقوى اللغات على وجه البسيطة ، واستعنت في تحديد تلك الأمثلة بـ « المعرب من الكلام الاعجمي على حروف المعجم » لأبي

منصور الجواليقي (٤٦٥ — ٥٤٠ هـ) [من منشورات وزارة الثقافة المصرية — الطبعة الثانية — ١٩٦٩] و «الالفاظ الفارسية المعربة» للسيد ادّى شير رئيس أساقفة سعرد الكلداني [طبعة بيروت — ١٩٠٨] و «المنجد في اللغة».

* * * * * *

لە کوێوە دەست بکەین
بە دەستوور سازی
ڕێ زمانی کوردی

ئەندامی کارا : د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی

بەشی دوەهەم

ئەلف و بێ و دەنگ لە زمانی ئاڤستادا :

وەك لە پێشدا وتمان و زانراوە ، ئێرانیەکان ئەلف و بێێ (ئارامی) یان خواستووە و بەکار هێناوە بۆ نوسین ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەم ئەلف و بێیە بۆ کۆمەڵە زمانێك دانراوە کە لە بنەڕەتدا جیاوازە لەلایەن هەڵکەوتی دەنگەوە لەگەڵ زمانە ئێرانیەکان ، هەمیشە پێویستی بە ئاڵوگۆڕ و دەست لێدان بووە ، چونکە سامیەکان کە ئەم ئەلف و بێیەیان داهێناوە زۆریان گوێ نەداوەتە دەنگە (بزوێنەکان - حروف العلة)[1] و بە لایانەوە شایانی ئەخێکی

(١) اسرائیل ولفنسون ، تاریخ اللغات الساميّة ، طبعه مصر ١٩٢٩ ، ص ١٤ .

وا نەبوون وێنەی تایبەتییان بۆ دابنێن بە هەمو پلەیەکی کورت و درێژیانەوە و هەر بە وێنەی (ا) و (و) و (ی) کە بۆ دەنگی ئاوازەی ئەم بابەتە دەنگە دانراون کاری خۆیان لە نوسیندا بردۆتە سەر هەتاوەکو بەرەنگاری فیکری ئاری بوون و هەستیان بەکەم و کوڕی ئەم ئەلف و بێیە کردووە ئنجا حەرەکاتیان داهێناوە کە وەک سەربار خراونەتە یا سەر یا ژێر وێنەی دەنگە ئاوازەکانەوە. هۆی ئەم کەم تەرخەمییە بەرامبەر دەنگی بزوێن و بەتایبەتی کورت و کراوەیان لە زمانە سامیەکاندا ئەوەیە کە هەست بە شلۆکی و سروشتی خۆگۆڕینی ئەم دەنگانە کراوە و بە دەنگی یەک ڕۆ دانەنراون هەر لەبەر ئەوەشە ئەم دەنگانەیان نا ناوە دەنگی (زەدە ـ عەلە) و ڕاستیەکەشی بە هەڵە نەچوون چونکە ئەم دەنگانە بەگوێرەی واتای وشە دەگۆڕدرێن بەڵکو گۆڕینیان دەبێت بە هۆی گۆڕینی واتای وشە و گۆڕینی کێشی.

لە سەدەی یەکەمدا سامیەکان و بەتایبەتی زمان شناسە عەرەبەکان بۆ ئاسان کردنی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و تێ گەیشتنی لە لایەن هەمو نەتەوەکانی باوەڕیان بە ئیسلام کردووە، دەستیان کرد بە دەستکاری ئەو ئەلف و بێ عەرەبییە کە ئەویش لە سەرەتادا لەو سەرچاوەیە کەوتۆتەوە کە ئارامێ لێ وەرگیراوە و بێ خاڵ و بزوێنە، لە ئەنجامدا ئەم خاڵ و بزوێنانە دانران[۲] کە ئیستە دەبنیرێن لە

(۲) هەمان سەرچاوە، ل ۱۲.

ئەلف و بێی عەرەبیدا و یەشتا هەر کەمی و ناتەواویان ماوە .

بەشی یەکەم : بەراوردی دەنگی ئاوازە :

ئەلف و بێی ئارامی لە سەرەتادا لە (٢٢) وێنەی دەنگە ساغ « صحيح »ەکان کێشراوە ، مەبەس لە دەنگی ساغ کە لە زمانە سامیەکاندا باس دەکرێت ئەو دەنگانەیە کە وێنەیەکی وەستاو و نەگۆڕدراویان هەیە و لە هەمۆ کاتێکدا و لە هەر شوێنێکدا هەڵگەوێت هەر یەک دەنگیان هەیە ، ئەم دەنگانە بەرامبەر « Consonant »ن لە زمانە ئەوروپاییەکاندا و لە زانستی زماندا . لە راستیدا ئەم دەنگانە بە دۆ بەڵگە دەناسرێن ، یەکەم ئەوەیە کە یەک دەنگیان هەیە و لە هەمۆ کاتێکدا بە ماوەیەکی مەعلۆم و لە شوێنێکی تایبەتیەوە دەردەبڕدرین و شێوەیەکی یەک رۆ و ساغیان هەیە و دۆهەم هەر دەنگە سازگەیەکی ئاشکرای هەیە لە دەمدا و بە گێرێکی تایبەتی دێتە دەردەوە لە زار و گۆی پێ دەکرێت .

ئەم (٢٢) دەنگە لە ئەلف و بێی ئارامی و عەرەبیدا بەم جۆرە رێز دەکرێن : ا ب ج د . هـ و ز . ح ط ی . ك ل م ن . س ع ف ص . ق ر ش ت .

ئەگەر ورد ببینەوە دەبینین کە دەنگی بزوێن لەم ئەلف و بێیەدا نییە[٣] لە هەردۆ زمانە سامیەکدا چە عەرەبی و چە ئارامی

(٣) دکتور کمال محمد بشر ، دراسات في علم اللغة ، مصر ١٩٦٩ ، ل ٤٢٠ .

هەروەها لە عبرانیـــدا . . بۆ دەنـگی بزوێن لە دواییدا وێنە دانراون[٤] و نەخراونەتە ناو ئەلف و بێ . ئەویش لە و کاتەدا کە بە پێویست زانراوە وەك وتمان بۆ ئاسان کردنی خوێندنەوەی قورئان[٥] و لە دواییدا بۆ لێکدانەوەی دەستوری زمان بە تایبەتی لەکاتێکدا کە بەرەنـگاری (ئیشتقاق ـ دارشتن)ی وشە بۆن و (ئیعلال ـ و ئیبدال) سەرنجی راکێشـــاون لە (تەصریف ـ گەردان)ی کار و دارشتنی ناوی دارێژرا و لە (کار ـ فعل) .

بە راستی لە مەیدانی لێکدانەوەی دەنـگ و زانستی دەنـگسازی زمان شناسە عەرەبەکان و بەڵـکو هەمۆ نەتەوە سامیەکان ستودێـکی زۆریان لە فیکری ئاری[٦] وەرگرتووە[٧]، دوَر نییە بەرهەمەکانی زمان شناسە هندیەکانیان بەرچاو کەوتبیت و بە تایبـەتی بەرهەمە نایابەکەی (پانینی) هندی کە یەکەم زانای زمانە لە دونیادا و لە سەدەی چوارەمی

---

(٤) Rev. Thomas Arayathinal . M . o . 1 , Aramaic Grammar PP . 1 , 2 .

(٥) یەکەم کەس ابو الاسود الدؤلی بووە کە بەئەمری علي کوڕی ابي طالب (د. خ .) خاڵی داناوە بۆ پیتەخاڵدارەکان وحەرەکانی داهێناوە و بەمە خوێندنەوەی قورئان و زمانی عەرەبی پاراستووە لە هەڵە .

(٦) الدکتور کمال محمد بشر ، دراسات في علم اللغة ، دار للمعارف بمصر ، ١٩٦٩ ، ص ، ٣٦ ، ٥٨ .

(٧) الدکتور احمد مختار عمر ، البحث اللغوی عند الهنود واثره علی اللغويين العرب ، بيروت ١٩٧٢ ، ص ١٢٩٠ .

ب . ز ژیاوە بە تایبەتی لە (زانستی دەنگ) و لێکدانەوەی دەنگی زمانی سانسکریتی[٨] .

لە پێشدا دیارە هەر دەنگی (ساغ)یان بە دەنگی راست زانیوە چونکە بە وێنەیەکی ئاشکرا و ڕەوان توانیویانە (سازگە ـ مخرج)ی هەست پێ بکەن و دەس بخەنە سەری و (گیری) بدۆزنەوە لە کوێوە دێتە دەرێ و (گۆ)ی پێ دەکرێ . بۆیەک کە دەستیان کردووە بە دەستور دانانی ڕێزمان ئەلف و بێیان هەر لە و دەنگە ساغانە ڕێک خستووە کە سازگەی ئاشکرایان هەیە و کە هاتونەتە سەر وشەسازی و سەرنجیان لە دروست بونی وشە داوە هەر دەنگە سازگەدارە ساغەکانیان بە دەنگی راست و ساغ ژماردووە و بنای وشەیان بەگۆیردی ئەو دەنگانە هەڵبەستووە . هەروەها کە (کیش ـ قیاس)یان داناوە بۆ وشە ، تەنها دەنگە ساغە سازگەدارەکانیان ژماردووە ، و دەنگی بزوێن کە سازگە و گێری نییە گوێی نەدراوەتێ[٩] ، بۆیەک کە و تۆیانە بنای وشە لە سەر سێ دەنگی ساغ هەڵدەبەستریت (فعل) لە عەرەبیدا و لە هەمو زمانە سامیەکانی تر ، مەبەستیان تەنها لە (ف) (ع) (ل) کە بووە و دەنگی (ـِـ) ژێر لە کێشی ناودا (فِعل) و (ـُـ) سەری (ف) و (ع) (ل) لە کێشی کار (فَعَلَ)یان نەژماردووە .

(٨) T . Burrow , The Sanskrit Language , P . 49

(٩) Rev . Thomas Araythinal , Aramaic Grammar, PP . 1 , 7 .

ئەم کەم و ناتەواوی ئەلف و بێی سامیە ڕێگەی لە ئێرانیەکان نەگرتووە لە خواستنی بۆ توسینی زمانەکانی خۆیان بەڵکو زۆر بە وردی هەوڵیان داوە و توانیویانە پڕی کەنەوە و تەواوی بکەن و لە ئەنجامدا ئەلف وبێیەکی وای لێ دروست بکەن کە بە تەواوی وێنەی هەمتو دەنگێکی ئاری تێدا بکێشرێت . بێ گومان لە سەرەتادا دەنگە ساغەکانیان بەراورد کردووە لەگەڵ دەنگی (ساغ[10] Consonant) لە زمانەکانی خۆیاندا و ئەم چەند وێنەیەیان خستۆتە سەر .

وێنەی تایبەتی بۆ (ك)ی وەك کێو و (گ)ی وەك گیا ، بۆ (چ) و (ژ) ، بۆ (ذ) وەك وشەی (یەذ) (صەذ) ، بۆ دەنگی (پ) و (ڤ) بۆ تونی (گەنگ)[11] کە لە بنی مەلاشۆوە دەست پێ دەکات وەك هەنگ ، بۆ تونی (نەرم) کە لە پێشی مەلاشۆ دەست پێ دەکات وەك پەند و هەر لە سەرەتاوە دەنگی (ص) و (ح) یان بە دەنگێکی خۆمالی زانیوە و هێشتویانە لە ئەلف و بێکەدا . بەم جۆرە دەنگی ئاواز — ساغ Consonant لە ئەلف و بێی ئافستادا گەیشتۆتە (٣٤) دەنگ و (٣٤) وێنەیان

(١٠) ساغ ـ Consonant : لێرەدا ساغ لە باتی ئاوازە ـ ئاوازدار کە « Consonant »ە تەنها لەبەر ئەوە بەکار دەهێنم کە بەرامبەر ناوە عەرەبیەکە بێت وسەرنجی خوێندەواری لێ دوور نەخاتەوە .

(١١) ئەو تونەیە کە لە ناو اوتەوە دەردەبڕدرێت بە بڵێی لە بنی مەلاشووەوە دەست پێ دەکات .

بۆ کێشراوە بەم جۆرەی خوارەوە[١٢] و بە گوێرەی سازگەکانیان .

١— دەنگی سازگەی قورگ GUTTURAL

ﻙ	= k =	ك	وەك	كورد
ﻛ	= K' =	ك،	وەك	كێو
ﮒ	= g =	گ	وەك	گورگ
ﮔ	= g' =	گ،	وەك	گێل .

٢— دەنگی سازگەی مەلاشۆ PALATAL

ﭺ	= Ç-CH =	چ	وەك	چاو
ﺝ	= J dj =	ج	وەك	جۆ .

٣— دەنگی سازگەی دان DENTAL

ﺕ	= T =	ت	وەك	تۆر
ﻃ	= T' =	ط	وەك	طۆری
ﺩ	= D =	د	وەك	دەم
ﺫ	= D' =	ذ	وەك	بەذ
ﺙ	= T =	ث	وەك	فەرث[١٣]

(١٢) Par C. De Harzel, Manuel de la langue de Avesta, PP. 4 - 5.

(١٣) فەرث ناوی پەرتەکانە .

٤— دەنگی سازگەی لێو KABIAL

ك = P = پ وەك پەڕ

ك = F = ف وەك فاڵ

ك = B = ب وەك بەر(١٤)

كك = W = (و)ی سەرەتا وەك وەرد

٥— دەنگی سازگەی لوت ـ NASAL

ك = N = ن وەك ناو

ك = ñ ـ ñ ـ ñ = دوای بزوێن وەك دانرا

كك = ñ = ن وەك پێشوو لە سەرەتادا

دوایی ئەم نوونە بووە بە (ی) وەك

DANHV ئەبێ بە DAHYV

ك = ñ = ن دەنگێگی قورگی ولو تی

و دانییە و زور بە گران (گۆ) دەگڕێ

وەك (ن) لە وشەی(١٥) سەندار. دوانزە(١٦)

ك = M = م وەك مەڕ. دەم

(١٤) C. De Harzel, Op. cit., PP. 4 - 5

(١٥) Ibid, P. 13

(١٦) T. Burrow, Op. cit., P. 29

٦- دەنگی فیکەی Sifflantes

ﺱ = S _ C = س وەك ستور

ﺵ = SH = ش وەك شار

ﺹ = S' = ص وەك صەد

ﺽ = ZH = ض وەك ظەلّم

ﺯ = Z = ز وەك زاخ

٧- دەنگی ـ هەناسەی aspiree

ﻫ = H = ه وەك هەور

٨- دەنگی نیو بزوێن SEMI - VOWELS

ﻱ = دد Y - ي وەك یار

ﺭ = R = ر وەك راست

ﻑ = دد = V = ف وەك ڤیان

ﻭ = W = و وەك وورچ

٩- دەنگی گرۆ ـ CLOSTER - SROVPS

ﻉ = Hv(Q) = هـ٧ = هـ٧ق وەك ردڤك = رەوك .

ﻉ = HM = هم = خم وەك زخمە(١٧)

C. De Harzel, Op. cit., P. 19 (١٧)

دەنگی (گرۆ ـ Ocloster) لە زمانی کوردیدا ئێستەدا زۆرە وەك لەم وشانەدا دەردەکەوێت : زمان ـ رم ـ پرس ـ رس . ترس ـ رس . جوان ـ جۆان ـ جف و گەلێکیتر ، بەڵام لەراستیدا من ئەمە بە گرۆ دانانیم چونکە لە و باوەڕەدام کە هیچ دەنگێکی ساغ ـ ئاوازە Consonant بە بێ دەنگی بزوێن (گۆ) ناکرێت و بزوێنێکی زۆر کورت کە لە زمانە سامیە رۆژئاواییەکاندا ـ ئارامی ـ عبرانی وێنە وناوی هەیە ، دەکەوێتە بەینی هەمۆ دەنگە (ئاوازە) کانەوە و بە پێی ئەو بزوێنە ناگونجێ دەربڕدرێن و گۆ بکرێن .

بەم ئەلف و بێیەدا کە وا خرایە پێش چاوتان دەردەکەوێت کە ئەلف وبێی ئارامی یەکسەر بەکار نەهاتووە بۆ نوسینی زمانە ئێرانیەکان و بەتایبەتی بۆ ئۆستا و لە ژێر تێژی فکری ئاریتدا گۆڕێنێکی تەواوی بە سەر هاتووە هەتا سازکراوە بە وێنەیەکی ورد بگونجێ لەگەڵ دەنگەکانی زمانە ئێرانیەکان . لێردا ئەوی کە مەبەسی منە ، خوێندەوار وردبێنەوە لە نزیکتی ئەو دەنگانەی ئاوستا لە دەنگی زمانی کوردیی ئێستە .

ئاشکرایە کە زمانی کوردی ئەمڕۆ گەلێك دەنگی سەربەخۆ و تایبەتی وای تێدایە کە بە تەواوی لە زمانی فارسی جودا دەکاتەوە ، ئەم دەنگانە بە ئاسانی ڕێچکەیان لە ئۆستادا دیارە و زۆر بە ڕەوانی پەیوەندی زمانی ئاوستا و کوردی ساغ دەکەنەوە . بۆیەست نییە

دووبارەی بکەمەوە کە (دەنگ) و هەڵ کەوتی دەنگ لە زمانـــدا بەڵگەیەکی زۆر گرنگە بۆ ئاشکرا کردنی پەیوەندی یا لە یـــەك دوورخستنەوەی دوو زمان[18] بەڵکو لە یـەك چـــونی دوو زمان لە هەڵ کەوتی دەنگدا دەبێ بە هۆی هەڵبەستنەوەی رێچکەیەکی روون ومیزوویی بۆ ئەو زمانە دایکە مردووەی هـەردوو زمانەکەی خستۆتـەوە هەر دەنگ سازی یەکەم هەنگاوی خزمایەتی زمانانی هـەڵهیناوە و لێکدانەوەی زمانی کردووە بە زانست .

هەتا ئێستە وا زانراوە کە زمانی فارسی ئەمڕۆ وێنەیەکی نوێی زمانی ئاڤستای کۆنە و فارسەکان بەبێ ســڵەمینەوە لەگەڵ هـەندێ لە زاناکانی زمان ئەم باوەڕەیان بڵاو کردۆتەوە ، چونکە کەس گوێی نەداوەتە لێکۆڵینەوەیەکی زانایانە لە رێچکە و میێژوێی زمانی کوردی و بـــە بـــێبەری نەهاتووە بەراوردێـکی ورد بکات لە بەینی زمانی ئاڤستا وکوردیدا .

بە راستی خولیای ساغ کردنەوەی میێژوێی زمانی کـوردی و ئاشکرا کردنی جـــوداوازی کوردی و فارسی منی دەمێکە خستۆتە ئەندیشە وپشکنین و لە ئەنجامدا هێنامیە سەر ئەو بڕیارە کە ئەم ئەرکە گرنگ و بەر پانـە بخەمە ســەر شانم و رەنجی دوایـیم ببەخشم بە کورد .

بە وردبوونەوەیەکی کەم لە دەنگە (ساغ ـ ئاوازە Consonant) ەکانی

(١٨) T. Burrow, Op. Cit, P.67.

لە بەر دەستدایە دەبینرێت کە لە زمانی ئۆستای کۆنـدا دوو دەنگی جوداوازی (ك) ـ بڕوانە ژمارە یەك سازگەی قوزگ ـ هەن و هەردوکیان وێنەی تایبەتی خۆیان هەیە ، یەکەمیان بۆ دەنگی (ك)ی وەك وشەی (کورد)ە ، دووەمیان بۆ دەنگی (ك)ی وەك وشەی (کێو)ە .

ئەم دوو دەنگە وەك دیارە لە کوردی ئێستەدا پاڕیزراون و لە فارسیدا نابینرێن !. هەروەها دوو دەنگی جوداوازی (گ) هەن و هەردوکیان وێنەی تایبەتی خۆیان هەیە ، یەکەمیان بۆ دەنگی (گ)ی وەك وشـــەی (گورگ)ە و دووەمیان بۆ دەنگی (گ)ی وەك وشـــەی (گێل)ە . لە هەردوو دەنگەکەدا ، واتە (ك) و (گ) دوو شـێوە هەیە : یەکەمیان وشـــك و راستە و دووەمیان نەرم و داشکاوە ، یەکەمیان لە بنی قوزگەوە گۆ دەکرێت ، دووەمیان زمان نزیك مەلاشـو دەخاتەوە . ئەم دوو دەنگە فارسی و کوردی لە یـــەك دوور دەخەنەوە و فارسی و ئاڤستایش لە یەك دوور دەخەنەوە و کوردی و ئاڤستا لە یەك نزیك دەخەنەوە . راســـتە ئەم « ظاهرە » دەنگییە بە بێ هۆ نییە ، بەڵام هیچ « ظاهرە » یەکی تر لە زماندا بێ هۆ روو نادا و هـــەر ئـەو « ظاهرانەن » دەبن بە هۆی دوور و نزیکی دوو زمان لە یەك .

پەیدا بوونی ئەم دوو دەنگە تایبەتیەش وەك ئاشکرا دەبێ بەم جۆرەیە :

١— لە کاتێکدا کە دەنگی بزوێنی (ێ) کراوەیان بە دوادا دێت وەک کێو ، کێم ، کێچ ، کێـــل بۆ (ك) و وەک گێژ ، گێرە ، گێل ، بۆ (گ) .

٢— لە کاتێکدا کە دەنگی بزوێنی (ی)ی درێژیان بە دوادا دێت وەک :

کێن ، کێسە ، کێتەڵە — بۆ (ك)
گێپە ، گێـك ، گێزە — بۆ (گ)

٣— لە کاتێکدا کە دەنگی (وێ)ی لێك دراویان بـە دوادا دێت وەک :

کوێ ، کوێر ، کوێخا — بۆ (ك)
گوێ ، گوێز ، گوێرەکە — بۆ (گ)

بەڵام وەک وتم ئەم (ظاهرە - رووداو) یەکی دەگمەنە و ئاشکرایە و سارگەی دەگمەکەی تێدا دەگوزەرێت و لە زمانی فارسێشدا ئەم دوو دەگمە بەم جۆرە بەرەنگاری بزوێن دێن ، بەڵام بە شێوەیەکی تر دەگوزەرێن .

لە دەنگی سازگەی مەڵاشتودا دەبینرێ کە وێنەی تایبەتی بۆ (چ) لە وێنەی (ج) سازکراوە بۆ ئاڤستا هـــەر وەک (چ)ی عەرەبی کە ئێستە لە (ج) سازکراوە .

لە دەنگی سازگەی دان دیـسان بەرەنگاری دوو دەنگی تایبەتی

دێین کە یەکەمیان لە دەنگی (ت) کەوتۆتەوە، بەڵام ئەم وەك (ط)ی عەرەبی وایە، بە وێنە و سازگە جودا دەکرێتەوە لە ئەلف وبێی ئاڤستادا. یەکەمیان کە (ت) یە وشکە و ستوك وەك (ت)ی (تۆز). (تەون) و لە بەینی سەری زمان وبن دانی سەرەوە (گۆ) دەکرێت، ئەویتریان بڵە و لە کاتێکدا کە سەری زمان بە بن زمانەوە دەتوسێت لە دواوە بەڵاو دەبێتەوە و (گۆ) دەکرێت وەك (طوری)[19] لە شێوەی کوردی سەرۆدا.

دۆهەمیان لە دەنگی (د) دەکەوێتەوە و بە وێنە و دەنگەوە لە ئەلف وبێی ئاڤستادا ئاشکرا دەکرێت، یەکەمیان هەر وەك (د)ی عەرەبی وایە وەك لە وشەی (دەم) و (دان)ی کوردی. دۆهەمیان دەکەوێتە دوای کەرت یا وشە و بە نەرمی دە توێتەوە لە بەینی هەردۆ پۆکدا وەك لە وشەی (صەذ) و (بەذ) کە دیسان شێوەی لە (د) بۆ سازکراوە، وەك (ذ)ی عەردبی لە (د). ئەم دۆ دەنگەش زۆر ئاشکران لە کوردیدا، (ط) لە شێوەی کوردی سەرۆ بە زۆری و (ذ) لە شێوەی هەورامی بە زۆری و هەروەها هەن لە کوردی ناوەڕاستدا بەگشتی.

هەر لەم سازگەیەدا دەنگێکی تری ئاڤستایی لە کوردیدا پارێزراوە کە لە فارسی کۆندا هەبووە و نەماوە وێستە لە شێوەی

(۱۹) طوری ـ ڕێوی.

هەورامێدا[٢٠] زۆر بە ئاشکرایی و زۆری دیارە ئەوێش دەنگی (ث) یەکە وەك دەنگە عەرەبێەکەیە و شێوەی خۆی لە ئەلف وبێێ ئاڤستادا بۆ سازکراوە وەك لە وشەی (پەرت) کە ناوی پارتیەکانە .

لە سازگەی دەنگی لێودا ، لە وێنەی دەنگی (ب) وێنەی تایبەتی بۆ دەنگی (پ) ساز کراوە و بەم جۆرە هەمو دەنگە لێویەکان لە ئەلف و بێێ ئاڤستادا وێنەیان هەیە وەك کوردی ئێستە .

لە سازگەی دەنگی لوت چوار دەنگی جودا بە وێنەی سەربەخۆوە لەم ئەلف و بێیەدا هەن بۆ (نون) . یەکەم وەك نونی کوردی ئێستەیە لە هەمو شوێنێکی وشەدا . دوەهم دەکەوێتە دوای ئەلف و (هـ)ی بە دوادا دێت وەك لە وشەی (A'nhat.) کە نزیکە لە دەنگی (نگ) لە وشەی (هەنگ) لە کوردیدا .

نونی سێیەم لە هەمو شوێنێکی وشەدا دێت کە بزوێنێکی بە دوادا دێت دەنگێکی تایبەتی دەداتێیاخۆ لە دوای دەنگێکی ئاوازەوە . نونی چوارهەم نونێکی زۆر تایبەتییە زۆر لە (نگ)ی کوردی دەچێت ، ئەم نونەش هەمیشە بە دوای بزوێنێکدا دێت وئاوازەیەکی لە دواوە دێت وەك لە وشەی (هەنگا و . مانگ)دا .

بەمەدا دەردەکەوێت کە کوردی ئێستە زۆر لەسەر دەستوری

(٢٠) D. N. Mackenzie, The Dialect of Awraman, P. 8.

زمانی ئاڤستا ماوەتەوە لە بارەی دەنگە لۆتیەکانەوە و ئێستەش ئەو (ئونانە)ی ئاڤستا هەر وەك خۆیان لە کوردیدا پارێزراون لە کاتێکدا کە فارسی هەر یەك شێوەی ئەم دەنگەی هەیە[٢١] و هەر لە فارسی کۆنیشدا یەك دەنگ بووە کە بەڵگەیە بۆ ئەوەی فارسی لە ئاڤستا نەکەوتۆتەوە و پاشماوەی زمانی ئاڤستا نییە[٢٢]. دەنگی (م) لەم سازگەیەدا وەك دەنگی (م)ی ئێستەیە ، یەك شێوە و یەك دەنگە .

دەنگی Sifflantes - Fricative « الصوامت الاحتكاكية » :

ئەم دەنگانە سازگەی تایبەتی سەربەخۆیان نییە چونکە لە کاتێکدا پەیدا دەبن کە بۆریەی هەوا لە هەناسەدانداد دێتەوە یەك و لە و شۆینەی تەواو تەسك دەبێتەوە یەکێك لەم دەنگانە گۆ دەکرێت[٢٣] . لەم دەنگانە ئەلف و بێی ئاڤستا پێنج دەنگی بە وێنەوە تێدایە (س) کە هەر وەك کوردی ئێستەیە ، هەروەها (ش) . بەڵام ئەوی جێی سەرنجە کە (ص)ی عەرەبی تێدایە وەك لە وشەی (صەگ) (صەد) دایە کە تا ئێستە لە کوردیدا هەرچەند زۆر ئاشکرایە دانی پێدا

(٢١) د . محمد جواد مشکور ، دستورنامه در صرف ونحو زبان پارسی ، ل . ٤

(٢٢) Ronald Kent , old Persian . P , 18

(٢٣) د . محمود السعران ، علم اللغة ، ل ١٨٨ .

نەنراوە و نەسەلێنراوە. بۆنی ئەم دەنگە لە ئاڤستادا دیسان بەڵگەیەکە بۆ دەرخستنی پەیوەندی ئاڤستا لەگەڵ کوردی لە لایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە بۆ چەسپاندنی دەنگی (ص) لە فۆنەتیکی کوردیدا[٢٤]. دەنگی (ز) وەک دەنگی (ز)ی کوردییە هەروەها وێنەی تایبەتی لێ سازکراوە بۆ دەنگی (ژ) کە دیسان لە زمانی کوردیدا ماوە.

دەنگی Aspiree - Aspirate « انفجاری مهموس » : ئەم دەنگانە لەکاتێکدا پەیدا دەبن کە هەوا لەگەروَدا گێرێت و لەپڕ بەربێت وەک دەنگی هەمزە لە عەرەبیدا کە گەروَ دەگێرێت و لەپڕ، لەبنی قوژگەوە بەر دەبێت و دەنگی (هـ) کە تۆزێک لە خواروَترەوە بەر دەبێت. لە ئاڤستادا دیارە وەک کوردی ئێستە دەنگی (هەمزە) هەر وەک ئەلفی سەرەتا درێژ یاکورت بووە، و هەر لە سەرەتای وشەدا بێتراوە، لەبەر ئەوە وێنەی تایبەتی نە بووە، وەک دەنگێکی ئاوازە هەر بزوێنەکە کە پێش وشە کەوتووە دەنگی وەک (هەمزە) گۆ کراوە وەک کوردی ئێستە بەڵام لە ئەلف و بێی کوردی ئێستە کە لە عەرەبییەوە وەگیراوە وێنەی هەمزەش بەکار هاتووە بە شێوەیەکی سازکراو و خراوەتە سەر کورسییەک چونکە بە پیتی ترەوە نانوسێنرێت و بە تەنهاش دەشێ بکەوێت یا لە وشەکە دوَر کەوێتەوە لەبەر ئەوە وا بە باش زانراوە بخرێتە سەر کورسی و

(٢٤) De Harzel, La Langue De L'avesta P. 5.

بە پیتەکەی دواییەوە بنوسێنرێت .

لە ئەلف و بێی ئاڤستادا لەم دەنگانە تەنها (هـ) وێنەی هەیە سەربەخۆ .

دەنگی نیو بزوێن Semi Vowel :

ئەم دەنگانە لە زمانە هندو ئەوروپاییەکانی ئێستەدا بەم ناوەوە ناسراون بەڵام بە گوێرەی زمانەکە زمارەیان پتر یا کەمتر دەبێت . لە ئەلف و بێی ئاڤستادا چوار دەنگی نیو بزوێن هەن کە دوانیان ئێستە لە هەمۆ زمانە ئەوروپاییەکاندا ناونراون ، (ی ـ y) و (و ـ w) و لە کوردیشدا هەر هەن ، دوانەکەی تر کە (ڤ ـ v) و (ر ـ r) لە هەندێك لە زمانە هندو ئەوروپاییەکاندا بە نیو بزوێن دادەنرێن و لە هەندێکدا هەر بە ئاوازەی ساغ . لە راستیدا ئەم دۆ دەنگە بە ئاسانی بەکار دێن بێ ئەوەی پێویستیان بە بزوێن هەبێ بۆ یارمەتی لە گۆکردندا و سروشتی دەنگی بزوێن دەردەخەن لەم لایەنەوە وەك لەم وشانەدا ئاشکرایە : بەرکە ، دۆ ، رزگار ، رست ، رم ، ڤنگە ، تاڤگە ، سڤك . کەوابۆ دەتوانین بڵێین کە ئەم دۆ دەنگە هەر وەك لە ئاڤستادا بە نیو بزوێن دانراون وەك نیو بزوێن بەکار هاتوون ئێستە لە کوردیدا هەر ئەو سروشتەیان هەیە و هەر بە نیو بزوێن دادەنرێن ، ئەمەش بەڵگەیەکی تڕە کە زمانی کوردی لە زمانی ئاڤستا نزیك دەخاتەوە .

هەندێ (گرۆ)ی دەنگی هەن لە زماندا ، واتە چەند دەنگێکی (ئاوازە ـ Consonant) کە بە یەکەوە گرۆ دەکرێن بێ ئەوەی بزوێنێکی ئاشکرا بکەوێتە ناویان ، ئەم جۆرە رووداوە دەنگیە پێی دەڵێن گرۆ (Cluster) لە ئاڤستادا ئەمە زۆر ئاشکرایە بە تایبەتی لەم دەنگانەدا (چڤ ـ cv) و (زڤ ـ sv) و (زب ـ sb) . لە کوردیشدا ئەمە بەدی دەکرێت وەك لەم دەنگانەدا : (ست ـ st) وەك لە وشەی مەست ، پەست . هەســـت . و (شك - SH) وەك وشك ، مشك ، پشك ، کشك . هـەر وەها لە (سك ـ sk) وەك بروسك ، نیسك ، گیسك و گەلێکی تر .

بە بەراورد کردنی ئەم دەنگە (ئاواز ـ Consonant) نەدا ئاشکرایە کە زمانی کوردی تەواو نزیك دەبێتەوە لە زمانی ئاڤستا و مێژوو و تەتەوراتی زمان وا ئاشکرا دەکا کە ئەم زمانە کوردیەی ئەمڕۆ پاشماوە و نەوەی زمانی ئاڤستایە .

بەشی دوهم . بەراوردی بزوێنەکان

بەشی دووەم بەراوردی دەنگە بزوێنەکان :

چواردە دەنگی بزوێن لە ئاڤستادا ئاشکرا کراون و وێنەیان بۆ سازکراوە لە ئەلف وبێدا . ئەم بزوێنانەش کراون بەسێ بەشەوە : ١ ـ شەشی کورت ، ٢ ـ پینجی درێژ ، ٣ ـ ســیانی

کراوە بەم جۆرەی لە ژیرەوە دەیان خەینە پێش‌چاو .

١ــ دەنگی بزوێنی کورت SHORT VOWELS .

ﻠﻠ = a = ـَـ = ـە وەك مەڕ ، دەم ، سەر ، ڕبە .

ﻟ = i = ـِـ = ی وەك نیسك ، تیسك ، پڕیشك .

ﻟ = u = و = و وەك کورد ، گورگ ، قوڕ .

ﻉ = e = ـــ = ئەم دەنگە بزوێنە لە کوردیدا وێنەی نییە هەروەها لە عەرەبێدا ، هەرچەند لە زمانە سامیەکاندا ، عیبرانی وئارامی هەیە لە شێوەی خاڵێکدا کە دەخرێنە ژێر تیپەکە بۆ ئەوەی بزانرێت کە دەنگەکە دەنگێکی زۆر کورتی ژێرە . دیارە لە ئاڤستادا زۆر هەستی پێ کراوە وزۆ وێنەی بۆ سازکراوە . ئەم دەنگە مەیلەو ژێرە کورتە لە کوردی ئێستەش زۆر هەستی پێ دەکرێ ، بە تایبەتی لە وشەی یەك بڕگە[٢٥] و پێ‌ویستی بە وێنە هەیە یا لە وێنەی (e) یا (i) دەبێ وێنەی بۆ سازکریت ، بەڵام تائێستە بۆی نەکراوە لە ئەلف وبێی عەرەبی سازکراودا . لە لاتیندا لە (i) بۆی کراوە بێ خاڵ .

---

(٢٥) وەك دڵ ، مل ، بل ، گڵ ، زل ، تف ، مس ، دڕ ، کڕ .

DI'L . MIL . PIL . GI'L . ZIL . KIL
TIF . MIs . DIR . KIR .

ﻱ = é = ێ = ئـــەم دەنگە دەنگی (ێ) کراوەی درێژ نییەکە لە ئەلف وێی ئێستەی کوردیدا وێنەی هەیە ، بەڵکو دەنگێکی لەو کورتترە ، بەڵام هـــەر لەو ئاوازەیە وەک دەبینرێت لەم وشـانەدا : پێســت ، پێش ، ئێش ، گێل کە کورتترە دیارە لە دەنگی (ێ) کراوە لەم وشانەدا : پێرێ ، شێر ، تێر ، شـێت ،

ﻭ = O = وکە لە (ۆ)ی کراوە کورتترە بەڵام هەر لەو ئاوازەیە وەک لەم وشانەدا دەردەکەوێت : کۆڵ ، دۆڵ ، گۆشت کە ئاشکرایە لە دەنـگی (ۆ) کراوە کورتترە لەم وشانەدا : دۆ ، رۆن ، شۆراو ، خۆڵاو .

ئەم سێ دەنـگەی دوایی کە باسمـان کردن وێنـەیان لە ئەلف وبێی سازکراوی ئێستەی کوردیدا نییە ، بەڵام وەک دەرکەوت دەنگیان ئاشکرایە . هەر چەند پێویست نییە وێنەیان بۆ ســـازکرێت تازە . بەڵام پێویستە نیشان کرێن بۆ مەبەستی بەراورد کردنی دەنـگ لەگەڵ دەنـگی زمانی ئاڤستا چونـکە وا دیارە کە کوردی هیچ لاتی نەداوە لە دەستوری دەنـگدا لە ئاڤستا و هەمو دەنـگە بزوێنـە کورتەکانی پاراستووە تەنها هەندێـکیان وێنەیان بۆ سازنەکراوە .

٢— دەنـگی بزوێنی درێژ Long - Vowels .

ﺍ = â = آ = ا = وەک دار ، یار ، ساوا .

ﻱ = î = ي = بی — وەک بیر . شیر . میر

و = û = ُو = وَ = وەك تور . پور . شوتی

ی = ê = ي = ێ = وەك شێت . تێر .. کێچ .

ع = ô = ۆ — ۆ = وەك . شۆراو . دۆشاو .

۳— دەنگی بزوێنی (کراوە) کە بە تەواوی لە ئاڤستادا ئاشکران

ا = á = وەك ئەلفێکی نوشتاوە کە لە فارسیدا لە وشەی مَن — من دا لە دەم فارسێکەوە دیارە لە هەندێ شێوەی کوردیدا بە دێ دەکرێ .

ە = è = وەك (ێ) کوردی وایە و زۆر نزیکە لە دەنگی ê لە بزوێنی درێژدا باسمان کرد .

ۆ = = ۆ = وەك (ۆ) کراوەی درێژی پێشووە بەڵام دەکەوێتە دوای وشە[٢٦] بە زۆری وەك خاڵۆ ، هەڵۆ ، زاروٚ کە هەندێك درێژترە لە (ۆ)ی کراوەی ناو وشە .

ئەم سی دەنگەش لە کوردیدا هەرچەند دیارە دەبیترێن ، بەڵام وێنەی سەربەخۆیان بۆ ساز نەکراوە ، جونکە بە بزوێنی درێژ شوێنیان پڕ کراوەتەوە .

(٢٦) Da Harzel, La Langue De L'avesta, P. 5

دەنگی بزوێنی لیك دراو D'PHTHONGS

ئەم دەنگانە لە دوو دەنگی بزوێن پێك دێت بە مەرجێك بە دوای یەکدا گۆ بکرێن بێ پشو . لە ئافستادا حەوت دەنگی بزوێنی لێك دراو هەن کە هەندێکیان هەر وەك خۆیان ماون لە کوردیدا و هەندێکیان گۆڕدراوە ، یاخود نییە و بزوێنی تری وا هەیە لە کوردیدا کە لەئافستادا بەدی نەکراوە .

بزوێنە لێك دراوەکانی ئافستا .

ai	=	ای وەك پایز . Pâiz . بایز Bâiz	
ói	=	وی وەك لە وشەی نوێی خوێی کوردی	
		Nói Xôi	
aé	=	وەك لە کوردیدا لە باتی هەیە بڵێی هەیێ .	
		Haê	
âu	=	وەك لە وشەی چاوگە لە کوردیدا .	
		Çàuga	
ao	=	وەك وشەی حەوت . H.aot	
êu	=	وەك لە وشەی خیوی Xêuê	
êê	=	وەك لە وشەی کێێ Kêê دێێ Dêê[٢٧]	

DE. HARZEL,
LA LANGUE DE L' AVESTA, P. 7. (٢٧)

لە کوردیدا دەنگێکی تری لێك دراو هەیە کە (ai)ە وەك لە وشەی (کەین) ، (هەین) دا ، لە ئاڤستادا پاس نەکراوە هەر وەها دەنگی (oê) وەك لە وشـە گوێ ـ Goê و خـوێ ـ Xoê کە زۆر لە کوردیدا هەڵ دەکەوێت .

لە راسـتیدا هەموو دەنـگە بزوینە لێك دراوەکانی ئاڤسـتا لە کوردیدا هەن ، ئەشێ هەموویان پێکەوە لە یەك شێوەدا نەمابن بەڵام هەر شێوەیە چەند دەنـگێکی تێدا ماوەتەوە و هەندێکیش گۆڕاوە بە هۆی تێـکەڵ بوونی زمانەکە لەگەڵ زمانانی تر ، و ماوەی زەمان ، چونـکە دەنـگی بزوێن وەك وتمان شلۆك و بێ سازگەیە و کورت کردنەوەی یا درێژ کردنەوەی یا خاو کردنی . . . زۆر ئاسـانە و ڕوو دەدا . لەبەر ئەوە دەنـگی بزوێن لە هەموو زمانێکدا دەگۆڕدرێت بێ ئەوە کار لە تایبەتیـەتی زمانەکە بکات بەڵـکو تەنهـا بە ڕوو داوێکی ناوچەیی شێوە دادەنرێت .

بەم بەراورد کردنی دەنـگەدا لە بەینی ئەلف و بێی ئاڤستا و کوردیی کە وێنـەی دەنـگە ، بۆمان ئاشکرا دەبی کە زمانی کوردیی ڕێچکەی ڕەسەنی لە ڕوی زمانەوە بێ کۆسپ دەچێتەوە سەر زمانی ئاڤستا کە ئەمەش دەبێت بە هۆی ڕاست کردنەوەی میژوو و سـاغ کردنەوەی ڕەسەنی زمانی کوردی کە دەبێت بە بەڵـگە بۆ ئەوەی کە زمانی کـوردی پیش زمانی فارسی بە نمونەی توسراوەوە هـاتۆتە میژۆوە و لـکێکی زمانی فارسی نییـە و لە و نەکەوتۆتەوە بەڵـکو

زمانیکی تایبەتی و سەربەخۆیە و میژوی بێ بچری لە ئاڤستاوە کە ٦٠٠ ب ز تا ئەمڕۆ ڕۆن و ڕەوانە و زمانێکی ئێرانی ڕۆژ ئاوایی سەرۆ و نەك خوارۆ ، وەك فارسی .

شوێنی زمانی کوردی لە ناو خێزانی گەورەی

زمانە هندو ئەوروپاییەکان .

خێزانی گەورەی زمانە هندو ئەوروپاییەکان دەکرێت بە دۆ شابەشەوە .

أ ـ بەشی ڕۆژ هەڵات . یا (هندو ئێرانی ـ آری) کە میژوی نەتەوەکانی گۆڕان پی کردۆن لە ٢٠٠٠ سـاڵەوە دەست پێ دەکات تائەمڕۆ ئەم بەشەش لە ناو خۆیدا دەکرێت بە دۆ بەشی تر ەوە .

١ ـ هندی کە بە نمۆنەی نۆســـراوەوە هاتۆتە میژۆ وە وە لە سەدەی چوار دەهەمی بێش زاینەوە تا ئێستە پاش ماوەی زندۆی ماوە کۆنترین نۆسراوی ئەم زمانانە ســـانسکریتی کۆنە کە لە کۆمەڵێك کتێبی ئاینیدا پارێزراوە ئەم کتێبانە ناویان Vedas ە ولە شـێوەی بیروباوەڕ و مادەدا لەگەڵ (ئاڤستا) زۆر لەیەك دەچن تـا رادەیەك کە بەشیك لە میان بخرێتە ســەر ئەوی تریان هەستی بە زانا نەبێت پێی ناکرێت . ئەم کومەڵە کتێبە چوار بەشـــە کۆنترین بەش کە Rig - veda یە لە ١٤٠٠ پ ز نۆسراوە .

بە ماوەی زەمان ئەم زمانە کۆن بووە و لە بیر چۆتەوە شێوەی

ناوچه یی هاتۆته ئارا و سانسکریتی کۆن هەر له کتێبه ئایینیەکاندا ماوەتەوه . بەڵام بۆ پاراستنی ئاینەکه زانا هندیه کان بزیاریان داوه دەستوری رێی زمانی ئەو تۆسینانه کۆ بکەنەوه وبینۆسنەوه و له ئەنجامدا (پانینی) که ناو بانگی به (باوکی زانستی زمان) دەرکردووه ئێستە له ناو زانایانی زمانی ئەوروپادا له سەدەی چوارەمی بێش زایندا کتێبێکی به ناو (Ashtadhyayi) داناوه بۆ رۆن کردنەوەی سانسکریتی کۆن ودانانی دەستوری رێی زمانەکەی وبەم هۆیەوه شێوەیەکی تازه و زندوکراوەی سانسکریتی پەیدا بۆ که ناونرا سانسکریتی کلاسیکی[۲۷] .

سانسکریتی کلاسیکی بۆ به زمانی ئەدەب وتۆسینی بەرزی هندستان هەتا وەکو سالی ۱۸۳۵ ، دوای ئەوه گەلیك شیوەی ناوچەیی هاتنه کار

وزمانی ئینگلیزی بۆ به زمانی ئەدەب وزانست وخوێندنی گشتی بەڵام سانسکریتی هندی هەر مایەوه له شێوەی زاری ناوچەییی وئایندا ، لەم زارانەدا ۱ـ هندستانی که دۆ شێوەی هەیه هندی و ئوردۆ . ۲ـ پالی . ۳ـ بەنغالی . ٤ـ مارائی . ٥ـ پەنجابی ٦ـ کوجەراتی .[۲۸]

د. احمد مختار عمر

(۲۷) البحث اللغوی عند الهنود . ل ۳٤

(۲۸) W. B. Lookwood , Indo - European Philology P . 35 .

٢ ـ بەشی ئێرانی یا ئاری . ئەم کومەڵە نەتەوەیە لە ژێر ناوی ئاریـــدا یەکەم جار لە میژوودا لە دەوری ١٨٠٠ ـــ ١٥٠٠ ب ز . دا ناسراون ، کۆنترین پاشماوەی زمانەکانیان ئەو نەقشە میخیانەیە کە لە میتانیەکان بەجێ ماوە ومیژوی ١٥٠٠ ب ز ئـــەم میتانیانەش لە سەروی ولاتی میزوپوتامیا ژیاون کە کوردستانی ئێستە یە[٢٨]

لە دوای میتانیەکان ، میدیەکان لە ٨٠٠ ب ز نەوە لە ناوچەی کوردستانی ئیستە دا ناسراون ، دیـان پاشماوەی تۆسراویان نییە چەند ناوێك نەبێت کە ئەویش ناوی شاکانە و بە خەتی میخی تۆسراوە و رێچکەی ئێرانی ونزیك لە کوردی پێشان دەدات ، بەڵام هەر لە کاتی میدیەکاندا واتە لە ٦٠٠ ب ز دا ئاڤستای پیرۆز و ئاینی زەردەشـتی پەیدا بووە و (ئاڤستا) کە ئاشکرایە بە زمانێکی ئێرانی رۆژ ئاواییە ســەردەتاکەی . بریتیە لە سرودەکانی زەردەشت خۆی و لە ناوچەی میدیادا پەیدا بووە دیارە ئەو زمانەش زمانی میدیە کە پێی تۆسراوە چونکە عەقل پەســندی ناکات بە زمانێکی تری غەیری میـــدی

(٢٨) بەو لیستەیەی کە ناوی شـاکانی میتانیەکانی تێدایە و بە خەتی میخی تۆسراوە دیارە کە زمانی میتـانی زمانێکی ئاری و نزیك زمانی کوردی بۆوە بۆ تۆنە ئەم ناوانە دەخەمە پێش چاو .

پراسستار = پارێزدار سفارداتا = سەر داد = خودا داد

ساتفان = پاشگرەکەی ئاشکرایە وەك کوردی و فارسیە و سات ـ بەهێز و (آن) کە پاشکرە بۆ پێشە بەکار دێ وەك پاسەوان . شوان . ئاوان .

تۆسرابێت لەکاتێکدا کە ئاینەکەی و پەیامبەری ئاینەکەی لە میدیا پەیدا بۆبیت .

کەوابۆ ، وەك دیارە ئەم نەتەوە (ئاریانە) کە لە ئۆستادا بەم ناوەوە ناسراون وولاتەکەیان بە (ناوی ئاریاوبجا) ناو براوە لە سەدەی شەشەمی پیش زاینەوە بە نمۆنەی نوسراوەوە ە وەك زمانێکی سەربەخۆ هاتۆنە میژووەوە و لە زمانی مادەکاندا کە لەنامەی پیروزی ئاڤستادا ماوەتەوە پاریزراوە تا ئێستە .

ئاڤستا وەك دوای بە وردی لیی دەدوێین دۆ بەشە بەشیکی کۆن کە ناوی (گاتەها)یە و سرودەکانی زەردەشتە بێ گومان روژ ئاواییەکە کوردێ وەك بۆمان ئاشکرا دەبێ باشماوەی نوێیەتی . بەشی دوهەمی کە بە تازەتر واتە لە دوای بەشی یەکەمەوە نوسراوە بە شێوەیەکی روژ هەلاتی دەزانریت کە دەشی لە ئەنجامدا بەشێکی قاری لێ کەوتبێتەوە .

لە دوای ئاڤستاوە زمانە (ئیراتیەکان — ئاری) ئیتر دەبن بە سێ بەش ۱ ـ بەشی روژ هەلات کە دیسان سێ شیوەی لێ ناسراوە ۱ ـ سغدی ۲ ـ اوسێتی ۳ ـ خوتانیسی[۲۹] .

۲ـ بەشی خواروی روژ ئاوا کە ئەمیش لە سەدەی پینج هەمی پیش زاینەوە بە خەتی میخی نمۆنەی نوسراوی لە نەخشەکانی هاخامەنشیەکاندا پاریزراوە و بە کۆنترین باشماوەی فارستی ئێستە

(۲۹) W. B. Lookueood, Indo-European, P. 36

دەزانرێت . فارسیی کۆن فارسێ ناوەندی کە بە پەهلەوی ساسانی ناسراوە لێ پەیدا بووە و پەهلەوی ساسانی فارسێ ئێستەی لێ پەیدا بووە . ٢ ـ بەشی سەروی رۆژ ئاوا کە لە شێوەی ئەشکانیدا بە (ساسانی ئەشکانی) ناسراوە و میژوی لە سەدەی سێیەمی پێش زاینەوە ناسراوە ، کوردیی ئێستە و پشتو باشماوەی نوێی ئەمرۆی ئەم بەشەن .

ئەمە لە بارەی زمانەکانی بەشی رۆژ هەلاتی خێزانی هندو ئەوروپی . بەشی رۆژ ئاوای زمانەکانی ئەم خێزانە بەم شێوەیەی خوارەوە ناسراون .

١ـ زمانی تەراکی و فریجی Traco - Phrygian ، نەتەوەکانی ئەم کۆمەڵە زمانە لە رۆژ هەلاتی بەڵقاندا ژیاون ، و سێ زمانی سەربەخۆیان پەیدا کردووە ١ ـ تەراکی ٢ ـ فریجی . ٣ ـ ئەرمەنی . تەنها زمانی ئەرمەنی ئێستە زندووە و لە ٦٠٠ پ زاینەوە ناسراوە تا ئێستە .

٢ـ ئیلیری Illyrian زمانی نەتەوەکانی رۆژ ئاوای بەڵقانە کە لە ٧٠٠ ب زاینەوە ناسراون بەم ناوەوە ، تا ١٠٠ ب ز . ئنجا زمانە لاتینیەکان هاتونەتە شوێنیان و تەنها لە شێوەی ئەلبانیدا ئێستە نمونەیان ماوە .

٣ـ ڤینسی ـ Venetic ئەم زمانە سەربەخۆیە زمانی ناوچەی ڤینیسیا بووە لە ئیتالیا و لە ٦٠٠ ب ز هەتا ١٠٠ ب ز ناسراوە وزندو

بۆوە ، دوای ئەو میژووە ئیتر زمانی ئیتالی شوێنی گرتووە .

٤ـ تۆخاری Tocharian ئەم زمانە مردووە بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییەدا هەندێك باشماوەی تۆسراوی دۆزرایەوە لە تورکستانی چینی کە دەرکەوت زمانێکی هندو ئەوروپییە و فەوتاوە ، ئێستە تورکانی ـ ویغور شوێنی گرتووە .

٥ـ ئانادۆلی ـ Anatolian ئەم زمانە هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم نە دۆزرابۆوە ، لە ساڵی ١٩٠٦ دا نزیکەی ١٠٫٠٠٠ لەوحەی مێخی لە (بوغازی‌کۆی) لە تورکیا دۆزرایەوە کە بە تەواوی پاش خوێندنەوەیان دەرکەوت زمانێکی هندو ئەوروپییە و زمانی حیتییەکانە کە هاو میژو بۆن لەگەڵ میتانیەکانی سەروێ وڵاتی میزوپۆتامیا و هاو رەسەن بۆن .

٦ـ هێلێنی ـ Hellenic زمانی ئەغریقیەکانی یۆنانی کۆنە ، ئێستە یۆنانی بە هەمۆ شێوەکانیەوە باشماوەیەتی . زمانی هیلینی سەردەمێك لە هەمۆ ناوچەی رۆژ هەڵاتی ناوەراستدا زمانی دەوڵەت و زانستی بۆ هەر وەها ئاینی مەسیحي ، لە سەدەکانی ناوەراستدا ناوی هیلینی نەما و زمانەکە ناونرا یونانی بیزەنتی . یونانی تازە لە سەدەی دەیەمەوە ناسراوە . ئەم زمانە لە کۆندا خاوەندی سامانێکی ئەدەبی بەرز بۆ و لە سەدەی هەشتەمی پ ز بە شعرەکانی هومیروسەوە هاتۆتە مەیدانی ئەدەبی بەرز . هەروەها خاوەندی میژوێیەکی بێ بچرە

لە و رۆژەوە و نرخێکی زۆر گرنگی هەیە لەلایەن زانستی زمانەوە چونکە میژوی بە سەرهاتی رۆنە .

۷ـ ئیتالی ـ Italic کە زمانی دانیشتوانی ولاتی ئیتالیا یە لە پێشدا لە دو شێوەی ناسراو پەیدا دەبو : ۱ـ لاتینی Latin ۲ـ فالیسکی Faliscan کە هەردوکیان بە یەکەوە بە ناوی ئیتالی ناو دەبران . لە دواییدا (لاتینی) پەرەی سەند و لە دەوری داهاتنی ئاینی مەسیحی بو بە زمانی دنیای ئەو رۆژە هەتا لە سەدەکانی ناوەراستدا (القرون الوسطی) بو بە زمانی گشت زانست وزانستگاکانی ئەوروپا . نەوەی نوێی لاتینی ئەمرۆ چەند زمانێکی سەربەخۆ وتایبەتیین : ۱ـ ئیتالی کە لە سەدەی دەیەمی زاینەوە بووە بە زمانێکی بەرزی ئەدەبێکی دەولەمەند وبە نرخ . ۲ـ ئسپانی لە سەدەی یانزە هەمەوە بە نوسراوی ئەدەبیەوە ناسراوە . ۳ـ فەرەنسزی لە سەدەی نۆهەمەوە ٤ـ رومانی لە سەدەی شانزە هەمەە . وهەندی زمانی تری بچوك .

۸ـ کەلتی Celtic ، ئەم کۆمەلە زمانە هندو ئەوروپییە لە سەدەی پێنجەمی پێش زاینەوە لە ناوەراستی ئەوروپادا ناسراوە . بەلام هیچ پاشماوەیەکی ئەوتۆی نوسراویان بە دەستەوە نییە . کۆنترین نوسراوی ئەم کۆمەلە هی زمانی (Gaul ـ غالیە) کانە کە وەك وتمان هی سەدەی پینجەمە ، بەو نوسراوانەدا دەر دەکەویت کە ئەم زمانە زۆر نزیك بووە لە زمانی بەریتانیەکانی دانشتوانی بەریتانیای

ئەوسا ، پاشماوەی زمانی بەریتانی ئێستە لە زمانی ویلشی ناوچەی ویلزدا ماوە ، زمانێکی تری کەلتی ئێستە لە ئیرلندە زندووە ، هەر وەها زمانی سکوتلندەییەکان زمانێکی کەلتیە . کۆمەڵی زمانی کەلتی هەر چەند ئێستە وەك زمانی زندوَ ئەو نرخەیان نەماوە ، بەلام لە لایەن دراساتی زمان و بەراورد کردنی زمانانان زۆر بە نرخن چونکە لە سنوریکی تەسکی کۆندا ماونەتەوە وگەلێك رەگ وڕیشەی زمانە هندو ئەوروپاییە کانیان پاراستووَە کە ئێستە لە زمانە زندووَە بێش کەوتو و گۆڕدراوە کاندا نەماون و دوَر و نزیکیان لە گەڵ یەکتری ئاشکرا نابێت بە شیۆە یەکی زانستی ئەگەر ئەو رەگ وریشەیە ساغ نەبنەوە ونە دۆزرێنەوە .

٩ ـ جەرمانی ـ Germanic .نە ژادی جەرمانی لە میژوَدا باش ناسراون ، بەڵام زمانە جەرمانیەکان تا سەدەکانی ناوەراست تەواو نەناسرابوون . تەنها زمانی Gothic نەبی کە بەشیکی تەوراتی پی توَسرابۆوە . ئەم گوتانە دیارە لە سەدەی یەکەمی زاینیەوە لە ئەسکندناڤیاوە بەرەوخوار بوَنەوە ولە ناوەراستی ئەوروپادا جێ نشین بوَن ، زمانەکانی ئێستەی ئەسکندناڤیا باشماوەی (گۆثین) کە لە خیزانی زمانی هندو ئەوروپی بە جەرمانی سەروَ ناوَ دەبرین . ئەم ناوە لە سەدەی نۆهەمەوە نراوە لەم خێزانە . لە خواروَی بەحری بەڵتیکدا بەشێکی تری ئەم کومەڵە زمانە هەیە کە زمانی ئەڵمانی ئێستە یەکێکیانە ، زمانی ئەڵمانی بە نمونەی توسراوەوە لە سەدەی

هەشتەمەوە لە ئارادایە . هەر وەها زمانی ئینگلیزی ئێستە بە زمانێکی جەرمانی دا دەنرێت ولەبەشی رۆژ ئاوای زمانە جەرمانیەکانە . ئەم زمانە لە سەدەی پینجەمەوە کەوتۆتە بەریتانیا ولە گەڵ زمانەکانی ناوچەیی پیکەوە لە سەدەی حەوتەمەوە بە ناوی (ئەنگلو ـ ساکسون Anglo _ Saxon) لە میژوودا ناسراون ونمونەی بەرزی ئەدەبیان لێ بەجی ماوە وتا ئێستە ئەم زمانە لە بەرزی وپەرە سەندندایە بێ کۆسپ وهەرچی زانستی ئینسان هەیە پیی نوسراوە و دەنوسرێت .

۱۰ــ سلاڤی ـ بەلتیکی Slavo - Baltie ئەم کۆمەڵەش دوو بەشە ، بەشی (بەڵتیکی) کە لە سێ زمان پەیدا دەبێت : ۱ ـ پروسی کۆن ۲ ـ لیتوانی ۳ ـ لاتیڤی ، یەکەمیان لە ۱۷۰۰ م فەوتاوە دووەم وسێیەمیان لە ۱۶۰۰ ز یەوە تائێستە بە ئەدەبێکی نوسراوەوە ناسراوە ئەم کۆمەڵە زمانە زۆر بە کۆنی ماوەتەوە وهیچ گیانیکی تازەی نەپۆشیوە . گەلێك لە بەر ئەوە بەنرخە بۆ لێ کۆڵینەوەی زمان . بەشی دووەمی ئەم کۆمەڵە (سلاڤی)یە وکۆنترین نوسراوی ئەم کۆمەڵە هی زمانی (بەلغاری) یە کە لەسەدەی نۆیەمەوەیە . خۆی کۆمەڵی سلاڤی لە ناو خۆیدا دەبێ بە سێ بەش ۱ ـ رۆژهەڵاتی کە روسی وئوکراینی گرنگتر زمانین ۲ ـ رۆژ ئاوای کە پۆلەندی و چیکی وسلوڤاکی . ۳ ـ خوارو کە سرب و کەرەواتی وبەلغاری زمانە ناسراوە کانیەتی .

بەم جۆرە ئاشکرا بۆ کە زمانی کوردی بە میژو ئەگەر ساغ بکرێتەوە

میتانی و حیثی لە بنە رەتدا نزیکیترن لە کوردی لە ناو زمانەکانی تری رۆژ هەڵاتدا ئـــەبی بە کۆنترین زمانی هندو ئەوروبی دابنرێت بە نمونەی نوسراوەوە. جونکە نەخشە میخیەکانی حیثیەکان و میتانیەکان کۆنترین نوسراوی هندو ئەورووپین، ناوچەی ژیانی ئەم دوو نەتەوەیە کوردستانی ئێستەیە بەڵگەی زمان وادەردەخات کە ناوەکانی میتانی و حیثی لە کۆمەڵەی ئیرانی رۆژئاوان.. میژوی لە مەو دوا زۆر تاریکی رون دەکاتەوە لە میژوی نەتەوەی کوردا تکا لە میژوناسەکان دەکەین ئەم بیرو باوەرەی دەخەمە پیش چاویان ولەلایەن زمانەوە خۆم دەی گرمە شان لایەنی میژوی بەوان دەسپیرم دریغی نەکەن، وکاریکی گرنگ و زۆر بەنرخە ئەگەر بتوانن لەم مەیدانەدا یارمەتی بدەن و ئەو شەوە زەنگەی بەسەر میژوی کۆن و زمانی کوردیدا کێشراوە رونی بکەنەوە بە بیری تیژ و چالاکی کردەوەیان.

ماویەتی

ـ ملخص المقال ـ

من اين نبدأ بوضع دستور لقواعد اللغة الكردية

العضو العامل : د. باكيزه رفيق حلمي

قلنا سابقا ان الالفباء التي كتبت بها الاقستا كانت قد استنبطت من الالفباء الارامية ، ولكن الايرانيين لم يستعملوها كما هي بل اجروا عليها الكثير من التغيير ، لان الفكر السامي يختلف من حيث نظره الى طبيعة الاصوات عن الفكر الايراني . فالساميون الاولون اهملوا اصوات الحركة في ابجدياتهم واهتموا فقط بالاصوات الصحيحة ذات المخارج الواضحة والقيم الثابتة . اما اصوات اللين والحركة فقد رأوا في تغيرها ولينها وعدم ثبات قيمها ووضوح مخارجها ما لا يمكن ان يعطيها صورا ثابتة تدرج من اجلها في الابجدية ، ولذلك اكتفوا اول الامر بالسليقة في القراءة والكتابة ولم يضعوا لها ما يمثلها في الكتابة من رموز ثم لما انتشر الاسلام واصبح على الاعجمي ان يقرأ القرآن ويحفظه ويتعلم العربية ادرك الناس حاجة الابجدية العربية الى وضع

علامات او رموز لاصوات اللين والحركة القصيرة والمد والتشديد والتسكين لايضاح القراءة وتسهيلها وهكذا امر الامام علي بن ابي طالب ابا الاسود الدؤلي بتنقيط الحروف اولا ثم وضعت الحركات وتم ذلك في حوالي القرن الاول للهجرة وسهلت بذلك قراءة القرآن على الشعوب غير العربية وحذا الساميون جميعا حذو العربية فاضافوا الى ابجدياتهم الحركات مما يدل على ان هذا النقص الذي استدرك كان واضحاً بالنسبة للفكر الاري ، وضوحا بينا بالنظر لطبيعة لغاتهم التي تختلف في طبيعتها عن اللغات السامية اذا ان بناء الكلمة في اللغات الهندواوروبية يعتمد على المقاطع التي تتكون عادة من صوت وحركة ولا تنفصل الاصوات لاخراجها في ذهن الارى عن الحركات التي تمدها و تسهل اخراجها . . حتى ان الابجدية الهندية و الاقستائية وضعت على اساس ان الحروف تختلف في صورها باختلاف حركاتها فالباء المفتوحة تكتب ومعها حركة الفتح والمكسورة ومعها حركه الكسر والمضمومة ومعها حركة الضم وهكذا في جميع الحروف .

وعندما استعار الاريون الابجدية الاراميه في القرن الثالث ق . م[1] اضافوا اليها اولا رموز الاصوات الصحيحة التى تنقصها من اصواتهم مثل (پ) (چ) و (ژ) و (ڤ) و (گ) وثلاث صور للنون مختلفه . ثم عمدوا الى اصوات اللين والحركة الطويلة المقفله والمفتوحه فاضافوا اليها ماهم بحاجة اليها ثم اوجدوا صورا لاصوات الحركة القصيرة المقفلة والمفتوحة ثم صورا لاصوات اللين المركبة

---

(١) R. Kent, Old Persian, P. 6.

وهكذا حتى اصبحت رموز اصوات الحركة في ابجدية الاڤستا اربع عشرة صورة لاصوات الحركة واربعة صور لانصاف اللين وسبعة صور لاصوات اللين المركبة حتى اصبحت اصوات اللين مقاربة للاصوات الصحيحة في العدد. وبذلك تم ايجاد ابجدية سميت بابجدية الاڤستا كتبت بها الاڤستا بوضوح.

وباجراء دراسة مقارنة بين هذه الابجدية والاصوات الموجودة الان في اللغة الكردية رأينا ان اللغة الكردية قد احتفظت على الرغم من مرور الاجيال وتعرضها لكثير من التطور والتغير بكل تلك الاصوات، في حين ان اللغة الفارسية ينقصها الكثير منها مما يدل على ان اللغه الفارسية ليست من مجموعة اللغات الايرانية الشمالية التى تنتمى اليها لغة الاڤستا وان اللغة الكردية تمثل التطور التاريخى للغة الاڤستا[٢].

وقد تبين لنا حتى الآن من هذه المقارنات بين الاصوات في لغة الاڤستا والاصوات في اللغة الكردية ان لغة الاڤستا تنتمي الى المجموعة الشمالية الغربية باصواتها كاللغة الكردية. واذا ثبت بعد الانتهاء من دراسة اللغتين من حيث الاشتقاق والتصريف والنحو انهما تنحوان النحو ذاته في جميع قواعد اللغة تأكد لدينا ان اللغة الكردية اقدم من اللغة الفارسية تدوينا واقرب الى لغة الاڤستا دستوراً وان تاريخ الكتابة والتدوين باللغة التي تنتمي اليها اللغة

---

(٢) راجع المقارنات بين الاصوات الاڤستيه والكردية في اصل البحث اذ لا يمكن اعادة ذكرها لصعوبة الطبع.

الكردية اقدم من تاريخ التدوين باللغة التي تنتمي اليها الفارسية بنحو ثلاثة قرون على الاقل .

ولتحديد الموقع اللغوي للغة الكردية بين اللغات الهندواوروبية والزمن التاريخي لوجود اقرب لغة هندواوروبيه الى اللغة الكردية الحديثة رأينا اضافة ملحق تفصيلي للغات التي تنتمي الى الاسرة الهندواوروبية ولا بأس من اعادة مجمله هنا . فالاسرة الهندواوروبية تتألف من مجموعتين من اللغات احداهما هي المجموعة الشرقية وتتألف بدورها من قسمين ١- اللغات الهندية واقدم تاريخ مدون لها ١٤٠٠ ق.م ٢- اللغات الاريانية واقدم اثر للشعوب الاريانية في التاريخ هو اثار الشعوب الميتانية والحيثية التي وجدت في المنطقة الواقعة في الشمال والشمال الغربي من بلاد (ميزوپوتاميا - العراق الحالي) في المنطقة المعروفة حاليا بكردستان واقدم تاريخها يقع بين ١٨٠٠ ق . م ١٥٠٠ ق . م . ومن الالواح المسمارية التي وجدت بهاتين اللغتين تبين ان اسماء الملوك المذكورة فيها اسماء تشبه الى حد كبير الاسماء الارية من حيث الصياغة والتركيب كما مثلنا لذلك في اصل البحث واذا ثبت ان لغة هذه الاقوام التي سكنت كردستان هي لغة ارية شمالية غربيه وهي بلا شك كذلك لسكناها في تلك المنطقة تأكد ان الاصول التاريخية للغة الكردية تعد اقدم اصول للغة ارية عرفت في تاريخ مجموعة اللغات الهندواوروبية . اي ان اللغة الارية الشمالية الغربية التي تنتمي اليها اللغة الكردية الحالية تعود الى ١٨٠٠ - ٢٠٠٠ ق . م من حيث استقلالها لغة لها اصول وقواعد وكتابة وتدوين .

اما المجموعة الغربية من اللغات الهندواوروبية فهي ١ـ التراكية ٢ـ الايليرية ٣ـ الفينيسية ٤ـ التوخارية ٥ـ الانادولية ٦ـ الهيلينة ٧ـ الايتالية ٨ـ الكلتية ٩ـ الجرمانية ١٠ـ السلافية والبلطيقية واقدمها الاناضولية وهي اقربها الى المجموعة الشرقية . واعرقها واسلمها تاريخيا اليونانية والايتالية . واكثرها احتفاظا بالخصائص الاندواوروبية القديمة الكلتية والبلتيقية . واوسعها انتشارا الجرمانية .

واني ادعو علماء التاريخ الى التعاون مع المتخصصين في اللغات لاستنباط المزيد من الحقائق فالكشف اللغوى والتاريخي سيحققان ما ذهبنا اليه من رأي يغير الكثير من معالم تاريخ الشعوب الأرية وخصائصها اللغوية بلا شك .

* * * * * *

کۆچەری و ترانس هیومانس "TRANSHUMANCE"

لە پارێزگەی سولەیمانێ و هەولێر [1]

ئەندامی کارا : ناجی عەباس ئەحمەد

ناو چیاکانی پشتونە « نطاق » فێنکەکان Temperate Zones [2]

لە هەرێمە شاخاویەکانی پشتونە فێنکەکان هەرچەندە

---

(١) لە مانگی تەموز و ئابی ساڵی ١٩٧٢ گەشتێکم کرد لە پارێزگەی سولەیمانی و هەولێر ، وە لەلایەن زیانی کۆچەرەکان (رەوەندەکان) و پلەی جێنشینیان و بارێ ژیستایان هەندێ زانیاریم کۆکردەوە کە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی شێ نۆسراو لێکدانەوە و شیکردنەوە . لێکۆڵینەوەکە تەواو نیە چونکە زۆری رەوەندەکان لە کوێستانەکانی سەر سنوری ئێران بۆن ، وە نەم توانی بیانبینم . جارێکیتر دەبێ لە زستان یان بەهار گەشتێکیتر بکەم تاکو هەم باشتر بارێ ژیانیان تێ بگەم ، وە هەمیش بتوانم لە بابەت کۆچەرەکانی بادینانەوە هەندێ زانیاری کۆبکەمەوە . بەگەرمی سوپاسی فەرمانگەی پارێزگاری سولەیمانی و هەولێر دەکەم لەبەر کۆمەکیەکانیان و بێشاندانی دۆسیەکانی کاروباری خێلاڵت . بەتایبەتی سوپاسی کاك جەمال عەبدوڵلا دەکەم لە پارێزگەی سولەیمانی ، و کاك شێخ سڵێمان مەجید لە پارێزگەی هەولێر .

(٢) مەبەست لە پشتون وشەی « Zone » ی ئینگلیزیە کە بریتیە لە هەرێمێکی=

سەرکەوینە سەر چیاکان و لەروی زەریا « بحر » دوورکەوینەوە ئەوەندە ژیان ناخۆشتر دەبێ . چونکە ئەو شاخە بەرزانە زستانان ئەوەندە ساردن کە مرۆڤ ناتوانێ تێدا بژی . لە پاشا لەو شوێنە بەرزانە ئاخ (خۆڵ) کەمە و تەنکە و خراپە و تۆشی وەرین و لاچۆن « Erosion » بوە و دەبێ ، ئیتر زەویەکە بەکەڵکی رەوەك رواندن نایێ . لە پاشا ناخۆشی رێگای هاتوچۆ وەکورتی کژی پێگەیشتن « موسم النمو » لەو شوێنە بەرزانە دەبنەکۆسپ بۆ پێگەیاندنی دانەوێڵە .

بەڵام لەو شوێنە بەرزانە لە خوارەوە دارستان و لە سەرەوە لەوەڕ دەڕوێن ، لەبەر ئەوە بەکەڵکی داربڕین دێن و لەکژی هاوینا بۆ مەڕومالات بەخێوکردن باشن . کوردەکان بەو لەوەڕە بەرزە فێنکانە کوێستان یان زۆزان دەبێژن . لە چیاکانی ئەلپی سویسرە

= پان کە بۆ ماوەیێکی (مسافەیێکی) درێژ دەکشێ . جوغرافیەزانەکان رۆی زەمین بە هەموایی دابەش دەکەن بە شەش پشتونی پان : سێی لە باشوور و سێی لە باکوری خەتی ئیستیوادایە :

(١) دۆ پشتونی ولاتە زۆر ساردەکان کە لەخەتی پانی (خط العرض) (٦٦ر٠)ەوە دەکشێن هەتا هەر دۆ تەوقەسەر « قطب » لە باکوور و باشوور .

(٢) دۆ پشتونی فێنك کە لە بەینی خەتی پانی ٦٦ر٠ و ٢٣ر٠ ن .

(٣) دۆ پشتونی ولاتە گەرمەکان کە لە بەینی خەتی پانی ٢٣ر٠ هەتا خەتی ئیستیوا دەکشێن .

ـ بۆ وێنە ـ زۆر گوند هەن کە جاران لە پاڵ شاخە بەرزەکان گەنمیان دەچاند کە بە ١٣ مانگ دەهاتە بەرهەم : لە مانگی تەموز دەیان چاند و لە ساڵی دووەم لە مانگی ئەیلولدا کۆیان دەکردەوە و ئەو دەمە ناچار بوون ئەو جۆرە کارە ناخۆشە بکەن لەبەر ناخۆشی ڕێگای هاتوچۆ . ئێستا لەو گوندانە بە دەگمەن دانەوێڵە دەچێنرێ ، ئەو دانەوێڵەیە کە لە دەشتەکانی خوارەوە بە ئاسانی و نرخێکی هەرزان پێیان دەگا . لەبەر ئەوە زەویەکانیان بێ جوت بەجێ دەهێڵن یان سێ پەڕەی (یۆنجەی) تیا دەڕوێنن بۆ ئەوە کە ببنە لەوەڕ بۆ بەخێو کردنی گا و مانگا(٣) .

دوَ جۆر لەوەڕ

لە ناو شاخەکانی وڵاتە فێنکەکان کە دەکەونە میانی خەتی پانی ٣٠ و ٤٨ دوَ جۆرە لەوەڕ هەن :

١— لەوەڕی نێزگ گوندەکان ؛

٢— لەوەڕی پاڵ شاخە بەرزەکان .

١— لەوەڕی نێزگ گوندەکان لە ناو دۆڵەکان ، لە دامێنی نزمی چیاکان دەڕوێن ، ئەو دامێنانە کە بەفر بە دەگمەن ، یان ماوەیێکی کورت دایاندەپۆشێ . ئاژاڵ بەخێوکەرەکانی ئەوروپا گیا

(٣) A.V. Perpillou , Human Geogrphy , Longmans , London , 1966 , PP. 192 - 193.

باشەکانی ئەم لەوەڕانە بە داسی تایبەتی دڕێژ درەو دەکەن ، وە لەبەر ناخۆشی گواستنەوەیان بۆ ناو گوند ، هەر لە جێگای خۆی کۆی دەکەنەوە و لە کۆلیتێکا دەیپارێزن . لە حاجی هۆمەران وەکو دیومە وە لە دەشتی لاجان لەودیوی گەروی زنوی شێخ لە ئێران ـ وەکو زانیومە ـ ئەوگیایە بە بێ کۆلیت لە سەر زەوی وەک گومەزێکی نزم کۆی دەکەنەوە و پێی دەڵێن دێ یان دێو . کە دنیا نەختێ ناخۆش بۆ ئەم گیا وشکە وەک ئالیکێکی باش و نەرم بە ئاژاڵ دەدرێ[٤] .

(٢) جۆری دووەمی لەوەڕ لە سەروی پشتونی دارستانە لەسەر یان دامێنی شاخە بەرزەکان . لە جوغرافیەدا بەم لەوەڕانە ئەلپ « Alp» یان چیا دەوترێ کە بە تەواوەتی واتای کوێستان یان زۆزانی کوردی دەگەیەنێت . ئەم جۆرە لەوەڕانە لە چیاکانی ئەلپی سویسرە و فرانسە و لە چیاکانی « Pyrenees » و قەفقاس زۆرن . لەم لەوەڕگانەدا گیای کورت دەڕوێ لەگەڵ گوڵی کێوی کە دەبنە هۆی بەلەزەت کردنی تامی شیری مەڕومالاّت . لە سویسرە و فرانسە لە ناوەڕاستی حوزەیران گا و مانگا دەبەنە ئەم چەشنە لەوەڕە بەرزانە وە تەشرینی یەکەم دەیان هێننە خوارەوە[٥] .

(٤) Ibid, PP. 193 - 194 .

(٥) Ibid., PP. 194 - 195

مولّکایەتی لەوەڕ

زۆری لەوەڕە بەرزەکان لەسەر چیاکانی ئەلپ و پرانیس ـ وەك لای ئێمە لە کوردستانی عیراق ـ مولّکی هەموایتی خاوەنی ئاژاڵن ، ئەم جۆرە مولّکە هەموایە لە ناوچەکانی رۆژئاوای پرانیس دەگاتە ۳/٤ی پێوانەی (مەساحەی) لەوەڕەکان[٦] .

ترانس‌هیومانس و نیوە کۆچەری[٧] :

مرۆڤ بە سێ جۆر لەوەڕی ناو چیاکان بەکار دێنێ بۆ بەخێوکردنی مەڕومالّات : ترانس‌هیومانسی گەورە ، ترانس‌هیومانسی پچوك و کۆچەری .

« Transhumance » وشەیێکی فرانسزیە لە هەمۆ دنیا وەك زاراوەیێکی جوغرافیە بەکار دەهێنرێ . ئەم وشەیە لە « Trans »ەوە هاتوە کە واتا « بەسەر » و « humance » کە لە « humus »ەوە هاتوە و واتای « زەوی » دەگەیەنێ .

(٦) Ibid., P. 196

(٧) بۆ تۆزینەوەی ئەم باسە تەماشای ئەم دۆ سەر چاوەیەم کردوە :

- Ahmad, Naji Abbas; Die Ländlichen Lebensformen und Agrarentwicklung in Tripolitanien, Heidelberg 1969 P.P. 119 - 122
- James, Preston, A Geagraphy of Man, Boston 1959, PP. 440 - 441.

« Transhumance » واتا بزوتنی شوان و مێگەلەکانیان لە کڕی خۆیدا لە میانی جێگا نزمەکان و داوێن یان سەری چیاکاندا . ئامانجی ئەم بزوتنە ستود وەرگرتنە لە لەوەڕەکانی باڵ و سەر شاخە بەرزەکان . لەم بزوتنە تەنیا شوان یان گاوان لەگەڵ مێگەلا دەڕوا ، چەند کەسێکی تریش دوایان دەکەون بۆ دۆشینی مالآت وە دروست کردنی پەنیر و کەرە . خاوو خێزان لەگەڵ مێگەلا کۆچ ناکەن بەڵکو لە گوندەکەیان لە خوارەوە دەمێننەوە و خەریکی کشتوکاڵ یان کارێکی تری خۆیان دەبن . ئەم جۆرە ترانس هیومانسە لە نیزامی کۆچەری پیشکەوتوترە لە ژیانی کۆمەلایەتی و ئابوری لە دنیادا و وا وردە وردە دەردەکەوێ ، بە تایبەتی لە پژدەر وەکو لە پاشان باس دەکرێ .

بێتو ئەم بزوتنە لە بەینی دەشتایێك و چیایێکی بەرز بێ کە لە یەك نێزگ نەبن بەوە ترانس هیومانسی گوورە دەبێژرێ وەکو هەندێ لە جافەکان خۆیان لە شارەزوور یان قەزای کفری و کەلار دەژین و مێگەلەکانیان تەسلیم بە شوانێك دەکەن تاکو بیانبەن بۆ کوێستانەکانی لای پێنجوین . ئەم جۆرە ترانس هیومانسە ئێستا باوە لە بەینی باکووری ئیتالیا و چیاکانی ئەلپ ، لە سویسرە و ئەلپەکانی فرانسە ، لە ئیسپانیا وە لە تاجیکستان بۆ سەر شاخە بەرزەکانی پامیر کە لە باکووری - رۆژهەلآتی ئەفغانستانە .

بەلآم بێتو ئەم بزوتنەیە لە بەینی گوندێکەوە بێ لە ناو

چیاکان بۆ دامێن شاخەکانی نێزگی کە ماوەی لە ١٠ ـ ١٥ کیلۆمەتر کەمتر بێ بەوە ترانس‌هیومانسی پچوك دەوترێ ، وەك هەندێ لە شـوانەکانی رایەت و دەربەندی رایەت کە مێـگەلی مەڕوبزن دەبەنە دامێن ئەو شـاخە کە دەکەوێتە باکوریان تاکو لەوێ بیان‌لەوەڕێنن .

کۆچەرێ :

بریتیـــە لە بزوتنی ئـــاژاڵ بەخێـــوکەرەکان بـــە خاوو خێزانەوە لە بەینی دوَ هەوار : لە ناو شاخەکان زستانە هـــەوار لەگەرمیان و دەشتەکانە ، هاوینە هەوار لە (زۆزان)ە لە دامێنی یان سەر شـاخەکان . لە ولاّتە وشکەکان ـ وەك جزیرەی عەرەبستان ، بادیەی‌شام ، لیبیە و جەزائیر ـ هاوینەهەوار نێزگ ئاودانی و بێر و رۆبارە ، زستانەهەوار لەناو دەشتە بێ ئاوەکانە ، لەوێ ئاژاڵ ئاوی باران و گـۆماو دەخۆنەوە . بۆ وێنە خێڵی عەنەزە کە لە بەینی عیراق و سوریە و ئوردن و عەرەبسـتانی سعودی دەگـەڕێـن و کۆچەری تـەواون ، وا وردە وردە لە هـــەرێمی فـــوراتی ناوەڕاسـت و باشوَر نیشتەجێ دەبن . نێـزگ نیـوەی جافەکان جاران هەتا ١٩٢٢ کۆچەری تەواو بوَن .

سێ جیاوازێ هەیە لە بەینی ترانس هیومانس و کۆچەرێ :

١ـ لە ترانس هیومانس تەنیـا شوانەکان و چەنـد کەسێـکی‌تر هاتوچۆ دەکەن . ئەوانی‌تری لەگوندەکانیـــان دەمێنن و خەریـکی

کشتوکاڵ دەبن .

٢ـ لە ترانس‌هیومانس نیزامی خێڵ و هۆز و تیرە و عێـل نامێنی و نیە . شـــوانێك دەتوانێ مێـگەلێ مەڕ لەگەڵ خۆی بۆ زۆزان ببا کە هتی چەند کەسێك بێ و هەر یەکە لە هۆزێك بێ .

٣ـ کۆچەر لە زۆر جێـگا لە دنیـا و زۆر جار خانۆی نیە ، زستان و هاوین لە ژێر خێوەتا دەژی وەك بۆڵێ و بابۆڵێ ـ وەکو لە پاشـان باسیان دەکرێ ـ کە زستان لە قەزای رانیە و هاوین لە گەروی زنوی شێخ رەشماڵەکانیـان هەڵدەدەن . بەڵام لە ترانس هیومانس خاوەن مێـگەل و شوان سێ کژی ساڵ لە خانۆدا دەژین . هاویناں لە هەندێ جێـگا وەك کوردستان لە ژێر رەشماڵا دەژین . بەڵام لە چیاکانی ئەلپی ناوەڕاستی ئەوروپا و لە تاجیکستان لە زۆزان شوانەکان هاویناں لە خانۆی پچۆکدا دەژین کە بەدار و بەرد قایم دروست کراوە و بەرگەی بەفر و بارانی زستان دەگرێ .

لە پاشا زاناکانی جوغرافیە و سوسیۆلۆجی کۆچەرەکان دەکەنە دوَ بەشەوە : کۆچەری تەواو و نیوەکۆچەر .

کۆچەری تـەواو ، کە بە زمانی ئەڵمانی « Vollnomade » و بە زمانی ئینگلیزی « Nomad » ی پێ دەبێژرێ ، زستان و هاوین جێـگای چەسپاوی نیـــە ، هەوارگەی وای نیە لە ساڵێـکەوە بۆ ساڵێـکی‌تری نەی‌گۆڕێ وە خەریکی کشتوکاڵ نابێ .

نیوەکۆچەر ، کە بە ئینگلیزی « Seminomad » ی پێ دەڵێن ، جێگای تایبەتی خۆی هەیە لە زستانەهەوار و هاوینەهەوار ئایا خانو بێ یان خێوەت ، وە لەگەڵ ئاژاڵ بەخێو کردنا خەریکی کشتوکاڵیش دەبێ .

لە کوردستانی عیراق کۆچەری تەواو زۆر کەمە ، مەگەر تەنها هەندێ خاوەن مەڕی هەژار هەبن کە لە ژێر ڕەشماڵا دەژین و جێگای خۆیان دەگۆڕن . دوو تێرەی پچوکی بۆڵێ و بابۆڵێ - کە لە پاشان باسیان دەکرێ - لە کۆچەریەوە نێزگترن . ئەمە چەند ساڵێکە هاوینەهەواریان ناگۆڕن ، بەڵام زستانان لەبەر کەمی لەوەڕ ناچار دەبن هەواری خۆیان بگۆڕن . زۆری هەرکیەکانی پارێزگەی هەولێر ئێستا لە کۆچەری تەواویەوە نێزگترن نەک نیوەکۆچەر ، زستانان لە ڕۆژهەڵاتی باکووری هەولێر لە ژێر ڕەشماڵا دەژین ، هاوینەهەواریشیان لە ئێرانە نێزگ سنووری عیراق و تورکیە . بەڵام زستانەهەواریان تەنگە و دەیگۆڕن وە - وەکو لە پاشا باسیان دەکرێ - تەنیا ژمارەیەکی کەمیان خەریکی کشتوکاڵ دەبن .

ترانس هیومانس لە دنیادا - بێجگە لە ژاپۆن - لە هەرێمەکانی نێزگ چیای خەتی پانی ناوەڕاست « Middle Latitude » لە بەینی خەتی پانی ٣٠ و ٤٨ دایە کە هەموو کوردستان دەگرێتەوە ، لە ئەوروپا لە چیاکانی ئەلپ ، لە بەڵقان ، لە چیاکانی قەفقاس ، لە تاجیکستان ، لە چیاکانی ئەندیز لە بەینی شیلی و ئەرجەنتین خاوەن ماڵات سوود لە

لەوەڕ و مێرگە تازە جوانەکانی سەرشاخـــەکان وەردەگرن کە ئێمە کوێستان و زۆزانیان پێدەبێژین ، هاوینان دەچنە ناو ئەو لەوەڕ و مێرگانە ، وە کە پایز داهات دەگەڕێنەوە بۆ ناو لەوەڕەکانی دەشت و دۆڵەکانی خوارەوە .

لەگەڵ ئەوەشدا کە خەتە پانەکانی ناوەڕاست ژاپۆنیش دەگرێتەوە ، بەڵام ژاپۆن ترانس هیومانسی نیە ، چونکە لە لەوەڕە بەرزەکانی سەر دامێن شاخەکان لە سەرەوەی دارستانەکان مێرگ و گیای باشی لـێ ناروێ کە بە کەڵـکی ئاژاڵ بەخێو کردن بـێ . زۆری ئـەو گیایانە رەقن و لەقامیش دەکەن و ئاژاڵ حەزی لێ ناکا . لەپاشا ژاپۆنەکان لە ئاژاڵ بەخێوکردن پتر خەریکی کشتوکاڵن ، کشتوکاڵێکی پـــڕ و بەخزمەت « Intensive » . فەلاحێکی ژاپۆن پەڵە زەوییێـکی پچوکی هەبێ باش خزمەتی دەکا و پەینی بە سەرا بڵاو دەکاتەوە تا کۆ بگاتە بەرهەمێکی زۆر باش[٨] . بەم جـــۆرە کشتوکاڵە لە جـوغرافیە و ئابوریدا « Intensive agriculture » دەبێژرێ کە واتای کشتوکاڵی پڕە ، پڕ لە رەوەك و خزمەت و بەرهەم[٩] .

---

(٨) James, Ibid., Perpillou, P. 195 - 196

(٩) پێچەوانەی ئەمە (Extensive agriculture)ە کە بـە کوردی دەبێتە کشتوکاڵی بڵاو . لەم جۆرە کشتوکاڵە جوتیار کەمتر خزمەتی پەڵە زەویەکەی دەکا ، گوڵەگەنمەکان ــ بۆ وێنە ــ کەمن و بڵاو دەڕوێن و بەرهەمی جوتیار کەمە .

کۆچەرەکانی پارێزگەی سولەیمانی .

کۆچەرەکانی ئەم پارێزگەیە دوو کۆمەڵن :-

یەکەم - ئەو کۆچەرانە کە لە بەینی قەزای کفری و شارەزوور و پێنجوێندا هاتوچۆ دەکەن کە بریتێن لە هەندێ تێرە و هۆزەکانی خێڵی گەورەی جاف .

دووەم - ئەو کۆچەرانە کە لە بەینی قەزای رانیە و سنوری ئێراندا لە هەرێمی قەندیل هاتوچۆ دەکەن .

یەکەم - خێڵی جاف[١٠] و کۆچەرەکانی

(أ) مێژوویەکی کورتی ئەم خێلە هەتا ساڵی ١٩٢٠ :

جافەکان لە سەدەی ١٧مین لە هەرێمی جوانڕۆ دەژیان کە دەکەوێتە بەینی هەڵەبجە و کرماشان لە ئێران . ئەو دەمە هێشتا

(١٠) لەلایەن خێڵی جافەوە سێ سەرچاوەم بەدەس کەوت کە ئەمانەن :

1- C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs,London, 1957.

2- E. B. Soane, To Mesapotamia and Kurdistan in disguise, London , 1912.

٣- عباس العزاوی ، عشائر العراق ، الجزء الثانی (العشائر الکردیة) ، بغداد ١٩٤٧ .

بەڵام کتێبەکەی ئەدمۆنس لە هەموان باشترە ، چونکە خۆی لەبەینی ١٩٢٠ - ١٩٢٥دا پەیوندیی لەگەڵ جافەکان هەبوو وە زانیاریەکانی لە پسپۆڕە ناسیاوەکانی خۆی کۆکردوەتەوە .

ساغ نەبوبۆوە ئایا ئەم جافانە سەر بە ئێرانن یان عوسمانی[11]. لە پاش سەرکەوتنی سوڵتان مورادبەسەر صفی الدین یەکەمی شـــای ئێرانا پەیمانی زەهاب (زەهاو) لە ساڵی ١٦٣٩ (١٤ ی محرمی ١٠٤٩ ی کۆچی) دا بەسترا . لە نوسخەی فارسی ئەم پەیمانەدا ناوی تێرەی (زین الدین و هارۆن) هاتوە کە جافن و سەر بە ئێرانن . ئێستا تیرەیێك نەماوە بە ناوی (زین الدین)ەوە بەڵام هارۆنی ئێستا یەکێکە لە تێرە هەرە گەورەکانی جاف .

ئێستا جاف دەبێتە سێ بەشی گەورەوە :

١ـ گەورەترین بەشی لـە عیراقن ـ لە پارێزگەی کەرکوك و ســـولەیمانی ـ کە جافی مورادیان پێ دەبێژرێ ، وا دیارە لەبەر پەیوەندی گەورەی ئەم جافانە لەگەڵ ســوڵتان مورادی عوسمانی ، بەم ناوە ناوبانگیان دەرچوە .

٢ـ بەشی دووەم جافەکانی دانیشتوی هەرێمی جوانرۆن .

٣ـ بەشی سێیەم لە هەرێمی کرماشـانن کە بریتیە لە حەوت تێرەی پچوك کە وا دیارە لە ناوەڕاستی ســەدەی نۆزدەمین لە بەشی دووەم جیابۆنەتەوە و چۆنەتە ناو خێڵاتی یەك گرتوی گۆران[12]، بەمانە جافی گۆران دەبێژرێ . مێجەر ســۆن ناوی ئەو تێرانەی ســـاڵی

(١١) C . J . Edmonds , Op . Cit . , P . 141

(١٢) C . J . Edmonds , Op . Cit . , p . 141

١٩٠٧ — ١٩٠٩ (؟) لە هەڵەبجە لە جافەکان وەرگرتوە کە ئەمانەن :
(١) قادر مێروەیستی (٢) تایشتی (٣) قەڵخانتی (٤) یوسف یارئەحمەدتی
(٥) کوییك (٦) نرجتی (٧) گورگ کایش[١٣] .

(ب) جافی موورادتی :

مێژوی هاتنی جافی موورادتی لە هەرێمی جوانڕۆوە بو عیراق دەگەڕێتەوە سەرەتای سەدەی هەژدەمین کە ١٠ ـ ١٢ تێرەی کۆچەر لە خۆیانەوە یان لە پاش کێشە و شەڕ هاتونەتە عیراق و لە دەشتی شارەزوور دامەزراون . ئەم تێرانە گەلاڵی ، شێخ ئیسماعیلتی ، بێسەری و چوچانی بون . ئەمانە بە جاف دادەندرێن . لەگەڵ ئەمان یان لە پێش خۆیاندا چەند تێرەیێکی تری کوردی کۆچەریش لە ئێرانەوە هاتبون وە لە شارەزوور دامەزرابون کە ئەمانەن : قەویلەیتی ، ئیسماعیل عوزێرتی ، شنکتی ، کافرۆشتی ، بڵباس ، کەڵهوڕ ، تێلەکۆ ، کەڵباختی و مەندومتی . بەشی شوان و شوانکارەی ئەم تێرانە زستانیان لە ڕۆژئاوای قەرەداغ لە سەنگاو رادەبوارد ، هاوینانەش دەچونە کوێستانەکانی بەینی سنە و سەقز[١٤] .

لە پاشا لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەمین ، واگومان دەکرێ ، ساڵی ١٧٧٢ (زاهیر بەگ) ناوێکی بەگزادە لەگەڵ تێزگەی سەد ماڵ

(١٣) E . B . Soane , Op . Cit. , P . 380

(١٤) C. J . Edmonds , OP . Cit. , PP . 142 - 3

لە جوانڕۆوە هاتنـە عیراق و لە هەرێمی بانی‌خێڵان دامەزران کـە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی (دەربەندیخان) . بەم جۆرە خێزانی بەگزادە دامەزرا و دەسیان کردە حوکم کردن بە سـەر هەموو جافی موراديا . ئەم بەگزادانە دۆسـتایەتیان لەگەڵ ئەحمەد پاشـای بابان پەیدا کرد ، ئیتر وردە وردە جافەکان لە ئێرانەوە هاتنە ناو خزمەکانی عیراقیان هەتا ژمارەیان گەیشـتە نەزیکەی ۱۰٫۰۰۰ ماڵ[۱۵] ؛ ئەگەر بە تێکڕایی هەر ماڵێك بە شەش کەس دانێین وا گومان دەکرێ کە ژمارەیان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمین گەیشتوەتە ٦۰٫۰۰۰ کەس . ئەمانە وا گومان دەکرێ سێ یەکیـان لە دەشتی شـارەزوور خەریکی کشتوکاڵ بوون ، بەڵام زۆرترینیان ، نێزیکەی دوو بەشـیان ، مەڕومااڵتیان بەخێو دەکرد و کۆچەر بوون . زسـتانان دەچوونە بانی‌خێڵان و قەزای کفری و کەلار ، هاوینان بەرەو ڕۆژهەڵات ملیان دەنا هەتا دەگەیشتنە کوێستانەکانی بەینی سنە و سەقز ، وە لەوێ هەتا مانـگی ئەیلول دەمانەوە .

کە ژمارەی جافەکان زۆر بوو و هەوارەکانی زستانیان پێ تەنگ بوو ناچار بوون لە قەزای کفری زەوی و دێهات بکڕن تاکو لەوێ دامەزرێن . جافەکان دەگێڕنەوە کە قادر بەگی کوڕەزای زاهیر بەگ لە سەدەی نۆزدەمین ناچار بوو بە شەڕ خێڵە کۆنەکانی سەر قـەڵا و شیروانەی ڕۆژهەڵاتی کفری ـ کە (گێژ و ڕۆژبەیانی و زەنـد)

(۱۵) Ibid , P . 142

بۆن ـ دەرپەڕێنێ تاکو ماڵەکانی لێ دامەزرێن[١٦] .

ساڵی ١٩١٨ زوربەی جافەکان کۆچەر بۆن ، بەڵام بەشێکیان وازیان لە کۆچەرێ هێنا و بۆنە فەلاح و خەریکی کشتوکاڵ بۆن[١٧] . وا دیارە ئەمانە بە دوو پایە دامەزران . لە پایەی یەکەم نیوەیان هاوینان لە گەرمیان و نیوەی دووەم چۆنە زۆزان وەک کۆچەر ، نیوەکۆچەر یان شوانی ترانسهیومانسکەر . کە مەڕومااڵتیان لەبەر کەم بارانی و نەخۆشێ کەم دەبۆ ، یان لە شەڕوشۆڕ لەکیس دەچۆ ناچار دەبۆن بەتەواوی واز لە ژیانی کۆچەرێ بێنن . کە حکومەتی ئێران ساڵی ١٩٣١ هاتوچۆی ناو زۆزانەکانی ئێرانی لێ قەدەغەکردن ئەو ماڵە جافانە ناچار بۆن لە عیراق لەسەر لەوەڕگاکانی شارباژێڕ و پێنجوین بمێنن . کە ئەمە بەشی هەمۆیانی نەکرد زۆریان لە شارەزوور مان . زۆر ماڵات و منداڵیان لێ مرد و ئیتر وازیان لە ژیانی کۆچەرێ هێنا[١٨] ، بەم جۆرە هاوگرێ (نیسبەتی) کۆچەرەکان ساڵی ١٩٢٢ لە ٣/٢ (دوو

(١٦) Ibid, P. 145 گێڕ ئێستا لە رۆژهەاڵتی باشوورێ کەفرێ نێزگە سیروان و لە رۆژئاوای ئاوی (نارین) لە باکوورێ رۆژئاوای (قەرەتەپە) دەژین . (زەند) چۆنە ناو زەنگنەی خوار قادرکەرەم و باکوورێ رۆژهەاڵتی (قەرەتەپە) نێزگە ئاوی سیروان . رۆژبەیانیش دێێکی گەورەیان هەیە لە ناحیەی قەرەحەسەن لە باشوورێ کەرکوک .

(١٧) C. J. Edmonds, Op. Cit., P. 146

(١٨) Ibid, P. 146

بەش لە سێی بەشەوە) لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمین ـ وەکو لە سەرەوە بێژرا ـ بۆ نیو هاتە خوارەوە ، وە ژمارەی هەموایتی ساڵی ۱۹۲۲یان بە نێزکەی ۱۰٫۰۰۰ ماڵ خەمڵ دەکرێ[۱۹] . شایانی باسە ئەمە هەمان ژمارەیانە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمین ، ئەمەش شتێکی سەیر و سەمەرە نیە چونکە لەو حەفتا ساڵەدا هەندێ لە جافەکان بڵاوبۆنەوە و چۆنە ناو خێڵاتی ترەوە ، یان بۆنە شارستانی ، ئەمە لە لایێکەوە ، لە لایێکی ترەوە ژمارەی مردن ، بە تایبەتی مردنی کۆرپە و ساوا لەو دەمە لە هەمۆ عیراقدا زۆر بەرزبۆ لەبەر زۆری نەخۆشی سارتی کە تەشەنەی دەکرد و نەبۆنی پزیشك و دەرمان . لەبەر ئەوە هاوکری فرەبۆنی ژمارەی مرۆڤ ـ کە بە عەرەبێتی (نسبة نمو السكان)ی پێ دەبێژرێ ، زۆر زۆر بۆ[۲۰] .

---

(۱۹) Ibid, P. 146

(۲۰) لە پاش پەرەسەندنی نەخۆشخانە و زۆر بۆنی پزیشك وە تیار کردنی نەخۆش ، ژمارەی مرۆڤ لە کوردستان وردە وردە بەرز بووەوە . لە ساڵی ۱۹۷۰ ـ ۱۹۷۲ هاوکری فرەبۆنی ژمارەی دانیشتوان گەیشتە نێزکەی ۲۵ لە هەزار ، واتا هەر هەزار کەسێك ساڵی ۲۵ کەس زیاد دەکا . لەم بابەتەوە ئەم خەبەرە سەیرە دەگێڕمەوە : جارێك ساڵی ۱۹۷۲ لە بەگزادەیێکی جافم پرسی ئایا لە شارەزۆر بەراز ماوە ؟ لەوەڵامدا گوتی : « بیاو بەڵێ بەرازی چێ ! بەخوا خەڵك ئەوەندە فرە بۆن ، کۆچەکانی (واتا کۆڵانە تەسکەکانی) هەڵەبجە پڕن لە منداڵی ساوا و هەرزەکار . منداڵی ساوای پێنج ساڵانم دیوە بڕا حەوت ساڵانەکەی بە کۆڵ هەڵگرتوە !! بەخوا خەڵك وا زیاد بکەن ، نەك بەراز ، لە کوردستان حەیوان بۆ نامێنێ !!. »

ژمارەی کۆچەرەکان هـــەروەکو زانرا لە ساڵی ١٩٢٢ دا بـە ٥٠٠٠ ماڵ خەمڵ دەکرا . ئەم ژمارەیە بە پێی سەرژمێری ســاڵــی ١٩٤٧ هاتە خوارەوە بۆ ٦٠٠ ماڵ ، ژمارەی ئەم کۆچـــەرانە ساڵی ١٩٧٢ ـ هـــەر وەکو لە مەحمود ئاغای ســـان ئەحمەدم بیست لە دەربەندیخان ـ لە ٥٠٠ ماڵ زیاترنین ، ئەمانەش بەشێـکیان خاوەن مەڕ نین ، بەڵـکو شوانی ترانسهیومانسکەرن .

(ج) باری تێرەکانی جاف لە ساڵی ١٩٢٠ەوە هەتا ئێستا[٢١]

١ــ گـەڵاڵی :

لەگـەڵ ئەوەشدا لە بنەڕەتدا جافی مورادی نین ، بەڵام تێرەیێـکی زۆر گرنـگە . بەگزادەکان ڕێزی سەرۆکەکانیان دەگرن و ئاغایان پێ دەڵێن، ژمارەی کۆچەرەکانیان ســـاڵی ١٩٢٢ هەزار ماڵ بووە . زستانان لە ناحیەی وارماوە و تانجەرۆ لە شـــارەزوور وە لە قەزای کەلاری ڕۆژهەڵاتی کفری دەژین . ئێستا تەنیا ٧٠ ـ ٨٠ ماڵێـکیان هاتوچۆی کوێستان دەکەن و هاوینان دەچنە دەشتی شلێر کە ئاوداڕە و لەوەڕگەی

(٢١) ئەم تۆژینەوەیە چوار سەرچاوەی هەیە :
١ــ ئەدمۆنس : لاپەڕە ١٠٢ و ١٤٣ ــ ١٤٨ .
٢ــ ئەرچیفی پارێزگەی سولەیمانی .
٣ــ مەحمود ئاغای سان ئەحمەد لە دەربەندیخان .
٤ــ مەجید خانی کوڕی حەمە ڕەشـید خان لە پێنجوین کە باوکی ئێستا لە دەشتی شلێر لە باکوڕی پێنجوین لە دێی دارۆخان دەژی .

باشی هەیە . ئەم دەشتە ١٥ ـ ٢٠ کیلۆمەتر درێژ دەبێ ، بەڵام پانی ١٠ ـ ١٢ کیلۆمەترە و وەک پواز دەچێتە ناو ئێرانەوە .

٢ـ میکائیلی :

ساڵی ١٩٢٢ هەزار و صەد ماڵێکیان کۆچەر بوون ، ئێستا هەموو نیشتەجێن بە تایبەتی لە ناوچەی سەنگاو لە ئاوی باسەڕەوە هەتا ئاوەسپی لە ڕۆژئاوای ئاجداغ ، لە قەرەداغ و شارەزوور .

٣ـ شاتری :

ساڵی ١٩٢٢ هەزار ماڵێکیان کۆچەر بوون ، ئێستا هەموو نیشتەجێن . چوار تیرەی هەیە : برایمی ، وردەشاتری ، یۆسوجانی و میروەیسی . برایمی لە قەزای شێروانە دامەزراون و لەوێ ٢٠ گوندیان هەیە ، وردەشاتری لە ناحیەی سەیدصادق و قەزای کەلار دەژین و دوو تیرەکەی تری لە ناحیەی سەیدصادق دامەزراون .

٤ـ تەرخانی :

ساڵی ١٩٢٢ نێزیک ٥٠٠ ماڵێک کۆچەر بوون و زستان لە قەزای کەلار بوون . ژمارەی کۆچەرەکانیان وردە وردە هاتە خوارەوە هەتا گەیشتە سەد ماڵێک کە هاوین دەچنە دەشتی شلێر و دەگەنە سنووری ئێران . لە کوێستان لەوەڕ خۆیان نیە لەبەر ئەوە پوشانە دەدەن . ئەو دوایان لە ١٢ دێ لە سەرقەڵای (قەزای کەلار) و لە شارەزوور دامەزراون .

٥— رۆغ-زایی :

ساڵی ١٩٢٢ ژمارەی کۆچەرەکانیان نێزگەی ٧٥٠ ماڵ بو. ئەمانە هەمو وردە وردە هەتا ساڵی ١٩٦٨ بونە نیشتەجێ ، زۆربەیان لە ١٢ دێی دەڤرێن لە هەرێمە سەختە ناخۆشەکەی باشوری - رۆژهەڵاتی ئاوەسپێ نێزگ ئاوی ماسران . ئەو دوایان لە شارەزوور و قەرەداغ دامەزراون .

٦— هارونێ :

ساڵی ١٩٢٢ نێزگەی ٤٠٠ ماڵیان کۆچەر بون ، زستان لە سەر سیروان بون لە رۆژئاوای پێواز . ئێستا وا گومان دەکرێ کە هەمو لە شـــەش دێی لە ناحیەی خورماڵ و (٤) دێی لە ناحیەی وارماوە دامەزراون .

٧— کەماڵەیی :

ساڵی ١٩٢٢ نێزگەی (٢٠٠) ماڵیان کۆچەر بو ، ئێستا هەمو لە ناحیەی خورماڵ و تانجەرۆ نیشتەجێن .

٨— ســەدانی :

ساڵی ١٩٢٢ نێزگەی (١٥٠) ماڵیان کۆچەر بو ، ئێستا هەمو لە ناحیەی خورماڵ دامەزراون .

٩— بەداخی :

ســاڵی ١٩٢٢ نێزگەی هەشتا ماڵێـکیان هاتوچۆی کوێستانی

دەکرد، ئێستا هەمۆ نیشتەجێن و ناویان لە بەین کۆچەرەکان نەماوە.

١٠— یاروەیستی :

ساڵی ١٩٢٢ نێزگەی هەفتا ماڵیان کۆچەر بۆن و هاتوچۆی کوێستانیان دەکرد ، ئێستا ناویان لە بەین کۆچەرەکان نەماوە .

١١— شێخ ئیسماعیلی :

ئەمانە جاران هاتوچۆی کوێستانیان دەکرد(٢٢) ، بەڵام ئێستا لە شەش دێی لە بەشی باکووری شارەزوور دامەزراون . ئەم دێیانە دەکەونە بەینی (موان) و کەوڵۆس لە بەشی باکووری ناحیەی خورماڵ .

(د) لە بارەی ئەو تێرانەوە کە لە بنەڕەتدا جافنین و ئێستا زۆربەیان نیشتەجێن :

١— ئیسماعیل عوزێرێ :

دەبنە سێ تێرەوە : میرالایێ ، گۆمەیێ و قەرەوەیسی . ژمارەی ماڵەکانیان لە ناحیەی سووراش ساڵی ١٩٣٧ — ١٩٣٩ نێزگ ٢٠٠ ماڵ دەبۆ . بە زستان لەو ناحیەیە هەندێکیان لە خانۆ و ئەوانی‌تریان لە ژێر ڕەشماڵدا دەژیان . هاوینان هەتا ساڵی (١٩٥٠ ؟)

(٢٢) C . J . Edmonds , OP . Cit., P . 143

دەچۆنە ئێران و قەزای شارباژێڕ و پێنجوین . ئێستا زوربەیان لە ناحیەی سورداش و سەرچنار نیشتەجێن . تەنیا چەند ماڵێك زستانان بە نیوەکۆچەری دەچنە ناحیەی سەرچنار بۆ لەوەڕاندنی مێگەلەکانیان .

٢و٣— شنکتی و کافرۆشتی :

لە پێشدا لە شارەزوور بوون ، لە پاشا چوونە بازیان و بۆنە زێڕ دەستی هەمەوەندەکان . شنکتی هەمۆ نیشتەجێن . کافرۆشتی کە ساڵی ١٩٤٩ نێزگەی صەد ماڵ دەبوون بەشێکی زۆر کەمیان کۆچەر بۆ ، ئێستا ئەوانیش دامەزراون و خەریکی کشتوکاڵن .

٤— بڵباس :

ئەمانە لە قەرەتەپەوە هەتا قاینەجەی باکووری خورماڵ بە دیهاتا بڵاو بوون و هەمۆ نیشتەجێن . ئەم بڵباسانە بە بنچینە (سن و رەمەك)ن کە ئێستا لە دەشتی بتوێن دەژین وە سەلیم پاشای بابان (١٧٣٧ ـ ١٧٤٧) لەوێ دەریکردن[٢٣] .

٥— کەڵهوڕ :

وا دیارە هەندێکیان گەڕانەوە ئێران بۆ ناو خزمەکانیان کە لە باشووری رێگای بەینی خانەقین و کرماشان دەژین . بەڵام ٣٠٠ ماڵێکیان چوونە ناو تەرخانیەکان و تێکەڵیان بوون .

(٢٣) Ibid , P. 145 (پەراوێزی یەکەم) .

٦— تیلەکۆ :

هەندێکیان گەڕانەوە ئێران و لە خۆڕخوڕەی باشووری ڕۆژهەڵاتی سەقز دامەزران . ئەو دواییان تێکەڵ میکائیلی و ڕۆغزایی بوون .

٧— گەڵباخی :

گەڕانەوە وڵاتی خۆیان لە ڕۆژئاوای سنە .

٨— مەندومتی (مەنمتی) :

زۆریان گەڕانەوە ئێران بۆ وڵاتی سنە و سەقز ، بەڵام هەندێکیان لە عیراق مانەوە و لە دێهاتی سورداش و بازیان بەڵاو بوونەوە[٢٤] .

٩— غەوارە[٢٥] :

ناوێکە جافەکان خستوویانەتە سەر پێنج هۆزی پچوکی هەژار . مەبەستیان لەم ناوە تێکەڵ و پێکەڵە ، گوایا ئەم هۆزانە تێکەڵ بوون لەگەڵ خەڵکی تر کە جاف نین . ئەمانە لە پێشدا لە شارەزوور

---

(٢٤) Ibid, pp. 143 - 5

(٢٥) بەشێك لەم زانیاریەم لە کتێبەکەی ئەدمۆنس (لاپەڕە ١٠٢) وەرگرتووە ، بەڵام بە یارمەتی زانیاری تازە کە لە سولەیمانی و بێنجوین دەسمکەوت باسەکەم تەواوکرد .

بۆن ، کە جاف مورادێ هاتن دەریان کردن تاکۆ جێگایان بگرن(٢٦) لەبەر ئەوە لەوێوە بەرەو باکوور کشانە دۆڵی گەلاڵ کە خۆیان (دۆڵەگەلاڵ)ی پێ دەڵێن .

ئەم دۆڵە دەکەوێتە باشووری ـ رۆژهەلاتی شارباژێڕ ، لە ناحیەی سروچك ، وە لە شـانەدەردوە دریژ دەبێت هەتا دەشتایێ پشتی مۆریاس و چەند دێیێکی تێدایە وەك پەرخ کە لەبـەر بێ ئاوی بێری لێ هەڵکەندراوە ، چوالە کە ٢٠ ماڵە ، بیوك کە ٢٥ ماڵە .

وا لە خوارەوە بە کورتی باسی ئەم هۆزە پچوکانە دەکرێ .

(أ) بێسەری :

حەوت دێیان هەیە ، زۆریان نیشتەجێن ، بەشی دووەمیان کە پەنجا ماڵ دەبن هاوینان دەچنە کوێستانەکانی قەزای پێنجوین . بەشـێکیتری ئەم هۆزە کە ٣٠ ماڵێك دەبن زستانان لە ناحیەی تانجەرۆن لە دێی چەناخچیان ، سیداوا و باریکە دەژێن ، هاوینانیش دەچنە قەزای پێنجوین .

(ب) چوچانێ :

لە چوار دێ دەژێن و ساڵی ١٩٣٩ نێزیکەی ١٢٠ ماڵ دەبۆن . بیست ماڵێکیان هاوینان کۆچ دەکەنە قـەزای پێنجوین ، هـەر لە کانیسپیکەوە هەتا پێنجوین لە پاڵ شاخەکاندا رەشماڵەکانیان هەڵدەدەن .

(٢٦) C. J. Edmonds, Op. Cit., P. 102

(ج) هۆزی هەسەنی :

دوو دێیان هەیە هەشتا ماڵ دەبن . هاوینان لەگەڵ چوچانیەکان دەچنە قەزای پێنجوین .

(د) پـــەرخی :

یەک دێیان هەیە کە ناوی پەرخە . ساڵی ۱۹۳۹ نێزیک پەنجا ماڵ دەبوون ، ئێستا تەنیا ٦ ـ ۷ ماڵێکیان دەچنە کـوێستانەکانی پێنجوین .

(ه) قەوێـلەیی :

جاران زۆربوون ، لە کاتی گرانییەکەی ساڵی ۱۹۱۸دا ناچار بوون بڵاوبن تاکو لە برسا نەمرن . ساڵی ۱۹۲۰ ـ ۱۹۲۲ نێزیک سـەد ماڵ دەبوون ، بەڵام ساڵی ۱۹۳۹ ئەم ژمارەیە هاتە خوارەوە بۆ ۲۵ ماڵ . زستانان هەندێکیان لە ئەشکەوتا دەژین ، هاوینان دە ماڵێکیان کۆچ دەکەن بۆ پشتی پێنجوین .

۱۰ـ جافە ژەشکە :

نێزیک دەماڵ دەبن . زســـتان لە دێی سورقاوشان لە ناحیەی سـوورداش دەژین و هاوین دەچنە (مێرگەپان) بۆ لەوەڕاندنی مێـگەلەکانیان .

١١- جافەتی :

بەشێکن لە جافە رەشکە کە لە ناحیەی سورداش تەواو نیشتەجێن . ژمارەیان بە ٤٠٠ هەتا ٦٠٠ ماڵ خەمڵ دەکرێ . تەنیا بەشێکی پچوکیان هاوینان دەچنە شێخ باغ کە موڵکی خۆیانە .

دووەم - کۆچەرەکانی قەزای رانیە(٢٧)

لە قەزای رانیە ، بێجگە لە ئەهالی کۆنی هەندێ لە گوندەکان ، خێڵاتی یەک گرتوی « Confedaration » بڵباس و ئاکۆ دەژین . ئەم خێڵانە لە بنەڕەتدا لە ئێرانەوە هاتوون ، وە ئێستاش بەشی گەورەی مەنگوڕ ، مامش و پیران لە هەرێمی لاوێن دەژین کە دەکەوێتە رۆژئاوای مەهاباد لە ئێران ، وە رۆژهەڵاتی قەزای باڵەک و ناحیەی ناودەشتی عیراق لە هەرێمی لاوێن ، ئاوی لاوێن - کە سەرچاوەکانی هەرە سەرەودی زێی بچوک کۆ دەکاتەوە - لە باکوورەوە بۆ باشوور دەکشێت ، وە لە پاش تێکەڵ بوونی لەگەڵ روباری بانە لە هەرێمی ئالان دەبێتە (زێی بچوک) .

(٢٧) سەرچاوەکانی ئەم باسە :

أ - ئەدمۆنس : هەمان کتێب بە ئینگلیزی ، لاپەڕە ٢٢٠ - ٢٢٣ ؛

ب - حاجی سەعید ئاغای سەرۆکی بۆڵی کە لە مانگی ئابی ١٩٧٢ لە حاجی ئۆمەران چاوم پێکەوت و باسی بۆڵی و باوڵتی بۆ کردم :

ج - عەلی بەڵی قادر بەگی بابان لە رانیە .

بڵباس بریتیـه له پێنج خێـڵ : مەنـگوڕ ، مامش ، پیران ، سن و رەمك .

مەنـگوڕ :

بەشی گەورەیان لە ئێرانن ، گوندەکانیان لە هەردوَ لای ئاوی لاوێن بڵاو بوون . لە عیراق مەنگوڕەکان دەبنـه دوَ بەشـــەوە : مەنگوڕی بنچینەیی و مەنگوڕە روَتە . مەنـگوڕی بنچینەیی لە بەیـنی روباری ژاراوە و گـازفـێن لە ٢٦ گوندا دەژین ، ژاراوە لە باکووری قەڵادزە لە رۆژهەڵاتەوە دەکشـێ بۆ رۆژئاوا و دەژێتە زێی پچوك . روباری گـازفێن لە باکووەوە دەکشێ بۆ باشوور و لە (دەربەند) دەژێتە زێ . مەنگوڕە روَتە لە چوار گوند دەژین کە دەکەونە رۆژهەڵاتی روباری ژاراوە لە پێش تێکەڵ بوونی لەگەڵ زێ .

ئەم مەنگوڕانە خزمایەتی و پەیوەندییان زۆرە لەگەڵ مەنگوڕی ئـــەودیو لە ئێـران . بەشـــێك لەم مەنگوڕانـه ، بەتـایبەتـی شوانکارەکانیان ، ئێستا هاوینان بـــه ترانسهیومانس دەچنـــه کوێستانەکانیان کە دەکەونە رۆژهەڵاتی شاخـی گەڵاڵە و مامەزۆت و ســـەری ســـاوە لە باشووری قەندیل . لەوێ لەگەڵ خزمەکانی ئەودیویان هەندێ جار یەك دەگرن .

مامش :

وەکوَ مەنگوڕ دەبێتە دوَ بەشەوە . بەشی گەورەی لە ئێرانـه

لە رۆژهەڵاتی ئاوی لاوێن ، لە باکووری مەنگورەکان وە رۆژئاوای مەهاباد . پەسوە گەورەترین دێیانە . بەشێکی پچووکیان لە عیراقن مامشە رەشکەیان پێ دەڵێن . ئەمانە لەچوار دێ دەژین کە دەکەونە لای باشووری ئاوی ژاراوە ، لە سەرەوەی مەنگورە رووتە . وا دیارە ئەمانە ـ وەک جافە رەشکە ـ ناوی رەشکەیان خراوەتـە دوا لەبـەر دوورکەوتنیان لە خێڵە بنچینەییەکە . هەندێ لەم مامشانەش هاوینان دەبنە شوان و شوانکارە و بۆ لەوەڕاندنی مێگەلەکان دەچنـە کوێستانەکانی سەر سنووری ئێران .

پیران .

ئەم خێڵەش دوو بەشە : بەشێکی لە ئێرانە لە رۆژئاوای ئـاوی لاوێن لە باکووری مەنگورە و نێزیک خانەی رۆژهەڵاتی گەروی زنوی شێخ کە سنووری عیراق و ئێرانی پیادەکشێ و دەکەوێتە رۆژهەڵاتی قەزای باڵەک . پیاو کە بەیانییەکی خۆش لەم گەروە لە سەر سنووری عیراق و ئێران ـ کە ئاوەڕێژە ـ راوەستا چاوی بە ئاوی لاوێن دەکەوێ کە وەکو زێو دەبریقێتەوە و بەرەو باشـوور دەڕژێت . لەملاو لەولای روبارەکە چاوی بە دوکەڵی گوندەکان دەکەوێ .

بەشی دووەمی پیران لە دوانزە گوند دەژین ، یەکێکیان سەرخومەیە ، لە دەشتی بتوێن و تابعی ناحیەی چوار قوڕنەن . ئەم پیرانانەی گەرمیان ـ بێجگە لە سەد ماڵێک ـ هەمـو نیشتەجێن و فەلاحەت دەکەن . ئەو سـەد ماڵە هەندێکیان نیوەکۆچەر و

هەندێکی تریان شوانن و مێگەلەکانیان لەگەڵ خۆیان بۆ کوێستان دەبەن . کەوابێ لە کۆچەر پتر ترانس‌هیومانسکەرن .

ئاکۆ :

بریتیە لە کۆمەڵە تیرەیێك کە پەیوەندییێکی لاواز بەیەکەوە دەیان بەستێ ، و لە ناحیەی ناودەشت ، دۆڵی شاور ، و ناحیەی رانیە لە رۆژئاوای کێوەڕەش بلاودەبنەوە . یەکێ لە دێیەکانیان لەم هەرێمە سەرکەپکانە ، نێزگەی سەد مالێکیان هاوینان بە شوانی و شوانکارەیێ یان کۆچەری دەچنە کوێستانەکانی قەندیل .

مەندەمەڕە :

یەکێکە لە تیرەکانی ئاکۆ کە لە نۆ گوند دەژین لە بەینی چیای زێرناکو و کێوەڕەش لە رۆژئاوای ئاوی گازفێن . لەبەر بێ ئاوی ئەو دەشتە کە تێیدا دەژین خۆیان زۆر بە کشتوکاڵەوە خەریك ناکەن لەبەر ئەوە نێزگەی ٢٥٠ مالێکیان لە بەهاردا دەبزوێن بۆ کوێستانەکانی قەندیل . زۆربەی ئەم مالانە کۆچەری تەواون .

شاروشی :

تیرەیێکی تری ئاکۆیە . هەشت گوندیان هەیە لە دامێنی رۆژئاوای قەندیل ، لەوێ بە کشتوکاڵ و مالات بەخێوکردنەوە خەریکن . پەنجا مالێکیان هاوینان دەچنە ناو لەوەڕەکانی قەندیل کە لە گوندەکانیانەوە نێزگە . ئەمانە وا دیارە لە کۆچەر زیاتر

ترانسهیومانسکەری پچوکن .

بۆڵتی و بابۆڵتی :

دوَ تیرەی پچوکی ئاکۆن . بۆڵتی دوَ سەد ماڵ ، بابۆڵی سەد ماڵ دەبن . چل ماڵیان بتونەتە نیوە کۆچەر ، لە گوندەکانی دەشتێ بتوێن دەژین لە رۆژئاوای رانیە کە لە پاشـان ناویان دێنین . ئەم نیوە کۆچەرانە دوَ ماڵەکێ دەکەن ـ وەکو سەرۆکەکەیان باسی بـۆ کردم ـ ، ماڵێك لە گەرمیان دەمێنن و تەنیا بەکشتو کاڵەوە خەریکن ، ماڵێکیش بۆ کوێستان دەچن لە گەڵ مێگەل . ئـــەو دوایان ـ بێجگە لە چەند ماڵێکی بۆڵتی کە کەمێ فەلاحەتی دەکەن ـ کۆچەری تەواون ، خانویان نیە ، زستان و هاوین لە ژێر خێوەتا دەژین . گرنگترین پێشەیان مەڕ و بزن بەخێوکردنە ، بەڵام لە هـەوارەکانی زستان و هاوین کەمێ گەنمو جۆش دەچێنن . بەهاران لە کوێستان گەنمە بەهارە دەچێنن کە پایز دەیدرونەوە و لەگەڵ خۆیان بۆ گەرمیان دەیبەن .

بۆڵتی پێش پەنجا ساڵ زستانان دەچونە دەشتێ هەولێر ، ئێستا زستانەهەواریان لە دەشتێ بتوێنە لە رۆژئاوای رانیە ودك دێی سکتان ، ســـەروچاوە ، گەرمکەندال ، ئەسرێلە ، گردگۆران . لە سکتان و گردگۆران پۆشانە دەدەن ، بەڵام لە سێ دێیەکەی تری لەوەڕی خۆیان هەیە و پۆشـــانە نادەن . بۆ لەوەڕێـکی باش سەد دینار ، بۆ لەوەڕێکی خراپ تەنیا ٣٠ دینار پۆشانە دەدەن .

بابۆڵی زستانەهەواریان لە ناحیـــەی چنارانە وەک دێیەکانی خدران ، باسەرە ، باداوان و بێستانە کە نێزگ قەسرۆکە لە رۆژهەڵاتی شـــاخی هەیبەت سوڵتان . ئەمان هەمو کۆچەری تەواون ، کەسیان نیشتەجێ نین و لەوەڕی خۆیان نیە . لەبەر ئەوە لەمەوپێش پۆشانەیان دەدا ، ئێستا نایانەوێ بیدەن .

ئەم دوَ تێرە پچوکە پێکەوە مانگی مایس لە بتوێنـەوە بەرەو باکوَر دەبزوَن ، دەگەنە دۆڵی ئاکۆ لە بەینی کێوەڕەش و شاخی مەکۆک ، لەوێ لە رۆژئاوای گوندی سەرکەپکانەوە تێپەڕ دەبن هەتا دەگەنە زنوی (گەروَی) سیتروکان ، لەوێوە دەگەنە دەشتی ماوان کە دێی قەسری تێـدایە ، لە پاشـــا دەگەنە (وەڵاش) لە قەزای باڵەک ، ئینجا بە سەر پردی (باسان) دا تێپەڕ دەبن کە لە سەر روباری سەکری سەکرانە . لەوێوە بە تەنیشت گوندی خوشکاندا دەڕۆن هەتا دەگەنە هاوینـەهەوارەکانیان ، لە گەروَی زنوی شێخ . هەوارە هاوینەکانی بۆڵتی (سەرسوَل ، کەڵـکەش و مێرگە) ن ، کە لە باشوَری گەروَی زنوی شێخ و بەرامبـەر حاجی ئۆمەران . بابۆڵتی لە پێشـا دەچنە شیوەڕەش کە لە باشوَری گەروَی زنوی شێخە ، لەوێوە دەچنە (هـەوار بڵندە) و (مێرگە دڕێژان) کە دەکەونە لای باکوَری ئەو گەروە . جاران بابۆڵتی دەچوَنە ئەو دیوی زنوی شێخ بۆ سەر چەند هەواریک لە دیوی ئێران ، بەڵام ئەمە ٦٠ ـ ٧٠ ساڵە وازیان لەو هەوارانە هێناوە وە لە سنوَری عیراق دەمێنن . لەوەڕی کویستانیان هەموَ هی خۆیانە و پۆشانە بەکەس نادەن .

بۆڵی و بابۆڵی زۆر دەوڵەمەند نین ، بەشی زۆری مالاتیان مەڕە ، لە پاشا بزن . ئینجا گا و مانگا وهێستر . ٣٠ مالێك هەر یەکە نێزگەی سەد سەر حەیوانی هەیە ، سێ چوار مالێکیش یەکی چوارسەد سەر حەیوانی هەیە .

گرنگترین بەرهەمیان رۆن و پەنیرە . بەڵام ئەمە چەند ساڵە لە پاش پەیدابونی رۆنی نەباتی کەمتر رۆن و زۆرتر پەنیری ژاژی دروست دەکەن . کۆچەرێك لە مەڕێکی دۆشەنی دەتوانێ نیوکیلۆ پەنیر دروستکات .

گرنگترین کێشە و ناخۆشی ئەم کۆچەرانە پۆشانە دانە لە گەرمیان و مردنی ئاژاڵەکانیانە . پێویستە میری زیاتر غەمی دەرد و نەخۆشی ئاژاڵەکانیان بخوا و بەیتاریان بۆ بنێرێ بۆ لەناوبردنی ئەو دەرد و نەخۆشیانەکە دەبنە هۆی فەوتانی حەیوانەکانیان .

سن « Sin » و رەمك :

جاران سواری باشی نادر شـاه (١٧٣٧ ـ ١٧٤٧) بۆن . ئێستا دۆ تێرەی پچۆکن لە بتوێن دەژین . زۆربەیان نیشتەجێن و بەشێکی پچوکیان بە شوانی و شوانکارەیی هاتۆ چۆی کوێستان دەکەن .

ترانس‌هیومانس لە قەزای پژدەر :

لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەشێکی پچۆك لە پژدەریەکان نیوەکۆچەر بۆن ، زستان لەگوندەکانیان بەکشتوکاڵەوە خەریك

بۆن ، هاوینیش لەگەڵ مەڕومالاّت دەچۆن بۆ کوێستانەکانیان کە دەکەونە رۆژهەلاّتی پژدەر و رۆژئاوای سەردەشت لە ئێران . وە لە و هەرێمە چەند گوندێکیان هەبۆ وەك بەردەسپیان و کێلی . ئەو نیوەکۆچەرانە لە مانگی مایس دێبەکانیان بەجێ دەهێشت و لەگەڵ مەڕومالاّت ڕوَیان دەکردە رۆژهەلاّت و لە چەند گەروَێکەوە بۆ سەر هاوینەهەوارەکانیان لە دیوی ئێران تێپەڕ دەبۆن وە لە مانگی ئەیلول دەگەڕانەوە پژدەر . گرنگترین گەروەکان دوانن :

١ــ گەروَی مالیموس لە رۆژهەلاّتی گوندی هەڵشۆ .

٢ــ گەروَی کانی ڕەش کە لە دۆڵی کانی ڕەشەکە یەکێ لە ئاوەکانی روباری درونی لێ دەژێ . ئەم گەروە دەکەوێتە بەینی دوَ شاخی بەرزەوە : بولفەت کە ٢٣٧٨ مەتر بەرزە ، وە جالمرکە ٢٠٨٥ مەتر بەرزە . زوربەی کۆچەر و شوانەکان بەم گەروەدا تێپەڕ دەبن چونکە دەگاتە ناوەڕاستێ هەوارەکانی پژدەر لە ئێران[٢٨] ، ئەم گەروە راست لە رۆژهەلاّتی قەلاّدزەیە ، ١٨ کیلۆمەتری لێوە دوَرە و دەکەوێتە رۆژئاوای باکوری سەردەشت کە نێزیکەی ١٢ کیلۆمەتری لێوە دوَرە . گرنگترین هاوینەهەواری پژدەریەکان دەکەونە هەرێمی کێلی ، بژێز ، سەردۆڵ و بەردەسپیان .

لە پاشا لە ساڵی ١٩٢٦دا شەڕێك پەیدابۆ لە بەینی

(٢٨) فؤاد حمه خورشید ، قضاء پشدر ؛ دراسة في الجغرافية البشرية ، كانون الثاني ١٩٧٣ ، رسالة ماجستير مخطوطة ، ص ١٤٣ و ١٤٦ .

پژدەریەکان و حکومەتی ئێران ، وە ئەم حکومەتە دەستی کردە تەگەرە دانان لەبەر هاتوچۆی کۆچەر و شوانەکان . . بالْیۆزخانەی ئێران لە بەغدا رۆژی ٢٥ی حوزەیرانی سالّی ١٩٧٥ نامەیەکی نارد بۆ وەزارەتی ناوخۆی عیراق کە تێیدا ئەمە نوسرابو : « خێلەکانی پژدەر مافی ئەوەیان نیە بچنە ناو لەوەڕەکانی ئێرانەوە . بەلّام حکومەتی ئێران لەبەر پەیوەندی دراوسیەتی باش (علاقات حسن الجوار) ئەو سالّە رێگا دەدا ئەو خێلّانە بۆ سەر لەوەڕەکانی ئێران بچن ، بە و مەرجە لە نیزامی لەوەڕی ئێران دەرنەچن »[٢٩] .

بەلّام حکومەتی عیراق ئەم قسەیەی قەبوڵ نەکرد ، و ئەم مافی لەوەڕاندنە بە مافێکی « مکتسب » واتا کۆن و دەسکەوتو دادەنێ نەک مافێك وەستابێتە سەر دراوسیەتی باش وەك لەم نامەیەی خوارەوە دەردەکەوێ کە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عیراق رۆژی ٢٠ / ٥ / ١٩٧٠ ناردوویەتی و وەك خۆی بە عەرەبی بڵاوی دەکەینەوە :

« ان حق تمتع العشائر العراقية التي اعتادت رعى مواشيها في المراعي الايرانية يستند إلى قاعدة الحق المكتسب التي أشير اليها في بروتوكول الآستانة الموقع عليه في الرابع من تشرين الثاني عام ١٩١٣ ومحاضر جلسات قومسيون تحديد الحدود العثمانية الايرانية لسنة ١٩١٣ ـ ١٩١٤ . فقد جاء في بروتوكول الآستانة المذكور اعلاه ما يلي :

(٢٩) فوئاد حەمە خورشید، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٩٧ . نوسەری ئەو سەرچاوەیەش لە « مديرية الحدود » ی وەزارەتی ناوخۆی عیراقی وەرگرتوە .

« ومن المفهوم بان العشائر التركية التي من عادتها قضاء فصل الصيف في الوديان المذكورة عند ينابيع كادر [گادەر] و [لاوينه] ستستمر على التمتع بمراعيها وفق نفس الشروط المعمول بها في الماضي » . . . . . ينتج مما تقدم ان حق تمتع العشائر العراقية في رعي مواشيها في المراعي الايرانية يستند إلى قاعدة الحق المكتسب وليس إلى قاعدة حسن الجوار كما تدعي السفارة الايرانية »[٣٠] .

لە پاشا حکومەتی ئێران باجی خستە سەر ئەو ئاژاڵە کە بۆ ئێران دەچن ، وە ساڵ بە ساڵ ئەم باجەیان بەرزتر ئەکردەوە وەک لەم خشتەیەی خوارەوە دەردەکەوێ :

ئاژاڵ (سەرێك)	باجی ساڵی ١٩٤٨	باجی ساڵی ١٩٦٣
مەڕ	١٠ ریاڵ = ٥٠ فلس	٥٠ ریاڵ = ٢٥٠ فلس
بزن	٥ر٧ ریاڵ = ٣٧ فلس	٦٠ ریاڵ = ٣٠٠ فلس
هێستر و ئەسپ	٦٠ ریاڵ = ٣٠٠ فلس	١٥٠ ریاڵ = ٧٥٠ فلس
کەر	١٠ ریاڵ = ٥٠ فلس	١٥٠ ریاڵ = ٧٥٠ فلس
گاومانگا	٥٠ ریاڵ = ٢٥٠ فلس	١٥٠ ریاڵ = ٧٥٠ فلس[٣١]

ئەمە باجێکی زۆر بەرزە ، لەبەر ئەوە هەندێ لە شوان و خاوەن مێگەلەکان ئیتر وازیان لە هاتوچۆی کوێستانەکانی ئێران هێنا .

(٣٠) (أرچيف محافظة السليمانية ـ شعبة الحدود . كلمة (گادەر) لكاتب هذا المقال)

(٣١) فوئاد حەمە خورشید ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٠٠ .

نەخشەی پارێزگای سلێمانی کە هەندێک لە خێڵ و تیرە کۆچەرەکان پێیشان دەدا

مقیاس
١٨ ٩ ٠ ٩ ٦ ٣ كيلومتر

سنوري دولي
سنوري پارێزگه
سنوري قضاء
سنوري ناحيه
ده نگور : ئاوی خێڵ یان تیرە
مركزي پارێزگه
مركزي قضاء
مركزي ناحيه
دێ (گوند)

قه‌ره‌داغ
شاروشي
پشتاشان
سوره‌گه
هێل
گردشێ
قضاء رانیه
بلیواسه
ناکو
رانیه
چوارقورنه
بیراره
سنگه‌سر
ده‌شکۆ
دیلو
قه‌ڵه‌دزه
هلشو
مالمرس
کانی‌ره‌ش
هیرو
بحیرة دوکان
خلکان
ناحیة چنارات
قضاء بشدر
منگرد
گنارو
کانیتو
قضاء اربیل
قودینه
ماوت
ناحیة ماوت
گالیلوو
باسنی
شۆرکل
ناحیة سیوەیل
رانیه‌باشه
ناحیة سوتش
سوتش
سگوس
بلش
سوتش
ناحیة زهاو
میشاو
گه‌لالی
کانوسار
لالەوه‌ر
کانیهری
قزلجه
زهاو
زهاو
ناحیة سرچنار
سرچنار
بکرمجو
السلیمانیة
ناحیة تانجرو
عربت
ناحیة سرچنار
بزرنجه
ناحیة شهرباژار
قضاء شهرباژار
ولیان
جوارتا
قزلجه
سیتوین
شانه‌دره
ناحیة شهرزور
سید صادق
قضاء شهرزور
قلیجة
چناره
ناحیة دربندیخان
دربندیخان
خورمال
سرچاوه
بیاره
ته‌ویله
سوسکان
حلبجه
سازان
منطقة پشته
پشته
قضاء حلبجه
قضاء قره‌داغ
ناحیة قره‌داغ
قضاء السلیمانیة
ناحیة
ناحیة
محافظة اربیل
محافظة کرکوک
الزاب الصغیر
رانیه‌باشه
رانیه‌شیره
رانیه‌سیوەیل
رانیه‌تانجرو
رانیه‌شهرباژار
رانیه‌سرچنار
رانیه‌زهاو
رانیه‌دربندیخان
سلسلة میدان سکرته
خورمیرد
رانیه‌ئاشتی
میرداو

ئەم خشتەیەی خوارەوە ژمارەی ئەو نیوەکۆچەرانەمان پێشان دەدا کە هاوینی ١٩٥٣ بۆ ئێران دەچۆن :

ناوی هۆز	ژمارەی مالّ	هەڕێمی هاوینەهەوار
هۆزی بابەکری سەلیم ئاغا	٦٠	کەڵی
هۆزی مەحمودی حاجی ئاغا	٥٠	باژێر
هۆزی حسەینی جوامێر ئاغا	٧	باژێر و سەردۆڵ
هۆزی ئەحمەدی حاجی باپێر ئاغا	١٥	کەڵی و بەردەسپیان
هەمتو	١٣٢	

ئەمە کەمتی ژمارەی ئەو نیوەکۆچەر و شوانانەمان پێشان دەدا کە لەو ساڵەدا هاتوچۆیان دەکرد ، ئەو دوایان هەمتو لە گوندەکان نیشتەجێ بوون .

لە پاش ساڵی ١٩٦٨ ئەمەش گۆڕا و بوە ترانس‌هیومانس Transhumance یەکی تەواو وەکو لە ناو چیاکانی ئەلپی ئەوروپا باوە . خاوەن مێگەلەکان ئیتر وازیان لە هاتوچۆکردن هێنا ، مێگەلەکانیان دایە دەس شوان ، کە هەر یەکە مێگەلی چەند کەسێکی لەگەڵ خۆیدا بۆ لەوەڕاندن لە کوێستانەکانی ئێران دەبرد ، لە مانگی ئەیلولدا دەگەڕانەوە سەر لەوەڕەکانی نێزیک گوندەکان[٣٢] .

(٣٢) فوئاد حەمە خورشید ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٩٤ – ٢٠٢ .

کۆچەرەکانی پارێزگەی هەولێر

خێڵە کۆچەرەکانی پارێزگەی هەولێر بەستراون بە قەزای شەقڵاوە و ڕەواندزەوە و بریتین لەمانەی خوارەوە :

هەرکی ، ستورچی ، خێڵانی و باڵەکی ؛ وا یەکە یەکە باسیان دەکەین :

هەرکی :

خێڵێکی گەورەی کۆچەرە ، بەڵکو ئێستا گەورەترین خێڵی کۆچەرە لە کوردستانی عیراق . ئەمانە وا گومان دەکرێ لە بنەڕەتدا خەڵکی هەرێمی شەمدینان لە تورکیا و مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕی ژوژئاوای باکووری (ڕەزائیە) بن لە ئێران . لە شەمدینان چەند گوندێکیان هەیە نێزیک سنووری عیراق لە باکووری قەزای زێبار . لە هەرێمی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ ژمارەی گوندیان زۆرترە .

هەرکیەکان هەتا ١٩٢٥ کۆچەری تەواو بوون . بێجگە لەوانەی کە لە ئێران و تورکیا و « هەرکی بنەجێ » لە ناحیەی مزوری باڵا کە نیشتەجێن ، ئەوانی تری هەموو زستان و هاوین ڕەشماڵنشین بوون ، خانویان نەبوو و خەریکی مەڕومااڵت بەخێوکردن بوون . لەپاش ١٩٢٥ کە تورکیا قەدەغەی هاتوچۆیانی کرد بۆ سەر زۆزانەکانیان کە کەوتونە قوژبنی باشووری ڕۆژهەاڵتی تورکیاوە ، لەوبەری ڕووباری حاجی بەگ کە دەبێتە سنوور لە ئێوان عیراق (ناحیەی برادۆستی قەزای

رەواندز) و تورکیا (ناحیەی شەمدینانی قەزای دیزەگەوەری ویلایەتی حەکاری) ، ناچار بۆن تەنیا بۆ ئێران بچن بۆ ئـــەو هەوارانە کە دەکەونە سەر سنوری عیراق و ئێران لە رۆژئاوای شنۆ وە بۆ سەر هـــەوارەکانی مەرگەوەرێ و تەرگەوەرێ . کە حکومەتی ئێرانیش پـاش ١٩٣٠ دەستی کردە زۆر کردنی باج ـ وەکو لەمەوپێش بێـژرا ـ وە تەگەرە دانان لەبەر دەمی هاتوچۆیان و گرتنی سنوور ، هەندێکی تریان لە ئێران لای خزمەکانیان مانەوە . ئێستا تێرە و باری هەرکیەکان بەم جۆرەی خوارەوەیە :

١ــ هەرکتی بنەجێ :

ئەمانە جـــێ نشینن لە ناحیەی مزوری باڵا لە بەشی باکوری قەزای زێبار و لە باشوری هەرکیە جێ نشینەکانی تورکیـا . لەوێ لە باکوری (ئەرگوش) چوار گوندیان هەیە : بێـــداو ، دری ، ســـتونێ و کێوێ . بێداو نیوەی لە عیراقە و نیوەی لە تورکیا ، گوندەکانی تری لە عیراقن خەڵکی ئەم گوندانە لە تێرەی سیدانین . ژمارەی ئەم هەرکیانە بەپێی ســەرژمێری ١٩٥٧ ، ٧٥ کەســـە کە ژمارەیێکی زۆر نزمە .

٢ــ هەرکتی سەرهاتی :

ژمارەی نێزگەی ٢٠٠٠ ــ ٢٥٠٠ کەس دەبێ ، زسـتانان تێزگ ئاوی بە ستۆرە (لە ناحیەی صەلاحەددین) و لە باکوری رۆژهەڵاتی

هەولێر دەبن . هەموو لە ژێر رەشماڵدا دەژین بێجگە لە چەند ماڵێك کە ئەمە چەند ساڵێکە لە دوو گوندی نێزیك بە ستۆرە کە (میراخور) و (رەشوانی ئەسعەدئاغا) ن لە خانوودا دەژین . ئەم دوو گوندە لە ناحیەی صەلاحەددینە ، ژمارەی دانیشتوانیان نێزیکەی ۱۵۰ کەسێکە کە تێکەڵاون لە هەرکی و زراری . لێرە هەرکیەکان هەندێ فەلاحەت دەکەن ، بەڵام زۆری رەنجبەرەکان هەرکی نین . هەندێکیتری لەم هەرکیانە لە ئێران لە مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ نیشتەجێن و خەریکی فەلاحەتن . کۆچەرەکان ژمارەیێکی زۆر مەڕ و کەمتر بزنیان هەیە لەگەڵ هێستر بۆ گواستنەوەی ژن و منداڵ و بار و رەشماڵ . مەخابن ژمارەی وام بە دەس نەکەوت لە بابەت ئەم ئاژاڵەوە کە بڕوای پێ بکرێ . کۆچەرەکان لە مانگی مایس بەرەو ڕۆژهەڵات دەبزوێن ، بە گەلی عەلتی بەگدا تێپەڕ دەبن هەتا دەگەنە دەشتی دیانە ، لەوێوە بە سەر گەردن حوشتر و سەری بەردێدا مل دەنێن هەتا دەگەنە سیدەکان (مەرکەزی ناحیەی برادۆست) ، لەوێشەوە بە سەر مێرگەمیر و روباری لولانا دەگەنە (گادەر) کە کەوتۆتە خوار شوێنی یەکبوونی سنووری عیراق و تورکیا و ئێرانەوە . لە گەڕوی ملەزەردە کە لە باکووری گادەرە هەر یەکە لەو سێ حکومەتانە مەرکەزێکی پۆلیسی سنووری هەیە . لە گادەرەوە هەرکیەکان دەچنە ناو ئێران و دەگەنە هەڕێمی گەلاز (لە ڕۆژهەڵاتی گادەر) و دامێنەکانی ڕۆژهەڵاتی چیای چارچەلی هەرکتی ، لەوێ چەند هەواریێکیان هەیە وەك بەردەسپیان و چەلی داران .

٣— هەرکتی سیدان :

١٥٠٠ کەس دەبن ، زستان لە ناحیەی حەریر رەشمالیان هەلدەدەن ، مانگی مایس بەرەو رۆژهەلات دەبزوێن وە لە مانگی حوزەیران بە هەمان ریگای هەرکتی سەرهاتا دەگەنە برادۆست ، لەوێوە بە سەر (دالانپەر)دا تێپەڕ دەبن و دەگەنە سەر هەوارەکانیان لە (بن‌بەرتی شێخان) کە لە هەرێمی زێوەیە لە ئێران . بە پێی سەرژمێرتی ١٩٥٧ هەرکیەکانی پارێزگەی هەولێر ٧١٣٦ کەسن .

٤— هەرکتی مەندان :

ئەمان زستانان لە ناحیەی سورچتی قەزای عەقرە لە ژێر رەشمالا دەژین . مانگی مایس دەبزوێن بۆ زۆزان ، هەندێکیان لە (دۆلەترشێن) لە باکوری ئاوی خواکورك لە ناحیەی برادۆست دەمێننەوە ، ئەو دوایان دەچنە ئێران . یەکێ لە هەوارەکانیان (شەهیدان)ە لە رۆژئاوای دالانپەر . بە پێی سەرژمێری ١٩٥٧ ژمارەی ئەم هەرکیانە ٣٠٩١ کەسە .

سۆرچتی :

زۆریان جێنشینن لە ناحیەی حەریر و (سۆرچتی) لەمبەر و ئەوبەری زێی بادینان (زێی‌گەورە) . بە سۆرچیەکانی دەشتی حەریر کە سەر بە قەزای شەقلاوەن (سۆرچتی سۆران) بەوانی ناحیەی

سۆرچی قەزای عەقرە (سۆرچی بادینان) دەبێژن . شێوەی (لەهجەی) سۆرچیەکانی سۆران لە هی خۆشناو ، بەڵام شێوەی سورچیەکانی بادینان لە هی عەقرەوە نێزکە .

ئێستا بەشێکی پچوک لە سۆرچی سۆران کە لە دەشتی حەریر دەژین هاتوچۆی زۆزان دەکەن . ژمارەیان بە ٢٠٠٠ تا ٣٠٠٠ کەس خەمڵ دەکرێ . ئەمانە یان نیوەکۆچەرن یان شوانی ترانس هیومانسکەرن . ئەم سورچیە رەوەندانە بە رێگای گەلی عەلی بەگدا ، بە سەر دیانە و مێرگەمیرا دەڕۆن هەتا دەگەنە (کێڵەشین) لە سەر سنوری عیراق و ئێران و لە رۆژئاوای شاری پچوکی (شنۆ) لە ئێران . لەوێوە دەچنە سەر هەوارەکانی مێرگەکاروان ، هەوارکۆن ، هەوارێ سامێ کە هەمۆ لە ناو سنوری ئێراندان .

خەیلانی :

خێڵێکی پچوکی کۆچەر و نیوەکۆچەرە . لە سەرژمێری ١٩٥٧دا ژمارەیان بە ٤٢٠ کەس دانراوە . زستانان لە دەشتی حەریرن لە رۆژئاوای باتاس ، لە حوزەیران دا لە ناحیەی برادۆستەوە تێپەڕ دەبن هەتا دەگەنە نێزک کێڵەشین ، لەوێوە دەچنە باکوری هەڵگورد ، باشوری کێڵەشین و شاخی سپیرێز کە لە ئێرانە . گرنگترین هەواریان لە سپیرێز ئەمانەن : هەوار بلندۆک ، هەوار سوڵتان ، دۆڵەمەیدان و قەنتەرە .

باڵەکان :

بە پێی سەرژمێری ١٩٥٧ (١١٠٠) کەسن . زستان لەگوندی باڵەکیان دەژین لە باکووری رۆژئاوای رەواندز وە لە رۆژهەلاتی گەلتی عەلتی بەک . زۆریان نیوەکۆچەرن ، هاوینان باڵەکیان بەجێ دەهێڵن ، بە سەر برادۆستا دەگەنە گەرەکی بارزین (بەربەزین) لە رۆژهەلاتی سیدەکان لە سەر سنووری عیراق و ئێران . بەشێکیان دەچنە (کانێ سەربەستێر) کە لە ئێرانە . بەشی دووەمی لە عیراق دەمێنێ لە هەوارەکانی (هورێ) و (بڕەشکین) کە لە بەینی ناحیەی باڵەک و برادۆستدایە .

کێشە و ناخۆشی کۆچەرەکان و چارەکردنیان

١— گرنگترین کێشەی کۆچەرەکان قەدەغەی حکومەتی ئێران و تەگەرە خستنیەتی لە بەر دەمی هاتوچۆیاندا . دەبێ حوکومەتی عیراق بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ئێران بۆ لابردنی ئەم جۆرە ناخۆشیانە بۆ ئەوە کە خاوەن ماڵاتی عیراق بتوانن لە لەوەڕەکانی ئێران هاوینان سوود وەرگرن . بەرامبەر ئەوە دەبێ عیراق رێگا بدا بە شوانەکانی ئێران بۆ ئەوە کە زستانان مێگەلەکانیان ـ بۆ وێنە لە هەرێمی مەندەلی ـ بۆ سەر لە وەڕەکانی عیراق بهێنن . ئەم بابەتە دەستەوایە باوە لە ناوەڕاستی ئەوروپادا لە بەینی ئیتالیا ، ئەوستریا ، ئەڵمانیا و سویسرەدا . بۆ لێرەش دۆ دراوسێی موسڵمان سوود لە یەک وەرنەگرن !! لەپاشا دەبێ هەردوولا باج هەڵگرن لەسەر ئەو

مێگەلانە کە سنور تێپەڕ دەکەن .

۲— چاککردنی ڕێگای هاتوچۆ لە هەرێمەکانی نێزک سنور بۆ ئەوە کە مالات بـە ئاسانی ، هەندێ جار بە (ئوتوموبێل ، لە گەرمیانەوە بگوێزرێنەوە بۆ کوێستان . هەندێ لە سەرۆکەکانی هەرکتی ـ بۆ وێنە ـ ئێستا مانگی حوزەیران لە دەشتێ حەریرەوە بە ئوتوموبێل دەچن بۆ حاجێ ئۆمەران ، لەوێوە ئاوای ئەودێو دەبن بۆ ئێران و دەچنە سەر هاوینەهەوارەکانیان . بێتو ڕێگای دەشتی حەریر ـ گەلێ عەلێ بەگ ـ حاجێ ئۆمەران چاک بکرێ ، بەشێک لە هەرکتی و سورچێ و خەیلانێ دەتوانن بە ئوتوموبێل مالاتەکانیان بگەیەنن دەشتی دیانە و رایەت کە نێزکن لە هاوینەهەوارەکانیان .

لە پاشا ڕێگای سەری بەردێ ـ سیدەکان ـ لولان ڕێگای هەموایێ هەرکتی ، سورچێ و خەیلانیە . لەبەر ئەوە چاک کردنی ئەم ڕێگایە هەم دەبێتە هۆی ئاسان کردنی هاتوچۆ و گواستنەوەی مێگەلەکان ، هەمیش دەبێتە هـۆی بۆژانەوەی ناحیەی برادۆست کە لەبەر بێ ڕێگایێ لاتەریک ماوە و دانیشتوانی هەژار و نەخوێشن ، نە لە خزمەتی میرێ سود وەردەگرن ، وە نە دەتوانن بەرهەمی خۆیان وەک ڕۆن ، پەنیر ، هەنگوین ، خورێ ، داری سپێدار ، میوەی تـەڕ و وشـک بەئاسانی بگەیێننە (دیانە) تاکۆ لەوێوە بێگەیێننە هەولێر و بەغـدا .

۳— هەڵـکەندنی بیری ئیرتیوازێ لەو لەوەڕانەدا کە لە ئاوەوە

دۆرن تاکتۆ ستۆدیان لێوەرگیرێ وەك هەرێمی رۆژهەلاتی باکووری هەولێر .

٤— پەرەپێدان بەخـــزمەتی بەیتار بۆ نەهێشتنی نەخۆشی و دەردی ئاژاڵ .

٥— چاك كردنی رەسەنی ئاژاڵ بە هێنانی بەران و تەگـەی باش كە خورێ و مۆیان زۆرتر و باشتر ، شێریان زۆرتر یان بـە كێشان قورسترن لە هێ خۆیان .

٦ـ باش كردنی لەوەڕەكانی گەرمیـان بە تەرخان كردنی هەرێمە بەردەلانیەكان بۆ لەوەڕ ، چاك كردنی ئەو لەوەڕانە بە دابەش كردنیان بە چەند بەشێكەوە وە قەدەغە كردنی هەر بەشێك بۆ ساڵێك بۆ ئەوە كە رەوەكە باشەكانی تێدا ببوژێنەوە و بەرزبنەوە ، وەكتۆ ئێســـتا فەرمانگەی كشـــتوكاڵ خەریكیەتی لەو هەرێمە كە ١٥ كیلۆمەتر لە رۆژهەلاتی شاری هەولێرەوە دۆرە .

رۆژنامەی (التآخی) رۆژی ١٣/١/١٩٧٣ ئەم باســـەی بڵاو كردەوە : « قرر المجلس الزراعي لمحافظة أربيل تشكيل لجنة لتحديد الأراضي غير الصـالحة للزراعة و تخصيصها كمرعى لمواشي العشـــائر الهركية وذلك دعماً للثروة الحيوانية . » . ئەمە باسێكی خۆشە وە غەم خواردنی ئەنجومەنی كشتوكاڵی هەولێرمان پیشان دەدا ، هیوامان وایە جێبەجێ بكرێ وە ئەو سامانە باشـــە كە خێڵی هەركتی هەیەتی لە كیسەمان نەچێ .

۷ـ خێڵەکانی هـــەرکی و بۆڵتی‌و بابۆڵتی لە زۆزان چەشـــنە پەنیرێـکی نایاب دروست دەکەن کە ناوی پەنیری ژاژی یان پە نیری وشاریە . ئەم پەنیرە باشـە تام خۆشە زۆر لە پەنیری رۆکفۆردی (Rockford) ئەوروپا و (Blue Cheese)ی ئەمـــەریکا دەچێ . دەبێ فەرمانگەی کشـــتوکاڵ پسپۆری تایبەتی بنێرێ تاکتو دروست کردنی ئەم پەنیرە لە زۆزان باشتر بکرێ و کۆچەرەکان بتوانن پایەی بەر هەمتی ئـــەم پە نیرە بەرز کەنەوە . لە عیراق ئێســـتا خواستێـکی زۆر هەیە بۆ ئەم پەنیرە ، لەبەر ئەوە دەبێ بەرهەمەکە فرەوانتر بکرێ تاکتو پێویستی بازاڕی عیراقی پێ پڕبکرێتەوە .

عیراق ئێستا پێویستی‌یەکی گەورەی بە زۆرکردنی ئاژاڵی ماڵتی هەیە لەبەر زۆربۆنی ژمارەی دانیشتوان ، بەرزبۆنەوەی پلەی ژیان و پەرە ســـەندنی گۆشت خواردن . لەبەر ئـــەوە دەبێ هەموڵایێ (وەزارەتی کشتوکاڵ ، پارێزگەکان و ئەنجومەنەکانی کشـــتوکاڵ) خەریکی چاك کردنی بارتی مەڕومااڵت و لەوەڕ و شـوانەکانمان بن .

* * * * * *

ـ ملخص المقال ـ

الانتقال الفصلي والبداوة في محافظتي السليمانية واربيل

العضو العامل : د. نابي عباس أحمد

يقوم عدد قليل من مربي الاغنام في شمالي العراق بالتنقل مع حيواناتهم بين المراعي الشتوية في السهول والمراعي الصيفية على سفوح الجبال العالية الواقعة على الحدود العراقية ـ التركية والحدود العراقية ـ الايرانية والمناطق القريبة منها . ويجري هذا التنقل من الوجهة الاجتماعية في ثلاثة أشكال : البداوة الكاملة ، شبه البداوة والانتقال الفصلي .

نعني بالبداوة الكاملة تنقل جماعة رحالة من مربي الحيوانات بين المشاتى والمصايف على شكل مجموعات تنتمي إلى قبائل وأفخاذ معينة ولا تمارس هذه الجماعة الزراعة الا نادراً .

ونعني بشبه البداوة ممارسة تلك الجماعات الرحالة الزراعة بجانب تربية الحيوان .

ونعني بالانتقال الفصلي Transhumance قيام جماعة من مربي الحيوانات ـ الذين لاينتمون الى قبائل وافخاذ معينة ـ بالتنقل بين المشاتي الواقعة في السهول والمصايف الواقعة في سفوح الجبال العالية . ويسود هذا النمط من التنقل الفصلي في المناطق الجبلية الواقعة في العروض الوسطى في العالم بين خط عرض ٣٠° و ٤٨° شمالا وجنوباً وذلك للافادة من المراعي النضرة الخضراء الواقعة على سفوح الجبال العالية فوق نطاق الغابات في موسم الصيف .

ولا يوجد الآن في شمالي العراق الا عدد قليل من الجماعات البدوية الكاملة مثل قبيلة هركي ، بولي و بابولي . اما الجماعات المتنقلة الاخرى فمعظمهم من نوع اشباه البدو لجمعهم بين التنقل والزراعة . وقد تطور هذا النظام الاجتماعي أخيراً ـ في منطقة بشدر مثلا ـ الى نظام واضح للانتقال الفصلي بعد استقرار أصحاب المواشي في القرى ومزاولتهم الزراعة وترك القطعان تحت رعاية رعاة يقومون بسوقها في شهر مايس إلى المصايف الواقعة على الحدود العراقية ـ الايرانية وقيامهم هناك برعي الحيوان وجمع الدهن والجبن ثم العودة بها في شهر ايلول الى القرى الواقعة في السهول .

القبائل والجماعات المتنقلة في محافظة السليمانية :

نجد في هذه المحافظة مجموعتين من القبائل الرحالة :

١ـ عشيرة جاف التي تقع مشاتيها في قضاء كفري وكلار وسهل شهرزور وتقع مصايفها في قضاء پينجوين .

٢— بعض القبائل في قضاء رانية التي تنتقل بين هذا القضاء والجبال الواقعة على الحدود العراقية ـ الايرانية .

لقد هاجرت عشيرةجاف فى القرن السابع عشر من منطقة جوانرو الايرانية الواقعة بين حلبجة وكرمانشاه الى سهل شهرزور ومنه الى سهول قضاء كفري . وكانت تنتقل بين هـذه المشاتي والمصايف الواقعة بين سقز و سنه في شرق محافظة السليمانية في ايران ويقدر عددهم في اوائل القرن العشرين بحوالي ١٠٫٠٠٠ عائلة استقر ثلثهم في مشاتيهم وكان ينتقل ثلثاهم بصورة بدوية أو شبه بدوية بين المشاتي والمصايف . وبعد ان وضعت الحكومة الايرانية العراقيل امام تنقل هذه الجماعات ولاسيما في سنة ١٩٣١ وما بعدها اضطر عدد كبير من القبائل الرحالة الى الاستقرار في المشاتي . فانخفضت نسبة الرحالة منهم سنة ١٩٢٢ من الثلثين الى الثلث ثم انخفض عدد المتنقلين منهم سنة ١٩٤٧ الى ٥٠٠٠ وفي سنة ١٩٧٢ الى اقل من ٣٠٠٠ . وكان المنع من الدخول الى المراعي الايرانية العامل الرئيس لاستقرارهم وصيرورتهم فلاحين مستقرين يزاولون الزراعة وتربية الحيوان .

وتسكن في قضاء رانية في فصل الشتاء عدد من القبائل الرحالة اهمها قبائل بلباس المتحدة المتكونة من منكور ، مامش وبيران ومجموعة قبائل آكو المتكونة من آكو الاصلي ، مَنْدَمَرَ ، شاروشي ، بولي وبابولي . معظم عائلات هـذه القبائل مستقرة في الوقت الحالي ولا يتنقل منهم الا عدد محدود من عائلات منكور ، مامش ، بيران ، آكو وشاروشي على شكل اشباه البدو . وتترك نسبة كبيرة من عائلات مَنْدَمَرَ وكل عائلات بولي وبابولي مشاتيها متوجهة الى المصايف .

وتقع مصايف هذه الجماعات ـ ما عدا بولي وبابولي ـ في جبال قنديل الواقعة على الحدود العراقيـــة ـ الايرانية . اما قبيـلة بولي وبابولي الصغيرة ـ البالغ عـدد عائلاتها حوالي ٣٠٠ فتقع مصايفها في منطقة (زنوي شيخ) الواقعة في الحدود العراقيـــة ـ الايرانية شرق قضـاء رواندز . العائلات الرحالة لقبيلة مَنْدَمَرَ وقبيلتا بولي وبابولي لاتمارس الزراعة الا قليلا لذلك تعتبر جماعات بدوية كاملة .

القبائل والجماعات المتنقلة في محافظة أربيل :

تمارس قبائل هركي ، سورچي ، خيلاني وبالـكي في هـــذه المحافظة التنقل بين المشاتي الواقعة في سهل حرير وشمال شرق أربيـل وسهل ديانة والمصايف الواقعة على الحدود العراقية ـ الايرانية في شمـال شرق رواندز . وتعتبر عشيرة هركي اهم هذه العشائر ويمارس مـعظم عائـلاتها البـداوة الـكاملة . وتقـع مراعيها الصيفية في تركيا ، شمال قضاء رواندز وفي سهل مَـرْگَـوَر وتَـرْگَـوَر الواقعتين بالقرب من بحيرةالرضائية في اذربايجان الايرانية . وقد منعت الجمهورية التركية منذ ١٩٢٥ استفادة هذه القبائل من مراعيها في تركية ، لذلك لا يصطافون في الوقت الحالي الا في المراعي الواقعة على الحدود العراقية ـ الايرانية القريبة من الحدود و الواقعة في منطقة رضائية .

ان معظم عائـــلات قبيلة سورچي مستقرة في سهل حـرير في محافظة أربيل وسهل عقره في محافظة نينوى . ولا ينتقل الاعدد قليل من عائلاتهم على شـــكل اشباه البدو ورعاة متنقلين انتقالا فصلياً الى

مصايفهم الواقعة بالقرب من الحدود العراقية الايرانية في شرق ناحية برادوست .

والخَيْلاني قبيلة صغيرة يبلغ عدد افرادها حوالى ٥٠٠ شخصاً ، يمارس قسم منهم الزراعة بجانب تربية الحيوان وتنتقل الجماعات الرحالة منهم من مشاتيها الواقعة في سهل حرير الى جبل سپيريز الواقع في ايران بالقرب من الحدود العراقية .

وان قبيلة بالكي الصغيرة تسكن قرية باَلِكيان وبلغ عدد افرادها ١١٠٠ حسب تعداد ١٩٥٧ . تقع هذه القرية في شمال غرب رواندز بالقرب من مضيق گلی علیك ويتنقل معظم العائلات صيفاً الى مصايف هورني وبَرَشكين الواقعتين بين ناحية برادوست وبالك في شمال شرق رواندز .

اهم مشاكل الجماعات الرحالة :

١ــ منعهم من الدخول الى المراعي التركية والايرانية . فعلى الحكومة العراقية الدخول في مفاوضات مع حكومة ايران لتذليل العقبات امام دخولهم الي المرعى الواقعة بالقرب من الحدود .

٢ــ تحسين طرق المواصلات بين المشاتي والمصايف ولاسيما طريق أربيل ـ ديانه ـ سيَدكان ـ الحدود الايرانية ليتمكن بعض العائلات الفنية نقل مواشيها بواسطة الشاحنات .

٣ــ حفر ابار ارتوازية في المشاتي للافادة من المراعي التي تتوفر فيها مياه سطحية مثل منطقة شمالي شرقي أربيل .

٤— تحسين أجناس الحيوانات باستيراد اجناس ممتازه من الخارج وتوزيعها على الجماعات الرحالة .

٥— تحسين حالة المـــراعي والعناية بها بتقسيمها الى أقســام وتسييجها ومنع دخول المواشي الى القطع المسيجة (المحرمة) لمدة معينة لتنعش منها الاعشاب ، وتنمو وتزدهر .

٦— تدريب الجماعات الرحالة لرفع انتاج الانواع الجيدة من الجبن ولاسيما جبن هوشارى الذى يضاهي أحسن انواع الجبن الاوربى .

ان عدد سكان العـــراق في ازدياد مستمر مما يؤدى الى ارتفـاع الحاجة إلى اللحوم ومنتجات الألبان لذلك يجب على الدوائر المختلفـة في وزارة الزراعة و مجالس الزراعة في المحافظات الاهتمام بأمر مربى الحيوانات وايجاد مراعى جديـدة والعناية بالمراعى الحالية ليتمكن هؤلاء من رفع كمية الانتاج من اللحم والجبن وغيره .

* * * * * *

کورتە بیرۆیەک کوردناسی لە ئەڵمانیادا [1]

د. جەمال نەبەز [*]

کە «کۆڕی زانیاری کورد» [2] ڕۆی ئەوەی لێ نام وتارێک

---

(١) کە ئەڵێم «ئەڵمانیا» مەبەستم تەنیا ئەو دۆ چوارچێوە سیاسیەیە نیە کە ئەمڕۆ بە ناوی «کۆماری یەکگرتوی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا» و «کۆماری دێمۆکراتی ئەڵمان» واتا ـ ئەڵمانیای ڕۆژهەلاّت ـ هەوە ناونراون. بەڵکو مەبەستم لەو وڵاّتانەی تریشە کە گەلەکانیان بە زمانی ئەڵمانی قسە ئەکەن. واتا لێرەدا باسێکی کوردناسی لە نەمسە و تا ئەندازەیەکیش لە بەشی ئەڵمانیای سویسرەدا ئەکەم.

(*) ماموّستا جەمال نەبەز یەکێکە لە نوّسەرە کوردە ناسراوەکان و خاوەنی چەند بەرهەمێکی زانستی و ئەدەبی و کۆمەلاّیەتیبە و ئێستا لە (زانکۆی ئازاد) لە بەرلین ماموّستای ئێتنۆلوّژی گەلانی ئێران و کولتوّری کوردە. ماموّستا نەبەز لە سەر داوای کۆڕ ئەم وتارەی بوّ زمارە دوّی گوّڤارەکەمان ئامادە کرد.

(٢) کاشکی ئەم ناوە «کۆڕی زانست» بوایە لە جیاتی «کۆڕی زانیاری». چونکە بە ڕاستی وشەی «زانیاری» (Wissenschaft) نیە، بەڵکو «معرفة»یە (Kenntnis). بێجگە لەوەش ئەبوّ لە ئێوانی وشەی «زانیاری» و «کورد»دا ئێشانەی خستنە پاڵ (اداة الاضافة) کە=

بۆ گۆڤارەکەی لە بارەی کوردناسییەوە لە ئەڵمانیادا بنوسم ، هەڵبژاردنی وشەی « کوردناستی » Kurdenkunde م لە جیاتی « کوردەوانتی »[٣] Kurdologie بە هەڵبژاردنێکی بەجێ هاتە

= (ی)یە دابنرایە . ئەو حەلە « کۆژی زانست » یا « کۆژی زانیارتی » بە یەک وتەی دۆ وشەیی دانراو ئەخرایە پاڵ وشەی « کورد » . واتا « ئەم کۆژێ زانستە هی کوردە » یا « سەر بە کوردە » . ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە نیشانەی خستنە پاڵ (ی î یا لا ـ کە لە لاتینیدا یەکەمیان پاش پێتی بۆدەنگ دووەمیان پاش پێتی دەنگدار بەکار ئەهێنرێ) لە (هی hî)یەوە هاتووە . واتا کە ئەڵێیت : « کتێبێتی من » ئەمە لە بنەڕەتەوە : « کتێب هی من » بووە ، ئەوجا (ە) کەی لەسەر زمان بە پۆی (دەستوری چۆنی دەنگ بەرەو سۆک بۆن و سووان) کە دەستورێکی زمانەوانییە ، لاچووە .

[کۆژی زانیاری کورد دەمێکە بیرێ خۆی لەم بارەوە بلاوکردۆتەوە

(بڕوانە : «زانیاری» ژمارە ٤ ، ساڵی ١٩٧١ ، ل ٥٧ ـ ٧١) ـ لێزنەی گۆڤار ـ]

(٣) وشەی « کوردەوانتی »م لەسەر کێشی « زمانەوانتی » و « ئاشەوانتی » و « مەڵەوانتی » داڕشت . هیوام وایە ئەو مەبەستە بگرێتەوە کە لە وشەی « کوردەڵەجی » Kurdology ئینگلیزی و « کوردۆلۆگی » Kurdologie ئەڵمانیدا دەست ئەکەوێ . ئەو دەمە وشەی « کوردناستی »مان بۆ ئەمێنێتەوە و ئەتوانین لە جیاتی « التعریف بالاکراد » یا «فن معرفة الاکراد » کە ئەڵمانەکان Kurdenkunde ی پێ ئەڵێن بەکار بهێنین . چونکە پێم وایە « کوردناستی » ناسینتی کورد ئەگرێتەوە نەک « زانستی لێکۆڵینەوە لە کورد و بەتایبەتی زمانەکەی » کە بە ئینگلیزی « کوردەڵەجی »ی پێ ئەڵێن و منیش ناوم ناوە « کوردەوانتی » هەروەها « زمانناستی » ناسینتی زمان ، واتا Sprachkunde ئەگرێتەوە ،=

بەرچاو . چونکە « کوردناسی » وتەیەکە مانایەکی فراوانی هەیە و هەمۆ ئەو هەوڵ و تێکۆشان و چالاکی و کاروبارانە ئەگرێتەوە کە

= نەك « زانستی لێکۆڵینەوە لە زمان » کە بە کوردی « زمانەوانی »یە و بە ئەڵمانی Linguistik ی بۆ ئەڵێین . هەر لێرەدا ئەمەوێ بڵێم کە « زانستی زمان »یش بەرامبەر وشەی « علم اللغة »ی عەرەبی و Sprachwissenschaft ی ئەڵمانی بەکار ئەهێنم کە جاروبار Philologie یشی بۆ ئەڵێین ئەجا بە پێویستی ئەزانم ئەوەش بڵێم کە ئەو وشانەی دائەڕێژرێن ئەبێ پڕ بە پڕی ئەو مانایانە بن کە بۆیان دانراوە بۆیە ئەوانەی وشە دائەڕێژن پێویستە زمانەوان بن نەك تەنیا کوردی زان . هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەبینین هەندێ لە کوردی زانەکانمان جاروبار ئەکەونە هەڵەی زۆر سەختەوە . بۆ وێنە : جارێکیان لە گۆڤارێکی کوردیدا وشەی « کوردشوناسی » و « زمانشوناسی » و ... هتدم بەرچاو کەوت کە لەجیاتی « کوردناسی » و « زمان ناسی » و ... هتد بەکار هێنرابوون . بێگومان ئەمانەی ئەم وشانەیان داڕشتووە ، شارەزای زمانی فارسی و ئێرانەوانی نەبوون ، ئەگەنا هەستیان بەوە ئەکرد کە « شوناسی » ، کە بە فارسی شناسی ئەنوسرێ - پاشکۆیەکە لە کار (فعل)ی « شناختن »ی فارسییەوە هاتووە کە بە مانای « ناسین »ی کوردی دێ لەبەر ئەوە « شناسی » (شناس) کوردی نیە ، بەڵکو فارسییەکی یەکجار پەتییە . هەر لەبەر ئەمەیە ئەگەر ویستبان وشەی « هویة »ی عەرەبی بکەینە کوردی ، نابێ بە « شوناسنامە » وەری بگێڕین ، بەڵکو بە « ناسنامە » . هەندێ جار هەیە کوردی زانەکانمان وشەیەکی کوردی زۆر رەسەن بە عەرەبی ئەدەنە قەڵەم . بۆ وێنە : کاك عەمەدی مەلاکەریم جارێکیان نوسیبووی : وشەی « قسە »ی کوردی لە لە « قصة »ی عەرەبییەوە هاتووە . ئەمە راست نیە . « قسە »ی کوردە=

بۆ ناساندنی کورد بە ئەڵمان دراون . سا ئیتر لە ڕوی زمانەوانێ و ئەدەبیاتەوە بۆبێ ، یا لە بارەی مێژوو و سیاسەتەوە بۆبێ ، یا لە لایەن

= لە وشەیەکی ئێرانێ کۆنەوە وەرگیراوە و پەیوەندی « قسە » بە « قصە »وە ئەمەندەی پەیوەندی « شێکسپیر »ە بە « شێخ زوبێر »ەوە یا « فەلەستین » بە «فەلەستێن»وە . فەلەستین بۆیە وای بۆ ئەڵێن چونکە گەلێك بەناوێکی نزیك لەم ناوەوە چەند سەدەیەك پێش هاتنە جیهانی مەسیح لە بەینێ سووریا و یافادا ئەژیا ، نەك لەبەر ئەوەی فەلە « گاور » لەدەست موسوڵمانیان سەندووەتەوە .

هەروەها لە جۆیەکێ تردا دەمەتەقێیەکی دوورودرێژم بەرچاو کەوت لەسەر وشەی « تیپ » و « پیت » . ئایا کامیان ڕاستترە ! ئەوانەی لایەنگیری « تیپ » بۆن ئەیان وت : « پیت » ڕاستترە ، چونکە « تیپ » لە « تیپۆس » ی یۆنانییەوە نزیکە . هەرچی ئەوانی تریش بۆن ، ئەیان وت ئەمە وانیە ، چونکە کورد نالێ : « تیپێکی نەخوێندووە » بەڵکو ئەڵێ : « پیتێکی نەخوێندووە » . ڕاستییەکەی ئەوەیە « تیپ » و « پیت » هەردوکیان ڕاستن و هەردۆ لاش ڕاست ئەکەن . « تیپ » وشەیەکی کرمانجی سەرووە و « پیت »یش وشەیەکی کرمانجی خوارووە (واتا سۆارنیە) . کامیان کۆنترە لە باری ئێتیمۆلۆژییەوە ئەوە باسێکی ترە . بەڵام ئەوە هەیە ئەم وشەیە « جۆگۆڕکێی دەنگ »ی بە سەردا هاتووە ، کە ئەمەش ڕۆداوێکە لە هەموو زمانێکدا هەیە و لە « زمانەوانێ »دا « مێتاتێز »ی پێ ئەڵێن (کە لە بنەڕەتەوە وشەیەکی یۆنانییە) ، وێنەی ئەمەش لە هەردۆ شێوە گەورەکەی زمانی کوردیدا هەیە . بۆ وێنە : سۆرانییەکان ئەڵێن : « لەکن من Le kin min » کەچی کرمانجەکان ئەڵێن : « لنك من Linik min » واتا « نك Nik »و=

هونەر و کۆمەڵایەتییەوە بۆبێ ، یا تەنانەت وتاری پڕ لە دەنگوباسی ، درۆ یا راستی ، ناو رۆژنامە بۆبێ . لە کاتێکدا کە وشەی « کوردەوانێتی » ، بە زۆرێ ، بەشێکی تایبەتێتی ئەو کارە ئەگرێتەوە ، کە ئەوەش « زمانەوانێتی » یە ، واتا Linguistik[٤] .

وا من لەم وتارەدا سەرنجێکی یەکجار سەرپێیێتی لە کوردناسێتی ئەڵمانیا ئەگرم و پێشکەش خوێنەرەوەکانی ئەم گۆڤارەی ئەکەم :

= « کن Kin » هەر یەك شتن ، بەڵام دەنگەکان جێ گۆڕکێیان بێ کراوە . هەروەها وشەی « خیز Xîz »ی کرمانجی و « زیخ Zîx »ی سۆرانی . یا وشەی « دوایێ Duwayî » سۆرانێ و « داوی Dawî » کرمانجی . لەمەش بترازێ هەر لە سۆرانێ خۆیدا ئەم جێگۆڕکێیی دەنگە هەیە وەك « دەرۆیش » لە کوردێ سلەیمانی و « دەورێش » لە کوردێ سنەدا . ئەوجا « تەنیا » ی سلەیمانێ و « تەینا »ی گەرمیانێ . هەروەها وشەی « سەڵوەت ئاوا » ـ کە گوندێکە لە نزیك سنەوە ـ لە « صولت آباد »وە هاتووە ، وەك چۆن وشەی « دەوڵەت » و « دەڵوەت » لە جیاتی یەکترێ بەکار ئەهینرێن . داخەکەم ئەم شوێنە شوێنی ئەوەنیە کە لەم باسانە بدوێم . ئەگەر هاتو رۆژێك دەستم پەرژا و باسێکم بەتایبەتێ لەسەر « زمانەوانێتی » نوسی ، ئەوا دیارە دڵێ باسی لەم بابەتانە رۆن ئەکەمەوە .

(٤) هەر لە زمانێتی ئەڵمانێتدا بۆ وشەی « Linguistik » واتا « زمانەوانێتی » وشەیەکی تریش بەکار ئەهێنرێ کە ئەوەش « Vergleichende Sprachenwissenschaft »ە ؛ واتا « زانستی بەراوردکاریێ زمانان » کە بە عەرەبێتی « علم اللغات المقارن » وە یا « فقه اللغات »ی پۆئەڵێین .

هەرچەندە ناوی کورد لە ناو ئەڵمانەکاندا بە زۆرێ لەم دە ساڵی دووایێیەدا و بەهۆی گۆڕانی باری سیاسی کوردستانەوە کەوتووەتە سەر زمانی خەڵکی و چووەتە ناو گۆڤار و رۆژنامەکانیانەوە ؛ بەڵام هەوڵدان بۆ ناساندنی کورد بە ئەڵمان مێژوویەکی کۆنی هەیە لەم ولاتەدا . دوَر نیە ئەو « گەشتنامە Reisebuch » یەی کە لە ساڵی ١٤٧٣دا لە لایەن زێڕینگەری[٥] باڤاریەوە Johann Schiltberger (١٣٩٤ — ١٤٢٧) بڵاوکراوەتەوە ، کۆنترین سەرچاوەیەکی ئەڵمانی بێ کە ناوی کوردی تێدا هێنراوە .

هەروەها یەکێك لە سەرچاوە هەرە کۆنەکانی ئەڵمانیا و ئەوروپا کە لە بارەی کورد و ولاتەکەیەوە ئەدوێن ، راپۆرتێکە بە بۆنەی یەکێك لە جەنگەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە لە ژمارە (٣٨)ی گۆڤاری « Türchis-Estats - und Kriegs - Bericht » دا لەلایەن Thomas von Wiering ناوێکەوە لە هەمبورگ ، لە مانگی شوباتی ١٦٨٤ دا بڵاو کراوەتەوە .

لە سەدەی هەژدەهەمی فەرەنگیدا چەند سەرچاوەیەکی ئەڵمانیمان بەرچاو ئەکەوێ کە لە بارەی کوردەوە ئەدوَن . یەکێك لەمانە باسی

(٥) وشەی « زێڕینگەر » کە خەڵکی موکریان بەکاری ئەهێنن ، بە لای منەوە راستترە لە وشەی « زەرەنگەر » کە خەڵکی سلەیمانی بەکاری ئەهێنن چونکە وشەی « زێڕ » کوردییە ، نەك « زەڕ » . زەڕ (زر) وشەیەکی فارسییە بەرامبەر « زێڕ »ی کوردی .

گەشتێکە کە نیبور Niebuhr ناوێك کردوویەتی بۆ ولاتی عەرەب و ئەو ولاتانەی دەرودراوسێی ولاتی عـەرەبن. لە بەشی دووەمی ئەو گەشتنامەیەدا کە لە ١٧٦٦ دا دەرچووە ، تۆسەر باسێکی لەسـەر کوردیش تۆستووە[٦]. بێرگ Bergh ناوێـکیش گەشتێکی کردووە بە کوردسـتان و ئەرمەنستان و گورجستان و ئەنەدۆڵ و عێراقدا و نامێلـکەیەکی لەو بارەیەوە تۆسـیوەتەوە و لـە ١٧٩٩دا بلاوی کردۆتەوە . ئـەم کتێبە گەلێ نیـگاری جوانی تێـدایە و دۆ نەخشەشی لەگەلە[٧] .

لە سەدەی نۆزدەهەمی فەرەنـگیدا ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی بە زمانی ئەلمانی تۆسراومان لەسەر کورد و کوردستان دەست ئەکەوێ. راستیەکەی لەم سەدەیەدا نەك هەر ژمارەیەکی زۆر لە زانا ئەلمانەکان لە بارەی زمان و ئەدەبیات و مێژوی کوردەوە خەریکی لێـکۆلینەوە بۆن و بەس ، بەڵـکو گەلێك لەو ئەلمانانەی رێیان کەوتووەتە کوردستان ، سـا ئیتر بە ئیشوکاری تایبەتی خۆیان بۆبێ ، یا بۆ پشکنینی زانستانە بۆبێ ، یا بۆ گەشتوگێڵ بۆبێ ، یا بۆ ئیشوکاری نەینی و سیاسەتبازی دەولەتەکانیان بۆبێ ، لەسەر کورد و ولاتەکەی ،

(٦) Niebuhr : Reisebeschreibung nach Arabien und anderen umliegenden Laender, Teil II (Die Kurden), 1766 .

(٧) Bergh, J. : Anatoljen, Georgien, Armenien, Kurdistan, Irak und Al. Dschesira, 1799 .

کەمو زۆر ، چاك یا خراپ ، توسێنیان بۆ بەجێ هێشتووین .

ئەوەشمان نابێ لە بیربچێتەوە کە چیرۆك‌نوسی ئەڵمان کارڵمای (١٨٤٢ — ١٩١٢) بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەی « بەناو کوردستانی کێوێ » دا[٨] ناوی کورد و کوردستانی نەك هەر لە ناو ئەڵمانەکاندا ، بەڵکو لە هەمو ئەوروپادا و لە سنوورێکی یەکجار فراواندا بڵاوکردەوە . ئێستەش کە بەهەر ئەڵمانێك بڵێیت « کوردم » و نەزانێ کورد چێیە و لە بارەی کوردەوە هیچی نەبیستبێ ، ئەگەر هاتو پێت وت : « ئەی کتێبەکەی کارل مایت نەخوێندۆتەوە ؟ » دەستبەجێ ناوی کوردستانی ئەکەوێتەوە بیر و دەست ئەکا بە پێکەنین .

ئەوی راستی بێ ئەم چیرۆکە هەرچەندە لە چیرۆکێکی ئەفساناوی و باسی دێو و درنج ئەچێ ، چونکە نوسەرەکەی تەواوی ژیانی خۆی بۆ نوسینی ئەم جۆرە چیرۆکانە تەرخان کردووە ، بێجگە لەوەش خۆی نە لە ناو کورددا ژیاوە و نە کوردستانیشی بە چاو دیتوە ، بەڵکو دەنگوباسەکانی تەنیا بە دەمێ لە داستان گێڕەوەکانی ئەو سەردەمە بیستووە . لەبەر ئەوە هەندێ لە قسەکانی زیاتر لە قسەی هەڵەقومەڵەق ئەچن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ لایەنی باشی رەوشتوخۆ و جۆری بیرکردنەوەی کوردی پێشان داوە ، وەك

(٨) ناوی کتێبەکە بە ئەڵمانی « Durchs Wilde Kurdistan » ە . بەڵام وشەی « wild » ی ئەڵمانی لێرەدا مانای « دڕندەو جانەوەر » نیە ، بەڵکو زیاتر « کێوێ و رەمەکی » ئەگرێتەوە . وانا وڵاتێکی خواکرد کە دەستی شارستانێتی نەیگەیشتووەتێ .

میواندارێتی و هاوژێیەتی و ئازایەتی و وەفادارێتی . ئەگەرچی سـڵی لەوەش نەکردۆتەوە کە کورد تێکڕا بە جەردە و ڕێگر بداتە قەڵەم . هەر لەم چیرۆکەدا زۆرداری و نالەباری سـوڵتانەکانی عوسمانلێشی پیشان داوە و دەری خستووە کە کورد زۆر هەڵ ئەخەڵەتێن و بە قسـەی خۆش و زمانی لۆس تەفرە ئەدرێن . جا ئەوەی ئەم چیرۆکەی زیاتر لە جاران خستە ناو ناوانەوە ، ئەوەبۆ کە شەش حەوت سـاڵێك لەمەوبەر کرا بەفلیم و لە سـینەماکانی ئەڵمانیا و ئەورۆپا دا پێشان درا . خاوەن سینەماکانی کوردستانیش ئەتوانن ئەم فلیمە بکڕن و لە سینەماکانیاندا پێشانی بدەن . ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە فلیمەکە پڕ بە پڕی ئەو چیرۆکە نیە کە لێوەی وەرگیراوە .

هەر لەم سـەدەیەدا فۆن هەمـەر Von Hammer مێژوونـوسی نەمسایی بەناوبانـگ و یەکێك لە نوسـەرانی مـێژوی دەوڵەتی عوسمـانلی ، زنجیرەیەك کتێبی لـە بارەی مێـژوی ئیمپراتۆرێتی عوسمانلییەوە دەرکرد . هەمەر لە دۆ تۆڵی ئەوباسـانەدا و لەبەر ڕۆشـنایی ئەو زانیاریانەی کە لە بەرگی سێیەمی گەشـتنامەی گەشتوەری تورك ئەولیا چەلەبی[9]دا هەیە ، لە ساڵی ١٨١٤ دا باسێکی

(٩) مەبەست لە کتێبی « اولیا چلبی سیاحتنامەسـی »یە . ئەم کتێبـە لە ئەستەمۆڵ لە ساڵی ١٣١٤ـ١٣١٨ھ واتا لە ١٨٩٦ـ١٩٠٠ی فەرەنـگی ، لە « دە » بەرگدا چاپکراوە .

لەســـەر زمانی کوردی و شـێوە جۆر جۆرەکانی توسیوە[10] . جا ئەم باسە ئەگەر لە باری زانستییەوە ئەوەندە گرنـگ نەبێ ، ئەوا بێـگومان لە باری مێژوێیەوە زۆر خێـکی زۆری هەیە .

نەمسایی‌یەکی کە کـە ناوی Von Klaproth بووە ، هاتووە ژمارەیەکی زۆر وشەی کوردی کۆکردۆتەوە و لەگـەڵ وشەی فارسی و زمانە زیکەکانی تردا بەراوردی کردوون و لەســەر ئەوە وتارێـکی لە ١٨٨٨ دا بڵاوکردۆتەوە[11] .

لە ســـەدەی رابوردوودا پەیوەندی ســـیاسی و بازرگانی دەوڵەتی عوسمانلی بە دەوڵەتی پڕوسیای ئەڵمانەوە زۆر بەهێز بۆ . هەر لەبەر ئەوە گـەلێك ئەفسەری ئەڵمان لەم دەورەدا لە سوپای عوسمانلی‌دا خزمەتیان کردووە . یەکێك لەوانە هێلموت فۆن مۆلتکە Hellmuth Von Moltke بووە کە لە دوایی‌دا بووە بە فیلد مارشاڵی سوپای ئەڵمان . مۆلتکە بە هۆی ئەوەوە کە لە لەشکری عوسمانلی‌دا ئەفسـەر بووە ، ناچار بووە دژی شۆڕشـگێرە کوردەکانی ئەو دەمە

(١٠) Von Hammer, Joseph, Freiherr : Über die kurdische Sprache und ihre Mundarten aus dem III. Bande der Reisebeschreibungen Evlia's in "Fundgruben des Orients," Band IV, S. 246 - 247, Wien, 1814.

(١١) Von Klaproth, Julius - Heinrich, Kurdisches Woerterverzeichnis mit dem persischen und anderen verwandten Sprachen verglichen, in Fundgruben des Orients Wien 1818, t. VI, S. 340 - 358.

بجەنگێ ، لەو نامانەدا کە مۆلتکە لە بارەی وەزعی تورکیاوە لە ١٨٣٦ — ١٨٣٩ بۆ ژنەکەی نوسیون[١٢] ، ئەوەی لە بیر نەچووەتەوە کە باسی ئازایەتی و دلێرێ و سوارچاکێ و جەنگاوەرێ کورد بکا . ئەو باسەی کە لەسەر کورد و ولاتەکەی نوسیویەتی[١٣] بە تەواوی دەری ئەخا کە فیلد مارشاڵ مۆلتکە تا چ ئەندازەیەک شارەزای رەوشتوخو و جۆری بیرکردنەوەی کورد بووە و تا چ رادەیەک دڵێ بە گەلی کورددا چووە . مۆلتکە لە یەکێک لە نامەکانیدا کە لە تورکیاوە نوسیونی لێوەکرۆژێی لەوە کردووە کە کوردەکان یەک ناگرن و کەسیان پشتی ئەوی تریان ناگرێ . خۆ ئەگەر بێتو یەک بگرن و لە هەرکەس بۆخۆیی دۆر بکەونەوە ، ئەوا دوژمن لە بەریاندا خۆی ناگرێ . مۆلتکە ئەڵێ :

« هەر یەکێ لەم (سەرۆک هۆزانە) تەنیا لەسەر هۆزەکەی خۆی ئەکردەوە . بێهێزێ ئەم گەلە تا لەمە دایە . خۆ ئەگەر یەکیان بگرتایە ژێر ئەئەکوتن . بەڵام کەسیان نەهاتنە سەر ئەوەی لەسەر ئەوی تریان بکەنەوە . لە کاتێکدا کە رەشید پاشا و حافز پاشا

(١٢) Von Moltke, Hellmuth K. B. , Graf Feldmarschall : Briefe über Zustaende und Begebenheiten in der türkei aus den Jahren 1836 - 1839, Berlin, 1841

(١٣) Von Moltke, Hellmuth K.B., Graf Feldmarschall: Das Land und Volk der Kurden, in vermischte Schriften zur orientalischen Frage, Berlin, 1892, Band II, S. 288 - 298.

ناوچەیەکیان لڕ ئەدا ، ئەوانی تر بەوە دڵێ خۆیان خۆش ئەکرد کە ئاگرە ستورە لە خۆیان دوورە . تا سەرە ئەهاتە سەر ئەوانیش »[١٤] .

لە ســـەدەی رابوردوودا ژمارەیەکی زۆر لە گەشتوەرانی ئەوروپایی و ئەمریکایی و لە ناو ئەوانەدا ژمارەیەکی زۆر ئەڵمان رووی کردە کوردســـتان . ئەم گەشتوەرانە زۆر یا کەم ، چاك یا خراپ ، لە بارەی گەشتەکانی خۆیانەوە شتیان نوسیوە . بۆ وێنە :

Sandrecfhi ناوێك لە نیوەی دووەمی ســەدەی رابوردوودا چـــۆتە موسڵ و بە کوردستاندا گەڕاوە هەتا گەیشتووەتە ورمێ و پاش گەڕانەوەی باسێکی ئەم گەشتەی خۆی نوسیوە[١٥] .

گەشتوەرێکی ئەڵمانی کە کە ناوی Blau ە لە نیوەی دووەمی سەدەی رابوردوودا گەشتێکی بە کوردستانی ئێران و تورکیادا کردووە و لە (١٨٥٨ ـ ١٨٦٢) چەند بەرهەمێکی خۆی بڵاوکردۆتەوە . بلاو نامیلکەیەکی لە بارەی هـۆزە کوردەکانی ژوورووی رۆژهـــەڵاتی کوردســتانەوە نوسیوە[١٦] . هـــەروەها لە « گۆڤاری کۆمـەڵەی

---

(١٤) Von Moltke, Hellmuth K. B., Graf Feldmarschall, Briefe... etc, Ibid, Bd. II, S 295.

(١٥) Sandreczki : Reise nach Mosul und durch Kurdistan nach Urumia, Stuttgart, 1857.

(١٦) Blan, O. : Die Stämme des nordöstlichen Kurdistan, Leipzig, 1858 - 1862.

رۆژهەلاتناسەکانی ئەڵمان Zdmg »دا دۆ وتاری لە بارەی گەشتێکی خۆیەوە نوسیوە کە لە زەریاچەی ورمێ وە تا زەریاچەی وان کردوویەتی[١٧] . دیسان لە بارەی ئەو گەشتانەوە کە بە رۆژهەلاتدا کردوونی وتارێکی لە «گۆڤاری جوگرافیای گشتی» دا بڵاوکردۆتەوە[١٨] .

Strecker ناوێك چووە بۆ ناوچەی زێی گەورە و لەویانەوە تاکوتور بە گەشت گەڕاوە و لەو بارەیەوە کتێبێکی نوسیوە کە بە زۆری باسی وڵاتی کورد و رەوشتوخوێی گەلی کوردە[١٩] .

ڤامبەری Vambery ناوێکیش چووە بۆ ئێران و لە بارەی ئەم گەشتەوە لە ١٨٦٧دا کتێبێکی دەرکردووە کە باسی کوردیشتی گرتووەتەوە[٢٠] .

بێکەر Becher ناوێك دۆ وتاری لە بارەی ئەو گەشتانەی

---

(١٧) Blan, O. : Vom Urmia - See nach dem Wan - See, in ZDMG, 1858, XII und 1862, XVII.

(١٨) Blan, O.: Reisen in Orient, in Zeitschrift für allgemeine Erdkunde, Neue Folge, vol. 10, Berlin, 1861.

(١٩) Strecker : Notizen Über das Obere - Zab - Ala Gebiet und Routiers von wan nach Kotur, Petermanns Mitteilungen, 1863.

(٢٠) Vambery, H. : Meine Wanderungen und Erlebnisse in Persien, Dest, 1867.

خۆیەوە تۆسیوە کە لە بەسرەوە تا مێژۆپۆتامیا و مۆسڵ و لە مۆسڵەوە تا حەڵەب بە کاروان بە ناو کوردەکاندا کردوویەتی . بیر و سەرنجی خۆی بەرامبەر ژیانی ئەوسای کورد نیشان داوە[٢١] .

Pachstein ناوێك سەفەرێکی کردووە بە کوردستاندا و لەسەر ئەوە کتێبێکی لە ساڵی ١٨٨٣ دا لە بەرلین بڵاوکردۆتەوە[٢٢] .

ڤونش Wunsch ناوێکی نەمسەیی گەشتێکی بە کوردستان و ئەرمەنستاندا کردووە و سەرنجی خۆی لە بارەی ئەم دوَ وڵات و دوَ گەلەوە لە دوَ کتێبدا بڵاوکردۆتەوە : یەکێکیان بەتایبەتی لەسەر کوردستانە و لە ١٨٨٢ دا دەرچووە[٢٣] و ئەوی تریان لەسەر کوردستان و ئەرمەنستانە و ساڵێك دوای یەکەم دەرچووە[٢٤] .

لە دەمە دەمی کۆتایی سەدەی رابوردوَدا Belck ناوێك بۆ لێکۆڵینەوە چووەتە کوردستان و چەند وڵاتێکی تری وەك

(٢١) Becke r,L.: Reise von Basra durch Mesopotamien nach Mosul, in Globus, XVII, S. 121 - 126, Braunschweig, 1870. Becker, L. Eine Karavanreise von Mosul nach Alepo, in Globus, XXIII, S. 172 - 184, Braunschweig, 1873.

(٢٢) Pachstcein : Reise in Kurdistan, Berlin, 1883.

(٢٣) Wunsch : Reise in Kurdistan, Wien, 1883

(٢٤) Wunsch : Meine Reise in Armenicn und Kurdistan, Wien, 1884.

قەفقاس و ئەرمەنستان . پاش گەڕانەوەی دۆ وتاری لەسەر ئەو گەشت و لێکۆڵینەوەیەی خۆی نوسیوە(٢٥) .

بورخارد ناوێك چووە بۆ کوردستان و شتێکی لەو بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە . پڕۆفیسۆری ئیسلامەوانی ئەدوارد سەخاو لە بارەی ئەم گەشتەی بورخاردەوە کۆمەنتارێکی نوسیوە کە لە بەرلین لە ١٨٩٦ دا بڵاوکراوەتەوە(٢٦) .

لە ناو ئەم گەشتنامانەدا کە گەشتوەرە ئەلمانەکان لە سەدەی رابوردۆدا نوسیویانە ـ هەروەك گەشتنامەی هەندێ گەشتوەری ئەورۆپایی‌تر ـ چەند نامیلکەیەك ئەبینێن کە خاوەنەکانیان بە گیانێکی دوژمنانەوە بڵاویان‌کردۆتەوە . ئەوانە پێش ئەوەی بچنە کوردستان هەندێ باسی خراپیان لە بارەی کوردەوە بیستووە وکە چۆنەتە ئەوێ تەنیا بۆ شتی خراپ گەڕاون . خۆ ئەگەر سەد باشە و میواندارێتی و ڕۆی خۆش و دڵپاکی‌یان دیبێ ، کاری تێ‌نەکردۆن و بەسەر ئەو هەموو چاکی‌یەدا بازدیان داوە و بە دوای تەنیا خراپەیەکدا گەڕاون . ئەمجا گوێیان نەداوەتە ئەوەی ئەگەر لە کوردستاندا جاروبار جەردەیەتی و ڕێگرتی و پیاوخراپی‌یەك بۆبێ ، ئەوە گوناهی کورد

(٢٥) Belck , M. : Untersuchungen und Reisen in Transkaukasien, Hoch - Armenien und Kurdistan, in Globus, LXII und LXIV., Braunschweig, 1893.

(٢٦) Sachau , Eduard : Über die Reise von Herrn Burchardt nach Kurdistan, Berlin , 1896 .

نیە ، بەڵکو گوناهی شێوەی ناقۆلایی بەژێوەبردنی کاروبارە لە لایەن عوسمانلی و قاجاریەکانەوە کە ئاغای کوردستان بۆن . ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کوشتنی پرۆفیسۆرێکی ئەڵمان کە ناوی Schultz بووە لە ١٨٣٠دا و گوایە لەکاتی خۆیدا بۆ پشکنینی زانستانە چووە بۆ کوردستان ، هەروەها لە ناوبردنی جۆلەکەیەکی زێڕ فرۆش بە دەستی کابرایەکی دەرەبەگی کورد کە کاربەدەستی عوسمانلی بووە[٢٧] یەکجار بێری هەندێی لەو گەشتوەرە ئەوروپاییانەی تێکداوە کە بە دوای بنچینەی کاردا نەگەڕاون ، بەڵکو هەر لە خۆیانەوە و بە هەوەس فەرمانیان داوە بەسەر کورددا و کوردیان بە پیاوکوژ و جەردە و ڕێگر و خوێن ڕێژ داوەتە قەڵەم . لێرەدا پێویستە ناوی چەند دانەیەک کتێبی لەم بابەتە ببەین :

فاولەر Fowler ناوێک کە گوایە سێ ساڵێک لە ناوچەی فارسدا ژیاوە و گەشتێکی کوردستانیشی کردووە ، دوو بەرگ کتێبی لەسەر ئەم گەشتەی دەرکردووە[٢٨] . بێ سڵکردنەوە و دڵ لە دڵدان کوردی بە پیاوکوژ و دڵڕەق و خوێن ڕێژ داوەتە قەڵەم . موریتز

(٢٧) Millingen, Major Frederich : the wild life among the Koords, London, 1870, p. 234 vgl. anch Fraser, J. Baillie, ESQ : Travels in Koordistan, Mesopotamien ... etc. vol. 1, London 1840 p. 62

(٢٨) Fowler, s. : Drei Jahre in Persien Reiseabenteuer in Kurdistan, 2 Baende, Aachen, 1842.

ڤاگنەر Moritz Wagner ناوێك گەشتێكی بە كوردستان و ئەرمەنستان و ولاتی فارسدا كردووە و پاش گەڕانەوەی دو كتێبی دەركردووە ، یەكێكیان لە بارەی ناوچەی ئارارات و ئەرمەنستانی ژۆرۆوەوەیە[٢٩] و ئەوی تریشیان لە بارەی ناوچەی فارس و ولاتی كوردەوەیە[٣٠] . ڤاگنەر لە نوسینەكانیدا بەتایبەتی لە بەرگی دووەمدا لەگەڵی لاوە ، بێپەروا ، كوردی بە جەردە و خوێن ڕێژ و پیاوكوژ داوەتە قەڵەم . سەرچاوەیەكی تری لەم بابەتە كتێبێكە لە لایەن بارۆن فۆن نۆڵدە Von Nolde ناوێكەوە نوسراوە[٣١] . بەڵام لام وایە ئەم نۆڵدەیە كوردستانی یا بە باشی نەدیوە و تەنیا لامسەرلایی پێیدا تێپەڕیوە ، یا ئەوەتە شتەكانی لە خەڵكی تر بیستووە و كوردستانی بە چاوی خۆی نەدیوە . ئەمیش گەڵێك ناو و ناتۆرەی خراپی بە كوردەوە ناوە . وێنەی ئەم كتێبانە بە زمانە ئەوروپاییەكانی تریش هەن[٣٢] . راستیەكەی ئەوەیە چونكە كورد ئەو دەمە كەسی

---

(٢٩) Wagner, Dr. Moritz : Reise nach dem Ararat und hoch - Armenien, Stuttgart und Tuebingen, 1848.

(٣٠) Wagner, Dr. Moritz : Reise nach Persien und dem Lande der Kurden, Leipzig, 1852.

(٣١) Von Nolde, Baron Eduard : Reise nach Innerarabien, Kurdistan und Armenien, Braunschweig, 1895.

(٣٢) ـ بۆ وێنە تەماشای ئەم سەرچاوانەی خوارەوە بكە : ـ

= Millingen, Major Frederich : the wild life among

وای نەبووە بەربەرەکانێی ئەو درۆ و دەلەسانە بکاو تەنیا لایەك کە کوردستانی پێشکەش ئەوروپاییەکان کردبێ هەر عوسمانلی و قاجاریەکان خۆیان بۆن ، دیارە ئەو داگیرکەرانەی کوردستانیش دەستێکی درێژیان بووە لە چەسپاندنی ئەو تۆمەت و بۆختانانەدا بەسەر گەلی کورددا . بێگومان هەمۆ ئەوروپاییەکی تێگەشتۆ ئەزانێ ، کە لە هەمۆ ولاتێکی ئەم سەر زەمینەدا ، دزێ و جەردەیی و پیاوکوژی بووە و ئەبێ ، سا ئیستر زۆر یا کەم . تەنانەت لەم ئەڵمانیایەدا لە ساڵی ۱۹۷۲ دا رۆژ نیە چەند کەسێك نەکوژرێ ، یا بانقێك نەبڕرێ یا پەلاماری یەکێك نەدرێ ، یا ... ، یا ... هتد . هیچ نەتەوەیەکیش بەوە نابێتە جەردە و پیاوکوژ . ئێمەی کوردیش زۆر چاك ئەزانین ، هەر کاتێ داوای فشە مافێکی خۆمانمان کردبێ ، هەزار ناو و ناتۆرەی سەیرمان لێ نراوە . لەبەر ئەوە ئەوەندە خۆشە بۆین ، کە ئەم جۆرە قسانە کارمان تێ نەکەن . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ بێوچان خەریك بین و بیروڕای گشتی جیهان بەرامبەر خۆمان و مەسەلەکەمان بە جارێ رۆشن بکەینەوە . ئەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ ئەو ئەڵمان و ئەوروپاییانەی کە بەزۆری ئەم بەیتو بالۆرانەیان خستۆتە دوای کورد ، یا ناخۆری دەوڵەتی عوسمانلی ، واتا کاربەدەستی دەوڵەتی تورك بۆن . یا کە هاتونەتە کوردستان لە لایەن تورکەکان و قاجاریەکانەوە گوێیان بە خراپی کورد

the Koords, London 1870. Percy, Earl, M. P. : = Highlands of Asiatic Turkey, London 1901

ئاخنراوە . بۆ وێنە : ئۆن هەمەر — وەك لەمەوپێش ناومان برد — مێژوونوسێکی نەمسایی بووە[٣٣] و یەکێك بووە لە وانەی کە زۆر لە ولاتی عوسمانلیدا ژیاوە و بۆ تورك کاری کردووە . ئەم هەمەرە زنجیرەیەك کتێبی چەند هەزار لاپەرەیی لە بارەی مێژوی دەولەتی عوسمانلییەوە دەرکردووە . لە نوسینەکانیدا گەلێ حوکمی ناڕەوای داوە بەسەر کورددا . چونکە سەرچاوەی زانیاریەکانی (هەمەر) ئەدەبیاتی تورك و سیاسەتی حکومەتی عوسمانلی بووە[٣٤] . هەروەها فردرێك میلینگنی ئینگلیز Frederich Millingen کە کورد بە «خوێنخۆر» ئەداتە قەلەم[٣٥] کاربەدەستێکی دەولەتی عوسمانلی بووە .

زانای ڕوس خالفین Халфин لەم بارەیەوە ئەڵێ :

« ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان کە لە بارەی کوردستانی سەدەی نۆزدەیەمەوە نوسراونەتەوە ، کورد بە « دزو جەردە » ناو ئەبەن . ئەم جۆرە ناو ناتۆرانە وە نەبێ لە هەمۆ کاتێکدا لە ڕاستیەوە نزیك بن[٣٦] » .

---

(٣٣) ـ تەماشای ژمارە (١٠)ی ئەم پەراوێزە بکە .

(٣٤) von Hammer, Joseph, Freiherr : Geschichte des Osmanischen Reiches .

(٣٥) Millingen, Frederich : Wild life among the Koords, London, 1870

(٣٦) Халфин Н.А.:"Борьба за Курдистан", Москва, I963, стр.22.

ئەوەی شایانی باس و دڵخۆشیمانە ئەوەیە ئەم باسە نازانستانە و دەستکرد و درۆ و دەڵەسانە و ئەم دەنگوباس و هەواڵانەی کە بۆ کورد هەڵبەستراوبۆن لە لایەن هەندێ گەشتوەر و خۆ بە زانا زانەوە، کاری لە زانا راستەقینەکانی ئەڵمانیا نەکرد و هەر لە سەدەی رابوردوودا هەندێ لە زاناکانی ئەڵمان و ئەوروپا خۆیان زۆر بە زمان و ئەدەبیات و مێژوی کوردەوە خەریک کرد . بۆ وێنە :

فردریک ڤۆن بۆدن شتێت Friedlich Von Bodenstedt لە ساڵی ١٨٤٩ دا باسێکی زانستانەی لەسەر گۆرانی و ئاوازی کوردی بڵاوکردەوە(٣٧) .

لە ساڵی ١٨٥٧ — ١٨٥٨ سێ بەرگ کتێبی زانای بەناوبانگی ڕوس Peter Lerch کرا بە ئەڵمانی . ئەمانە بریتیبۆن لە لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی کورد و هۆزە کلدانیەکانی ئێرانەوە(٣٨) .

فردریک میوللەر F. Mueller ی نەمسایی سێ بەرهەمی لە بارەی زمانی کوردیەوە پێشکەش کرد . یەکێکیان باسێکە لەسەر

---

(٣٧) Von Bodenstedt, Friedrich Martin : Lieder aus Kurdistan, in Tausend und ein Tag im Orient, Berlin, 1849 - 1850

(٣٨) Lerch, Peter Ivanovitsch : Forschungen uebr die Kurden und Inanisehen Nordchaldaeu, 3 Bände, St. - Petersbonrg, 1857 - 1858 .

فەرهەنگۆکی کوردی و سریانی[٣٩] و ئەوی تریان باسێکە لەسەر شێوەی زازا[٤٠] و ئەوی تریشیان لەسەر شێوەی کرمانجی باکور[٤١] . باسی یەکەمیان لە ١٨٦٣ دا و هی دووەمیان لە ١٨٦٤ دا و هی سێیەمیان لە ١٨٩٤ دا و هەرسێکیان لە ڤیەننا بڵاوکرانەوە .

بارب Barbی نەمساچی ، ئەندامی ئەکادیمی زانستی لە ڤیەننا ، لە ماوەی ١٨٥٨ — ١٨٥٩ چەند راپۆرتێکی زانستانەی لە بارەی « شەرەفنامە »ی شەرەفخانی بتلیسی یەوە بڵاوکردەوە[٤٢] .

شلیفل Schieafel کە زانایەکی ئێتنۆلۆگ بووە باسێکی لەسەر کوردستان لە بارەی ئێتنۆگرافی یەوە نوسیوەتەوە[٤٣] .

---

(٣٩) Mueller, Friedrich : Kurdisches und Syrsches Woerterzeichniss, Wien, 1863.

(٤٠) Mueller, Friedrich: Zaza-Dialekt der Kurdensmache, Wien, 1864.

(٤١) Mueller, Friedrich : Kurmangi - dialect der Kurdensmache, Wien, 1894.

(٤٢) Barb, H. A. Berichte ueber die Kurdenchronik Tarich el-Akrad von Scheref Nameh, sitzungsbericht d. Wiener Akademie phil - list - kl., x, 1853; xii, 1856, xxviii, 1858; xxx, 1859; xxxii, 1859

(٤٣) Schläfel : Beiträge zur Ethnographie Kurdistans und Mesopotamiens, Petermanns Mitteilungen, 1863 .

پرۆفیسۆر فەردیناند یوستی F. Justi لە ٢٩ لاپەڕەدا باسێکی لەسەر هەندێك لە دەنگەکانی زمانی کوردی توسیوەتەوە(٤٤) . ئەم باسە کە لەبەر رۆشنایی بەراورد کردنێکی زمانەوانیانەی کوردی لەگەڵ زمانە ئێرانی و هێندۆ ئێرانیەکان هێناوەتە بەرهەم ، نەك بۆ کاتی خۆی (واتا ساڵی ١٨٧٣) ، بەڵکو تەنانەت بۆ ئەمڕۆش ترخێکی زانستانەی هەیە و هەڵ ئەگرێ وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی . هەر ئەم زانایە لەسەر ڕێزمانی کوردی نامیلکەیەکی بەئەڵمانی توسیوەتەوە و لە ١٨٨٠ دا لە شاری پەترسبۆرگ چاپی کردووە(٤٥) .

هۆتوم شیندلەر Hoetum - Schindler لە بارەی گەنجینەی وشەی کوردیەوە ، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بە دوو بەرگ پێشکەش کردووە(٤٦) . ئەم زانایە وشەی گەلێ شێوەی کوردی ، بەتایبەتی موکری ، کۆکردۆتەوە . هۆتوم لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێزمانەی کە Justi لە ١٨٨٠ دا بڵاوی کردۆتەوە(٤٧) هەندێ لایەنی

(٤٤) Justi, Ferdinand : ueber die kurdischen Spiranten, Marburg, 1873

(٤٥) Justi, Ferdinand : Kurdische Grammatik , Saint. Petersbourg, 1880.

(٤٦) Houtum - Schindler : Beiträge zum kurdischen wortschatz, Leipzig, 1884 und 1888 in ZDMG, BD. 38, S. 43 - 116 und B D. 42, S. 73 - 79.

(٤٧) ـ تەماشای ژمارە (٤٥) ی ئەم بەراوێزە بکە .

دەستوری زمانی کوردیی رۆشنترکردووەتەوە .

زانای سویسرەیی ئەلبەرت سۆسین (١٨٤٤ — ١٨٩٩) کە پڕۆفیسوری بەشی ئیسلامەوانی بووە لە زانستگای لایپزیك ، بە هاوبەشتی Egen Perin دوو بەرگ کتێبی دەرکرد بە ناوی کەشکۆڵی کوردیی‌یەوە[٤٨] . لێرەدا گەلێ چیرۆکی فۆلکلۆری و داستانی کوردیی بە وەرگێڕانی ئەڵمانی‌یەوە بڵاوکردەوە .

زانای ئەنتروپۆلوجیست Von Luschan باسێکی لەسەر بەڕەیەکی لە موی قژی ئادەمیزاد دروست کراو لە ١٨٨٨ دا بڵاوکردەوە[٤٩] . هەر ئەم زانایە لە ١٨٩٠ دا باسێکی لەسەر گەلی کورد بە وێنەوە لە گۆڤاری Globus دا نووسی[٥٠] ، هەروەها لە بەرهەمێکی تری‌دا کە لە بارەی زمان و ڕەگەزەوە نووسیویەتی ، باسی کوردی کردووە[٥١] .

(٤٨) Albert Socin und Prym Eugen: Kurdische Sammlungen, 4 Bände, St. - Petersbourg, 1887 - 1890

(٤٩) Luschan, F. von : Zwei mit Meuschenbaaren besetzte Teppiche, in Zeitschrift fuer Ethnologie, Berlin, 1888, Band LVII .

(٥٠) Luschan, F. von : Das Volk der Kurden mit Bildern, in Globus, LVII, Braunschweig, 1890 .

(٥١) Luschan, F. von : Voelker, kassen, sprachen, Berlin, 1922 .

Ceyp لە رۆژنامەی Allgemeiner Zeitung دا وتارێکی لەسەر ئایینی یەزیدییەکان بڵاوکردۆتەوە(٥٢) .

هەروەها بوتیکا Bntypa ناوێکی نەمسایی کتێبێکی لەسەر ناوچەی دەرسیمی کوردستانی تورکیا بڵاوکردووەتەوە(٥٣) .

Von Steinin یش وتارێکی لەسەر کوردەکانی ناوچەی یەرێڤان تۆسیوە(٥٤) . هەر لەم ماوەیەدا Roediger و Pott چەند وتارێکیان لەسەر « لێکۆڵینەوە لە کورد و زمانەکەی » لە گۆڤاری رۆژهەڵاتناسەکانی ئەڵمانیدا بڵاوکردەوە(٥٥) . زانای زمانەوانی زۆر بەناوبانگی ئەڵمان و ئەورۆپا پڕۆفیسۆر تیۆدۆر نوێلدەکە Theodor Noeldke (١٨٣٦ — ١٩٣٠) باسێکی زۆر گرنگی لەسەر پەیوەندی وشەی کاردو Kardu بە کورد Kurd ەوە نۆسیوە لە کتێبێکدا کە پێشکەش بە زانای ئەڵمانی کۆچکردۆ Kiepert

---

(٥٢) Ceyp, A. J. : Die Jezidies, in Allg. Zeitung, Beilage, 1890 .

(٥٣) Butyka, d. : Das ehemalige wilayet Delsim, wien, 1892.

(٥٤) Von Steinin, P. : Die Kurden des Gouvernements Eriwan, in Globus, Braunschweig, 1896, Band LXX, S. 221 - 226 .

(٥٥) Roediger und Pott : Kurdische Studien, in Zeitschrift fuer Kunde des Morgenlandes, 1. III bis V III

کراوە ، لە ١٨٩٨دا لە بەرلین بڵاوی کردووەتەوە[٥٦] . ئەفسەرێکی سوپای ئەڵمان لەسەر شاری سلەیمانی (کە سنجەقێکی عوسمانلی بووە) ، هەروەها ولاتی ئێرانی دراوسێی سلەیمانی ، باسێکی جوگرافیایی و مێژوویی لە باری سەرنجی سوپاییەوە توسیوەتەوە . ئەم باسە نەخشەیەکی لەگەڵە کە وەزعی شاری سلەیمانی بەتایبەتی لە دەورانی ئاشوری و بابلییەکانـدا ئەخاتە بەرچاو[٥٧] . (شترێك Strech) ناوێك وتارێکی لە گۆڤاری « ئاشـورەوانتی » دا بڵاوکردووەتەوە و هەوڵی ئەوەی داوە ولاتی کوردستان و ئەرمەنستان و رۆژئاوای ئێرانی زەمانی بابل و ئاشـور ، لەبەر رۆشنایتی ئەو سەرچاوە بابلی و ئاشوریانەی کە بە خەتی بزماری نوسراون بخاتە بەرچاو[٥٨] .

---

(٥٦) Noeldke, Theodor : Kardù und Kurden, in Festschrift fuer H. Kiepert, s. 71 - 81, Berlin, 1898.

(٥٧) Billerbeck, A., Oberst A. D. : das Sandschak Suleimania und dessen. persische Nachbarlandschaften zur babylonischen und assyrischen Zeit, Leipzig, 1898.

(٥٨) Strech M. : Das Gebiet der. heutigen Landschaften Armenien, Kurdistan und Westpersien noch babylonisch - assyrischen Keilschriften, in Zeitschrift fuer assyriologie, XIII, XIV und XV, 1910.

لە سالاّنی دوایی سەدەی رابوردووەوە هەتا ئەگاتە جەنگی جیهانی یەکەم ، چەند زانایەکی ناوداری ئەڵمان وەك پرۆفیسۆر ئۆسکارمان و پرۆفیسۆر فۆن لەکۆك و پرۆفیسۆر ئەدوارد سەخاو و پرۆفیسۆر ئاوگوست پێتەرمان و پرۆفیسۆر مارتین هارتمان رۆیان کردە کوردستان . ئەمانە پاش گەڕانەوەیان ، نەك هەر تەنیا باسی زۆر زانستانە و بەکەڵکیان لەسەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی بڵاوکردەوە ، بەڵکو ژمارەیەك دەستنوسی کوردی و سەر بە کوردیشیان لە کوردستانو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆکردەوە و هێنایەوە بۆ ئەڵمانیا . هەندێ لەو دەستنوسانە ئێستا لە کوردستان نەماون ، کەچی لە نامەخانەکانی Belin, Tubingen, Marburgدا چنگ ئەکەون . لەم رووەوە ئەمانە خزمەتێکی باشی کولتوری گەلی کوردیان کردووە . ئێستە لەم نامەخانانەدا ٨٩ دەستنووسی کوردی هەن ، کە بەشی زۆریان هۆنراوەی دڵداری و پاڵەوانێتی و ئایینێن . تێکستی ئەم نوسراوانە بە شێوەی گۆرانی و کرمانجی و سلەیمانێن و تەنیا پێنج دانەیان نەبێ کە تێکستەکە هەمۆی یا بەشێکی بە خەتی ئاشوری نوسراونەتەوە ، ئەوانی کەی گشتی بە خەتی شکستەی فارسی نوسراونەتەوە(٥٩) . جا بۆ

(٥٩) دوکتۆر کەمال فوئاد کاتی خۆی ئەم نوسراوانەی گرتە لای خۆی و کاوتە پشکێنیان و لە ئەنجامدا باسێکی بە زمانی ئەڵمانی لەسەر نوسین بە ناوی « دەستنوسی کوردی Kurdische Hand Schliften » یەوە ، کە لە سالی ١٩٧٠دا لە شیۆەی دوکتۆرنامەیەکدا پێشکەش بە زانستگای هۆمبۆڵتی بەرلینی رۆژهەلاتی کرد . ئەم نوسراوەی دوکتۆر=

ئەوەی سەر لە خوێنەرەوە تێك نەچێ، ئەمەوێ بڵێم زوربەی زۆری ئەم نوسراوانە یەکی لە چەند لاپەڕەیەك تێپەڕ نابێ . هەندێکیشیان تەنیا یەك لاپەڕەن .

= کەمال فوئاد بریتێیە لە باسێکی کورتی (۹۲) دەستنوسی کوردی و سەرەتایەکی کورت لە بارەی زمان و ئەدەبیاتی کوردیەوە . هەروەها کورتە مێژوێیەکی زمانی زۆربەی نوسەر و هۆنەرە ناسراوەکانی کورد لە کۆنەوە هەتا ئێستا و لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا . ئەم کتێبە لە لایەن Franz Steiner Verlag ەوە لە شاری Wiesbaden لە ۱۹۷۰ دا لە چاپ دراوە .

ئەم بەرهەمەی کاك کەمال کەڵکێکی باشی هەیە بۆ ئەو بێگانانەی ئەیانەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا پەیدا بکەن . بەڵام یەکێك لەو رەخنانەی کە لەم بەرهەمە بگیرێ ، بەلای منەوە ئەوەیە کە نوسەرەکەی « لوڕ » ی بە کورد نەداوەتە قەڵەم . دیارە ئەم بیروڕایە لە سەرەتاوە لە ئۆسکارمانەوە داکەوتووە و هەر لەویشەوە گەلێك لە زمانەوان و مێژونوسەکانی ئەورۆپا و تەنانەت رۆژهەڵاتیش ، بێ لێکۆڵینەوە و زەحمەت دانە بەرخۆ ، هاتونەتە سەر ئەو باوەڕە کە (لوڕ) کورد نەبن . بەلای منەوە لوڕەکان کوردن و شێوەی لوڕی راستەقینە شێوەیەکی کوردیە . تەنیا ئەوە هەیە تەشتیری زمانی پەهلەوی (واتا فارسی ناوەڕاست) لەسەر زاراوەکانی شێوەی لوڕی زۆرتر وەك لە شێوەکانی تری کوردی ، کە ئەمەش چەند هۆیەکی مێژویی و سیاسی هەیە و جۆی باسکردنی ئێرە نیە . بێجگە لەوەش زمارەیەکی گەلێك زیاتر لەوانەی کە لوڕی راستەقینەن بە هەڵە بە (لوڕ) ئەدرێنە قەڵەم . واتا هەندێ هۆزی فارس زمانیش هەر بە لوڕ دانەنرێن . =

ئەدوارد ســـەخاویش یەکێك بووە لەو زانایانەی باسی زۆر گرنـگی لەسەر هەندێ ناوچەی کوردستان نوسیوەتەوە ، بەتایبەتی لە بارەی ناوچەکانی دەجلە و فوراتەوە(٦٠) . هـەروەها لێدوانێـکی لـــە بارەی گـــەشتی بۆرخارت ناوێـکەوە بـــۆ کوردستان بڵاوکردۆتەوە(٦١) .

ئۆسکارمان کە لە ساڵانی ١٩٠١ ـ ١٩٠٣ و لە ١٩٠٦ ـ ١٩٠٧دا بۆ لێـکۆڵینەوەی زمانەوانی چووە بۆ کوردستان و وڵاتی فارس و هەندێ شوێنی تر ، پاش گەڕانەوەی زنجیرەیەك نوسراوی بە ناوی لێکۆڵینـــەوەی کوردی ـ فارســـییەوە دەرکردووە(٦٢) . لەم

= ئەمەیە وای لە ئوسکارمان کردووە ، کە شارەزاییەکی تەواوی نەبووە لە شێوەکانی کوردیدا ، سەری لێبشێوێ و لە ئەنجامدا ســەر لە خەڵـکی تریش تێك بدا . کاتی خۆی لە بەرلین ئەم باسەم بە کورتی لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستم کاك کەمال فوئاد خوێندا کرد . هیواشم وایە لە باشەرۆژدا ئەگەر دەستم پەرژا بتوانم ئەم باسە باشتر شیبکەمەوە ، چونکە ماوەیەك بە وردی خەریکی لێکۆڵینەوەی شێوەی لوڕی بووم و شـێوەی لوڕیم لەگەڵ چەند تێکســتێکی پـارتی و پەهلەوی‌دا بەراورد کردووە ـ جەمال

(٦٠) Sachau, Eduard : Am Euphrat und Tigris, Leipzig, 1900 .

(٦١) تەماشای ژمارە (٢٦) ی ئەم پەراوێزە بکە .

(٦٢) Mann, Oskar : Kurdisch - Persische Forschungen, Berlin, 1901 - 1907 .

زنجیرەیەدا ـ ئەوەندەی پەیوندی بە کوردناسیەوە هەبێ ـ هەوڵی داوە کە بەڵێی زانستی زمانەوانی لە شێوەی موکری و زازا و لوڕی و کرماشانی و کەڵهوڕی و کرمانجی ڕۆژهەڵات بکۆڵێتەوە . بۆ ئەم مەبەستە گەلێك چیرۆك و داستانی وەك مەم‌وزین و ئاسر و ماڵماڵ و زەمبیل‌فرۆش و بەیتی ئەوزەحمان پاشای بەبە و... هتدی کۆکردووەتەوە و ئەم تێکستانەی بە تیپی عەرەبی و لاتینی و وەرگێڕانی ئەڵمانی‌یەوە بڵاوکردۆتەوە . بێگومان ئەم کارە بۆ کاتی خۆی ، واتا هەفتا ساڵێك لەمەوبەر ـ کارێکی یەکجار بەنرخ و بەرز بووە ـ . تەنانەت بۆ ئەمڕۆش کەڵکێکی یەکجار گەورەی هەیە ، ئەگەرچی هەندێ لەو کارانە پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەیان پێویستە . ئۆسکارمان هەندێ نۆسراوی لەپاش بەجێماوە کە هێشتا چاپ نەکراون . ئەمانە وان لە نامەخانەی زانستگای هومبۆڵتدا لە بەرلینی ڕۆژهەڵات .

ئەلبەرت فۆن لکۆکش هەر لە ساڵی ۱۹۰۱ دا لەگەڵ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە شوێنەواڕە کۆنەکان Archiologie چووە بۆ ناوچەی زەنجیرلی لە کوردستانی تورکیا و لەوێ لەلای مامۆستایەکی کورد کە ناوی وێسفە فەندی بووە کوردێ خوێندووە و هەر لە زەنجیرلی چەند چیرۆکێکی کوردێ لەگەڵ ژمارەیەك پەندێ‌پێشینان و قسەی نەستەقی ناوچەی کرمانج و زازا و بابان و هەروەها ئۆباری ئەحمەدی خانێ و مولد النبی (کە بەلای ئەوەوە هی مەلای باتێیە) کۆکردووەتەوە و لە دیمەشـــق ئەم تێکستانەی بە هۆی چەنـــد کوردێ زانێکەوە

شتی کردووەتەوە . پاش گەڕانەوەی ئەمانەی بە سێ بەرگ و بە پیتی عەرەبی و لاتینی و تەرجەمەی ئەڵمانی یەوە بڵاوکردووەتەوە . تەنانەت تێکستە زازاکانیشی بە شێوەی کرمانجی وەرگێڕاوە . بێجگە لەوەش فەرهەنگێکی پچوکی بۆ ئەو وشە کوردیانە دروست کردووە کە لە تێکستەکاندا ناویان هاتووە[٦٣] . مارتین هارتمان (١٨٥١ ـ ١٩١٨)یش باسێکی مێژوێتی تۆپۆگرافی زۆر گرنگی لەسەر «بۆتان» توسیوە[٦٤] و هەروەها دیوانی مەلای جزیری بۆ یەکەمین جار بە شێوەیەکی زۆر جوان و نایاب چاپ و بڵاوکردۆتەوە[٦٥] . بێجگە لەمەش باسێکی لەسەر ئەدەبیاتی کوردیی لە ١٩٨٨دا[٦٦] و هەر لەسەر هەمان باس لە

---

(٦٣) Von Le Coeq, Albert : Kurdische Texte, Berlin, 1903.

(٦٤) Hartmann, Martin : Bohtan, eine topografhisch - historische Studie, in Mitteilungen der Vorderasiatischen Gesellschaft. Berlin, 1896, II, Heft 2, 1897, Heft I.

(٦٥) Hartmann, Martin : Der kurdische Divan des scheich Ahmed von geziret ibin Omar , genannt mela-i giziri , Berlin , 1904 .

(٦٦) Hartmann , Martin ; Zur kurdischen Literatur , in Wiener Zeitschrift fuer die Kunde des Morgenlandes, wien , 1898 Jahrg. 8 , S 102 - 112 .

١٩٠٥ و ١٩٠٦ و ١٩٠٧ دا[٦٧] توسیوە لە ناو ئەو راپۆرانەدا کە هارتمان لەسەر رۆژهەلاتی موسوڵمانی توسیوە باسێکی زۆری کوردی کردووە[٦٨] .

بەڵام مارتین هارتمان هەر تەنیا خەریکی بڵاوکردنەوەی کولتوری کورد نەبووە ، بەڵکو دۆستێکی دڵسۆزی گەلی کوردیش بووە . بەجۆرێ لە گەلێ شـــوێندا خۆشەویستی خۆی بەرامبەر ئـــەم گەلە پیشان داوە . تەنانەت لە یەکێك لە توسراوەکانیدا کە بە تایبەتکاریش لەسەر کورد نەتوسراوە ئەڵێ :

« ئەگەر من کورد وەك نەتەوەیەك بدەمە قەڵەم کە بە ئاسانی کولتوری ئەوروپایی وەرئەگرێ ، دیارە لام روونە کە ئەو حەلە ئەم بیروڕایە توشی هەندێ بەرهەڵست ئەبێ . بەڵام لەبەر رۆشنایی ئەو دەنـگوباسانەی ئەوانە ئەیگێڕنەوە کە بەم وڵاتەدا گەڕاون ، پیاو ئەتوانێ بڵێ ، لەڕێر پێستی خاوی ئەم گەلەدا جیهانێـکی پڕ لە بیری قۆڵ و هەستی نازك شاراوەتەوە . گەلێك بەڵگە هەیە کە (ئـــەم کوردانە) زیرەکیەکی خواکردی تێکەڵ بە زۆ لە شتگەیشـتن و بە

(٦٧) Harmann, Martin : zur kurdischen Literatur, in Wiener Zeitschrift fuer die Kunde des Morgenlandes , wien , 1905 Jahrg. 15, S. 322 - 330, auch 1906, Jahrg . 16, S. 35 - 46 . auch 1907, Jahrg . 17 S. 76 - 80 .

(٦٨) Hartmann, Martin : Der islamische Orient, Berichte und Forschungen, 3 Baende, Berlin , 1899 - 1910 .

ستراو بە خۆڕەوشتێکی ڕەپوڕاستی مەردانەیەیان هەیە »[٦٩] .

(هوگۆمەکەس) Hugo Makas دۆ بـــەرهەمی زۆر نایابی پێشکەش بە خوێنـــەرەوەکانی زمانی ئەڵمانی کردووە . یەکێکیان لێکۆڵینەوەیەکی زانستانەیە لە بارەی زمانی کوردیەوە لەبەر ڕۆشنایی شێوەی کوردیی دیاربەکر و شێوەی یەزیدیەکان . ئەم بەرهەمە لە ١٩٠٠دا لە شاری (هایدلبەرگ) چاپکراوە [٧٠] . ئەوی تریشیان چەند تێکستێکی کوردیە کە بریتیە لە چیرۆك و داســـتان و پەندی پێشینانی ناوچەی ماردین بە شـــێوەی کرمانجی . ئەمەیان لە لینینگراد لە ١٩٢٦دا چاپکراوە [٧١] .

ڤۆلاند Vollaud ناوێك وتارێکی لەســـەر قســـەو باوەڕی پڕوپوچ لە کوردستان و ئەرمەنســـتاندا نوســـیوە و جۆری بیرکردنەوەی ئەم دۆ گەلەی پێشان داوە [٧٢] . فـۆنهاندل ، تیزێتی وتارێکی لە بارەی گەشتێکی خۆیەوە بۆ کوردستان و مێزۆپۆتامیا

---

(١٩) Hartmann, Martin : Fuenf Vorträge ueber den Islam, Leipig, 1912 .

(٧٠) Makas, Hugo : kurdische Studien Heidelberg , 1900

(٧١) Makas, Hugo : kurdische Texte Im Kurmandji Dialekt aus der Gegend von Mardin, Leiningrad , 1926 .

(٧٢) Volland : Aberglauben in Armenien und Kurdistan , in Globus, vol. 91 , 1907 .

نۆسیوە (٧٣) . هەروەها وتارێکی تری لە بارەی جوگرافیای کوردستانەوە نۆسیوە (٧٤) .

(رودۆلف فرانك) ناوێك نامیلکەیەکی لە بارەی شێخ عادی ، سەرگەزەی یەزیدیەکانەوە نۆسیوە (٧٥) .

ڤالتەر باخمان ناوێکیش نامیلکەیەکی لەسەر مزگەوت و کڵیسەکانی کوردستان و ئەرمەنستان بڵاوکردۆتەوە (٧٦) .

ماوەیەکی کەم پێش جەنگی جیهانی یەکەم چەند ئەڵمانێك وتاریان لەسەر کوردستان لە باری سەربازی سوپایی و ستراتیجیەوە نۆسیوە . لەمانە گراف ڤێستارپ (٧٧) کە ڕێگەکانی کوردستان و ئەرمەنستانی

(٧٣) Von Handelmazetti, Heinrich Freiherr : Reisebilder aus Mesopotamien und Kurdistan, in Deutsche Rundschau fuer Georgs., wien, 1911, Band XXXIII, S. 401-409 .

(٧٤) Von. Handelmazetti, Heinrich, Freiherr : zur Geographie von Kurdistan, in Petermanns Mitteilungen , 1912 , Band LVIII , 2. Halbband, S. 133 - 137 .

(٧٥) Frank, Rudolph : Scheich Adi, der grosse Heilige der Jezidis, Berlin, 1911 .

(٧٦) Bachmann , Walter: Kirchen und Moscheen in Aremnien und Kurdistan, Leipzig, 1913.

(٧٧) Von Westarp, Graf E . J. : Routenaufnahmen in Armenien und Kurdistan. in Petermanns Mitteilungen, 1913, Band LIX , S 297 - 300 .

باس کردووە . هەروەها ڤیلهلم باخمان راپۆرتێکی لەسەر ئەو ڕێگایانە نوسیوە کە ئەکەونە بەینی مۆسل و وانەرە ، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی نەخشەیەك کە بەتایبەتی بۆ ئەو ناوچەیە کێشراوە[٧٨] . ئەم باسە بۆ شەڕی جیهانی یەکەم کەڵکێکی سوپایی زۆری بووە .

هەر لەم ماوەیەدا چەند باسێکی ستراتیجی لە بارەی هەندێ ناوچەی کوردستانی عێراقەوە لە لایەن ئێڤالد بانزەوە دەرچووە[٧٩] . هەر ئەم نوسەرە لە بارەی خەتی شەمەندەفەری بەغدادەوە نامیلکەیەکی دەرهێناوە[٨٠] و لە باری جوگرافیایی و ستراتیجی سوپایییەوە باسێکی کوردستانی کردووە و باسێکی هەندێ لە هۆزە کوردەکانی بە خۆیان و جلوبەرگ و ڕەوشتوخۆیانەوە کردووە . ئەوەشی لەبیر نەچووە ناوی هەندێ لە بزوتنەوە ڕزگاری خوازییەکانی کورد بهێنێ . ئەم نامیلکەیە سیاسەتی ئەوسای دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە کورد و گەلە ژێردەستەکانی تری تورك ئەخاتە بەرچاو .

زانای زمانەوانی بەناوبانگی نەمساو ئەندامی کۆڕی زانستی

---

(٧٨) Bachmann, Wilhelm : Bericht zur Routenkarte von Mosul nach Wau Petermanns Mitteilungen, 1914.

(٧٩) Banse, Ewald : Durch norden Mesopotamiens, Petermanns Mitteilungen, LVII, I, S. 119 und 172, Gotha, I911 .

(٨٠) Banse, Ewald : Auf den Spuren den Bagdadbahn, Weimar, 1913,

شاهانە لە ڤیەننا، پرۆفیسۆر ماکسیمیلیان بیتنەر M. Bittner لە ساڵی ١٩١٣دا هەر دوو کتێبە پیرۆزەکەی یەزیدیەکانی بە کوردی و عەرەبی و وەرگێزانی ئەڵمانییەوە بڵاوکردۆتەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییانەی یەکجار قوڵی لەسەر نوسیون. ئەم تێکستانە گوایە کاتی خۆی کوردێکی زیرەک و وریا کە بە درۆ خۆی کردووە بە یەزیدی، لە یەزیدیەکانی دزیوە و فرۆشتوونی بە زمانەوانی عەرەب «ئەب ئەنستانس ماری ئەلکەرمەلی». کەرمەلی ئەم تێکستانەی بۆ یەکەجار لە گۆڤاری Anthroposدا(٨١) بڵاوکردبوەوە و بە لێدوانێکەوە بە زمانی فەرەنسی. بێتنەرێش لە گۆڤاری Anthropos ەوە تێکستەکانی وەرگرتووە و گۆڕیونی بە ئەڵمانی و جارێکی تر بە لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییەوە بڵاوی کردۆتەوە(٨٢). بڵاوکردنەوەی کتێبە پیرۆزەکانی یەزیدیەکان شەست ساڵێك لەمەوبەر بە زمانێکی کوردی رەوانی جوان، خزمەتێکی گەورەیە بۆ کولتوری نەتەوەی کورد(٨٣). هەر

(٨١) Anthropos گۆڤارێکی جیهانیە بۆ گەلانناسی و زمانناسی. وتارەکەی کەرمەلیش بەم جۆرەیە:

Anastase Marie, O. Carm: La de couverte recente des deux Lives sacras des yezidis, Anthropos, t. Vi, Nr.1, Januer - Fevruer 1911, P. 1. 39.

(٨٢) Bittner Maximilian: Die heiligen Buecher der Jeziden oder Teufelsaufbeter (Kurdisch und Arabisch) Wien, 1913.

(٨٣) هیوام وایە لە هەلێکی تردا تەواوی تێکستی هەردوو کتێبە پیرۆزەکە بڵاوبکەمەوە بە لێکۆڵینەوەوە (جەمال).

ئەم زانایە بیست ساڵێك لەوەپێش بەرهەمێکی تری خۆی لە بارەی شاری شنۆ و ورمێیەوە بڵاوکردۆتەوە (٨٤) .

ئەو بەرهەمانەی لە پێشەوە ناومان بردن رێگەیان خۆش کرد بۆ هەندێ زانای تری ئەڵمان ، کە پاش جەنگی جیهانی یەکەم ، بەرهەمی تر لە پێشانگای کوردەوانیدا بخەنە رو (٨٥) . یەکێك لەوانە کە زۆر شایستەی ناو بردنە کارل هەدانکە Karl Hadank . هەدانك کەڵکێکی زۆری لەو کەلەپۆرە وەرگرتوە کە ئۆسکارمان بەجێی هێشتووە . بێجگە لەوەش دۆستێکی نزیکی مێژۆنوس و تێکۆشەری کۆڵندەری خوالێخۆشبوی کورد ، داماو حوزنی موکریانی بووە هەروەها هاوڕێی دوکتۆر کامەران بەدرخان بووە و لە کارەکانیدا کەڵکی لە هەردوکیان وەرگرتووە . لە بەرهەمەکانی هەدانك : پێداچوونەوەیەکی

(٨٤) Bittner, Maximilian : die Kurdengan Uschnuye und die Stadt Uramiye, wien, 1892 .

(٨٥) کە ئەڵێم زانای تری ئەڵمان ، مەبەستم لەوە نیە بڵێم زاناکانی ئەورۆپا و شوێنانی تری جیهان کەڵکیان لە بەرهەمی ئەڵمانەکان وەرنەگرتووە . ئەمەم وت چونکە باسەکەمان بەتایبەتی لەسەر ناوچەی ئەڵمانەکانە . تەنانەت زانای زمانەوانی بەناوبانگی ڕوسی مار کەڵکی لە زانستی ئەڵمانەکان وەرگرتووە و خۆشی بە زمانی ئەڵمانی وتاری لەسەر بنەچە و ڕەچەڵەکی گەلانی قەفقاس نوسیوە بۆ (وێنە Marr, N . J : Des Japhetische Kaukasus, Leipzig, 1923 . ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە زمانەوانی ڕوسی مار لەو باوەڕەدا بووە کە کوردەکان بنەڕەتێکی زافەتیان هەیە .
تەماشای : Nikitine Basil : Les Kurdes Etude socioloq gue et historigue Paris, 1956, pp. 12 - 16 .

ئەو باسانەیە کە ئۆسکارمان لەسەر شێوەی زازا نوسیونی [٨٦] . هەروەها باسێکی زانستانەی زۆر ورد لەسەر شێوەی بۆتان و یەزیدیەکان [٨٧] . ئەمەی دوایی لەبەر رۆشنایی چەند تێکستێك کردووە کە بە یارمەتی بەدرخان نوسیونیەتەوە . هەدانك باسێکی تریشی لەسەر شێوەی گۆران بڵاوکردووەتەوە [٨٨] .

لێکۆڵینەوەی زاناکانی ئەڵمان هەر لە بارەی زمانەوانیەوە نەبووە ، بەڵکو گەلێ لایەنی تریشی گرتووەتەوە . بۆ وێنە :

دوو ئەڵمان کە ناویان بەرلینەر و بورخارد بووە چوونەتە کوردستان و گەلێك کەوچك و چەقۆ و قەڵەمبڕ و خشڵی ژنان و شتی تری لە زیو دروست کراویان کۆکردۆتەوە و لەسەر ئەم پیشەسازیەی کوردستان کتێبێکیان دەرکردووە [٨٩] . تیلکە Tilke ناوێك بە بۆنەی لێدوان لە بارەی جلوبەرگی رۆژهەڵاتیەوە باسێکی جلوبەرگی کوردیشی کردووە [٩٠] .

---

(٨٦) Hadank, Karl : Mundarten Der zázá, Berlin, 1932

(٨٧) Hadank, Karl Bóti und Ezádi, Berlin, 1938 .

(٨٨) Hadank, Karl : Mundarten der Guran, Berlin, 1930 .

(٨٩) Berliner, R. und Borchardt, P. : Silberschmiedearbeiten aus Kurdistan, Berlin, 1922 .

(٩٠) Tilke, M. : Orientalische Kostueme in schnitt und Farbe Berlin, 1923 .

هێسسه Hesse ناوێکیش له‌ باره‌ی مه‌سه‌له‌ی مۆسڵ و شه‌ڕه‌دەنۆکی به‌ینی عێراق و تورك و ئینگلیز له‌سه‌ر خواروی کوردستان ، نامیلکه‌یه‌کی ده‌رکردووه و دۆز (مه‌سه‌له‌)ی کوردی له‌م به‌شه‌ی کوردستاندا خستۆته‌ به‌رچاو(۹۱) .

ئێرنست کلیپل Ernst Klippel گه‌شتێکی به‌ناو یه‌زیدی‌یه‌کان و کورده‌کانی تردا کردووه و سه‌رنجی خۆی له‌م باره‌یه‌وه به‌ نامیلکه‌یه‌ك پێشان داوه(۹۲) .

زانایه‌کی ئه‌ڵمان که‌ ناوی Koehler بووه‌ هه‌وڵی داوه‌ له‌به‌ر رۆشنایی ئه‌و گه‌شتنامه‌یه‌ی که‌ گه‌شتوه‌ری تورکی عوسمانلی ئه‌ولیا چه‌له‌بی له‌ سه‌ده‌ی ۱۷ ی فه‌ڕه‌نگی‌دا کردویه‌تی ، باسێکی شاری بتلیسی کورد بکا(۹۳) . کۆیله‌ر ئه‌م به‌رهه‌مه‌ی خۆی له‌ شێوه‌ی دوکتۆرنامه‌یه‌کدا داوه‌ به‌ زانستگای مۆنیخ .

زیك Sick ناوێك له‌ ساڵی ۱۹۲۹دا باسێکی به‌ بۆنه‌ی بزۆتنه‌وه‌ی کورده‌وه‌ له‌ کوردستانی تورکیادا به‌ ئه‌ڵمانی نوسیوه‌ و

---

(۹۱) Hesse, F: Die Mossulfrage, Berlin, 1925 .

(۹۲) Klippel, Ernst : Unter Druzen, Kurden und Teufelsambetern, Berlin, 1926 .

(۹۳) Koehler , W. : Die Kurdenstadt Bittis, nach dem tuerkischen Reisewerk des Ewlijá Tschelebi, Muenchen 1926 .

داخوازی‌یەکانی کوردی خستۆتە روو[٩٤] . Pfitzen mayer ناوێك وتارێکی لە گۆڤاری Erdball ی ئەڵمانیدا لەسەر پەیوەندی و خەباتی کورد و ئەرمەنی نوسیوە[٩٥] .

کابرایەك کە ناوی Artasches Abeghian بووە و رەنگە ئەرمەنی بێ ، لە ساڵی ١٩٣٠دا وتارێکی لە بارەی ژیانی فیکری کوردەوە بە ئەڵمانی نوسیوە و لە گۆڤاری « رۆژهەڵات Der Olient » دا بڵاوی کردۆتەوە[٩٦] .

دوکتۆر فۆن ڤێزن دۆنك وتارێکی بە ناوی « مەسەلەی کورد »ەوە لە (١٩٣١) دا بڵاوکردۆتەوە[٩٧] .

« کۆمەڵەی زانست لە زانستگای گوێتینگن » لە ئەڵمانیای رۆژئاوای ئیمزۆ کتێبێکی لە ساڵی ١٩٣٩دا لە بارەی شێوەی زمانە ئێرانیەکانەوە دەرکرد لەبەر رۆشنایی ئەو کەلەپورە زانستانەیەی لە

(٩٤) Sick, J . H. : Karen Jeffe : Im Kampf um ein Volk in vot, Stuttgart, 1929.

(٩٥) Pfitzenmayer, E . W. : Armenier und Kurden in der Erdball, 1931 .

(٩٦) Abeghian, Artasches : aus dem Geistesleben der Kurden, in der Orient, 1930.

(٩٧) Von Wesendonck, Dr . Otto, Graf : Das Kurdische Problem in preussische Jahrbuecher, Berlin, 1931, Band ccxxiii, S. 117 - 130 .

پرۆفیسۆر F. C. Andreas بەجێماوە[٩٨] . ئەم کتێبە کە بەسەر پەرشتی پرۆفیسۆر Arthur Christensen و هاوکاری Kaj Barr و W. Henning دەرچووە ، باسێکی ٣٨٦ لاپەڕەیی زمانەوانییانەی لە بارەی شێوەی کوردی گەرۆس و سنەیی و کرماشانی و کێلون و ئەبدۆیی تێدایە کە بە راستی هەمتو کوردەوانێك پێویستە بیخوێنێتەوە و کەڵکی لێ وەربگرێ .

لە کاتی شەڕی جیهانی دووەمدا (١٩٤٣) نامیلکەیەکی (٩٦) لاپەڕەیی لە شاری پۆتسدام بە ناوی « لە کوردستانەوە بەرەو ماڵەوە »[٩٩] . لە لایەن ئۆتۆفێرنەر و فۆن هێنتێگەوە دەرچۆ .

ئەوەی شایانی باسە ، ماوەیەکی کەم پێش شەڕی جیهانی دووەم و لە ماوەی شەڕدا ، ئەڵمانیا چاوی بڕیبووە نەوتەکەی کوردستان . بۆ ئەمە کەوتە پیلان دانان و لێکۆڵینەوە لە بارەی کورد و وڵاتەکەیانەوە ، بۆ ئەوەی کوردەکان بۆ خۆی ڕاکێشێ و بیانکا بە گۆ ئینگلیزەکاندا کە داگیرکەری نەوتەکەی کوردستان

(٩٨) Iramische Dialektaufzeichnungen aus dem Nachlass Von F. C. Andreas. zusammen mit Kaj Barr und w. Henning. Bearbeitet und lerausgegeben von Arthur Christensen. Kurdische Dialekte Bearbeitet von Kaj Barr, Berlin, 1939, S. 111 - 497.

(٩٩) von Hentig, Werner Otto : Heimritt, durch Kurdistan, Potsdam, 1943 ,

بۆن . بەجێهێنـــانی ئەم کارە و پەیوەندی بەســـتن بە کوردەوە سێیەردرابۆ بە ئەفسەرێـکی ئەڵمان کە ناوی گـۆتفرید یۆهانیس میوللەر بۆ . ئەم میوللەرە لە ســاڵی ١٩٣٧دا نامیلـکەیەکی بە ئەڵمانی بە ناوی « خۆ کوتانە ناو کوردستانی داخراو » ەوە دەرکرد(١٠٠) .

لە ســـاڵی ١٩٥٩یشدا کـتێبێـکی بە ناوی « لە رۆژهەڵاتی گـرتێبەربـۆدا » بـڵاوکردەوە(١٠١) . میـوللەر لـەم نۆســـراوەی دووەمێـدا بە دۆرودرێژی باسی ئەوە ئەگـێڕێتەوە کە چۆن چەند ئەفسەرێـکی ئەڵمان لەگـەڵ کوردێـکی هەولێرێ کە ناوی « رەمزی » بووە ، بە ســەرۆکایەتی ئەو ، بە فڕۆکەیەکی سوپای ئەڵمان چـۆنەتە کوردستان و خەریك بۆن بە دزیـیەوە هۆزە کوردەکان رێك بخەن و هانیان بدەن دژی ئینـگلیزەکان . ئەوەش باس ئەکا کە چۆن هەمۆیان لە کوردستانی عێراق گـێراون و فڕێ دراونەتە زینـــدانەوە . ئەم کابرایە لە کـتێبی دووەمیـــدا بەم جۆرەی خـوارەوە باسی کورد ئەکات :

« هەر کەسێ لەگـەڵ کوردێك ، بەڵام کوردێـکی رەسەن ، هەڵسـوکەوت بکا ، ئەو کەســە کوردی خـۆش ئەوێ و وڵاتەکەیانی خۆش ئەوێ . واتا کوردستانی خۆش ئەوێ . کورد هەمۆ مرۆڤی

(١٠٠) Mueller, Gottfried Johannes: Einbruch ins vurschlossene Kurdistan, Reutlingen, 1937.

(١٠١) Mueller, Gottfried Johannes : im bremenden Orient, Stuttgart 1959.

چـــاو گەش و وتووریان و هێـــز و وزەیەکی شـــاراوەی بەکار نەهێناویان هەیە »[۱۰۲] .

جا کە ئێمە باسی ئەو زانایانە ئەکەین کە بەرهـــەمی زانستانەی بەکەڵکیان هێناوەتە کایەوە ، نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە چەنـد کەسێکی بە ناو زانای ئەڵمان و ئەورووپایی بۆن و (ئێستەش هـەر هەن) کە شـتی زۆر کاڵوکرچ و ناڕاسـتیان لە بارەی کـورد و کوردسـتانەوە بـڵاوکردۆتەوە[۱۰۳] . بۆ وێنـــە پڕۆفیسۆرێکی

---

(۱۰۲) Ibid, S. 109 .

(۱۰۳) ـ بۆ وێنە لە کاتێکدا کە داگیرکەرانی کوردسـتان خەریکی ئەوەن کورد بە گەلێکی سەربەخۆ نەدەنە قەڵەم بەڵکو بە چەند هۆزێکی بێبنەچە و رەچەڵەك یا بە بەشێك لە گەلی « فارس ! »ی بدەنە قەڵەم ، هەندێ لە بەناو زاناکانی ئەورووپا ئەبێتێن سنگیان هێناوەتە پێشەوە و دەسـتیان کردووە بە نوسین و ئەیانەوێ لە سەرێکەوە خۆیان بە زانا بدەنە قەڵەم و لە سەرێکی تریشەوە خزمەتێکی داگیرکەرانی کوردستان بکەن . یەکێك لە وانەی کە بە دەمودەست خەریکە مێژوی کورد تێك بدا و گومان بە خەڵـکی پەیدا بکا لە بارەی بنچینە و بناوانی کوردەوە ، کابرایەکی ئینگلیزە ناوی مەکەنزیە . ئەم مەکەنزیە لە وتارێکدا کە گوایە بە ناوی « بنچینەی زمانی کوردیەوە » «The oligins of Kurdish» لە سـاڵی ۱۹۶۱دا لـە گۆڤاری Tran Sactions of the Philological Society for 1961دا نوسـیویەتی ئـەڵێ : « کوردەکان سەریان لە مێژۆ دەرناچێ (واتا نەفامن ـ ج . ن) . ئەبێتن مادەکان بۆ سەرۆ شۆڕین ماونەتەوە ، ئەمانیش ئەچن خۆیان ئەبەستن=

ئەڵمان کە ناوی Hans F. K. Guenther بووە ، لە نوسراوەکەیدا کە ناوی «رەگەزی باکتور لە ناو هیندۆ جەرمەنەکانی ئاسیادا» یە[١٠٤]، زمانی کوردیی زۆر ناشیرینانە بە « شێوەیەکی فارسی ! » داوەتە قەڵەم[١٠٥] . هەروەها دوکتۆر هێرتزفیلد ناوێك لە (١٩١٤) دا چووە بۆ ناوچەی زەردی ئاوا بۆ پشکنینتی پاشماوەی ئەو خەتی پەهلەوییەی

= بە مادەکانەوە و ئەڵێین کورد لە بەرەی مادن » . مەکەزیی هەرچەندە زمانی کوردیی زۆر کەموکورت و ناتەواو ئەزانێ کەچی سڵ لەوە ناکاتەوە خۆی بخاتە باسێکی وا قۆڵەوە کە بە هیچ جۆرێ سەری لێی دەرناچێ . هەرچەندە من وەرامی ئەم قسانەی مەکەزیم لە کتێبەکەمدا « کوردستان و شۆڕشەکەی » کە بە ئەڵمانی دەرم کردووە داوەتەوە و پێویست بە دوبارەکردنەوە ناکا . بەڵام هەر ئەوەندە ئەڵێم تەنیا ئێمەی کوردی « نەفام ! » نین کە ئەڵێین مادەکان باپیرە گەورەی ئێمە بوون . زانای زۆر گەورەی وەك مێنۆرسکی و دارشتێەرکوردیان بە نەتەوەی ماد زانیوە ، ئەمە لە لایەکەوە . لە لایەکیتی تریشەوە مەکەزییەك کە زمانی کوردیی تەنیا لامسەرلایییەك ئەزانێ و تەنیا یەك بەڵگەی بە دەستەوە نیە قسەی خۆی پێئیسپات بکات ، ئەبێ ئەوە بزانێ ئەم نوسینانەی ئەو لە خزمەتکردنی داگیرکەرانی کوردستان بەولاوە هیچ سودێکی تری نیە و لەوە زیاتر کە گەلی کورد ئەکاتە دوژمنی خۆی هیچیتی تری دەس ناکەوێ .

(١٠٤) Guenther, Prof . Hans F. K.: Die Nordische Rasse bei den Indogermanen Asiens, 1934 .

(١٠٥) Ibid, S. 142 .

ساسانیەکان کە لە گوندی «پەیکوڵی»دا بەجێماوە[١٠٦]. ئەم کابرا سپڵەیە هەرچەندە باسی ئەوەش ئەکا کە کوردەکان خۆی و هاوژێکانی وەک میوانێکی بەڕێز تەماشا کردووە، کەچی ئەڵێ «تەنانەت ئەم میوانداریەیە گیان ئازاردانێکی تەواوبۆ»، چونکە گوایە کوردەکان «دەستیان لە شتومەکەکانی داوە!» ئەمجا ئەڵێ ئەو پەندی پێشینانەی کە ئەڵێ: «ثلاثة في الدنيا من الفساد: الكردي والجريدي والجراد» هاتە دێ[١٠٧].

هەندێ قسەی بێ سەر و پێی تریشی کردووە، لە پاداشی میواندارێ و چاکەدا. کورد[١٠٨] راستی وتووە: «بۆ بۆرە پیاو خۆت بدەی بە کوشت ئەڵێ بە دەردی خوا مرد». لە پاش

---

(١٠٦) Herzfeld, Dr, Ernst: die Aufnahme des Sasanidischen Denkmals von Paikueli Brelin, 1914.

(١٠٧) Ibid, S. 7.

(١٠٨) بەراستێ ئێمە ئەبێ بزانین کێ دۆستمانە و کێ دوژمنمانە و ڕێ بەکێ ئەدەین بێتە ووڵاتەکەمانەوە و ڕێ لە کێ ئەبەستین. هەرکەسێ ناوێکی کوردی هێنا یا دۆ وشەی لە بارەی کوردەوە نۆستی بەوە نە ئەبێتە زانا و نەئەشبێتە دۆستی کورد. ئەو ئەورۆپاییانەی خراپە لەگەڵ کورد ئەکەن لە نەزانێتەوە پێویستە بێریان ڕۆشن بکرێتەوە و بخرێتە سەر ڕێی ڕاست. بەڵام ئەوانەی کورد و مەسەلەی کورد باش ئەناسن و سەرەڕای ئەوە خراپەکارێ لەگەڵ ئەکەن، پێویستە وەک دوژمن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ و ئەو کوردانەی یارمەتێشیان ئەدەن بە ناپاک بدرێنە قەڵەم.

جەنگی جیهانی دووەمەوە ، کوردەوانی ـ مەبەستم لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی یە ـ ئەستێرەی کۆژایەوە و لەو ماوە دوورودرێژەدا و بگرە تا ئێستەش بە دەگمەن باسێکی کوردەوانی لە لایەن ئەڵمانەکانەوە بڵاوکراوەتەوە . بەڵام لە جیاتی ئەوە گەلێك باسی مێژوویی و سیاسی بە ئەڵمانی دەرچووە کە شایانی باسکردن و دڵخۆشین . لێرەدا هەندێك لەو بەرهەمانە باس ئەکەین :

شتیك فیکاندەر کە پڕۆفیسۆرێکی سوێدیی یە باسێکی بە زمانی ئەڵمانی لە بارەی جەژنێکەوە نوسیوە کە لە کوردستان ئەکرێ و لە ئاڤێستای زەردەشتدا باس کراوە[١٠٩] . ڕۆژنامەنوسێکی ئیسلەندەیی کە ناوی ئەرلەندەر هەرادڵسەنە و لە ١٩٦٣ و ١٩٦٥دا چووە بۆ کوردستان و بە زمانی ئیسلەندی کتێبێکی لە بارەی کوردستانەوە دەرکردووە ، هەر ئەم کتێبە بە زمانی ئەڵمانیش لە هامبورگ لە ساڵی ١٩٦٦دا چاپکرا و بڵاوکرایەوە ، بەڵام ئەجارە بە ناوی « کوردستان ... وڵاتێك لە شۆڕشدا ».[١١٠] هەر لە ساڵی ١٩٦٣دا Hans Henle کتێبێکی

(١٠٩) Wikander, Sitg : Ein Fest bei den Kurden und in Avesta, in orientalia Suecana, vol. ix (1960), uppsala, 1961, s. 7 - 10

(١١٠) Haraldsson, Erlendur. : Land im Aufstand...Kurdistan, Hamburg, 1966.

لەســـەر « رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێی دەرکرد »[111] و لـە بارەی مەسەلەی کوردەوە بێرو راو ســـەرنجی خۆی بە شێوەیەکی بابەتانە خستە بەرچاو[112] .

یەکێ لە زاناکانی ئەڵمـــان کە خـــۆی بە لێکۆڵینەوەی زانستانەوە لەســەر کولتوور و ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەوە خـەریك کردووە ، زانایەکی خەڵکی بەرلینـە کە ناوی ڤۆڵفگانك رودۆڵف (Wolfgang Rudolph)ە .

رودۆڵف پڕۆفیســـۆری ئێتنۆڵۆژییە لە زانستگای ئازاد لە بەرلین و بۆ ئەم مەبەســـتە سێ جار چووە بۆ کوردستان ، جاری یەکەم لە پایزی ١٩٥٨دا چووە بۆ کوردستانی تورکیا و (٤) مانگ لەوێ ماوەتەوە . جاری دووەم لە پـــایزی ١٩٦٢دا چـــووە بۆ کوردستانی ئێران و (٤) مانگ لەوێ ژیاوە و لە ١٩٦٤ — ١٩٦٥ جارێکیتر بۆ ماوەی ساڵێك چووەتەوە کوردستانی ئێران .

رودۆڵف لە ١٩٥٩دا و پاش گەڕانەوەی لە کوردستانی تورکیا دۆ وتاری بە ئەڵمانیی نوسیوە ، یەکێکیان لە گۆڤاری زانست و

---

(١١١) Henle, Hans : Der neue nahe Osten, suhrkamp tasehenbuch 24, 1972

(١١٢) هەرئەوێ

تەکنیکدا[۱۱۳] و ئەوی تریان لـە گۆڤاری Soziologus دا[۱۱٤] .
لە ساڵی ۱۹٦۷دا دۆ وتاری لە بارەی کوردستانەوە بڵاوکردۆتەوە ؛
یەکێکیان لە بارەی رێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە لە کوردستانی
ئێراندا لە گۆڤاری Soziologusدا[۱۱۵] و ئەوی تریشیان وتارێکە
لەسەر هۆزی فەیزوڵڵا بەگی بۆکان کە بە هاوکاری کوردێکی ئێرانی
کە ناوی حەسەن فەلاحە بڵاوی کردۆتەوە[۱۱٦] . وتاری سێیەمیشیان
لـە بارەی کوردەکانی کوردستانی ئێرانەوەیـە و لە گۆڤاری
« بوستان »دا کە لە نەمسا دەرئەچێ بڵاوی کردۆتەوە[۱۱۷] .

(۱۱۳) Rudolph, Wolfgang : Kurdistan : Terra incognita in der Volkskunde, in der Zeitschrift die Umschan in Wissenschaft und Technik, nr. 20, Jahrg. 59, Frankfurt am Main, S 613 - 615

(۱۱٤) Rudolph, Wolfgang, Einige Hypotätische Ausfuehrungen zur Kultur der Kurden in soziologus, Jahrg - 9, Heft 2, Berlin, 1959, S. 150 - 162.

(۱۱۵) Rudolph, Wolfgang, Grundzuege sozialer Organisation bei den westiranischen Kurden, in Soziologus, Jahrg. 17, Heft 1, Berlin, 1967, s. 19 - 39.

(۱۱٦) Rudolph, Wolfgang, Die Feizulläbegi des Hochlandes von Bukán, in Baefflerl Archiv, Band 15, Heft 2, Berlin, 1967, S. 275 - 304.

(۱۱۷) Rudolph, Wolffang, Die Westiranischen Kurden in Bnstan, Oesterreichische Zeitschrift fuer Kultur, Politik und Wirtschaft der islamischen Länder,Wien, Heft 4, 1967. S. 33 - 40

Kaster لە کتێبەکەیدا « ئیسلام بەبێ پەچە »[118] باسێکی گەشتەکەی خۆی ئەکا بۆ سلەیمانی و ناوچەکانی کەی کوردستان و گەلی کورد بە گەلێکی ڕۆخۆش و میواندۆست ئەداتە قەڵەم .

ڕۆژنامەنوسێکی ئەڵمان کە ناوی (Karsten Dettmann)ە ، گەشتێکی کردووە بۆ کوردستان و ماوەیەك لە ناو پێشمەرگەکاندا ژیاوە . پاش گەڕانەوەی کتێبێکی بە ئەڵمانی بە ناوی « شەڕ بە لەپێ خۆت بگرە شێخ عادی نایەتە هاواری تۆ » وە[119] بڵاوکردۆتەوە . ئەم کتێبە کە لە ساڵی ١٩٦٦ دا دەرچووە[120] پڕە لە وێنەی جوانی کوردستان و پێشمەرگە دلێرەکانی .

پڕۆفیسۆر فۆخلەر هاوکە ، زانای بەناوبانگی ئەڵمان لە ساڵی ١٩٦٦دا نەخشەیەکی کوردستانی لە یەکێك لە باشترین چاپخانەکانی ئەڵماندا کە ناوی Jro یە ، بە ناوی « کوردەکان — گەلێکی بێ دەوڵەت »ەوە لە چاپدا[121] . نەخشەکە کورتە مێژوویەکی کورد و

---

(١١٨) Kaster Islam ohne Schleier, 1963 .

(١١٩) ئەمە پەندێکی پێشینانە کە بە تایبەتی لە ناو کوردە یەزیدیەکاندا باوە . مەبەستی ئەم پەندە ئەوەیە « تۆ پشت بە خۆت ببەستە ، لەتەنگانەدا کەس ناکەوێتە فریات » .

(١٢٠) Dettmann, Karsten : Vertrane der Pranke..., Hamburg, 1966 .

(١٢١) Fochler - Hancke, Prof . G. die Kurden Volk ohne staat, in Die aktvelle JRO - Landkarte, Ausgabe B, Nr. 224, August 1966.

بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی کوردستانی لەگەڵە . ئەم زانایە زۆر زانستانە و بابەتانە لەسەر کورد ئەدوێ . جا هەرچەندە نوسینەکەی کورتە چونکە وەک خۆی ئەڵێ کەمتی سەرچاوە و زانیاری لە بارەی کوردەوە تەگەرەیەکی گەورەیە لە ڕێی ئەوانەدا کە ئەیانەوێ لەسەر کورد و وڵاتەکەی بنوسن . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نوسینە کورتە زانیاریەکی باش ئەدا بە خوێنەرەوەی وتارەکە . نوسەر لە بارەی خووڕەوشتی کوردەوە ئەڵێ : « سەرڕاستی و دڵپاکی و ئازایەتی لە سەربازیدا ، لەگەڵ بێفێزی و خۆبەزلنەگرتن ، گرنگترین سروشتی کوردن ، ئەو کوردەی کە هەرچەندە ئایینی ئیسلامی پەسند کردووە کەچی سەرەڕای ئەوەش ژن هەر لە کۆنەوە لەناو ئەم گەلەدا ئازادی زیاتر بووە وەک لە گەلەکانی دەرو دراوسێی »[١٢٢] .

ئەوەمان نابێ لەبیر بچێ کە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا و نەمسا و سویسرەش (واتا ئەو وڵاتانەی گەلەکانیان بە ئەڵمانی قسە ئەکەن) ، لەم یانزە ساڵی دوایی‌یەدا کەمو زۆر ، لەسەر کوردیان نوسیوە و تەلەفیزیۆن و رادیۆکانیان جاروبار لەسەر کورد و کوردستان فلیمیان پیشان داوە و وتاریان خوێندۆتەوە[١٢٣] . جا ئەگەر لە هەندێ

(١٢٢) هەر ئەوێ .

(١٢٣) تەنیا بۆ نموونە وتارێکی رادیۆی کۆیلن لە بابەت « تێکۆشانی کورد بۆ ئازادی »یەوە :
von Juterczenka, Manfred : Der Freibeitskampf der=

ناتەواوی و کەموکوڕی بگەڕێین ، هەروەها هەندێ دەنگوباسی ناڕاست و دەستکرد و هەڵبەست بخەینە لاوە ، ئەوا ئەتوانین بڵێین زوربەی زۆری ئەم هەواڵ و دەنگوباس و توسینانە راستی بوون و بەکاری کورد هاتوون .

لەو رۆژنامەنوسانەی ئەڵمان و نەمسایی و سویسرەیی کە لەم دە ساڵی دواییەدا چوونە کوردستان و پاش گەڕانەوەیان وتار یان کتێبیان لەسەر کورد دەرکردووە ناوی چەند کەسێك ئەبەم :

Richard Anderegs (١٢٤) ؛ Erich Helmensdorfer (١٢٥) ؛
Randolph Braumaunn (١٢٦) ؛ Horst Blunig (١٢٧) ؛

= Kurden, in Deutschlandfunk, Köln, 20-4. 1967 (20 Seiten).

(١٢٤) Anderegg, Richard, chez les Rebelles Kurdes d. Crals, service de Documentation de Revue Preuves Paris, le 2. Octobre 1962.

(١٢٥) Helmensdorfer, Erich : an der seite der Aufständischen Kurden in Frankfurter Allgemeine Zeitung, 13. Juli 1963.

(١٢٦) Braumann, Randolph : an der Front im wilden Kurdistan, in, Rheinischer Merkur Köln, 14. 2. 1966 und Endloesung Kurdenfrage, im Rheinischer merkur, Nr. 21, 21 . 5 . 1965 .

(١٢٧) Brunig, Horst : Kurdistan ist nicht mehr wild; ein Volk ohne Staat wuenscht neue Ordnung, in=

Gordion Trocller و Claude Deffarge (۱۲۸) ؛
Arnold Roehen (۱۲۹) ؛ Peter Leuhefeld, Karl Breyer (۱۳۰)

هەروەها رۆژنامەنووسی هۆڵەندی سێلڤیو ڤان رۆی ، سەرۆك و دامەزرێنەری کۆمەڵەی جیهانی کوردستان (International Society Kurdistan) لە ئەمستردام ، تا ئێستە بێجگە لە دەرکردنی گۆڤارێك بە زمانی ئینگلیزی بە ناوی (Kurdish Facts) وە ، چەند وتارێکی

=Braunschweiger Presse, 20. Mai 1963. und Aufstand der Kurden, in Die politische Meinung, 8. Jahrg, Heft 89, 1963, S. 79 - 84.

(۱۲۸) Troeller, Gordion, und Deffarge, Claude: Durchs blutige Kurdistan, in Stern, Hamburg, 19 und 26. Januar 1964, S. 18 - 29, 28 - 38.

(۱۲۹) ئارنۆڵد رۆیکن کۆڕێکی ئەڵمانە و سەرکردەی کۆمەڵێکە بە ناوی لاوانی هەمبورگەوە . ئارنۆڵد و هاوڕێکانی چەند جارێك چۆن بۆ کوردستان و گەلێك وێنە و فلیمیان لەسەر کوردستان گرتووە و لێرە لە ئەڵمانیا بە یارمەتی « یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا » گەلێك وتاری سینەماییان لەسەر کورد خوێندۆتەوە و لە گەلی شوێن و دەرفەتدا لەسەر مافەکانی گەلی کوردیان کردۆتەوە .

(۱۳۰) Karl Breyer und Peter Leukefeld, Wieviel Minuten bis zum nächsten Krieg in Quick, Jahrg. 17, April 1965 .

له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی کورد له‌ رۆژنامه‌کانی ئه‌ڵمانیادا بڵاوکردۆته‌وه‌.(۱۳۱)

هه‌ندێ رۆژنامه‌نووسی تر هه‌ن که‌ نه‌چوونه‌ته‌ کوردستان له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا گه‌لی وتاریان له‌سه‌ر کورد و کوردستان بڵاوکردۆته‌وه‌. هه‌رچه‌نده‌ ناوبردنی ئه‌مانه‌ هه‌موویان له‌ وتارێکی وا کورتدا جێی نابێته‌وه‌، به‌ڵام ئه‌وا ناوی چه‌ند که‌سێکیان هه‌ر بۆ نموونه‌ ئه‌به‌ین : (۱۳۲) Eva Lorenz ؛ (۱۳۳) Wolfgang Hoepker

(۱۳۱) Van Rooy Silvio, E. Kurdenforschung, : Eine Voraussetzung konstruktiver Nahostpolitik, in Zeitschrift fueer politik, Koeln - Zuerich - wien 1962, Heft 2, S 142 - 153 .

Van Rooy, Silvio. E. Europaeische Aspekte des kurdischen Emanzipationskamfes, in Europaeische Begegnung, west-Berlin, August - Septemer, 1962, S. 66-70 Van Rooy silvio, E. : Komunisten und Kurden nach dem Sieg Der Baath-Partei im Irak in Osteuropa, Stuttgar,t Juli August, 1963, S. 5o5 - 508 .

(۱۳۲) Lorenz: Eva . Blutig erkaempfter Friede m wilden Kurdistan, in az brien, 22 - 3 1970 .

(۱۳۳) Hoepker, Wolfgang : in Christ and Welt, wr. 13.23 Jahrg, stuttgart, 27 . 3.. 1970, S . 7 und in Der Monat, Maerz 1970 .

(١٣٤) Heinz Gastrein	؛	(١٣٥) Arnold Hottinger	
(١٣٦) Franz von Gzulig	؛	(١٣٧) Rudolph Clinelli	
(١٣٨) Harald Vocke	؛	(١٣٩) Zuergen Beier	
(١٤٠) Roland Oertel	؛	(١٤١) Friedlich Wilhelm Fernan	

(١٣٤) Gastrein, Heinz : Iraks Kurden sind wieder aktiv, in : Die Presse, Wien, 6. 12. 1971, S 3.

(١٣٥) Hottinger, Arnold, im neue Zuercher Zeitung, 23 und 8. 5. 1963, 3. 7. 1964, 20 - 10. 1964, 30 - 4. 1965, 21. 4. 1966 und nr. 224, fernausgabe nr. 250, 12. 9. 1971, s. 56.

(١٣٦) von Gaudig, Franz: Kurden in Handelsblatt, Duesseldorf, 5. Mai 1965.

(١٣٧) Chimelli, Rudolph, in Sueddeutsche Zeitung, nr. 166, 13. 7. 1965, nr. 124, 25. 5. 1966 , 25/26. 6. 1966, 13. Juli 1966, S. 4. nr 22, 23. 1. 1968. nr. 174, 20/21. Juli 1968. ur. 24. 28. 1. 1970.

(١٣٨) Vocke, Harald: Islam und Demokratie, in FAZ, NR. 191. D. Abusgabe - 20. 8. 1971.

(١٣٩) Beier Juergen : Kopfjäger in Kurdistan, in Konkret, C 4289. D, Hamburg, 19. Mai 1969.

(١٤٠) Oertel, Roland: Die Flakstellungen sind vorläufig geräumt, in Frankfurter Rundsdan, NR. 178, 5 August 1970.

(١٤١) Fernau, Friedrich - Wilhelm, Die neuen kurdischen Sorgen Ankaras, in Deutsche Zeitung, NR. 162, 16. Juli 1962, S. 3. und Lösnng des kurdischen Knotens in Handelsblatt, NR. 143, 29/30, Juli 1966, S. 2.

(١٤٢) Geong von Huebbent ؛ (١٤٣) Von Stock housen
وهتد ... (١٤٤) Giselher Wirsing

جا ئێمە کە ئەڵێین رۆژنامەنووسەکانی ئەڵمان لەم دە ساڵەی دوایی‌یەدا چەندسەد وتارێکیان لەسەر کورد بڵاوکردۆتەوە، مانای وا نییە کە گەلی ئەڵمان لە مەسەلەی کورد و کوردستان بە تەواوی گەیشتووە. نەخێر. زۆرکەس هەن ئێستەش کوردستان بە هەڵەی چیرۆکەکەی کارل مایەوە ئەناسن. واتا هیچیان لە بارەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردەوە نەبیستووە. ئەمەش سەبارەت بە وەیە ئەو کوردانەی لێرە ئەژین و ئەوانەی دۆستی کوردن، هەتا ئێستە نەیانتوانیوە مەسەلەی کورد لە سنوورێکی فراواندا بخەنە بەرچاو. هەر ئەم کەمتەرخەمی‌یەیە رێگەی بۆ دوژمنەکانی کورد خۆش کردووە، ناوی کورد و مەسەلەکەی بە شێوەیەکی خراپ پێشکەش گەلی ئەڵمان و گەلە ئەورووپایی‌یەکان بکەن. چونکە کە دوژمن ترسی لێ‌پرسینەوەی لێ‌نەنیشت هەرچی‌یەکی لە دەست بێ، لە رووی

(١٤٢) von Huebbent, Georg, Burgfrieden mit Kurden steht auf dem Spiel in Die Welt, Hamburg, 27. September, 1966.

(١٤٣) von Stockhausen, Hans - Wilfriet, Oel und Mohammed, kurdische Probleme, in Politische Studien, München, Januar, 1960, Heft 117,, S. 44 - 48.

(١٤٤) Wirsing, Giselher : Kassem und die Kurden in Christ und Welt, Stuttgart, 18. 5. 1962.

خراپەکاریەوە ئەیکا و سڵ ناکاتەوە . ئا لێرەدا چەند نمونەیەکتی ئەو بوختان و خراپەکاریانەی هەندێ لە ئەڵمانەکان ئەنوسم :

چەند پڕۆفیسۆر و رۆژنامەنوس و کاربەدەستێکی ئەڵمان هەن کە ویژدانیان مردووە و لەبەر چەند هۆیەکی زۆر دوَر لە زانستەوە بوختان و درۆ و دەلەسەی ناهەموار لە بارەی کوردەوە بڵاو ئەکەنەوە . بۆ وێنە پڕۆفیسۆرێکی ئەنترۆپۆلۆژی کە ناوی (Von Bickstedt)ە ، کتێبێکی بە ناوی « تورك و کورد و ئێرانی لە کۆنەوە تا ئێستە » لە ١٩٦١دا دەرکردووە(١٤٥) . ئەم کابرایە لە هەر لایەکەوە و بەهەر بۆنەیەکەوە ناوی کوردی هێنابێ توسیویەتی « کورد جەردەکان » . ! ! !

کابرایەکتی تر ، ڤۆگەڵ Vogel ناوێك کە لە کن خۆی دوکتۆری فیزیکە ، لەگەڵ چەند کەسێکیتر چووە بۆ کوردستانی تورکیا . هەرچەندە میواندارتی کوردیش ئەگێڕێتەوە ، بەڵام دیسانەوە لە وتارەکەیدا کە لە بارەی ئەو گەشتەوە نوسیویەتی کورد بە جەردە ئەداتە قەڵەم(١٤٦) ، کە سکرتێری گشتتی « یەکێتتی نەتەوەیتی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا » نامەی بۆ نوستی و لێی پرستی ئایە بە ریشی ئەو رەوایە ئەو درۆیانە بۆ کورد

(١٤٥) Von Bickstedt, Egon, Freiherr : Tuerken, Kurden und Iranier seit dem Altertum, Probleme eine Anthroplogischen Reise, Stuttgart, 1961.

(١٤٦) Vogel : Sueddeutsche Zeitung.

هەڵبەستێ ؟ لە وەرامدا وتی : ببورن من لـە تورکیا ئەمانەیان بۆ گێڕامەوە ، ئەگینا خۆ من کوردێ نازانم . کاربەدەستانی حکوومەت ئەم قسانەیان بۆ کردم . راستە ئـەم کابرایە کوردێ نازانێ ، بەڵام ئایە دوکتۆرێکی فیزیك ئەبێ ئەوەندە گەوج بێ بچێ بە قســـەی ئەمو ئەو و لەبەر بۆرە بکەوێتە هەڵەکە سەما ؟ (١٤٧) .

کابرایەکی تر کە ناوی Hans Thema یە لە وتارێکدا نوسیویە : « چۆمە ناو کوردەکانەوە . کوردەکان جەردە و رێگرن و هەرچێ کڵێســـەی ئـــەو ناوە هەیە رۆخاندوێانە و ماڵی گاورەکانیان کاول کردووە » (١٤٨) . بەڵام پیـــاو لە وتارەکەی نابێتەوە کە هۆی ئەم بوختانە تێ ئەگات . چونکە Thema هەر لـــەو وتارەدا مەتحێکی زۆری « میواندارێ و نان بدەیێ » ژاندرمەی تورك ئەگێڕێتەوە لە کوردستاندا . ئەوەی شایانی باسە لێرەدا ئەوەیە کە دوژمنانی کورد زۆر وەستان لە پڕوپاگەندە کردندا دژێ گەلی کورد . بۆ وێنە لە جێیەکی وەك ئەورۆپادا کە ولاتێ دیانە ، وا دیعایە ئـەکەن کە گوایە کورد موسوڵمانی تەنگەتیلکەن و ئەوە بۆ ماوەیەکی زۆر کوردیان بە

---

(١٤٧) وێنەی ئەو نامانـــە وان لە ئارشیڤی « یەکێتێ ئەتەوەیێ خـویندکارانی کورد لە ئەورۆپـا » دا .

(١٤٨) Thema Hans : Wie Wild ist Kurdistan, in Publik, Nr. 5, Frankfurt, 30 - 1 1970, S. 27.

« ئەرمەنی کۆژ » ئەدایە قەڵەم(١٤٩). ئەمە بۆ ئەوەی بیر و رای

(١٤٩) کورد و ئەرمەنی کە دۆ گەلی دراوسێی یەکن ، بە درێژایی مێژۆ ، برایانە لە تەنیشت یەکدوە و لە ناو یەکتردا ژیاون . تەنانەت باوکی ئەدەبیاتی ئەرمەنی نوێ « ئەبۆ ڤیان » ئەڵێ : « کورد سوارچاکی رۆژهەلاتن بە هەموّ مانای وشە » . بەڵام سیاسەتی داگیرکەرانە و ئیمپریالیستانەی دەوڵەتی عوسمانلی و دەوڵەتی رۆسیای قەیسەری کارێکی وای کرد کە ئەم دۆ گەلە برایە پێش جەنگی جیهانی یەکەم ، ناخۆشی بکەوێتە بەینیانەوە و بچن بەگژ یەکتردا . بەڵام ئەم ناخۆشییە زۆر درێژەی نەکێشا ، هەرچەندە بە زیانێکی زۆری هەر دۆ لا تەواو بۆ ، ئەوە بۆ پاش جەنگی جیهانی یەکەم کورد و ئەرمەنی دیسانەوە دەستیان کردەوە ملێ یەك و دوژمنانی راستەقینەی خۆیان ناسییەوە و ، لەم ماوەیەدا گەلێك لە نوسەرانی ئەرمەنی وەك ئارشاك شەفراستیان و بێجگە لە ئەرمەنی وەك لازاریفی رۆس لە نوسینەکانیدا ئەو راستییەیان خستە بەرچاو کە کورد لە کوشتاری ئەرمەنییەکاندا گوناهی نییە و ئۆبالی ئەو خوێنڕێژییە بە گەردنی تورکە عوسمانلییەکانە .

لە هاوینی ساڵی ١٩٧١دا نوسەری ئەم وتارە لە لایەن یانەی ئەرمەنییەکانەوە لە بەرلین بانگ کرا بۆ ئەوەی وتارێك لەسەر کوردستان بخوێنێتەوە . ژمارەیەکی زۆر لە برا ئەرمەنییەکانیان و لە ناو ئەوانەدا هەندێکی خەڵکی ئەرمەنستانی سۆڤێتیش ئامادە بوون بێجگە لە ئەڵمان و خەڵکی تر . وتارەکە کە لە لایەن :

« یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردەوە لە ئەورۆپا » و « یانەی ئەرمەنی » یەوە برا بەڕێوە ، لە ئەنجامدا بۆ بە خۆپێشاندانێکی گەورە=

گشتی ئەوروپا لە دژی کورد هان بدەن . چونکە هەر ئەوانە و هاوتای ئەوانەن کە لە ناو موسوڵمانەکاندا جۆرە دیمایەکیتر لە دژی کورد ئەکەن ، ئەوەش ئەوەیە گوایە کورد زەردەشتی و مەجوستی و دوژمنی ئایینی ئیسلامن . لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە نووسەر و بلاوکەرەوەی ئەم بەیتو بالۆرانە[150] ئەوەندە نەزان و نەفامن ؛ ئایینی زەردەشتی بە ئایینێکی ئاگر پەرست ئەدەنە قەڵەم و شۆڕشگێڕانی کەڵە پیاوی کوردی وەك ئەبو موسلیمی خوراسانی و بابەکی خۆرەمتی[151] بە ئاگرپەرست و فارس ئەدەنە قەڵەم .

ئەمجا ئەم پڕوپاڵانتانە وەنەبێ هەر لە بارەی ئاینەوە بێ ، بەڵکو لە مەیدانی سیاسەتیشدا هەروایە . بۆ وێنە : لە جێگەیەکی وەك ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا ، هەوڵ ئەدرێ کە بزووتنەوەی کوردایەتی بە درۆ و بوختان بە بزووتنەوەیەکی شیوعیانە بدرێتە قەڵەم . هەر لەم

= بۆ برایەتی کورد و ئەرمەنی .
هەموو کوردپەروەرێك بێبوستە لەسەری ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ برایەتی و هاوکاری کورد و ئەرمەنی و ئاشوری بەهێزتر بکا . چونکە ئەم هاوکاری و برایەتییە بۆ چاکەی هەرسێ لایە . (جەمال) .

(١٥٠) بۆ وێنە تەماشای نامیلکەی « ماذا فی شمال العراق »ی معن العجیلی و نامیلکەی « الشعوبیة عدو العرب الأول » ، بغداد ١٩٧٢ بکە .

(١٥١) لە دەرفەتێکدا وتارێکی گەورە لەسەر شۆڕشگێڕی سۆسیالیستی نەتەوە پەروەری کورد « بابەکی خۆرەمتی » ئەنوسم ـ جەمال .

بارەیەوە لە دەورانی قاسمدا و لە کاتێکدا کە قاسم خۆی شۆڕشی کوردی بە دەسیسەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و ئەمریکا و ئینگلیز ئەدایە قەڵەم[١٥٢] ، ڕۆژنامەی Wehr - Politische Information ی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کە لە شاری Koeln دەرئەچێ لە ١٩٦٢/١/٢٦ دا نوسیوی : « یەکێتی سۆڤێت پشتگیری پێشمەرگەی کورد ئەکا و بە شەو فڕۆکەی سۆڤێتی چەک و تفاقی جەنگی ئەبەن بۆ ناوچەی کوردستانی عێراق » . کەچی هەر لەو کاتەدا ڕۆژنامەی Neues Deutsehland زمانی حاڵی « حیزبی سوسیالیستی یەکگرتوی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات » لە ١٩٦٢/٦/٧دا نوسیوی کە گوایە « حکومەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا مەشق بەو کوردە هەڵاتووانە ئەکا کە ڕایان کردووە بۆ ئەڵمانیا ، بۆ ئەوەی حکومەتی قاسم بڕوخێنن » . پاش بەستنی پەیمانی ١١ ی مارتی ١٩٧٠ ڕۆژنامەنوسێکی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کە ناوی Rolf W. Schloss ە و لە ئیسرائیل ئەژی و لەوێوە پەیامنێری ڕادیۆی باڤاریایە ، زۆر بێشەرمانە لە وتارێکدا نوسیوی کە گوایە « کوردەکان شیوعیین و بزوتنەوەکەیان بە پەنجەی

(١٥٢) تەماشای ڕۆژنامەی « العهد الجديد » ژمارە (٤٦٤) ، ساڵی ٣ ، بەغدا ، ٢ تەموز ١٩٦٢ بکە . هەرهەمان ڕۆژنامە ، ژمارە (٥١٠) بەغدا ، ٢٧ ئاب ١٩٦٢ . هەروەها ڕۆژنامەی « الثورة » ژمارە ، ٩١٩ ، بەغدا ١٩٦٢/٢/١٤ . هەر هەمان ڕۆژنامە ، ژمارە (١٠١٤) بەغدا ١٩٦٢/١٠/٧ .

سـۆڤێت ئەچێ بەژێوە و بارزانێش نۆکەرێـکی سۆڤێتە .»[153] و گـەلێك بوختان و ناماقوڵتی و درۆ و دەلەسـەی تر کە بە تونـدو تیژی لە کاتی خۆیدا وەرامم داونەتەوە[154] .

چەند رۆژنامەنوسێـکی ئەڵمان هـەن بەیتو بالۆرەیەکی تر بۆ کورد لێئەدەن . ئەوەش ئەوەیە گوایە « ئیسرائیل و ئێران و کورد بۆنەتە یەك بەرە لە دژی گـەلانی عەرەب » .

ئەم قسەیە بە زۆرتی لە لایەن کۆنە نازیەکانەوە ئەکرێ ، کە دۆستی شۆڤێنیستە عەرەبەکانن . ئەگەنا ئەمە لە خۆشەویستی گـەلی عەرەب نییە . چونـکە ئەو نازیانە دژی رەگـەزی سامیین ، سا ئیتر جۆلەکە بێ یا عەرەب ، ئەوە هـەریەکە بەلای ئەوانەوە . دوایی خۆشیان ئەزانن کە بزوتنـەوەی کوردایەتی تەنیـا لە دژی رەگـەزپەرستی و زۆردارتی چینایەتی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی یە و لە دژی هیچ گـەلێـکی ئەم سـەرزەمینە نییە . یەکێك لەو کۆنە نازیانەی ئەم بوختان و درۆیانە بڵاوئەکاتەوە دوکتۆر مێسەر شمیتە کە خاوەنی « کۆمەڵەی رۆژهەڵاتی نزیك » و گۆڤاری « رۆژهەڵات

---

(۱۵۳) Schloss, Rolf W. Ein Neuer Traum vom Kurdenstaat in Publik, Nr. 12, Frankfurt, 20. 3. 1970, s. 7.

(۱۵٤) تەماشای کتێبی « کوردستان و شۆڕشەکەی » بکە . لاپەڕە : « ۱۵ - ۱٦ » کە بە ئەڵمانی لە لایەن جـەمال نەبـەزەوە نوسراوەتـەوە و لە ۱۹۷۲دا لە چاپ دراوە .

Orient » ە لە هەمبورگ[١٥٥] . وەرامی ئەویشم هەر داوەتەوە[١٥٦] .

لەگەڵ ئەمەشدا ئەتوانین بە هەمو دڵێکەوە بڵێین کە دوژمنانی گەلی کورد لەناو گەلی ئەڵماندا ژمارەیەکی زۆر کەمن و زوربەی زۆری ئەو ئەڵمانانەی کورد ئەناسن و هەواڵ و باسی کوردیان بیستووە ، نیازیان باش و پاکە بەرامبەر کورد و کوردستان . ئێمەش ئەبێ ئەو هەستە باشە زۆڕ بە زۆڕ بەهێزتر بکەین .

جا کە لێرەدا ئێمە باسی ئەو هەوڵ و تەقەلایەمان کرد کە زانا ئەڵمانەکان و زۆژنامەنوسەکانیان داویانە بۆ ناساندنی کورد بە گەلی ئەڵمان زمان ، دیارە پێویستە باسێکی کورتی ئەو تێکۆشانەش بکەین کە کوردەکان خۆیان لەم وڵاتانەدا داویانە لەم ڕووەوە :

لام وایە میرزا محەمەد کە ناوی بە « جەواد ئەلقازی » ڕۆیوە ، یەکەمین کوردێك بووە کە بە زمانی ئەڵمانی وتاری لەسەر کورد نوسیوە . من تا ئێستە بۆم ساغ نەبووەتەوە ئەم کوردە کێ بووە و خەڵکی کوێ بووە ، بەڵام ئەوەم بەلاوە ئاشکرایە کە لە پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا لە ئەڵمانیا بووە و دۆ وتاری لەسەر کورد نوسیوە : یەکێکیان لەسەر هۆزی مەنگوڕە و لە

(١٥٥) تەماشای گۆڤاری orient زمارە (٦)ی ساڵی ١٩٦٧ بکە .

(١٥٦) تەماشای کتێبی « کوردستان و شۆڕشەکەی » لاپەڕە (١٩) بکە .

گۆڤاری Clobus دا بڵاوی کردۆتەوە[١٥٧] ، ئەوی تریشیان لەسەر « دەستوور و یاسای کوردەواریە » و لە گۆڤاری « زانستی بەراوردکاری ماف » (علم الحقوق المقارن) پەخشی کردووە[١٥٨] .

پاش ئەو دوکتۆر کامەران بەدرخان دێ کە لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم هاتووەتە ئەم وڵاتە و لە شاری Leipzig لە ١٩٢٦دا دوکتۆرای یاسای وەرگرتووە . بەدرخان لە ١٩٣٧دا لەگەڵ Herbert Oertel ناوێکی ئەڵمان چیرۆکێکی کوردی بە ناوی « ئەمیری کوردستانەوە » بە ئەڵمانی بڵاوکردۆتەوە[١٥٩] .

تێکۆشانی کوردەکان[١٦٠] بە گشتی لەم دە ساڵی دوایی‌یەدا

---

(١٥٧) Mohammed, Mirza (Djevat al-Kazi) : Der Kurdenstamm Mangur, in Clobus, xcvlll.

(١٥٨) Mohammed, Mirza (Djevat al - Kazi) : Studien aus dem Rechtsleben in Kurdistan in der Zeitschrift fuer vergleichende Rechtswissenschaft, Band 22, 1909,

(١٥٩) Bedir Kıan, Prince Kamuran Aali und Oertel, Herbert : Der Adler von Kurdistan, Potsdamm, Ludwig Vosgenreiter Verlag, 1937.

(١٦٠) کە ئەڵێم کوردەکان تەنیا مەبەستم لەوانەیە کە ڕێشیان کردووە بۆ کورد و بە پێویستی سەرشانی خۆیانی ئەزانن و لە کاتی دڵەوە بۆ فیدا کاریێتی لەم پێناوەدا ئامادەن . مەبەستم لەوانە نییە کە ئەگەر پێتو فشە کوردایەتی‌یەك بکەن تەنیا لەبەر ئەوەیە چونکە « شەڕ لە بەتاڵی باشترە » . جەمال.

لەچاو جاراندا یەکجار زۆر بووە. یەکەم لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لـــەم سالانەی دواییدا هاتنـــە دەرەوە بۆ خوێندن لە ئەورۆپا و بەتایبەتی لە ئەڵمانیا. دووەم: شۆڕشی کوردستان پاڵی بە گەلێك کوردەوە نا کە مەســـەلەی سیاستی گەلەکەیان لە بێگانە بگەیەنن. بەشێکی گەورەی ئەم کارە کەوتبووە سەر شانی ئـــەو خوێندکارانەی هاتبوون بۆ ئەم ولاتە بۆ خوێندن. ئەم خوێندکارانە ناو بە ناو، چاك یا خراپ، زۆر یا کەم، بەیاننامەیان لەسەر مەســـەلەی کورد و ولاتەکەی، لە ئەڵمانیا، وەك شوێنەکانی تری ئـــەورۆپا دەرکردووە و بەشیوەیانەتەوە. تەنانەت «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورۆپا» دوو سێ ژمارەی لە گۆڤارەکەی کە ناوی «کوردستان» بۆ بـــە ئینگلیزی دەرئەچوو، بە ئەڵمانی دەرکرد. هەر لکی کۆمەڵە لـــە ئەڵمانیای رۆژئاوا و لە شاری هایدلبەرگ گۆڤارێکی بە ئەڵمانی بە ناوی «شـــۆڕشا کورد» (Die Kurdiche Revuolution) دەرکرد. یەکەمین ژمارەی لە ۱۹۷۱ و دووەمین ژمارەی لە ۱۹۷۲دا دەرچوو. ئیتر دەرنەچوو. لکی کۆمەڵە لە نەمسا نامیلکەیەکی چەند لاپەڕەیی بەناوی «کورد — گەلێکی بێ دەوڵەت» لـــە (۲۰) لاپەڕەیەکی بچوکدا و بە یارمەتی دوکتۆر Erich Koerner سکرتێری گشتی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە نەمسە دەرکرد(۱۶۱).

(۱۶۱) Die Kurden, Volk ohne Staat, Publikation der Ksse in Oesterreich, 1972

تاکە تاکەی کوردیش لە نەمسـا و ئەڵمانیا و سـویسرە ، پەیوەندییان لەگەڵ رۆژنامەنوسەکانی ئەم شـوێنانە پەیدا کردووە و باسی کوردیان تێگەیاندوون . کوردێکی خەڵکی هەڵەبجە کە ناوی (عەبدوڵلا قادر)ە و نزیکەی (٣٠) ساڵێك ئەبێ لە ئەڵمانیا ئەژێ ، بە هۆی ئەوەوە کە ئیشەکەی بە رەسمیی وتار خوێندنەوەیە لە بارەی رۆژهەڵاتەوە ، لەگەڵ ناوچەی ئەڵمانیا و نەمسا و ئەو وڵاتانەی تردا کە بە ئەڵمانیی ئەدوێن ، وتاری بە وێنەی سینەمایی‌یەوە لەسەر کورد خوێندۆتەوە هەندێ لە رۆژنامەکانی ئەو شوێنانە باسیان کردووە .

ئەم کوردە زیرەك و کوڵۆڵە ، ئێستە نەخۆشی‌یەکی زۆر قورسی گرتووە و لە شاری (مۆنیخ) بێکەس و بێدەر لێی کەوتووە .

لە ساڵی ١٩٦٣دا حیلمی عەباس کە کوردێکی خەڵکی ئەڵمانیایە و لە باوکێکی کورد و دایکێکی ئەڵمان لە ١٩٢٢دا هاتووەتە جیهانەوە ، کتێبێکی بە ناوی « کۆمەڵـە هۆنراوەیەکی کوردی : دڵداری و پاڵەوانێتی »یەوە بە ئەڵمانی دەرکرد(١٦٢) . هەر ئەم کوردە ئەمساڵ چەند نیگارێکی لـە بەرهەمی خۆی بە لێدوانێکەوە بـە زمانی ئەڵمانی بڵاوکردەوە . لەمەدا ئەڵێ ئەمانەم بە یادی کوردستانەوە بەرهەم هێناوە.

دوکتۆر کەمال فوئاد کاتی خۆی لـە بەرلینی رۆژهەڵات

---

(١٦٢) Abbas, Hilmi : Alt kurdische Kampf - und Liebeslieder, München, 1963.

ئەیخوێند وتارێکی لەسەر ئەدەبی فولکلۆرێ کورد لە ساڵی ١٩٦٥دا لە گۆڤاری زانستگای هومبوڵتدا بڵاوکردەوە.(١٦٣)

کوردێکی خەڵکی کوردستانی تورکیا کە ناوی حەمە رەش رەشۆیە (حەمدی تورانلی)، چەند پارچە هۆنراوەیەکی خۆی کە بە کوردێ و بەشێوەی کرمانجی ژوروَ هەڵی بەستبوون، کردنی بە ئەڵمانێ و لە لایەن کۆمەڵەی جیهانی کوردستانەوە لە ئەمستردام لە ساڵی ١٩٦٧دا بە ناوی «باکور Norduind»ەوە لە شێوەی نامیلکەیەکدا بە ئەڵمانێ و کوردێ و لاتینێ بڵاوکرایەوە(١٦٤) ئەمە یەکجگە لەوەی ئەم کۆرە گۆڤارێکی بە کوردێ کرمانجی باکور و تیپی لاتینێ بە ناوی «چیا ـ Giya» وە لە بەرلین دەرکردووە.

هەروەها ٣ ژمارەی لە گۆڤارێکی تر بە ناوی Hêviya welêt لە مۆنیخ دەرکردووە.

ئەوەی شایانی باسە، لق و دامو دەزگای حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ئەورووپا، هەریەکە بەپێی دەسەڵاتی خۆی لە ئەڵمانیا،

(١٦٣) Fuad, Kamal : Kurdische Folklore in literarischer Überlieferung, in Güng, die Wissenschaft Zeitschrift der Humboldt - Uni Brl. Ges - Sprachwiss. R-XIV., 1965, S. 615.

(١٦٤) Reso, Hemres : Bakur (Nordwind), International Society Kurdistan, Amsterdam, 1967.

وەك شوێنەکانی تری ئەورووپا ، بەیاننامەی بە ئەڵمانیی و زمانەکانی تر بڵاوکردۆتەوە .

لە ٢١ی مارتی ١٩٦٥دا « یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا » لە لایەن نوسەری ئەم وتارەوە و بەپشتگیریی و هاوکاری پێشمەرگەی جوانەمەرگ و شەهیدی کوردستان لەتیف عەلی و ئەندازیاری خاوەن دیپلۆم ب . ئیبراهیم لە شاری مۆنیخ دامەزرا(١٦٥) .

یەکێتیی کە لە ئەورووپا ناوی بە Nukse (نوکسە) دەرکردووە ، هەر لە سەرەتاوە پێڕەوێکی کارکردنی بۆ خۆی دەستنیشان کرد ، بۆ ئەوەی لەبەر رۆشنایی ئەوە ئامانجی کوردناسێتی خۆی ، چ لە بارەی زمان و ئەدەبیاتەوە و چ لە بارەی سیاسەتەوە ، بهێنێتە دی . نوکسە لەم رووەوە تا ئێستە ئەم خزمەتانەی خوارەوەی پێك هێناوە :

١ — وتار خوێندنەوە بە زمانی ئەڵمانیی لەسەر کورد و کوردستان بە وێنەی سینەمایی‌یەوە و دەمەتەقێ کردن لەگەڵ گوێگرانی بێگانە لەسەر مەسەلەی کورد . تا ئێستە هەزاران وتاری لەم بابەتە لە هەمۆ شوێنێکی ئەڵمانیادا ، لە لایەن هاوبیرانی نوکسەوە خوێندراونەتەوە .

(١٦٥) ناوی یەکێتیی بە ئینگلیزیی :
(National-Union of the kurdish students in Europe)
وکورتە ناوەکەی : NUKSE یە .

٢— دەرکردنی رۆژنامەیەك بە زمانی ئەڵمانی بە ناوی «دەنگو باسی کوردستان Kurdistun Iufolmation» ەوە ، بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی راستەقینە لە بارەی مەسەلەی کوردەوە و بەرپەرچدانەوەی دوژمنانی گەلی کورد و ئەجا بەشێنەوەی بەسەر پارتە سیاسیەکان و زاناکان و رۆژنامەنوسەکان و نامەخانەکان و خەڵکی ناسراودا لە ئەڵمانیا و نەمسا و ئەو شوێنانەی تردا کە بە ئەڵمانی ئەدوێن ، ناو بە ناو بە خۆڕایی ئەم رۆژنامەیە دەورێکی گەورەی بووە و هەیە لە رۆنکردنەوەی رۆی گەش و روناکی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورددا .

٣— خۆ پێشکەش کردن بۆ دەرز وتنەوەی کوردی لە زانستگاکانی ئەڵمانیادا . نوسەری ئەم وتارە لە ساڵی ١٩٦٤ ەوە تا ساڵی ١٩٧٠ لە سێ زانستگای گەورەی ئەڵمانیا : مۆنیخ و ڤیرتن بورگ و هەمبورگ ، زمانی کوردی وتووەتەوە و چەند پڕۆفیسۆر و زانایەکی تری ئەڵمان ، لە خۆیندنی ئەو دەرزانەدا بەشدار بوون .

لە زستانی ساڵی ١٩٧٩ ەوە نوسەری ئەم وتارە لە زانستگای ئازاد لە بەرلین دامەزراوە بۆ دەرزوتنەوەی ئیتنۆلۆژی Ethnologie و سەرەڕای بەربەرەکانی ناحەزان و دوژمنانی کورد ، توانیویەتی زمان و ئەدەبیات و مەسەلەی سیاستی کوردستان بە شێوەیەکی رەسمی لە زانستگادا بڵێتەوە . ئێستەکە گەلێ خوێندکاری کورد و کوردستان (وەك برا ئاشوریەکانمان) و ئەڵمان لەو سەمنیارانەدا بەشدارن و ئەخوێنن .

٤— بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەک نامیلکە و کتێب بە زمانی ئەڵمانی لە بارەی زمان و ئەدەبیاتی کورد و مەسەلەی سیاسی کوردستانەوە . تەنیا ناوی چەند دانەیەک لەمانە ئەبەین :

١— «مەم و زین»[١٦٦] : گۆڕینی کورتەیەکی چیرۆکی «مەم و زین» ی ئەحمەدی خانیە لەگەڵ پێشەکیەکی پێویست لە بارەی جێگەی «مەم و زین» ەوە لە مێژوی ئەدەبیاتی کوردیدا .

٢— «پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە کوردستانەوە»[١٦٧] گۆڕینی ژمارەیەکی زۆر پەندی پێشینان و قسەی نەستەق بۆ ئەڵمانی ، لەگەڵ تیکستە کوردیەکانی ، بە پیتی لاتینی و بە پێشەکیەکی پێویستەوە لە بارەی گرنگی پەندی پێشینان بۆ ئەدەبی فولکلوری کورد .

٣— «کریستۆماتی کوردی»[١٦٨] : بڵاوکردنەوەی پێنج پارچە لە بەرهەمی پێنج نوسەر و هۆنەری کوردی وەک : جەمیل

---

(١٦٦) Nebez, Jemal : Mam und zuen, deutsche Übersetzung einer Liebesgeschichte von dem beruehmter kurdischen Dichter Ahmad Chani, Publikation der NUKSE, Muenchen, 1969.

(١٦٧) Nebez, Jemal : Sprichwörter und Redeusarten aus Kurdistan, Publikation der NUKSE, Muenchen, 1970.

(١٦٨) Nebez, Jemal: Kurdische Schriftsprache, chrestomathie moderner Texte, Helmut Buske verlag-Hamburg, 1969.

رۆژبەیانی ، پاکیزەی رەفیق حیلمی ، ئەحمەد هەردی ، وینس دلّدار ، ئەورەحمان هــەژار ، بــە پیتی عــەرەبی و پیتی لاتینی و ترانسکریپسیۆنەوە . لەگەڵ سەرەتایەك لە بارەی گیروگرفتەکانی زمانی کوردییەوە هەروەها فەرهەنگۆکێکی کوردی — ئەڵمانی بۆ ئەو وشانەی لە تێکستەکاندا ناویان هاتووە . ئەم نامیلکەیە بەکاری ئەو ئەڵمانانە دێ کە خەریکی زمانی کوردین .

٤ — « چیرۆکی لالۆ کەریم »[١٦٩] : گۆڤارێکی ئەڵمانی یەکێك لە چیرۆکەکانی نوسەری ئەم وتارەیە کە لە ساڵی ١٩٥٦دا لە کەرکوك نوسیویەتی . لەگەڵ سەرەتایەك لە بارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردەوە ، بە گەلێك نەخشو نیگاری جوانەوە .

٥ — لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بە زمانی ئەڵمانی لە بارەی میری رەواندز (پاشا کۆرە)ەوە ، لەبەر رۆشنایی بەڵگە و سەرچاوە رۆژهــەڵاتی و رۆژئاوایی‌یەکان ئەم کتێبە نامەی دوکتۆرای یەکەمی نوسەر بۆ کە لە کۆتایی ســاڵی ١٩٦٩ دا پێشکەش زانستگای هەمبورگ کرا . لە ١٨٠ لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە[١٧٠] .

(١٦٩) Nebez, Jemal, (Mit Illustration von Doris Feyerabend): Lalo Karim, Muenchen, Selbstverlag, 1968

(١٧٠) Nebez, Jemal: Der kurdlsche Fuerst mir Muhammad-i Rawandizi, genannt Mir - i kora, im Spiegel der morgenländischen und abendländischen Zeugnisse, Hamburg, 1970

٦— «ئەفسانە و چیرۆکی کوردی»[١٧١] : گۆڕینی (١٩) ئەفسانە و چیرۆکی دەمی «هیقایەت» لە کوردیەوە بۆ ئەڵمانی، لەگەڵ پێشەکیەکی (١٣) لاپەڕەیی لە بارەی دەوری ئەفسانە و چیرۆکی دەمیەوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا. ئەم کتێبە پاشکۆیەکی لەگەڵە بریتیە لە لێکۆڵینەوەیەکی کورت لە بارەی ئەو بەرهەمانەوە کە تا ئێستە لە لایەن خۆ و بێگانەوە لەم مەیدانەدا پێشکەش کراون. هەروەها بەشێکی تەرخان کراوە بۆ شتی کردنەوەی هەندێ وشەی کوردی کە ناویان لە ناو چیرۆکەکاندا هاتووە، بە پێی زانستی زمانەوانی. کتێبەکە هەمتوی (١٥٢) لاپەڕەیە و (٨) نیگاری زۆر جوان و نایابی لەگەڵە و لە بەرگێکی ڕەنگاو ڕەنگی قەشەنگدا لە چاپدراوە.

٧— «کوردستان و شۆڕشەکەی»[١٧٢] : ئەمە زنجیرە وتارێکە تۆسەر لە ساڵی ١٩٧١دا بە زمانی ئەڵمانی و بە چەند جارێك، لە بەرلینی ڕۆژئاوا بۆ کورد و هاوڕێکانی کوردستانی خوێندۆتەوە. ئەم کتێبە بریتیە لە باسێکی مێژوویی سیاسی گەلی کورد بە هەمتو بزوتنەوە و کۆمەڵ و حیزبە سیاسیەکانیەوە و لە هەمتو بەشەکانی

(١٧١) Nebez, Jemal (Mit Illustration von Doris Feyerabend): kurdische Märchen und Volkserzählungen, Publikation der Nukse, Bamberg, 1972.

(١٧٢) Nebez, Jemal : Kurdistan und seine Revolution, Publikation der NUKSE, 1972.

کوردستاندا ، هەر لە کۆنەوە تا ئێستە . لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی باری سەرنجی رۆژنامەنوس و سیاسەتگێڕ و دەوڵەتەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەرامبەر بە کورد .

بێجگە لەوەش پاشکۆیەکی (٣٨) لاپەڕەیی لەگەڵە بۆ زانیارتی زیاتر لە بارەی کورد و کوردستانەوە وەک : ئابوری کوردستان و ژینی کۆمەڵایەتی و پایەی ژنان و ئاین و باسی ئەنتروپۆلۆژی و ... هتد لەگەڵ بەندێك لەسەر سوپای پێشمەرگە و دەستوری نوکسە و گۆڕینی مارشی نەتەوەیی کورد (ئەی رەقیب) بۆ ئەڵمانی بە شیعر . هەروەها باسی نەورۆز و بەندێك لەسەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی و گەلێ شتی تری وا کە بێگانە ئاشنا ئەکەن بە کورد و وڵاتەکەی . ئەم کتێبە هەموی لە (٣٣٠) لاپەڕەدا چاپکراوە و گەلێك وێنەی جوانی وڵات و نەخشەیەکی کوردستانی لەگەڵە .

٨— « حول المشكلة الكردية »[١٧٣] نامیلکەیەکە لە لایەن نوسەری ئەم وتارەوە بە عەرەبی لە مۆنیخ لە ساڵی (١٩٦٩)دا بڵاوکراوەتەوە . ئەم نامیلکەیە بە زۆری بیروڕای حیزبە سیاسیەکانی وڵاتی عەرەب و کوردستان و ئەو حکومەتانە نیشان ئەدا کە پەیوەندییان بە کوردستانەوە هەیە . لەگەڵ مێژوویەکی کورتی گەلی کورد و تێکۆشانی لە پێناوی رزگاریدا هەر لە کۆنەوە تا ئێستە هەموی بە بەڵگەوە .

(١٧٣) نیز ، جمال : حول المشكلة الكردية من منشورات « الاتحاد القومي للطلبة الاكراد في اوروبا » ، ١٩٦٩ .

٩— « روانگەیەکی کورد بۆ تەماشا کردنی مانگ لە دەوری نوێدا »[١٧٤] : ئەمە وتارێکی توسەرە بە زمانی ئەڵمانی لە بارەی ژیان و بەسەرهات و کارەکانی زانای ئەستێرەوانی کورد « شێخ حەسەنی گڵەزەردە »ەوە . ئەم وتارە لە ژمارە (١٢٢)ی ZDMG واتا « گۆڤاری کۆمەڵەی رۆژهەڵاتی‌یەوانەکانی ئەڵمان »دا بڵاوکراوەتەوە .

ئەمانە تەنیا بەشێک بوون لەو بەرهەمانەی توسەر کە لەسەر کورد توسراونەتەوە . ئەو وتارانەی لە بارەی کوردەوە نەبوون ، لێرەدا ناویان نەبرا . ئەم توسراوانە ژمارە (٣) و (٩)ی لێدەرچێ ، ئەوانی تری هەمو لە لایەن « یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردەوە لە ئەوروپا » بڵاوکراونەتەوە .

بێجگە لە مانەش ، توسەر دوو بەرهەمی تری بە ئەڵمانی ئامادە کردووە کە هێشتا چاپ نەکراون . یەکێکیان : « فەرهەنگی ئەڵمانی ـ کوردی »یە کە نزیکەی (٣٠٠٠٠) وشەیەک ئەبێ ، کە مانا کوردی‌یەکانیان بە پیتی عەرەبی و لاتینی و ترانسکریپسیۆن توسراونەتەوە . جاروبار ماناکان بە چەند شێوەیەکی کوردی لێک دراونەتەوە .

---

(١٧٤) Nebez, Jemal und Schlosser, W. : Ein kurdisches Mondobservatorium..... etc, in ZDMG, 122.

دووەمیان : نامیلکەیەك بە ئەڵمانی بۆ فێربوونی زمانی کوردی ، بۆ ئەوەی لە زانستگاکاندا بەکار بهێنرێ .

هەروەها توسەر گەلی کورتە چیرۆکی بە ئەڵمانی توسیوە لەگەڵ بەسەرهاتی چەند سالەی خۆی لەناو ئەم ولاتانەدا ، کە ئەوانیشی هێشتا بڵاونەکراونەتەوە .

* * * * * *

ـ ملخص المقال ـ

لمحـــة

عن تاريخ الدراسات حول الكرد فى المانيا

د. جمال نبز

يتناول كاتب المقال تاريخ الدراسات حول الكرد في المانيا ، ويتوخى من هذه العبارة Kurden Kunde معنى واسعاً ، تشمل جميع الجهود والمساعي والنشاطات المبذولة لتعريف الكرد بالألمان (او من يتكلمون الالمانية) من جميع الوجوه اللغوية والادبية ومن النواحي السياسية والتأريخية والأجتماعية والفنية و حتى الاخبار المنشورة على صفحات الجرائد .

ويؤكد كاتب المقال على ان تطور الوضع السياسي في كردستان في الفترة الأخيرة قد أثرت وبشكل فعال على توسيع معلومات الألمان بالشعب الكردي واصبحت كلمة (كردستان) تردد على الشفاه وتكتب على صفحات الجرائد . كما ويستقرى كاتب المقال المحاولات البدائية لهذه المسألة ، ولا يستبعد الكاتب ان تكون الرسالة السياحية

للصائغ الباڤاري Schiltbrger في ١٤٧٣ اول محاولة في هذا المجال ، ويعتبر هذه الرسالة اقدم مصدر ذكر فيها اسم الكرد . وكذلك التقرير الحربي المنشور في مجلة (Tuerchis - Estata - und Kriep - Beliclat) والمحرر من قبل (توماس فون) الصادرة في شهر شباط ١٦٨٤ في همبورگ . وبعد ذلك وفي القرن الثامن عشر الميلادي توجد مصادر عدة تبحث عن الكرد ومنها رحلة قام بها (نيبور) للبلاد العربية وماجاورها ، وفي القسم الثاني من هذه الرسالة السياحية التي صدرت عام ١٧٦٦ بحث حول الكرد . كما قام (بيرگ) رحلة الى كردستان وگرجستان واناضول والعراق وقد نشر كراساً حول رحلته ، فيه صور رائعة وخارطتان .

ويضيف الاستاذ نـبز بانه ظهرت في القرن التاسع عشر مصادر كثيرة باللغة الالمانية حول الكرد وكردستان . والحقيقة انه قد كتب عن التاريخ واللغة والادب الكردي في هذا القرن كل الذين زاروا كردستان بالاضافة الى العلماء والمستشرقين .

ثم يشير الكاتب الى ان لنشر قصة القاص الالماني كارل ماي (١٨٤٢—١٩١٢) والصادرة بعنوان (خلال كردستان الموحشة) اثر كبير في نشر اسم الكرد ليس في المانيا وحسب بل وفي اوروبا باسرها . وبالرغم من ان هذه القصة ذات طابع اسطوري وفيها من الاجواء البعيدة عن الواقع الشيء الكثير ، الا ان فيها الكثير من الجوانب التي تسلط الضوء على خصائل الشعب الكردي وصفاته النبيلة .

والجدير بالذكر أن كاتب القصة أعتمد في صياغة قصته على أحاديث

رواة الملاحم في تلك الايام . كما ويستعرض أسماء المستشرقين والعلماء الذين كتبوا عن الكرد ؛ ومنهم المؤرخ النمساوي (فون همر) الذي كتب مؤلفات عديدة حول تأريخ الأمبراطورية العثمانية وكتب بحثاً عن اللغة الكردية ولهجاتها على ضوء الجزء الثالث لكتاب الرحالة التركي (أولياچلبي) في سنة ١٨١٤ . ثم يستطرد الكاتب قائلا :

كانت العلاقات السياسية والتجارية وثيقة بين الدولتين العثمانية والبروسية الألمانية في القرن الماضي ومن خلال هذا التعاون ساهم ضباط ألمان في الحرب ضد ثوار الكرد آنذاك ومنهم (هيلموت فون مولتكه) ، ساهم هذا الضابط في الحرب والقمع ، وفي الرسائل التي كان يبعث بها (مولتكه) الى زوجته ، يتحدث فيها عن شجاعة وبأس الكرد . كما يشير الى الحزازات والخلافات بين الاكراد ، وإلى أن رؤوساء العشائر كانوا يدافعون عن افراد عشيرتهم فقط ، دون الاتحاد تحت راية قومية . ويأسف مولتكه لهذا ويقول لو أتحد الأكراد لأصبح الوقوف بوجههم أمراً غير ممكن . وفي المقال أسماء قسم من الرحالة الأوروبين والأمريكان الذين زاروا كردستان وكتبوا عن الكرد بحوثاً بعضها جيدة واخرى رديئة ؛ كالرحالة الألماني (بلاو) الذي زار كردستان إيران وتركيا ونشر مجموعة من نتاجاته في (١٨٥٨ — ١٨٦٢) وله كراس حول قبائل شمال شرقي كردستان كما كتب في مجلة (المستشرقين الألمان ZDMG) مقالين حول رحلته إلى بحيرتي (اورمية) و (وان) .

ثم يذكر الدكتور نبز أسماء ڤامبرى و بيكر و ڤونش وهذا الأخير نمساوى زار كردستان وألف كتابين حول أرمنستان وكردستان .

ويذكر اسماء آخرين أمثال بيلك وبورخارد و البروفيسور المتخصص في الدراسات الأسلامية ادوارد سخاو .

ويشير الكاتب الى ان بعض الرحالة الألمان الذين زاروا كردستان في القرن الماضي كتبوا بحوثا ودراسات بعيدة عن الواقع والمعادية للشعب الكردي . ان هؤلاء استندوا في ارائهم على اقوال اعداء الكرد من العثمانيين والقاجاريين ارضاءاً لهم . ثم يدرج اسماء مؤلفين وكتاب من هذا النوع : منهم فاولر الذي يتهم الكرد بالقساوة وسفك الدماء في كتابه الذي يتناول رحلته وبقاءه مدة سنتين في بلاد الفارس ، وموريتز ڤاگنر والبارون فونولده الذي له آراء غير موضوعية تجاه الاكراد ايضاً .

ويقول الكاتب : توجد كتب من هذا النوع باللغات الاخرى ايضاً . وهويفسر اسباب ذلك الى عدم وجود مدافعين عن شعبنا الكردي للرد على هؤلاء ، ويقول : اذا كان المقياس الذي يقاس به اي شعب هو مجموعة جرائم عادية فردية النوع ، فلاينجو اي شعب او اية دولة من امثال هذه التهم .

ثم يذكر اسم المؤرخ (فونهمر) الذي بنى أقواله وتهمه ضد الكرد في مؤلفاته (حول تأريخ الأمبراطورية العثمانية) حسب اهواء واراء الساسة من آل عثمان .

ويقتبس مقتطفات من أقوال العالم الروسي (خالفين) والذي يفند تلك الاراء . ويقول الكاتب بأن البشائر تلوح في الأفق ، وإن هذه التهم والافتراءات ما أثرت على سمعة الكرد وكردستان ولم تمنع علماء

الألمان من مواصلة دراساتهم حول اللغة والأدب والتأريخ الكردي ومنهم :

فردريك فلان بودن شتيت الذي نشر في سنة ١٨٤٩ بحثاً علمياً حول الأغاني والموسيقى الكردية .

كما تمت ترجمة ثلاثة أجزاء من مؤلفات العالم الروسي (بيترليرج) إلى الألمانية في سنة ١٨٥٧ — ١٨٥٨ وتضم هذه الأجزاء تحليلات وبحوث حول الكرد والطوائف الكلدانية الأيرانية . هذا وقدم فردريك ميولر النمساوي نتاجات ثلاث حول اللغة الكردية أحدها بحث حول معجم (كردي — سرياني) والآخر حول لهجة (زازا) والثالث حول اللهجة الشمالية ونشرت الأبحاث على التوالي في ١٨٦٣ ، ١٨٦٤ ، ١٨٩٤ في فينا .

ونشر (بارب) عضو الأكاديمية العلمية في فينا في ١٨٥٨ ـ ١٨٥٩ عدة تقارير علمية حول الشرفنامة (لشرفخان البدليسى) . .

ويتطرق الكاتب الى ذكر اسماء اخرى كشليفل و البروفيسور فرديانديوستي الذي كتب بحثاً حول (أصوات اللغة الكردية) والبحث هذا تم على ضوء مقارنة اللغات الهندو ايرانية ، ويذكر اسم هوتوم شيندلر و العالم السويسري البرت سوسين (١٨٤٤ — ١٨٩٩) وهو المتخصص في الدراسات الأسلامية في جامعة لايبزك والذي نشر بالأشتراك مع (تنكن پيرن) كتاباً بجزءين ، يتضمنان اقاصيص وحكايات وملاحم فولكلورية .

كما وكتب العالم واللغوي الألماني الشهير البروفيسور (تيودور

نويلدكه) في (١٨٣٦ ـ ١٩٣٠) بحثاً مهما حول كلمة (الكاردو) Kardu وعلاقتها بـ (كورد) ونشر هذا الكتاب في ١٨٩٨ في برلين .

وهناك ضابط الماني كتب تقريراً جغرافياً وتأريخياً من الناحية العسكرية حول مدينة السليمانية (التي كانت سنجقاً عثمانيا آنذاك) وحول إيران ، ومع هذا التقرير خارطة توضح موقع السليمانية في زمن الاشوريين والبابليين .

ثم يستطرد الدكتور نبز قائلا :

في اواخر القرن الماضي وإلى الحرب العالمية الاولى ، توجه علماء ألمان مشهورون كالپروفيسور أوسكارمان وفون لكوك وأدوارد سخاو ومارتين هارتمان إلى كردستان ونقلوا مخطوطات كردية كثيرة الى متاحف المانيا وقدموا بحوثاً ودراسات كثيرة حول تأريخ ولغة وأدب الكرد . ويوجد الكثير من هذه المخطوطات في مكتبات ومتاحف أوروپا .

زار أوسكارمان كردستان في ١٩٠١ ـ ١٩٠٣ وفي ١٩٠٦ ـ ١٩٠٧ وبلاد الفارس واماكن اخرى وبعد عودته قدم بحوثاً كثيرة ، منها بحث حول اللغة الكردية ـ والفارسية ، وفي البحوث التي تتعلق بالدراسات الكردية حاول تحليل اللهجات الكردية ، كاللهجة الموكرية ، والزازا ، واللورية والكرماشانية والكلهورية والكرمانجية الشرقية ولغرضه العلمي هذا جمع أقاصيص وملاحم كملحمة (مموزين) وناسرومالّ مالّ .... الخ كما وترك آثاراً غير منشورة في مكتبة جامعة هومبولت في برلين الشرقية .

زار فون لكوك سنة ١٩٠١ الأماكن الأثرية في منطقة (زنجيرلى) بكردستان تركيا وجمع كثيراً من الاقوال والامثال الكردية وجمع قاموس نوبار لاحمد الخاني والمولد النبوي الذي يراه من آثار (ملاى باطى) . ويأتي بعد هؤلاء مارتين هارتمان الذي قدم بحوثاً كثيرة منها التأريخ التوبوگرافي لـ (بوتان) في ١٨٥١ ـ ١٩١٨ ، كما ونشر ديوان الملا الجزيري في طبعة أنيقة ولاول مرة ، ويقول الكاتب بأن هارتمان إضافة الى دراساته هذه كان صديقاً حميماً لشعبنا الكردي..

ثم يأتي اسم هوگومكس وفون هاندل ورودلف فرانك الذى ألف كراساً عن الشيخ (عادي) شيخ اليزيدية .

وقد كتب بعض من الألمان مقالات عسكرية واستراتيجية تخص كردستان ، منهم گراف ڤيستارب الذي أشار في مقاله إلى الطرق الموجودة في كردستان و أرمنستان ، وفيلهلم باخمان الذي كتب تقريراً حول الطرق الكائنة بين الموصل و وان ، والمستقى من خارطة مرسومة خصيصاً لهذه المنطقة ، وكانت فائدة هذا التقرير من الناحية العسكرية كبيرة ، وخاصة في الحرب العالمية الأولى . ثم أورد الكاتب أسم إيڤالدباتز الذي حرر عدة مقالات حول الوضع الستراتيجي لكردستان العراق ، وأسم العالم اللغوي النمساوي وعضو المجمع العلمي الملكي في فينا البروفيسور ماكسيمليان بيتنر الذي نشر الكتابين المقدسين لليزيدين بالعربية والكردية مع الترجمة الألمانية .

ويضيف الأستاذ (نبز) قائلا :

إن هذه الدراسات قد مهدت الطريق وخاصة بعد العرب لبعض علماء

الألمان كي يقوموا بتقديم دراسات أخرى حول اللغة الكردية أمثال : كارل هدانك الذي إستفاد من التراث الذي خلفه أوسكارمان بالأضافة إلى أنه كان صديقاً حميماً للمؤرخ الكردي المرحوم حسين حزني المكرياني وللدكتور كامران بدرخان وأستفاد منهما كثيراً ، كما وكتب بحثاً حول اللهجات الكردية وقام بمراجعة البحث المدون من قبل أوسكارمان حول لهجة (الزازا) . لم تقتصر هذه الدراسات على البحوث اللغوية وحسب بل كتب برلينر وبورخارد أبحاثاً حول المصنوعات اليدوية الخفيفة في كردستان ، ثم يذكر الكاتب أسماء تيلكه وهيسه وأرنست كليبل وزيك والدكتور فون ڤيزن دونك الذي كتب مقالا بعنوان (المسألة الكردية) ونشره في سنة ١٩٣١ .

ويشير الكاتب إلى أنه في وضوء الحرب العالمية الثانية نشر اوتوڤيرنر و فون هينتيگه كراساً في (٩٦) صفحة في مدينة پوتسدام تحت عنوان (من كردستان .... إلى الوطن) . ويوضح الكاتب كيف أن الألمان حاولوا كسب ود الكرد خلال الحرب العالمية الثانية وقبلها ، لدفعهم ضد الانگليز فأوكلت هذه المهمة إلى الضابط الألماني گوتفريد يوهانيس الذي الف كتاباً حول الموضوع ونشره في سنة ١٩٣٧ بعنوان « الولوج في كردستان المغلقة » وكتاب آخر في ١٩٥٩ باسم « في الشرق المشتعلة » وفي هذا الأخير يتطرق الضابط الى هذه المهمة والى خصال الشعب الكردي .

ثم ينتقد كاتب المقال موقف الذين كتبوا عن الكرد دون الأستناد إلى الدلائل العلمية ، ملفقين التهم الباطلة ويشير الى أسماء

كهانس . ف . ك . والذي يدعى في مؤلفه بأن اللغة الكردية لهجة فارسية ، وكهيرتزفيلد الذي زار منطقة زهرديئاوا و بيكولى لكشف آثار الخطوط البهلوية للساسانين ، ويعتبر حسن ضيافة الاكراد ايذاء روحياً له .

ثم يشير الكاتب الى البروفيسور السويدي شتيك فيكاندر الذي كتب مقالا حول عيد يقام في كردستان وقد جاء ذكره في آفيستا زردشت . ويقول ان الصحفي الأيسلندي (ارلندر) الذي زار كردستان في ١٩٦٣ و ١٩٦٥ ألف كتاباً باللغة الأيسلندية والذي نشر بالألمانية أيضاً باسم « كردستان ... بلد في ثورة » . وكما نشر هانس هينله كتاب « الشرق الاوسط الحديث » وقد بين فيه وجهة نظره الموضوعية تجاه المسألة الكردية .

وكرس العالم الألماني فولفگانگ رودولف نفسه للدراسة حول الثقافة والحياة الأجتماعية في كردستان وهو أستاذ الأتنولوجيا بالجامعة الحرة في برلين . وقد زار لدراسته هذه كردستان مرات ثلاث ، الأولى في خريف ١٩٥٨ وكانت لكردستان تركيا ، والزيارتين الاخيرتين كانتا لكردستان ايران في عام ١٩٦٢ و ١٩٦٤ — ١٩٦٥ ، ونشر بعد عودته من كردستان تركيا في ١٩٥٩ مقالين احدهما في مجلة (العلم والتكنيك) والآخر في مجلة (سوسيولوجى) وكما كتب مقالات أخرى منها مقالا حول قبيلة فيض‌الله بگ بوكان ، بمساعدة كردي أسمه حسن فلاح .

قام الصحفي الألماني (كارستين ديتمان) بجولة في كردستان ومكث فترة فيها وعاش بين الپيشمەرگه وبعد عودته ألف كتاباً فيه

مناظر كردستان وصور الپيشمەرگه البواسل .

يقول الدكتور نبز أن الشعوب الألمانيـة والنمساوية والسويسرية سجلوا كثيراً حول القضية الكردية وخاصة في السنوات العشر الأخيرة ولم يكتفوا بذلك بل قاموا بعرض القضية من شـاشة التلفزيون ومن خلال الاذاعات وصفحات الجرائد .

ويرى الكاتب أن وجود دراسـات كثيرة كهذه لا يعني ان الشعب الألماني جميعاً قد أستوعب القضية الكردية كما هي ، ذلك لأن الكثير منهم يعرف شعبنا من خلال قصة (كارلماى) .

وينتقل الكاتب بعد ذلك إلى جهود أبناء الكرد أنفسهم وفي رأيه أن ميرزا محمد المعروف بـ(جواد القاضي) هو أول كردي كتب باللغة الألمانية إذ أنه نشر مقالين أحدهما حول عشـيرة (مەنگور) ونشره في مجلة Glous والآخر في مجلة (عـلم الحقوق المقارن) ، ويأتي بعده الدكتور كامران بدرخان الذي كان في المانيا بعد الحرب العالميـة الأولى وأستقرقى لايبزغ سنة ١٩٢٦ وحصل على شهادة الدكتوراه في القانون . لقد كتب الدكتور بدرخان مع هربرت الألماني قصة بعنوان (أمير كردستان) .

ويقول : خلاصة القول أن النشاطات حول المسألة الكردية كقضية وكشعب له تأريخ وماضي وتراث عريق توهجت في السنوات الاخيرة ويعود أسباب ذلك إلى وجود المنظمات السياسية والطلبة الأكراد الذين يتلقون دراستهم هناك ، إن هذه المنظمات سـاهمت في هذا المجال ، حيث أصدرت جمعية الطلبة الأكراد في أوروبا مجلة (كردستان) التي تصدر باللغتين الأنكليزية والألمانية . كما قام فرع الجمعية في المانيا الغربية

بأصدار مجلة « الثورة الكردية » ونشر فرع نمسا كراساً بعنوان (كرد ـ شعب بلا دولة) وكان ذلك بمساعدة الدكتور إيرج كورنر السكرتير العام لجمعية حقوق الأنسان في نمسا .

ويتطرق الكاتب إلى ذكر كردي آخر من مدينة (حلبجة) وهو السيد (عبد الله) الذي يعيش في المانيا منذ ثلاثين سنة وقدم من خلال عمله ـ قراءة الأحاديث حـول الشـرق ـ أحاديث مصورة عن الشعب الكردي ، ثم يذكر حلمي عباس وهو كردي في المانيـا الذي ساهم بنشاطات عديدة في هـذا المجال . كما ويذكر الدكتور كمال فؤاد الذي قدم أطروحة دكتوراه حول المخطوطات الكردية ، ويقول بأن هذه الدراسة تفيد الألمان الذين يهتمون بالدراسات الكردية وكما يشير الى أن الدكتور فؤاد قد نشر مقالا حـول الفولكلور الكردي في سنة ١٩٦٥ في مجلة جامعة همبولت .

كما ساهم كردي آخر من كردستان تركيا وهو حمه رش رشو بنشر قصائد عديدة حررها باللهجة الكرمانجية وترجمها الى الألمانيـة بالأضافة إلى قيامه بأصـدار مجلة بعنوان (چيا ـ الجبل) بالحروف اللاتينية في برلين ، كما واصدر ثلاثة أعداد من مجلة « Héviy Welét ـ أمل الوطن » في مونيخ .

ويتحدث الكاتب عن تأسيس « الأتحاد القومى للطلبة الاكراد في اوروبا » من قبله وعضوية البيشمەرگه الشهيد « لطيف على » و المهندس ب. إبراهيم في مدينه مونيخ ، ويعرف هذا الأتحاد باسـم (نوكسه ـ Nukse) ؛ وله منهج واضح لخدمة الكرد وكردستان من

الاوجه اللغوية والأدبية والسياسية . لقد قامت هذه المنظمة بنشاطات عديدة في القاء المحاضرات وعرض الأفلام السينمائية واصدار جريدة تحت عنوان « اخبار كردستان » التي كانت تعنى بنشر الأخبار الحقيقية والرد على التهم الملفقة ضد القضية الكردية ، وكانت هذه الجريدة توزع على المنظمات والأحزاب السياسية في المانيا ، .. وكلفت المنظمة أعضائها بتدريس اللغة الكردية في جامعات المانيا ، وقد قام كاتب المقال بصفته أحد أعضاء الجمعية بتدريس اللغة الكردية في جامعات مونيخ و فيرتزبورگ وهمبورگ من سنة ١٩٦٤ الى ١٩٧٠ ، إلى أن عين استاذاً في الجامعة الحرة ببرلين في شتاء ١٩٧١ لدراسة الأثنولوجيا . كما قامت منظمة (Nukse) بنشر سلسلة مقالات وكتب حول اللغة والأدب الكرديين وحول المسألة السياسية الكردية منها :ـ

١ـ (مم وزين) : ترجمة ملخص مم وزين الى الألمانية ، مع مقدمة لتوضيح مكانة هذه الملحمة في الأدب الكردي .

٢ـ أمثال وحكم من كردستان مع مقدمة .

٣ـ نشر نتاجات أدباء وشعراء الأكراد أمثال : جميل روژبياني ، پاكيزه رفيق حلمي ، هەردي ، دلدار ، هژار مع مقدمة لمشاكل اللغة الكردية ، وشرح الكلمات الكردية بالألمانية .

٤ـ ترجمة قصة لالوكريم إلى الألمانية وهي لكاتب المقال .

•ـ دراسة تأريخية حول أميرروانـدوز المعروف بـ (پاشا كوره) وهي الأطروحة الأولى لكاتب المقال .

٦— كتاب (كردستان وثورتها) ؛ وهـذا الـكتاب يحتوي على مجموعة مقالات سياسية حول المسألة الـكردية والفئات السياسية من وجهة نظر الـكاتب . كما ونشرت منظمة (Nukse) أقاصيص وأساطير فولـكلورية كثيرة إضافة إلى كتاب آخر يحتوي على حيـــاة وآثار الفلـكي الـكردي (شيـخ حسن گلزرده) .. وهذه هي مجموعة من النشاطات التي تقوم بها المنظمات الـكردية في أوروبا ..

وفي الحقيقة أن أسلوب هذا المقال أقرب إلى البحث من حيث علميته ودقته وكثرة الأرقام والاسماء والأستشهادات ، ممـا يجعل أمر تلخيصه صعباً ،.. هذا وللمتمكن في اللغة الـكردية فائدة اكثر .

* * * * * *

لە بارەی
کوردناسییەوە لە رۆسیا و یەکێتی سۆڤێت

د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف

ئەم وتارە باسێکی کورتە لە بارەی هەندێ لەو کارە زانستیانەوە کە لە رۆسیا و یەکێتی سۆڤێت لە بارەی کوردەوە ئەنجراون . هەتاوەکو ئێستە تا ڕادەیەک وتار بە زمانی رۆسی و ئازەری و ئەرمەنی لە بارەی کوردناسی رۆس و سۆڤێتەوە ئەنجراوە ، وەک : « باری کوردناسی سۆڤێت و ئامانجەکانی»[1] ، « لە بارەی پێشکەوتنی

---

(١) P.Гази, О состоянии и задачах советского курдоведения,-"Изв. АН Азерб.ССР", Баку, 1959, №2, стр.131-142.

کوردناستی ســـۆڤێتەوە »[٢] ، « کـوردناســـتی »[٣] ، « مێژوی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی لە رۆسیا و یەکێتی سۆڤێت »[٤] و چەند وتارێکی تر کە تۆســـەری ئەم وتارە کەڵکی لە هێنـــدێکیان وەرگرتووە . هەر لە سەرەتاشەوە دەمەوێ دان بە وەدا بنێم کە وا کوردناستی رۆس و ســۆڤێت ئەوەندە دەوڵەمەندە[٥] کە لە قەوارەی وتارێکدا ناتوانرێ زیاتر لە چەند رۆیەکی کەمی بە شێوەیەکی گشتی بخرێتە بەر چاو ، ئەگینا لە راستیدا پێویستە زنجیرەیەك وتاری درێژی

---

(٢) К.И.Курдоев, Развитие советского курдоведения,-"Ученые записки института востоковедения", Москва, I960,т.XXУ, стр.57-67.

(٣) К.К.Курдоев, Курдоведение,-"Азиатский музей -ЛОИВАН АН СССР", Москва, I972, стр.380-397.

(٤) Ч.Х.Бакаев, История изучения курдского языка в России и СССР,-"ОИИИЯ", Москва, I962, стр.I00-II7.

(٥) لەبەر زۆری ئەو نۆسراوانەی ناویان لەم وتارەدا هاتووە زۆر زەحمەت دەبێ بە رۆستش چاپیان بکەین ، بۆیەکا لەمە و دوا تەنها بە کوردی بلاّویان دەکەینەوە .

جیا لە بارەی مێژوو و زمان و ئەدەب و ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەوە لە کوردناسی رووس و سۆڤێتدا بنووسرێ .

* * *

کوردناسی لە رووسیا

کوردی پشت قەفقاس کە لە چوارچێوەی سیاسی و ئابووری ئیمپراتۆرییەتی رووسیادا بوون وەك میللەتانی تری پشت قەفقاس سەرنجی گەلێك گەڕیدە و زانای ئەتنۆگرافیان راکێشاوە . هەروەها شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد ، وە زۆری ژمارەیان لە دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا سەرنجی زۆر دەوڵەتی گەورەیان راکێشاوە و کارێکی وەهایان کردووە ئەو دەوڵەتانە بایەخیان پێ بدەن .

ناسینی کورد و زمانەکەی بۆ یەکەم جار لە رووسیا دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم - واتە بۆ ئەو دەمەی کە ئەکادیمیەی زانستی رووسی « فەرهەنگی بەراوردیی هەموو زمان و شێوەکان »ی لە چاپدا[٦] . ئەم فەرهەنگە کە لە ساڵی ١٧٨٧دا بڵاوکراوەتەوە (٢٧٣) وشەی بە (٢٠٠) زمان ، کە کوردیش یەکێکیانە ، تیادا تۆمار کراوە .

(٦) پ. س. پالاس ، فەرهەنگی بەراوردیی هەموو زمان و شێوەکان ، پیترسبورگ ١٧٨٧ .

لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا هەندێ وتار و نامیلکە لە بارەی پەیدابوون و ژمارە و نەریت .... ی کوردەوە بڵاوکرانەوە ، بە تایبەتی هەندێ زانیاری لە بابەت خێڵە کۆچەرەکانی کوردی پشت قەفقاسەوە کە لە هەندێ ڕاپۆرتی سەرژمێری و چاپەمەنی فەرمانڕەوایێتیدا بەرچاو دەکەون(٧) . بێگومان ئەو وتار و نامیلکانە بە شێوەیەکی ساکار و کورت و کوڵن . بەمجۆرە دەبینین کە تا کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە رۆسیای قەیسەری لە بارەی زمان و مێژوو و ئەتنۆگرافیا ....ی کوردەوە هیچ توسراوێکی وەها گرنگ و زانستی نەبووە .

لە رۆسیای قەیسەری سەرنجی زانستی سەبارەت بە کورد دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم . هەرچەندە بەشێك لەو توسراوانەی ئەو دەورە پەیوەندییان بە شەڕی ڕۆس و تورك ، وە ڕۆس و فارسەوە

(٧) بڕوانە :

أ ـ ئا. ژۆبیرا ، کورد ، گۆڤاری « وەزارەتی ناوخۆ » ، ب ١٥ ، ژ ٢ ، ل ٢٥٥ ـ ٢٦٢ ، پیترسبورگ ١٨٣٥ ؛

ب ـ ئا. ژۆبیرا ، کوردستان ، ئارشیفی ژۆرۆ ، ب ٢٢ ، ل ١٧٢ ـ ١٨٥ ، پیترسبورگ ١٨٣٦ ؛

ج ـ ن. نیفبدێف ، کورد ، کتێبی « ناوچەی ئەرمەنستان » ، پیترسبورگ ١٨٣٩ ، ل ٤ ـ ١١ ؛ ... هتد .

هەیە[8] ، بەڵام هەندێ لێکۆڵینەوەی زانستیش لە بارەی کوردەوە لە لایەن زانایانی ڕوس و ڕۆسیای قەیسەرییەوە ، وەك : ف. دیتێل ، خ. ئابۆڤیان ، ئی. بیریزین ، پ. لێرخ .... هتد بڵاوکراونەتەوە .

ف. دیتێل سێ ساڵێك بە کوردستاندا گەڕا و کەرەستەیەکی زۆری فۆلکلۆر و ئەتنۆگرافیای خڕکردەوە . زانای ناوبراو ، لە وتاری « سێ ساڵ گەڕان بە ڕۆژهەڵاتدا »[9] لە بارەی ئەو کەرەستانەوە دواوە . لەم وتارەدا سەبارەت بە کوردستان و زمانی کوردێ و دیالێکتەکانی ئۆسیۆێتی : « لە گەڕانەکەمدا — واتە لە دیاربەکرەوە تا سنۆری سۆریا — گەلێ مەسەلەی جوگرافی و ئەتنۆگرافی سەرنجیان ڕاکێشام . ڕێگاکەم بە ماردین و دیاربەکر و نەسیبەین و ئۆرفەدا تێدەپەڕێ . ئەو ناوچانەی کە من پیایاندا دەگەڕام بەشێکی کوردستان بوون کە زۆر کەم ناسراون ، لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا هیچ کەرەستەیەکی ئەتنۆگرافی وەهامان نییە

(٨) بڕوانە :
أ — ن. ئی. ئوشاکۆف ، بەشداری کورد لە شەڕدا ، کتێبی « مێژوی ئەو شەڕانەی لە سالانی ١٨٢٨ — ١٨٢٩دا لە تورکیا قەوماوە » ، پیترسبورگ ١٨٣٦ ، ب ١ ، ل ١٢٠ — ١٢٩ ؛
ب — ر. ئی. ، دەربارەی کوردە چەکدارەکان ، ڕۆژنامەی « قەفقاس » ، تفلیس (٢٢)ی ئابی ١٨٥٣ ، ژ ٦٢ ... هتد .

(٩) بڕوانە : گۆڤاری « وەزارەتی ڕۆشنبیری میللەتی » ، بەشی ٤ ، پیترسبورگ ١٨٤٧ .

دەربارەی خێڵەکانی ئەم هەرێمەی ئاسیا ، بۆیە لە لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکانیدا ، بە تایبەتی گرنگتی بە وەزعی جوگرافی ناوچەکە دەدەم . لە کۆکردنەوەی ئەو کەرەستانەدا زۆر زەحمەتم کێشاوە . بە گوێرەی ئەو کەرەستەیەی لامە نزیکەی (٣٠٠) خێڵی کورد هەیە ، وە لەو باوەڕەدام کە لێکۆڵینەوەی تەواو لە کوردستانی ئەمڕۆ یارمەتیی ئەوەمان دەدا کە باشتر لە باری زۆی ناوچەکە بگەین کە ئێستا بەشێکە لە تورکیا (مەبەستی دەولەتی عوسمانییە — ئەوڕەحمان) »[١٠] . دیتێل کە دێتە سەر باسی زمانی کوردیی دەڵێ : من بۆم دەرکەوت کە زمانی کوردیی بەسەر زۆر دیالێکتدا دابەش دەبێت ، وە لەم رووەوە هێشتا کەس هیچی نەنوسیوە . بەشێکی کوردستان لەژێر حوکمی تورکیا دایە ، لەبەر ئەوە ئاشکرایە کە زمانی تورکیی کاری کردۆتە سەر زمانی کوردیی ، هەر وەك چۆن لە بەشەکەی ئێرانیشدا تاسیری زمانی فارسیی هەیە . نوسەرکانێ کە دێتە سەر باسی ئەدەبی کوردیی دەڵێ : من بە هیچ جۆرێك چاوەڕوانی ئەوە نەبوم و بە بێرما نەدەهات کە ئەو میللەتە لە بیرکراوە ، جگە لە ئەدەبی فۆلکلۆر ، خاوەنی ئەدەبێکی نوسراوی وەها زۆر و جوان بێت ..... هەرچی ئەدەبی فۆلکلۆریشە ئێجگار دەوڵەمەندە بە چیرۆك و داستان و گۆرانی .

پ. لێرخ نوسیوێتی : ف. دیتێل وای نیاز بو کە هەندێ

(١٠) هەمان سەرچاوە ، ل ٩ .

لێکۆڵینەوەی تایبەتی دەربارەی مێژوی کورد و زمانی و دیالێکتەکانی بڵاوبکاتەوە ، بەڵام مەرگ لەو نیازە بێبەرێ کرد[11] .

لە ساڵی ١٨٤٧دا لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی « قەفقاس » کە لە (تفلیس) دەردەچوو زنجیرەیەک وتاری خ. ئابۆڤیان لە ژێر ناوی « کورد »دا بڵاوکرایەوە[12] . لەم وتارانەدا گەلێ شتی بەکەڵک و نوێی لە بارەی ئەتنۆگرافیا و مێژوو و زمانی کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و نەریت و فۆلکلۆر و زمانی میللەتی کورد بەرچاو دەکەوێ[13] .

هەرچەندە ئەم زنجیرە وتارەی خ. ئابۆڤیان دەوروبەری (٣٠) لاپەڕەیەک دەبێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی زانستی و وردە و بۆ یەکەم جارە لە مێژوی کوردناسی ڕوسدا دەربارەی ئەتنۆگرافیای کورد بەو شێوە فراوانە کەرەستەی چ لەو نوسراو و دەستنوسانەی هەبوون و چ لە گەڕانی خۆیدا بە کوردستاندا بەکار هێنرابێ .

---

(١١) ب. لێرخ ، لێکۆڵینەوە لە بارەی کورەکانی ئێرانەوە ، ب ١ ، پیترسبورگ ١٨٥٦ ، ل ٣٨ ــ ٣٩ .

(١٢) بڕوانە : ڕۆژنامەی « قەفقاس » ، ژ ٤٦ ، ٤٧ ، ٥٠ ، ٥١ ، تفلیس ١٨٤٨ .

(١٣) بڕوانە : ق. کوردۆ ، خ. ئابۆڤیان وەک کوردناس و تۆژەر (باحث) ، لە کتێبی « مێژوی ڕۆژهەلاتناسی ڕوس » ، ب ٢ ، مۆسکۆ ١٩٥٦ .

ئەم توسراوەی خ. ئابۆڤیان لە بارەی زمانەوانییەوە کارێکی کردە سەر بیر و رای زانایانی رۆس - پ. لیرخ ، ف. یۆستی ، س. یەگیزاروڤ .... لە سەلماندنی ئەوەی کە زمانی کوردی زمانێکی ئێرانییە و لە خێزانی هیند و ئەوروپاییە . خ. ئابۆڤیان زمانی کوردی بەسەر کرمانجی و زازادا دابەش دەکات و داوا لە زانایانی جیهان دەکات کە دەست بدەنە « لێکۆڵینەوە لە زمانی شێرێنی کوردی و لە نەتەوەی کوردی شۆڕە سوار » .... هەروەها دەڵێ : « لەم رێگایەوە دەتوانرێ کەڵکێکی ئێجگار زۆر بۆ رۆنکردنەوەی میژوی ئادەمیزاد ، وە گەلێك مەسەلەی زمانەوانی وەربگیرێ »(١٤) .

توسەر لە وتارەکەیدا گرنگییەکی زۆری بە فۆلکلۆری کوردی داوە و بەم بۆنەیەوە توسیوێتی دەڵێ : « شیعری خەڵکی هەنگاوی گەورەی هاویشتووە و گەیشتۆتە رادەی پوختی و نایابی . لە هەر کوردێکدا هەست و بەهرەی شاعیرێتی بە دی دەکرێت و زۆر بە ساز و ئاواز ، گۆرانی بەسەر دۆڵ و چیا و تاشگە و روبار و گوڵ و چەك و ئەسپ و قارەمانێتی و جوانانیاندا دەڵێن .... »(١٥) .

(ی. بیریزین) ی ئێرانناسی بەناوبانگی رۆس کە پژۆفیسۆری

(١٤) خ. ئابۆڤیان ، کورد ، رۆژنامەی « قەفقاس » ، ژ ٤٧ ، تفلیس ١٨٤٧ .

(١٥) هەمان سەرچاوە ، ژ ٤٧ ، تفلیس ١٨٤٧ .

زانکۆی (کازان) بۆ لە کاتی گەڕانیدا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا فێری شێوەی کوردی خۆراسان و موسڵ بۆ . شێوەی خۆراسان لە تاران فێر بۆ ، ئەویش لە ڕێگای چەند کوردێکەوە بۆ کە لە خۆراسانەوە بۆ تاران هاتبوون . شێوەی موسڵیش لە موسڵ فێر بۆ . لە ئەنجامدا لە ژێر ناوی « لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکانی فارسی » کتێبێك بڵاوەکاتەوە[١٦] .

بێگومان ئەوەی ی. بیریزین لە بارەی ئەو دۆ شێوەیەی کوردییەوە نوسیوێتی زۆر کەم و کورتە . بە کورتی لە ناو و جێناو و کردار دواوە ، وە لە پاشکۆی کتێبەکەیدا هەندێ وشە و رستەی ئەو دۆ شێوەیەی کوردی نوسیوە .

لە ناو ئەو زانا ڕۆسانەدا کە بایەخیان بە کوردناسی داوە ، ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ پیۆتر لێرخ جێگەیەکی تایبەتی و دیاری هەیە . لێرخ خاوەنی سێ کتێبی گرنگە لە بارەی کورد و کوردستانەوە[١٧] . کە تا ئەمڕۆش لە کتێبخانەی کوردناسیدا هاوتایان کەمە و بە سەرچاوەیەکی ڕەسەن دەژمێرڕێن .

---

(١٦) E. Beresine, Recherches sur les dialectes persans, Casan, 1853.

(١٧) پ. لێرخ ، لێکۆڵینەوە لە بارەی کوردەکانی ئێرانەوە ، پیترسبورگ ١٨٥٦ ، ١٨٥٧ ، ١٨٥٨ .

پ. لێرخ لە ڕێگای ئەکادیمیەی زانستییەوە نێررا بۆ شاری (روسلاڤل) کە نزیکەی (٥٠) بەندی کوردی لێ بۆ ، وە بۆ ماوەی سێ مانگێك لە ناویاندا مایەوە و خۆی بە فێربوونی زمانی کوردییەوە خەریك کرد . ئەم بەندانە خەڵکی ناوچەی جیاوازی کوردستان بوون ، زوربەیان کرمانجی ژۆروَ و بە شێکیشیان زازا بوون و وا دیارە لێرخ کەڵکێکی زۆری لێ وەرگرتوون .

پ. لێرخ لە سەر بنکەی ڕەخنە لەو کارانەی لە زۆدا دەربارەی کورد و زمانی کوردی نوسراون ، وە لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی تایبەتی و هەست کردنی خۆی توانی بە شێوەیەکی راست و ڕەوان و زانستی لە بابەت کورد و زمانەکەی ، ئەتنۆگرافیا و فولکلۆریەوە بنوسێ . ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ئەوەتە کە ئەم زانایە زمانی کوردی دابەش دەکات بە سەر پێنج دیالێکتدا : کرمانجی[18] ، لوڕی ، کەلهوڕی ، گۆرانی ، زازا . لەم دیالێکتانەدا لە کرمانجی ، ژۆروَ و زازا کۆڵیوەتەوە ، وە لە کتێبی سێیەمیدا فەرهەنگێکی کوردی (کرمانجی ژۆروَ) - ڕوَستی (ل ١ — ٨٤) ، کوردی (زازا) — ڕوَستی (ل ٨٥ — ١٠٨) بڵاوکردۆتەوە .

دەربارەی دیالێکتی کرمانجی ژۆروَ نوسیوێتی : « هەمو کوردستانی ڕۆژئاوای داگیر کردوە - هەر لە موسڵەوە تا ئاسیای

(١٨) مەبەستی لە کرمانجی ژۆروەوە .

پچوك و سـلێمانی » .... سـەبارەت بە زازاش دەڵێ : « لە بەراوردکردنی لەگەڵ کرمانجیدا وە یا لەگەڵ زمانە ئێرانیـکانی تردا ، گەلێك شتی تایبەتی ج لە دەنگ و ج لە شێوەدا بەرچاو دەکەوێت کە خەڵك دەهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی زمانێکی جیاواز بێت » .... هەر چەندە ئەو جیاوازییە دەبینرێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا « زازا بەچکەی کرمانجییە »[19] .[20] .

بەڵی منەوە یەکێك لە را زانیارییە هەرە گرنگەکانی لێرخ ئەوەتە کە لایەنگیرێ رای ئـا. پۆت — زانای ئەڵمان دەکا لەوەی کە زمانی کوردێ بە زمانێـکی رەسەن و سـەربەخۆ دادەنێ ، وە بە یەکێك لە زمانە ئێرانیـکانی دەژمێرێت . بـەم بۆنەیەوە پ. لێرخ نوسیوێتی : « هیچ هۆیەك نییە بۆ من کە لە رای راست و چەسپاوی پرۆفیسـۆر ئا. پۆت لاربم ، کە دەڵێ زمانی کوردێ شوێنێـکی سـەربەخۆ و تایبـەتی هـەیە لە نێوان زمانە ئێرانیـکاندا »[21] .... « زمانی کوردێ لە مەڵبەندی کوردستاندا سـەربەخۆیێ خۆی پاراست . هـەرچەندە لەگەڵ زمانی فارسێدا

(١٩) سەرچاوەی ناوبراو ، پ. لێرخ ، ب ٢ ، ل ٢٢ .

(٢٠) هەروەهـا بڕوانە : ڤلادیمیر مینۆرسکی ، کورد نـەوەی میدیکانن ، گۆڤاری « کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ١ ، ١٩٧٣ ، ل ٥٦٠ .

(٢١) سەرچاوەی ناوبراو ، پ. لێرخ ، ب ٢ ، ل ٢٢ ، .

خزمایەتی و نزیکایەتییان هەیە ، بەڵام لە شێوەی پێشکەوتندا لەگەڵ زمانی فارسیدا پەیوەندی نەبووە »[٢٢] .

ئەو وشـە جوان و راست و رەوایانەی پ. لێرخ لە بارەی زمانی کوردییەوە نوسیوێتی ، لە کاتێکدا بووە کە هێشتا لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردیی زۆر کەم بووە ، وە لە سـەردەمێکدا وتراوە کە هەندێ زانا زمانی کوردییان بە دیالێکتێك لە زمانی فارسی دادەنا . بێشك « ئەم نوسـراوانەی پ. لێرخ سـودێکی زۆریان بە لێکۆڵینەوەی نوێی لە روسـیا و ئەوروپادا بەخشی »[٢٣] ..... وە لە رێگای کارەکانی ئەم زانایەوە ، لە سـەدەی نۆزدەدا کوردناسی بە شێوەیەکی سەربەخۆ کەوتە گەشە و پێشکەوتن .

ئا. ژابا کە قونسـوڵی ئیمپراتۆریەتی رۆس بوو لە تورکیا (ئەرزرۆم) ـ سـاڵی ١٨٣٦ ـ ١٨٦٩ ـ لەسـەر داوای ئەکادیمی ب. ئا. دۆرن دەسـتی کرد بە فێربوون و لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی و کۆکردنەوەی کەرەسـتە لە بارەی ئەدەب و فۆلکلۆر و زمان و ئەتنۆگرافیای کوردەوە بە گشتی ، وە دەسـتنوسی کوردی بە تایبـەتی . لە بەجێ هێنـانی ئەم کارەدا مەلا مـەحمودی

(٢٢) هەمان سەرچاوە ، ب١ ، ل ٢٣ .

(٢٣) ق. کوردۆ ، کارەکانی ب. لێـرخ لە بارەی کوردناسـییەوە ، « لە بابەت میژوی رۆژهەلاتناسی رۆسـەوە » ، مۆسکۆ ١٩٥٩ ، ب ٤ ، ل ٥١ .

بایەزیدی[٢٤] . یارمەتیەکی زۆری ئا. ژابای داوە و گەلێك بەرهەمی کوردی بۆ نوسیوەتەوە و زۆری لە فارسییەوە بۆ وەرگێزاوەتە سەر کوردی .

لە ئەنجامدا ئا. ژابا کۆمەڵێك دەستنوسی بە نرخ و نایابی کۆکردەوە ، کە ئێستا لە کتێبخانەی گشتی و کتێبخانەی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی سۆڤێت لە لێنینگراد هەڵگیراون . ئەو کۆمەڵە دەستنوسانەی ئا. ژابا نیشانیاندا کە کورد خاوەنی ئەدەبی کلاسیکی و شاعیری مەزن و زانای بە توانای خۆیەتی و هەروەها گەنجینەیەکی دەوڵەمەندن و بنچینەیەکی پتەون و سەرچاوەیەکی بە نرخ و کەم هاوتان بۆ پێشکەوتنی کوردناسی ، ئەوەش بۆ ئەمە گرنگی دانە بە لە چاپدانیان ولێکۆڵینەوەیان ... تاکو ئێستا لە سەر بناغەی ئەو دەستنوسانە گەلێك کتێبی بەنرخ

(٢٤) ئا. ژابا پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە مەلا مەحودی بایەزیدی لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا لە شاری بایەزید لە دایك بووە و لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە . لە پاشانا چووە بۆ تەورێز و لەوێ شارەزایەکی باشی لە زمانی فارسی و عەرەبی و ئەدەب و مێژوو فەلسەفەدا پەیدا کردووە . لە سالانێ پەنجای سەدەی نۆزدەدا هاتووە بۆ ئەرزرۆم و لەو کاتەوە بووە بە یارمەتیدەری ئا. ژابا لە کۆکردنەوەی دەستنوسی کوردیدا . بڕوانە :

A. Jaba, Pecueil des notices et rècits kourdes, servant á la connaissance de la litterature et des tribus du Kourdistan, Spb, 1860, P. VIII-X.

بڵاوکراوەتەوە ، وەك : (مـەم و زین)ی ئەحمـەدی خانی[٢٥] ، (شێخی سـەنعان)ی فەقێی تەیران[٢٦] ، (لەیل و مەجنون)ی حارسی بتلیستی[٢٧] ، (عادات و رسـومات نامەی اکرادیه)ی مەلا مەحودی بایەزیدی[٢٨] ، (دەسـتوری زمانی عەرەبی به کوردی) عەلی تەرەماخی[٢٩] .... هتد .

له ساڵی ١٨٦٠ دا ئا. ژابا له ژێر ناوی « جامعی رسـالیان و حکایتـان بزمانی کورمانجی » به زمانی کوردی و فەرەنسی هەندێ چیرۆکی کوردی له چاپدا[٣٠] و هەندێ سـەرنجی دەربارەی ئەدەبی کوردی نیشان داوه . له لێکۆڵینەوەی مێژوو و ئەتنۆگرافیا و زمانی

(٢٥) م. ب. رودێنکۆ ، « مەم و زین »ی ئەحمەدی خانی ، مۆسکۆ ١٩٦٢ .

(٢٦) م. ب. رودێنکۆ ، « شێخی سـەنعان »ی فەقێی تەیـران ، مۆسکۆ ١٩٦٥ .

(٢٧) م. ب. رودێنکۆ ، « لەیل و مەجنون »ی حارسـی بتلیستی ، مۆسکۆ ١٩٦٥ .

(٢٨) م. ب. رودێنـکۆ ، « عادات و رسومات نامـەی اکرادیه »ی مەلا مەحودی بایەزیدی ، مۆسکۆ ١٩٦٣ .

(٢٩) د. مارف خەزنەدار : عەلی تەرەماخی ، « دەسـتوری زمانی عەرەبی به کوردی » ، بەغدا ١٩٧١ .

(٣٠) ئا. ژابا ، جامعی رسالیان و حکایتان بزمانی کورمانجی ، پیترسبورگ ١٨٦٠ .

کوردیدا بۆ کوردناسان ، ئەم کتێبە تاکو ئێستا هەر بە نرخ و بە سوودە(٣١) .

جگە لەوە ئەم زانایە کارێکی گەورە و خزمەتێکی بێشوماری کردووە لە توسینی فەرهەنگی کوردیدا . خاوەنی یەکەم فەرهەنگی کوردی ـ فەرەنسایی کە لە پاش خۆی بە فەرمانی ئەکادیمیەی ڕوسی لە ساڵی ١٨٧٩دا فێردیناند یوستی بڵاوی کردەوە(٣٢) . ئەم فەرهەنگە بریتییە لە (٤٦٣) لاپەڕە و (١٥) هەزار وشەی کوردی کە جگە لە لێکدانەوە و شەرح کردنیان لە داڕشتن و دروست بوون و پەیدابونیان کۆڵیوەتەوە و هەروەها لەگەڵ وشەکانی فارسی و عەرەبی و تورکیدا بەراوردی کردوون .

زانای لاو و بەناوبانگی ڕوس ف. ف. ڤیلیامینۆف — زێڕنۆف لە ساڵی ١٨٦٠ — ١٨٦٢ دا تێکستی فارسی شەرەفنامە ، کە میر شەرەف خانی بتلیسی بە زمانی فارسی سەبارەت بە مێژوی

(٣١) بۆ وەرگرتنی زانیاری تەواو سەبارەت بەم کتێبە ، بڕوانە : ئەو زنجیرە وتارەی کە کاك عەبدولا حەداد لە چەند ژمارەیەکی مانگی شوباتی ١٩٧٣ ی ڕۆژنامەی « التاخی » دا لە ژێر ناوی « درة ثمينة من التراث الثقافي الكردي » دا بلاوی کردۆتەوە .

(٣٢) A. Jaba, Dictionniare kurde - francais St - Peter - bourg, 1879.

کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تۆسیوێتی بڵاوکردەوە[٣٣] و ئینجا ف. ب. شارموا وەرێگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسەتی و لە ساڵی ١٨٦٨ — ١٨٧٥ دا لە چاپی داوە . ئەوەی شایانی باسە ، ئەم زانایە لە وەرگێڕانەکەیدا زۆر سەرکەوتووە و لەگەڵێك زانیاری و بەڵگەی مێژویی و جوگرافی و ئەتنۆگرافی دواوە[٣٤] .

لە ساڵی ١٨٨٠دا ئێرانناسی بەناوبانگ فێردیناند یۆستی کتێبێکی ڕێزمانی کوردی بڵاوکردەوە[٣٥] و لەم کارەیدا کەڵکێکی زۆری لە بەرهەمەکانی : م. گارزۆنی ، ئا. خۆدسکۆ ، س. ری ، پ. لێرخ ، ئا. ژابا .... وەرگرتووە .

فەسڵی یەکەمی ئەم ڕێزمانە باسی فۆنێتیکە (ل ١ ـ ١٠١) . لە لێکۆڵینەوەی دەنگەکانیدا لە نێوان درێژی و کورتی تلفظ کردنی هەر یەك دەنگدا جیاوازی کردووە و بە دەنگێکی جیاوازی داناوە ، وە ئەمە بووە بە هۆی ئەوەی دەنگەکان لە توسراوەکەی ئەودا ژمارەیان پتر بێت لەوەی کە لە واقعی زمانی کوردیدا هەیە .

لە بەشی وشە دارشتندا لە بارەی پێشگر و پاشگر ، وشەی

(٣٣) بڕوانە شەرەف خانی بتلیسی ، شەرەفنامە ، (ی. ئی. فاسیلیڤا کردویەتی بە ڕوسی) ، مۆسکۆ ١٩٦٧ ، ل ١٨ .

(٣٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٢ .

(٣٥) F. Justi , Kurdishe Grammatik, S.-Pb, 1880 .

(مرکب) ..... دواوە (ل ۱۰۲ ـ ۱۲۲) . فەسڵێکی تایبەتی دەربارەی مەرفۆڵۆژیایە : ناو ، جێناو ، ئاوەڵناو .... (۱۲۲ ـ ۲٤٥) . دوا فەسڵی لە بابەت سینتکسیسەوەیە (ل ۲٤٦ ـ ۲٥٦) .

ف. یۆستی لە لێکۆڵینەوەکەیدا هەوڵی بەراوردکردنی زمانی کوردیی لەگەڵ زمانە ئێرانێکانی تردا داوە . هەر چەندە ئەمە کارێکی راستە ، بەڵام وەك ق. کوردۆ دەڵێ : « ناتەواوی ف. یۆستی لەوەدایە کە تەنها چمکێکی بەراوردەکەی گرتووە »[٣٦] — واتە تەنها بەراوردی لێك چۆنی ئەو دوَ زمانەی کردوە . لەبەرئەوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئۆسەر نەیتوانیوە خاسیەتی ناوخۆی زمانی کوردیی نیشان بدا . جا لە لێکۆڵینەوەی دەستوری زمانێکدا ، ئەگەر خاسیەتی تایبەتی ناوخۆی ئەو زمانە نیشان نەدرێ ئەوە ئەو لێکۆڵینەوەیە لە واقع دوَر دەکەوێتەوە ..... هەروەها ناتەواوی ئەم کتێبە لەوەشدایە کە ئۆسەر لە هێنانەوەی نمۆنەدا وشەی لە زمانی کوردیی خۆیەوە وەرنەگرتووە ، بەڵکو لە فارسیی کۆن و زمانە ئێرانێکانی ترەوەی دەرهێناوە . لەگەڵ ئەو هەمۆ کەم و کورتیانەشدا ئەم کتێبە یەکێکە لە کارە هەرە بەرزەکانی پێش سەدەی بیست لە بارەی زمانی کوردییەوە .

---

(٣٦) ق. کوردۆ ، بەراوردکردنی رێزمانی دیالێکتەکانی کوردیی ، (نامەی دکتۆرێ) ، ل ۱۱ ،

نزیك کۆتایی سەدەی نۆزدە رۆژهەلاتناس ئا. سۆتسین کتێبێکی له بارەی رێزمانی کوردییەوە بلاوکردەوە[۳۷] که بناغەکەی لەسەر ئەو کەرەستەیە دارێژراوە که کاتی خۆی لەگەڵ (ی. پرایم)دا به جۆتە کۆیان کردۆتەوە و چاپیان کردوە.[۳۸]

ئەم کتێبی رێزمانە (۱٦) لاپەرەی دەربارەی فۆنێتیك و (۱۵) ی - مەرفۆلۆژیایە. له بەشی مەرفۆلۆژیادا به زۆرێ له ناو و جێناو و کردار دواوە. له هەندێ حالاتی گۆرینی وشەدا دەستوری زمانی فارسی بەسەر کوردیدا سەپاندووە و ئەمەش تۆشی هەڵەی کردوە.

ساڵی ۱۸۹۱ س. ئا. یەگیزاروف کتێبێکی له بارەی ئەتنۆگرافیای کوردەوە بلاوکردەوە[۳۹]. ئەم زانایە سۆدی له تۆسراوەکانی خ. ئابۆڤیان و پ لیرخ و هەروەها ئەو کەرەستە زۆرەی که خۆی له ماوەی دوانزە ساڵدا له ئەنجامی ژیاندا له ناو کوردەواریدا کۆی کردۆتەوە وەرگرتووە. تۆسەر سەبارەت به ژیانی کۆمەڵایەتی

(۳۷) A. Socin, Die Sprache der Kurden, « Grundriss der iranischen Philologie », Bd. I, 2 Abt.

(۳۸) Prym und A. Socin, Kurdische Sammlungen, Abt, I. II, S. pbg., 1887 - 1890.

(۳۹) س. ئا. یەگیزاروف، مێژوویەکی ئەتنۆگرافی کوردی موحافەزەی یەریڤان، « راپۆرتەکانی بەشی قەفقاسی کۆمەڵی جوگرافی ئیمپراتۆریق رۆستی »، تفلیس ۱۸۹۱.

وخق و رەوشت و شێن و شایی و ئاین و باوەڕ . . . . ی گەلی کورد دواوە . جگە لەوە لەم کتێبەدا بە هاوکاری ل. پ. زاگۆرێتسکی لە هەندێ مەسەلەی گرنگی رێزمانی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە و وەك پاشکۆش دوو فەرهەنگیان داناوە : یەك - کوردی - رۆستی (ل ١ - ٦٥) ؛ دوو - رۆستی - کوردی (ل ٦٦ - ١٢٢) . یەکەم دەوری سێ هەزار ، دووەم - چوار هەزار وشەیەکە .

وەك ئاشکرایە ماوەیەکی زۆر بەسەر نوسینی ئەم کتێبەدا تێپەڕیوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا بە سەرچاوەیەکی رەسەن دەژمێررێت لە لێکۆڵینەوەی مێژوی کولتوری گەلی کورد بە گشتی و کوردی یەزیدی بە تایبەتی ، ئەویش هۆی بوونی کەرەستە و بەڵگەیەکی زۆرە سەبارەت بە ئاین و تێکستی کوردە یەزیدییەکان کە بۆ یەکەم جارە لە کوردناسێدا بەو شێوە زانستییە لەو مەسەلەیە کۆڵراوەتەوە .

نوسراوی هەرە ناسراوی ن. یا. مارر لە کوردناسێدا وتاری « دیسان دەربارەی وشەی چەلەبی » یە[٤٠] . راستە نوسەر لەم وتارەدا گەلێك نمونەی جوانی سەبارەت بە دەوری کورد لە مێژوی کولتوری میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێناوەتەوە و نیشانی داوە

(٤٠) ت. یا. مارر ، دیسان دەربارەی وشەی چەلەبی ، « دەستنوسەکانی بەشی رۆژهەڵاتناسی کۆمەڵی ئارخیۆلۆگی » ، پیترسبورگ ١٩١٢ ، ب ٢٠ ، ل ٩٩ - ١٥١ .

کە چۆن کورد لە سەدەکانی ۱۰ـ۱۳دا دەورێکی گەورەی بینیوە لە پێکەیاندنی ئاسیای بچوك و لە سازکردنی کولتورێکی بە نرخ لە میژوی میللەتانی پشت قەفقاسدا . ئەوەی جێگای رەخنە و سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ن. یا. مارر تەماشای میژوی میللەتی کورد دەکا و لێی دەکۆڵیتەوە نەك وەك لە میژوی میللەتێکی جیاواز و سەربەخۆ ، بەڵکو وەك میژوی یافیتی (جۆرجی ، خالدی ، ئەرمەنی) .

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لە مانای وشەی « چەلەبی » و هەروەها وشەی « کورد » ـ کە یەکێکە لە نەتەوە ئێرانێکان و کە زمانەکەشی هەر لە بەشی زمانە ئێرانێکانە ، ن. یا. مارر هاتۆتە سەر ئەو باوەڕە هەڵە و چەوتە و چەوێڵەی کە ئەسڵی کورد و زمانی کوردی بە یافیتی دابنێ . ئەم را نالەبارەی ن. یا. مارر تا رادەیەك ، بۆ ماوەیەك لێکۆڵینەوە لە نەژادی کورد و لە زمانی کوردییان بەرەو ڕێگایەکی لار و خوار برد و لەم رووەوە هەندێ کۆسپ و تەگەرەیان هێنایە بەر لێکۆڵینەوە لە کورد و زمانەکەی . ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە هەر لە زوێەکەوە کوردناسانی سۆڤێت ، بە تایبەتی قەناتی کوردۆ(٤١) ئەو تێۆری و ناڕاستی و هەڵانەی

(٤١) ق. کوردۆ ، رەخنە لە بیر و باوەڕی چەوت بەرامبەر بە زمانی کوردی ، گۆڤاری « کورتەی دەنگوباسی ئاموزگای رۆژهەلاتناسی » ، ١٩٥٥ ، ب ١٢ ، ل ٤٣ ـ ٦١ .

ن. یا. ماریان راستکردەوە و ئەو تۆوە پڕ زیانەی چاندبۆی هەڵیان گێڕایەوە ، بەڵام بە داخەوە تازە وا د. مارف خەزنەدار ئەو وتارەی ن. یا. مارر لە مەسەلەی لێکۆڵینەوەی نەژادی کورددا بە بەرهەمێکی بەنرخ دەداتە قەلەم(٤٢) .

کوردناسی لە یەکێتی سۆڤێت

بایەخ دان بە کوردناسی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەوەندەی تر پەرەی سەند و بۆنی کەمێنەیەکی کورد لەم وڵاتەدا و ئەو گۆڕانە هەرە گەورەیەی بەسەر ژیانی نوێیدا هات بۆنە هۆیەکی گرنگ و نوێی گەشە کردن و پێشکەوتنی کوردناسی سۆڤێت و یەکێک لە ئەنجامە هەرە گرنگەکانی ئەوە بۆ کە پاش ماوەیەک رۆڵەکانی ئەم کەمێنەیە خۆشیان چاکیان لێ کرد بە لادا و چالاکانە هاتنە گۆڕەوە ..... ئێستا چوار مەڵبەندی کوردناسی لە سۆڤێتدا هەیە : لە یەریڤان و لێنینگراد و مۆسکۆ و باکۆ(٤٣) .

---

(٤٢) بڕوانە : گۆڤاری « رۆژی کوردستان » ، بەغدا ١٩٧٢ ، ژ ٧ ، ل ٤٣ .

(٤٣) کاروباری زانستی ئەم چوار مەڵبەندە بە تەواوتی بێکەوە بە ستراون و هەنگاوی هەر مەڵبەندێکیان بە بەشداری و هاوکاری ئەوانی تر دەنرێن .

لە یەریڤان :

هەر لە دانانی ئەلف و بێی کوردی لە ساڵی ١٩٢٨دا و کردنەوەی قوتابخانەی کوردی بە تایبەتی لە ئەرمەنستانی سۆڤێت هەست بە پێشکەوتنی کاری کوردناسی دەکرێت . لە ساڵانی ٣٠ دا بۆ کۆکردنەوەی کەرەستەی زمانەوانی و ئەتنۆگرافی و فۆلکلۆری چەند لێژنەیەکیان بۆ دێهاتە کوردییەکان نارد . دوو زانای بەناوبانگ : ئەمینی عەڤدالّ و حاجی جندی لە کاروباری ئەو لێژنانەدا هاوبەشییان کردووە . هەروەها کۆنفرانسی کوردناسی کە لە ساڵی ١٩٣٤ لە یەریڤان بەسترا بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەبوو لە پێشخستنی کوردناسی سۆڤێتدا(٤٤) .

ساڵی ١٩٣٣ فەرهەنگۆکێکی ئەرمەنی - کوردی(٤٥) ، وە ساڵی ١٩٣٥ فەرهەنگۆکی زاراوەی زانستی ئەرمەنی - کوردی(٤٦) بڵاوکرانەوە . راستە لەم دوو فەرهەنگەدا چاومان بە هەندێ وشەی

(٤٤) لەم کۆنفرانسەدا لە گەڵێك وتاری زانستی کۆڵیونەتەوە ، بەتایبەتی لە وتاری : حاجی جندی « رێگای پێشکەوتنی زمانی ئەدەبی کوردی سۆڤێت » ؛ ئەمینی عەڤدالّ « رێنووسی زمانی کوردی » ؛ قەنانی کوردۆ « بنچینەی رێزمانی زمانی کوردی » ؛ عەرەبی شەمۆ « کێشەی دەرەبەگایەتی لای کوردی پشت قەفقاس » ..... هتد .

(٤٥) خەبەرنامە ز زمانە فلەزی - کورمانجی ، یەریڤان ١٩٣٣ .

(٤٦) خەبەرنامە تێرمینۆلۆگیەیا فلەیی - کورمانجی ، یەریڤان ١٩٣٥ .

داتاشراوی وەها دەکەوێت کە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ دەستوری زمانی کوردیدا ناگونجێن و هەروەها گەلێك کەم و کورتی لە ناویاندا هەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەوری خۆیان بینیوە و دەبینن.

لە ساڵی ١٩٣٢دا ئا. خاچاتۆریان کتێبێکی ڕێزمانی کوردی بە ئەرمەنی و کوردی لە چاپدا[٤٧] ناتەواوی گەورەی ئەم کتێبە ئەوەیە کە دەستوری زمانی ئەرمەنی بە سەر زمانی کوردیدا سەپاندووە. هەروەها نوسەر لەسەر بناغەی نوسراوەکانی (جاردین و یوستی و بییدار.) ئەم ڕێزمانەی نوسیوە، بێ ئەوەی سود لە زمانی گفتوگۆی کوردی وەربگرێ، ئەمەش بووە بە هۆی سەرنەکەوتنی کارەکەی.

لە ساڵی ١٩٣٥دا لە یەریڤان ئا. خاچاتۆریان و حاجی جندی بۆ قوتابخانە ناوەندییەکان کتێبێکی ڕێزمانی کوردییان دانا[٤٨]. ئەم کتێبە، هەر وەك ئەوەی پێشتر ناتەواوی تێدایە، زۆر بێ، وە زۆر لەو کەم و کورتیانەی لە کتێبی ڕێزمانی نوسەرانی زۆدا هەبێن دووبارە کراونەتەوە. لەگەڵ هەمێ ئەو کەم و کورتیانەشدا، ڕێزمانەکەی ئا. خاچاتۆریان و حاجی جندی «دەورێکی گەورەی بینیوە لە

(٤٧) ئا. خاچاتۆریان، زمانناسەی کرمانجی، یەریڤان ١٩٣٢، (بە زمانی کوردی و ئەرمەنی).

(٤٨) ئا. خاچاتۆریان و حاجی جندی، زمانناسامە ژا کرمانجی، یەریڤان ١٩٣٥ (بە زمانی کوردی).

پێشکەوتنی رۆشنبیریی کوردی ئەرمەنستاندا »[٤٩] هەروەها نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە « دانەرانی ئەم رێزمانە لە چوارێتی دارشتنی بنچینەی رێزمانی زمانی کوردیدا بۆ قوتابخانە کوردییەکان هیچ رێزەوێکی پێشو لەبەر دەستیاندا نەبووە تا سودی لێ وەربگرن.[٥٠]

ئەمینی عەقدالّ و حاجی جندی کتێبێکی گەورەی فۆلکلۆری کوردییان لە سالّی ١٩٣٦دا بلاّوکردەوە[٥١] . لەم توسراوەدا گەلێك گۆرانی و داستان و ئەفسانەی کوردیی تۆمار کروان و هەروەها شێوەی جیاوازی « مەم و زین » و « شێخی سەنعان » و « لەیل و مەجنوون » و « زەمبیل فرۆش » نیشان دراون .

ئەمینی عەقدالّ لە سالّی ١٩٤٨دا کتێبێکی ئەتنۆگرافی لە بارەی ئافرەتی کوردەوە لە چاپدا[٥٢] . لەم توسراوەدا بە تایبەتی سەبارەت بە خۆ و رەوشت ، منداڵ بەخێوکردن و خزمەتی ناو ماڵ ، شوکردن و پایەی ئافرەتی کورد دواوە . ئەم کتێبە لەسەر بنکەی رەخنە لەو کارانەی زۆ دەربارەی کورد توسراون و لەسەر بناغەی ئەو کەرەستە نوێیەی توسەر دەستی کەوتووە و لەسەر

(٤٩) ئی. ئی. تسوکەرمان ، رێزمانی زمانی کوردیی ، پێشەکی ، ل ١٥ ، مۆسکۆ ١٩٦٢ .

(٥٠) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥ .

(٥١) ئەمینی عەقدالّ و حاجی جندی ، فۆلکلۆری کوردیی ، یەریڤان ١٩٣٦ .

(٥٢) ئەمینی عەقدالّ ، ئافرەتی کورد ، یەریڤان ١٩٤٨ .

بنچینەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی خۆی داڕێژراوە . لە بەراوردکردنی پایە و دەور و ڕەوشتی ئافرەتی کوردی پشت قەفقاس بەر لە شۆڕش و پاش شۆڕشدا گەلێك نمونەی جوانی هێناوەتەوە ....

نوسەری ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٢دا لە ژێر ناوی « ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆری کوردی و لێکۆڵینەوە لێیان » دا کتێبێکی بڵاوکردەوە[٥٣] . لەم بەرهەمەدا بە شێوەیەکی زانستی لە ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆری کوردی و ئەو زانیانەی (بە تایبەتی حاجی جندی) لە کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا دەوریان بینیوە کۆڵیوەتەوە و دواوە . لە ساڵی ١٩٥٧ یشدا بە ناوی « ئەریتی کوردی پشت قەفقاس » ەوە کتێبێکی گەورەی لە چاپدا[٥٤] . ئەم نوسراوە لە دوو بەش پێك هاتووە : بەشی یەکەم (ل ١١ ـ ١١٠) دەربارەی ژیانی کوردەواریە بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر . لەم بەشەدا بە دوور و درێژی لە پێشە و ژیانی کۆمەڵایەتی و خۆ و ڕەوشت و شێن و شایی و دەرمان و نەخۆشی و گەورە و بچوك ..... لای کورد دواوە . بەشی دووەم (ل ١٠٨ ـ ١٩٣) لە بارەی ژیانی کوردەواریەوەیە لە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە . لێرەدا باسی : پەیوەندی لە نێوان ئەندامانی خێزاندا ، ئیش و کار ، چۆنێتی ژیان ،

(٥٣) ئەمین عەقدالّ ، ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆری کوردی و لێکۆڵینەوە لێیان ، یەریڤان ١٩٥٢ .

(٥٤) ئەمین عەقدالّ ، ئەریتی کوردی پشت قەفقاس ، یەریڤان ١٩٥٧ .

یەرهەم ، قوتابخانە ، ژیانی رۆشنبیری ..... کردوە .

هەر ئەمینی عەڤدالّ لە ساڵی ١٩٦٠دا لە گۆڤاری « رۆژهەلاّتناسی » دا لە ژێر ناوی « کولتوری کوردی ئەرمەنستانی سۆڤیەت » دا[٥٥] . بە زمانی رووسی وتارێکی بلاّوکردەوە . لەم وتاردا باسی ئەو گۆڤارانەی کردوە کە پاش شۆڕشی تۆکتۆبەر لە ژیانی کۆمەلایەتی کورددا رۆڵی داوە . ئەم زانایە لە ساڵی ١٩٦٥ یشدا بە زمانی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی نوێی بە ناوی « پەیوەندی خێزانی لە ناو کورددا » بلاّوکردەوە[٥٦] و ئەمەش هەنگاوێکی گەورەیە کە توسەر بە زمانی زگماکی خۆی ئەم بەرهەمە رازاوەیەی پێشکەش کردوە .

ئەوەی شایانی باسە ئەوەتە کە ئەمینی عەڤدالّ بە لێکۆڵینەوە زانستیکانی کە بە زمانی ئەرمەنی و رووسی و کوردی توسیوێتی خزمەتێکی گەورەی رۆشنبیری گەلەکەی کردوە و چەند بەردێکی مەحکەمی لە دروست کردنی کۆشکی کوردناسی سۆڤیەتدا داناوە .

حاجی جندی کە زانایەکی ناسراو و گەورەی کوردی سۆڤیەتە ، لە کۆکردنەوە و ڕزگارکردنی فۆلکلۆردا لە مەترسی خزمەتێکی زۆر و بێشوماری کردوە .

---

(٥٥) ئەمینی عەڤدالّ ، کولتوری کوردی ئەرمەنستان ، گۆڤاری « رۆژهەلاّتناسی » ، یەریڤان ١٩٦٠ ، ب ١ ، ل ١٧٦ ـ ١٨٩ .

(٥٦) ئەمینی عەڤدالّ ، پەیوەندی خێزانی لە ناو کورددا ، یەریڤان ١٩٦٥ .

یەکەم توسراوی ئەم زانایە کتێبی « فۆلکلۆری کوردی » یە کە سالّی ١٩٣٦ لەگەڵ ئەمینی عەقدالّدا بلاّویانکردۆتەوە و کە لە سەرەوە لێی دواوین . هەر لە سالّی ١٩٣٦ دا حاجی جندی بە هاوکاریی کارۆ زاکاریان هەندێ تێکستی فۆلکلۆری کوردیی لە چاپدا[٥٧] . لەم کتێبەدا بە شێوەیەکی سەرەکی گۆرانی دڵداریی و ئەفین و هەڵپەڕکێ و قارەمانێتی ..... تۆمار کراون و هەروەها توسەران لە بەرهەمی فۆلکلۆری کوردیی کۆڵیونەتەوە .

حاجی جندی گەلێك وتاری لە بارەی ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی ئەرمەنستانیی سۆڤێتیەوە بلاّوکردۆتەوە ، وەك : « دەنگی قارەمانێتی و ئازایەتی کوردی ئەرمەنستانی سۆڤێت لە فۆلکلۆردا »[٥٨] ؛ « فۆلکلۆری کوردیی و سۆڤێتی »[٥٩] ؛ « ئەدەبی کوردی ئەرمەنستانیی سۆڤێت »[٦٠] .... وە لە سالّی ١٩٥٧ دا لە ژێر

(٥٧) حاجی جندی و کارۆ زاکاریان ، گۆرانی میللیی کوردیی ، یەریڤان ١٩٣٦ .

(٥٨) بڕوانە : « دەنگوباسی ئەکادیمیەی زانستیی ئەرمەنستان » ، یەریڤان ١٩٤٢ ، ژ ٩ ـ ١٠ .

(٥٩) بڕوانە : « دەنگوباسی ئەکادیمیەی زانستیی ئەرمەنستان » ، یەریڤان ١٩٥١ ، ژ ١٠ .

(٦٠) بڕوانە : گۆڤاری « ئەدەب و هونەری سۆڤێتی » ، یەریڤان ١٩٥١ ، ژ ٢٠ .

ناوی « فۆلکلۆری کوردی » دا کتێبێکی لە چاپدا.[٦١] ئەم توسراوە (٢٩٣) لاپەڕەیە و ناوەڕۆکەکەی بەم جۆرەیە : پێشەکی (ل ٣ ـ ٤) ؛ داستان و سەرگوزشتە (ل ٥ ـ ١٥٩) ؛ ئەفسانە (ل ١٦١ ـ ١٨٦) ؛ گۆرانی دڵداری و ئەڤین (ل ١٨٩ ـ ٢٢٣) ؛ گۆرانی شایی (ل ٢٢٥ ـ ٢٤٨) ؛ پەندی پێشینان و قسەی نەستەق (ل ٢٥٠ ـ ٢٨٢) ؛ فۆلکلۆری کوردی پاش شۆڕش (ل ٢٨٣ ـ ٣٩٣) .

ساڵی ١٩٦١ یش بەرگی یەکەمی کتێبی « حیکایەتی کوردی » بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە[٦٢] . لە پێشەکیدا (ل ١ ـ ١٥) لە بارەی فۆلکلۆری کوردییەوە دواوە و باسی هەمتو جۆرەکانی حیکایەتی کوردی کردوە . لە ساڵی ١٩٦٢ دا بەرگی دووەم[٦٣] و لە ساڵی ١٩٦٩ دا بەرگی سێیەمی[٦٤] ئەم کتێبەی لە چاپدا .

هەر لە ساڵی ١٩٦٩دا لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی حاجی جندیدا کتێبی « گۆرانی و حیکایەتی کوردی » بڵاوکرایەوە[٦٥] .

---

(٦١) حاجی جندی ، فۆلکلۆری کوردی ، یەریڤان ١٩٥٧ .

(٦٢) حاجی جندی ، حیکایەتی کوردی ، ب ١ ، یەریڤان ١٩٦١ .

(٦٣) حاجی جندی ، حیکایەتی کوردی ، ب ٢ ، یەریڤان ١٩٦٢ .

(٦٤) حاجی جندی ، حیکایەتی کوردی ، ب ٣ ، یەریڤان ١٩٦٩ .

(٦٥) خ. موراداوف ، م. رودێنکۆ ، ق. کوردۆ ، ع. شەمۆ ، ئی. تسوکەرمان ، گۆرانی و حیکایەتی کوردی ، مۆسکۆ ١٩٦٩ ،

لەم توسراوەدا گەلێك داستانی کوردیی ، وەك : « مەم و زین » ، « سیڤا ئاجی » ، « دمدم » ، « زەمبیل فرۆش » ، « لەیل و مەجنوون » ..... تۆمار کراون .

لە کۆکردنەوە و تۆمار کردن و بڵاوکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا حاجی جندی دەورێکی گەورەی بینیوە . ئەو سامانە نەتەوایەتیەمانی لە مەترسیی لە ناوچوون و فەوتان رزگار کردوە و ئەم کارە بووە بە کەرەستەیەکی زۆر و سەرچاوەیەکی راست و زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان و مێژوو و ئەتنۆگرفیا ...ی کورد . ئەم خزمەتە بێشوماری حاجی جندی بووە بە هۆی ڕێز و تەقدیرێکی بەرز بۆ توسەر و کاری پیرۆزی .

هەروەها بەم کارە حاجی جندی ڕێگەی نیشانی زانایانی بەرەی نوێی دا و ئێستا گەلێك لە کوردانی سۆڤیەت بە کۆکردنەوە و رزگارکردنی فۆلکلۆرەوە خەریکن ، بە تایبەتی ئۆردوخانی جەلیل و جەلیلی جەلیل . . .

لە ساڵی ١٩٦٤دا ئۆردوخانی جەلیل کتێبێکی لە ژیر ناوی « چوارینەی فولکلۆری کوردیی ـ گۆرانی دڵداریی و ئەڤین » دا بڵاوکردەوە[٦٦] ، وە لە ساڵی ١٩٦٩ و ١٩٧٠دا دوو کتێبی بچوکی

(٦٦) ئوردوخانی جەلیل ، چوارینەی فۆلکلۆری کوردیی ـ گۆرانی دڵداریی و ئەڤین ، بەرپڤان ١٩٦٤ .

« پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی »[٦٧] و لە ساڵی ١٩٦٨ کتێبی داستانی قارەمانێتی کورد « خانی لەپ زێڕین » و « قەڵای دمدم »ی[٦٨] لە چاپدا .

یەکێك لە کارە هەرە گەورە و زانستێکانی ئۆردوخانی جەلیل کتێبی « پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی » یە کە بە هاوکاری جەلیلی برای بە زمانی کوردی و رۆستی توسیوێتی[٦٩] لێرەدا پێویستە سەرنج بو ئەوە رابکێشین کە وا توسەرانی ئەم کتێبە لە بریتی پێشەکی بە رۆستی (ل ٥ ـ ٢٣) و بە کوردی (ل ٢٤ ـ ٤١) بە کورتی بە شێوەیەکی پێویستە و شێوازیکی زانستی لە بارەی میژوی لێکۆڵینەوە و نرخ و شوێن ..... ی پەندی پێشینانی کوردی دواون .

هەرچەندە لە وەرگێڕان بۆ سەر زمانی رۆستی و خستنە سەر ئەلفبای لاتینی چەند ناتەواوی و هەڵەیەکی کەم دەبینرێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی پوخت و نایاب و سەرکەوتوە و کەلێنێکی

(٦٧) ئۆردوخانی جەلیل ، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ، یەریڤان ١٩٦٩ وە ١٩٧٠ .

(٦٨) ئۆردوخانی جەلیل ، « خانی لەپ زێڕێن » و « قەڵای دمدم » و مۆسکۆ ١٩٦٧ .

(٦٩) ئۆردوخانی جەلیل و جەلیلی جەلیل ، « پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی » ، مۆسکۆ ١٩٧٢ ،

گەورەی لە کوردناسێدا پڕکردۆتەوە .

جەلیلی جاسم کە کوردناسێکی لاوە ، جگە لە چەند وتارێك دۆ کتێبی نایابی لە بارەی مێژوی کوردەوە بڵاوکردەوە : کتێبی یەکەمیان لە بارەی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵاوەیە کە لە ساڵی ١٨٨٠دا دژی ناڕەوایی و ستەمی رژێمی تورکیا و ئێران بەرپا بۆ .(٧٠) کتێبی دووەمیان لە بارەی پێشکەوتنی سیاستی میللەتی کورد دەدوێ لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا ـ واتە لەو دەورەی کە لە ئەنجامی دواکەوتن و لاوازبوونی باری ئابووری و جەنگی و سیاستی فەرمانڕەوایی سوڵتانەکانی عوسمانی لە کوردستاندا ئەمارەتە کوردییەکان بەهێز بوون و فروان کران(٧١) .

ئەوەی شایانی باسە ئەوەتە کە کتێبی یەکەمیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە رۆژنامەی « التآخی » ساڵی ١٩٧٣دا بە چەند زنجیرەیەك بڵاوکراوەتەوە ، کتێبی دووەمیشیان نێستا د. کەمال مەزهەر خەریکی وەرگێڕانێتی بۆ عەرەبی و تاکو نێستا چەند زنجیرەیەکی ئەو تەرجومەیەی لەگەڵ لێکۆڵینەوە و تێبینی زانستی خۆی لەو کارە لە هەمان رۆژنامەدا خستۆتە بەر دەم خوێنەران .

(٧٠) جەلیلی جەلیل ،شۆڕشی ساڵی ١٨٨٠ی کورد ، مۆسکۆ ١٩٦٦ .

(٧١) جەلیلی جەلیل ، کوردی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا ، مۆسکۆ ١٩٧٣ .

خالیدی چەتۆ کە ئێستا سەرۆکی بەشی کوردیی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیەی زانستیی ئەرمەنستانە چەند توسراوێکی لە بارەی مێژوی کوردەوە بڵاوکردۆتەوە، بە تایبەتی کتێبی «کوردی ئەرمەنستانی سۆڤێتی»[٧٢] و «کورد لە شەڕی دووەمی جیهاندا»[٧٣] ... ناسراوان و سەرنج رادەکێشن. لە کتێبی یەکەمدا سەبارەت بە دەوری پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان گەلێك نمونەی کە بۆن بە هۆی پێشخستنی رادەی ئابوریی و سیاسی و رۆشنبیری ... چنی کرێکاری کورد هێناوەتەوە. بەم بۆنەیەوە توسەر لە پێشەکیدا تووسیویەتی دەڵێ: لەم کتێبەدا ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابورییەی لە بنەڕەتا پاش دامەزراندنی دەسەڵاتی سۆڤێت بەسەر کورددا هاتووە ڕوون دەکرێتەوە[٧٤] .... لە کتێبی دووەمدا دەوری کوردی سوڤێتی نیشان داوە لە هاوبەشی راستەقینەدا لەگەڵ هەموو میللەتانی تری سۆڤێتدا لە شەڕی دووەمی جیهاندا بەرامبەر بە هێرشی ئەڵمانیای نازی.

شەکرۆی خودۆ ماوەیەکی درێژ لە رۆژنامەی «ڕێی تازە» کاری دەکرد و ئێستا لە بەشی کوردییەکەی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسیی یەریڤانە. لێکۆڵینەوەکانی ئەم توسەرە بە زۆری دەربارەی بزوتنەوەی

(٧٢) خالیدی چەتۆ، کوردی ئەرمەنستانی سۆڤێتی، یەریڤان ١٩٦٥.

(٧٣) خالیدی چەتۆ، کورد لە شەڕی دووەمی جیهاندا، یەریڤان ١٩٦٩.

(٧٤) سەرچاوەی ناوبراو، کوردی ئەرمەنستانی سۆڤێتی، ل ٥.

ئازادی نەتەوایەتی کوردە لە عێراق و هەروەها چەند وتارێکیشی لە بارەی وەزعی کوردی تورکیا پاش شەڕی دووەمی جیهان بڵاوکردۆتەوە .

مەکسیمی خامۆش لە بارەی زمانی کوردییەوە چەند وتار و نامیلکەی بڵاوکردۆتەوە ، وەك : « ڕەخنە لە کتێبەکەی چ. خ. باکایێف (شێوەی کوردی تورکمەنستان) »[٧٥] ؛ « مەرفۆلۆژیای شێوەی بادینان »[٧٦] ...

ک. ب. ئاکۆپۆف دەربارەی نەژاد و مێژوی کورد هەندێ وتاری بڵاوکردۆتەوە . کاری هەرە گەورەی ئەم زانایە نامەی دوکتۆرێکەیەتی کە لە ژێر ناوی « ڕەخنەی مێژوێیتی لە مەسەلەی نەژادی کورددا » توسیوێتی . ئەم توسراوە پتر لە (٥٠٠) لاپەڕە دەبێت . ک. ب. ئاکۆپۆف لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەلێك زانیاری راست و چەسپاوی شێواندوە و لە ڕوونکردنەوەی نەژاد و زمان و کولتوری گەلی کورددا گرنگی بە تیۆری بورجوازی و یافیتی و سامی و شۆڤێنیێنی فارسی و تورکی داوە ، هەروەها بۆ ئەم مەبەستە گەلێك لاپەڕەی لەسەر لێکدانەوەی هەندێ ئەفسانەی جیاوازی کوردی و عەرەبی و فارسی توسیوە و بەم بۆنەیەوە دەڵێ : « هیچ یەکێك لەم سەرگوزشتە و داستانانەی سەدەکانی ناوەڕاست بە

(٧٥) بڕوانە : گۆڤاری « مێژو و فیلۆلۆژیا » ، یەریڤان ١٩٦٥ ، ژ ٣ .

(٧٦) بڕوانە « کورتەی نامەی دوکتۆرێ » ، یەریڤان ١٩٦٥ .

خۆرایی هەڵنەبەستراون و رەگیان دەگەڕێتەوە بۆ زۆر کۆن، لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوە لە ئەفسانە و سەرگوزشتە و داستان بۆ رۆنکردنەوەی نەژادی کورد دەوری خۆی دەبینێ »(۷۷). راستە سەرگوزشتە هەن کە هەڵبەستراون و رێك خراون بە گوێرەی پێویستی چەرخ. ئەو جۆرە سەرگوزشتە و داستانانە ناتوانن ببن بە بەڵگەی مێژوێی بۆ لێکۆڵینەوەی باسێکی زانستی. تۆسەر جیاوازی لە نێوان ئەفسانە و سەرگوزشتە و داستانی راست و ناڕاست، رۆداو و هەڵبەستراودا نابینێت، هەر لەبەر ئەوەشە گەلێك لاپەڕەی بەو ئەفسانانە پڕکردۆتەوە کە دەڵێن کورد لە شەیتانەوە پەیدابۆن(۷۸).

ك. ب. ئاکۆپۆف گەلێك بیر و رای دۆر لە زانستی هێناوەتەوە و ویستویەتی لەو رێگەیەوە بگاتە ئەنجام. هەروەها هەوڵی زیندۆ کردنەوەی گەلێ تێڕی چەوت و بۆرجوازی وای داوە کە لە مێژە لەناو براون... بێگومان ئەمانە هەمۆ بۆن بە هۆی لاوازی لێکۆڵینەوەکە.

(۷۷) ك. ب. ئاکۆپۆف، « رەخنەی مێژوێی لە مەسەلەی نەژادی کورددا »، (کورتەی نامەی دوکتۆرێ)، یەریڤان ۱۹۶۹.

(۷۸) لە وتارێکی ق. کوردۆوە وەرگیراوە، کە هێشتا لە چاپ نەدراوە.

لە لێنینگراد :

ساڵی ١٩٢٨ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان ژمارەیەك قوتابی کوردی نارد بۆ « زانستگەی کرێکاران » لە لێنینگراد . پاش تەواوکردنی زانستگە هەندێکیان گەڕانەوە بۆ ئەرمەنستان و چەند کەسێکیان لە ئاموژگای زمانەوانیی زانکۆی لێنینگراد وەرگیران . بەم بۆنەیەوە سەرۆکی بەشی ئێرانیی پرۆفیسۆر ئا. ئا. فرێیمەن بەشی کوردیی کردەوە ، وە بۆ پتەو بوون و فراوان کردنی بەشەکە چەند قوتابیەکی لە میللەتانی تری سۆڤێت وەرگرت و هەروەها ئی. ئا. ئۆربیلی بۆ وتنەوەی زمانی کوردیی و ئەتنۆگرافیای کورد بانگ کرد .

ساڵی ١٩٣٣ چەند قوتابیەکی پۆلی سێیەم : قەناتی کوردۆ و عەرەبی شەمۆ و ئیسحاق تسوکەرمان بە رابەریی مامۆستاکانیان لە بارەی زمانی کوردییەوە دوو وتاریان بڵاوکردەوە : « ئیزافە لە زمانی کوردیدا »(٧٩) و « نێر و مێ لە زمانی کوردیدا »(٨٠) . لەم دوو وتارەدا بۆ یەکەم جار لە مێژوی کوردناسیدا هەست بە هەندێ

(٧٩) بڕوانە : گۆڤاری « شۆڕش و نوستن » ، مۆسکۆ ١٩٣٣ ، ژ ١ ، ل ٥١ ـ ٥٦ .

(٨٠) بڕوانە : کتێبی « نوستن و شۆڕش » ، مۆسکۆ ١٩٣٣ ، ژ ١ ، ل ١٧٩ ـ ١٨٠ .

خاسیەتی دابەشکردنی ناو بەسەر نێر و مێدا و نیشانەی ئیزافەدا کراوە.

پاش ماوەیەك سێ قوتابی لە دەرچوانی بەشی کوردیی زانکۆی لێنینگراد : یو. یو. ئاڤالیانی ، ق. کوردۆ ، ئی. ئی. تسوکەرمان لە بەشی دوکتۆرا وەرگیران و ساڵی ١٩٣٩ — ١٩٤١ خوێندنی دوکتۆرایان تەواو کرد .

پێگەیاندنی کادری کوردناسیی لە بەشی ئادابی زانکۆی لێنینگراد بە تایبەتی بە یارمەتی ئا. ئا. فریێمەن و ئی. ئا. ئۆربیلی هەنگاوێکی گەورە بۆ لە پێشخستنی کوردناسیدا بە گشتی و وەرگرتنی شێوەیەکی راست و شێوازێکی زانستی لە لێکۆڵینەوەی مەسەلەی کوردناسیدا .

لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٩دا بە فەرمان و سەرپەرشتی سەرۆکی ئاموژگای رۆژهەڵاتناسیی لێنینگراد ئی. ئا. ئۆربیلی ئەو چەند کوردناسەی کە لە بەشی ئێرانیی بۆن جیا کرانەوە و وەك کۆمەڵێکی سەربەخۆ لە ژێر ناوی « کەبینێتی کوردی »دا رێکیان خستن و ئەمەش هەنگاوێکی گەورەی تر بۆ لە پێشخستنی کوردناسیی سۆڤێتدا ، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو ژمارە زۆرە کارە زانستییە نایاب و بەنرخانەن کە کارگێزانی بەشی کوردیی لە ماوەی ئەم چوارده ساڵەدا لە بارەی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆر و مێژوو و ئەتنۆگرافیای کوردەوە بڵاویان کردۆتەوە .

هەروەها حەز دەکەم سەرنجیش بۆ ئەوە رابکێشم کە وا ئی. ئا. ئۆربیلی لە یەکێتی سۆڤێت بناغەی کوردناسیی دانا و خزمەتێکی

باشی ئەم زانستەی کردوە و لە لێکۆڵینەوەی کورد و زمانی کوردیدا دەورێکی تایبەتی هەیە. لەگەڵ ئەوەی بە کاروباری کارگێڕی و مەسەلەی زمانەوانییەوە بە گشتی زۆر خەریک بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جاروبار لە کورد و زمانەکەی کۆڵیوەتەوە و لە ناو دەستنوسەکانیدا هەندێ لێکۆڵینەوەی لە سەر زمانی کوردی ئەرمەنستان هەیە.

مامۆستا فەناتی کوردۆ کە لە پاش ئی. ئا. ئۆربیلیەوە تا ئێستا سەرۆکی بەشە خزمەتێکی گەورە و شایانی کوردناستی کردوە و لەم رووەوە گەلێك کاری زانستی نوسیوە، کە زۆربەیان بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی تەرخان کراون - واتە نوسینی ڕێزمانی کوردی (تیۆری و پراکتیك)، لێکۆڵینەوە لە زمانی گفتوگۆ و لە زمانی ئەدەبی، بەراوردکردنی دیالێکتی کرمانجی ژۆروَ و خوارو، دانانی فەرهەنگی کوردی - ڕۆستی و ئەو بابەتانە.

ئەو کارە زمانەوانیانەی ق. کوردۆ نوسیوێتی ئەمانەن: دۆ فەرهەنگ - کوردی (کرمانجی ژۆروَ) - ڕۆستی[81]، وە کوردی (کرمانجی خوارو) - ڕۆستی[82]. چەند کتێب و نامیلکە لە بارەی ڕێزمانی زمانی کوردییەوە، وەك: «ڕێزمانی زمانی کوردی» (بە

(٨١) ق. کوردۆ، فەرهەنگی کوردی (کرمانجی ژۆروَ) - ڕۆستی، مۆسکۆ ١٩٦٠.

(٨٢) ئامادە کراوە بۆ چاپ.

زمانی کوردی)[٨٣] ، « ڕێزمانی زمانی کوردی » (بە زمانی ڕوسی)[٨٤] ، « بەراوردکردنی ڕێزمانی زمانی کوردی »[٨٥] ... هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە وتار ، وەک : « تصریفی کرداری متعدی لە زمانی کوردیدا »[٨٦] ، « مانا و فەرمانی پاشگری ـ ك (مکە) لە زمانی کوردیدا »[٨٧] ، « پێشگر و پاشگر لە زمانی کوردیدا »[٨٨] ، « جێناوی لکاو لە زمانی کوردیدا »[٨٩] ، « لە بابەت نقیسکار زمان و ئەلفبایی

(٨٣) ئەم کتێبە لە سالی ١٩٤٩دا لە یەریڤان لە چاپ دراوە و تاکو ئێستا چوار جار ـ لە سالانی ١٩٤٩ ، ١٩٥٦ ، ١٩٦٠ و ١٩٧٠ دا لە چاپ دراوەتەوە .

(٨٤) ق. کوردۆ ، ڕێزمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ١٩٦٢ .

(٨٥) نامەی دوکتۆرییەکەیەتی کە لە سالی ١٩٦٨دا دوکتۆرای علومی پێ وەرگرتووە و ئێستا لە زێر چاپدایە .

(٨٦) بڕوانە : کتێبی « وتاری نوێنەرانی سۆڤێت لە کۆنگرەی بیست و چوارەمی ڕۆژهەلاتناسیدا » ، مۆسکۆ ١٩٦٠ ، ل ٩ .

(٨٧) بڕوانە کتێبی « مێزوی کولتوری گەلانی ڕۆژهەلات » (بۆ بیرەوەری ئی. ئا. ئۆربیلی) ، مۆسکۆ ـ لێنینگراد ١٩٦٠ ، ل ٣٦١ ـ ٣٦٨ .

(٨٨) بڕوانە کتێبی « فیلۆلۆژیای ئێرانی » ، مۆسکۆ ١٩٦٣ .

(٨٩) بڕوانە کتێبی « نوسراوە دێرینەکان و مەسەلەی مێزوی کولتوری گەلانی ڕۆژهەلات » ، لێنینگراد ١٩٦٥ ، ل ٥٦ ـ ٥٧ .

پەرتوکێت دینی ئێزیدیان »[٩٠] ...

ق. کوردۆ تەنها بە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردییەوە خەریک نەبووە ، بەڵکو گەلێك بەرهەمی باشیشی لە بارەی ئەدەب و فۆلکلۆر و مێژوو و ئەتنۆگرافیای کوردەوە بڵاوکردۆتەوە ، وەك : « ئەحمەدی خانی و بەرهەمی ئەدەبی »[٩١] ، « کوردی ئەرمەنستان لە ئەدەبی دەرەوەدا »[٩٢] ، « قەلای دمدم ـ داستانی قارەمانێتی کورد »[٩٣] ، « پەندی پێشینانی کوردی »[٩٤] ، « شی‌کردنەوەی بەڵگەکانی کەزنەفۆن دەربارەی کاردوخەکان »[٩٥] ، « کارەکانی پ. لێرخ لە بارەی کوردناسێیەوە »[٩٦] ... وگەلێکی تر[٩٧] .

(٩٠) بڕوانە گۆڤاری « کۆڕی زانیاری کورد » ، بەغدا ١٩٧٣ ، ب١ ، ل ١٣٢ ـ ١٧٢ .

(٩١) گۆڤاری « روناهی » ، بەغدا ١٩٦١ ، ژ ٩ ـ ١٠ .

(٩٢) بڕوانە : رۆژنامەی « ڕێگا تازە » ، یەریڤان ١٩٦٠ .

(٩٣) بڕوانە : کتێبی « چیرۆك و داستانی کوردی » ، مۆسکۆ ١٩٦٠ .

(٩٤) بڕوانە : کتێبی « پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی گەلانی رۆژهەلاّت » ، مۆسکۆ ١٩٦٠ .

(٩٥) بڕوانە : کتێبی « کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی زانستی ئێرانناسی » (بۆ یادی شەست ساڵەی پڕۆفیسۆر ن. ئا. بۆڵدرێڤ) ، مۆسکۆ ١٩٦٩ ، ل ٢٥ ـ ٢٨ .

(٩٦) بڕوانە : کتێبی « لە بارەی مێژوی رۆژهەلاّتناسی رووسەوە » ، مۆسکۆ ١٩٥٩ ، ب ٤ ، ل ٣٩ ـ ٥١ .

(٩٧) کارە زانستیکانی ق. کوردۆ هێندە زۆرن کە لەم وتارەدا توانای=

هەروەها ئی. ئی. تسوکەرمان خزمەتێکی باشی زمانی کوردی کردوە و ژمارەیەکی زۆر لە وتار و نامیلکە و کتێبی لە بارەی زمانی کوردییەوە نوسیوە . ئەوەی لە ناویاندا جێگای بـــەرز و دیاری وەرگرتبێ کتێبی « رێزمانی زمانی کوردی » یە کە لە ساڵی ١٩٦٢دا لە چاپ دراوە[٩٨] . ئەم نوسراوەی کە بریتییە لە (٢٤٠) لاپەڕە ، دەربارەی کرداری لە دیالێکتی کرمانجی ژوروودا . بەمە و ژمارەیەک کاری زانستی تر لە مەسەلەی مەرفۆلۆژیادا[٩٩] گەلێک کێشـــەی ئاڵوز و گرنگی رێزمانی زمانی کوردی خاوکردۆتەوە .

هەرچەندە زۆربەی ئەو کارە زانستیانەی کوردناسانی لێنینگراد نوسیویانە سەبارەت بە زمانی بەڵام لە گەڵی رۆی تریشەوە درێغییان نەکردوە ، بە وینە دەبینین لە بارەی فۆلکلۆر و ئەدەبەوە بە تایبەتی م. ب. رودێنکۆ کۆمەڵێک کاری نایابی بڵاوکردۆتەوە ، وەک : «مەم و

= ئەومان نییە باسی هەموێان بکەین . هەروەها ماموستا کوردۆ تا ئەمڕۆش کە تەمەنی گەیشتوە بە شەست و سێ ساڵی رەبەق لەم مەیدانە سەختەدا هەر خەریکی رازاندنەوەی کتێبخانەی زانستی کوردییە بـــە بەرهەمە بەهادارەکانی .

(٩٨) ئی. ئی. تسوکەرمان ، رێزمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ١٩٦٢ .

(٩٩) بە وێنە : « وشەی مرکب لە زمـانی کوردیـــدا » (لە کتێبی : وتاری زانایانی ئامۆژگای زمانەوانی ، لێنینـگراد ١٩٦٣) ؛ « نیشانەی کۆ لە دیالێکتی کرمانجی ژوروودا » (فیلۆلۆژیای ئێرانـــی ، مۆسکۆ ١٩٦٩) .....

زینی ئەحمەدی خانێ »[100] ، « شێخی سەنعانی فەقێ تەیران »[101] ، « لەیل و مەجنونی حارسی بتلیسێ »[102] ... لە بارەی ئەتنۆگرافیاشەوە « عادات و رسومات نامەی ئاکرادیەی مەلا مەحمودی بایەزیدێ »[103] ....

کاری هەرە گەورە و سەرکەوتو لە مەسەلەی مێژوی گەلی کورددا شەرەفنامەی شەرەف خانی بتلیسییە کە ی. ئی . ڤاسیلیڤا کردویە بە روسی و لە ساڵی ١٩٦٧دا لەگەڵ پێشەکیەکی نایابدا بڵاوی کردۆتەوە [104] .

لە نێوان کارەکانی ژ. س. موسیلیاندا « بیبلوگرافیای کوردناسێ » کە ساڵی ١٩٦٣ بڵاوی کردۆتەوە[105] ، جێگای تایبەتی خۆی

(١٠٠) م. ب. رودێنکۆ ، « مەم و زین »ی ئەحمەدی خانێ ، مۆسکو ١٩٦٢ .

(١٠١) م. ب. رودێنکۆ ، « شێخی سەنعان »ی فەقێ تەیران ، مۆسکو ١٩٦٥ .

(١٠٢) م. ب. رودێنکۆ ، « لەیل و مەجنون »ی حارسی بتلیسێ ، مۆسکۆ ١٩٦٥ .

(١٠٣) م. ب رودێنکۆ ، « عادات و رسومات نامەی ئاکرادیە »ی مەلا مەحمودی بایەزیدێ ، مۆسکۆ ١٩٦٣ .

(١٠٤) ی. ئی. ڤاسیلیڤا ، « شەرەفنامە »ی شەرەف خانی بتلیسێ ، مۆسکۆ ١٩٦٧ .

(١٠٥) ژ. س. موسیلیان ، بیبلوگرافیای کوردناسێ ، مۆسکۆ ١٩٦٣ .

وەرگرتووە . زارێ یوسوپۆڤاش جگە لە هاوکاری کردن لە دانانی ئەو فەرهەنگە کوردێ (کرمانجێ خوارو) ـ رۆسیەدا کە لە سەرەوە ناومان برد ، هەروەها چـــەند وتارێکی نایابی لە بارەی رێزمـانی کوردییەوە (دیالێکتی کرمانجێ خوارو) بڵاوکردۆتەوە .

ئو. ل. ڤیلچێڤسکی گەلێك توسراوی مێژوێی و ئەتنۆگرافێ و ئەدەبێ و زمانەوانێ بڵاوکردۆتەوە ، بەڵام بە داخەوە مەرامی هەرە گەورەی لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئەوەبو کە تەشەنە بە بیر و را چەوتەکانی ن . یا. مارر ، بدا و بیان چەسپێنێ و جێگیریان بـکات . ئو. ل. ڤیلچێڤسکی دژێ ئەو رێگا راستە مێژوییە راوەستابو کە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانێکان و بە تایبەتی بۆ زمانی کوردێ بەکار دەهێنرا . ڤیلچێڤسکی زمانی کوردێ وەك زمانێکی تێکەڵاو تەماشـا دەکرد و وای دەدایـــە قەڵەم کە رێگای پێشکەوتنی لە زمانـــە یافیتێکانەوە دەست پێ دەکات و دوایێ لە رێگای زمانە ئێرانێکان و عەرەبییەوە بەرەو زمانی تورکێ دەڕوات .

هەر لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردێدا هەندێ وشە هەن لە زمانی تورکییەوە نزیکن ، ڤیلچێڤسکی دەڵێ کە گوایا لە ســـەدەی ۱۳دا لە تورکیا زمانی چێنی سەرکاری کورد تێکەڵ بە زمانی تورکێ بو ، بەڵام زمانی چێنی زەحمەت کێش هەر لەسەر شـــێوەی کۆنی دەڕۆیشت ، کە یافیتێ و ئێرانێ و عەرەبێ بو .... « پاش ماوەیەك ، لەســـەرخۆ زمانی چێنی زەحمەت کێش لە زمانە سامێکان نزیـك

دەبێتەوە . لە پڕ لە زمانە سامێکان دوڕ دەکەوێتەوە و وەك زمانی چینی دەرەبەگی ساکاری ئەو دەورەی لێ دێت »[١٠٦] .

ئو. ل. ڤیلچێڤسکی لە وتاری « کەرەستەی زمانەوانی دەربارەی مێژوی شێوەی کۆمەڵایەتی کوردستان »[١٠٧] و « پێشکەوتنی زمانە زیندووەکانی ئێران »دا[١٠٨] ، زمانە ئێرانێکانی ناوچەی ئێران بە سەر زمانی ئەدەبی و زمانی گفتوگۆدا دابەش دەکات . بەم جۆرە زمانی فارسی ـ بە زمانی ئەدەبی ، وە زمانی فارسی زیندوو و دیالێکتەکانی زمانی کوردی ـ بە زمانی گفتوگۆ دەداتە قەڵەم و لەم رووەوە توسیویتی دەڵێ : زمانی ئەدەبی ـ لە سەرێکەوە زمانی چینی بەرێوەبەرانە و لە سەرێکی کەشەوە یەکێکە لە زمانە هیند و ئەوروپاییەکان . زمانی گفتوگۆ ـ زمانێکی زیندووە و پەیوەندییەکی کۆن و بە هێزی هەیە لەگەڵ زمانە یافیتێکاندا ، یاخود هێشتا لە دەوری یافیتی دان .

لەبەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەکانی ئو. ل. ڤیلچێڤسکیدا وا

---

(١٠٦) ئو. ل. ڤیلچێڤسکی ، پێشکەوتنی زمانە زیندووەکانی ئێران ، « ئەکادیمیەی زانستی سۆڤیت بۆ ئەکادیمی ن. یا. مارر » ، مۆسکۆ ـ لێنینگراد ١٩٣٥ ، ل ١٩٤ .

(١٠٧) زمانە ئێرانێکان ، ب ١ ، ١٩٤٥ ،ل ١٣ ـ ٣٠ .

(١٠٨) سەرچاوەی ناوبراو ، ئەکادیمیەی زانستی سۆڤیت بۆ ئەکادیمی ن. یا. مارر ، مۆسکۆ ـ لێنینگراد ١٩٣٥ ، ل ١٩١ ـ ١٩٨ .

دەردەکەوێ کە کورد میللەتێکی رەسەن نییە و خاوەنی یەک زمان نییە ، بەڵکو لە جیاتی یەک زمان کە هەمۆ کۆمەڵی کورد تێی بگەن خاوەنی سێ چوار زمانن ، وە لە چۆنیەتی دروست بۆن و پێشکەوتنیشدا زۆر جیاوازن لە یەکتر . هەر لەبەر ئەم باوەڕەشە کە دەڵێ : « لە زمانی کوردیدا ، راستتر لە زمانە کوردییەکان دەبێ باش بکۆڵرێتەوە ـ واتە لەسەر شێوەی زانیاری نوێ ، ئەوسا گەلێک دەوری لە بێرکراوی ئادەمیزاد ئاشکرا دەبێ »[١٠٩] .

ق . کوردۆ زۆر راست پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە ئو. ل. ڤیلچێڤسکی لە هەمۆ توسینەکانیدا کە دەربارەی کورد و زمان و ئەدەب و مێژوی کۆمەڵایەتی کوردن باش دەردەکەوێ کە یەکێک لە چالاکترین لایەنگیران و پڕوپاگەندەکەرانی تیۆرییە چەوتەکەی ن . یا . مارر لە بارەی نەژادی کورد و زمانی کوردییەوە . لە گشت توسینەکانیدا تەشەنە بە بێر و باوەڕەکانی ن . یا . ماررى مامۆستای دەدات و بە هەمۆ چەشنێک هەوڵی داوە نیشانی بدات کە کورد خاوەنی زمان و مێژوو و کولتوری خۆیان نین[١١٠] .

هەروەها د . کەمال مەزهەر لە وتارێکیدا کە لە ژمارە

---

(١٠٩) گۆڤاری « ئەتنۆگرافیای سۆڤێت » ، ژ ٤ ـ ٥ ، ١٩٣٦ ، ل ١٢٣ .

(١١٠) ق. کوردۆ ، رەخنە لە بێر و باوەڕی چەوت بەرامبەر بە زمانی کوردیی ، گۆڤاری « کورتەی دەنگوباسی ئاموزگای رۆژهەلاتناسیی » ، مۆسکۆ ١٩٥٥ ، ب ١٢ ، ل ٤٧ .

(١)ی ساڵی ١٩٧٢ی گۆڤاری « بەیان »دا بڵاوی کردۆتەوە[١١١] . بە گەڵێك بەڵگەی زانستی و واقعی ئەو هەڵانەی ئو. ل. ڤیلچێڤسکی راست کردۆتەوە کە لەو باسەی لە بارەی « کورد » و « کوردستان »دا لە ئینسکلۆپیدیای مێزۆی سۆڤێتدا کردوێتی .

لە ساڵی ١٩٦١دا ڤیلچێڤسکی لێکۆڵینەوەیەکی لە ژێر ناوی « کورد . سەرەتایەك لە مێژوی ئەتنۆگرافیای گەلی کورد » بڵاوکردەوە[١١٢] . ئەم کتێبە کە ١٦٢ لاپەڕەیە پێکهاتووە لە : پێشەکی (ل ٣ ـ ٤) و هەشت فەسڵ (ل ٥ ـ ١١٦) و هەندێك سەرنج و ئەنجام (ل ١١٧ ـ ١٦٢) .

تۆسەر لەم کتێبەدا لە ڕێگای هێنانەوەی هەندێ نموونەی ئاشکرا لە زانستدا دەربارەی کۆمەڵی خاوەن کۆیلەکان ، لە ڕێگای نیشاندانێکی زۆر لە بیر و ڕای هەندێك لە زانایان دەربارەی دروست بونی کۆمەڵ و سیاسەتی میللەتان و هۆزانی جیاوازی زۆ کە لە ناوچەرگەی کوردستانی ئێستادا جێگیر بوبون ، لە ڕێگای بەراوردکردنی هەندێ بەڵگەی مێژوێتی و کۆمەڵایەتی و

(١١١) د. کەمال مەزهەر ، کورد و کوردستان لە ئینسکلوپیدیای مێژوی سۆڤیەتیدا ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ١ ، بەغدا ١٩٧٢ ، ل ٢٠ ـ ٢٣ .

(١١٢) ئو. ل. ڤیلچێڤسکی ، کورد . سەرەتایەك لە مێژوی ئەتنۆگرافیای گەلی کورد ، مۆسکۆ ١٩٦١ .

رەوشـــنبیرێ ، هەروەها لە رێگای بیر و باوەڕێکی شـێواو و نەگونجاو و بێ هیچ بەڵگەیەکی زانستی و لەســـەر بنچینـەی تیۆرییەکی چەوت و نازاسـت وێستوێتی پەیوەندی کورد لەگەڵ میللەتانی دراوسـێیدا نیشان بدات . ئەو باوەڕەی زانایان هەیانە دەربارەی ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەك نییـە بۆ نیشاندانی پەیوەندی ئەتنۆگرافی و زمانی لە نێوان کوردی ئێستا و خێڵە سـامێکان و عەرەبەکان و یافیتێکان و تورکەکاندا تۆســـەر بە راستی نازانێ و هەوڵی داوە بە هـەر چەشنێك بێت لە ناو کورددا شتێك هـــەر بدۆزێتەوە ، کە لە و رێگایەوە کورد لەگەڵ ئەو میللەتانەی ناومان بردن بکات بە خزم . هەروەها ڤیلچێڤسکی بێ هیچ بەڵگەیەك دژی رای راسـت و چەسپاوی ئەو زانایانە وەستاوە ، کە کوردی ئێستا بە نەوەی ماد و کاردۆخ دادەنێن .

کەریم ئەیوبی و ئی . ئا . سمیرنۆڤا جگە لە چەنـــد وتارێکی بە نرخ ، خاوەنی کتێبی « دیالێکتی کوردی مـوکری »ن[113] . کە دەنگێکی باشی لە کوردناسی ســـۆڤێتدا داوەتەوە ، بە تایبـەتی چونکە تۆســـەرانی ئەم کتێبە بە شێوەیەکی زانستی و راست لە رێزمانی کوردی کۆڵیونەتەوە و بە بیری من ئەم کتێبە پێویستە بگۆڕێتە سەر زمانی کوردی .

(١١٣) ك. ر. ئەیوبی و ئی. ئـا. سمیرنۆڤا ، دیالێکتی کوردی موکری ، لێنینگراد ١٩٦٨ .

پێویستە ئەوەش لە بیر نەکەین کە ژمارەیەکی زۆر لە کوردی سۆڤێت و دەرەوە لە شـــاری لێنینگراد پێگەیشتوون و نامەی دوکتۆرییان تۆسیوە و بەرهەمی زانســـتی خۆیان بڵاوکردۆتەوە. لە ناو کورد عێراقیـکاندا د. مارف خەزنەدار چالاکانە کاری دەکرد و لەو ماوە کەمەدا توانی ژمارەیەك وتـاری نایاب(١١٤) و کتێبێـکی بە نرخ لە بارەی ئەدەبی کوردییەوە(١١٥) بڵاوبکاتەوە و هەنـدێك چیرۆکی کوردی وەربگێڕێتە ســـەر زمانی ڕوسی و لە چاپیان بدا(١١٦). هەروەها چ ئەو و چ د. کاوس قەفتـــان و چ خاوەنی ئەم وتـارە درێغییان لە یارمـــەتی دانی هەندێك لە کاربەدەســـتە

(١١٤) بە وێنە : شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن و بەرهەمی شـاعیری کورد ـ ئەحمەد دڵزار ، لە کتێبی « نۆسراوە دێرینەکان و مەســـەلەی مێژوی کولتوری گەلانی ڕۆژهەڵات » ، لێنینگراد ١٩٦٧ ، ل ٨٣ ـ ٨٥ ؛ مامۆستایانی قوتابخانەی شیمری نوێ لە کوردســـتانی خوارۆدا ، لە کتێبی « نۆســـراوە دێرینـــەکان و مەســـەلەی مێژوی کولتوری گـــەلانی ڕۆژهەڵات » ، لێنینگراد ١٩٦٦ ، ل ٥٠ ـ ٥١ .

(١١٥) لە بابەت مێژوی ئەدەبی کوردی تازەوە ، مۆسکۆ ١٩٦٧ . (ئەم کتێبە کە ٢٣٢ لاپەڕەیە لـــە ماوەی ٧٠ ساڵ (واتە ١٨٩٠ ـ ١٩٦٠) لە ژیانی ئەدەبی کوردی دەدوێ ، نامەی دوکتۆرییەکەیەتی کە بە زمانی ڕوســـی بڵاوی کردۆتەوە) .

(١١٦) دوانزە سوارەی مەریوان ، مۆسکۆ ١٩٦٩ . (ئەم نامیلـکەیە ١٥ چیرۆکی کوردییە ، ڕێکخستن و ئامادەکردنی بۆ چاپ و نۆسینی پێشەکی د. مارف خەزنەدار ، گۆڕینی بۆ ڕوسی لەگەڵ یانینا خەزنەدار) .

زانستیکانی بەشی کوردی ئاموژگای رۆژهەلاتناسی لێنینگراد نەکردووە .

لە مۆسکۆ :

لە شاری مۆسکۆش بە تایبەتی ب. ڤ. میللیر و ج. خ. باکایێف و ن. ئا. خالفین و ئی. س. لازاریف ..... لە پێشخستنی کوردناسی سۆڤێتدا دەورێکی بالایان هەبووە .

پرۆفیسۆر ب. ڤ. میللیر کە زانایەکی گەورە و ناسراوە دەربارەی زمانە ئێرانێکان خاوەنی گەلێك توسراوە . لەو کارانەیدا کە بەر لە سالانی ۳۰ توسیوێتی دۆر بووە لە تێۆرێکەی ن. یا. مارر ـ واتە لەوەی کە ن. یا. مارر ئەسڵی نەتەوە ئێرانێکانی بە یافیتی داناوە . بەڵام لە سالانی (۳۰) یەوە دەبێت بە پشتگیری تێۆری یافیتی کە ناویان لێ نابو « لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان » ، وە بە هەمو توانایەوە هەوڵی دەدا ئەم تێۆرییە بەسەر زمانە ئێرانێکاندا بەگشتی و بەسەر زمانی کوردیدا بە تایبەتی بچەسپێنێ . ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر بنچینەی تێۆرییەکەی ن. یا. مارر توسیوێتی ئەمانەن : « ئامرازی کۆ (ئان) لە زمانە ئێرانێکاندا »[۱۱۷] ،

(۱۱۷) بۆ بیرەوەری ئەکادیمی ن. یا. مارر ، ۱۹۳۸ ، ل ۱۹۰ ـ ۱۹۵ .

« کارەکانی زانایانی ڕۆس لـــە بارەی زمانە ئێرانێکانەوە »[118] ، « هەندێ چەڵەمـــەی فۆنێتیکی زمانی کوردی »[119] ، « زمانی کوردی »[120]... هتد .

ئەو تێۆرییەی ن. یا. مارر کە کورد بە یافیتی دادەنێ بۆ یەکەم جار لە لایەن ب. ف. میللیرەوە لـــە وتاری « زمانی کوردی »دا لایەنگیری کرا . لەم وتارەدا توسیوێتی دەڵێ : « ئەو زمانناسانەی لە زمانە ئێرانێکان و دیالێکتەکانیان دەکۆڵنەوە بە تەواوی گرنگی نادەن بەو پاشماوانەی کە ماون لـــەم زمانانەدا بەر لەوەی بین بە ئێرانی . . . »[121] . . . « خاسیەتی تێکەڵاوی زمـــانی کوردی لەگـەڵ زمـــانە یافیتێکاندا پتر لە فۆنێتیـــک و مەرفۆلۆژیادا دەردەکەوێ »[122] .

سەبارەت بە پاشماوەی یافیتی لە زمانە ئێرانێکاندا لە وتاری « ئامرازی کۆ (ئان) لە زمانە ئێرانێکاندا » توسیوێتی : « شکی

(۱۱۸) نامـــەی زانـایانی زانکۆی مۆسکۆ ، ز ۱۰۷ ، ب ۳ ، ۱۹٤٦ ، ل ۷۱ ـ ۸۵ .

(۱۱۹) زمانە ئێرانێکان ، ب ۲ ، ۱۹۵۰ ، ل ٦۱ ـ ۷۷ .

(۱۲۰) ئینسکلوپیدیای ئەدەبی ، ۱۹۳۱ ، ب ۵ ، ل ۷۵۳ ـ ۷۵٤ ؛ هەروەها ئینسکلوپیدیای گەورەی سۆڤیت ، ۱۹۳۷ ، ب ۳۵ ، ل ۵۳۱ ـ ۵۳۲ .

(۱۲۱) ئینسکلوپیدیای ئەدەبی ، ۱۹۳۱ ، ب ۵ ، ل ۷۵۳ .

(۱۲۲) ئینسکلوپیدیای گەورەی سۆڤیت ، ۱۹۳۷ ، ب ۳۵ ، ل ۵۳۲ .

تێدا نییە کە لە رێگای زمانە هیندـــد و ئەوروپاییەکانەوە هیچ رۆنکردنەوەیەکمان دەست ناکەوێ » . . . « تەنهـــا لە رێگای لێکۆڵینەوەی نوێ (تیۆری یافیتی ـ ئەوژەحسان) دەربارەی زمان دەتوانین بگەینە ئەنجام و خاوکردنەوەی گەلێك کاری ئاڵۆز »[۱۲۳]. هەروەها لە وتاری « تێکەڵاوی زمانە ئێرانێکان »دا توسیوێتی : « لە زمانە ئێرانێکاندا وە نەبێ کەم پاشماوەی یافیتی هەبێ کە دەگەڕێتەوە بۆ دەوری کۆنیان »[۱۲٤] .

لە وتاری « هەندێ چەڵەمـەی فۆنێتیـکی زمانی کوردی »دا دەیەوێ نیشانی بدا کە فۆنێتیکی زمانی کوردی وەك فۆنێتیکی زمانە یافیتێکانە . ئەو وا دەداتە قەڵەم کە هەندێ دەنگ لـە زۆدا ناقۆڵا بۆن ، بەڵام کە بە دەوری یافیتیدا تێپەڕین چاك و فراوان بـۆن . بەم بۆنەیەوە توســیوێتی : « ئەگەر لە دەنگی (ع) و (غ)ی عەرەبیدا لێك چۆنێـك لە ئێوان زمانی کوردی و زمانە سـامێکاندا هەبێت ، ئەوە پەیوەندییەکی پتر لە ســێ دەنگی گرنگدا لە ئێوان زمانی کوردی و زمانە یافیتێکاندا هەیە »[۱۲۵].

مامۆستا قەناتی کوردۆ پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە ب. ف.

---

(۱۲۳) بۆ بیرەوەری ئەکادیمی ن. یا. مارر ، ۱۹۳۸ ، ل ۱۹۳ .

(۱۲٤) ئەکادیمیەی زانستی سۆڤێت بۆ ئەکادیمی ن. یا. مارر ، مۆسکۆ ـ لێنینگراد ، ۱۹۳۵ ، ل ۲۹۲ .

(۱۲۵) زمانە ئێرانێکان ، ب ۲ ، ۱۹۵۰ ، ل ٦۹ ـ ۷۰ .

میللیر زێکەی لـــە هەمۆ لێکۆڵینەوەکانیدا هەوڵی ئەوەی داوە کە نیشانی بدا لە زمانە ئێرانێکاندا لە فۆنێتیك و مەرفۆلۆژیادا پاشماوەی یافیتی هەیە و بە باوەڕی ئەو نەتەوە ئێرانێـکان تێـکەلاون و دروست بۆن لە یافیتی و ئێرانی ... بە گوێرەی باسەکانی ب.ف. میللیردا وا دەردەکەوێ کە زمانی کوردی زۆ یافیتی بووە و لە پاشا بووە بـــە یەکێك لە زمانە ئێرانێـکان ، وە فۆنێتیکی هەندێ گۆڕا[١٢٦] ...

چەرکەزی بەکۆ (باکایێف) کە کوردی سۆڤێتە لە ئامۆژگای زمانەوانی مۆسکۆ کار دەکات . ئەم زانایەش خاوەنی گەلێك وتار و نامیلکە و کتێبە . زوربەی توێژینەکانی سەبارەت بە بەشە دیالێـکتی کوردیِ ســـۆڤێتە . لە کارە زانستێـکانیدا ، بە تایبەتی فەرهەنگی « کوردی — رۆســـی »[١٢٧] و کتێبی « زمـــانی کوردەکانی ئازربایجان »[١٢٨] دیارن .

شایانی باسە باکایێف خاوەنی یەکەم فەرهەنگی کوردی ـ رۆسییە کە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر چاپ کراوە . ئەم فەرهەنگە بریتییە لە (١٤) هەزار وشـەی کوردی و ٦١٨ لاپەڕە . لە پاشـــکۆی ئەم

(١٢٦) ق. کوردۆ ، ڕەخنە لە بیر و باوەڕی چەوت بەرامبەر بـــە زمانـی کوردی ، گۆڤاری « کورتەی دەنگوباسی ئامۆژگای رۆژهەلاتناسی » ، مۆسکۆ ١٩٥٥ ، ب١٢ ، ل ١٥٧ .

(١٢٧) ج. خ. باکایێف ، فەرهەنگی کوردی ـ رۆسی ، مۆسکۆ ١٩٥٧ .

(١٢٨) ج خ. باکایێف ، زمانی کوردەکانی ئازربایجان ، مۆسکۆ ١٩٦٥ .

تۆسراوەدا (ل ٥٠٩ ـ ٦١٨) کورتەیەکی ڕێزمانی کوردی داوە . هەر چەندە لەم کارەدا گەلێك ناتەواوی هەیە ، وەك شێواندنی بەشە کوردییەکەی بە وشەی ڕۆستی کە بە هیچ جۆرێك لە زمانی کوردیدا بەکار ناهێنرێن ، یاخود کەم و کورتی لە شـــەرح ولێکدانەوەی مانای هەندێ وشەدا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا چێگەیەکی دیاری لە کوردناسی سۆڤێتدا هەیە .

کتێبی « زمانی کـوردەکانی ئازربایجان » ەکەی بریتییە لـــە ٢٨٤ لاپەڕە . بە شێوازێکی زانستی و فروان لە فۆنێتیك و مەرفۆلۆژیا و سینتکسیس کۆڵیوەتەوە . تۆسەر لەم کتێبەدا سەرکەوتووە و هەندێ مەسەلەی زمانەوانی خاوکردۆتەوە و ئەنجامی بەکەڵکی داوە .

هەروەها چەند مانگێك لەمەوبەر باکایێف لە ژێر ناوی « زمانی کوردەکانی سۆڤێتدا » کتێبێکی بەنرخ و رازاوەی بڵاوکردەوە[١٢٩] . باکایێف لەم تۆسراوەدا لە ئەنجامی بەرواردکردنی بەشە دیالێکتەکانی کـوردەکانی سۆڤێتدا گـەلێك شـــتی نوێی لە ڕێزمانی کـوردیدا دۆزیوەتەوە .

ن. ئا. خاڵفین و م. س. لازاریێف کە دوو زانای بەناوبانـگن و لە ئامۆزگای ڕۆژهەلاتناســـتی مۆسـکۆ کار دەکەن لە مەسەلەی تۆسینی میژوی کورددا خزمەتێکی باشی کورد و کوردناسییان کردوە .

ن. ئا. خاڵفین ساڵی ١٩٦٣ لە ژێر ناوی « بەربەرەکانێ لەســەر

(١٢٩) چ. خ. باکایێف ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، مۆسکۆ ١٩٧٣ .

کوردستان » کتێبێکی نایابی بڵاوکردەوە[130] ، کە بە شێوەیەکی زانستی لە بارەی بزوتنەوەی ئازادی نەتەوایەتی میللەتی کورد و باری سیاسی کوردستان و مەسەلەی کورد لە سەدەی نۆزدەدا دواوە ؛ باسی نیزاعی ئابووری و سیاسی ، جیاوازی و شەڕی نیوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ئێران لەسەر کوردستان کردوە ؛ هەروەها سەبارەت بە کۆششی ئنگلتەرە و ڕوسیا و ئەمەریکا لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی تاسیری سیاسی و ئابووریان لەم وڵاتەدا کۆڵیوەتەوە . ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە نوسەر لە نیشاندانی ئەم بارە سیاسیەی کوردستاندا بە شێوەیەکی راست و واقعی لە پێشکەوتن و بەوی بزوتنەوەی ئازادی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕێگای کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا دواوە و هەروەها دژی ئەو بیر و را چەوت و هەڵە و نالەبارانەی کە کورد بە چەتە و ڕێگەگر دادەنێن ڕاوەستاوە .

بۆ نوسینی ئەم کتێبە ن. ئا. خالفین سودێکی زۆری لە کەرەستەی ئارشیف وەرگرتووە ، بەمە و بە گرتنی ڕێگایەکی زانستی لە لێکۆڵینەوەکەیدا توانیوێتی کارێکی بە نرخ بهێنێتە بەرهەم . ئەم کتێبە نایابە د. ئەحمەد عوسمان وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و ساڵی ١٩٦٩ بڵاوی کردوتەوە[131] .

(١٣٠) ن. ئا. خالفین ، بەربەرەکانی لە سەر کوردستان ، مۆسکۆ ١٩٦٣ .

(١٣١) الدکتور آ. خالفین ، الصراع علی کردستان ، مۆسکۆ ١٩٦٣ ، ترجمه الدکتور احمد عثمان ، بغداد ١٩٦٩ .

پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر دەرچوونی ئەم کتێبەدا ، م. س. لازاریێف لە ژێر ناوی « کوردستان و مەسەلەی کورد »دا کتێبێکی بڵاوکردەوە[۱۳۲] . ئەم تۆسراوە لە بارەی کوردستان و مەسەلەی کورد لە ساڵانی ۱۸۹۰ ـ ۱۹۱۷ دەدوێ ـ واتە لەو ماوەیە کە پڕ لە رۆداوی ناوخۆ و دەرەوەیە و کە چارەنۆسی گەلی کوردی تێدا ساغ بووەوە . لەو ماوەیەدا بۆ کە بزۆتنەوەی تورکەکان دژی رژێمی عەبدولحەمید پەرەی سەند و هەروەها نیزاعی ولاتە ئیمپریالستەکان تیژ بۆ بۆ دابەش کردنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ئێران ، کە ئەمەش پەیوەندییەکی توند و راستەوخۆی هەبۆ لەگەڵ مەسەلەی کورددا بە گشتی .

تۆسەر لەم کتێبەدا توانیوێتی گەلێك لەو شێواندن و وەرچەرخاندنەی لە تۆسینی مێژوی کورددا کراوە راست بکاتەوە و بڵاتە رۆ .... ماوەیەکە د. کاوس قەفتان خەریکی وەرگێڕانی ئەم تۆسراوەیە بۆ سەر زمانی کوردی و تا ئێستا چەند بەشێکی لە گۆڤاری « برایەتی » دا بڵاوکردۆتەوە[۱۳۳] .

---

(۱۳۲) م. س. لازاریێف ، کوردستان و مەسەلەی کورد ، مۆسکۆ ۱۹٦٤ .

(۱۳۳) بڕوانە : گۆڤاری « برایەتی » ، ۱۹۷۰ ، ژ ۳ ، فەسڵی یەکەم ، ل ۲۱ ـ ۲۳ ؛ ژ ٤ ، بەشی دووەم ، ل ٤۱ ـ ٤۳ ؛ ژ ٥ ، بەشی سێیەم ، ل ۱۲ ـ ۱٤ ؛ ژ ٦ ، ل ۲۰ ـ ۲۲ ؛ ژ ۸ ، ل ۲۷ ـ ۲۹ ؛ ژ ۹ ، ل ۱٤ ـ ۱٦ .

جگە لە مامۆستایان : ب. ف. میللیر و چ. خ. باکایێف و ن. ئا. خالفین و ئی. س. لازاریێف ، هـــەروەها ئی. ئۆ. فاریزۆف و ر. ئا. تسابۆلۆف .... یش خاوەنی چەند بەرهەمێکن ، بە تایبەتی ئی. ئۆ. فاریزۆف کە جگە لە لێکۆڵینەوەی مێژوی کورد بە گشتی ، لە ســـاڵی ١٩٥٧دا فەرهەنگێکی ڕوسـی — کوردی بڵاوکردەوە(١٣٤) .

لە باکۆ :

لە شاری باکۆ بە گەلێك کاری زانستی خزمەتی کوردناسی کراوە و ژمارەیەك نامەی دوکتۆڕی دەربارەی ئابووری و ئەدەب و زمان و مێژوی گەلی کورد تۆسـراون ، وەك : « پەیوەنـــدی کشتوکاڵ لە سەروی کوردستانی ئێران »(١٣٥) ، « پارتی دیموکراتی کوردستان »(١٣٦) ، « بزوتنـەوەی ئازادی نەتەوایەتی لە کوردستانی عیراق ١٩١٨ ـ ١٩٣٢ »(١٣٧) ، « بزوتنـەوەی ئازادی نەتەوایەتی لە

(١٣٤) دەربارەی ئەم فەرهەنگە باسێکی تایبەتیان هەیە ، هیوادارم بەم زوانـە بە چەند وتارێکی تایبەتی بیخەمە بەر دەستی خوێنەرانی بەڕێز .

(١٣٥) عەلی گەلاوێژ ، باکۆ ١٩٥٤ (نامەی دوکتۆڕی) .

(١٣٦) ڕەحیمی قازی ، باکۆ ١٩٥٤ (نامەی دوکتۆڕی) .

(١٣٧) کەمال مەزهەر ، باکۆ ١٩٦٣ (نامەی دوکتۆڕی) .

کوردستانی عیراق ۱۹۱۸ ـ ۱۹۵۸»[۱۳۸] ، «ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا»[۱۳۹] ، «کردار لە زمانی کوردیدا»[۱۴۰] «شیعری شاعری ئەم دەمەی کورد ـ عەبدوڵلا گۆران»[۱۴۱] ، «بەرهەمی جگەر خوێنی شاعیری ئەم دەمەی کورد»[۱۴۲] ، «شەرەفنامەی شەرەف خانی بتلیسی ، وەك سەرچاوە لە بارەی میژوی گەلی کوردەوە»[۱۴۳] ....

بێگومان هەر یەك لەو نامانەی لە سەرەوە ناومان بردن بە گوێرەی پێویست خزمەتی خۆیان کردوە و دەوری خۆیان بینیوە . ئەوەی لە ناویاندا دیار بێ نامەی دوکتۆرییەکەی مامۆستا د. کەمال مەزهەرە ، کە بە شێوەی کتێب لە ساڵی ۱۹۶۷دا بڵاوکرایەوە[۱۴۴] .

تۆسەر لەم کتێبەدا بە شێوازێکی زانستی لە هەمتو ئەو رووداو و هەڵسان و شۆڕشانەی کورد دواوە کە لەو ماوەیەدا بتون . سەرکەوتنی گەورەی ئەم تۆسراوە لەوەشدایە کە گەلێك سەرچاوەی

(۱۳۸) کەمال مەزهەر ، باکۆ ۱۹۶۹ (نامەی دوکتۆرای علوم) .

(۱۳۹) عزەدین مستەفا ، باکۆ ۱۹۶۳ (نامەی دوکتۆرێ) .

(۱۴۰) نەسرین فەخری ، باکۆ ۱۹۶۵ (نامەی دوکتۆرێ) .

(۱۴۱) کورد ئۆگلی ، باکۆ ۱۹۶۶ (نامەی دوکتۆرێ) .

(۱۴۲) عەسکەر شامیل ، باکۆ ۱۹۶۹ (نامەی دوکتۆرێ) .

(۱۴۳) م. ئی. شەمسی ، باکۆ ۱۹۶۷ (نامەی دوکتۆرێ) .

(۱۴۴) د. کەمال مەزهەر ، بزوتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوایەتی لە کوردستانی عیراق (۱۹۱۸ ـ ۱۹۳۲) ، باکۆ ۱۹۶۷ .

وەها بەکار هێنراوە کە تا ئێستێنی ئەم کتێبە ناویان نەهێنراوە .... هەروەها بە شێوازێك کە لەگەڵ واقع و راستیدا بگونجێ ڕەخنەی لە هەمتو ئەو بیر و را چـــەوت و هەڵانە گرتووە کە مێژوی بزوتنەوەکانی گەلی کوردیان شێواندووە .

ئەوەی شایانی باسە ئەوەتە کە ساڵی ١٩٦٩ ئوسەری ئەم کتێبە لە ئوسینی ئەو کارە نوێیـەی بۆوە کە هەر لە بارەی بزوتنەوەی ئازادیی گەلی کـوردەوەیە و دوکتۆرای علومی پێ وەرگرت(١٤٥) . ئەم ئوسراوە بریتییە لە سێ بەش و دە فەسڵ ... بە دوڕ و درێژی لە باری سیاستی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی کوردستانی عێـــراق و خەبات دژی ئیمپریالست و داگیرکەران و پەرەسـەندنی بزوتنەوەی ئازادیی نەتەوایەتیی ... دواوە و کۆڵیوەتەوە .

هـــەروەها پێویســـتە ئەوەش لە بیر نەکەین کە د. کەمال مەزهـــەر لەو ماوەیەی لە باکۆ بۆ ، جگە لەو کارە زانستییانەی لە سەرەوە ناومان بردن ژمارەیەك وتاری نایابی بە زمانی ڕوسیی بڵاوکردۆتەوە ، وەك : « مانـگرتنی کرێـکارانی نەوتی کەرکوك لە ســـاڵی ١٩٤٦ دا »(١٤٦) ، « تیشکی ئۆکتۆبەر لە سەر ڕۆژهەڵاتی

(١٤٥) ساڵی ١٩٦٩ لە مۆسکۆ کورتەی ئەم نامەیەی بڵاوکراوەتەوە ، هەروەها بەشی دووەمی ئەم نامەیە بە ناوی « مەسەلەی کورد لە عیراق لەساڵانی ١٩٣٢ - ١٩٤٥ » وەیە وا لە زێر چاپدا .

(١٤٦) بڕوانە : گۆڤاری « میللەتانی ئاسیا و ئەفریقا » ، مۆسکۆ ١٩٦٨ ، ژ ٦ ، ل ٥٥ - ٦٢ .

عەرەبی »[147] ، « چاپەمەنیە کوردییە پێشکەوتووەکان سەبارەت بە شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالستی مەزن »[148] ... گەلێکی تر .

د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ ئەو نامەی دوکتۆرییەی کە بەرهەمی سالانی خوێندنی بۆ لە باکۆ ، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و ساڵی ١٩٦٦ لە بێروت بڵاوی کردەوە[149] . کورد ئوگلیش لە ساڵی ١٩٦٩دا نامەی دوکتۆرییەکەی وەک کتێبێک بە زمانی ئازربایجانی لە چاپدا[150] . ئەوەی شایانی باسە ئەوەتە کە مامۆستا شوکور مستەفا ئەم تۆسراوە بەنرخە نایابەی بە زمانێکی پاراو و رەوان وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی و بە چەند زنجیرەیەک لە رۆژنامەی « التآخی » دا بڵاوی کردۆتەوە و ئێستاش ئامادەی کردووە کە بە کتێبێکی تایبەتی لە چاپی بدات .

* * * * * *

لەبەر رۆشنایی ئەم باسەدا دەردەکەوێت کە لەبەر چەند

(١٤٧) بڕوانە : گۆڤاری « دەنگوباسی ئەکادیمیەی زانستی ئازربایجانی سۆڤێتی » ، باکۆ ١٩٦٧ ، ژ ٣ ـ ٤ ، ل١٦١ ـ ١٦٧ .

(١٤٨) بڕوانە : کتێبی « ئۆکتۆبەری مەزن و خەباتی ئازادی گەلانی رۆژهەلاتی نزیک و ناوەڕاست » ، باکۆ ١٩٦٧ ، ل ١٤٨ ـ ١٦٠ .

(١٤٩) د. عزالدین مصطفی رسول ، الواقعیة في الادب الکردی ، بیروت ١٩٦٦ .

(١٥٠) د. کورد ئوگلی ، شیعری شاعیری ئەم دەمەی کورد ـ عەبدوڵلا گۆران ، باکۆ ١٩٦٩ .

هۆیەکی ئاشکرا پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە مەسەلەی کوردناسی گرنگی دراوە ، وە کوردناسی ڕوسیای قەیسەرتی ناوبانگی دەرکردووە . بەڵام سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە شێوەیەکی عادیلانە و بە مەبەستێکی پیرۆز کارێکی ئێجگار گەورەی هەبۆ لە پێشکەوتن و پەرەسەندن و گەشەکردن و سەرکەوتنی کوردناسیدا و توانی بیگەیەنێتە ئەو ڕادەیەی ئەمڕۆی کە لە بارەی زمان و ئەدەب و مێژوو و ئەتنۆگرافیا ... ی کوردەوە ژمارەیەکی بێشومار و جوان و پوخت و نایاب کاری زانستی بنوسرێ ، بە ڕادەیەك کە سەرنجی کوردناسانی جیهان ڕابکێشێ ، وە بە جۆرێك کە لە زوربەی کاری زانستیدا پەنجەیان بۆ ڕابکێشن و بکرێن بە سەرچاوە .

* * * * * *

ـ ملخص المقال ـ

حول

الدراسات الكردية في روسيا والاتحاد السوفيتي

د. عبد الرحمن معروف

الدراسات الكردية في روسيا

كان الاكراد وغيرهم من الشعوب الناطقة في منطقة ماوراء القفقاس الواقعة ضمن الحدود السياسية والاقتصادية للامبراطورية الروسية ، محور اهتمام العديد من الرحالة وعلماء الاثنوغرافيا . كما ان عددا من الدول الكبيرة اهتمت بالحياة الاجتماعية والسياسية للأكراد بسبب كثرتهم العددية في الدولة العثمانية وايران .

تعود المعرفة بالاكراد وبلغتهم في روسيا الى النصف الثاني للقرن الثامن عشر ، اي في تلك الفترة التى طبعت فيها اكاديمية العلوم الروسية « القاموس المقارن لجميع اللغات واللهجات » الذي صدر في بطرسبورغ عام ١٧٨٧ وكان يضم ٢٧٣ كلمة بـ ٢٠٠ لغة ، بما فيها اللغة الكردية .

وفي نهاية النصف الاول من القرن التاسع عشر ، نشرت بعض الكراريس عن اصـــل ونفوس وتقاليد الاكراد . ونشرت ايضا بعض المعلومات عن العشائر الكردية الرحالة في منطقة ماوراء القفقاس ضمن عدد من الاحصائيات والمطبوعات الرسمية . ولاشك ان تلك المقالات والكراريس كانت تتميز بالسطحية والاختصار والنقصان . وهكذا نرى انه حتى نهاية النصف الاول من القرن التاسع عشر لم تظهر في روسيا القيصرية ابحاث علمية بارزة عن لغة وتاريخ واثنوغرافيا الاكراد .

أما الاهتمام العلمي بالاكراد في روسيا القيصرية ، فقد بـدأ في نهاية النصف الاول وبداية النصف الثاني من القـــرن التاسع عشر . وبالرغم من أن بعض كتابات تلك الفترة كان لها علاقه بالحرب الروسية ـ التركية ـ والروسية ـ الفارسية ، الا انه نشرت بعض الابحاث العلمية من قبل علماء الروس والحكومة القيصرية نفسها ، وعلى سبيل المثال اعمال ف. ديتيل و خ. ابوڤيان و اى. بيريزين و پ. ليرخ ... الخ .

تجول ف. ديتيل قرابة ثلاث سنوات في كردستان وجمـــع ، خلال ذلك ، مادة فولكلورية واثنوغرافية واسـعة . وقد تحـدث العالم المذكور عن هـــذه المـادة ، مبديا فيها بعض الاراء الصحيحة ، وذلك في دراسته الموسومة « ثلاثة اعوام في ارجاء الشرق » التي نشرت في الجزء الرابع من مجلة وزارة المعارف الشعبية الصادرة في بطرسبورغ عام ١٨٤٧ .

واعتباراً من عام ١٨٤٧ قام خ. آبوڤيان بنشر سلسلة من المقالات تحت عنوان « الاكراد » ، في مجـلة « القفقـــاس » التي

كانت تصدر في (تبليس) . ونلاحظ في تلك المقالات انها استندت على مادة واسعه ومفيدة تتعلق باثنوغرافيا وتاريخ وحياة وعادات وتقاليد وفولكلور ولغه الشعب الكردي .

أما عالم الايرانيات الروسي المعروف ي. بيويزين ، الذي كان بروفيسورا في جامعة قازان ، فقد تعلم اثناء رحلته الى الشرق الاوسط لهجتي «خوراسان والموصل» الكرديتين . وقد تحدث عن اللهجتين المذكورتين في كتابه « دراسة في لهجات فارس » الصادر عام ١٨٥٣.

ويحتل المستشرق المعروف بيوتر ليرخ مكانة خاصة وبارزة بين العلماء الروس الذين اهتموا بالدراسات الكردية . استطاع پ. ليرخ ان يبحث ، بشكل علمي وصحيح ، في قضايا الاكراد ولغتهم وأثنوغرافيتهم وفولكلورهم ، وذلك على اساس نقد الاعمال السابقة المتعلقة بالاكراد ولغتهم . وقد نشر في اعوام ١٨٥٦ و ١٨٥٧ و ١٨٥٨ ثلاثة كتب قيمة تعتبر حتى يومنا هذا من المصادر الأصيلة والنادرة في مكتبة الدراسات الكردية .

وبين اعوام ١٨٣٦ ـ ١٨٦٩ بدأ آ. ژابا الذي كان قنصلا روسيا في أرضروم (تركيا) خلال الفترة المذكورة ، بدأ بتعلم ودراسة اللغة الكردية وجمع المواد المتعلقة بادب وفولكلور واثنوغرافيا الشعب الكردي بشكل عام ، بينما اهتم بشكل خاص بالمخطوطات الكردية .

وقد استطاع فعلاً جمع عدد كبير من المخطوطات القيمة والهامة ، وهي محفوظة في الوقت الحاضر في المكتبة العامة بلينينغراد ومكتبة معهد الاستشراق التابع لاكاديمية العلوم السوفيتية . وفي عام ١٨٦٠ قام هذا

العالم بطبع مجموعة من الحكايات الكردية باللغتين الكردية والفرنسية ، كما انه ساهم مساهمة كبيرة في تأليف قاموس كردي . وهو صاحب اول قاموس كردي ـ فرنسي طبعه بعد وفاته فرديناند يوستي بقرار من الاكاديمية الروسية ، وذلك فى عام ١٨٧٩ . ويتألف ذلك القاموس من ٤٦٣ صفحة ويضم حوالي ١٥ ألف كلمة .

وفي عام ١٨٨٠ نشر عالم الايرانيات المعروف فرديناند يوستي كتابا عن القواعد الكردية يتناول علم الاصوات و سبك الكلمات و الصرف وبناء الجملة في اللغة الكردية ، كما قام بمحاولة لمقارنتها مع اللغات الايرانية الاخرى .

وفي نهاية القرن التاسع عشر نشر المستشرق آ. سوتسين كتابا عن القواعد الكردية والمستشرق س. آ. يگيزاروف كتابا عن اثنوغرافيا الشعب الكردي .

يعتبر مقال ن. يا. مار « مرة اخرى حول كلمة (چلبي) » من اشهر الدراسات التي وضعها هذا الكاتب . وبالرغم من انه ذكر بعض النماذج الجيدة عن دور الكرد في تأريخ ثقافات شعوب الشرق الاوسط ... الا ان ما يثير الدهشة ويدعو للانتقاد هو ان ن. يا. مار اعتبر أصل الاكراد من اليافيتي . وينبغي لنا الاشارة الى ان علماء الدراسات الكردية السوفيت قد اصلحوا خطأ مار هذا منذ زمن بعيد.

الدراسات الكردية في الاتحاد السوفيتي

نالت الدراسات الكردية مزيداً من الاهتمام والانتشار بعد ثورة اكتوبر . وقد كان وجود اقلية كردية في هذه البلاد وتعرض

حياتها لتغييرات جديدة . . كان ذلك عاملا كبيراً في إزدهار وتقدم علم الدراسات الكردية في الاتحاد السوفيتي . وقد كان من ابرز نتائج ذلك ان ابناء هـذه الاقلية انفسهم اخذوا الأمر على عاتقهم ودخلوا الميدان بجرأة . وفي الوقت الحاضر هناك اربعة مراكز للدراسات الكردية في الاتحاد السوفيتي : يريڤان ولينغراد وموسكو وباكو .

في يريڤان :

يستطيع المرء ان يلمس تقدم الدراسات الكردية في ارمينيا السوفيتية بشكل خاص ، وذلك منذ ان وضعت الابجدية الكردية في عام ١٩٢٩ ، وافتتحت مدرسة كردية . وفي عام ١٩٣٠ تأسست عدة لجان ارسل اعضاؤها الى القرى الكردية لجمع مواد تتعلق باللغة والاثنوغرافيا والفولكلور . وقد اشترك عالمان كرديان في اعمال تلك اللجنة وهما : أمين عودال وحاجى جندى . كما ان مؤتمر الدراسات الكردية الذي انعقد في عام ١٩٣٤ في يريڤان كان له اكبر وابرز الاثر بالنسبة لتقدم علم الدراسات الكردية في الاتحاد السوفيتي .

في عام ١٩٣٣ صدر قاموس ارمني ـ كردي ، وفي عام ١٩٣٥ صدر قاموس آخر أرمني ـ كردي ايضاً للمصطلحات العلمية . وفي عام ١٩٣٢ قام آ. خاجاتوريان بطبع كتاب عن القواعد الكردية باللغتين الارمنية والكردية ، بينما اشترك مع حاجي جندي في عام ١٩٣٥ في وضع كتاب للقواعد الكردية للمدارس المتوسطة . وفي عام ١٩٣٦ نشر امين عودال وحاجي جندي كتاباً كبيراً عن الفولكلور الكردي احتوى على عدد كبير من الاغاني والملاحم والاساطير .

وقام امين عودال ايضاً بنشر كتاب اثنوغرافي في عام ١٩٤٨ عن حيـــاة المرأة الـكردية ، ثم كتـاب آخر في عام ١٩٥٢ بعنوان « اثنوغرافيـا وفولـكلور الاكراد ودراستهما » . كما انه نشـر مؤلفاً آخر في عام ١٩٥٧ عنوانه « تقاليد أكراد ماوراء القفقاس » .

نشر حاجي جندي سلسلة من الـكتب الجديدة عن الفولـكلور الـكردي ، منها ، على سبيل المثال : « الفولـكلور الـكردي » (يريڤان ، ١٩٥٧) ، « الحـكايات الـكردية » (يريڤان ، مجلد ١ ، ١٩٦١ ؛ مجلد ٢ ، ١٩٦٢ ؛ مجلد ٣ ، ١٩٦٩) . ومما تجدر الاشارة اليه هو ان امين عودال وحاجي جندي قاما بدور كبير في جمع وتسجيل مواد عن اثنوغرافيا وفولـكلور الاكراد . وقـد انقذا ، بفضل هذا العمل ، ثروة قومية من الضياع والتلف ، وأمكن بهـذا الجهد جمع مواد ومصادر واسعة للقيام بدراســات علمية وصحيحة في اللغة والتاريخ والاثنوغرافيا المتعلقة بالاكراد .

ويعنى الاخوان الشابان اوردوخان جليل وجليلي جليل ، اولهما بجمع ودراسـة الفولـكلور ، وثانيهما بكتابة التاريخ . وقد انجزا في هذين المجالين عدداً من المقالات والـكتب القيمة .

أما خالد جتـو الذي يشغل حالياً منصب رئيس القسم الـكردي في معهد الاستشراق التابع لاكاديمية العلوم في ارمينيا ، فقـــد نشر بضعة اعمال عن تاريخ الاكراد ، نخص منها بالذكر « اكراد ارمينيـا السوڤيتية » (يريڤان ١٩٦٥) و « الاكراد خلال الحرب العالمية الثانية » (يريڤان ١٩٦٩) ، وهما كتابان مشهوران وجديران بالاهتمام .

هـذا ويبذل المؤرخان شكرو خدو وگ. ب. آكوبوف ، وكذلك اللغوي مكسيم خامو ، وجميعهم باحثون في القسم الكردي في يريڤان ، جهودهم من اجل نشر الدراسات الكردية ، كل حسب امكاناته .

في لينينغراد :

في عام ١٩٢٨ أرسلت اللجنة المركزية للحزب الشيوعي الارميني عدداً من الطلبة الاكراد الى « المعهد العمالي » في لينينغراد . وبعد تخرجهم ، تم قبول بعضهم في معهد اللغات ، حيث قام البروفسور أ. أ. فريمن رئيس القسم الايراني بفتح قسم للغة الكردية بهذه المناسبة . وفي شهر شباط عام ١٩٥٩ تم تأسيس « القسم الكردي » بأمر من الاكاديمي أوربيللي مدير معهد الاستشراق في لينينغراد وتحت اشرافه مباشرة . وقد لعب أ. أ. فريمن و أي. أ. أوربيللي دوراً كبيراً في تهيأة الكادر الضروري للدراسات الكردية ، وفي تطوير هذا العلم .

وبعد أوربيللي ترأس القسم ، وما زال ، الاستاذ قناة كوردوييف ، فقدم خدمات جليلة لعلم الدراسات الكردية ، وانجز عددا كبيراً من الاعمال كرس معظمها لدراسة اللغة الكردية . ونذكر منها ، على سبيل المثال : « القاموس الكردي (اللهجة الكرمانجية) ـ الروسي » (موسكو ١٩٦٠) ، « القاموس الكردي (اللهجة السورانية) ـ الروسي » (تحت الطبع) ، « قواعد اللغة الكردية » (باللغة الكردية ، يريڤان ١٩٤٩ ، واعيد طبعه في اعوام ١٩٥٦ و ١٩٦٠ و ١٩٧٠) ،

« قواعـــد اللغة الـكردية » (باللغة الروسـية ، موسكو ١٩٦٢) ، « القواعـد المقارنة للغة الـكردية » (اطروحته التي نال عليهـــا درجة دكتوراه علوم ، وهي حالياً تحت الطبع) .. هذا اضافة الى العديد من الدراسات في مسائل الادب والفولـكلور والتاريخ والاثنوغرافيا .

ومن العلماء الآخرين الذين خدموا اللغة الـكردية لابد ان نذكر أي. أي. تسوكرمان الذي نشر عددا من المقالات والدراسات والـكتب في اللغـــة ، ابرزها كتاب « قواعد اللغة الـكردية » الصـــادر في عام ١٩٦٢ .

ونشرت م. ب. رودنـكو كتبا قيمة في الفولـكلور والادب والاثنوغرافيا ، منها « مم وزين » لاحمدي خاني (موسكو ١٩٦٣) ، كما ان زاري يوسوبوفا كتبت بضعة مقالات مكرسـة للغة الـكردية . وفي عام ١٩٦٧ صدرت شرفنامة شرف خان البتليسي التي قامت بترجمتهـا ي. أ. فاسيليفا . ومن ضمن اعمال ژ. س. موسيليان نشير ، بشكل خاص ، الى كتابها « بيبليوغرافيا الدراسات الـكردية » .

ألّـف أو. ل. فيلچيڤسكي ابحاثا عديدة في تاريخ واثنوغرافيا وادب ولغة الاكراد ، من بينها كتاب « الاكراد . مقدمة في تاريخ واثنوغرافيا الشعب الـكردي » (موسكو ١٩٦١) .

أما كريم أيوبي و أي. آ. سميرنوڤا ، فقد صـدر لهما كـتاب بعنوان « اللهجة الـكردية الموكريانية » (ليننغراد ١٩٦٨) ، وذلـــك عدا عن ابحاثهما ودراساتهما الاخرى .

وينبغي علينا ان لانسى أن عددا كبيرا من الأكراد السوفييت وغير السوفييت درسوا في مدينة لينينغراد وكتبوا اطروحاتهم ونشروا مؤلفاتهم العلمية فيها . فلقد عمل الدكتور معروف خزندار ، وهو من الاكراد العراقيين ، بنشاط ، واستطاع خلال الفترة القصيرة التي بقى هناك ان ينشر بعض الاعمال ، وخصوصاً كتابه الذي يبحث فيه عن تاريخ الادب الكردي والذي صدر في لينينغراد في عام ١٩٦٧ باللغة الروسية .

في موسكو :

لاشك ان ب. ف. ميللر و چ. خ. باكاييف و ن. أ. خالفين وأي. س. لازاريف قد لعبوا دوراكبيرا في تطوير الدراسات الكردية في موسكو .

كتب البروفسور ب. ف. ميللر عـــددا كبيرا من الاعمال في الدراسات الكردية بشكل عام ، وفي اللغة بشكل خاص : « علامة الجمع (ئان) في اللغات الايرانية » ، و « بعض مشاكل علم الاصوات في اللغة الكردية » ... الخ .

ويعمل چركس بەكو (باكاييف) ، وهو كردي سوفيتي ، حاليا في معهد اللغات بموسكو . وقد نشر هذا العالم عددا من الاعمال القيمة ، تبحث اغلبيتها في اللهجات الفرعية للاكراد السوفييت . ويمكن ان نشير الى بعض اعماله المعروفة وهي : « القاموس الكردي ـ الروسي » (موسكو ١٩٥٧) وكتاب « لغة اكراد اذربايجان » (موسكو ١٩٦٥) وكتاب « لغة الاكراد السوفيت » الذي صدر قبل بضعة شهور .

واصدر ن. أ. خالفين في عام ١٩٦٣ كتابه الرائع « الصراع على كردستان » الذي تناول فيه بشكل علمي موضوع الحركة الوطنية ـ التحررية للشعب الكردي ، وكذلك الوضع السياسي في كردستان والمسألة الكردية في القرن التاسع عشر .

وبعد مرور عام واحد على صدور ذلك الكتاب ، صدر كتاب م. س. لازاريف بعنوان « كردستان والمسألة الكردية » ، وهو يبحث في موضوع كردستان والمسألة الكردية خلال اعوام ١٨٩٠ ـ ١٩١٧ ، أي في فترة مليئة بالاحداث الكبرى الداخلية والخارجية التي كانت مصيرية بالنسبة للشعب الكردي .

ومن المؤلفين الآخرين نذكر ان اي. او. فاريزوف و ر. آ. تسوبولوف وضعا بعض الدراسات الهامة ، وخصوصاً القاموس الروسي ـ الكردي الذي اصدره فاريزوف فى عام ١٩٥٧ .

في باكو :

قدمت مدينة باكو خدمات كبيرة لعلم الدراسات الكردية . وقد دافع في معاهدها عدد من الباحثين عن اطروحاتهم العلمية ، ومنها : « العلاقات الزراعية فى شمال كردستان ايران » (على گەلاويژ ١٩٥٤) ، « الحزب الديمقراطي الكردستاني » (رحيم قاضي ١٩٥٤) ، « الحركة التحررية الوطنية في كردستان العراق ١٩١٨ ـ ١٩٣٢ » (كمال مظهر ١٩٦٣) ، « الحركة التحررية الوطنية فى كردستان العراق » (كمال مظهر ١٩٦٩ ـ اطروحة دكتوراه العلوم) ولقد دافع عنها في معهد

الاستشراق بموسكو ، « الواقعيـــة في الادب الكردي » (عزالدين مصطفى رسول ١٩٦٣) ، « الفعل في اللغـــة الكردية » (نسرين فخري ١٩٦٥) ، « النتاج الشـعري للشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران » (كورد اوغلي ١٩٦٦) ، « شرفنامه شـــرف خان البتليسي كمصدر لتاريخ الشعب الكردي » (م. أي شمسي ١٩٦٧) .

ولا شـك ان كل واحدة من الاطروحات المذكورة لها أهميتها الخاصة واسهمت في خدمة الدراسات الكردية . هذا وقد قام الدكتور عزالدين مصطفى رسول بترجمة اطروحته الى اللغة العربية وصدرت في كتاب في بيروت عام ١٩٦٦ . كما ان كورد أوغلي طبع اطروحته ايضا وصدرت في كتاب باللغة الاذربايجانية في ١٩٦٩ .

على ضوء ما كتبنا ، يظهر لنا ان الدراسات الكردية كانت محور اهتمام كبير في روسيا قبل ثورة اكتوبر لاعتبارات واسباب معروفة . غير ان انتصار ثورة اكتوبر اعطى زخماً نوعياً وكميـــاً لحركة تطور وتقدم الدراسات الكردية ، التي وصلت الى ما هي عليه الان ، بحيث استطاعت اثارة اهتمام العـــالم كله ، واصبحت قدوة يشار اليها بالبنان .

* * *

هەندێك
لەو زاراوانەی وانایەك زیاتر ئەبەخشن

ئەندامی یاریدەر : جەمال بابان

پێشەکی : هەرچەندە زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەند و فراوانە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك ناوی لە دوَ شت یاخود زیاتر ناوە ، کە لە یەکەوە دوَرن یا لە بنچینەدا یەکن و نزیکن بەڵام بەرە بەرە هەر ناوە لەوی تر جیا بۆتەوە و دوَرکەوتۆتەوە . ئەمەش گەلێك هۆی هەیە ، وەك :

١— هۆی مێژوَیی : بنچینەی زاراو یا وشەکان لە رەگەزدا یەك بۆن بەڵام بە تێپەڕبۆنی کات و رۆژگار لە یەك دوَر کەوتونەتەوە .

٢— ڕێکەوت : ناو هەیە بە ڕێکەوت بەسەر دوَ شتدا سەپاوە و هەر یەکە شوێنی خۆی چەسپاندوە وەك : کەو (باڵیندە) و کەو کە لە بابەتی بێژنگە و دەغڵی پێ پاك ئەکرێتەوە .

٣— لە زمانێکی تەوە[1] : وشـــە هەیە لە زمانی بێـــگانەوە کەوتۆتە ناو زمانەکەمانەوە ، دە هـــەر ئەو وشەیە بە کوردی هەیە و مانایەکی جیـاوازی هەیە ، وەك « آذار » کە مانـگی مارتی عەرەبییـــەو لە کوردیدا بووە بە (ازار ، ئازار ...) . ئازاری کوردیش هەیە کە ئێشە .

٤— زۆرێ شێوە (تعدد اللهجات) وەك (شواشێنك) کە دەختێکی بەهارێ هەمیشە سەوزە گەڵای وەك مۆرد وایە ، بەرێك ئەگرێ وەك چوالە تاڵە . هەر ئەم وشـەیە لە بادینانداوە بۆ جۆرە ترێیەك وە بۆ جۆرە هەنجیرێـکیش[2] . هەروەها (چای)

(١) دوکتۆر عەبدولڕەحمان مەعروف لە باســەکیدا کە لە یەکەم کۆڕی لێکۆڵینەوەی کتێبی قوتابخانە بە زمانی کوردێ لە شــەقلاوە (٢٥ — ٢٧ / ٧ / ١٩٧٣) پێشکەشی کرد ، بەمەیان ئەڵێت وشەی هاوکۆ (مشـترك لفظی Homonym) ، وە ئەڵێت ئەوە لەو وشانە نێین کە مانایان زۆرە بەڵـکو ئەو وشانەن کە تەنها لە خۆیاندنەوە و نوسینداوە وەك یەکن ئەگینا لە واتا و پەیدابوندا جیـاوازن . ئنجا ئەڵێت : « وشەی (باو) دەبینێین سێ وشەن کە مانایان جیاوازە و لە یەك دۆرن هەرچەندە هەرسێـکیان لە نەژادا کوردێین ، بەڵام پەیدابوون و دروست بوونیـان لە ڕێـگای جیاوازەوە هاتووە . (باو) دەستوڕ : فیسار شت بووە بە باو . (باو) باوك . (باو) زیادەی شتێك بەسەر شتێـکی تردا .. هتد » (بڕوانە لاپەڕە ١٢ ی وتاری ناوبراو) .

(٢) بڕوانە : شیخ محمـــدی خاڵ ، فەرهـــەنـگی خاڵ ، جزمی دووەم ، سلێمانی ١٩٦٤ ، ل ٣٢٨ .

لەناو لۆرەکاندا بە (سارد) ئەڵێین . لە هەندێك شوێنی تر چاییە کە ئەخورێتـەوە[٣] . ئنجا (ساو) کە بە هەتاو ئەڵێین و لە هەوراماندا بە (سێو)[٤] ... هتد .

جگە لەوانە چەند هۆیەکی تریش هەن . سەیر ئەکەیت هەندێك وشە هەن لە رێگای کورت کردنەوە و سووانەوە لەگەڵ وشەیەکی تردا یەك ئەگرنەوە . وەك (بەخش) بووە بە (بەش) بە مانای (پشك ، حصة) وە هەر (بەش) لەو شێوەیەدا بە واتای (کراوە ، منفرج) دێت وەك بڵێیت (زاری بەش بووەوە) یاخود (دەمەبەشکەی پێوە نوسا) .

هەروەها جاری وا هەیە لە رێی لکاندنی ئامرازەوە بە وشە ، دوو وشەی لە یەك دوور یەك (شکل) وەردەگرن وەك (باران ـ بارانە) کە ناوی گۆرانیەکە و (بار ـ بارانە) کە باجی بار ئەگەیەنێت . لێرەدا بۆمان دەرئەکەوێت کە وشەی (باران) ئامرازی (ە)ی پێوە لکاو کردێ بە ناوێ گۆرانێ ، کەچێ وشەی (بار) ئامرازی (انە)ی پێوە لکا و واتاکەی کرد بە باج ....

لە کاتێکدا کە خۆم گەڵێك وشەی لەم بابەتەم کۆکردبوەوە ، لە لایەکی تریشەوە لە تەواو کردن و راستکردنەوە و راڤەکردندا سوودێکی هێجگار زۆرم لە فەرهەنگی شێخێ بەڕێز مامۆستای

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥ .

(٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٥١ .

خاڵ وەرگرتووە ، هەروەها ســـۆدم لە فەرهەنگی کشت و کاڵی مامۆستا شێخ مارفی قەرەداغی و فەرهەنگی مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ و ئەدموندس و فەرهەنـــگی مەردۆخ و رابـەر و گەلێك فەرهەنـگی تر وەرگرتوە .

بێگومان ئەمە فەرهەنـگ نییە کە پێشکەشم کردووە ، هەرچەندە بە ناچاری واتای هەندێك وشەم لێكداوەتەوە ، ئەوانی تر نزیکترین هاوتا یاخود پەنـــدی پێشینان یا وتەی فۆلـکلۆریم لەگەڵـــدا هێناوەتەوە بۆ ئەوەی زۆ خۆیان و واتاکەیان دەرکەون . لە دواییدا پەیوەندی بەینی وشەکان و جیاوازیانم بە (را)ی خۆم لێکداوەتەوە ، رەنـگ هەیە راســت بم ، رەنگیش هەیە بە هەڵەدا چوبم یا بە لای کەمەوە کەموکۆرییـــەك لە لێـکدانەوەکەمدا هەبێت . ئەوە داوا لە خوێندەوارانی بەڕێز ئەکەم بۆم راستکەنەوە و بۆم تەواوکەن .

زاراو	واتاکانی	پەیوەندی یا جیاوازییان (بە رای من)
ئاتەشتی	تۆزە و کەلەڕەق ؛ گوڵێکی ســـۆری بێبۆن ؛ گەرمی و هێزی جنستی .	بنچینەکەی گەرمی و سۆریە وەك ئاگر .
ئـار	ئاگر (ئاتەر ـ لە ئاوێستادا) ؛ ئارد (زازا) ؛ هێز و توانا .	گۆزانی شێوە .

ئارەق	ـ ئـــاوی لەش ؛ خواردنەوە ـ مشروب .	لە زمانی بێگانەوە .
ئاریَ	خۆڵەمێش (لە ئار ـ ئاگرەوە) ؛ رەگەزی ئـاریَ کە کوردیـش ئەگرێتەوە و لە بنچینەدا (ئاریان)ە .	ئاریەکەی بێگانەیە تێکەڵاوە بە کوردیَ بووە .
ئازار	مانگی مارت ـ بـــە عەرەبیَ (اذار) ؛ ئێش .	مانگەکە عەرەبییە تێکەڵاوە بە کوردیَ بووە .
ئاژاڵ	مەڕومااڵت ؛ سەوزەگیا و لەوەڕ .	
ئاش	شـوێنی پاکردن و هاڕینی دانەوێڵە ؛ چێشت .	ئاشی چێشتەکە بێگانەیە .
ئافیَ	کشتوکاڵی ئاویَ (زازا) ؛ شەونم ؛ زەمینی بەراو .	بنچینەکەی نەزی و ئاوە .
ئاگرە	شـــەرا و گڕە ؛ نەخۆشـیَ کشـتوکاڵ ؛ بریَنی دەموچاوی منداڵ .	بنچینـەکـەیان ســوڕیَ و گەرمییە .
ئاڵ	ڕەنگی سۆری کاڵ ؛ نەخۆشیەکە تۆشـی زەیستان ئەبێ (هاڵ) سۆر هەڵئەگەڕێ .	لە ئاڵیبا یەکن .

ئاڵا	بەیداخ (دۆرنییـــە لە ئاڵەوە بێت) ؛ قەڵەمی نوسین .	رەنگ یاخود دارەکە یەکیان ئەخات .
ئاڵۆز	مرۆ و ولاخی تۆزە ؛ رۆژی سارد و تۆش .	ئاسایی نەبوون یەکیان ئەخات .
ئانیشکە	لوتکە و گونجی کەوانە دار ؛ داریکی دۆ پەلە لە ئامرازی ئاش .	شکاندنەوەکە یەکیان ئەخات .
ئاوا	ئاوەدانکردنەوە بە تایبەتی دێیەات وەك : ئەحمەد ئاوا ، عەلیاوا (ئاڵیاوە) ؛ رۆژئاوا ؛ ئاوا ، ئاوەها : (هکذا) .	
ئاوگرتن	نۆرە ئاو ؛ گەیشتن و خۆشبوونی میوە .	دار و درەختیش کە کەوتنە بەردان ئەوەندە ئاویان ناوێت .
ئاور	ئاگر ؛ ئاوس (ئاوسان) .	شوێنی ئاوسانیش گەرمە ، دۆر نییە گەرمی یەکیان بخات .
ئاوس	ئاودز ، پەنماو ؛ ئافرەت و ولاخی سك پڕ .	بنچینەیان رەوینەوە وەگەورە بوونە .
ئاونگ	ئاورنگ ، شەونم ؛ تڕی میلاق.	دۆر نییە دەنکی تڕێ کە و قەترەی ئاورنگەکە پەیوەندییان هەبێت .

ئەسپەرە	داری کلکی بێڵ ؛ ئەگریجە .	دڕێژی یەکیان ئەخات .
با	هەوا ؛ هاتنە بای سەگ و گورگ لە (باە)ی عەرەبییەوە .	بە ڕێکەوت .
بابۆڵە	پاروە نانی گەورە ؛ مەڵوتکە .	پێچانەوە یەکیان ئەخات .
بابێچ	پێچی سك ؛ ئەو شوێنەیە (با) پێچی تیا ئەخوات .	پێچ خواردنەکە یەکیان ئەخات .
بار	باری وڵاخ ؛ (ظروف ، وضع) (باری فەرش : دێوەکەی) ؛ بێباری : هەڵپەرستی ؛ (تۆڕاڵێکە ئەنیشێتە سەرلێو) .	
بارانە	جۆرە گۆرانیەکە چەند ڕستەیەکی هەیە ؛ (بار ـ انە) باجی بار ؛ (باران ـ ە) : ئەبارێت .	لە ڕێی لکاندنی ئامرازەوە بۆن بە یەك .
باز	باڵندەیەکی ڕاوکەرە ؛ چاوگ ؛ هەڵبەزینەوە و خۆفڕێدان ـ قفز .	
بازۆ	قۆڵ ؛ بەڵەك ؛ لاشێپان .	قۆڵ و لاشیپان نزیکن .
بااڵ	باڵی باڵندە ؛ پەلی مرۆ .	بەکن .

باڵا	ژۆرۆ : بەرواری باڵا ؛ باڵای مرۆ : ئافتاو باڵای بەرزە واتا کەڵەگەتە .	لە بەرزیدا بە یەك ئەگەن .
باڵە	بێڵی ئاسن ؛ دەستکێشی چەرم .	
باڵەبان	بازی تەوار : مێنگە ؛ ئێستری زەلام و قەڵەو ؛ پارچەیەك لە پارچەکانی مۆسیقا .	
بانە	ئەو بەشەیە جوتیار وەردی ئەداتەوە بۆ تۆو کە رۆژە جوتێك یاخود گاوخانێکە ؛ بەرزایی ناو دۆ دێراو ؛ ئاڵف جار .	هەموی پەیوەندی بە ئازاڵ و کشتوکاڵەوەیە .
باو	عادەت ؛ باوك ؛ باوی شتێك بەسەر شتێکی تردا .	رێکەوت .
باوی	بادەم ؛ بادار .	گوێزانی شێوە .
باهۆ	شان و قۆڵ ؛ ئاسۆ ؛ داری چوارچێوەی دەرگا و پەنجەرە .	بە رێکەوت .
بزبزە	ئێسکی تێهەڵکێشی موزەغەی پشت ؛ نەتەوەی ساغی تیرەیەك ؛	لە تێهەڵکێشان و هاتنی بە دوای یەکدا یەکن داسەکە نەبێت .

داسێکی بچکۆلەی کەوانە دارە وەك مشار .

بژشت پێت و بەرەکەت ؛ توانا و لێهاتن ؛ تیژیَ تیغ و مەقەست . بژشت یەکیان ئەخات .

بژك بنج و لاسکی کاڵەك و شۆتی و ترۆزی ؛ قژقێنە .

برك فڕێدان و هەوادان ؛ کۆڵنج . زۆریَ شێوە .

بژە کەڵبەی بەراز ، یەکانە ؛ کەڵەمێرد ؛ کچ ؛ گۆرە ؛ بەیارێکە لە زەوی لە ناو دۆ وەردا . بە رێکەوت .

بز (بزن) ؛ چاوی بز ؛ ماستی گەورە (بە عەرەبیَ) . بە رێکەوت .

بزڕکان بزڕکاندنی شیر و ماست ؛ بزڕکاندنی قسە : قسەی بێجێ .

بزە زەردەخەنە ؛ بزەی چاو . پەیوەندییان بە باری دەموچاوەوەیە .

بست پێوانە دەستێك بە پەلیَ ؛ بڵۆسکی ئاش . پەیوەندیی بە مشتەوە هەیە .

بڵق	بڵقی ئاو ؛ بڵوقی ستوتاوی .	یەکن .
بلوێر	بلوێـــری بێشـکەی مـناڵ ؛ پارچەیەکی موسیقایە وەك شمشاڵ .	هەر دو بلوێرن .
بناوان	بناوانی ئاو ؛ ئافرەتی گەورە و سەرپەرشتیکەر لە ماڵدا .	هەر دو بنچینەن .
بنە	گای گێرە ؛ ستوکەماڵ کە ئەبرێت بۆ سەر رەز یا هەوار .	هەر دو بنچینەن .
بۆز	دێز ، خۆڵەمێشتی ؛ سـەر و ریشی ماشو برنج .	لە رەنگدا یەك ئەگرنەوە .
بۆق	قوڕباقـە ؛ هـاڵاو و هەڵمی گـەرم .	ڕێـکەوت .
بۆڵ	دەنك و هێشـــتوی تـرێی ؛ زەنگی ملی ئاژاڵی پێشەنگ ؛ خۆڵەمێش .	دوانیـان لە بەربۆنـەوەدا یەکن .
بۆك	ئافرەتی تازە شـوکردۆ ، ژنـی کوڕ ؛ بۆکی شۆشە یا پەڕۆ ؛ گوڵاڵە ستوره .	لە جوانیدا یەك ئەکەون .
بۆم	قـۆم (قدوم ـ عەرەبـی) ؛ بەرهەمی زەوی و زار .	ئەنجام و بەرهەم یەکیان ئەخات .

بێر	(بئر ـ عەرەبی) ؛ بێر و هۆش .	قوڵتی نزیکیان ئەخاتەوە .
بەر	بەری دار و درەخت ؛ پێش ، بەردەم ؛ خوار موسڵمان .	ڕێکەوت .
بەرگ	کاڵا ، جل ، بەرگی کتێب ؛ گەڵای دار و درەخت و سەوزایی .	
بەرماڵ	بەرماڵی نوێژ ؛ بەردەرگای ماڵ .	لکاندنی ئامرازە .
بەران	نێری مەڕ ؛ مژان .	ڕێکەوت .
بەڕە	قایشی پێش سنگی ولاخ ؛ نەتەوە ؛ وتەی جوتیارە بە گاجوت کە لە هێڵ دەرئەچێت .	ڕێکەوت .
بەز	چەورتی ؛ دەرگا .	
بەزاندن	کۆڵ پێدان ؛ بەزاندنی میزی منداڵ لە بلوێرەوە .	ڕێکەوت .
بەزین	دابەزین ؛ خستنی ماڵ و کۆچ ؛ پەژینی ولاخی بەرزە .	هەردۆکیان دابەزینی تیایە .
بەست	روبارێکە لە زێی بچوکتر ؛ حەماڵی خانو (زازا) ؛ شێوی وشک کە ئاوی لێئەبڕێت .	روبار و شێو نزیکن ، حەماڵی خانوەکەش زۆرتی شبۆمەیە .

بەستن	مەبینی ئاو ؛ گرێی لێدان ؛ بەستنی زاوا لە پەردەدا .	رێکەوت .
بەق	نێرەکەو (هەورامتی) ؛ بۆق (بادینانتی) .	گۆڕانی شێوە .
بەل	چاو بەل ؛ ئافرەتی چاو لە دەر ؛ بزنی گوێ لۆل ؛ بەلە بەل : تەکە تەک .	لام وایە جولاندن (حرکة) یەکیان ئەخات .
بەڵەک	بازۆ ، رەش و سپی ؛ نەخۆشی پێست ؛ بەڵەک چاو : چاو رەش و سپی تەواو .	: رەش و سپی ، یا سۆر و سپی یەکیان ئەخات .
بەن	خورتی رێسراو ؛ داری قەزوان (دارەبەن) ؛ دەور و پشتی دێ (زازا) .	گۆڕانی شێوە .
بەندک[٥]	پەت (بادینانتی) ؛ بۆیماخ (زازا) ؛ گیایەکی بۆنخۆشە تێکەڵاو پەنیر ئەکرێت (زازا) .	گۆڕانی شێوە .
بەنک (زازا)[٦]	پەتی ژێرچەنەی ژنان ؛ بەنی	پەتی ژێر چەنە و بەند یەکن.

(٥) فەرهەنگی خاڵ ، جـزمی (١) ، لاپەڕە ١٧٦ .

(٦) سەرچاوەی پێشوو .

ڕێسراو ؛ درەختی قەزوان (دارەبەن) .

بەنك[٧] (مخدر) بۆ کێشان ؛ نیشان (زازا) ؛ کات (زازا) . لۆژانی شێوە .

بەیار زەوتی نەکێڵراو (بور) ؛ (عاشق) : کێ بگرم بە یار شێوەی لە تۆ بێ . یەکگرتنی دۆ وشە .

بەور بەر (جۆرە پلنگێکە) ؛ بەفر. ڕێکەوت .

بێچۆ ساواى گیاندار ؛ دراوێکی زێوینی بچکۆلەیە . لە بچوکێتدا یەکیان گرنووە .

بێخ بنك ؛ گوڵێکی جوانی کوێستانییە .

بێز قێز ؛ ڕەنگ : ڕەنگی فەرش و قاڵتی یا قوماش (شەیتان بێزێ). ڕێکەوت .

پاتاڵ پەڕۆ و پاتاڵ ؛ مەردوومی بێکارە . لە بۆسۆدێدا یەك ئەگرن .

پارە دراو ؛ پارچە ؛ هەلاهەلا .

پاڕێز دەمگێژانەوە لە خواردەمەنێ ؛ خۆنانەوە لە پاڕێزدا لە راوا . خۆگرتن .

(٧) سەرچاوەی بێشۆ .

پاشبەند	زنجیری پاشبەندی ولاخ ؛ پاشبەندی رست .	هەردۆکیان لە دواوە بەکارئەهێنرێن .
پاشەبەرە	دواسکی ژن و دوا منداڵ ؛ دوا بەری بێستان .	دوا بەر .
پاڵانچە	ماسولکەی گۆشتی ئەملاولای موورەغەی پشت ؛ بەرد و قوڕ و قسڵ کە ئەدرێنە پاڵ گونجی ئاو ؛ ئەو خوریەیە کە لەسەر پشتی بەران ئەهێڵرێتەوە دوای بڕینەوەی .	یەکەم و دوەهەم ئەو شتانەن پاڵ ئەگرن .
پاڵتو	پارچەیەکی پانە لە کورتاندا ئەکوێتە ژێر کلکەوە ؛ داریکە ئەدرێتە بەر ئێی ئاش بۆ نەجوڵاندنی ؛ پەراستو .	بەکارهێنانیان بۆ چەسپ کردن و پاراستنە .
پانتۆڵ(٨)	European - Style Trousers پانتۆڵی لەبەر کردن لەگەڵ چاکەتدا ؛ Pendulum پندۆڵی سەعات .	بێگانەن و رێکەوت نرێکی خستونەوە .

(٨) فەرهەنگی تۆفیق وەهبی ، لاپەڕە ١٠٢ .

پانکە	باوەشـێنی کارەبا ؛ جۆرێـکە لە ماسـتی : ماسییە پانکە ؛ بەری داری مازوو .	رێـکەوت و تێـکەلاوبوونی وشەی بێگانە .
پایە	(منصب) ؛ پایەی دیوارو خانو .	یەکن .
پرک	تۆزێکی سپییە لە شتی شل پەیدا ئەبێ ؛ پەڵـەیەک زەوی یا دەغڵ ؛ بڕێك ئاژاڵ .	رێکەوت و گۆڕانی شێوە.
پشت	لە مل بەرەوخوار تا سەر سمت ؛ ئەرخە ؛ باوك و باپیر .	هێز و یەکبوون یەکیان ئەخات.
پشك	بەش : بەشـی خەرمان و بەشـکردنی شتی تر ؛ پشکی کوندە و مەشـکە و هیزە ئەو چیلـکەیەیە کونەکانیان ئەگرێت .	لـە هەردوکیاندا هـەر چیلـکەکەیە .
پل	پلێك گۆشت : کـوتێـك ؛ پەنجە .	نزیکن یا خود یەکن .
پلە	پلەی پەیژە و قاڵدرمە ؛ پایە .	یەکن .
پلار	توانج ؛ کـورتە دارە کـە بهاوێژرێت .	یەکن .

پزۆ[9]	پـزۆی دەرپێی کـوردێ ؛ دەردێـکە تۆشی مـەڕ و بزن دێت وەك هەڵامەتی ئادەمیزاد ؛ دەمی رەشکەی کاکێشان .	یەکم و سێیەم لەیەك ئەکەن .
پۆپ[10]	پۆپنەی کەڵەشێر و مریشك ؛ قژی ئافرەت .	یەکن .
پۆز	لوت ؛ (هەوا و غرور) .	یەکن لە لوت و لوت بەرزیدا.
پەپکە	گونـکە هـەوێر ؛ خـەرواری هەنجێر و پەنێر ؛ خۆپێچانەوەی مار .	یەکن لە نەرمێ و کۆبێدا .
پەپۆلە	(فراشە) ؛ پەروانە .	یەکن لە سۆزانەوەدا .
پەتڵە	ساوەری نەهاڕاو ؛ دانەوێڵە .	یەکن .
پەچە	هاوەڵی عەبا ؛ پەچەی گاگەل یا ئاژاڵی تر : ئەو شوێنەیە لە دەرەوە مۆڵی تیا ئەخۆن .	یەکمیان بێگانەیە .
پەڕ	پەڕی باڵیندە ؛ کەنار، ئەو پەڕ یا ئەم پەڕ .	ڕێـکەوت .

(٩) فەرهەنگی خاڵ ، ج١ ، ل ٢١٥ .

(١٠) سەرچاوەی پێشوو .

پەڕە	پەڕەی کاغەز ، پەڕەی پەروانە ؛ پەڕەی لۆت و گوێ و دڵ ؛ گەڵای دار و درەخت .	یەکن لە تەنکییا .
پەردە	پەردەی گوێ (غشاء) ؛ پەردەی پەنجەرە (ستائر) .	یەکن لە تەنکییا .
پەڕین	هەڵاتنی وڵاخی نێر لە مێ ؛ ترازان و دەرچوونی شت ؛ لە گۆ چوونی ئەندام .	ڕێکەوت .
پەشم	قسەی بێ ئەرخ ، گاڵتە ؛ خورتی .	ڕێکەوت .
پەڵخ	گوێرەکەی گامێش ؛ پەڵخە بەراز : بەچکەی بەراز .	بەچکەی زل و قەڵەو لە چاو بەچکەی تردا .
پەل	چوارپەلی وڵاخ : هەر دوو دەست و هەر دوو قاچی ؛ لق و پۆپی دار و درەخت ؛ بڵاو ، فراوان .	
پەڵە	نوخشە باران کە زەوتی نێر ئاو ئەکات ؛ لەکە ، کە ئەکەوێتە سەرجل و قوماش ؛ پەڵەزەوتی یادەغل : پارچە .	هەموبریتین لە کەم لەچاو زۆردا .

پەنا	هانا (استنجاد) ؛ کۆچە (زاویە) .	ڕێکەوت .
پەند	(درس ، عبرة) ؛ پەند و پەنگ (بەداوێ) .	یەکن لە (دەرس) وەرگرتندا .
پەی	(تأمینات : پەی لەسەر دانان) واتا پێ داگرتن لە (مزایدە یا مناقصە)دا ؛ شۆین : پێی هەڵگرتووە ؛ ڕێ و ماوە ؛ ئاوەکە پەی ئەدا بۆ لێدان .	پێداگرتن یەکیان ئەخات .
پۆل	(صف) ؛ پۆلی باڵندە .	یەکن لە زۆرێدا .
پوول	فلس ؛ (طابع) .	ئەوسا نزیك بوون لە نرخ و وێنەدا .
پێ	قاچ ؛ پەلەپیتکەی تفەنگ ؛ پێی ئاش : ئەو دارەیە بەرداشی پێ ئەجوڵێنرێت .	هەموویان بۆ جولاندن .
پیتر	پیاوچاك : پیترمەسوور ، پیترخدر ؛ بەسالاچوو .	یەکن .
پیترەڵوك	پنربوونەوەی ئەندامی لەش لەبەر مانەوەی لە ئاوا ؛ داری گەندەڵ .	یەکن .

پێك	چەکوشی قورسی ئاسن ؛ فیقەنە ؛ لاسکی گەنم و جۆ .	ڕێکەوت .
پێڵە[11]	قۆزاخەی کرمی ئاوریشم ؛ گاجوتێکە شاخەکانی بەلای گوێچکەیدا شۆڕ بوونەتەوە ؛ پێڵۆ (ئەردەڵانی) .	گۆڕانی شێوە .
تاپۆ	قەبالەی بە خاوەن بوونی زەوی و خانو ؛ تاریایی شت .	یەکەمیان بێگانەیە و بە ڕێکەوت ناوەکانیان لەگەڵ دوو هەمدا یەکگرتوون .
تات	تەلە بەرد ، شاخ و کێوی سەخت ؛ ئەو ئافرەتەیە ئێسقانی کزکزاگە یا پارچە گۆشت لە زێیدا هەبێت .	لە ڕەقیدا یەك ئەگرنەوە .
تار[12]	تاریك ؛ پارچەیەکە لە پارچەکانی مۆسیقا ؛ گیاندارێکە تەرە بوونەت .	ڕێکەوت .
تاق	کەلەبەرێکی کوانەییە لە دیواردا شتی تیا دانەنرێت ؛ کات ؛ تاقی پێش نیوەڕۆ ؛ تاك ؛ پێستی مەڕ و بزن .	ڕێکەوت .

(١١) فەرهەنگی خاڵ ، ج١ ، ل ٢٥٩ .

(١٢) سەرچاوەی پێشوو .

تاڵ	تـامی تفت و ناخـۆش ؛ تاڵ ـ دانی مەشکەو شتی تر : خۆشە کردنیان بە جەوت و تۆیکڵە هەنار و مازوَ ؛ تاڵ ـ هەزوَ : هەودا ؛ پارچەیـەك گۆشـتی رەشە لە ناوەندی سیوجگەردا .	تاڵی هەموّیان یەك ئەخات ، تاڵە دەزوەکە نەبێت .
تام	رۆنی چێشت ؛ (طعم) .	بەکن .
تانە	خاڵێکی سپییە لە سەر گلێنە ؛ نیشـــانەی پی گەیشتنی میوە ؛ تەشەر (طعن) .	رێکەوت .
تاو	تاو ـ ە دەزوَ : تاڵە دەزوَ ؛ تاو ـ ە باران : لێزمەی کـەم ؛ تاو ـ ێك (بۆ کات) دەمێکی کەم ؛ تاو ـ ی سەندووە : گەرم بووە و گۆڕی سەنـدووە ؛ تـاو ـ ی داوە : تینـووە ؛ تاو ـ دانی ولاخ : غارپێ کردنی .	زەبر هەندێکیان ئەگرێتەوە ، ئەوانی تریش رێکەوتن .
تەرازوَ	(میزان) بۆ کێشانی شتومەك ؛ تەرازوَی (بەنا) کە رێکتی پێ ئەپێوێت ؛ چەند ئەستێرەیەکن	لە کار و دیمەندا یەکن .

لە بەینی کۆ و گەلاوێـژدا لە تەرازوَ ئەکەن .

تاوڵە تەویلەی ولاخ ـ پشـت تیژ ؛ جۆرە یارییەکە بە پۆلی تەختە و زار ئەکرێت . بێگانەن ، بە رێکەوت لەیەک ئەچن .

تاوێر تاشە بەردی شێتنکار ؛ ئەندازەیەکە لە بڕێشکە یا کەشک کە لە ناو ساجدا ئەبرژێنرێت .

تروَکاندن هەڵبڕین و جـوڵاندنی پێڵوی چـاو ؛ دەسـت هێنان بە پەلەپیتکەی چەکدا بێ فیشەک ؛ کـون کردنی هێلکە لە لایەن مریشکەوە ؛ دەرهێنـانی تۆو کتولەکە و تۆو بێستان بە دان . کردنەوە هەندێکیان یـەک ئەخات .

تریفە شەوقی مانـگ ؛ نەخۆشـییەکی ئاژاڵە سیـیەکەی ئەنوسێت بە لای ورگیەوە ؛ جۆرە دەردێـکە لە تینوێتییەوە تووشی ئاژاڵ و ولاخ ئەبێت ریخۆڵەی رەش ئەکات . دۆهەم و سێهەم یەکن و بە رێکەوت لەگەڵ یەکەمـدا یەکیان گرتووە .

تۆپ	تۆپی یاری Football ؛ تۆپی قوماش ؛ تۆپی شەڕ (مدفع) ؛ تۆپی بەردانی گونج : داریێکە پەڕۆ بە سەرەکەیەوە تێبەستن .	قسەوارە و گردی یەکیان تێخات .
تۆراخ	تۆراخی ماست و دۆ : تۆندبۆنەوەیان لە تۆرەکەدا ؛ هێزە ، مەشکە .	هەمۆ دەفرەکانیان وەك یەکن.
تورت	تورتی تۆپکەڵە هەنار : تفتیەکەیەتی ؛ شتێکە لە شکانا زۆ بپەڕێت .	
تۆڕ	تۆڕی ڕاوە ماسی (شبکە) ؛ وڵاخی تۆڕ : بزێو و جۆتە وەشین یاخود تۆڕە ؛ پەردەیەکە بەسەر چاودا تێکشێت لە چاو یەشەوە پەیدا تێبێت ؛ تۆڕی لۆکس : کیسەکەیەتی .	تۆڕەیی وڵاخەکە نەبێت تێوانی تر لە بنچینەدا لەیەکەوە نزیکن .
تۆز	تۆز ـ و خۆڵ ؛ گەرد و وردە خۆڵ ؛ تۆز ـ ێك : بەشێکی کەم .	یەکن .
تۆش	ڕۆژێکی تۆش : تاڵ و	یەکن .

سارد و سەخت ؛ رێگای سەختی قەد شاخ ؛ ئێستر و ولاخی ناڕەحەت .

توتە پەنجە پچکۆلەی دەست و پێ : توتە ، برای توتە ، بااڵبەرزە ، دۆشاومژە ، ئەسپێ کوژە ؛ توتە ـ لە سەگ . لە بچوکیدا یەک ئەگرنەوە .

توڕ توڕ و شێلم ، ترپ ؛ جەواڵی بچوک . ڕێکەوت .

تێل چاوی مەیلەو خێل ؛ تێل ـ ی هەڵهات . ڕێکەوت .

تەبارە تەبارەی شینایتی : دەغڵی نەدرواو ؛ کێشە ، شارا ؛ تەبارەی ئاو زەوی : کەڵەکە بەردە و نیشانەیە بۆ جیاکردنەوەی دوو زەوی . لە قەوارە و پەیوەندی بە زەوی و کشت سازیدا یەکن.

تەبەق لەنگەری : سینی تەختە ؛ نەخۆشیەکی ژێر سمی ولاخە . ژێر سمی ولا خیش چاڵە وەک چاڵی لەنگەری؟

تەپکە تەپکەی راوی چۆلەکە و

سوێسكە ؛ گەمژە : شیاكە و ڕێخی وشكەوەبوی ئاژاڵ لە گەوزدا .

تەتەڵە[١٣] تەتەڵەی برنج : هەڵتەكاندنی لەسەر سینی یا لەنگەڕی ؛ تەتەڵەی سمت : كڵۆك ؛ ڕۆمەت (ئەردەڵانی) ؛ سێبەندە (هەورامی) . گۆزانی شێوە .

تەژە تگە ، سابڕێن ؛ رایەڵی بن میچی خانو ؛ مڕۆی زەبەللاح . ڕێكەوت .

تەرس[١٤] پیسایی ماین و ئەسپ ؛ كاری پێچەوانەی ناڵەبار ؛ (ئەم كارە تەرسی هاتووە) .

تەرم تەرمی مردۆ : لاشەكەی ؛ كۆڵێتی مێو ؛ دارە مەیت . تۆ باڵێی هەموی لە كەوتن و درێژبوونەوە نەهاتبێ ؟

تەقلە تەقیلە : كڵاو ؛ كەڵبەی هەنجیری نەگەیشتۆ .

---

(١٣) فەرهەنگی خاڵ ، ج١ ، ل ٣٠٤ .

(١٤) سەرچاوەی پێشۆ .

تەکیە	تەکیەی شێخ : شوێنی نۆیژ و یادی یەزدان ؛ باریتکە سەکۆ .	لە بنچینەدا لە (سەکۆ) کە وە هاتووە .
تەم	تەم و مژ : هەڵمی زەوی تەڕ یا ئاو ؛ لێڵایێتی چاو ؛ خەم .	لە بێر خەریك کردن و بەر چاو گرتندا یەکن .
تەمەڵ	تەوەزەل و بێکارە ؛ بناغە و بنچینەی دیوار .	ئۆ بڵێی لە قورستیدا یەکنەگرنەوە ؟
تەوس	قسەی بە ماناو پلار ، تانە و لۆمە ؛ بەتەوسەوەچۆن : جۆرە بێهۆشییەکە بەسەر ئادەمیزادا دێت بەهۆی ڕۆداوێکەوە .	کارتێ کردن یەکیان ئەخات؟
تێبەردان	تێبەردانی کار و بەرخ بۆ مێزینی دایکیان ؛ تێبەردانی سەگ و تانجی بۆ گیانی نێچیر ؛ پەڕینی نێر لە مێ لە کاتی تەڵەبدا .	لە ڕتن و یەکگرتندا یەك ئەکەون .
تێچاندن	بۆی تێچاند : قسەی خراپی دەربارەکرد ؛ تێچاندنی شتێکی ورد بۆ ناو شتێکی شل کەم کەم تاکو تێکەڵ ببێت .	یەکن .

تێڕ	دەفر : جەواڵە و دەمی لـــە تەنشتیەوە ؛ مرۆی مۆڕەوەبۆ (ئەردەڵانی)[15] .	گۆڕانی شێوە .
تێرە	هۆز ، تێڵ ؛ تێرەی بن کڵاش ، سێرمە یاخود رایەڵەکەی ژێریەتی.	گۆڕانی شێوە .
تیرەشان[16]	شانەی هەنگوێن هەنگ لەسەر لا هەڵی بەستبێ ؛ تیرەشـانی شاخ و کێو : درێژایی تەوقە سەر و پۆپەکەی .	لەیەك بنجینەوە هاتون .
تێکەوتن	تێکەوتن لە یارێدا : دۆڕاندنیەتی ؛ چۆنە ناو ئاو ، وسڵ دەرکردن ؛ بۆت تێئەکەوم: بۆت تێئەکۆشم .	
تێر	تێری کەوان ؛ تێری مەرەزە : گۆڵەکانی .	لە درێژیدا یەکن .
جاخ	جاخە تۆتن : تۆرەکەیەکە لـە گونیە یا مشەمما ؛ دیوارێکە لە دار دروست کرابێت .	ڕێـکەوت .

(١٥) فەرهەنـگی خاڵ ، ج١ ، ل ٣٢٨ .

(١٦) فەرهەنـگی کشت و کاڵ ، ل٩٦ .

جاڕ	جاڕدان : بانگەواز بە گەڕانەوە ؛ جاڕە گەنم : پەڕێزەکەیەتی دوای درووێنە ؛ زەوی سەختی نەکێڵراو ؛ نێرگسەجاڕ : شووێنی نێرگس .	هەموویان لە سەرچاوەیەکەوە هاتوون جاڕدانەکە نەبێت .
جام	جامی ئاوخواردنـــەوە ؛ جامی شۆشە : تەبەقە شۆشە ؛ جامی ڕەسم : (عکس)یەتی .	بێگانەیە .
جامباز	فرۆشیاری دەستگێز ؛ فێڵباز و تەشقەڵەکەر .	یەکن .
جرێوە	دەنگە دەنگی چۆلەکە ؛ وورشەی ئەستێرە .	
جقە	جقەی کەڵەشێر : پەنجەیەکی زیادە کە پتر بۆ لە پێی دەردێت ؛ فشە کڵاونە ، شوان خەڵەتێنە ؛ زیادە پەڕە بەسەر باڵیندەوە .	شتێکی زیادە لە پەلـەور دەردێت .
جوجکە	جۆجەڵە ، جۆجە ؛ کلێنجکە : کلکی ئاژاڵ و حەیوان .	
جۆت	کێڵاندنی زەوی ؛ دۆ .	زەوی کێڵانەکەش بـە جۆتێك گایە : یەکن .

جۆتە	جۆتەی ولاخ : لەقە هاویشتنی بەپاشۆی ؛ دۆ گیاندار بەیەك سك ببن : توأم ؛ ئەو ولاخەیە دۆشـــا رەگ لە ناو چەوانیا بـەرزبۆبێتـەوە ؛ دراوێکی زێوینی ئێرانییە بە دۆ قران ئەچێت .	هەمۆ لە (جۆت)دا یەکن.
جەخت	جەختی هێنا : دۆ جار پژمتی لە کاتی قسەدا کە نیشانەی باشییە ؛ هەوڵ و کۆششی لەسەریەك بۆ کارێك ؛ ئێواره وەختە ؛ جڕێن بە جەختە (بەگوڕە) .	دەستدانە ئێـش یەکیان ئەخات .
جەنجەڕ	جەنجەڕی خەرمان کوتانـدن ؛ چەرخی ئاو هەڵـگۆزین لە بیر .	لە سۆزانەوە وە هاتۆن .
جەوهەر	گەوهەر ؛ بە جەوهەر : تواناو لێهاتۆ ؛ خاڵ و نیشانی دەمی خەنجەر .	لە نرخدانا یەکن .
چاخ	هاوچاخ : هاوکات ؛ ئـاژاڵی قەڵەو ؛ شتی ساز و لەبار ؛ تاف.	ڕێـکەوت .

چارۆکە خامی خومکراوی شـــێن بۆ کۆڵوانـەی ژنـــە لادێیێتی ؛ منداڵدان ، پزۆ ؛ گیایەکە وەک بامێ گوڵێکی زەرد ئەگرێت . ڕێکەوت .

چاڵمە سەعاتی چاڵمە : سەعاتی گەورەی ناو چوارچێوەی تەختە بـــە دیواردا هەڵئەواسرێت ؛ کێسە توتنی نێرگەلە (ئەردەڵانی)[17] . گۆڕانی شێوە .

چاو ئەندامی بینێن ؛ تۆڵی تەڕ کە پێچرابێت بە شتێکدا . ڕێکەوت .

چاویلکە عەینەک ؛ بریتێـــکە لە لەش پـەیـــدابۆبێت و چـاوگەی داکەوتبێ . ڕێکەوت :

چڵپە دەنگی ئاوخواردنەوەی سەگ و پشیلە ؛ چڵپـاندن : چەکاندنی مەمک و گوان ؛ چڵپ و لێس : لستنەوە و هەڵ لوشێن : پۆرە فەرەنـگێز ، بەشـەکەی خۆی لـە بـەکار هێنانی دەم و زماندا یەک ئەگرن .

(۱۷) فەرهەنـ ی خاڵ ، ج۲ ، ل ۱۰ .

ئەدا بە نیوە رێس ، خۆشی بەر
ئەبێتە چڵپ و لێس .

چلۆرە سەهۆڵی زستانە بە گوێسوانەدا یەکن .
شۆڕ ئەبێتەوە : نەسرین گوڵی
زستانە ، شەوچرای کوردستانە ،
چلۆرەی گـــوێ گوێسوانە ؛
جۆرە خواردنێـکی ســـارد و
شیرینە لە شیر و شەکر و بەفر
دروست ئەکرێت بۆ هاوین .

چنگنە گیاندارێـکی ورد و بە ئاڵۆشە لە ئاڵۆشداندا یەکن .
ئـەداتە بنـکی موێ چڵـکن ؛
گیایەکی گەڵا وردی ریشەدارە .

چۆك بەچۆکا هاتن : دانیشتنە ئەژنۆ لـە دڕێـژکۆڵەبیدا یـەك
بۆ پێشەوە ؛ ئەندامی جنستی ئەگرنەوە .
لە پیاودا ؛ قامیش .

چۆلەکە باڵیندە ؛ ئامرازێـکی جۆلاییە ؛ بە روالەت یەکن .
دوو پارچە تەختەی تەنکی باریکی
کورتە جلی شۆراو بە تەنافەوە
چەسپ ئەکات .

چەتاڵ قـولاپ ، چنـگاڵ ؛ دەواری بچوك ؛ دار یا شیشێكی دۆ پەلە لۆلەی تفەنـگی ئەخرێتە سـەر لە كاتی تەقاندنا راوكەر بە كاری ئەهێنێت .

چەخماخ تفەنـگ . چەخماخسـاز : تفەنگساز ؛ چەخماخی جگەرە داگیرسان ، ئەستێ . لە ئاگر و چەخماخەدا یەك ئەگرنەوە .

چەرخ چەخماخ ؛ ماكینە ؛ دەم و سەدە . لە خول خواردندا یەكن .

چەرخوفەلەك جۆلانە ؛ دنیا و كارەسات . لە هاتوچۆكەدا یەكن .

چەكەرە گۆپكە : چرۆی درەخت ؛ كەرۆ ؛ دۆدڵی و (شك) .

چەقەنە چەقەنەی ئاش ؛ چەقەنە لێدان ؛ درەختێكە بـەریك ئـەگرێت وەك بەری مۆرد .

چەك (سـلاح) ؛ خشڵی ژنان ؛ چەرمی پاژنەی كەڵاش ؛ (صك : Check) . بـە لای منەوە هەمـوو ئ بنچینەدا یەكن (صك) نەبێت كە وشەیەكی بێگانەیە .

چەماو	ترۆزیە چەمێلە ؛ چەم .	ترۆزیەکە لە چەمدا تەکرێت بۆیە ئەو ئاوەی بەسەرا سەباوە .
چەمەرانە	دەهۆڵ و زورنایەکە لە شێوەندا ئەکوترێت ؛ شێوەنێکی دوَ دەستەیی پیاو و ژنە وەك ئەڵقەی چەمەرە ئەوەستن بۆ شێوەن کردن .	لە شێوەنەکدا یەك ئەگرنەوە .
چەو	چاو ؛ کانییەکی روَنی بەر تریفەی مانگە شەو . لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخو چەو .	رێکەوت .
چەورە	مرۆی بێشەرمی بەرەڵای هاروهاج ؛ دەسەسر .	رێکەوت .
چەورۆکە	دوَ جۆرە گیای بەهارێن ؛ دەسرۆکەی بچۆك .	رێکەوت .
حەلەقمەلەق	قسەی پڕوپوچ و بێسەروبنی ؛ بەیتێکە لە کاڵە مستیدا ئەوترێ: حەلەق مەلەق ، دەنوکی لەقلەق ، کیسە و کەمەر ، یا پێغەمبەر .	قسەی پڕوپوچن .

حەماڵ	کۆڵ کێـش ؛ حەماڵی خانو : نیرگەکەی .	لە هەڵـگرتندا یەك ئەگرن .
خاراو	خاراوبۆنی چەرم : جێزبۆنەوەی لە ئاوا ؛ کوپەی خاراو : شتی شلی زۆر مۆیوە ، تێربووە .	بە شت مژینەکەدا یەکن .
خاکە	خاکەی برنج و دانەوێلە ؛ جۆرە مێشولەیەکی زۆر وردە .	لە وردیبا یەك سەرچاوەن .
خاڵ	وەك خاڵی رۆمـــەت و خاڵی کوتراو ؛ برای دایك (لالۆ) ؛ پەڵەی رەش بە هەرشتێکەوە ؛ (نقطه) ؛ بەفری زستان : کوێســـتانان خاڵ خاڵ بەفری ناچێتۆ . ئەوکچە منداڵە ، ژیری نابێتۆ .	تەنها (خاڵ)ی (برای دایك) نەبێت ، هـەموێان یـەك سەرچاوەن .
خان	شوێنی حەسانەوەی کاروانچی و ولاخ ؛ رێزە بۆ ژن : گەلاوێژ خان ؛ (لەقـــەب)ی ئاغاکانی کوردســـتانی ئێـرانە وەك : مەحمۆخان ، حەمە رەشید خان .	دۆهەم و سۆهـەم بـــۆ رێزلرتن و یەکەم بێگانەیە و بە رێکەوت هاتووە .

خلێنە تۆپە بەنی متوی رێسراو ؛ ئەو پیسییەیە بە پاشـــەڵی مەڕەوە خڕ و وشك ئەبێتەوە . بە خڕییەکەدا یەکن .

خڕ شتی گرد ؛ شوێن لافاوە کە خڕە بەردی زۆر بێت وەك : خڕی چەناخچیان ؛ دەرگاکە خڕ دابخە واتا : کڵۆمەکە بکە بە شوێنی خۆیدا .

خشت کەرپۆچ ؛ رێك و پێك . (لە رێکتدا) یەکن .

خەساندن ئەسپەکەیان خەساند : گونیان تەقاند و دەرهێنا ؛ شکاندن و لارکردنەوەی لقی گیای تەماتە تاکو پەل بڵاوکاتەوە ، بەرەکەی زۆر و باش بێت . هەر دۆ (عەلیەتەکە) بڕیتین لە شکاندنەوە و تەقاندنی ئەندامی گیان لەبەر .

خرس ورچ ؛ مانگر . مان لرتنەکەش یەکێکە لە خووەکانی مام ورچ .

خەملاندن قەسراندن (تخمین) ؛ خەملێنەوە : گەشانەوە . وا وەتەن خەملیوە وەك گوڵ نەوبەهاری میللەتە ، شادمانی قەومی کوردە وەختی لوتف و رەحمەتە .

داخ	خەم و خەفەت ، (أسف) ؛ رۆن داخ کردن : هەڵقرچاندنی ؛ وڵاخ داخ کردن : سوتاندنی شۆینی ئازارەکەی ؛ شاخ و داخ (داغ) .	
دادۆشێن	دۆشینی گوان (بۆ مااڵت) ؛ دادۆشێنی ئەندامی لە جێی چۆ : دەست پیاهێنانی لە ئاوی گەرما بە سابۆن بۆ هاتنەوە جێی ؛ شت لێ کێشانەوە .	یەکەم و دۆهەم لە دەست پیاهێنانەکەدا یەکن و یەکەم و سێهەم لە شت کێشانەوەکەدا یەکن . هەرسێکیان لە بنەڕەتدا لە یەك سەرچاوەوە هاتۆن .
داکوتان	داکوتانی بزمار و میخ ؛ پرواندن یاخود داوڵینی گەنم و جۆ تاکو دانەکەی جیا بکرێتەوە .	بە لێدانەکە هەردۆك یەك ئەگرنەوە .
داڵ	داڵی کەر خۆر : گۆشت خۆر ؛ هێشوە ترێی شاش ؛ گیانداری لاواز .	ڕێکەوت .
دان	دانی ناو دەم ؛ دانی ئەڵێی صەدەفە بەحری دەری هێناوە	لە قەوارەدا نزیکن لە یەکەوە .

پەلکەی ئەڵێی ڕەشمارە لە
کون سەری کێشاوە ؛ دانەوێڵە :
دەغڵ و دان ؛ دانی چێشت :
بەرەکەی .

داهاتن داهێنانی دار بە مشار ؛ هەندێکیان بە ڕێکەوت یەکیان گرتووە .
داهاتنی چاو : گڵکردنی ؛
داهێنانی قۆ ؛ تازە پەیدابوون و
باوسەندن : تازە داهاتووە ئاوی
بەلوعە ، پێمووت بۆ ماچێ وتی
مەمنوعە .

دوکان دوکان : کۆگا : شوێنی شت لە ئەندازەی شوێندا نێیکن .
فرۆشتن ؛ خانەی ورد ورد لە
زەوی شەتڵی تیا ئەڕوێنرێت .

دەستگر پەڕۆی داگرتنی مەنجەڵی یەکن
گەرم ؛ ئەو کارەیە بەدەستەوە
قورس بێت .

دەستور (قانونی ئەساسی) ؛ باو ، یەکم و دوهەم یەکن .
(عادەت) ؛ دەستور کرا :
حوقنەیان کرد .

دەفە	دەفەی شان : ئیسقانی بن قۆڵ ؛ دەفەی جۆڵا : ئەو تەختەیەیە تەنراوی پێ سفت ئەکات .	ڕێکەوت .
دەقدانەوە	کوتانەوەی پرنجی نیوە کوتراو ؛ دەقی دایەوە : کوتای و کوزەرو بەربای عەمری دایەوە ؛ بێژانەوەی دانەوێڵە جارێکی تر .	لە کوتاندن و پاک کردنەوەدا یەکن .
دەڵ	دەڵە سەگ (مێیەکەی) ؛ دەڵە ـ دەڵاندن .	دەڵی سەگ لە گوانەکانیدا کون هەیە تۆتەڵەکانی شیرەکەی لێوە ئەمژن .
رازان	ئامادە و ساز بۆن ؛ پاڵکەوتن ؛ نوستن .	
راستە	راستەی هێڵ کێشان ؛ جۆرێکە لە هەڵپەڕکێ .	یەکن .
ران	رانی مەڕ : گەلە مەڕ ؛ رانی مرۆ ، ئاژاڵ ، ولاخ ..	ڕێکەوت .
رایەڵ	حەماڵ ، نیرگە ؛ چەند هەودایەکی راستە کە پۆی شتی لەسەر ئەتەنرێت .	یەکن .

رزق	مشکی گەورەیە کە بەزۆرتی لە دەشتایە ؛ دانەوێڵە و خواردنی هەڵگیراوی ناوماڵە . خوا رزقت بدا : واتا ئەو شتانەت بداتێ .	مشکی رزقبش هەر لە رزق خواردنەوە ناو نراوە .
رست	رستی هۆنراوە ؛ تەناف ؛ پەت یا قایشی دڕێژ تانجی راوتی پێ ئەبەسرێتەوە لە کاتی راودا .	هەموێی لە بەستنەوەوە هاتووە .
رۆژ	(خۆر ـ شمس) ؛ (شەو و رۆژ ـ لیل ونهار) ؛ کات : دەم : ئەم رۆژە چ رۆژێکە کە دنیا شڵەژاوە ، هەرکەس بە جەخارێ جگەری قیمەکراوە .	
رەحەتی	رەحەتی نەوت : قمع ؛ حەسانەوە ؛ خاوبۆنەوە دوای دروست بۆن .	یەکەمیان هۆیەکە بۆ نێکردنی نەوت بە ئاسانتی ، دوانەکەی تر یەکن .
رەشکە	رەشکەی کاکێشان ؛ رەشکە و شمڵتی : دانەوێڵەی بۆنخۆشن ئەکرێنە ناو نانەوە بۆنی خۆش	نۆ بڵێی بەهۆی رەشبیەکەوە ناوەکەیان بەسەردا سەپابێ .

ڕەشبۆنەوە	داماردنەوەی ئاوڵە و سوڕێژە ؛ چۆنەوەی بەفر و تواندنەوەی ؛ کوژانەوەی ئاگر .	هەموو لە بنچینەدا یەکن .
ڕەشبەڵەك	دەست گرتنی ژن و پیاو لە هەڵپەڕکێدا ؛ ڕەش و سپی .	بە تێکەڵاوبوون یەکن .
ڕەشمە	ڕەشمەی ولاخ ؛ خشڵ .	یەکن .
ڕەند	مرۆی ڕوخۆش و قسە خۆش ؛ زەمینێکە لە ناو چەمدا بەهۆی ئاو هەڵسانەوە پەیدا ئەبێت . وەك ڕەندی حەسەن ئەفەندی لە گوێی چەمی تانجەرۆ .	ڕێکەوت .
ڕەندە	ڕەندەی دارتاش : تەختەی پێی پوخت ئەکرێت ؛ ڕەندەی پەنێر : پەنێر و شتی تری پێی ورد ئەکرێت ؛ ڕەنە : قرتاندنی گوڵی مەڕەزە .	هەموویان لە ڕێنددا یەك ئەگرن .
ڕەوە	ڕەوە ولاخ ؛ لیسێکی گەورەیە گەزۆی پێی ئەتەکێنرێت .	ڕێکەوت .
ڕێخ	زێخ و وردە چەو ؛ پیستی ئاژاڵ .	لە نبشتندا یەکن .

ریوێق	چڵکی چاو بە وشکێتی ؛ چڵمی وشکەوەبوو لە لوتدا .	یەکن .
ڕێژاو	جۆرە هەنجیرێکی بەناوبانگە ؛ تاقگە ؛ قەڵبەز .	
زار	دەم ؛ زاری تاوڵە ؛ زار و گریە.	زاری تاوڵەکە بێگانەیە .
زبان	لسان ؛ لغە .	لەقسەوەیە بە جوڵاندنی زمان .
زرنگانەوە	زرنگەی پاوانە و پڵپڵە و ساجلەخ و جام : جام ئەڵێی بشکێم ونەزرنگێم (١٨) ؛ زرنگانەوی گوێی : گوایا گوێ بانگی ئەکات ؛ کزربوونەوەی شتی تەڕ .	دەنگدانەوە هەندێکیان بەك ئەخات .
زەرد	ڕەنگی زەرد ؛ زەردەی خۆر ؛ (نحاس) .	لە بنچینەدا یەکن (لەڕەنگدا) .
زێخ	زێخ و چەو ؛ ئازا .	
زەردویی	موروی دەست و ملی ژنان ؛ نەخۆشی زەردویی .	لە بنچینەدا یەکن (لە ڕەنگدا) .

(١٨) پەندی پێشینان .

زەل	زەلی گوێی چەم و ئاو ؛ قوژی رەش ؛ جگەرەی قامیش .	بێجگە لە قوژەکە ئەوانی تر لە درێژیدا یەکن .
زیقاوڵە	مەڵێکی سـوورباوە لە کۆتر بچـوکتر ، لە نیشـتنەوەدا ئەزیقێنێ ؛ گیاندارێکی بۆری چوار پێیە لە دەڵەك گەورەترە و پێستی بەنرخە .	لە دەنگدا یەکن .
زێ	(نهر) ؛ زێی ئافرەت (رحم) .	یەکن ، (ئەو شوێنەی ئاوی لێ دێ) .
سوور	ڕەنگ : من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ . مزدەی شەفەقی لێ دەرئەکەوێ ؛ سوێر ؛ سوور ـ بۆن لەسەر را .	ڕێکەوت .
سوورمە[19]	قوماشی سیمدار بۆ جلی ژنان ؛ کل : سـوور و سپی سوورمە لەچاو[20] . مەحموە فەندی کاکی حەلاو .	

(١٩) سوورمە بە تورکی یاهێنانە ، کل و کلتوریش بە چاودا ئەهێنرێن .

(٢٠) بەندی بێشینان .

ستێ	(۳۰ ، ژمارە) ؛ (رێگە) .	ڕێکەوت .
سەیوان	چەتر ؛ خێوەت .	یەکن .
سێلە	سەرسۆچی کۆڵان[۲۱] ؛ سێلەی ڕەحم (صلة الرحم) ؛ ڕەقەت .	
سەوڵ	سەوڵی بەلەم و کەڵەك ؛ گیایەکی بەرزی گەڵاپانە ، گوڵێکی سۆر ئەگرێت وەك پۆپنەی کەڵەشێر ؛ داری سەرو .	بێگانەن و بە ڕێکەوت یەکیان گرتووە ؟
سێیا	سێ کوچکەی سەرئاگر ؛ سێداری بەستراون بەیەکەوە ، مەشکەی پیا هەڵئەواسرێت بۆ ژەنن .	یەکن .
سیخۆڕ	جاسوس ؛ پێستی ناو سکی ئاژاڵ ، ڕیخ ؛ سۆچەر .	ڕەنگ هەیە لە یەبیەکەدا یەك بن .
شاخ	کێو ؛ شاخی ئاژاڵ .	لە ڕەقی و ڕەنگدا نزیکن .
شانە	شانەی قژ داهێنان ؛ شانەی هەنگ ؛ سەرکار (بادینانێ) .	شانەی قژ و هەنگوین لە دانە دانەکەیاندا یەکن .

(۲۱) سیلەی کۆڵان (صلە) ، دۆ کۆڵان بە یەك ئەگەیەنێت .

شاگرد	قوتابی ؛ شاگرد دارتاش ...	یەکن .
شکار	راو ـ شکار ؛ کۆمەڵە بەرد ؛ زەوی بەردەڵان .	راویش لە شوێنی بەردەڵاندا ئەکرێت !
شەڵاخ	زلە ؛ قامچی .	لە لێداندا یەک ئەگرن .
شۆشە	قاپ : بطل ؛ شۆشەی پەنجەرە : جام .	یەکن .
شێ	کەڕۆ : (رطوبة) ؛ وڵاخی شێ : سۆرباویێکی کاڵ .	ڕێکەوت .
شیر	شیر و ماست (حلیب) ؛ تیغ .	ئایا رەنگ نزیکبان ناخانەوە ؟
شەوق	رونا کی ؛ ئارەزو .	
شەوە	بەردی بەرخ : شەوە ردشە ، شیلان سۆرە ، شۆربا شلە ... ؛ مۆتەکە .	کە شەوەش یەکێک ئەگرێت شێتن یاخود رەش هەڵئەگرسێت ، چونکە خوێن ناجوڵێت .
غەزەل	ئاوریشمی میل میلی رەنگاو رەنگە وەک شیرداخ ؛ شیعری دڵداری .	لە (غزل)ەوە هاتوە کە تەونە .

فاتەبۆرە	جۆرە کاڵەکێکی پێست رەشە ؛ جۆرە گیایەکی گەلا پانە وەك کاڵەك بەرێکی درێژکۆلەی شیرین تێگرێت .	لە رەگەزدا یەکن .
فت	وشەیەکە لە یاری کلاوێن دا بەکار تێهێنرێت وەك : فت ، فت .. دەستەگوڵ ؛ فت کردنی سەبیل : فڕێدانی توتنەسوتاوەکەی .	لە رەگەزدا یەکن
قاپۆت	پاڵتۆ ؛ وەرگرتنی سێ خاڵە لە یاری تەسکەملدا بە کاغەز ، یەك خاڵ تۆینە ، دۆ خاڵ مەرزە .	بێگانەن .
قاش	قاشی کاڵەك و تڕۆزی .. ؛ بڕۆ ؛ قاشی ئافرەت : حەز لەیەك کردنیان .	یەکگرتن و جۆت بۆن یەکیان تێخات .
قاڵب	بەدەن ، وەك : رأس سەرە ، عین چاوە ، بدن قالب ، اسم ناوە(٢٢) ؛ قاڵبی کولیچە و گاڵ گاڵی .	قاڵبی بەدەن ئەو (هیکل)ەیە کە گۆشت و خوێنی تیایە ، لەگەڵ قاڵبی تردا یەك ئەگرنەوە .
قەبز	تونبۆن و دەرنەچۆنی سك ؛ تەنگ ـ کئیب .	لە (قبض)ی عەرەبییەوەیە و تەنگی تێگەیەنێت .

(٢٢) ئەحمەدی ، شێخ مارفی نۆدێ ، رەواندز ، ١٣٤٥ك ، ل٢ .

قۆپیە	کاغەزی کاربۆن ؛ (غش) .	بێگانەن (Copy) یەکیان ئەخات .
قۆخ	میوە ؛ کۆخت : کوخ .	رێکەوت .
قۆڵ[٢٣]	باڵی مرۆ ؛ ئێشکگر : دورية ؛ (طرف ، جهة) .	بێگانەن (تورکی) .
کار[٢٤]	کار ـ ژۆلە ؛ ئیش ؛ تین .	کاری کارژۆلە نەبێت ئەوانی تر بێگانەن ، (تورکی) .
کاژ	پێستی مار کە هەڵی ئەدا ؛ داری سنەوبەر .	دارەکەش تۆپکل هەڵ ئەدات .
کاشتی	قاپی چێشت : ماعون خزفی ؛ خشت کە تەختی ناو ماڵی پێفەرش ئەکرێت .	رووە لۆسەکە یەکیان ئەخات.
کناچە	پۆڕ ؛ کج .	رەنگ هەیە جوانتی یەکیان بخات .
کنر	کنر (کاعوب) : کنر و ماست بۆ وەعدەی خۆی[٢٥] ؛ دەزۆ .	رێکەوت .

(٢٣) سەیری قاموسی تورکی ئۆکسفۆرد ل ١٩٦ ، بکە .

(٢٤) سەرچاوەی پێشۆ .

(٢٥) پەندی پێشینان .

کۆ	ئەستێرەی کۆ ؛ کۆی زوخاڵ ؛ کۆکۆ ؛ کۆ — کردنەوە : گردکردنەوە .	ڕێکەوت .
کوڵ	کورتە بنە ؛ مریشکی کوڵ : بێ کلك ؛ کوڵ ـ ئی چێشت .	ڕێکەوت .
کۆلاڕە	باڵندە : کۆلاڕە ، جۆجك مەخۆ بەهارە[٢٦] ؛ کۆلاڕەی کاغەز کە منـاڵ هەڵی ئەدەن بە ئاسماندا .	یەکن .
کوللە	پەردەکوللە ؛ (جراد) .	کوللەی پەردەکە تورکییە .
کۆم	چەماوە ، قەمتور ؛ (مخرج) .	ڕێکەوت .
کۆك	ڕێك ، تـــەواو ؛ کۆك گرتنی جل : درۆمانی (موقت) .	یەکن .
کۆڕ	سست بۆنی جەستەی بەدەن (کۆر بۆن) ؛ شـاخی کۆڕ : سەخت و ناڕەحەت ؛ چەماوە .	سەرکەوتن بە شاخی سەختدا نوشتانەوە و مانـدو بۆنی ئەوێت .
کیف	بەرگی دەمانچـە و تفەنـگ لە چەرم ؛ کیفی پارە : جزدان ، کیسە .	یەکن .

(٢٦) قسەی منالاّن .

کژ کێو : کژ و کێو ؛ (فصل) .

کڵ لێو خوراو : کەلەفیچ ؛ لەکەل دەرکەوتی بناسە دەنگم — تۆزی غەریبی نیشتوە لە رەنگم . ڕێکەوت .

کڵەك بەردی وشکە سی لەسەریەك ؛ ساختە و لە خشتە بردن ؛ بەلەم : کڵەکی یاسین ئاغا . ڕێکەوت .

کەمەر ناو قەد ؛ بەرد . ڕێکەوت .

کو باڵیندە : باڵە کو ، نێرەکو ؛ لە بابەتی هێڵەك ، کونەکانی گەورە ترە . ڕێکەوت .

کەوانە کەمانچە ؛ (زاویة) .

کەوە بۆر ؛ (دائرة) .

گاز گاز — گرتن بە دان ؛ گازی بزمار دەرهێنان ؛ گازی پشت ؛ گاز — کردن : بانگ کردن . ڕێکەوت .

گاڵ	هـەرزن ؛ گاڵ — دان : راسپاردن بە هەڕەشـەوە ؛ گاڵەگاڵ : دەنـگە دەنـگ .	گاندان و گاڵە گاڵ یەکن .
گز	گزی ئاگر ؛ مرۆی گز : ئەو کەسەیە دانەکانی پێشەوەی گەورە بێت ، گزخواردن : سوڕانەوە .	ڕێکەوت .
گرد	(تل) : گردی مامە یارە[۲۷] ؛ کۆ : کۆمەڵ : (جمـع) ؛ گرد — یلە : خڕیلە .	ڕێکەوت .
گژ	سـەرگژن : قۆی ئاڵۆزکاو و دانەهێنراو ؛ زاراوێـکە بەرامبەر بە رەشـە ولاخی تۆڕ بەکار ئەهێنرێت لەکاتی هەڵتیزاندندا ؛ بە گژدا چوون .	
گل	تێشتی چاو ؛ گلان — گلاندن : کەوتنی ولاخ و بەربوونەوەی سوار .	
گلێنە	دانەوێلە : ڕەگ بە ڕەگێشە و گلێنە بەبنە تۆو[۲۸] ؛ گلێنەی چاو .	لە یەك ئەچن لە ڕەگەزدا .

(۲۷) ئەکەوێتە ڕۆژهەلاتی سلێمانی .
(۲۸) پەندی پێشینان .

گۆ مـــوروی زەردی گەورە ؛ خڕیەکە یەکیان ئەخات .
گۆ ــ ی شەقێن : تەختەیەکی
خڕی بچوکە وەك تۆپ لە یاری
شەقێندا بەکارئەهێنرێت .

گۆت گۆت بۆن ، سست بۆنی جەستە ؛ گۆتبۆ : لە تەوژم کەوت،
گۆت ــ لێدان : تەوژم و پاڵ گۆتلێدان : تەوژم دانە .
وەك : لە یارێ یەکە و گۆتەکە و
گوژمی چەرخ و فەلەکدا هەیە .

گۆشە لە ســەرێن بچوکتر ؛ زاویە : یەکن .
کەوانە .

گەڕ نەخۆشی پێســـت ؛ گەڕ ــ ڕێکەوت .
پێکردن : بیانو پێ گرتن ؛
کەوتنـــەوە گەڕ : دەســـت
پێکردنەوە .

گەلاوێژ ئەستێرەی گــەلاوێژ ؛ مانــگی (فلکیات) یەکیان ئەخات .
گەلاوێژ : تەمموز : تیرماهێ .

گەمە یارێ ؛ گاڵتەپێکردن (استهزاء) . یەکن .
گەنج پــارە و ســـامان : گەنجی
قارونی هەیە ؛ هەرزەکار .

لالە	ئاوێزە ؛ لالۆ (خاڵ) .	رێکەوت .
لەواشە	کوڵێرەی تەنك و درێـژ ؛ لە واشـەی لـۆزی ولاخ : وەك مەقاش وایە لە تەختـە ، لۆزی پێ‌ئەبەستن لە کاتی نالکردندا .	رێکەوت .
مانـگ	(قمـــر) : مانـگ دیارە چ حەوەجەی بە ئەموستە[29] ؛ شەر .	(فلکیات) یەکیان تەخات .
مایە	گۆشەیەکە لە نان پێوەداندا بەکار ئەهێنرێت ؛ مایە : مالّ : سەرمایە .	رێکەوت .
مز	تێر ؛ مز ـ اندن : مزەی سەگ پێش وەژێن .	
مرۆ	مرۆڤ ؛ هەرمێ .	گۆڕانی شێوە .
مز	حەق : ماف ؛ (رصاص) مز : مامز : ئاسك .	رێـکەوت .
متو	تاڵێك لە قژی سـەری مرۆ ، متوی بزن ؛ گرێیـەکە وەك دومەڵ لە دەست و قاچ دێت .	رێـکەوت .

(٢٩) بەندی بێشبنان .

مۆر	(طمغه ، مهر ، ختم) ؛ رەنگی بنەوشەیی .	مۆری (مهر) بە رەنگی مۆر کاغەز مۆر ئەکات (یەکن) .
مۆم	(شمعه) ؛ داری ترێ .	گـۆزانی شێوه .
نآل	نالّی ولّاخ ؛ نالّ — اندن نالّەنالّ .	
ناو	(اسـم) : یەك هەر خوادیه ، تاك و تەنهایه ، ناوی ئەللّایه[30] ؛ (داخل) ناوئاخن ، ناوجەرگه.	(اسـم)ەکه نەبێت ئەوانی تر یەکن .
ناوك	(صرة) ؛ (نواة) .	یەکن .
نۆ	ژماره ، (۹) ؛ نۆ ، نق ، نوێ ، نۆبەره .	رێکەوت .
نیشانه	(نوط) ؛ خاڵ بە بەژنی مرۆوه ؛ نیشـانه کردن : دیارێ کردن وەك نیشانەی بۆك .	یەکن .
وار	شوێن : ئەو واره ، نە ئـەو بەهاره[31] ؛ واری قومار : باج سەندن لە یاری کەران .	واری قومار بێـگانەیه .
والّا	خۆشك ؛ والّای مندالّ : ئەو	گـۆزانی شێوه .

(۳۰) فۆلـکلۆره ، لە بێواندا ، لەکانی سۆربۆنی خەرماندا ئەوترێ .
(۳۱) پەندی پێشینان .

سەرە پارچانەن لە قوماش کە منالّ یاریپان پێ‌ئەکەن .

وەجاخ — وەچە، بنەماڵە وەك: وەجاخ زادە بە ئیشارەت، ناوەجاخ بەکوتەك[32] ؛ وەجاخی چایخانە : ئەو شوێنەیە کە چای تیا لێ ئەنرێت . — وەجاخی چایخانە بێگانەیە .

هێڵ — خەت ؛ شوێن گاسنی جۆتیار لە کاتی جۆتدا . — یەکن .

هەڵهاتن — راکردن و خۆدەربازکردن (کڵاڤە کردن) ؛ هەڵهاتنی هەویر (تخمر) . — گۆڕانی شێوە .

هەڵهێنان — هەڵهێنانی هێلکە : بۆنی بەد جۆجەڵە ؛ هەڵهێنانی مەتەڵ : دۆزینەوە و زانێنی . — یەکن .

هەوا — با ؛ هەوای بەرزە : لۆتی لە ئاسمانە ؛ هەودا دەزۆ . — بێگانەیە .

هەور — (غیم) هەوری پایز خۆری ، دەوڵەمەند ریشی‌خوی بڕی[33] ؛ اسفنج . — (اسفنج) بێگانەیە .

(۳۲) پەندی پێشینان .
(۳۳) پەندی پێشینان .

ـ ملخص المقال ـ

بعض المصطلحات الكردية التي لها اكثر من مدلول

العضو المؤازر : جمال بابان

بالرغم من سعة اللغة الكردية ووفرة مصطلحاتها ، الا انها اطلقت بعض الاسماء على شيئين (او اكثر) كانا متباعدين اصلا او من اصل واحد الا انهما ابتعدا بصورة تدريجية . ولهذه الظواهر اسباب عديدة اهمها :

١ـ عوامل تأريخية : لا يستبعد ان يكون اصل المصطلحات او الكلمات واحداً ثم تشعب بمرور الايام وتباعدت الفروع عن بعضها .

٢ ـ عامل الصدفه : هناك أصطلاح واحد اطلق على مسميات عديدة عن طريق الصدفة . وقد ثبت كل اسم وتركز واصبح

شيئاً مألوفا ، مثل : (كەو) وهو (طير الككلك) و (كەو) (وهو الشبيه بالمنجل ويستعمل لتنظيف الحبوب من المواد الغريبة) .

٣ — المصطلحات الدخيلة : هناك بعض الكلمات الغريبة دخلت اللغة الكردية وهي كلمات عربية او فارسية او تركية . . فأخذت مكانها واعتاد الناس استعمالها وفي عين الوقت توجد نفس الكلمة باللغة الكردية الا ان مدلولها يختلف اختلافاً كليا عن مدلول الكلمة الدخيلة مثل (اذار) وهو الشهر الثالث من السنة الشمسية عند العرب وقد حرف الى (ازار) باللغة الكردية . وفى نفس الوقت توجد كلمة (ازار ـ ئازار) وهي كلمة كردية اصيلة وتعنى الالم . وتسمى هذه الظاهرة بـ (الكلمات المشتركه لفظاً HOMONYM) ويقول الدكتور عبدالرحمن معروف بهذا الصدد : « ان هذه الكلمات لا تدخل في نطاق (الكلمات المتعدده المعنى) . صحيح انها كلمات مشتركة عند القراءة والكتابه الا انها مختلفه في التكوين وفي المعنى » . ثم يضرب مثلا لذلك فيقول : « ان كلمة (باو) لها معاني عديدة مختلفة كما ان نشوئها وتكوينها جاء في فترات مختلفة او متباعدة بالرغم من كونها جميعاً كردية أصيلة فـ (باو) تعنى (العادة والعرف والدستور) وتعنى (باوك ـ الاب) وتعنى (تفضيل شيء على غيره) »[1] .

---

(١) راجع البحث الذي قدمه الدكتور عبد الرحمن معروف (الحلقة الدراسية للكتاب المدرسي باللغه الكردية المنعقدة في شقلاوه) ، بتاريخ ٢٥ـ١٩٧٣/٧/٢٧ .

٤ — تعدد اللهجات : مثل كلمة (شواشينك) التي هي شجرة دائمة الخضرة واوراقها تشبه الـ (ياس) ويطلق نفس الكلمة في منطقة البهدينان على نوع من العنب وعلى نوع من التين ايضاً . كما ان (چاى) تعنى في اللهجة اللرية (سارد ـ بارد) وفي اماكن اخرى تعني الشـــاي .

هناك اسباب اخرى : فنرى اتحاد بعض المصطلحات عن طريق الاختصار والادغام أو عن طريق تركيب الكلمات او . . .

اني في الوقت الذى اجمع فيه المصطلحات من هذا النوع منـذ مـدة غير قصيرة الا انني اعتمدت هنا الى حـــد بعيد على معجم الخال ومن ثـم على معاجم الشـــيخ معروف القرهداغى والاستاذ توفيق وهبي وادموندس والمردوخ والمرشـــد (رابهر) . . . وتســـهيلا للفهم قمت بشـــرح معاني بعض الكلمات او ضربت لها امثال دارجـة او فولكلوريـة ومن ثـم فأنني تطرقـــت الى تأويل وشـــرح العلاقة بين المدلولات حسب رأي الشـخصي ، فلا يستبعد ان اكـون صائباً او مخطئـاً . وفي الحالـة الاخيرة ارجو العون من القارىء الكريم وذلك بمساعدتي في التصحيح في الاعداد القادمة خاصة وان هذا البحث هو الاول من نوعه تقريباً .

* * * * * *

نوسراوەکانی لینین لە بارەی کوردەوە

ئەندامی کارا : پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ*

لە ناوەندی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەکادیمیای زانستی رووسستان بە وردی لەسەر لێکۆڵینەوەی مێژوو ، ئەتنۆگرافیا ، زمان و

---

* ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد و سەرۆکی بەشی کوردی لە دەزگای رۆژهەلاتناسی لینینگراد پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ دەمێکە خۆی بە فێربوونی سۆرانییەوە خەریك کردووە و تەنانەت ماوەیەکی تر ئەو فەرهەنگە کوردی (سۆرانی) ـ رووسییەی لە ژێر چاودێری ئەودا دانراوە بڵاوەکراوەتەوە .

ماموستا کوردۆ لەم وتارەیدا هەوڵی داوە بە شێوەی سۆرانی بنووسێ و ئێمەش وەك خۆی دەیخەینە بەر چاوی خوێنەرانی بەڕێز . ئەندامی یاریدەری کۆڕ ماموستا شکور مستەفا شێوەی نووسینی ئەم وتارەی لە لاتینییەوە گۆڕیوە و کورتەی عەرەبییەکەی بۆ نووسیوە .

ـ لیژنەی گۆڤار ـ

ئەدەبیاتی کوردی گەلێك کاری کردووە .

بە ئاریکاری ئەکادیمیای رۆسستان گەلێك توسراوی بەنرخ و گرانبەها لە بابەت نەتەوەی کورد لە چاپ دراون ، مەســـەلە ، لەو سەردەمەدا ئەم توسراوانەی ژێرەوە لە چاپ دراون :

١— لێکۆڵینـــەوەی پ. لێرخ « لە بارەی کوردەکانی ئێرانەوە » ، کەبریتیە لە سێ کتێبان .

٢— مێژوی نەتەوەی کورد هی شەرەف خانی بتلیستی بە وەرگەڕاندن وتوسینی مێژوو ـ ئەتنۆگرافی . ئەم کتێبە بە زمانی فرانسزی لە چاپ دراوە .

٣— کۆمەڵەی سەرهات و سەربەوردی کوردی ، کە ئا. د. ژابا لە ئەرزەرۆم کۆی کردبۆوە .

٤— فەرهەنگی کوردی ـ فرانسزی ، ئا. د. ژابا رێکی خستبو .

٥— رێزمانی کوردی ف. یوستی بە زمانی ئەڵمانی توسیبوی .

٦— کۆمەڵە تێکستێکی کوردی ، کە ئا. سۆسۆن لە تورابدین و بۆتان کۆی کردبۆوە .

پێشکەوتن و بەرزبونەوەی کوردناستی لە پێتێربورگ بە زۆری بە ئیشکاری پ ـ لێرخەوە بەسترابو .

پ. لێرخ هەرە گەورەی زانیارانی رۆس بو ، کە لە نیوەی

سەدەی ١٩ـدا دەســـتی بە لێکۆڵینەوەی نەتەوەی کورد و زمانی کوردیی کرد.

پ. لێرخ لە ساڵی ١٨٢٨ـدا لە دایك بووە، و لە ســـاڵی ١٨٥١ـدا خوێندنی خۆی لە زانینگای پێتێربورگدا تەواو کرد و ناوی پێشەکرانیی زمانانی رۆژهەڵاتی وەرگرت.

لە پێشدا پ. لێرخ لە کۆمیتەی ئاکادیمیای ئیمپراتۆریی رووسدا کاری وەرگێڕیی و نووسینی پراتۆکۆڵی دەکرد. لە پاشان بۆ بـــە کێتێبخانەداری کێتێبخانەی رۆژهەڵات لە زانینگای پێتێربورگدا.(١)

لە سەری ساڵی ١٨٥٠ـدا پ. لێرخ دەســـتی بە تۆژینەوەی مەسەلەی کورد کرد بۆ. بەڵام نەیتوانی هەمیشە خۆی بە تۆژینەوەی کوردانەوە خەریك بکات. لە ناو ساڵانی ١٨٥٨ـ١٨٦٠ـدا لێرخ لە ئەکادیمیای رووسدا کاری دەکرد. لەو ســەردەمەدا دەبێ بە هاوکاری ئێکسپێدیسی ن. پ. ئیگناتۆڤ و لەگەڵی دەچێ بـــۆ بوخارا و خیڤو و ئۆرینبورگ. لەم ئێکسپێدیسییەدا مەبەســـتی پ. لێرخ لێکۆڵینەوەی مێژوو، ئەتنۆگرافیی و زمانی دانیشتوانی ئەو هەرێمانە

(١) ИАЛО, Фонд Петербургского университета, Формулярный список о службе Лерха.

ئارشیڤی مێژوو ـ لقی لێنینـگراد، فۆنـدی زانـکۆی پیتەربورگ، دۆسیەی خزمەتی لێرخ.

بۆ ، هەروەها ژی مەبەستی ئەوەبۆ ، کە شتومەك و دەستنوسەکانی خەڵکی رۆژهەڵات کۆبکاتەوە . لە ساڵانی ١٨٦٧ـ١٨٦٨دا ئەکادیمیای ووس دیسانەوە پ. لێرخی بۆ ئاسیا نارد بۆ دۆزینەوە و پشکنینی ماکەکانی ئارخیۆلۆژی لە شارێ خەرابە ، لەبـــەر دەمی روباری سیر ـ دارێ .

لە ناو ساڵانی ١٨٦٩ـ١٨٧٤ـدا پ. لێرخ بۆ سوید و دانیارك دەچێ و وتارێك لـــە کۆنگرەی زانیارانی ناو نەتەوەکاندا بـڵاو دەکاتەوە . سەبارەت بە چاکتر بەجێ هێنانی کارسپاردنی دەوڵەت ، کاری لێکۆڵینەوەی مێژوو ، ئارخیۆلۆژی ، جیۆگرافی و ئیتنۆگرافی و زمانی نەتەوەکانی ئاسیا ، هەروەها ژی سەبارەت بە لێ‌تۆژینەوەی کورد و زمانی کوردی ، ئەکادیمیای رووسی ناوی شێوەداری بە شەرەف و ناوی شێوەداری بە کرێکار دەدا بە پ. لێرخ لە ســـاڵی ١٨٧٦ـدا لە ســۆنگەی نەخۆشـیەوە پ. لێرخ دەستی لە کار دەکێشێتەوە و ئازاد دەبێ و دەچێتە ئەڵمانیا . لە ســاڵی ١٨٨٤ ـ دا لێرخ کۆچی دوایی کرد .

سێ کتێبی پ. لێرخ لە بابەت کوردەوە لە ژێر ئەم ناوەدا لە چاپ دراون : « لێکۆڵینەوەیێ لە بابەت کوردەکانی ئێران و باب و بابیرانی کلدەکانی باکتور »[٢] . بەڵام لە خـــوێندنەوەی نوسراوەکانی پ.

(٢) П.Лерх, Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях (Пб., кн. I, 1856; кн.II, 1857; кн.III, 1858).

لێرخدا وا دەردەکەوێ کە ئەو هەر بە تەنێ خەریکی پشکنین و لێکۆڵینەوەی مێژوو ـ ئێتنۆگرافی کورد و زمانی کوردێ بووە. لێرخ لە بابەت کلدانەکانەوە وەک باپیرانی نەتەوەی کورد قەت شتێك نانوسێ.

کتێبەکەی پ. لێرخ بـــریتیە لە پێشـــگوتن، لە مێژوی لێکۆڵینەوەی کورد و زمانی کوردێ.

لە پێشگوتنی خۆیدا ئیسپاتی دەکات، کە بۆچی پێویستە خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژوو، ئێتنۆگرافی و زمانی کوردێ بن. ئـەو یـەك بە یەکی مەعلومانەکانی هەمو کتێب و مقامەکانی کە لە بابەت کورد و زمانی کوردەوە لە چاپ درابون عەلام دەکات وخەسـیەتی نەتەوەی کورد، ژیان، ئایین و زمانیان دەنوسێ.

لە کتێبی خۆیدا لێرخ ئیسپاتی دەکات، کە لە نوسراوەکانی ئەو رێگەزۆکانەی، کە خەریکی نەتەوەی کورد بون، هیچ شتێك بە دروستی لە بابەت کوردانەوە نەنوسراوە و مەعلومانەکان بە چاکتی ناهێنە بـەر چاوی خوێنـدەواران. ئەو دەنوسێ: «قەت کەسێك لەو لێـگەزۆکانە، کە چوبونە نك کـوردان، بە تەواوی خەریکی لێـکۆڵینـەوەی ژین و ئایینی کورد نەبووە. لە گەلێك نوسراواندا لە بابەت کورددکان قسە دەکەن، بەڵام لە ناو واندا هیچ نوسراوێك

= ب. لێرخ، لێـکۆڵینەوە لە بارەی کوردی ئیران و خالدێـکانی باشوری باو و باپیرانیانەوە، پیتەربورگ: بەشی یەکم ١٨٥٦؛ بەشی دوەـەم ١٨٥٧؛ بەشی سێیەم ١٨٥٨.

نیە ، کە ئێمە بتوانین زانینی چاك و مەعلوماتی تەواو لەبابەت ئەم نەتەوەیەوە وەربگرین »[٣] . لەپاش ئەمە پ . لێرخ دیسان دەنوسێ : « من زانیبوم ، کە گەلەك لێگەڕ یان لە زوروفی خرابدا بون ، یان ژی چاکتر حازر نەبون کە مەعلوماتەکان باش کۆبکەنەوە . جا بە هۆی ئەمە گەلەك شتی نادروست ، چـــەوت و چەڵەمەیان لە بابەت کوردانەوە نوسیوە و کوردناسێیان خالفاندووە »[٤] .

پ. لێـرخ لە نوسراوی خۆیدا هەمۆ مەعلوماتەکان لە بابەت ســـەرچاڤەکانی لێکۆڵینەوەی ئێتنۆگرافی کورد و لەمەڕ قەبیـل و عەشـیرەتەکانی کورد بە وردی دەنوسێ . پ. لێرخ لەمەڕ ئـەم کارەی خۆوە دەنوسـێ : « وردە ـ وردە نوسینەوەی ناڤ و نیشانی قەبیل و عەشیرەتەکانی کورد رێگای ئاریکاری خۆش دەکات بۆ ئاسان کردنی لە چاپ دانی مێژوی کورد (هی شەرەف خان ـ ك ـ ك .) و بۆ رێگەڕۆکان ، کو دواڕۆژ خەریکی کۆم کردنەوەی مەعلوماتەکانی ئێتنۆگرافی بین و دەیانەوێ کتیبێکی راست و دروسـت لە بابەت کوردان بنوسن » . لەگەڵ ئەمەشدا پ . لێرخ لەســـەر ئەو بۆچوونەیە ، کە وردە ـ وردە نوسینی ناڤ و نیشـــانی قەبیـــل و عەشیرەتەکانی کورد تەواو نیە و بە تەواوەتی نەنوسراوە .

لە ٢٣ی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٨٥٦ ـ دا لە رۆژنامەی

(٣) هەمان سەرچاوە ، بەشی یەکەم ، ل ٣٣ .

(٤) هەمان سەرچاوە ، بەشی دوەەم ، ل ٦ ـ ٧ .

« سێفیرنایا پچیلا »ی رۆسیدا وتارێکی کە مێکێشین بە ناونیشانی « کوردی ف سۆڵینسکۆی گۆبێرنی » لە چاپ درابۆ ، دە وتارەکەیدا نوسیبوی ، کو لە هەرێمی سۆڵێنسکی کوردە دێلەکانی عەسکەرێ هەنە ، دیارە کە لە ناڤ ساڵانی ۱۸۵۰ ـ ۱۸۵۳ ـ دا شەڕی رۆس و ترک بۆ . ئەم کوردانە لەگەڵ عەسکەری ترک بۆن و لە کاتی شەڕدا لە لایەن عەسکەری رۆسەوە بە دێل گیرابۆن و ناردرابۆنە شاری روسلاڤل . ئەو کاتە گەورە زانیارانی رۆس لە ناڤ خۆدا بڕیاریان دا کو داوا لە ئەکادیمیای رۆس بکەن کە کەسێکی زانیار بنێرێتە شاری روسلاڤل بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی کوردێ . لە نامەی خۆدا بۆ سکرتێری ئەکادێمیای رۆس ، روژهەڵاتناسە ئەکادیمیکیەکان دۆرن ، بیەتلینگ ، بروس ، کۆنیک و کەپین نوسیان کە لێرخ بنێرنە شاری روسلاڤل ، نک کوردە دێلەکانی عەسکەرێ بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی کوردێ ئەوان لە نامەی خۆیاندا لەمەڕ لێرخیان نوسیوە : « لێکۆڵینەوەی نەتەوەی کورد لە لایەن زمانەڤانیەوە هەر بە تەنێ ئێستا دەستی پێکراوە . بەڵام گومان و شک لەوەدا نیە کو زمانی کوردێ دەتوانێ ببێتە کانگایەکی مەزن بۆ لێکۆڵینەوەی جیاواز — جیاوازی زمانی ئێرانێ ، کە تائێستا مێژوویان نەپشکنراوە . هەتا ئێستا گەلەک لە رێگەڕۆکان کە چۆبۆنە نک کوردەکان چاک حازر نەببۆن بۆ لێکۆڵینەوە و لێگەڕان و پشکنینی زمانی کوردێ . جا بۆ ئەم کارە ئێمە ئاخا لێرخان هەڵبژارد

چونکی ئەو یەکەم پیـــاوی ئەوروپایە کو بەرەپێشین لە لایەن جیۆگرافی ، ئێتنۆگرافی زمـــانەوانی و مێژوویی یەوە بۆ بە ناسی خەڵکی کورد . بۆ ئەم کارەش ئەو ستۆدی لە رۆسەکان وەرگرتووە ، هەمۆ لێکۆڵینەوەیەکی لە چاپ داروی لەمەڕ زاراڤەکانی کوردی یەوە خوێندۆتەوە و ستۆدی لێ وەرگرتۆن ، بە تایبەتی لێرخ بۆ بە ناسی مەزمۆنی مێژوویی کورد هی شـەرەف خان ، کو بە زمانی فارستی لە سەدەی ١٦ ـ دا نۆسیویە . پ. لێرخ هەر وەها ژی بۆ بەناسی سەرچاڤەکانی تر »(٥) .

لەسەر بناخەی دوایی زانیارەکانی ناڤبراو ئەکادیمیای رۆس پ. لێرخی نارده شاری روسلاڤل . لێرخ دەوری سێ مانگێك لە ناڤ کورده دێلەکاندا مایەوە ، ئەم کوردانە لە هەرێمەکانی ماردین ، جزیر ، دێرسیم ، مۆش ، دیاربەکر ، ئورفە ، بیردچك ، بیگنسی ، مالاتی ، مادین ، عەرەبکەر و ئەرزەرۆم بۆن و هەمۆ ٥٠ کەس بۆن .

لێرخ بە ئاریکاری ئەم کەسانە چاك فێری زمانی کوردی دەبێ و تێکستەکانی زاراڤەکانی کورمانجی و زازا دەتۆسێتەوە و ماتریالی ژین و ئایینی کورد کۆم دەکاتەوە . هـــەمۆ ماتریالی زمانەڤـانی و

(٥) Архив Академии Наук СССР, Ф.2, оп.14. ئارشـیڤی کۆژی زانیاری بەکیەتی سـۆڤیێت ، فۆندی ٢ ـ ، لیستەی ١٤ .

ئێتنۆگرافی یەک ، کە لێرخ تک ئەم کوردانەی کۆم کردبۆوە و هەر وەها ژی ئەو مەعلوماتە زێدانەی کە لە نۆسراوی زانیارەکانی ڕۆس و ئەوروپایی وەرگرتبوون ، لە کتێبەکانی دووەم و سێیەمدا لە چاپ دراون .

لە گوتاری خۆدا ، کو لە کتێبی دواییدا لە چاپ دراوە ، لێرخ لەمەڕ کاری خۆوە لە شاری ڕوسلاڤلدا وردە ـ وردە مێژوی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی عەلام دەکات و بە زانستی خۆڕو و خوسوسی زمانی کوردی دەنوسێ و بیر و ڕای خۆی دەربەق پەشکنینی زمانی کوردی و زاراڤەکانی بەرپێشی دەکات . ئەو دەنوسێ : « ئەو ڕێگەڕانەی کو لە ناڤ کوردەکاندا مابوونەوە ، بە وردی لەسەر زمانی کوردی کاریان نەکردبو زۆربەیان نەیان وستبو چاکتر خەریکی ئەم زمانە بن . ئەو کەسانەی ، کو بوون بە ناسی کوردەکان ، هەر بە تەنێ خەریکی یەک زاراڤەی کوردی بون ، دوایی زمانەڤانی یانیش نەزانیبوَ »[٦] .

لە مێژوی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا ئاشکرا و ڕوَنە کە چەند کەسێک لە پێش لێرخ خەریکی زمانی کوردی ببوون . ئەو کەسانەش ئەمانەن :

م. کلا پروت ، لە تفلیس سێ سەد وشەی هەڕێمی موشی نوسیبو ؛

ریچ دوَسەد وشەی چوار زاراڤەی کوردی کۆم کردبۆوە ؛

(٦) ب. لێرخ ، سەرچاوەی ناوبراو ، بەشی یەکەم ، ل ٣٤ .

ئەولیا چەلەبی ناوی پازدە زاراڤەی کوردی نوسیبۆ ؛
ی. بێرێزین ماکی دۆ زاراڤەی کوردی لە چاپ دابۆ ؛
زانیاری ئەڵمانی هۆرنلی خۆی لەمەڕ دابەشکردنی زاراڤەکانی کوردی یەوە لە چاپ دابۆ .

پ. لێرخ لە بابەت تۆسراوی ئەم رێگەڕۆك و زانیارانەوە دەنوسێ :
« ئەم کەسە ناڤبراڤانە کو لەسەر چەند لاپەڕێك شرۆکردنی فۆرمی رێزمانی کوردیان تۆسیبۆ . بە قۆڵ و وردی خەریکی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی نەبۆن ، ماتریالیان بەشی نەکردووە و بۆ لە بار ترین لێکۆڵینەوەی ئەم زمانە گران بووە لە لایان ، چەند مەسەلێك وەرگرن و بۆ ئەم کارە زانەستیە شتی بکەنەوە . بێجگە لەمە ئاشکرایە کو تا ئێستا فۆنێتیکی زمانی کوردی نەپشکنراوە و گەلێك فۆرمی ئەم زمانە نە عەیان و نادیار ماونەوە ئەوانی ترژی ساف و رۆن نەکروانەوە »[7] .

پ. لێرخ لەسەر بناخەی تۆسراوەکانی کوردناسان و هەروەها ژی لەسەر بناخەی لێکۆڵینەوەی خۆی زمانی کوردی دابەش دەکاتە سەر پێنج زاراڤان :

١ ـ کورمانجی ؛
٢ ـ لوڕی ؛
٣ ـ کەڵهوڕی ؛

(٧) هەمان سەرچاوە ، بەشی دۆهەم ، ل ١٩ .

٤ ـ گۆرانی ؛
٥ ـ زازا .

پ . لێرخ هەر بە تەنێ توانیوێ بڵێ بە ناسی زاراڤەکانی کورمانجی و زازا ، ئەو بە وردی موژولی زاراڤەی کورمانجی دەبێ . لە بابەت زاراڤەی کورمانجییەوە دەنوسێ : « کورمانجی لە هەمۆ وڵاتانی کوردستانی رۆژئاڤادا پەرەساندراوە ، لە مۆسڵەوە هەتا ئاسیای پچوك و سلێمانی . لە ناڤبەینی قەبیلەکانی کورمانجی باکوردا و کورمانجی خواروی روباری فوراتدا جیاوازی وشە و جیاوازی گوتو ـ بێژ و جیاوازی فۆرمی رێزمانی هەیە . بەڵام ئەم جیاوازییانە ئەوەندە گەورە نین کو قەبیلانی جیاواز یەکتر تێ نەگەێن و یەکتر فام نەکەن »[٨] .

لە بابەت زازا وە پ. لێرخ دەنوسێ : « لە بەراوردکردنی زازا وکورمانجیدا گەلەك خوسوسی و خۆرویی زازا دەهێتە بەر چاڤان . لە زازادا خوسوسییەتی سەوتەکان و وشەکان لە هی کورمانجی جیاوازترن . لە سۆنگەی ئەمە رەنگە پێویست بێ ناوەکی دی لە زازا بنیێن و بە زاراڤەکی ئێرانی سەربەخۆی حەساب بکەین . کوردی کورمانج زاراڤەی زازا تێ ناگەێن و فام ناکەن بەڵام زازا زاراڤەی کورمانجی دەزانن و قسەشی پێ دەکەن »[٩] . کاتی خۆی زانیاری

(٨) هەمان سەرچاوە ، بەشی دۆهەم ، ل ٢٢ .
(٩) هەمان سەرچاوە ، بەشی دۆهەم ، ل ٢٠ .

ئەڵمانی پرۆف ـ پۆت لەمەڕ زمانی کوردیەوە نوسیبوی کو زمانی کوردی زمانەکی ئێرانی سەربەخۆیە قانونی خۆ و ڕێزمانی خۆی هەیە . پ. لێرخ ئەو بیر و رایەی پۆت قوبوڵ دەکات و دەنوسێ : « لەسەر بناخەی ئەو ماکانەی من هەمە هیچ شتێکم بە دەستەوە نیە کو ئەز لەسەر بیر و رای پرۆف ـ پۆت نەمێنم . پرۆف ـ پۆت گەلەك جار گوتویە و ئیسپاتیشی کردووە کو لە ناف زمانەکانی ئێرانیدا زمانی کوردی جێگای سەربەخۆی گرتووە و لە ناڤەندی کوردستاندا سەربەخۆیی خۆی پاراستووە ، ئەو نێزیکترین خزمی زمانی فارسیە ، بەڵام بەبێ زمانی فارسی پێشکەوتووە » . « وشەی بیانیان ، کو دەناف زمانی کوردی کەتنە ، هیچ گرینگ نیە و نەشبووە و قەت تەئسیرێکیان لەسەر سازمانی دەروَنی زمانی کوردی نەکردووە »[10] .

پ . لێرخ فیکری خۆی لە بابەت سۆنگەی جیاوازی زمانی کوردی و زمانی فارسیەوە دەبێژێ و ئەو دەنوسێ : « جیاوازی زمانی کوردی و زمانی فارسی ئەوە بۆ کە کوردەکان گەلەك جار لە قەدیمدا لە قەبیلەکانی ئێرانی جودا بۆنە »[11] . لێرخ ئەمە بە هۆی خوسوسیەتی فۆنێتیك و ڕێزمانی کوردیەوە ئیسپات دەکات . لە کاتی خۆیدا روهلاتناستی ڕوس بێرێزین خەریکی زمانی کوردی

(١٠) هەمان سەرچاوە ، بەشی دوهەم ، ل ٣٣ .

(١١) هەمان سەرچاوە ، بەشی دوهەم ، ل ٣٣ .

دەبوَ . ئەو لە نوسراوەکانی خۆدا لەمەڕ کوردی خۆراسان و زاراڤەی کوردی هەرێمی موسڵەوە فۆرمی زمانی کوردیی شرۆ دەکرد وەکو یەکێك بێ لە فۆرمەکانی زمانی فارسیی و بە بێ بناخە زمانی کوردیی وەکو زاراڤەکی فارسیی لە قەڵەم دەدا . لەبەر ئەمە پ. لێرخ لۆمەی بێرێزین دەکات و دەبێژێ چۆن پێویستە خەریکی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیی بین . ئەو دەنوسێ : « کاتێ کو زمانەڤانێ ئێران گەهیشت بە چاکترین بەراوردکردنی سازمانی رێزمانی و پێکهێنانی وشەکانی هەمو زمانەکانی ئێرانی جیاواز - جیاواز ، ئەو کاتە مومکین دەبێت باسی بەستن وگرێدانی زمانی کوردیی و زمانی فارسیی بکەین و لەمەڕیان بنوسین »(١٢) .

لە جێگەیەکی تردا پ. لێرخ دیسان دەنوسێ : « هەتا کو زمانی کوردیی و زاراڤەکانی لە هەمو لایەکەوە لێ نەتۆژینرێنەوە نابێ زمانی کوردیی بەرامبەر بە زمانێکی تر رابگرین » ، « ئێستا هیچ مومکین نییە رێزمان و لێکسیکی زمانی کوردیی بەراورد بە زمانی ئێرانیی بکەین ، هەر بە تەنێ پێویستە دەست پێ بکەین و خەریکی زاراڤەکانی جیاواز — جیاوازی کوردی ببین و وردە — وردە مانی بێ هەمو فۆرمی ، فۆنێتیکی و لێکسیکی بپشکنین ، ساف و رۆنی بکەینەوە و شرۆی بکەین ، چونکی هەتا ئێستا ئەم پرۆبلانە بەجێ نەهێنراون ، هەر وەها ژی پێویستە بە وردیی سەرچاڤەکانی

(١٢) هەمان سەرچاوە ، بەشی دوەم ، ل ٢٢ ــ ٢٣ .

لەمەڕ مێژوی کوردان بکۆڵینەوە و بتۆژینەوە.

جا هەر لە پاش بەجێ هێنـــانی ئەم داوا و خوازانە دەگاتە هەرە پوختـەی بەرهەمان لەمەڕ لێتۆژینەوەی مێژوی کورد و زمانی کوردیەوە »[١٣] .

پ. لێرخ لە کتێبی دووەمیـــدا تێکستی کوردی لـــە چاپ داوە . ئەم تێکستانە لە ئەرزەرۆم و تەورێزەوە ناردراوتن و هەموی لە زمانی تورکی و فارسییەوە وەرگیراوتن . لە سـەرەتای تۆسراوەی خۆیدا لێرخ دەتۆسێ ، کو ئەو : « ویستی لە پێشدا تێکستە کوردییەکان بە پێی ئەلفبای ئۆسێتی ـ رۆسی بنۆسێتەوە » . ئەو دەڵێ « من دەگونجا سـەوتەکانی زمانی کوردی بە هۆی تۆسین نیشـــانە بکەم ، بۆ ئەمە دەبا من ئەو ئەلفبایەی کە ئاکادێمیک (شێگرێنی) خوالێخۆشبو بۆ زمانی ئۆسێتانی لەسەر بناخەی ئەلفبای روسی پێکی هێنابو بە کاری بهێنم ، من ئەلفباکەی شێگرێنی ـ م ، ئەوەی بۆ ئۆسێتی ـ روسی دای‌هێنابو ، هەڵ بژارد ، چونـکی بە هۆی ئەلفبای عەرەبی ـ فارسی ، کو ئێستا کوردە خوێندەوارەکان بە کاری دەهێنن ، مومکین نییە ســـەوتەکانی زمانی کوردی نیشانە بکەین . لە زمانی کوردیدا هەندێك سەوت هەنە ، کو بە هۆی ئەم ئەلفبایەوە قورسە ئەوانە نیشانە بکەین »[١٤] . بەڵام کاتی لێرخ ئەم

(١٣) هەمان سەرچاوە ، بەشی دوەەم ، ل ٢٠ .

(١٤) « Bulletin de la classe des sciences historques de =

بێر و رایەی خۆی لە جڤاتی زانیاراندا دەربڕی ، جڤاتی زانیارانی مێژوویی - فیلۆلۆژی ئەمەی قوبوڵ نەکرد و بێر و رایەکی تری دەرهێنا .

دەو بێر و رایەدا نوسرابو : « پێویست نییە ئەلفبایەکی نوێ بەکار بهێنین ، چەوت و چەڵەمەی تازە بۆ فیلۆلۆژی پەیدا مەکەن . بۆ زمانی کوردی چاکترین ئەلفبای زمانەقانی باشە ، خاسما ئەو ئەلفبایەی ، کو لە لایەن ئاکادێمیکی بەرلین پرۆف . لێپسیوسەوە تەرتیب کراوە »(١٥) .

لەسەر بناخەی بڕیاری تێوری زانیارەکان ، لێرخ تێکستە کوردییەکانی بە هۆی ئەلفباکەی لێپسیوسەوە لە چاپ دا .

ئاشکرا و ڕوونە ، کو لێپسیوس سەوتەکانی دەنگانی و بێ دەنگانی بە گوێرەی زمانەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا پێك هێناوە و خۆرویی زمانانی خەڵکی ڕۆهلاتی تێدا نیشان نەکردبو ، لە ئەلفبای ویدا سەوتەکانی دەنگانی دابەشکرابۆوە سەر سەوتەکانی کورت (a . e . e . i . i . o . o . y . y) و سەوتەکانی درێژ (á . é . è . Î . ù) ، سەوتەکانی بێ دەنگانی دابەشکرابونە سەر ئەم کۆمەڵانە : سەوتەکانی گەورنگێ (h . h) ، سەوتەکانی سەر زمانی (m . n ،

=l'Académie Impèriale des sciences de St - Petersburg », V. xiv, No 15 .

(١٥) Ibid, Vol xiv, No. 15 .

(q ، k ، k ، g ، g) ، سەوتەکانی ناڤ زمان و ددان (d ، t ، n) ، سەوتەکانی دەنتالی (d ، d ، h ، ʕ ، d ، s ، z ، r ، l) ، سەوتەکانی لێڤ (m ، f ، v ، w) .

هەڵبەت ئەم نەخشەی ئەلفبایە بە پراکتیکی گونجاوی سیستەمی سەوتەکانی زمانی کوردێ نەدەبۆ ، پرنسپی دابەشکردنی سەوتەکان ژی بە قانونی زانستێ پێك نەهێنابۆ .

ئاشکرایە کو لە زمانی کوردیدا سەوتەکانی دەنگانی درێژ و کورت وەکو فۆنیم نین ، درێژێ و کورتێ سەوتان لە زمانی کوردیدا هەر بە تەنێ نیسبەتی موزیکی گرینگە . جگە لەمە هەر سەوتە دەنگانیەکانی a ، e ، î ، o ، ù بە درێژ و کورت بە کار دهێنین . لە کۆمەڵەی سەوتەکانی بێ دەنگانیدا لێرخ سەوتی u و سەوتەکانی t' ، p' و سەوتەکانی p ، t بە نیشانەی تایبەتی جودا نەکردۆنەوە ، نیشانەکانە g' ، d' ، n' ، کو لە کۆمەڵەی سەوتەکانی بێ دەنگانیدا هەن ، زێدەنە ، چونکی لە کورمانجی و زازادا سەوتی گونجاوی وان نین .

کاڤکازانی روس ل. زاگورسکی ، کو تێبینی خۆی لەمەڕ ئەو تێکستە کوردیانەوەی ، کو س. ئەگیازاروڤ ئامادەی کردبۆن لە چاپ بدرێ ، دەرهەق ئەلفباکەی لێپسیوس دەنوسێ : « ئێمە گەلێك قەدر و نرخی ئەلفبای لێپسیوس ستاندارێ دەزانین ، بەڵام نازانین ئایا ئەم ئەلفبایە دەتوانێ هەمۆ سەوتەکانی تەعیین بکات ؟

تەرتیبکارانی ئەم ئەلفبایە زانیارە ئەڵمان و ئینگلیسەکان بوون ، ئەوان ئەلفبایان بە گوێرەی زمانی ئەڵمانی و ئینگلیستی پێـــک هێنابو ، سەبارەت بەمە پ. لێرخ چەوت و چەڵەیەکی زۆری وە شاقەل گیر ببو و ناچار بو لە ناف سەوتەکانی ئەڵمانی و ئینگلیستی دا سەوتەکانی زمانی کوردی بدۆزیتەوە ، لە ســـۆنگەی ئەمە ئەو نەیتوانی بو سەوتەکانی خۆروی کوردی نیشان بکات »[١٦].

سەرۆکی مۆزەخانەی ئاسیا ئاکادێمیک دۆرن لە توسراوەکەی خۆیدا لەمەڕ تێکستی کوردیەوە ، کە لـــە زارافەی کورده دێلە عەسکەریەکانەوە توسرابون ، دەتوسێ : « من بە وردی لە تێکستە کوردیەکانم نواڕی و هاتمە سەر ئەو بیر و رایە ، کە چاکترین لێکۆڵینەوەیە کە ، یارمەتی ئاخا لێرخ بدات ، کو ڕێزمانی کوردی و تێکستی خوێندن و فەرهەنگی پی بنوســـێتەوە . ئەگەر ئەو کاری خۆی بە جێ بهێنابا ئەم توسراوانە بۆ دواڕۆژ دەبونە چاکترین ماکی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی » .[١٧]

---

(١٦) Л.Загурский, Кавказские алфавиты ("Известия Кавказского отдела Императорского русского географического общества", т.IX, вып.2, 1888, Приложение, стр.15).

ل. زاگورسکی ، ئەلف وبێ قەفقاسیـکان ، « هەوالەکانی لقی قەفقاسیای کۆمەڵی جوگرافی ڕوسی ئیمپراتۆری » ، بەشی ـ ٩ ـ ، ژمارە ـ ٢ ـ ، ١٨٨٨ (پاشکۆ) ، ل ١٥ .

(١٧) پ. لێرخ ، سەرچاوەی ناوبراو ، بەشی دوەەم ، ل ٢ .

کێشەی سێیەمی پ. لێرخ بریتییە لە سەرەتا ، لە وتارێکی مێژوویی ـ ئەدەبیاتی ، لـە فەرهەنگۆکانی زاراوەکانی کورمانجی و زازا . لێرخ زوربەی ئەم فەرهەنگۆکانەی لەسەر بناخەی ئەو تێکستە کوردییانە پێك هێنا بۆ ، کە لە روسلاڤل لـــە زاری کوردە دێلە سەربازەکانەوەی تۆسیبۆنەوە . لە پێکهێنانی ئـەم فەرهەنگۆکانەدا لێرخ لـە هەندێ جێگا وشە کوردییەکان دەگەڵ وشـــەی زمانە ئێرانییەکانی دیکەدا بەراورد دەکات ، بۆ ئـەوەی مێژوی پەیدابۆنی وشە کوردییەکان نیشان بکات .

لە بەرایی کێشەکەی خۆیدا لێرخ لەمەڕ مێژوی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردییەوە دەنوسێ : « لە پێش چۆنمدا بۆ نك کوردە دێـلە سەربازەکان ، من هەمـــۆ سەرچاڤەکانی لەمەڕ زمانی کـوردی ـ م دۆزیەوە و نواڵیمن . ئەوانە گشت بریتی بۆن لە کۆمەڵێك وشەی کوردی کە زوربەیان راســت و دروست نەنوســرابـۆن . سۆنگەی ئەمەش ئەوە بۆ ، هەندێك زانیار کە مـێژوی زمانەکانی ئێرانیان دەزانی ، من نەم توانی سودیان لێ وەربگرم . لەم ســـەرچاوانەدا هیچ تێکستێکی راست و دروست بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی کـوردی نەبـــۆ . سەبارەت بەمە من ناچار بۆم تێکستی نوێی وەچەنـگ بێنم » .

لێرخ لەو بڕوایەدا بۆ ، کە ئەو ماکانەی خۆی کۆی کردبۆنەوە کەمن و نابنە بناخە بۆ مێژوی شرۆکردنی پێوەندی زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکانی تـــر ، چـــونکە ماکێکی زۆری پێدەوێ بۆ

وردکردنەوەی ڕێزمان و وشەکان[18] .

پ. لیرخ لەکاتی لە چاپدانی هەرسێ کتێبەکانیدا ، بە زمانی ئەڵمانی دوو کتێبی بەناوی « Forschungen ulier die Kurolennordchal den » لە چاپدا .[19]

پێویستە وە بێری بێنینەوە ، کە پ. لیرخ لە پێشدا توسراوەکانی بە زمانی ڕوسی دانا بو « ئیسلیدۆڤانیا ئۆب ئیرانسکیخ کورداخ ئی ئیخ پریدکاخ سێڤیرنیخ خالدیاخ » واتە : « لێکۆڵینەوەیەك لە بابەت کوردان و باب و باپیرانی کلدەکانی ئێرانی باکوور » . ئەوەشت لە بێرنەچێ کە ناوی توسراوەکەی لیرخ بە زمانی ئەڵمانی جیاوازە لەگەڵ روسییەکەی . ئەمەش وێ دەچێ کە لیرخ لە بێر و راکانی لەمەڕ پەیدابونی نەتەوەی کورد لە کلدەکانی باکوورەوە پاشگەز بوبێتەوە و نەینوسی بێ . ڕەنگە هەر بۆیەش بێ کە یەکەم کتێبی وەرنەگەڕاندە سەر زمانی ئەڵمانی . چونکی ئەو لەم کتێبەی دا بێر و رای خۆی لە بابەت ڕەسەنی کورد لە کلدانەکانی ئێرانی باکوورە وە نوسیبو .

جگە لەم توسراوانە پ . لیرخ چەند توسراوێکی دیکەی لەمەڕ ئەدەبیاتی کوردەوە بە جیاواز لە چاپ دابو ، مەسەلەن ،

(١٨) هەمان سەرچاوە ، بەشی دوەەم ، ل ١ ـ ٤ .

(١٩) P. Lerch, Bericht über « Notices sur la litérature et les kourdes, fait par jaba » (Mélange asiatique, t. III,=

نۆسراوێك بە ناوی « بێر و رایێ » لەمەڕ نۆسراوی ئا. د ژاباوە دەربارەی ئەدەبیـاتی کوردێ و عەشیرەتەکانی کوردی نۆسیبۆ(٢٠) . هەروەها ژی « بێر و رایێ » لەمـەڕ بەرهەمەکانی ئەحمەدی خانێ ، « مەمۆزین » وەی نۆسیبۆ کە لە لایەن ئا. د. ژاباوە ، لە ساڵی ١٨٥٨ — دا کتێبخانەی نەتەوەیێ رۆس کە بە ناوی سالتیکۆف — شێدرین — هوە بۆ لە لێرخی خواستبۆوە ، کە فیکری خۆی لەمەڕ فەرهەنـگەکانی ئا. د. ژابا هی کوردێ — فرانسزێ و فرانسزێ — رۆسێ — کوردییەوە و کۆلێکسی دەستنۆسەکانی بنۆسێ .

پ. لێرخ بۆ کتێبـەکانی نەتەوەی رۆس هی پێتێربورگ دەنۆسێ ، کو پێویستە ئەو دەستنۆسانەی کە ئا. د. ژابا ناردبۆنی هەمۆی بە دەست بهێنن ، « چونکی ئەوانە زۆر بە نرخن ، و شایەنێ بۆ دەوڵەمەندێ ئەدەبیاتی کوردێ دەدەن » .

هـەروەها ژی لێرخ بۆ ئاکادیمیـای رۆسێ نۆسیبۆ ، کە پێویستە فەرهەنـگەکانی ئا. د. ژابا لەگەڵ دەستنۆسەکانی لە چاپ بدەن .

=1858); P. Lerch, Bericht über « Resumè de l'ouvrage kourde d' Ahmed Efendi khan, fait et traduit par A. Jaba (ibid) .

(٢٠) P. Lerch, Bericht über « Notices sur la litérature et les kourdes, fait par Jaba » (Mélange asiatique, t. III, 1858) .

بـە ئاریکاری پ. لێرخ ئەکادیمیای رۆستی ئەم دەستنوسـانەی لە چاپدا . جگە لەم ئیش و کارانە پ. لێرخ خـەریکی نوسـینی رێزمانی کوردی بۆ . ئێستا دۆ دەستنوسی رێزمانی کوردی لێرخ هەنە . یەکێکیان لە کتێبخانەی ئینیستیوتی رۆژهـەلاتناسی لێنینگرادە و یەك ژی لە کتێبخانەی زانینگای لێنینگرادە . ئەم دەستنوسانە وا نیشان دەدەن ، کو پ. لێرخ ویستی رێزمانێکی کوردی گەورە لە بابەت فۆنێتیك و مۆرفۆلۆژی زمانی کوردییەوە بنوسێ . پ. لێرخ لە نامەی خۆیـدا کە بۆ بەشی مێژوێتی — فیلۆلۆژی ئاکادیمیای رۆستی نوسیوە ، دەڵێ : « لە ساڵی ١٨٥٦ ـ دا من لە لێکۆڵینەوەی خۆمدا دەستم بە نوسینی رێزمانی کوردی کرد . هێشتا ئەم کارەم تەواو نەکردووە . لە جڤاتی زانیاران ئیلتماس دەکەم کە بزیاری خۆی دەربهێنێ و ئاریکاری من بکات . کە بەڵکو لە مانگی فێڤرالدا دەستی پێ بکەم و ئەم نوسـینە تەواو بکەم و لە چـاپی بدەم لە پاش راوەستانی لە چـاپ دانی ئەم نوسراوە ، من گەلێك جار لەسـەر راستکردنەوە و زێدەکردنی نوسراوەکەی خۆم کارم کردووە[٢١] .

دەستنوسی رێزمانەکەی پ. لێرخ بریتییـە لە بەرایی یەکی

(٢١) P. Lerch, Forschungen über die Kourden, Abt. III
(بڕوانە : ئارشیفی دەزگای رۆژهەلاتناسی کۆڕی زانیاری یەکیەتی سۆڤێت . فۆندی ٣٦) .

کورت لە بابەت مێژوی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی . لەم بەرایی‌یەدا ، ئەو لە بابەت ئەو داستانە کوردییانەوەی ، کە ئا . د . ژابا تۆسیونی ، دەتۆسێ و هەروەها ژی لەمەڕ تۆسراوەکەی ئا. خۆدزکۆوە دەڵێ : « زاراڤەی کوردی سلێمانی »(٢٢) . و یێر و رای خۆی دەردەبڕێ .

لەپاش ئەمە لێرخ دەتۆسێ ، بە چ رەنگێ پێویستە فاکت و ماکسی ڕێزمانی کوردی کۆبکەینەوە و بینۆسین .

لەم دەستنۆسەی پ. لێرخدا چەند گۆرانییەکی کوردی ژی تۆسراون ، و بە نمۆنەی فۆلکلۆری کوردی ، کە لە زاراوی کوردە دێلە سەربازەکانەوەی وەرگرتبۆن دەژمێردرێ .

لەپاش ئەمە پ. لێرخ لەمەڕ سیستەمی سەوتەکانی دەنگانی و سەوتەکانی بێ دەنگانی زمانی کوردییەوە دەست پێدەکات کە لەسەر بناخەی ئەلفباکەی لێپسیوس دانابۆ و وردە ـ وردە مناسبەتی سەوتەکانی زاراڤەکانی کوردی (کورمانجی ، زازا ، سلێمانی ، ئامێدی و خێرەدۆستی) دەپشکنێ و پێوەندی سەوتەکانی‌ئەم زاراڤانە و زمانەکانی ئێرانی نیشان دەکات ، هەروەها ژی گۆڕینی سەوتان لە زمانی کوردیدا دەهێنیتە بەرچاڤان .

ئەم بەشە تۆسراوەی پ. لێرخ بە تۆسینی « مناسبەتی سەوتەکان لە رەگی وشاندا » تەواو دەبێت .

لە دوای ئەمە لێرخ ویستی لەمەڕ سازمانی ڕێزمانی کوردییەوە بنۆسێ . سەبارەت بەمە ئەو گەلەك وەخت کاری کۆکردنەوەی ماتریاڵ

(٢٢) هەمان سەرچاوە .

و تەرتیبکردن و ئامادەکردنی نوسراوی رێزمانی کوردیی کرد ، وایستی بە تەواوەتی لە هەمو لاوە ماتریاڵ بکۆڵێتەوە و سود لە بەرهەمەکانی بەرامبەرکردنی زمانەکانی ئێرانیی وەربگرێ و لە پاش ئەمە ئەنجا نوسراوەکەی خۆی لەمەڕ مۆرفۆلۆژی زمانی کوردییەوە لەچاپ بدا .

لە نامەی خۆدا لەمەڕ ئەمەوە پ. لێرخ بۆ جڤاتی زانیاران دەنوسێ : « لەپێشدا بەرنامەی رێزمانی من هی پراکتیکی و زانستییە ، من لە نوسینی خۆمدا ناچار بوم خەریکی هەمو ماتریالەکانی پێشکەوتنی فۆرمەکانی تاریخی زمان بم و حەسابی لێکۆلینەوەی بەراوردکردنی ماتریاڵەکانی زمانەکانی ئەفغانیی و مازەندەرانیی ببینم ؛ چونکی لەم زمانانەدا گەلەك مەسەلەی وەك مەسەلەی زمانی کوردیی هەنە »(٢٣) .

لەپاش ئەمە لێرخ دەنوسێ ، کو لە ناف سالاّنی پاشندا ئەو لەسەر بناخەی تێکستەکانی ئا. د. ژابا زانینی خۆی لەمەڕ زمانی کوردیی فرانسزییەوە دەربڕیوە . پ. لێرخ لە دەستنوسی دووەمیدا ، کو لە کتێبخانەی زانینگای لێنینگراد دایە و بریتییە لە چەند دەفتەرێك و بەزمانی ئەڵمانیی نوسراوە « Kurdische grammatik » ، لە لاپەڕەکانی ١ ـ ١٩دا لەمەڕ فۆنێتیك و لە لاپەڕەکانی ٢٠ ـ ٢٤ ـ دا لەمەڕ پێکهێنانی وشان و لە لاپەڕەی ٢٥ ـ ٢٦ ـ دا لەمەڕ گۆڕانی فۆرمەکانی ناف ، و لە لاپەڕەی ٢٧ ـ دا دەرهەق رادەی بەراود کردنی

(٢٣) هەمان سەرچاوە .

ڕەنگناڤانی نوسیوە ؛ لەپاش ئەمە دەستنوسەکە بە زمانی ڕوسی نوسراوە ولەمەڕ هەژمار و جیناڤان دەکۆڵێتەوە (لاپەڕە ٢٨-٣٢) ، لە لاپەڕەکانی ٣٣-٣٩ دا لەمەڕ فێل نوسراوە ، لە لاپەڕەکانی ٤٠-٤٢ دا لەمەڕ فێل و بەرناڤان و وشانی پەڤگریکی (بەستەکی) یەوە نوسراوە .

بەشەکانی ناڤبراڤی ڕێزمانی کوردی ، کو پ لێرخ نوسیوی ئەوە نیشان دەکەن ، کە ڕێزمانی کوردی بەکورتی نوسراوە وناتەواوە . لەبەر ئەمە لێرخ بەخۆ دەنوسێ ئەو لە نامەیەکی دیکەی خۆیدا لە بەشی میژۆ - فیلۆلۆژی ئاکادیمیای ڕوسی ئیلتماس دەکات ، کە یارمەتی بدەن نوسینی ڕێزمانەکەی خۆی تەواو بکات . ئەو دەنوسێ : « گەلەك وەخت کە من ئەم ڕێزمانەم دەنوسی ، هەمیشە چەوت و چەلەمەکانی خۆم راست دەکردەوە و ماکی زێدەم لەسەر زێدە دەکردن و لە پێشکەوتنی فیلۆلۆژی ئێرانم دەنواڕی » . هەر وەها ژی ئەو دەنوسێ: «تێبینی من لەمەڕ مەعلوماتەکانی زمانی کوردی ، بەتایبەتی لەمەڕ پێکهێنانی وشەی گۆڕاودوە ئەوەیە کە گەلەك فاکتی ڕێزمانی زمانانی ئێرانی کۆنن ، بناخەیەکی قایم - یان وەچەنگ خستم بۆ فیلۆلۆژی ئێرانی کاتێ کو من دەستم بە چاپ کردنی ڕێزمانی کوردی کرد ئەم فاکتە نوێیانە نەبوون »[٢٤] .

---

(٢٤) Архив Института Востоковедения АН СССР, ф.36, л.1.

« ئارشیفی دەزگای ڕۆژهەلاتناسی کۆڕی زانیاری سۆڤیت » ، فۆندی ٣٦ ، لیستە - ١ - .

بۆ تەواوکردنی ڕێزمانی کوردی گراف بلاودۆف پێشنیازێکی خستە پێش ئاکادیمیای ڕوسی ، کو پ. لێرخ پەسندی بکات و لە ئاکادیمیادا کار بکات . ئەو لەمەڕ پ لێرخەوە دەنوسێ : «بە تەبیعیو ڕاستی پێویستە لە وردەکاری پ. لێرخ بنواڕین ، چونکی نۆسراوەکەی لەمەڕ کوردان و ڕێزمانی کوردییەوە گەلەک گرینگ و بە نرخە . ئەو لە ناف گەلەک ساڵدا خەریکی ئەم کارە بووە و ، بۆ زانست گەلەک بە سودە » . ئاکادیمیا پێشنیازەکەی گراف بلاودۆفی پەسند کرد و پ. لێرخیش قوبوڵی کرد ، کە ئەو نۆسراوەی خۆی تەواو بکات .

پ. لێرخ ساڵێک لە ئاکادیمیای ڕوسدا وەک کرێکارێکی زانستی لەسەر نۆسینی ڕێزمانی کوردی بەردەوام بۆ . بەڵام لە پاش ساڵێک جڤاتی مێژوو - فیلۆلۆژی ڕوس بڕیاریدا ، کو لێرخ بنێردرێتە هەرێمی ئۆرێنبورگ بۆ کۆکردنەوەی ماتریاڵی لێکۆڵینەوەی زمانانی قرغیز و باشکیرەکان .

لەپاش ئەوەی لێرخ لە ئاسیا گەڕایەوە دیسان دەستی بە نۆسینی ڕێزمانی کوردی کردەوە . بەڵام پ. لێرخ نەیتوانی ئەم ڕێزمانە تەواو بکات ؛ چونکی لە ساڵی ١٨٨٤ — دا نەخۆش کەوت و ، چۆ بۆ ئەوروپا و لە پاش ماڵگێک کۆچی دوایی کرد .

لەسەر بناخەی کورتنۆسینی ئیش و کاری پ. لێرخ لەمەڕ نەتەوەی کورد و زمانی کوردییەوە ئێمە دەتوانین بێژین ، کو

لە نیوەی چەرخی ١٩ — دا ئاکادیمیای روستی مەرکەزی دامەزراندنی لێکۆڵینەوەی مێژوویی ، ئێتنۆگرافی ، زمان و ئەدەبیاتی کوردی بۆ . بە ئاریکاری ئاکادیمیای روستی گەلەك تۆسراوی ئێرانناس و کوردناسان لەم کتێبەدا چاپکراون . پێشکەوتن و بەرزبۆنەوەی کوردناسی لە پێتێربورگدا زۆربەی بە ناوی پ. لێرخەوە ، بە ئیش و کارەکانی پ. لێرخەوە بە سترابۆ . پ. لێرخ گەورەترین زانیاری روس بۆ ، کە گەلەك وەخت خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و شارستانێتی نەتەوەی کورد بۆ تۆسراوەکانی پ. لێرخ بنکە و بناخەی لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە روسستاندا دامەزراند . لەم تۆسراوانەدا وردە ـ وردە مێژوی لێتۆژینەوەی نەتەوەی کورد و زمانی کوردی نیشان کراوە و قیمەت و نرخی تۆسراوەکانی کوردناسەکانی ئەوروپا و روس دیارکراوە . سوپاس بۆ لێرخ ، کە توانی بە تۆسراوەکانی خۆی کوردناسی لە ئێرانناسی دەربهێنێ و لە سەر رێگای پێشکەوتنی سەربەخۆی دابنێ .

لێرخ دەگونجا لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی بە مێژوی پەیدابۆن و پێشکەوتنی نەتەوەی کوردەوە و باری سیاسی وانەوە گرێبدا . لێرخ وای بۆ دەچۆ ، کە مێژو و شارستانێتی رابوردوی نەتەوەی کورد گەلەك دەوڵەمەندە ، ئەو دەینوسی ، کو ئەدەبیاتی کوردی بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی شارستانی و زمانی کوردی گەلەك گرینگە . لێرخ گەلەك ئاریکاری ئیدارەخانەی

رونا کبیرێ زانستێ روستی کرد ، کو دەستنوسەکانی مێژوی ئەدەبیاتی کوردێ کۆبکەنەوە و وەچەنگیان بهێنن و لە چاپیان بدەن .

لێرخ زمانی کوردێ وەك زمانێکی ئێرانێ سەربەخۆ لە قەڵەم دەدا و دەیگوت ، زمانی کوردێ و فۆندێ وشەی کوردێ لە زمانەکانی ئێرانێ ئێستا جیاوازترن ، « ڕێزمانی کوردێ سازمانێکی دەروێ تایبەتی خۆی هەیە » . لێرخ هەروەها ژی دەیگوت ، پێویستە گەلەك ماتریاڵی مێژوێی ، ئێتنۆگرافێ ، زمانەوانێ ، ئەدەبێ ، فۆلکلۆری کوردێ کۆ بکەینەوە ، « هەر بە تەنێ بە جێ هێنانی ئەم خواستانە خۆیان زانستی ئێتنۆگرافێ دەگهێنە چاکترین بەرهەمی لێکۆڵینەوە لەمەڕ کوردان »[٢٥] . لێرخ لە نوسراوەکانی خۆیدا هەمیشە داوای دەکرد و دەیگوت ، پێویستە هەوەسکارێ و ئینتریێس لەسەر لێکۆڵینەوەی کورد بەرز و بڵندبێ . ئەو نوسیێ : « کورد گەلەك شایانی سەرنج و دیقەتی مێژوونوس و نژادناسانە ، بەڵام پێویستە ئەو هەوەسکارێ و ئینتریێسە بەرز و بڵندبێ لەمەڕ کوردانەوە ، چونکی ئێستا سەردەمی ژینەوە و ژیاندنەوەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتە ، سەردەمی ئەوەیە ، کە نەتەوەکان دەتوانن ژینێکی نوێ بژین»[٢٦] .

(٢٥) ب. لێرخ ، سەرچاوەی ناوبراو ، بەشی یەکەم ، ل ٣٣ .

(٢٦) هەمان سەرچاوە ، ل ٢ .

ئەمە تەرجەمەی ئەو گوتارەیە کە بەناوی « ترودی پ. لێرخ پو کوردۆڤیدێنیو (لە ڤوپرۆسی ئیزوسێنیو ئیستوریی کوردۆف ف روسسیی) لە کتێبی « ئۆچێرکی پۆ ئیستۆریی روسۆگۆ ڤیستوکۆڤیدینیا » س ب. IV ، م. ۱۹۵۹ لە چاپ دراوە .

* * * * * *

ـ ملخص المقال ـ

حول آثار ب. لـيرخ
في حقل الدراسات الكردية

العضو العامل : البروفيسور قناتي كوردو

قدمت الاكاديمية الروسية في القرن التاسع عشر انجازات عظيمة في الابحاث والدراسات التاريخية والاثنوغرافية واللغوية والادبية وغيرها مما يتصل بتراث الشعب الكردي .

ومن هذه الانجازات التي طبعت في ذلك التاريخ :

١ـ بحث پ. لرخ « عن كرد ايران » ويقع في ثلاثة كتب .

٢ـ ترجمة الشرفنامة لشرف خان البدليسي الى اللغة الفرنسية مع دراسة تاريخية ، اثنوغرافية .

٣ـ مجموعة السير والتراجم الكردية ، وقد جمعها أ. د. جابا في ارضروم .

٤ــ القاموس الكردي ـ الفرنسي ، لـ آ. د. جابا .

٥ــ قواعد اللغة الكردية بالالمانية ، لـ ف. يوستى .

٦ــ مجموعة نصوص كردية ، جمعها آ. سوسون فى ترابدين وبهتان .

ولعل أشهر واخلص من أبلوا في ميدان رفع شأن الكردلوجيا البلاء الحسن ب . لرخ ، اعظم علماء روسيا .

ولد پ. لرخ عام ١٨٢٨ م واكمل دراسته سنة ١٨٥١م في جامعة بطرسبرغ ، وحاز على لقب رائد اللغات الشرقية دون منازع .

ـ ملخص المقال ـ

الشاعر الخالد احمد خانى

العضو المؤازر : صادق بهاء الدين

ولد الشاعر الكردي الخالد صاحب اروع ملحمة شعرية في الادب الكردي احمد بن الياس بن رستم الملقب بـ « خاني » في مدينة بايزيد (كردستان تركيا) عام ١٠٦١ هـ (١٦٥٠م) وقد ثبت ، رحمه الله ، بنفسه تأريخ ميلاده في رائعته (مم و زين) . وهنالك اراء حول اصل نسبته ، فمن قائل انها اتته من اسم عشيرة (خانيان) التي كانت تقطن منطقة بوتان في الاصل ثم رحلت منها واتجهت صوب الشمال الى ان إستقرت في أطراف مدينة بايزيد . ومن قائل ان شاعرنا ولد و عاش طفولته في قرية (خانى) القريبة من (جوله مـيرك) اكبر مدن منطقة (هكارى) في كردستان تركيا ، ويميل الى هذا الرأي المتخصص المعروف المعروف في اللغة الـكردية والمطلع على قضايا الشـعب الكردي وبلاده المستشرق الانكليزي ســـون[1] ويؤيده أيضا الاستاذ محمد أمين بوز

---

(١) E. B. Soane, Grammar of Kurmanji or Kurdish Language, Lonodon, 1913, P. Vl .

ارسلان[٢] وعدد غير قليل من رجال الدين المطلعين على الادب الكردي الكلاسيكي .

ترعرع شاعرنا الكبير في احضان عائلة متوسطة فتعلم على أيدي خيرة علماء عصره في بايزيد . وعلى ما يبدو كانت تنقلاته وسفراته محدودة اقتصرت اغلب الظن على مناطق بوتان وهكاري في كردستان وفي رأي البعض انه زار سوريا و مصر ايضاً ولكن لا يتوفر الى اليوم سند قوي يثبت ذلك .

ظهرت إمارات النظم وقريحة الشعر على خاني في مقتبل عمره فلم يبلغ الرابعة عشر من عمره عندما بدأ يقرض الشعر وقد خلد نفسه وقمة مجده في ملحمته (مم و زين) التي يختلف الباحثون في تحديد تأريخ تدوينها ، فيعتقد بعضهم ان خاني وضعها او انتهى منها في الرابعة و الاربعين من عمره و مسندهم في ذلك بيت ورد فيها . واخرون يقولون انه باشر بها في عام ١٦٦٥ وهي اخذت منه ثلاثين عاما من عمره .

تقع ملحمة (مم و زين) في الفين وستمائة وواحد وستين بيتا هى أندر درة فى تاج الأدب الكردي وأجل آية في بلاغته و أروع قصة في ثروته و أبلغ درس من دروسه ، فيحق لذلك الأدب ان يفتخر بها أبد الابدين فقد إرتقى بفضلها الى صف أدب مجنون ليلى و روميو جوليت وملاحم اخرى تبقى سراجا ساطعا في ما انتجه الفكر الانساني .

---

(٢) M. E. Bozarsalan, Mem û Zîn, Ehmedê Xanî, Istanbul 1968, L. 14, S. 15.

إن درس مضمون (مم و زين) يعطي الباحث و الناقد حق منح خاني العظيم لقب أول مؤسس للمدرسة القومية الكردية ، فهو أول شاعر و مثقف كردي معروف حمل لواء القومية و الوطنية في تأريخ شعبه الذي تمنى « ان يكون الحظ حليفه » و « يصحو من غفلته ولو لمرة » حتى « يتلألأ نجمه في أعالي السماء » ، فقد شخص شاعرنا الملهم كل امكانات البناء و التقدم في أبناء شعبه كما حدد بدقة عالم وتفكير فيلسوف اسباب تخلفهم و رسم لهم بقلم الأول و بصيرة الثاني درب خلاصهم و إنعتاقهم .

وليس من قبيل الصدفة ان جلبت أفكار و اسلوب (مم و زين) انظار عدد كبير من النقاد و الباحثين — من كرد و غيرهم بما فيهم عدد غير قليل من المستشرقين كما انها ترجمت الى العديد من اللغات الشرقية والغربية منها العربية والتركية و الارمنية و الفارسية و الروسية وغيرها . وقد ترك لنا خاني ايضا كتاب (نوبهارى بچوكان) وهو قاموس كردي — عربي وضعه نظما لتلاميذه و يعد أول قاموس كردي معروف حتى الان ، وله ايضا (عقيدة الايمان) ومجموعة من القصائد الغزلية و قصيدة جمع فيها مجموعة من اللغات الشرقية — العربية والفارسية والتركية بالاضافة الى لغته التي تبقى مدينة له وهو يبقى رمز قوة لها .

* * * * * *

بارەگای کۆڕ

ئەندامی کارای کۆڕ مامۆستا هەژار ئەم پارچـــە شیعرەی بە بۆنەی دروست کردنی بارەگای نوێی کۆڕەوە داناوە و هەوڵی داوە هەمۆ شێوەکانی زمانی کوردی تێـدا کۆبکاتەوە و دوا بەشی دێڕی کۆتایی هەڵبەستەکەش (خۆشتر لە هەمۆ شوێنێ) دەکاتە ـ ١٩٧٣ ـ ، واتە ساڵی دەست پێکردنی دروستکردنی بارەگای کۆڕ :

ئەم کۆڕە ڕ کوردا را جەوهەر بە خـــەڵات دێنێ
تێرێژی هـونەر لـــەوڕا تـاریکی دەتـارێنێ
وێژە و کەلەپوری کۆن ، فەرهـــەنـگ و زمانڤانی
پسپۆڕی بـە هۆزانی خـــۆی لەگرەوە دەنوێنێ
کرمانج و لوڕ و سۆران ، زازا و موکوری و گۆران
وەك یەکتری داخێون کەس نێنـە کـو دامێنێ
ئەف روگـەیە پـــیرۆزە ئاواتی گـەلی کـوردە
پێك هاتووە بۆ مێژوی : (خۆشتر لە هەمۆ شوێنێ)

— هـــەژار —

پوختەی کارەکانی کۆڕ

ئەندامی کارا : د. کەمال مەزهەر

لەم راپۆرتەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی کار و فەرمانە گرنگەکانی کۆڕ لە رۆژی دەرچوونی ژمارە یەکی گۆڤارەکەیەوە (واتە لە مانگی مارتی ساڵی ١٩٧٣وە) تا ئەمڕۆ بخەینە بەر چاوی ئەندام و خوێنەرانی بەڕێزکە هیوامانە بە چاوی رەخنەی دڵسۆزانەوە سەیریان بفەرموون و هەر را و پێشنیارێکیان لە بارەیانەوە هەیە پێشکەشی کۆڕی بکەن . ئەندامانی ئەنجومەن و کارگێڕانی کۆڕ خۆیان بە بەختیار دەزانن ئەگەر توانیبێتیان بە باشی ئەرکەکانی سەر شانیان بەجێ بگەیێنن .

١— ئەنجومەن و دیوانی سەرۆکایەتی :

ئەنجومەنی کۆڕ لە سەر کۆبوونەوەی حەفتانەی خۆی بەردەوامە و لە رۆژی کۆتایی وچانی ساڵی ١٩٧٢وەوە تا سەرەتای مانگی مارتی ١٩٧٤ کە سێ ساڵی رێك بە سەر یەکەم

کۆبۆنەوەیدا تێدەپەڕێ[1] ، پەنجـاونۆ (٥٩) جار کۆبۆتەوە و لە هـــەمۆ کاروبارێـکی زانســتی و کارگێڕێی کۆڕ کۆڵیوەتەوە و ژمارەیەکی زۆر بڕیار و فەرمانی لە بارەیانەوە دەرکردووە کە باسی بەشی زۆریان لە شوێنی جیاوازی ئەم گۆڤار و راپۆرتەدا کراوە . لە باری زانستییەوە ئەنجومەنی کۆڕ بەشی زۆری کۆبۆنەوەکانی بـــۆ دانانی زاراوی کارگێڕێ و زانستی تەرخان کردووە .

دیوانی ســـەرۆکایەتیش هەر لەو ماوەیەدا هەژدە (١٨) جار کۆبۆتەوە و هـــەر فەرمان و کارێـکی پێی سپێردراوە جێبەجێی کردوون .

٢— هەڵبژاردنی ئەندامی نوێ :

بە پێی بەندی دەی یاســـا و بەندی سێی چاککردنی یەکەمی یاسا و بەندی سێی پێژەوی ناوخۆی کۆڕ ئەنجومەن لە کۆبۆنەوەکانی ١٦ و ٢٣ی مایس و ٦ی حوزەیران و ٣١ی تەشرینی یەکەمیدا ئەم مامۆستایانەی بە ئەنـــدامی یاریدەری کۆڕ هەڵبژارد : ئەبو زەیـد مستەفا و تاهیر صادق و دوکتۆر حیکمەت تۆفیق و شکور مستەفا و عەبدوڕەحمان قاسملو و عەبدولمەجیـد لوتفی و کەریم شـــارەزا و محەمەد ئەمین حسەین (هێمن) و محەمەد رەسوڵ (هاوار) و محەمەدێ مـــەلا کەریم و نوری عەلی ئەمین . ســـەرۆکی کۆڕ بـە ناوی

(١) ڕۆژی ١٧ / ٣ / ١٩٧١ ئەنجومەنی کۆڕ بۆ یەکەم جار کۆبۆوە .

ئەنجومەنەوە پیرۆزبایی لێ کردن و دیپلۆمی ئەندامەتیان پێشکەش کرا .

٣— لیژنەکانی کۆڕ :

ئەندامانی لیژنەکانی ئیمسالّی کۆڕ بەم جۆرەی خوارەوەیە :

١— لیژنەی زمان و زانستەکانی : مامۆستایان مەسعود محەمەد و دوکتورە نەسرین فەخری و نوری عەلی ئەمین و صادق بەهادین . ئەندامی کارا مامۆستا مەسعود محەمەد « مقرر »ی لیژنەیە .

٢— لیژنەی وێژە و کەلەپور : مامۆستایان مەسعود محەمەد و هەژار و هێمن و جەمال بابان . ئەندامی کارا مامۆستا مەسعود محەمەد « مقرر »ی لیژنەیە .

٣— لیژنەی زانستیە کۆمەلایەتیەکان : مامۆستایان ناجی عەباس و ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر و فوئاد حەمە خورشید و کەمال مەزهەر ئەحمەد . ئەندامی کارا مامۆستا ناجی عەباس « مقرر »ی لیژنەیە .

٤— لیژنەی زانست : مامۆستایان ئیحسان شێرزاد و جەمال رەشید فەرەج . ئەندامی کارا مامۆستا ئەحمەد عەلی عوسمانیش ئەندامە لەم لیژنەیەدا بەلاّم ماوەیەکە بۆ کاری زانستی لە دەرەوەی ولاّتە . سەرۆکی کۆڕ مامۆستا ئیحسان شێرزاد « مقرر »ی لیژنەیە .

٥— لێژنەی فەرهەنگ : مامۆستایان مەسعود محەمەد و هەژار و هێمن و جەمال بابان و عەبدوڕەحمان مەعروف . ئەندامی کارا مامۆستا مەسعود محەمەد « مقرر »ی لێژنەیە .

٦— لێژنەی وەرگێڕان و دانان و بڵاوکردەوە : مامۆستایان عەبدوڕەحمان قاسملو و هەژار و شکور مستەفا و کەمال مەزهەر . ئەندامی کارا د کەمال مەزهەر «مقرر»ی لێژنەیە .

٧— لێژنەی زیاری ئیسلام : مامۆستایان شێخ محەمەدی خاڵ و عەلائەدین سەجادی و عەبدولحەمید ئەتروشتی . ئەندامی کارا مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ « مقرر »ی لێژنەیە .

٨— لێژنەی زانستی ئابووری و یاسا : مامۆستایان ئیحسان شێرزاد و عەبدوڵڵا نەقشبەندی و فایق هوشیار و سامان مەجید فەرەج و عەبدوڕەحمان قاسملو . سەرۆکی کۆڕ مامۆستا ئیحسان شێرزاد « مقرر »ی لێژنەیە .

٩— لێژنەی کتێبخانە و گۆڤار : مامۆستایان ئیحسان شێرزاد و مستەفای سەید ئەحمەد (نەریمان) و حسەین جاف و کەمال مەزهەر . سەرۆکی کۆڕ مامۆستا ئیحسان شێرزاد « مقرر »ی لێژنەیە .

١٠— لێژنەی لێکوڵینەوەی زمان : مامۆستایان پاکیزە رەفیق حیلمی و محەمەد ئەمین هەورامانی و ئەبو زەید سیندی .

ئەندامی کارا د. پاکیزە رەفیق حیلمی « مقرر »ی لیژنەیە .

لیژنەکانی کۆڕ لە ماوەی ئەم ساڵەدا گەلێك ئەنجام و بەرهەمی بەرخیان داوە بە دەستەوە . هەردوَ لیژنەی زمان چەند راپۆرتێکی گەورەیان لە بارەی ژمارەیەك لە کێشەکانی ڕێزمانی کوردییەوە ئامادە کردووە و بڕیار وایە پاش ماوەیەکی تر ئەنجومەنی کۆڕ بکەوێتە لێکۆڵینەوەیان . لیژنەی فەرهەنگیش چالاکانە خەریکی جێبەجێ کردنی کارەکانیەتی و تا ئێستا چەند هەنگاوێکی پێویستی ناوە بۆ دەست پێ کردنی دانانی ئەو فەرهەنگە فراوانە کوردییەی کۆڕ بڕیاری لەسەر داوە .

هەروەها ئەنجومەن بەپێی بەندی حەڤدەی یاسا و بەندی هەژدەی پێڕەوی کۆڕ ژمارەیەك لیژنەی وەختیشی دانا بۆ جێبەجێ کردنی هەندێك کاری زانستی گرنگی . یەکێك لەم لیژنانە بۆ لێکۆڵینەوە بۆ لەو وتار و پێشنیار و ڕەخنانەی لە بارەی « زاراوی کارگێڕی » کۆڕەوە بڵاو کرابۆنەوە یا یەکسەر نێررابۆن بۆ خۆی . ئەم لیژنەیە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کرد و ئەنجامی کاری خرایە بەردەمی ئەنجومەن کە ئەویش بە وردی لێی کۆڵیوە و دوا بڕیاری لە بارەوە دا(٢) . لیژنەیەکی تایبەتیش بۆ هەڵبژاردن و دارشتنی

(٢) بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆڕ لەم بارەیەوە لە شوێنێکی تری ئەم دۆڤارەدا بڵاو کراونەتەوە .

زاراوی پزیشکی دانرا[٣] کە ئەویش بە گەلێك ئەنجام گەیشتووە و بڕیار وایە لە دواڕۆژێکی نزیکدا بخرێنە بەر دەمی شارەزایان بۆ ئەوەی ئەوانیش پێرێتی خۆیان لە بارەیانەوە دەربڕن و ئینجا ئەنجومەنی کۆڕ دوابڕیاری خۆی لەسەریان بدا . دۆ لێژنەی تریش یەکێکیان بە زاراوی ئابۆرێتی و ئەوی تریان بە زاراوەکانی یاساوە خەریکن .

٤— چاپەمەنێکانی کۆڕ :

دوای تەواو بۆنی بەشی زۆری کاری کارگێڕێتی و نەهێشتنی هەندێك لە کەموکوڕتێکانی چاپخانەکەمان و بە دەستەوە دانی بەرهەمی لێژنەکانی کۆڕ و ئەندامانی ، توانا و زرۆفی چاپکردن و بڵاوکردنەوە بۆ کۆڕ دروست بۆ . یەکەم بەرهەمی گەورەی کۆڕ بڕیتی بۆ لە ژمارە یەکی گۆڤارەکەی کە بە بۆنەی بەیاننامەی ئازار و جەژنی نەورۆزەوە لە مانگی مارتی ساڵی ١٩٧٣دا بە کوردێ و عەرەبێ لە بەرگێکی قەشەنگ و قەوارەیەکی گەورەدا[٤] دەرچۆ . گۆڤاری

(٣) دۆ پزیشك ــ مامۆستایان جەمال رەشید و عەبدورڕحمان عەبدوڵڵا لەو لێژنەیەدا بەشدار بۆن .

(٤) ژمارە یەکی گۆڤاری کۆڕ ٧٩٩ لاپەڕەیە ، ٤٤٢ی کوردێ و ٢٤٢ی عەرەبیە و بەو جۆرە گەورەترین گۆڤارە لە مێژوی چاپەمەنێ کوردیدا .

کۆڕ دەنگێکی باشی دایەوە و ڕۆشنبیری کورد بە گەرمی پێشوازی کرد(٥) .

بەرهەمێکی گەورەی تری کۆڕ چاپی کوردی (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بدلیسی بو کە ئەندامی کارا مامۆستا هـــەژار لە زمانی فارسییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و کۆڕ بە پێشەکییەکی گەورەوە دو هەزار و پێنج صەد دانەی لێ بڵاوکردەوە(٦) . بەرگی یەکەمی (حاجی قادر)یش کە ئەندامی کارا و تەرخانی کۆڕ مامۆستا مەسعود محەمەد توسیوێتی دو هـەزار دانەی لێ چاپ کرا ؛ بڕیار وایە ئەم کتێبە لە شەش بەرگدا تەواو بێ و ئێستا بەرگی دوەمی بۆ چاپ ئامادەیە .

ئەنجومەنی کۆڕ بـــە پێویستی دەزانێ بەرە بەرە ئـەو کارە زانستییە کەم زانراوانەی لەسەر کورد دانراون و بـۆ شارەزایان و

(٥) زوربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی عیراق هەواڵی دەرچونی ژمارە یەکی گۆڤاری کۆڕیان بڵاوکردەوە و بایەخێکی شایانیان پێدا . ڕۆژنامەی « ریا تازە »ش لە ژمارە (٨٢)ی سیازدەی تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣یدا وتارێکی گەورەی لە بارەی ناوەرۆکی گۆڤارەکەوە بڵاوکردۆتەوە . ژمارەیەکی زۆریش لە زانا و ڕۆژهەلاتناس و ڕۆشنبیران بە نامەی پڕ لە سۆز پێشوازی دەرچونیان کرد .

(٦) چاپی کوردی (شەرەفنامە) هەزار و شازدە لاپەڕەیە و بـەو جۆرە بە گەورەترین کتێبی چاپکراوی کوردی دادەنرێ .

خوێندەواران پێویستن دیسان چاپیان بکاتەوە و بڵاویان بکاتەوە . یەکەم هەنگاوی لەم مەیدانەدا لە چاپدانەوەی ئـــەو باسە مێژوییە بایەخدارەی زانای خوالێخۆشبوو دوکتۆر مستەفا جەواد بۆ کە لەسەر کوردە گاوانێکان لە کۆڕی زانیاری عیراق خوێندبوێـەوە و دوای ئەوە لە بەرگی یەکەمی بەشی چوارەمی گۆڤاری کۆڕی ناوبراودا بـە ناوی « جاوان ـ القبیلة الکردیة المنسیة ومشاهـــیر الجاوانیین »ەوە بڵاوی کردبۆوە . ئەنجومەنی کۆڕ بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمەی بـە کوردیش بە پێویست زانی و جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکەی بە ئەندامی کارای مامۆستا هەژار سپارد کە ئەمیش بە کوردییەکی ڕەوان بـــە ناوی « هۆزی لەبیرکراوی گاوان و گاوانییە بەناوبانـگەکان »ەوە بڵاوی کردەوە[٧] ، شایانی باسە مامۆستا هەژار هەمـــۆ ئەو پارچە شیعرانەی لە ناو ئەم باســەدا هەبوون دیسان بە شـیعری کـوردی دایڕشتۆتەوە .

ئێستاش کاتێك ژمارە دوی « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » بڵاودەکەینەوە ئـەم بەرهەمە زانستیانەی ترمان لە ژێـــر چاپدان و هیوامانە هـــەر ئیمساڵ فریا بکەوین هەموویان بخەینـــە بەردەستی خوێنەری بەڕێز :

١ــ زنـجیرە وتارێکی ئەنـدامی کارا مامۆستا مـەسعود محەمەد لە بارەی ڕێزمانی کوردییەوە کە هێندێکیان لە ژمارە یەك و

(٧) چاپی کوردی ئەم بەرهەمە ١٠٨ لاپەڕەیە .

ئەم ژمارەیەی گۆڤاری کۆڕدا بڵاو کراونەتەوە ؛

٢— کتێبی « هەندێك بیروباوەڕی هەڵە لە بارەی زمان و مێژوی کوردەوە » کە ئەندامی کارای کۆڕ مامۆستا قەناتی کوردۆ داینـاون و دکتۆر عەبدوڕەحمانی حاجی مارف کردوونی بە کوردی و پێشەکییەکی بۆ نوسیون . بەشێکی ئەو وتارانە بە ڕوسی بڵاوکراونەتـەوە و هێندێکیان بـــۆ یەکەم جار بڵاودەکرێنەوە ؛

٣— کتێبی « لە بارەی کوردناسـی ئەوروپاییەوە » کە هەندێـك لە وتارەکانی لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەماندا بڵاوکراونەتەوە ؛

٤— کتێبی « کوردسـتان لە سالنامەکانی شـەڕی یەکەمی جیهانـدا » کە نوسەری ئەم ڕاپۆرتە داینـاوە و چەند بەشێکی لە ژمارە یەك و دوی گۆڤاری کۆڕدا بڵاوکردۆتەوە ؛

٥— دەسـتمان کردووە بە چاپکردنی ئـــەو زاراوانـەی کۆڕ داینـاون لە شێوەی کتێبێـکی سەربەخۆدا ؛

٦— ژمارە سـێیی گۆڤاری کۆڕ لە ژێر چاپـدایە و هـیوادارین لە ماوەی چەند مانگێکی کەمـــدا فریا بکەوین بـــڵاوی بکەینەوە .

شایانی باس و مایەی خۆشی و شـانازییە کە وا چاپەمەنیـکانی کۆڕ زۆر لە بڕەودان و بازاڕیان گەرمە ، ژمارە یەکی گۆڤارەکەمان

کە دوو هەزارمان لێ چاپکردبێ دانەی نەمایەوە و ببوایە دوو هێندەی لێ سەرف دەبێ . جەز دەکەین ئەو راستییەش بخەینە بەر چاو کە وا کۆڕ لەگەڵ لاوازێ بوجەشێدا هەوڵ دەدا بەرهەمە چاپکراوەکانی بە نرخێکی گەلێك هەرزانتر لە نرخی راستەقینەیان بفرۆشێ بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەی رۆشنبیر بتوانن کەڵکیان لێوەربگرن .

• — ئەو یارمەتییانەی کۆڕ پێشکەشی کردوون :

لە ساڵی ١٩٧٣دا ئەم کتێبانە بە یارمەتی کۆڕ چاپ کران :

١— « اکراد اللي و ابراهيم پاشا »ی ئەندامی یاریدەر دوکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر کە ٦٤ لاپەڕەیە و لە « دار الجاحظ » لە بەغدا چاپی کردووە ؛

٢— « ئیدیەمێت کوردی »ی ئەندامی یاریدەر مامۆستا صادق بەهادین ئامێدی کە ١٦٢ لاپەڕەی گەورەیە و لە چاپخانەی « الشعب » لە بەغدا لەسەر ئەرکی کۆڕ چاپ کراوە ؛

٣— « دیوانی مەلا وەسمان » ـ لێکدانەوە و لەسەر نوسینی دوکتۆر ئەمین موتابچی ، ئەم کتێبە ٢٨٨ لاپەڕەیە و لە چاپخانەی « الاداب »ی نەجەف چاپکراوە ؛

٤— « چاوگی بێ واتا لە زمانی کوردیدا . هۆ و چۆنیەتی بەکارهێنانی لەم زمانەدا » ، نوسینی ئەندامی یاریدەر دوکتۆر

نەسرین فەخرێ ، ١٠٢ لاپەڕەیە و لە چاپخانەی « الاداب »ی نەجەف چاپکراوە ؛

٥— « لمحة عن الأكراد »ی کوردناسێ فەرەنسەیێ تۆما بوا کە مامۆستا محەمەد شەریف عوسمان کردوێیە بە عەرەبێ و ١٥٠ لاپەڕەیە و لە چاپخانەی « النعمان »ی نەجەف چاپی کردووە ؛

٦— « مامە یارە »ی ئەندامی یاریدەر مامۆستا جەمال بابان کە نۆ چیرۆکە و ١١٨ لاپەڕەیە و لە « دار الجاحظ » لە بەغدا چاپکراوە .

جگە لەمانە کۆڕ بۆ دووەم جار یارمەتێ پێشکەش گۆڤاری « زانیاری » کرد و هەر لەم چەندانەشدا ئەنجومەن بڕیاری دا یارمەتێ پێشکەش (کۆمەڵێ ڕۆشنبیرێ کورد) و گۆڤارەکەی (ڕۆژی کوردستان) بکا .

لەم ڕۆژانەشدا بەرگی دووەمی « فەرهەنگی کشت و کاڵ » کە مامۆستا شێخ مەعرووفی قەرەداغی داینناوە ، کەوتە بازاڕەوە ؛ بەرگی یەکەمی ئەم فەرهەنگە دیسان بە یارمەتێ کۆڕ ساڵی ١٩٧٢ بڵاوکرایەوە .

هەروەها لە ساڵی ڕابوردوو و سەرەتای ئیمساڵدا (١٨) مامۆستا داوای یارمەتییان لە کۆڕ کردووە بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانیان ، لەمانە (٩)

مامۆستایان بەپێی لیستەی خوارەوە بژیار دراوە یارمەتی بدرێن وە تا ئێستا دوابژیار لە بارەی هەندێك لەو بەرهەمانەوە نەدراوە و ئەوانی تریشیان لەبەر چەند هۆیەك ئەنجومەنی کۆڕ یا شارەزایان رایان لەسەر یارمەتیدانی خاوەنەکانیان نەبۆ .

ئەو مامۆستایانەی بژیار دراوە یارمەتی بدرێن بۆ لە چاپدانی بەرهەمەکانیان

١— ئەحمەد خواجا ، لە زنجیرەی چیم دتی . شۆڕشەکانی بەرزان ، بەشی یەکەم و دووەمی بەرگی چوارەم ؛

٢— ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر ، الكردي والكرد والاكراد في مؤلفات الاقدمين الاسلاميين ؛

٣— تۆما بوا ، معرفة الأكراد ، مامۆستا مەلا حەمدتی وەری گێڕاوەتە سەر عەرەبتی ؛

٤— عەبدولخالق عەلائەدین ، جەلتی زادەی زانا و ئەدیب وشاعیر ؛

٥— عەلی محەمەد مامەجەلکەبتی ، گاڵە و ڕێزمانتی کوردتی ؛

٦— فازیل نیزامەددین ، ئەستێرە گەشە ، فەرهەنگێکی (کوردتی - عەرەبتی) یە ، چەند پێشنیارێك خراوەتە بەردەمی خاوەنەکەی و داوای لێکراوە لە بەر ڕۆشناییاندا چەند ئاڵ و گۆڕێکی کەمی تێدا بکا کە بە لای کۆڕەوە پێویستن ؛

۷— کەمال جەلال غەریب ، فەرهەنگی زانیاری .

۸— محەمەد ئەمین هەورامانی ، فۆنەتیکی زمانی کوردی .

هەروەها لەم چەندانەدا کتێبێکی گەورەی نوێی ئەندامی کارای کۆڕ مامۆستا عەلائەدین سەجادی بە ناوی « کوردواری »یەوە بە یارمەتی کۆڕ بڵاو دەکرێتەوە و وەك خۆی لەسەر بەرگ و لاپەڕەی یەکەمی تۆسیوێتی : « کۆمەڵە رەوشت و رابواردنێکە کە باو بووە و باوە لە ناو کورددا ؛ لە شادی و لە شیوەن ، لە رابواردنی سەرچیمەن ، لە ناو مالاّ و لە رەشمالاّ لە بەزم و یاری کۆڕ و کالاّ . رەوشتی شاری و لادێ ، گشت ئەو شتانەی بە سەردا دێ » ، واتە ئەم بەرهەمە نوێیەی مامۆستا سەجادی گەلێك باس و خواسی فولکلۆرێ و ئەتنۆگرافی تێدایە کە کۆڕ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان زۆر بە پێویست دەزانێ .

٦— چاپخانەی کۆڕ :

سالّی رابوردوَ توانیمان بەشێکی تر لە کەموکورتێکانی چاپخانەی کۆڕ نەهێڵین ، مەکینەیەکی (پرۆف)ی گەورە و مەکینەی تەل لێدان و هەندێك شتی پێویستی ترمان بۆ هێناوە . هەر لە سالّی رابوردوَشدا ئەنجومەن بڕیاری کڕینی (ئینتە رتایپ)ێکی نوێی بە پیتی کوردییەوە دا و دەمێکە داوای لە « دار الحریە » کردووە هێنانیمان بۆ جێبەجێ بکات و تا ئێستا بۆ ئەم مەبەستە کۆڕ دە هەزار دیناری

بۆ ناردووە . لە بوجەی ئیمسالێشدا پارە تەرخان کراوە بۆ کڕینی مەکینەیەکی چاپی « هایدلبرگ » . بەگەیشتنی ئەم جۆرە مەکینانە و تەواوکردنی هەندێك ئاتەواوتی تەکنیکی تر توانای چاپخانەکەمان زیاتر دەبێ و ئـــەو کاتە کۆڕ دەتوانێ بەرهەمی زۆر و پوختەتر بڵاوبکاتەوە ، ئەگینا لە راستیدا تا ئێستا ناچارین بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی لە دەرەوە چاپ بکەین و ئەمەش ، وەك ئاشـــکرایە ، کۆسپێکی پچوك نییە لە بەردەم جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی کۆڕدا .

٧— کتێبخانەی کۆڕ :

ئەنجومەن و کاربەدەستانی کۆڕ بایەخێکی زۆریان داوە بە فراوان کردن و ئاوەدان کردنەوەی کتێبخانەکەی و بەو جۆرە توانیومانە ژمارەی کتێبەکانی بە ساڵێك لە دەوروبەری پێنج هەزارەوە بیگەیێننە نزیکەی دوازدە هەزار ، واتە ژمارەی پتر لە دوَ جار زیادی کردووە و بێگومان ئەمەش بۆ خۆی دەسکەوتێکی رۆشـنبیرێ گەورەیە و مایەی شانازێ کـۆڕە .

لە چەند رێگەیەکەوە کتێبخانەی کۆڕ پەرە دەسێنێ ، جگە لە کڕینی چاپەمەنێ کۆن و نوێی ژمارەیەکی زۆریش لە رۆشنبیران بەرهەمی خۆیان یا کتێبی ترمان بۆ ئەنێرن . کۆڕ لە سنوری تواناداٌ تەقەلا دەدا کەڵك لە کتێبخانەی ئەو کەسانە وەربگرێ کە خاوەنە بەڕێزەکانیان دەمێکە بە کۆکردنەوەی ئەو کتێب و رۆژنامە و گۆڤارانەوە خەریکن

کە پەیوەندییان بە کوردناسییەوە هەیە و جێگەی باس وتەقدیرە کە زۆر کەس بۆ ئەمە بە دەم کۆڕەوە دێن[٨] . لە ڕێگەی وێنەگرتنەوەشەوە توانیومانە گەلێك بەرهەمی بەنرخ و نایاب پەیدا بکەین . لە هەمان کاتدا هەندێك لە دەزگا ڕۆژهەلاتناسێکانی دەرەوە بەرهەمی چاپکراوی خۆیانمان بۆ ئەنێرن . وا لێرەشدا هەر بۆ نمونە ناوی هەندێك چاپەمەنی دەخەینە بەر چاوی خوێنەرێ بەڕێز کە لە ماوەی سالّی ڕابوردوودا دەستمان کەوتوون :

کتێبەکەی م. گارزۆنی لە بارەی ڕێزمان و فەرهەنگی کوردییەوە کە سالّی ١٧٨٧ لە ڕۆما چاپی کردووە[٩] و بەکۆنترین کتێبی ئەم مەیدانە دادەنرێ ؛ بەرگی چوارەم[١٠] و وێنەی بەرگی پێنجەمی[١١] ئەو کتێبەی مۆرگان لە پاریس لە کۆتایی سەدەی ڕابوردوودا بە فەرەنسەیی لە بارەی گەشتەکەی ئێرانێوە چاپی کردووە و باسی کورد و

(٨) بە وێنە ماموّستایان شێخ عەبدولقادر بەرزەنجی و نەزاد عەبدوللا عەزیز ماوەیەك لەمەوبەر گەلێك دیاری بەنرخیان پێشکەش کتێبخانەی کۆڕ کرد .

(٩) M. Garzoni, Grammatica e vocabolario della lingua Kurda, Rome, 1787 .

(١٠) J. De Morgan, Mission Scientifique en Perse, Tome Quatrieme, Paris, 1896 .

(١١) J. De Morgan, Mission Scientifique en Perse, Tome v, (Etudes Linguistiques dialectes Kurdes) .

کوردستانیشی تێدا کردووە ؛ کتێبی نۆلد لە بارەی کوردستان و ئەرمینیاوە کە ساڵی ١٨٩٥ بڵاوی کردۆتەوە[١٢] ؛ چەند کتێبێکی ئۆسکەرمان کە بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان بە ئەڵەمانی لەسەر کورد داینا ون[١٣] ؛ ڕێزمانەکەی سۆن کە ساڵی ١٩١٣ لە لەندەن بڵاوی کردۆتەوە[١٤] ؛ دوو کتێبی کارل هەدانك کە لە سەر زازا و گۆران لە سەرەتای ساڵەکانی سێیدا بە ئەڵەمانی بڵاوی کردۆنەتەوە[١٥] ؛ ژمارەکانی ساڵی ١٣٢٣ی ڕۆژنامەی « کوهستان » کە دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەلان دەری دەکرد ؛ وێنەی دوو ژمارەی « ڕوژکرد » کە بەر لە شەڕی یەکەم لە ئەستەنبول دەردەچوو لەگەڵ گەلێك چاپەمەنی تری لەو بابەتانە کە بۆ زانا و شارەزایانی کوردناسی بێ ئەندازە بە نرخ و پێویستن .

ژمارەیەکی زۆر لە شارەزا و ڕۆژهەڵاتناس و خوێندەواران کەڵك لە کتێبخانەی کۆڕ وەردەگرن و هەر شارەزایەك داوای

(١٢) E.Nolde, Reise nach Innerabarien, Kurdistan und Armenien 1892, Braunschweig, 1895 .

(١٣) وەك : O. Mann, Mundart der Mukri - Kurden, Tiel I, Tiel 2, Berlin, 1906 - 1909.

(١٤) E. B Soane, Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language, London, 1913 .

(١٥) Karl HadanK, Mundarten der Gùràn, Berlin, 1930 ; Karl Hadank, Mundarten der Zaza, Berlin, 1932 .

گرتنەوەی وێنەی بەڵگە و چاپەمەنی کۆنی کردبێ بێ دواخستن بۆی جێبەجێ کراوە . لە هەمان کاتدا هەوڵیانداوە و هەوڵدەدەین پەیوندی کتێبخانەی کۆڕ لەگەڵ کتێبخانە و دەزگایانی دەرەوەدا فراوانتر بکەین ، کارگێڕی کتێبخانەی کۆڕ لە کاتی کۆنگرەی (الجمعية العامة للفرع العربي الاقليمي للوثائق)دا کە لە بەغدا بەسترا هەوڵێکی باشی بۆ ئەمە دابێ هەروەها نوێنەرانی کۆڕیش لە کاتی سەردانەکەی سۆفێتیاندا لەم بارەوە گفتوگۆیان لەگەڵ کاربەدەستانی دەزگا ڕۆژهەڵاتناسێکانی ئەو وڵاتەدا کردبێ .

لە کتێبخانەکەماندا بە داخەوە تا ئێستا چەند کەموکورتییەک هەیە کە بە ڕادەی یەکەم بەستەن بە نەبوونی جێگە و کەمی کادرەوە کە هیوامانە بەم زوانە و بە پێی توانا بە سەریاندا زاڵ بین .

٨— پەیوەندی کۆڕ لەگەڵ دەزگا زانیاری و ڕۆشنبیرێکانی ناو وڵاتدا :

پەیوەندی (کۆڕی زانیاری کورد) لەگەڵ دەزگا زانیاری و ڕۆشنبیرێکانی ناو وڵاتدا لە پەرەسەندندایە ، بە تایبەتی لەگەڵ کۆڕی زانیاری عیراق و زانکۆی سلێمانی و کارگێڕی خوێندنی کوردی و کۆڕی زمانی سریانی و چەند دەزگا و کۆمەڵێکی تردا . نوێنەرانی کۆڕی زانیاری عیراق و کورد بە یەکەوە چوون بۆ یەکێتی سۆفێت و لەوەتەی کۆڕی زمانی سریانیش دامەزراوە کۆڕ هاریکاری لەگەڵدا دەکا و چاپەمەنێکانی خۆی و کتێبی تری بۆ دەنێرێ و

ئەندامی یاریدەری مامۆستا جەمال بابان بە ناوی کۆڕەوە لە کۆبوونەوەکانیدا بەشدار دەبێ و لە ئاهەنگی یادی مار ئەفرام و حونەین بن ئیسحاقدا کە کۆڕی سریانێ لە مانگی شوباتی ١٩٧٤ دا کردی، وتاری کۆڕی خوێندەوە، هەر بەو بۆنەیەشەوە هەردوکۆڕی زانیاری عیراق و کورد لە بارەگای یەکەمیان لەگەڵ میوانەکانی کۆڕی سریانێدا ئێوارەی ڕۆژی حەوتی شوبات کۆبوونەوە و گفتوگۆیان کرد.

کۆڕ یەکێك بوو لەو دەزگایانەی بانگ کرابوو بۆ بەشداری کردنی کۆنگرەی یەکیەتی نوسەرانی کورد کە مانگی کانونی دووەم لە بەغدا بەسترا و ئەندامانی کارای کۆڕ مامۆستا مەسعود محەمەد و نوسەری ئەم ڕاپۆرتە بە ناوی کۆڕەوە لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بەشدار بوون و یەکەمیان وتارێکی بەو بۆنەیەوە خوێندەوە کە لە شوێنێکی تری ئەم گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە.

هەروەها سازی ڕابوردوو نوێنەرانی کۆڕ لە چەند کۆنگرە و ئاهەنگێکدا بەشدار بوون. مامۆستایان مەسعود محەمەد و هەژار و دوکتۆر عەبدوڕەحمان مەعروف لە (یەکەم کۆڕی لێکۆڵینەوەی کتێبی قوتابخانە بە زمانی کوردی)دا ئەم سێ وتارەیان پێشکەش کرد:

١— گیروگرفتی ڕێنوسی کوردی؛

٢— کتێبمان چۆن چاك دەبێ؟؛

٣— بنچینەی دانانی فەرهەنگێکی کوردی — عەرەبی بۆ

قوتابخانە[١٦] .

تۆسەری ئەم وتارە بە ناوی کۆڕەوە لە (کۆنگرەی مێژوو) کە مانگی مارتی ساڵی رابوردوو لە بەغدا بەسترا ، بەشدار بوو وتارێکی لە بارەی بزوتنەوەی ئازادی ـ نەتەوەیی کوردەوە پێشکەش کرد . یەکێك لە بڕیارەکانی کۆنگرەی ناوبراو لەسەر ئەوەبوو کە دەبێ بایەخ بدرێ بە توسینەوەی مێژوی گەلی کورد وەك بەشێکی گرنگ لە مێژوی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .

کارگێڕی کتێبخانە مامۆستا حسەین جافیش بە ناوی کۆڕەوە لە کۆنگرەی (الجمعية العامة للفرع العربي الاقليمي للوثائق) دا بەشدار بوو . لەم کۆنگرەیشدا باسی ئەوە کرابوو کە وا پێویستە بایەخ بدرێ بە کۆکردنەوەی ئەو بەڵگە مێژوییانەی پەیوەندییان بە گەلی کوردەوە هەیە .

لە شوێنێکی تری ئەم گۆڤارەدا بە تایبەتی باسی دەوری کۆڕمان کردووە لە مەسەلەی دروست کردنی پەیکەرەکەی حاجی قادری کۆیی و ئاهەنگی دامەزراندنیدا .

٩ــ پەیوەندی کۆڕ لەگەڵ دەزگا زانیاری و کوردناسەکانی دەرەوەدا :

لە ماوەی ساڵی رابوردوودا کۆڕ توانی پەیوەندی خۆی لەگەڵ

(١٦) هەر سێ وتارەکە لە ژمارە شەشی گۆڤاری « پەروەردە و زانست »دا (ساڵی ١٩٧٣) بڵاوکراونەتەوە (ل ٧ ــ ٢٨ ، ٥٧ ــ ٨٤ و ١٠٣ ــ ١١٣) .

دەزگا زانیاری و کوردناسەکانی دەرەوەدا بەهێزتر بکا . چاپەمەنیکانی کۆڕ بۆ زۆر شوێنی دەرەوە دێرین و ژمارە یەکی گۆڤارەکەمان لە ناو رۆژهەلاتناساندا دەنگێکی باشی داوەتەوە . سالّی رابوردوو ژمارەیەکی زۆر رۆژهەلات و کوردناس و رۆژنامەنوسی بێگانە سەریان لە کۆڕ دا و هەندێکیان بە پێی پێویستییان کەڵکیان لە کتێبخانەکەی وەرگرت .

پەیوەندی کۆڕ لەگەڵ ئەندامانی دەرەوەیدا لە بەهێز بوندایە . بڕیار وابو ئەندامی شەرەف مامۆستا تۆفیق وەهبی و ئەندامی کارا مامۆستا قەناتی کوردۆ و کوردناسان تۆما بوا و جۆیس بلۆ لە مانگی تەشرینی دوەمی سالّی رابوردوودا بێن بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لە ماوەی مانگێکدا لە کارەکانی کۆڕدا بەشداری بکەن ، بەلّام بە داخەوە ناساغی مامۆستا تۆفیق وەهبی کۆڕی ناچار کرد هاتنەکەیان جارێکا دوابخا .

ژمارەیەك لە ئەندامانی دەرەوەی کۆڕ دەستیان کردووە بە ناردنی بەرهەمەکانیان بۆ بلّاوکردنەوەیان لەلایەن کۆڕەوە . لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەماندا وتارێکی مامۆستا کوردۆ و وتارێکی ئەندامی یاریدەر حاجی جندی بلّاوکراونەتەوە و لە ژمارەی داهاتوشدا دوو وتاری ئەندامانی دەرەوەمان بلّاو دەکەینەوە ، یەکەمیان وتارێکی مامۆستا تۆفیق وەهبیە کە بە عەرەبی لەسەر نەژادی کورد نوسیوێتی و

ئەوی‌تریان وتاری ئەندامی یاریدەر مامۆستا عەلی سیدۆ گۆرانی‌یە[17] کە لە بارەی لۆڕ و لۆڕستانەوەیە و ئەویش هەر بە عەرەبی نوسیوێتی .

نوێنەرانی کۆڕ ئەندامی کارا مامۆستا هەژار و نوسەری ئەم راپۆرتە لە کۆنگرەی ڕۆژهەلاتناسیدا کە تەموزی ساڵی ١٩٧٣ لە پاریس بەسترا و سێ هەزار ڕۆژهەلاتناسی تێدا کۆبۆوە ، بەشدار بوون . یەکێك لە کۆڕەکانی ئەم کۆنگرەیە ڕۆژێکی تەرخان کرد بۆ باسی کوردناسی و لەو کۆڕەدا خاوەنی ئەم راپۆرتە وتارێکی لە بارەی کێشەکانی نوسینەوەی مێژوی کورد و ئەرکەکانی کۆڕی زانیاری کوردەوە پێشکەش کرد[18] . بەشدارانی کۆبونەوەی ئەو ڕۆژە بەرز ژمارە یەکی گۆڤاری کۆڕیان نرخاند و داوایان لە کۆڕ کرد هەوڵ بدا لە ژمارەکانی‌تری گۆڤارەکەیدا کورتەی وتارەکان بە ئینگلیزیش بڵاو بکاتەوە بۆ ئەوەی ڕۆژهەلاتناسان بتوانن باشتر کەڵك لە ناوەڕۆکی وەربگرن .

یەکێك لە بڕیارە هەرە گرنگەکانی کۆنگرەی ڕۆژهەلاتناسی پاریس بریتی بوو لە دامەزراندنی (کۆمەڵی کوردناسی ناودەوڵەتان) کە وەك یەکێك لە بڕیارە هەرە بایەخدارەکانی کۆنگرە لە دوا کۆبونەوەیدا خوێندرایەوە . شایانی باسە کوردناسی فەرەنسەیی ناودار تۆما بوا کرا بە سەرۆکی کۆمەڵەکە و بڕیار وایە چەند

(١٧) ئەندامی یاریدەری کۆڕ مامۆستا عەلی سیدۆ گۆرانی لە ئوردون دەژی .

(١٨) ئەو وتارە بە عەرەبی لە ژمارە سێیی ڤۆڤاری کۆڕدا بڵاوەکراوەتەوە .

نائیبێکی هەبێ کە هـەر یەکەیان خەڵکی یەکێك لەو ووڵاتانە بن کە دەزگای کوردناسییان تێـــدایە وە تا ئێستا ئێرانناسی فەرەنسـەیی پرۆفیسۆر جیلبەرت لازارد و کوردناسی بەریتانی دوکتۆر مەکەنزی بۆ ئەم مەبەسـتە هەڵبژێردراون و داواش کراوە مامۆستا قەناتێ کوردۆ بە ناوی کوردناســانی سۆڤێتەوە ببێتە یەکێك لە نائیبەکانی سەرۆکی ئەو کۆمەڵە .

ســەرۆك و دامەزرێنەرانی ئــەو کۆمەڵە هاریکاری کۆڕ لەگەڵیاندا بە مەرجێکی پێویستی سەرکەوتن دادەنێن و بە نامەی تایبەتی ئەمە و هەواڵی دامەزراندنی کۆمەڵەکەیان بە ئەنجومەنی کۆڕ راگەیاند و داواشـیان کردووە ســەرۆکی کۆڕ مامۆستا ئیحسان شێرزاد ببێتە یەکێك لە نائیبەکانی سەرۆکی ئەو کۆمەڵە ، ئەنجومەنی کۆڕ بڕیاری لەسەر ئەمە دا و هەروەها هاریکاریش لە هەمو ڕوەیەکی زانستییەوە بۆ چەسپاندن و بەرەو پێش بردنی ئەو کۆمەڵە بە کارێکی پێویست دادەنێ .

کۆڕی زانیاری سۆڤێت دەعوەتنامەی ناردبو بۆ سێ ئەندامی کۆڕی زانیاری عیراق و سێ ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد . ڕۆژی ٢٧ی تەشرینی دوەمی ساڵی ڕابوردوو وەفدێکی هاوبەش لە هـەردو کۆڕ چوون بۆ یەکیەتی سۆڤێت ؛ وەفدەکە لەم مامۆستایانە پێکهاتبو : دوکتۆر سەلیم نعێمی و دوکتۆر ناجی مەعروف و دوکتۆر جەمیل سەعید کە هەرسـێکیان ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری عیراقن وە

مامۆستا هەژار و نوسەری ئەم راپۆرتە کە بە ناوی کۆڕی زانیاری کوردەوە بەشدار بوون ، نوێنەری سێیەمی کۆڕ مامۆستا مەسعود محەمەد بە داخەوە نەیتوانی بەشداری چوونی ئەو وەفدە بکا .

نوێنەرانی هەردوو کۆڕ پێکەوە چوونە مۆسکۆ و لێنینگراد و باکۆ وە نوێنەرانی کۆڕی زانیاری کورد بە تەنها چوونە یەریڤان . نوێنەرانی کۆڕ بۆ هەر شوێنێك دەچوون بە دریژی باسی کار و ئەرك و پێویستێکانی کۆڕیان دەکرد و لە لێنینگراد و یەریڤان لە ئاهەنگی تایبەتیدا دیپلۆمی ئەندامەتی کۆڕیان پێشکەش بە مامۆستایان قەناتی کوردۆ و حاجی جندی و عەرەبی شامۆ کرد . هەروەها لە یەریڤان لەگەڵ نائیبی سەرۆکی کۆڕی زانیاری ئەرمینیای سۆڤێت و کاربەدەستانی دەزگای رۆژهەڵاتناسی ئەو کۆڕەدا بە دریژی باسی پرۆگرامی نوسینی مێژوی گەلی کوردیان کرد کە ئەمە چەند ساڵێکە لە لایەن کوردناسانی سۆڤێتەوە پێشنیار کراوە . نوێنەرانی کۆڕ رایانگەیاند کە وا کۆڕی زانیاری کورد لە سنوری توانایدا ئامادەیە بۆ بەشداربوون لە جێبەجێ کردنی ئەو کارە گرنگەدا . کاربەدەستانی دەزگای رۆژهەڵاتناسی یەریڤان بایەختی تەواویان بەم داخوازییەی کۆڕ دا و کانونی دوەمی ساڵی ١٩٧٤یان کردە سەرەتای دەست پێکردنی ئەو کارە کە بێ گومان کەلێنێکی زۆر گەورە لە کتێبخانەی کوردناسێدا پڕ دەکاتەوە .

کۆڕ تا ئێستا چەند جارێك هەوڵی داوە بۆ وەرگرتنی شوێنی خوێندن لە دەرەوەی وڵات ، بە تایبەتی لەو شوێنانەدا کە

کوردناسییان تێدا پێشکەوتووە[١٩] . نوێنەرانی کۆڕ لە پاریس و لە یەکێتی سۆڤێت چەند جارێك لەگەڵ کاربەدەستاندا لەم بارەیەوە گفتوگۆیان کردووە و هەروەها لە رێگەی وەزارەتی خوێندنی بەرزیشەوە داوای دۆ جێگەمان کردووە بۆ وەرگرتنی دوکتورا لە چیکۆسلۆڤاکیا .

١٠ـ بارەگای کۆڕ :

لە سەرەتای ساڵی رابوردوودا نەخشە و مەرجەکانی دروست کردنی بارەگای نوێی کۆڕ لە لایەن سەرۆکایەتی کۆڕەوە بڵاوکرانەوە و لە ئەنجامدا کۆڕ بە « سەری کلفە » ، واتە بە دەوروبەری ٩٠ هەزار دینار دروستکردنی بارەگاکەی بە ئەندازیار کاك حەسیب صالح سپارد وە تا ئێستا پتر لە نیوەی تەواو بووە و هیوامان وایە بەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ هەموی تەواو بێ . شایانی باسە سەرەك کۆمار موهیب ئەحمەد حەسەن بەکر پەیمانی داوە هەر پارەیەکی پێویست بێ بۆ تەواو کردنی بارەگای کۆڕ ئەو پێشکەشی بکا .

(١٩) چوار نێرراوی کۆڕ ئەمە ساڵێکە لە دەزگا رۆژهەلاتناسێکانی سۆڤێت دەخوێنن .

- ملخص التقرير -

خلاصة بمنجزات المجمع العلمي الكردي

العضو العامل : د. كمال مظهر احمد

عقد مجلس المجمع منذ نهاية عطلته السنوية لعام ١٩٧٢ حتى بداية مارت عام ١٩٧٤ حيث تنتهي الدورة الثالثة للمجمع ، ٥٩ إجتماعا (اما ديوان الرئاسة فانه عقد خلال نفس الفتره ١٨ اجتماعا) تم خلالها البت في عدد كبير من القضايا العلمية والشؤون الادارية وغيرها ، نستعرض بايجاز اهمها في هذا التقرير :

- إنتخب المجلس خلال العام المنصرم السادة التالية اسماؤهم كاعضاء مؤازرين في المجمع : أبو زيد مصطفى السندي ، الدكتور حكمت توفيق (رئيس جامعة السليمانية) ، شكور مصطفى ، طاهر صادق ، الدكتور عبدالرحمن قاسملو ، عبدالمجيد لطفي ، كريم شارەزا ، محمد أمين حسين (هيمن) ، محمد رسول (هاوار) ، محمد الملا عبدالكريم المدرس و نوري على أمين .
- وبالنسبة للجان المجمع فقد اعاد المجلس انتخاب اعضائها كما قام

بتشكيل عدد من اللجان المؤقتة لاعادة النظر في المصطلحات الادارية التي وضعها المجلس وذلك في ضوء الملاحظات والمقترحات التي وردت اليه . اما اللجان الدائمية للمجمع فانها استمرت في اعمالها الاعتيادية واعدت بعض هذه اللجان تقارير مفصلة تتعلق بعدد من المسائل اللغوية و بوضع المصطلحات العلميه و الادارية والخطط اللازمة لتأليف المنجد الكردي الشامل الذي يعيره المجمع اهتماما خاصا نظرا لأهميته العلمية الكبيرة .

- قام المجمع خلال العام المنصرم بنشر المطبوعات التالية :

١— العدد الاول من « مجلة المجمع العلمي الكردي » باللغتين العربية والكردية ويقع في ٧٩٩ صفحة فيكون بذلك اكبر واشمل مجلة في تأريخ الطباعة الكردية ؛

٢— الترجمة الكردية للجزء الاول من الاثر التأريخي المهم (شرفنامه) الذي وضعه المؤرخ الكردي المعروف شرفخان البدليسي في أواخر القرن السادس عشر ، وقد قام بترجمته عضو المجمع العامل الاستاذ عبدالرحمن هژار ، وتقع الطبعة الكردية لهذا الأثر مع مقدمتها في ١٠١٦ صفحة وهى بذلك تكون اكبر كتاب كردي مطبوع لحد الان ؛

٣— الجزء الأول من كتاب (حاجى قادر كويى) وهو من تأليف عضو المجمع العامل الاستاذ مسعود محمد ويقع في ٤٠٠ صفحة ومن المقرر ان تتبعه خمسة أجزاء اخرى ؛

٤— جاوان ـ القبيلة الكردية المنسية ومشاهير الجاوانيين للمرحوم

الدكتور مصطفى جواد، وقد حصل المجمع على موافقة المجمع العلمي العراقي الموقر لاعادة طبع هذا البحث الذي القاه صاحبه في حينه على شكل محاضرة قام المجمع العلمي العراقي بنشرها عام ١٩٥٦ في الجزء الأول من المجلد الرابع من مجلته ؛

٥ــ الترجمة الكردية لـ « جاوان ـ القبيلة الكردية المنسية ومشاهير الجاوانيين » وقد أنجزها عضو المجمع العامل الاستاذ عبدالرحمن هژار ، و أعاد المترجم صياغة الاشعار والقصائد الواردة في النص العربي من المحاضرة شعراً .

ولدى المجمع في الوقت الحاضر عدد آخر من المؤلفات جميعها قيد الطبع ونأمل الانتهاء منها خلال هذا العام ، منها العدد الثالث من مجلة المجمع و مجموعة مقالات لغوية للاستاذ مسعود محمد ومجموعة من ابحاث عضو المجمع العامل البروفيسور كوردوييف ترجمها الدكتور عبدالرحمن معروف الى اللغة الكردية وكتاب عن الدراسات الكردية في اوروبا وآخر عن « كردستان خلال الحرب العالمية الاولى » لصاحب هذا التقرير .

وتم خلال عام ١٩٧٣ طبع الكتب التالية بمساعدة المجمع العلمي الكردي :

١ــ اكراد الملي و ابراهيم باشا للدكتور احمد عثمان أبو بكر ؛

٢ــ المصطلحات و الكنايات اللغوية في اللغة الكردية للاستاذ صادق بهاء الدين ؛

٣ــ ديوان الملا عثمان ، حققه وعلق عليه الدكتور أمين موتابجي ؛

٤— المصادر التي فقدت معانيها ـ سبب ذلك وطرق استعمالها في اللغة الكردية للدكتورة نسرين فخري ؛

٥— لمحة عن الاكراد للمستشرق الفرنسي توما بوا وقد قام الاستاذ محمد شريف عثمان بترجمة الكتاب من نصه الفرنسي الى اللغة العربية ؛

٦— « مامه ياره » ـ مجموعة قصص للاستاذ جمال بابان .

وقام الاستاذ الشيخ معروف القرهداغي في شباط عام ١٩٧٤ بنشر الجزء الثاني من معجمه « القاموس الزراعي » بمساعدة المجمع وسبق له نشر الجزء الاول منه في عام ١٩٧٢ بمساعدة المجمع ايضا . واشترى المجمع ايضا نسخا متعددة من الكتب الكردية وكذلك الكتب الخاصة بالدراسات الكردية باللغتين العربية والكردية بقصد تعضيدها .

وقدم خلال العام المنصرم ثمانية عشر مؤلفا بنتاجاتهم الى المجمع بغية مساعدتهم في نشرها ، وقرر المجلس تعضيد تسعة منهم لطبع كتبهم .

- إستطاع المجمع استكمال بعض نواقص مطبعته خلال العام المنصرم ، كما إتخذ الاجراءات اللازمة لشراء ماكنة لتنضيد الحروف (انترتايب) و مطبعة جديدة (هايدلبرگ) وبعض اللوازم المطبعية الاخرى .

- تضاعفت محتويات مكتبة المجمع خلال العام المنصرم وهى تربو في

الوقت الحاضر على إثنى عشـــر الف كتاب . وقد اســـتطاع المجمع خلال الفترة الاخيرة جمع مجموعات قيمة من أندر الكتب في حقل الدراسات الكردية التي كانت مكتبتنا تفتقر اليها ، منها كتاب م. گارزوني الذي نشره في روما عام ١٧٨٧ ويعتبر أقدم كتاب مطبوع عن قواعـد اللغـة الكردية ومعجمها ، وكذلك بعض اجزاء كتاب ج مورگان الذي نشره في أواخر القرن الماضي باللغة الفرنسية وهو عن ســـفرته العلمية الى ايران وقد وردت فيه إشارات كثيرة وابحاث خاصـة عن الشعب الكردي وبلاده ولغته وغيرها ، ومنها ايضا بعض مؤلفات أوسكرمان المهمة عن لهجات اللغة الكردية والتي نشرها باللغة الالمانيه قبل الحرب العالمية الاولى[1] . وقد حصـــل المجمع على كتب اخرى كثيرة من هذا القبيل ، كما قام المشرفون على مكتبته باعادة تصوير عدد غير قليل من المطبوعات النادرة التي تعذر الحصول حتى الان على نسخها الاصلية . وتتبادل مكتبـة المجمع الان الكتب مع عدد كبير من المكتبات والمؤسسات داخل العراق وخارجه وهى لا تقتصر في ذلك على مطبوعات المجمع بل تلبي في بعض الاحيان طلبات بعض المؤسسات للحصول على مطبوعات اخرى وهى تبغي من ذلك توثيق صـلاتها مع اكبر عدد ممكن من مؤســـسات الاستشراق والمستشرقين في مختلف البلدان . وفي الواقـع تحولت مكتبة المجمع خلال فترة قصيرة من عمرها الى مركـز لجذب عدد

---

(١) وردت اسماء هذه الكتب وغيرها في حواشي نص التقرير باللغة الكرديه (راجع ص ٨٤٢ ـ ٨٤٣ من هذه المجلة) .

غير قليل من القراء والباحثين العراقيين والاجانب .

- إن علاقات المجمع مع المؤسسات العلمية والثقافية في البلاد ، وعلى رأسها المجمع العلمي العراقي وجامعة السليمانية ومجمع اللغة السريانية ومديرية الدراسة الكردية العامة وغيرها ، في تطور ونمو مستمرين . واشترك ممثلو المجمع في عدد من المؤتمرات والاحتفالات منها الندوة التي نظمتها وزارة شؤون الشمال — مديرية الدراسة الكردية للتداول في المشاكل والمسائل المتعلقة بالكتاب المدرسي الكردي والمؤتمر التأريخي الدولي والمؤتمر الرابع لاتحاد الادباء الأكراد ومؤتمر الجمعية العامة للفرع العربي الاقليمي للوثائق وقد القيت في عدد من هذه المؤتمرات كلمات باسم المجمع كما قدم ممثلو المجمع في ندوة الكتاب المدرسي الكردي ثلاثة ابحاث عن مشاكل الاملاء الكردي واسس وضع قاموس كردي - عربي مدرسي وسبل تطوير الكتاب المدرسي والقى ممثل المجمع في المؤتمر التأريخي بحثا عن الابعاد والملامح الاساسية لحركة التحرر - الوطني للشعب الكردي . كما قام السيد رئيس المجمع الاستاذ احسان شيرزاد بازاحة الستار عن تمثال الشاعر الكردي الكبير (حاجى قادرى كويى) في مدينة كويسنجق والقى عضو المجمع العامل الاستاذ مسعود محمد كلمة المجمع في الحفل الكبير الذي اقيم بهذه المناسبة .

وقام المجمع خلال العام المنصرم باعمال ونشاطات واتصالات من شأنها توطيد علاقاتها بمؤسسات الاستشراق والمستشرقين في الخارج .

وتلبية لدعوة خاصة وجهت اليه اشـــترك المجمع في مؤتمر الاستشراق الدولي الذي إنعقد في باريس في تموز عام ١٩٧٣ كما قام وفـد مشترك من المجمعين العلميين العراقي والكردي بزيارة خاصـة للاتحاد السوفيتي تلبية للدعوة التي وجهتهـــا اليهما أكاديمية العلوم السوفيتية ، ووافق المجلس على اشتراك المجمع في جمعية الدراسات الكردية الدولية التي تم تأسيسها بقرار خاص من مؤتمر الاستشراق الدولي بباريس ووافق ايضاً على ان يكون السيد رئيس المجمع احد نواب رئيس الجمعية المذكورة[٢] .

وفي نفس الوقت تتوطد باستمرار علاقات المجمع باعضائه خارج العراق وهم يـساهمون بشكل متزايد في تحرير مجلته وقام وفـد المجمع اثناء زيارته للاتحاد السوفيتي بتقديم شهادات العضوية الى كل من عضو المجمع العامل البروفيسور كوردوبيف في لينينغراد والعضوين المؤازرين البروفيسور حاجى جندى والكاتب عارەبى شامو في يريڤان .

- بوشر بتشـييد بناية المجمع الجديدة بجانب مقره الحالي ومن المؤمل الانتهاء منها خلال هذا العام .

* * * * * *

(٢) تم باجماع الآراء انتخاب المستشرق الفرنسي المتخصص في الدراسات الكردية الاب نوما بوا رئيسا لجمعية الدراسات الكردية الدولية .

کۆڕ و حاجی قادری کۆیی

هەتو دەوری دیار و بایەخداری شاعیرە گەورەکانمان لە ژیانی رۆشنبیری رابوردو و ئەدەبی گەلی کوردا دەزانین ، کۆڕی زانیاری کوردیش لە رۆژی دامەزراندنییەوە بە پێی توانای و بگرە زیاتریش گرنگی بەم باسە داوە و شوێنی شیاوی لە کاری رۆژانەی خۆیدا بۆ تەرخان کردووە . بە هەتو لایەکدا لە هەوڵ و کۆشش و تەقەلادایە بۆ پەیدا کردنی دیوان و دەستنوسی کۆنی شاعیرانی کورد و هەر شتێکی چاپکراویشمان لە بارەی ژیان و بەرهەمیانەوە دەستکەوتبێ لە کتێبخانەی کۆڕدا هەڵیان گرتون . هەروەها ئەنجومەنی کۆڕ بێ دواخستن بڕیاری لەسەر یارمەتیدانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس دا بۆ چاپکردنی ئەو دو کتێبەی لەسەر ناڵی و فەقێ قادری هەمەوەند داینارن . چەند مانگێکیش لەمەوبەر دوکتۆر ئەمین موتابچی بە یارمەتی کۆڕ دیوانی مەلا وەسمانی بە تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی خۆیەوە بڵاوکردەوە ؛ بە لای ئەنجومەنەوە کاری زانستی لەم بابەتە هەنگاوی پڕئەنجام و ئەرکی پێویستن بۆ

تۆژینەوەی رۆی جیـــاوازی ئەدەبی کوردی و دەرخستنی شـوێنی راستەقینەی شاعیرانمان لە ئاڵۆگۆڕە گرنـگەکانی ناوکۆمەڵ و ژیانی رۆشنبیریدا .

سەرەڕای ئەمانە ئەنجومەنی کۆژ بڕیاری داوە بەم زوانە دەست بکرێ بە راستکردنەوەی دیوان و شیعری بلاوکراوەی ژمارەیەک لە شاعیرە گەورەکانمان کە بەشی زۆریان لەبەر چەند هۆیەکی ئاشکرا تا رادەیەکی دیار بە داخـەوە شێوێنراون ، کۆژ لە سنوری تواناداً هەوڵ دەدا تۆژینەوەش لە بارەی بەرهـــەمی پڕ لە هونەرمەندی و وەستایی شاعیری وەک نالی مەزن بلاو بکاتەوە .

رۆیەکی تر لە بایەخ پێـــدانی کۆژ بەم مەیدانە بەرینەی ژیانی رۆشنبیریمان خۆی لەو کارانەیدا دەنوێنێ کە تائێستا لە بارەی شاعیری پێشەنـگی وریابوونەوەی گەلی کورد حاجی قادری کۆییەوە کردوونی . هـــەر زۆ ئەنجومەنی کۆژ بڕیاری دا ئەندامی کارا مامۆستا مەسعود محەمەد خەریکی دانانی کتێبێـکی گەورە بێ لەســـەر ژیان و شیعری حاجی نەمر و چەنـــد مانـگێک لەمەوبەر کۆژ بەرگی یەکەمی ئەو کتێبەی بلاوکردەوە و ئێستاش بەرگی دووەمی ئامادەیە بۆ چاپ[1] .

(١) هەروەک لە شوێنێـکی تری ئەم گۆڤارەدا باسمان کردووە کتێبی « حاجی قادری کۆیی » بە شـــەش بەرگ تەواو دەبێ ، کۆژ بەرگی یەکەمی لە کتێبێـکی ٤٠٠ لاپەڕەییـــدا بلاوکردەوە ، بەرگی دووەمی لەوەش لەوەڕتر دەبێ .

هەروەها کۆڕ بڕیاری داوە دیوانی حاجی بە تۆڕینەوەی تایبەتییەوە بڵاو بکاتەوە . ئەندامی کارا مامۆستا هەژار ودك نوێنەری کۆڕ لە ئاهەنگی بڕەورێی حاجی قادردا کە هاوینی ساڵی ١٩٧١ لە کۆیە کرا ، بەشدار بۆ . هەر لە سەرەتای کۆبۆنەوەکانیشیدا ئەنجومەن پێشنیاری دروستکردنی کۆتەڵێ[٢] حاجی قادری کرد و وەزارەتی شارەوانێ جێبەجێ کردنی ئەم پێشنیارەی گرتە ئەستۆی خۆی و داڕشتنی کۆتەڵەکەی لە ئیتالیا بە خالید رەحالی هونەرمەند سپارد[٣] . دوای تەواو بۆن و گواستنەوەی کۆتەڵەکە کۆڕێش دۆ لەوحەی تایبەتی بۆ دروست کرد ، یەکێکیان چەند بەیتێك و ناو و ساڵی لە دایك بۆن و مردنی حاجی بەم جۆرە لەسەر هەڵکەندراون[٤] :

« حاجی » یە شیعرەکانی وەك کاوە
ڕۆژی دێتن دەرەفشی هەڵداوە

حاجی قادری کۆیی

١٢٤٠ — ١٨٢٤ ؟ ١٣١٤ — ١٨٩٧

(٢) کۆتەڵ : بەیکەر ، « تمثال » .

(٣) شایانی باسە ئەو وێنەیەی کۆتەڵەکەی حاجی لەسەر دارێزراوە بەرهەمی خامەی رەنگین و بیرێی تیژی هونەرمەندی بەناوبانگی کورد بەدیع بابەجانە .

(٤) بۆ دەستکاریێ شێوەی نوسینەکەی بڵاوێ دەکەینەوە .

لەوحەکەی ژێرەوەشیان ئـــەم چەند بەیتەی حاجی لەســـەر هەڵـکەندراون :

ئـەم قسـەی ئێستە عەبی لێ دەگرن
ئەو دەمەش دێ زەمانی بۆی دەمرن

ئـەم بـە ئـەو ئـەو بە ئەم دەڵێ کاکە
ســـەیری قانونی حاجی چـەند چاکە

هـــەر چلـۆنێ ئیشـــارەتی فـــەرمۆ
وەك کەرامەت هـــەمۆی وەها دەرچۆ

رۆژی ٢٩ی تەشرینی دووەمی سـاڵی ١٩٧٣ لە ئاهەنگێکی گەورەدا سـەرۆکی کۆڕ مامۆستا ئیحسان شێرزاد لە کۆیە پەردەی لەسەر کۆتەڵی حاجی لادا و ئەندامی کارا مامۆستا مەسعود محەمەدیش وتارێکی بە زمانی عەرەبی بەم بۆنەیەوە خوێنـدەوە کە لە ژمارە سێیی گۆڤاری کۆڕدا بڵاوی دەکەینەوە . دوای ئەوە ئەندامی یاریدەر و سکرتێری گشتی کۆڕ مامۆستا جەمال بابان وتارێـکی لەبەر پێشکەش کرد و بە درێژی باسی بەشدار بوونی کۆڕی لە ئەرکی دروستکردنی کۆتەڵی حاجی و ڕێکخستنی ئاهەنگەکەدا کرد و بە گەرمی سوپاسی هەمۆ ئەو کەس و لایـەنانەی کرد کە لە دروستکردنی کۆتەڵەکە و پێکهێنانی ئاهەنگەکەدا بەشداریان کردووە .

دوابەدوای ئەو ئەندامی یاریدەر مامۆستا هێمن ئەم پارچە شیعرە نایابەی خوێندەوە :

دەسکەوتی خەبات

نە بلوێرژەن دەتوڕێنێ لە بلوێر
نە شۆڕەژن ورینگەی دێ لەبەر بێر

نە ناڕەناری کێژی مەشکەژێنە
نە سێرەسێری شەمقار و شەهێنە

نە بۆڕەبۆڕی مانگای تازەزاوە
نە شەلەقەشەلقی مەشکەی نیوەژاوە

نە فیتە فیتی شوانە و کاڕەیی مەڕ
نە باڵڕەی کچی چاومەست و دڵتەڕ

نە ئۆحەئۆحەکەی گاوانی باسك
نە بگرەبەردەکەی کابانی ناسك

نە کۆڕژنێ(٥) حدۆدێ ستۆکە سواران
نە خرمژنێ هەیاسەی گوێ بەگواران

(٥) کۆڕژن بە جێگەی ئەسپی قەڵەو دەڵێن .

نه قاژه‌ی ستی و چریکه‌ی باز و پەڕکۆر[٦]
نه ده‌نگی ئاسمانی و شادی شالۆر

نه گرمه‌ی هەور و هاژه‌ی ڕێژنه باران
نه سروه‌ی با و شنه‌ی سۆره چناران

که‌وی کێوی نه قاسپه‌ی ما نه سێزه
به‌ره‌و گه‌رمێن فڕیوه زه‌رده زێزه

له هێلانه‌ی خزی و بێره‌نگه سێڕۆ
ده‌ڵێی خۆشخوانی کورده، نیه‌تی ئێرۆ[٧]

* * *

گوڵاڵه و سوێسنه و خاو و که‌نێره
هەمۆ پرزه‌ن زەمان کردۆتی گێره

نه‌ماوه ره‌نگ و بۆی به‌یۆنی نواڵه
کرانه گزره مێژورد و هەڵاڵه

په‌ڕیوه سۆرگوڵ و پێخوسته سونبوڵ
ڕزیوه نۆسه‌که و خاو بۆوه پێکوڵ

(٦) پەڕکۆر = شاهەڵۆ .

(٧) ئێرۆ = زیانێکی ئێروپڕ .

گرانه دەستەچێله لاسکەگۆگەم
خەزانه ، جوانێی ناوێرێی بڵێی هەم

کەما و مەندۆك و هەڵز و لۆ پەڕیون
لە ترستی با لە ناو چاڵ و پەستیون

لە باخ و چڕ ئەوێ دار و درەختە
هەموێ زەردن لە ترستی هێرشی شەختە

چەمەن کڵبۆتەوە روخسارێ ئاڵتی
لەسەر گۆنەی وەلاچۆ دەنکە خاڵتی

« گوڵ و حاجێلەکانێ دەشتێ هامۆن »
بە جارێکی بە تاڵانی خەزان چۆن

مەلای گوندە چیا نەك شێخی ورگن
لەسەریە مێزەرێکی بۆر و چڵکن

کەوای سەوزەی لەبەر داماڵدراوە
سیواك و تەیلەسانیشی نەماوە

ج بێ نازن (ا) هەوارگەی خۆش و زەنوێر
ج ناسازن چیا و لاپاڵ و هەڵدێر

خەزانه ، بێبەزە و ناخۆش و تۆشە
مژە و زوقە و کەژەسیسە و پرۆشە

له کۆیستانێ نەماوە خـــێر و خۆشی
تەبیعەت هـــەر بینا کفنیشی پۆشی

ئیتر کەس ناگرێ داوێـنی کـێوان
له جێیان باری خەم نیشتوە له لێوان

* * *

بەڵام بنواڕە ئـــەوڕۆ شـارەکەی کـۆ
« قوبەی کشمیڕی دا بەرشەق وەکـو گـۆ »

ئـەوە پـڕ بۆ له خـــۆشی و کامرانی
« بەهـاری شـــامە ، ئەییامی خەزانی »

دەر و دیواری شـــادی لێ دەبارێ
خـەزانی خـــۆشەویستە وەك بەهـارێ

قرێـــوە و داوەت و چـــۆپی و سەمایە
گـەپ و گاڵتە و زەماوەند و هەرایـــە

تریقـــەی پیـکەنینە و چەپڵە ڕێزان
هەمۆ بەشدارێ بەزمن خاو و خـێزان

هەمۆ چاوێك گەشە گشت کوڵمە سۆرە
کەسـەر[8] لەو شـارە بێ ئازارە دۆرە

(٨) کەسەر = خەم و خەفەت ،

دەبینی تۆ ئەگەر چاوێك بگێڕی
کچی وەك دوڕ ، کوڕی جوانتر لە زێڕی
کە دەچنە داوەتی سەر مەست و دڵخۆش
فڕێدراوە پەچە و ڕوبەند و سەرپۆش
هەڵەکەوتووە بۆ کێژ و لاوان
نیە ئەوڕۆکە باختی سینە پاوان

چۆن ئەوڕۆ نەبێتە ڕۆژی جێژن ؟
چۆن خەڵکی کوڵ و کۆیان نەڕێژن ؟

لە لای ئازادیخواز و کوردی دڵسۆز
بەڕێزتر بۆ نەبێ ئەوڕۆ لە نەورۆز ؟

کە پاش ئەو دەرد و داخ و کفت و کۆیە
دەبینن کۆتەڵی حاجی لە کۆیە
دەبینن کۆتەڵی شاسواری کۆیی
کە ڕۆژێکی بە پێیان لێرە ڕۆیی

چۆن بۆ سورمە[9] نابێ خاکی شارێك ؟
کە حاجی پێی لە سەر دانابێ جارێك

* * *

(۹) سورمە = کحڵی چاو .

ئـــەوە کۆتەڵ نیـــە رەمزی نەجاتـــە
ئەوە دەسکەوتی چەند ساڵەی خەباتـــە

ئەوە رۆگەی[1] هەمۆ کوردێکی پاکە
ئەوە جێگەی نیازە ، پـــێرە ، چاکە

بوتـی صاحبـدڵانی دڵ بـــە ســـۆیە
کە ئەوژۆ پێی دەنازێ شاری کۆیـە

* * *

ســڵاو ئـەی حاجی ئەی رۆڵەی زەمانە
کە نـاوت فەخـــرێ گشت کوردێ زمانە

هەمـــۆ ژینت لە ڕێی گەلدا بەختکرد
هەتـا ڕێگەی خەباتـت بـۆ تەخت کرد

گەلێکت دێ غەریبێ و تـاڵ و ســۆێرێ
نەبۆ ســـاتێ لە خزمەت خـۆ ببوێرێ

بەگژ خـــۆمانە و بێـگانەدا چـــۆی
لە گژ دێوەزمە و دێـوانە راچـــۆی

نەترسای و نە خەجـــڵای و نەلەرزێ
چ مەشهۆرێ ، چ رۆسۆری ، چ بەرزێ

(۱) رۆگە = قبیلە .

هەمۆ شاگردی تۆن شێرن کەلامان
لە تۆ فێر بۆ خەبات قازی و مەلامان

بە دەنگی تۆ خەوڵۆ رابەڕێون
لە ترستی تۆیە دوژمن دابەڕێون

گەرای ئەفکاری تۆیە باڵی گرتن
کە وا رۆڵەی گەلت سەر یاڵی گرتن

بە ئازایی ، بە زانایی ، بە وردی
چەکتدا دەستی شۆڕشگێڕی کوردی

پەڕی دیوانەکەت گەنجە و خەزێنە
وشەی شێرینی تۆ دوژمن تەزێنە

هەمۆ پەندن قسەی ستۆك و دزێوت
وەکۆ باڵی پەرێ پاکە جنێوت

بە نرخە ، تازەیە ، بەرزە ، بە هێزە
ئەوێ فەرموت لە بارەی پیاوێ دێزە

« ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانێ
موحەقق دایکی حیزە بابێ زانێ »

کە شیعری تۆ بزاوتێ هەستان
هەمۆ سەوداسەرێ سەربەستێ هەستان

له کوردستان گەلێك شۆڕش بەپا بۆن
کۆڕی کوردی بەگژ بێگانەدا چۆن

له مێژ ساڵە دەڕێژن ئارەق و خوێن (!)
بەڵام داخی گرانم هێشتە له کوێن ؟

ئەوێستاش دەردەکورد ، نەکرا عیلاجی
ئەوێستاش کوردی کۆیله ماوە ، حاجی (!)

گەلی کوردت نەبۆ هێشتا نەجاتی
بە خوێنی لاوەکان سۆرە وڵاتی

ئەوێستاش دوژمنی لاسار و بەدفەڕ
دەکوژێ کوردی بێ تاوان و لاشەڕ

ئەوێستاش هەر دەمانکەن تیرەباران
دەنەخشێنن بە خوێن کۆڵانی شاران

ئەوێستاش گۆڕغەریب زۆرن وەکو تۆ
ئەوێستاش بێ نەسیب زۆرن وەکو تۆ

ئەوێستاش بێکەس و دۆرە وەتەن هەن
ئەوێستاش شاعیری پیر و رەبەن هەن

ئەوێستاش شیعری وردی کوردی دەڵێن
زمانی شاعیرانی باشی دەبڕن .

* * *

بـــەلام تۆ دڵنیـــابـــە پیرێ زانـــا
بناخێکی وەهـات بۆ کوردێ دانـــا

ئیتر ســـەنگەر بەتاڵ کردن مەحاڵە
ئیتر کورد و بەزین خەون و خەیاڵە

— هێمن —

* * * * * *

کۆڕ لە کۆنگرەی یەکیەتی نوسەراندا

رۆژی ۱۹۷٤/۱/۱۰ کۆنگرەی چوارەمی (یەکیەتی نوسەرانی کورد) لە بەغدا بەسترا و ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و رۆشنبیری کورد بەشداریان تێدا کرد و وتوویژ و گفتوگۆیەکی زۆریان لە بارەی گەلێك رۆی باری ئەمڕۆ و دواڕۆژی ئەدەبی کوردەوە کرد و لە کۆتاییدا چەند ئەنجام و بڕیار و راسپاردەیەکیان بڵاوکردەوە کە هیوادارین ببنە هۆی پەرەسەندن و گەشەکردنی ویژەی گەلی کورد و پێشکەوتنی ژیانی رۆشنبیریان .

یەکێك لە بڕیارەکانی کۆنگرە دەڵێ داوا لە کۆڕی زانیاری کورد بکرێ فەرهەنگێکی گەورەی کوردی بە وشە و زاراوی هەمو شێوەکانی زمانی کوردییەوە دابنێ و یەکیەتی نوسەران خۆشی ئەم بڕیارەی بە نامەیەکی تایبەتی بە کۆڕ راگەیاند .

شایانی باسە کۆڕ لە رۆژی دامەزراندنیەوە بایەخێکی زۆری بەم مەسەلەیە داوە و هەر لەو کاتەوە لیژنەیەکی تایبەتی بە ناوی « لیژنەی فەرهەنگ »ەوە دانا کە چالاکانە خەریکی جێبەجێ

گردنی ئەو ئەرکانەیە کە پێی سپێردراون . هەر کە دوکتۆر عەبدوڕڕەحمان مەعرووف دوای تەواوکردنی خوێندن گەڕایەوە نیشتمان لە کۆڕ وەک پسپۆڕ لە فەرهەنگ دانا[1] دامەزرێنرا و هەموو ئەرکی ڕێکخستنی فەرهەنگەکەی لە ڕوی زانستییەوە پێ سپێردرا و هەر مەرجێکیش بۆ ئەو کارە پێویستە بەپێی توانا بۆی جێبەجێ کراوە و دەکرێ . تا ئێستا زوربەی هەرە زۆری ئەو فەرهەنگە کوردییانەی هەن خراونەتە سەر کارتی تایبەتی و کەرەسەیەکی زۆرمان هەر بۆ ئەم مەبەستە کۆکردۆتەوە و کەڵکێکی زۆریش لە ژمارەیەک کوردیزانی باشی خەڵکی ناوچەی جیاوازی کوردستان وەردەگرین و بە نامەش پەیوەندیان لەگەڵ چەند شارەزایەکی دەرەوەدا بۆ ئەم مەبەستە دامەزراندووە[2] .

بێ گومان دانانی فەرهەنگێکی گەورەی کوردی ئەوندەی کارێکی گرنگ و بایەخدارە ئەوەندەش زەحمەت و پڕ تەنگوچەڵەمەیە و پێویستی بە کاری ورد و بێ وچانە ، ئەوەی کۆڕیش تا ئێستا لەم مەیدانەدا کردوویەتی بناغەیەکی باش و پتەوە بۆ جێبەجێ کردنی

(۱) نامەی دوکتۆری د. عەبدوڕڕەحمان مەعرووف لە بارەی مێژوی فەرهەنگدانانی کوردییەوەیە .

(۲) هەموو ئەم ڕاستیانەمان لە نامەیەکی تایبەتیدا نارد بۆ یەکبەتی نۆسەران کە بۆ گومان بابەخدانی بە کاری وەک دانانی فەرهەنگی یەکگرتوی کوردی چێنی نەقدیر و شایانییە .

ئەو ئەرکە گرنگە کە هیوامانە چەند لە تواناداا بێ ئەوەندە زۆ وەك دیارییەکی نوێی کۆڕ پێشکەش رۆشنبیری کورد و زانا و رۆژهەلاتناسانی بکەین .

کۆڕی زانیاری کورد یەکێك بۆ لەو دەزگایانەی باگ کرابۆن بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتی نوسەراندا و ئەندامانی کارای مامۆستایان مەسعود محەمەد و کەمال مەزهەر لە یەکەم کۆبۆنەوەیدا بەشدار بۆن و یەکەمیان بە ناوی کۆڕەوە ئەم وتارەی پێشکەش کرد :

رۆشنبیران ، ئەدیبان ، نوسەران !

هەرچەند کۆنگرەتان بە ناوی یەکیەتی نوسەرانەوەیە ، بەڵام من بڵێم و نەڵێم لە خۆوە دیارە نوێنەری رۆشنبیری و ئەدەبی هەمۆ کوردە .. کوردێك بیەوێ لەم هەڵومەرجەدا پیرۆزباییتان لێ بکا دەبێ پیرۆزبایی لە خۆی بکا و ئەم دەستەی دەستەکەی تری بگوشێ : هەر ئەم باوەڕ بە خۆکردنەم وام لێ دەکا لە بەرگی مێوانەتی و نەریتی بانگهێشتن دەرچم و لەم کورتە گوتارەمدا ، بێپەروا وەك خاوەن ماڵ لە پەراوێزی خۆش ئامەدێ و موبارەك بادییەوە هەنگاو هەڵێنم بۆ ناو هەنگامەی کۆنگرەکە خۆی و بڵێم بێین و عینوانی کۆبۆنەوەکەمان ، کە بە ناوی نوسەرانەوەیە ، وەك رۆپۆش بەسەر هەمۆ مەبەست و واتا و ئاوانەکانی کۆنگرەدا دادەبنەوە عینوانەکە

لە تەکیاندا گەلێك کورت دێنێ و خۆی چۆك دەنوێنێ ، تەنانەت ئەگەر بایەتی تێهێنانەوەی تەوازوعیشی بخەینەوە سەر هەر کورت دێنێ و خۆ چۆك دەنوێنێ چونکە ناوەرۆکی کۆنگرە یەکجار بەر فراوانترە لە واتای تاکە وشەی « نوسەران » بە هەمو هێمای ئاشکرا و نهێنیشیەوە : ئەم کۆنگرەیە سەرەڕای گرتنە باوەشی نوسین و ئەدەب کە چرای بەرهەنگاوی پێشکەوتنە ، بارەش بە ئومێدێکی گەورەی تری کوردیشدا دەگرێ لە یەك بۆن و یەك چۆنی رۆڵە ژیرەکانی کە نەوتی چراکەیە . ئەگەر رۆشنبیری و ئەدەب و نوسینی یەکنەگرتو ماکی لەبەر یەك هەڵوەشانی میللەت بێ ، لە نوقتەی بەرامبەردا ، رۆناکی بیری گەش و هێزی یەك بۆنی ئەدیبان و نوسەرانی کورد لە ئێستا و دوارۆژدا بارستی پڕ شەرافەتی کۆنگرەیە ، خۆشتی و سۆز و پەرۆش و شانازی ئێمەش مۆسیقای ئاهەنگە ، ئارایشتی تابلۆیە ، گوڵ و گوڵاڵەی سروشتە ، نوقڵی شادییە ، شاباشی زەماوەندە . من هەستی بە خۆنازینم پتر دەبێ کە خامەم وەك بولبوڵ لە باغی ئەدەبی تازەی کورددا چەهچەهەی بێ ، بە نەمامە نوێکانیدا هەڵڵێ . هۆش و گۆشم بە چەژی مێوە نەوڕەسەکانی فراژوتر دەبێ ، پشت ئەستورتر دەبم بە دیتنی پەرژینێکی مەحکەم لە دەست و خامەی پڕ تێن و تەوژم بە دەوری کێڵگەی ئەدەب و زانستمانەوە .

شوانێکی وەك یەکیەتی نوسەرانم هەبێ دڵنیام بێچوە ساوای بەرهەمی مێشك و دڵی رۆشنبیرانمان لە رانی تێکڕای سامانی کورد

دانابڕێ ، ددان و چنگاڵی دڕندەی ناحەزی ناگاتێ ، کەلەبەریش ناکەوێتە کۆڕی سالانەی هەتا هەتاییانەوە .. نەزۆکتی لە ڕۆشنبیرێ کورددا دەبێتە گوتەیەکی ئەفسانە .

چەند خۆشە بەدوا شەوەزەنگی لە مڕۆ کۆنتری کلۆڵیانەوە خۆم لە نێوان چەندین مۆمی بێئەژماری تریفەداری نوسەرانی کورد دەبینمەوە . خۆشتریش ئەوەیە لەم گۆڕەندەی ڕۆناکییەدا ڕێم هەیە بە دڵخـــوازی خۆم لە ڕۆشنەی ئەم کۆنگرە پڕ هێز و پێزەی کوردایەتییەوە سەیرێکی ڕۆژەڤی دەور و پشتی خۆمان بکەم و چاوێکی جیهان بێن هەڵێنم . دەمەوێ لەم هەڵکەوت و هەلوەستە کورتەمدا بەرەو ڕۆژگارێکی تێپەڕیوی ڕۆشنبیرانی کورد بنوازم و هەڵکشێمەوە بۆ سەرەتاکانی سالانی ١٩٤٠ ... دێمەنی ئەوان سالانە بە قەدەر ئێستا لەبەر چاومە ، جوجۆڵی گەنجانی ئەوسای کورد هێندەی خەونێکی دوێی شەو لەسەر پەردەی مێشکم دەلەرزێتەوە . خەریکم بە ســـەری پەنجان هەســت بە تارمایی ڕۆشنبیرانی ئەو ڕۆژگارەمان بکەم تاك و توك و سـڵ کردوو لە دەربۆنەی تاریکەوە تێدەکشێن بەرەو یەکێك لە کۆبۆنەوەکانیان . هەندێکیان وەك تاوانبار کە بیەوێ چاوی پۆلیس و چنوڵ لە خۆی هەڵزەلێنێ ، بە هەنگاوی زاهیر لە خۆڕازی سێبەری گومان لە ڕۆیشتنیان دەڕەوێننەوە و بەسەر شەقامی زیرەکتی و ئازایی خۆیاندا دڵێرانە بۆ جێژوانی پڕ ترس و لەرز دەڕۆن ... ئەم قارەمانە بچوکە سڵ کردوانە

گۆیا ئاهەنگێکی نەورۆز بەرپا دەکەن و یادی کورد و کوردستان لە رەگی گیا و گوڵی بەهارێکی نۆژەندا دەڕوێنن ... بیلال بۆن لە کۆلەکەی سەدەی بیستەمدا بانگی مافی کوردیان لە سروودی « ئەی رەقیب »ەوە بۆ بەر گوێچکەی نەبیست و نەسەلێنی زۆر و ستەمی گێنتی هەڵدەدا .

با لە چاو قوچێنێکدا تل بدەینەوە بەو دەیان ساڵەی میانی ئەوسا و ئێستامان و لەم کۆنگرەی سەرەتای ٩٧٤ەدا هەڵچەقینەوە .

بە پێچەوانەی سەرەتاکانی ٩٤٠ ، کە هاتین بە هەنگاوی لەرزۆك و بەناو ترسی پۆلیس و چغولدا نەهاتین : لە ژێر سێبەری یاسا و بەناو شەقامی مافی باوەڕپێکراوی کوردا گوزەرمان هێنا بۆ ئەم کۆنگرەیە ... هەندێکی کۆبۆنەوەشمان ئەرك و فەرمانە بەشی زۆرتری وەك پشوی حەسانەوە وایە .. گوتار بێژی ئەم کۆنگرەیە لە جیاتی کۆت و بەندیخانەی ١٩٤٠ رەنگە ئافەرین و هەڵدانەوەی بۆ بێ لە رۆژنامە و گۆڤارانەوە .

بەڵێ بێگومان کە ئیمڕۆ و دوێنێمان بە یەکدی بگرین ماوەمان بڕیوە بەرەو پێشەوە ، ماوەیێکی کەمیش نا ، بەڵام رەوا نیە شێرێنی ئاهەنگ و زەوقی زەماوەند سوێرێ و تاڵی عارەق و فرمێسك و خوێنی قوربانیەکانمان لە بیر ببات‌ەوە : تا من و تۆ گەیشتینە حاڵێك کۆڕێنی بکەین لە کۆبۆنەوەیێکی کوردپەروەرانەدا بایێ هەزار هێندی مەرەکەبی گوتار و رۆژنامە و نامێلکە و گوڤاری سەر بەم کۆنگرەیە خوێنی

رۆڵەی کورد رژاوە ، هەزار هێندەی زریق و زاقی ئەم ساتە و هەموو ساتێکمان شێوەن و گرێنی دایکی کورد تەزوێ بە دڵماندا هێناوە ... میللەتی کورد نرخی پێشەکی بە زیادەوە داوە لە بری مافی باوەڕ پێ کراوی ، لەم گوتەیەشدا ج مەبەستم جۆڵاندنەوەی دەماری تۆڵەساندنەوە نیە چونکە هەموومان دڵخۆشی زۆرمان بەو ئومێدەیە کە ئاشتی و هێمنی لە هەرێمی کوردستان و سەرانسەری عیراقدا دروشمێکی جاویدان و نەمر بێ و گەلی کوردیش هەر ئەو برایە بێ لە نێوان براگەلی نەتەوەکانی عیراق کە وەکو پەنجەی دەستان تێکڕایان خەریکی بەرەوپێش بردنی سۆزی چەرخەکانی مێژوون ، مەبەستم ئەوەیە ، نەخێر فەرزە لە سەرم بڵێم : ئەو مافانەی کورد لە رێی خەباتێکی پڕ ئەرك و نەفەسبڕەوە دەردەستی کردوون ، دەس کەوتی ئەوتۆ نین زەرفیشیان ئەوە نیە بە غەیری یەکیەتی دەس کەون وە یا بپارێزرێن . لەو روەوە ج کوردێك رێی نیە ، راستییەکەی حەددی نیە ، بە دوبەرەکی و ریز شلۆقاندن بیان شلۆقێنێ . کوردێك حورمەتی خۆی بگرێ ئینجا هی خەباتی میللەتەکەی و شەرمێك بکاتەوە لە عەرەق و فرمێسك و خوێن ، خۆی دەتوێنێتەوە بەر لەوە بێری بڕوا بۆ بۆنە لەمپەر لەبەر پێ و هەنگاوی میللەتەکەی . لێرەدا قسە لەگەڵ هەموو کوردێکە و بەرامبەر هەموو مەیدانێکە ، کە بمانەوێ بچینەوە ناو جغزی عینوانی کۆنگرە و رۆی قسە لە نوسەرانی کورد بکەین

بە بیر ئەوان و خۆمانیش دێنمەوە کە هەموومان لە ژێـــر دروشمی یەکجار پیرۆزی « یەکیەتی » دا کۆبوینەتەوە ، لە هەمو بەرژەوەند و ستودێـکی مایەیتی و گوزارەیتی وا بێنین خۆ دەبێ لەگەڵ ئەو دروشمەدا گونجاو بێن . من لە جیاتی کۆڕی زانیاری کورد دەستی یەکیەتی و برایەتی و هاریکاری بۆ هـەمو رێك خراوێـکی کورد دڕێژ دەکەم بەڵێنیش دەدەم لەو رەوشتەی واز نەهێنێ کە لە پاداشی هەر تیر و توانجێـکی رەوا و نارەوا تێی بگیرێ ، یەك دەستەگوڵی سـۆز و خۆشویستن پێش کەش بکا بەو پەڕی خۆ لە بیرکردنەوە چونکە لەو باوەڕەدایە :

سەرەتای ئیش هەمو یەك بونـە ئەویش نابێ هەتا
هـەر برینێ کە لە دڵدا هـــەیە سارێژی نەکەی

* * * * * *

لە بارەی
لیستەی یەکەمی (زاراوی کارگێڕی) یەوە

پتر لە صەد لایەڕەی ژمارە یەکی گۆڤاری کۆڕ بۆ لیستەی یەکەمی (زاراوی کارگێڕی) تەرخان کراوە و دەوروبەری هەزار و پێنج صەد زاراوی تێدا بڵاوکراوەتەوە[1] کە بەرهەمی گەلێك کۆڕبۆنەوەی ئەنجومەنی کۆڕن. هەر لەوێشدا وتومانە :

« زۆر بە گەرمی داوا لە مامۆستا کوردە دڵسۆزەکان دەکەین بە وردی سەرنجیان بدەنێ و لێیان بکۆڵنەوە و بیری خۆیانمان لە ماوەی شەش مانگدا پێ رابگەیێنن بۆ ئەوەی ئەنجومەنی کۆڕ بتوانێت بە شێوەیەکی باشتر دوا بڕیاری خۆی لە بارەیانەوە بدات » . هەروەها « هیچ دۆڕیش نییە گەلێك زاراو هەبن ئێمە هەستمان پێ نەکردبن و لە هەندێك لەم زاراوە پێشنیارکراوانە باشتر بن ، لەبەر ئەوە تکا لە هەمۆ برایەکی کوردی خوێندەوار دەکەین ، بە تایبەتی ئەو مامۆستایانەی لە ناوجەرگەی لادێکاندا کار دەکەن ، دەستی

(١) بڕوانە : « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، ١٩٧٣ ، ل ٤٢٣ - ٥٢٥ .

یارمەتیمان بۆ دڕێژ بکەن و هەر پێشنیارێکیان هەیە بە زۆترین کات پێشکەشمانی بکەن »[٢] .

ئەم داوا گەرمەی کۆڕ و زاراوەکانی دەنگێکی باشیان لە ناو شارەزا و خوێندەوارانی کوردا دایەوە و خامەی زۆریانیان بزواند و بەرهەمی بایەخدارتی ئەمەش بریتی بۆ لە گەلێك وتاری بەکەڵك کە لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرانەوە[٣] جگە لەو نامانەی یەکسەر بە کۆڕ خۆی گەیێنران . تەنانەت برایەکی رۆشنبێری دۆرولانی وەك کاك نەوشیروان مستەفا لە ڤیەنەوە وتارێکی درێژی لە بارەی زاراوەکانی کۆڕەوە ناردبۆ بۆ رۆژنامەی رازاوەی « هاوکاری » و بەم شێوە جوانە داواکەی کۆڕی نرخاندبۆ :

« ئەوی راست بێت من بەش بە حاڵی خۆم ئەم پرس بە خەڵکی .... و ئاوڕڵێدانەوەیە بە دەسپێشکەرێکی مەزن و بە مژدەدەری پاشەرۆژێکی رۆن و پڕکاری پوخت و بە کەڵك بۆ کۆڕی زانیاری کورد لە قەڵەم ئەدەم »[٤] .

ئەم بەرەوپێرچۆنە گەرمەی رۆشنبێری کورد مایەی خۆشی و جێی شانازییە بە تایبەتی چونکە کەم و زۆر گومان لەوەدا نییە کە

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٢٢ ـ ٤٢٣ .

(٣) بە تایبەتی لە « هاوکاری » و « زین » و « برایەتی » دا .

(٤) « هاوکاری » ، ژمارە (١٧٧) ی رۆژی ٢٧ ی تەموزی ١٩٧٣ .

هەستی خاوێن و دڵسۆزی بێگەرد جوڵێنەر و هاندەری بەرودوای هەموو ئەو برا بەڕێزانەن کە بیری خۆیان لە بارەی لیستەی یەکەی زاراوی کارگێڕی کۆڕەوە دەربڕیوە . ئەنجومەنی کۆڕیش هەر لەو رادەیەدا بایەخی پێدان و بە پێی پێویست کەڵکی لێ وەرگرتن و بۆ ئەم مەبەستە بەر لە هەموو کارێك لێژنەیەکی تایبەتی لە ژمارەیەك ئەندامی کارا و یاریدەری خۆی دامەزراند کە بە وردی لە هەموو ئەو پێشنیار و رایانە کۆڵییەوە کە لەو وتار و نامانەدا تۆمار کرابوون ، ئەویش پوختەی کارەکانی خۆی لە راپۆرتێکدا پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆڕ کرد .

بێگومان مەرج نییە هەموو یا زوربەی ئەو پێشنیارانەی لە بارەی لیستەی یەکەی (زاراوی کارگێڕی) یەوە پێشکەش کراون راست بن یان خاوەنەکانیان لە بیروڕایاندا لەگەڵ یەکتر گونجا بن . هەر بۆ بەڵگەش وا لێرەدا چەند نموونەیەکی کەم دەخەینە بەر چاو :

یەکێك لەو برا بەڕێزانەی بە نامە بیروڕای خۆی بۆ ڕاگەیاندوین ڕەخنەی لێگرتوین - راستێکەی کەمێکیش بە تونديی - کە بۆچی ئێمە وشەی « وەزیر و وەزارەت » ی عەرەبیمان وەرگرتووە و « شالیاری » پەتی خۆمانمان فڕێ داوە ! . هەرچەندە زوربەی ڕۆشنبیری کورد دەزانن کەی و بۆچی و چۆن وشەی « شالیار » هاتە کایەوە ، دەڵێین : « وەزیر » و « وەزارت » عەرەبی نین ، عەرەب خۆیشی دانی بەمەدا ناوە و دەڵێ لە ڕێگەی زمانی فارسییەوە

تێکەڵی زمانی عەرەبی بووە ، جگە لەوە وشەی وەزیر لە هەمتو قوژبنێکی کوردستان و شێوەکانی کوردیدا باو و بڵاو و بەکار هێنراوە .

بەرامبەر بە « محیط هندسي » کە کۆڕ (پەراوێز)ی بۆ داناوە ، دوو پێشنیارمان بۆ هاتووە : (چێـــوە) و (شیانە) کە بـــە لای ئەنجومەنەوە هیچ کامێکیان بۆ « محیط هندسی » دەست نادەن ؛ بە وێنە (چێو) خۆی مانای (دار)ە و بەو جۆرە (چوارچێوە) چواردارە دەگرێتەوە ؛ بۆ (پەراوێز)یش هیـچ مەرج نییـە تـەنها دامێن بگرێتەوە . بەرامبـەر بە « مستوی »ش دوو پێشنیارمان بۆ هاتووە : (ڕێك) و (ریزە) ، بەڵام بەلای ئەنجومەنەوە (ڕێـکار) باشتر و گونجاوترە ، بە وێنە ناتوانین بڵێین (ڕێـکی یان ریزەی ژیان) ، بەڵام (ڕێکاری ژیان) بڵێ بەپێستی « مستوی المعیشه »یە ، جگە لەوەی وەك زاراوێکی « هندسی »ش دەست ئەدا .

سـێ نمونەی تر : بۆ « مستعیر » کە کۆڕ (خوازەر)ی بۆ داناوە (خـوازەڵۆك)مان بۆ هاتووە ، بەڵام بـە لای ئەنجومـەنەوە (خوازەر) کە بە ڕوونی ئەو کەسە دەگرێتەوە شـتێك (بخوازێ) لە (خوازەڵۆك) باشترە کە بە سوکایەتی بەو کەسە دەگوترێ بێ وێزە شت دەخوازێ ، وەك ئەوەی دەڵێن (ئافرەتێکی خوازەڵـۆکە) . بۆ «موقف السیارات» یش کە کۆڕ (مۆڵـگە)ی بۆ داناوە (هەوێز)مان بـــۆ پێشنیار کراوە ، بەڵام بە لای ئەنجومەنەوە زاراوەکەی خۆی لەو مەبەستە نزیکترە چونـکە (هەوێز) بەو شوێنە دەگوترێ کە بە

شەو مەژی تێدەکرێ ، بەڵام (مۆڵگە) جێگەی وەستانی وڵاغە . بۆ « مراقبة » ش (زێرەوانێ) مان بۆ هاتووە هەرچەندە (زێرەوان) تەنها بە مانای حەرەسی گۆڕ و گۆڕستان دێت .

ژمارەیەك مامۆستای بەڕێز لە نامەکانیاندا دەڵێن نابێ فەرهەنگی مامۆستایانی وەك تۆفیق وەهبی و خاڵ و مەردۆخ و کوردۆیێف و ئەوانی تر بکرێنە « داردەست » و بەڵگە بۆ دانانی زاراو . بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە ناچارین بە چەند دێڕێکی کەم ڕێبازی کۆڕ لە هەڵبژاردن و داتاشینی زاراودا بخەینە بەر چاو(٥) :

بەر لە هەموو کارێك ئەو زاراوە عەرەبییانەی(٦) بە پێویست دەزانرێن کۆدەکرێنەوە و بە ڕیز دەخرێنە بەردەمی ئەنجومەن کە ئەندامانی زۆر بە وردی یەك لە دوای یەك لێیان دەکۆڵنەوە ، واش بووە سەعاتێك وتوویژ و گفتوگۆ لەسەر وشەیەك کاری بە ئەنجام نەگەیاندووە . بۆ هەر وشە و زاراوێك ئەندامانی ئەنجومەن بێر لەوە دەکەنەوە ئاخۆ لە شێوە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا ، یا لە ناوچە کەلا و دۆرەکانی کوردستاندا یا لە ناو هۆز و تێرە کوردەکاندا چی بەکار دەهێنن ، لە بەیت و بەندی باودا ، لە پەندی

(٥) هەر لەم بارەیەوە چەند شتێکمان لە زمارە یەکی گۆڤاری کۆڕدا بڵاوکردۆتەوە (بڕوانە ل ٤١٩ ـ ٤٢٣ ی ئەو زمارەیە) .

(٦) چونکە خوێندەواری کوردی عێراق عەرەبێ لە هەموو زمانێکی تر باشتر دەزانێ .

پێشنیاندا ، لە وتەی شاعیراندا چیان هەن دەست بدەن و دوای ئەوەی بیری ئەندامان لە بارەی وشە یا زاراوێکەوە ڕوون دەبێتەوە سەیری ئەو فەرهەنگانەش دەکەین کە خاوەنە بەڕێزەکانیان جێی بڕوان و کارەکانیان بەرهەمی زانین و پشکنین و شەونخونین ، جا ئەگەر بیری ئەوانیش وەك بڕیارەکەی ئەنجومەن بۆ دەیکەینە بەڵگە و یاریدەری قسەمان .

ئەنجومەنی کۆڕ بە وردی لە چەند کۆبۆنەوەیەکیدا لە ڕاپۆرتی لێژنەکە کۆڵییەوە و ئەو ئاڵوگۆڕانەی بە پێویستی زانین لە بەشی یەکەمی زاراوە بڵاوکراوەکانی کۆڕدا کردنی و وا لەم لیستەیەی خوارەوەدا بڵاویان دەکەینەوە . بەم بۆنەیەشەوە زۆر بە گەرمی و پڕ بە دڵ سوپاسی ئەو برا بەڕێزانە[7] ئەکەین کە دڵسۆزانە لە زاراوەکانی کۆڕ کۆڵیبۆنەوە و هیوامانە لەمەودواش هاریکاریمان لەگەڵ بکەن تاوەکو لە توانا و بەرهەمیان بێبەرێ نەبین .

---

(٧) ئەم برایانە لە ڕێگەی وتار و نامەوە بیری خۆیان لە بارەی زاراوەکانی کۆڕەوە دەربڕیبۆ : صەلاح سەعدوڵلا ، حامیدفەرەج ، تاهیر صادق ، نەوشیروان مستەفا ، محەمەد مەولوود (مەم) ، شێخ مارف قەرەداغی ، عەبید ئەحمەد حەسەن ، بەدرخان سەندی ، عەزیز گەردی ، محەمەد ئەمین عوسمان ، جەمال عەبدول ، جەلال مەحمود عەلی ، جەمال محەمەد ، غەفوور ڕەحیم ، محەمەد کەریم شەریف ، ئەندازیار جەلال مەدحەت خۆشناو و چەند برایەکی بەڕێزی تر .

زاراوی عەرەبی	دەبێتە :	تێبینی
إبداع	جوانکاری	
إتحاد	یەکەتی	بەو جۆرە لە گەڵ دەستوری زمانی کوردیدا دەگونجێ ئەگینا (یەکێتی) دەبێ لە (یەکی)یەوە وەرگیرابێ .
إحراقیه	ئاردۆ	لە ناو کرمانجیدا بەو جۆرە باوە ؛ لە سۆرانیدا دەگوترێ : ئاوردۆ ؛ ئاوردۆ لە (سوتەمەنی) ستۆکترە .
إحضار	هێنان	وانە بۆ هێنانی یەکێك ؛ (ئامادەکردن) بۆ « تهیئة » و « تحضیر » بەکار بهێنرێ .
أخلاق	ئاکار	(رەوشت) مانای « سلوك » و « سیرة » دەبەخشێ .
إدخار (عملیة الادخار)	پاشەکەوتی	(پاشەکەوت) « المبلغ » یا « المقدار المدخر » دەگرێتەوە .
إذاعة	ئیستگە	
ـ إذاعة (الخبر أو النشرة)	بەلاڤ	کرمانجییە ، لە سۆرانیدا (بلاّو)ە .
إرتفاع	بەرزی ، بەژن	راستە (بەژن) مانای (قەد)ەو (بەرزی) « إرتفاع » ، بەڵام جاری واش هەیە یەکەمیان بۆ هەمان مەبەست بەکار دەهێنرێ ، وەك (بەژنی شاخ) ؛ (بەرزی) وەك زاراوێکی ئەندازیاری جێگەی « علو » وانە=

=« Altitude » و (بەرز)یش
جێگەی « Height » دەگرێتەوە .

إستثناء (عملية الاستثناء) هەڵاواردن « Exception » . دەڵێن : بۆ لە هاوڕێکانی خۆمم هەڵداوێرێ ؛ مەردوخ (هەڵهاوردن)ی بەکار هێناوە (بڕوانە : « فرهنگ مردوخ » ، جلد ـ١ـ ، ل٥٣)؛ (جگە لە) بۆ « باستثناء » بەکار بهێنرێ ؛ بۆ « إستثناء من القاعدة » دەتوانین بڵێین : لە دەستوور هەڵئاوێردن .

إستثناء من القاعدة لە دەستوور هەڵئاوێردن بڕوانە : « إستثناء ـ عملية الاستثناء ـ » .

إستعاره خوازینەوە

إستقطاع بڕێن نەنها لە رستە و شوێنی بێویستدا (دا) و (لێ)ی بخرێتە سەر ، وانە بکرێتە (لێ بڕێن) و (داهڕێن) .

إستهلاك (إستهلاك الشخص الشيء) تێ بردن

إستهلاك (أيلولة الشيء الى الاستهلاك) تێچوون

إسطوانة	لۆله	له رۆی ئەندازیارییەوە (لۆله) له (کۆڵەکه) زیاتر دەگونجێ ؛ مەرج نییه (لۆله) هەموو کات بۆشی تێدا بێ ـ به ئەسپێندار دەگوترێ : ئەو داره لۆلەیه ...؛ بۆ «انبوب»یش دەتوانین (بۆڕێ) بەکار بهێنین .
الاضبارة الشخصية	دۆسیەی کەسێ .	
إطفائية	ئاگرمرێنێتی	له کرمانجیدا دەڵێن : ئاگری وەمرێنە .
ـ إطفائی	ئاگرمرێن	
اعلام الزوجية	مارەنامه	له (بەڵگەی خێزانی) سوکتر و به ماناتره .
إقرار (إعتراف)	دانپێدانان	
البان	ریچاڵ	له بادینان به هەمو بەرهەمەکانی شیر دەگوترێ .
انبوب	بۆڕێ	
إنقراض	قڕ بێ کەوتن	
بدالة (تلفون)	بگۆڕ (تەلەفون)	
تضامن	هاوئەرکێتی	
ـ متضامن	هاوئەرك	
تعشية (معاملة)	رابیکرن	

جدارة	شیاوتی	مامۆستایان تۆفیق وههبی و ئەدمۆنس هەمان وشەیان بەکار هێناوە (T.Wahby,.. P.139).
ـ جدیر	شیاو	
جملةً (بالقطع)	سەرپاك	« Lumpsum » ؛ دەتوانین بڵێین : سەرپاکی کارەکە درایە فلانە قۆنتەراتچی...
حفار (للشخص)	هەڵکەن	
ـ حفارة (للالة)	کۆلینك	
حفلة (غنائیة او موسیقیة أو راقصة)	ئاهەنگ	مامۆستایان تۆفیق وههبی و ئەدمۆنس بۆ هەمان مەبەست بەکاریان هێناوە (T. Wahdy, ... P. 2).
ـ حفلة (Party)	بەزم	
ـ حفلة تأبین	پرسە	مانا کەی فراوان کراوە، (پرسە) لە ئەسڵدا بۆ ئەعزێ بەکار دەهێنرێ ؛ دەتوانین بڵێین : پرسەی چلەی فلانە کەس... وانە جێگەی بەزم.
ـ قاعة الاحتفالات	بەزمگە	
دائرة مکافحة الحشرات	فەرمانگەی قڕێ گەزندە	
دائرة (هندسیة)	جغز	
دایة (للاشجار)	نەمام	بڕوانە : « شتل ».
دفتر النفوس	سەرنامە	وانە (خۆنامە) کە لابرێ.

دقيقة	دەقە	
دولة	دەوڵەت	هەموو کوردێک دەیزانێ و لە (کیشوەر) زۆر باوترە .
الرياضة البدنية	وەرزش	واتە وشەی (تەن)ەکەی لابېرێ .
سائق	هاژۆ	لە زۆر ناوچە دەڵێن : ولاّخەکە بێـاژۆ ؛ لە موکریان دەڵێن : هێسـتر هاژۆیـە ؛ (هاژۆ) لە کرمانجیدا باوە .
سايلو	سایلۆ	(سـایلۆ) وشەیەکی ئیسپانییە و زوربـەی زمانـانی تر لەوەوە وەریانگرتووە .
سجين	بەندی	
سداد	دەمەوانە	« Topcover » ؛ (بشك) یش بۆ « مسداد » « Plug » بەکار بهێنرێ .
سريع	خێرا	
السلامة الشخصية	گیانپارێزی	
سماعي	ژنەوتە	لە گەرمیان باوە ؛ (ژنەفتە) ش هەیە .
شاعر	شاعیر	(هۆنەر)یش بکرێ بە « ناظم » .
شتل	شەتڵ	بڕوانە : « دایـرة » .

صلصال	قوڕەچەورە	مەبەست لەو قوڕەیە کە « سیرامیك »ی لێ دروست دەکرێ .
قرار	بڕیار	
قطیع	گاڵان	
ماشیة	وڵسات	لە خۆشناوەتی و باڵەکایەتی لە ناو بڵباس و زۆر شوێنی تردا بەکار دەهێنرێ ؛ (وڵسات) لە (گاڵان) زۆرترە و ئەمیان بەشێکە لەویان ؛ (گاڵان) دەتوانرێ بۆ « قطیع الماشیة » بەکار بهێنرێ .
متقاعد	دانیشته	قیاس لەسەر : ڕۆکەوتە ، بەکەوتە ...
مجسم	بارسدار	(بارست) بۆ « حجم » دانراوە ؛ بۆ ئاسان کردن لە (بارستدار)ەوە کراوە بە بارسدار .
محل الاستعارة (مکان الاستعارة)	خواسگه	
مخصصات	سەرمزە	(مز) بۆ « اجرة » بەکار دەهێنرێ .
مراسل	پاکار	
مستعجل	بلەز	(لەز) لە ناو کرمانجدا باوە ؛ ماموستایان تۆفیق وەهبی و ئەدمۆنس بۆ هەمان مەبەست=

(T. Wahby,... =بەکاریان هێناوە.
P. 84)

مستل	دەرکشاو
مسح (عملية المسح)	ڕۆپیوان
مسداد	پشك « Plug » .
معار	خوازراو واتـە وەك « مسـتعار » ی لێ بکرێ .
مقدرة	توان چونکە (توانایی) لە (توانا)وە وەرگـیراوە و بـەو جـۆرە « القادرية » دەگڕێتەوە ؛ دەڵێن : تێن و توانی هەیە . .
مقيم	نیشتەجێ
ـ طبيب مقـيم	پـزیشکی نیشتەجێ
ـ مهندس مقيم	ئەنـدازیاری نیشتەجێ
مكافحة (الامية ، الاستعمار ...)	بەربەرەکانێ
مكافحة (الحشرات)	قڕ چونکە (قڕان) تەنها بۆ زیندوو بـەکار دەهێـنرێ ، دەگـوترێ : قڕانیان خستە بەرازێ ئەو ناوە ... ، دەتوانین بـۆ (دائرة مـكافحة الحشـرات) بڵێین : فەرمانگـەی قڕی گـەزندە .

مكبرة (عدسة)	زەڕەبێن	زۆر باوە .
منظم	ڕێکخەر	
ميكروسكوب	هوردبێن	لە هەولێر (هورد) و لە ناو کرمانجدا (هۆر) بەکار دەهێنرێ .
ناظم	هۆنەر	
نثرية	وردەخەرج	
نداء	گاس	(گاز)یش بەکار دەهێنرێ ، بەلأم بە مانای « عض »یش دێ ؛ (گاس) لە دەشتی هەولێر باوە .
نقالة (المرضى)	دارەبەست	لە لادێ دەڵێن : بریندار بۆ و دارەبەستیان بۆ کرد ...
نقالة (يدوية — للحاجيات)	دەستەبەرە	

* * * * * *

لیستەی دووەمی زاراوەکانی کۆرۆ

ئەنجومەنی کۆرۆ خۆی بە بەختیار دەزانێ لیستەی دووەمی زاراوەکانی بخاتە بەر چاوی خوێنەر و شارەزایانی بەڕێز کە هیوامانە هەر وەك لیستەی یەکەمی سەرنجیان بدەنێ و لێیان بکۆڵنەوە و بیری خۆیانمان لە ماوەی شەش مانگدا پێ رابگەیێنن . تەجروبەی لیستەی یەکەمی زاراوەکانی کۆرۆ بە رۆنی نرخ و ئەنجامی هاریکاری کۆرۆ و شارەزا و زانایانی دەرخست و هیوامانە بتوانین جار لە دوای جار لەم مەیدانەدا هەنگاوی باشتر بەرەوپێش بنێین .

لیستەی یەکەمی زاراوەکانی کۆرۆمان ناو ناوێ (زاراوی کارگێڕی) هەرچەندە لە راستیدا هەموو زاراوەکانی کارگێڕی نەبوون و زاراوی تری هەمە بابەتی تێدا بوو کە ئەنجومەن بڵاوکردنەوەیانی بە پێویست زانی . زاراوەکانی ئەم لیستەیەشمان هەمەجۆر و بابەتە بۆیەکا ئیتر لیستەکان بەپێی ژمارە ، نەك ناوەرۆك ، بڵاودەکینەوە . هیوامانە لە دواڕۆژدا بتوانین بەپێی باسیش ریزیان بکەین و بە جیا دووبارە بڵاویان بکەینەوە .

زاراوەکانی ئەم لیستەیە ، هەروەك لیستەی یەکەم ، ئەنجامی

لێدوان و لێکۆڵینەوەیەکی زۆری ئەنجومەنی کۆژن کە بەشی زۆری کۆبۆنەوەکانی بۆ تەرخان کردوون و رێبازێ کاریشتی لەم مەیدانەدا هەر رێبازەکەی ئەوسایەتی[1] لەگەڵ چەند تەجروبەیەکی نوێدا کە ئەنجامی کاری کۆژ خۆی و پێشنیار و تێبینێ زمارەیەك لەدۆستانێن، بۆیەکالە پێشەکێ لیستەی زاراوەکانی ئەم جارەماندا تەنها چەند تێبینێ و روونکردنەوەیەکی پێویست دەخەینە بەر چاو.

ئەنجومەنی کۆژ لە کۆبۆنەوەکانی خولی سێیەمیدا بایەخێکی زۆری بەو زاراوانە دا کە لە کتێبی فێرگەکاندا بەکار هێنراون و بەشی زۆریان لە گۆڤاری «پەروەردە و زانست»دا بڵاوکراونەتەوە[2]. ئەنجومەن بڕیاری داوە بەشێکی زۆر لە کۆبۆنەوەکانی خولی چوارهەمیشی هەر بۆ ئەم کارە گرنگە تەرخان بکا[3] کە بێ گومان

(۱) بڕوانە: «گۆڤاری کۆژی زانیاری کورد»، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ۱۹۷۳، ل ٤٢٩ – ٤٤٣؛ هەروەها بڕوانە ل ۸۸۰ – ۸۸۵ی ئەم زمارەیەی گۆڤاری کۆژ.

(۲) هەموو زمارە چواری ساڵی دوێ گۆڤاری «پەروەردە و زانست» (هاوینی ۱۹۷۲) بۆ ئەو زاراوانە تەرخان کراوە. شایانی باسە (بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی) بە نامەی تایبەتی داوای لە کۆژ کردبوو سەیری ئەو زاراوانە بکاتەوە و دوابڕیاری خۆی لە بارەیانەوە بدا.

(۳) هیوادارین فریا بکەوین لە زمارە سێیی گۆڤاری کۆژدا لیستەی سێیەمی زاراوەکان بڵاوبکەینەوە.

لە هەد بەدەر بایەخی بۆ ژیانی رۆشنبیر یتیان هەیە .

ناوەرۆکی ئەم لیستەیە بە شێوەیەکی ڕوون تـــواو و دەسەڵاتی فراوانی زمانی کوردی لەم مەیدانەدا نیشان دەدا و ئەمەش بێ گومان هەوێنی گەورە و مەرجی پێویستی سەرکەوتنی ئەم کارەیە .

لێرەدا بە پێویستی دەزانین سەرنج بۆ ئـەوە رابکێشین کە وا هەڵبژاردنی وشە یا زاراوێك مانای پشتگوێ خستن یا مراندنی وشە و زاراوە هاوواتا کانی نییە و کارێـکی وا هەر بۆ خۆشی لە دەسەڵاتی هیچ کەس و لایەکدا نییە ، بەڵام زمانی کوردیش - وەك هـــەموو زمانێکی تر - گەلێك وشە و زاراوی لەو بابەتەی تێدایە بۆیەکا هیچ نەبێ بۆ کتێبی فێرگەکان دەبێ وشە ئاسـان و باو و لەبارەکەیان بـۆ هەڵبژێردرێ یا وشەیەکی ئەوتۆ کە یارمەتی نزیـکەوتنەوە و تێگەڵ بوونی شێوەکانی زمانەکەمان بدا یا لە دەستە خوشکەکەی رەســـەن و پەتیتر بێ .

بۆ نموونە : دیارە لە وڵاتێکی شـــاخاوی پڕ دارودرەختی وەك کوردستاندا گەلێك وشە بەرامبەر « غابة » دروســـت دەبێ ، وەك لێز و جەنگەل و دارستان و بێشە و هی تر کە لە قســـە و کاری ڕۆژانەدا لەوانەیە هەموویان بەکار بهێنرێن و پێویستیشە یەك بەیەکیان لە فەرهەنگی فراوانی کوردیدا تۆمار بکرێن ، بـــەڵام وەك زاراو ئەنجومەن (لێز)ی لەوانی تر لا پەسەندترە چونکە لە هەموویان باوترە و لە ناو کرمانجیش و سۆرانیشدا بەکار دەهێنرێ و لە (جەنگەل) پەتیترە

کە لە فارسێشدا هەیە . هەروەها بۆ « غابة اصطناعية » جگە لە (چـەم) کە ئەنجومەن پەسەندی کردووە (بێشە)ش بەکار دەهـێنرێ . بەڵام یەکەمیان تەنها لە کوردێدا و دوەهەمیـان لە فارسـێشدا هەیـە . یا (خۆسار) لە ناو کرمانج و سۆرانـــدا بە مانای « صقيع » بەکار دەهێنرێ بەڵام (زوقم) تەنها لە ناو یەکەمیاندا هەیە بۆیەکا بـەلای ئەنجومەنی کۆژەوە هەڵبژاردنی (خۆسار) وەک زاراو لە جێترە .

نموونەیەکی تر : بێگومان ئەنجومەنی کۆژ دەبێ هەر لە خۆژا (چینە)ی وەک زاراو بە لاوە لە (دان) بەرامبەر « علف للدواجن » پارسەنگتر نەبێ ، بەڵـکو بە وردی بێری لەوە کردۆتەوە کە یەکەمیان دەق لە هەمو بار و رۆیەکەوە مەبەسـتەکە زیاتر دەگەیێنێ چونکە (دان) دەبێ لە « عطاء »ەوە یان لە (دانە)وە هاتبێ کە ئەویش بۆ خۆی « حبة و حبوب »[٤] دەگرێتەوە ، کەچی مەرج نییە « علف الدواجن » لە هەمو حاڵێـکیدا « عطاء »ی تێـــدا بێ یان تەنها « حبوب » بێ ، بۆیەکا (چینـــە) کە لە (چنینـەوە)وە هاتووە باشترە ؛ بەڵام لە فەرهەنگی کوردێدا دەبێ بەرامبەر « علف الدواجن » (چینە)ش و (دان)یش و ئەگەر هەبێ هێترێش بە ریز دابنرێن .

هەر بەو جۆرەش لە دانانی (کەڤر)دا بەرامبەر « صخر » دوَ مەبەست رەچاو کراوە ، یەکەمیان کە وشەیەکی کرمانجییە و هەروەک چەند جارێک وتومانە بە لای ئەنجومەنی کۆژەوە تێهەڵـکێش کردنی

(٤) چێشتی (دانوَلە) لەوەوە هاتووە ، یا دەڵێن : بێ دانووە . .

سۆرانیی بە وشەی کرمانجی ، یا بە پێچەوانەوە ، هەنگاوێکی گەورە و مەرجێکی پێویستە بۆ دروستبوون و جێگیربوون و بڵاوبوونەوەی زمانی ئەدەبی یەکگرتوومان ؛ دوو هەمیشیان ئەوەیە کە لە رێگەی ئەو جۆرە کارەوە دەتوانین سامانی زمانەکەمان نیشان بدەین و بیپارێزین چونکە کە (بەرد) مان بۆ « حجر » دانا دەتوانین (کەفر) بۆ « صخر » بەکار بهێنین و کوردیش لەم مەیدانەدا دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە .

لێرەدا بە جێگەی خۆی دەزانین سەرنجی خوێنەری بەڕێز رابکێشین بۆ :

- لەم لیستەیەدا ، هەروەک لیستەی یەکەم ، هەندێک جار زاراوێک لە دوو شوێندا دوو بارە کراوەتە — جارێکیان لەگەڵ چاوگەکەیدا و جارەکەی تریشیان خۆی بە تەنها و مەبەستمان لەمە ئاسانکردنی دۆزینەوەی زاراوەکانە .

- هەندێک زاراوی لیستەی یەکەم ئەجارەش دوو بارە کراونەتەوە چونکە لە چەند رۆیەکەوە پێویستیان بە روون کردنەوە بۆ .

- بە پێویستمان زانی هەڵەی هەندێک زاراوی بەکار هێنراو لە ژێر خانەی تێبینیی ئەم لیستەیەدا بخەینە بەرچاو .

- مەبەست لە (ل ـ ا ـ) لیستەی یەکەمی زاراوەکانی کۆژە کە لە ژمارە یەکی گۆڤاری کۆژدا بڵاوکراوەتەوە .

• زۆر جار ئەو بەیتانەی لە ژێر خانەی (تێبینێ)دا وەك بەڵگە هێنراونەتەوە لە دێڕێکدا جێگەیان نەبۆتەوە هەرچەندە بەو جۆرەش رۆخساری یەك بەیتی خۆیانیان نەدۆزاندووە .

لە کۆتاییدا هیوامانە ئەم زاراوە پێشنیارکراوانە مایەی رەزامەندی خوێنەری بەڕێز بن و بتوانن جێگەی خۆیان بگرن و بەو جۆرە کەلێنێك پڕبکەنەوە .

- لیستی دووەم -

زاراوی عەرەبێ	زاراوی کوردێ	تێبینێ
	- أ -	
أبقار	چەڤڕێ ، پاتاڵ	(چەڤڕێ) لە هەندێك ناوچەی بادینان باوە ؛ (پاتاڵ) لە سۆران باوە ؛ دەڵێن : ئازاڵ و پاتاڵ ، ئازاڵ (یا ئازەڵ) بۆ حەیوانی پچوك و (پاتاڵ) بۆ مێ بەرزە بەکار دەهێنرێ .
إتجاه	سەمت	لە بادینان و لە سۆران بەکار دەهێنرێ ؛ ماموستا قەناتی کوردۆ بۆ هەمان مەبەست بەکاری هێناوە . (Q. Kurdo ..., L. 659)

إتفاقية	ڕێك‌كەوتن	
الأخذ بنظر الاعتبار	ڕەچاوكردن	
اخطبوط	جـلە	لە چیرۆك و داستانی كۆندا زۆر بەكار هێنراوە .
الأراضي المطرية	دێم	
الأرض التي لا تنبت	قاقر	
أرض جرداء	ڕوتەڵ	
ارض سيحية	بەراو	
أرض صخرية	ڕەقەڵ	
أرض قابلة للانجراف	شۆڕەك	لە (شـۆڕان)ەوە هاتـووە ؛ (شۆڕەك) لە زۆر ناوچە بەكار دەهێنرێ ، دەڵێن : ئەو خاكە شۆڕەكە ...
ارض مالحة	شۆڕەكات	(شۆڕە)ش هەر (سوێرێ)یە .
إرواء (اسقاء)	ئاودان ، داشتن	
ازدحام	ئاپۆرە	
إزعاج	جاڕزكردن	بڕوانە : « منزعج » .
أس	تین	« أس » لە « Power »ەوە وەرگیراوە ؛ بەرامبەر « أس » (بنـج) دێ ، بـەڵام لەبـەر ئەوەی « أس » لەسەرەوە دەبێ و (بنج) نیشانەی خوارەوەیە وەك=

=زاراوێکی زانستی دەست نادا ؛
دەتوانین بڵێین : سێ تین سێ ،
چوار تین حەوت ...

اساس (البناء)	بناغه	بەرامبەر « Foundation » . بڕوانه (ل ـ ١ ـ) .
أساس (للقضية أو المسألة)	بنج	دەڵێین : چووە بنج و بناوانی کارەکە ... ؛ بڕوانه « أس » .
استسلام	ملدان	
استقبال	پێشوازی	
إستقلال	سەربەخۆیی	بڕوانه : « مستقل » .
استهلاك (اندثار الشئ)	پوان	بەرامبەر بە « Deteriation »
اسطورة	ئەفسانه	
إسكان (بناءالمساكن)	خانەسازی	
إسكان (العشائر)	نیشتەجێکردن	
إشتراكية	سۆشیالیزم	
أشعة	تیشك	
إصطناعي	دەستکرد	
أصل	بنەچه	دەڵێین : بە بن و بنەچەیدا چووە خوارێ ...
أطراف (طرف)	لا	

إعصار	تۆف	زۆر کۆن و باوه ، دەڵێن : رۆژێکی تۆفه ... ؛ ماموستایان تۆفیق وەهبی و ئەدموّنس و مەردۆخ و کوردۆیف بۆ هەمان مەبەست بەکاریان ، هێناوه (T. Wahby ... , P. 149 ; Q. Kurdoy ... , L. 765 ; مەردۆخ ، بەرگی ـ١ـ ل ٤٠٩) دۆر نییه « طوفان » لەوەوه وەرگیرابێ .
اغذية محفوظة	خۆراکی پاراسته	لەسەر وەزنی : خواسته ، دەڵێن ئەو شته خواستەی منه .
إلتواء	پەرچ	
إمتداد	درێژه	
الأمطار التضاريسية (الأرتفاعية)	بارانی هەڵەتان	بەرامبەر « Orographic » .
إنتاج	بەرهەم	وەك « Product » .
إنتاج(عملية الأنتاج)	بەرهەم هێنان	واته : To Produce.
انجراف	رادران	بڕوانـــه : « جـــرف » و « منجرف » .
انجراف التربة (بالماء)	داشۆران	بڕوانه : « مبزل » .
إنجماد	بەستن	
إنحصار	پاوان	له زۆر شوێن باوه ؛ دۆر نییه له (پاوەند)ەوه هاتبێ ؛ (پاوان) بەو زەوی یا باخ یا ئەو جێگەیه دەگوترێ که بۆ تەنها کەسێك تەرخانه.

ـ انحصار التبغ	پاوانی توتن
ـ دائرة إنحصار التبغ	کارگێڕێتی پاوانی توتن
إندفاع	گوڕ
أهل النار	دۆزەخی

کرمانج له بریتی (دۆزەخ) دەڵێن : دۆزەمە ؛ خانتی (دۆزەمە)ی بەکار هێناوە .

ـ ب ـ

بئر النفط	چاڵەنەوت
بارز	زەق
بحث (تحقيق)	تۆژینەوە
ـ باحث	تۆژەر
ـ باحث علمي	تۆژەری زانست
ـ البحث الادبي	تۆژینەوەی وێژەیی
ـ البحث العلمي	تۆژینەوەی زانستی
بحر	دەریا
بحيرة	گۆل

بڕوانە : « محيط » .

(گۆل) له ناو سۆران و کرمانجدا بەکار دەهێنرێ ؛ حاجی قادری کۆیی له شیعری خۆیدا بەکاری هێناوە ؛ دەڵێن : گۆلی ورمێ یا گۆلی =

		=وان ؛ گەلێك وشەی تر هەیە ؛ (دەریاچە) بـچوك کراوەی (دەریا)یە ؛ بڕوانە « بحر » .
بدو	بەدو	کورد « بدو »ی نییە ؛ لە زمانە ئەوروپاییەکانیشدا هەمان وشـە بەکار دەهێنن ، ئینگلیز دەڵێن : « Bedwin » .
بذر القطن	دانۆکە	
بردی	زەل	لە بادینان دەڵێن : دەلاف کە دوور نییە هەر (زەلـکاو) بێ .
برق	بلاچە	
بزل	دەلاندن	بڕوانە : « میزل » .
بستانی	باخەوان	
بطالة	بێـکاری	
بلاشك	بێسۆ	وانـە : بێ گومان ؛ لە زۆر ناوچە (سۆ) بە مانای (گومان) دێ .
بناء	بەنا	

- ت -

تابوت	دارەمەیت	
تآکل	داخوران	داخورا ، دادەخورێ ...
التجارة الحرة	بازرگانێی ئازاد	بڕوانە : « تاجر » و « تجارة » (ل ـ ١ ـ) .

التجارة المقيدة	بازرگانیی گیرۆ	بڕوانە : « ناجر » و « تجارة » (ل ـ ١ ـ) .
تجربة	تاقی کردنەوە	
تجمع (کمصدر)	ئاپۆرەدان	لە مـوکریان بـەکار دەهێنرێ ؛ دەڵێن : خەڵـکی ئاپۆرەیان داوە ، ئاپۆرەی خەڵك هات ...
ـ التـجمـع (الجماعة المتجمعة)	ئاپۆرە	
تجميل	خەملاندن	لە ناو کرمانج و سۆراندا باوە ، دەڵێن : ئەو مێرگە لە گوڵان خەملیوە ، گوڵ و گوڵزار بەسەر یەکدا خەملیون .
تحديد	دیارکردن	
تدجين	کەوی کردن	
تراجع عن الخطأ (ندم)	پەشیمانتی	
تزحلـق	خلیسـکان	بڕوانە : « لعبـة التزحلق » و « محل التزحلق » .
تسـمم	ژەهرداوتی	لەسـەر وەزنی « دەرماندوتی » کە لە زۆر شـوێن بـەو کەستە دەگوترێ کە « تسمم »ی کردووە ؛ بڕوانە : « سم » و « مسموم » .
تسويق	بازاڕکارتی	

تشبع	مشت بۆن	(مشت‌بۆن) بۆ « کیل » بەکار دەهێنرێ ، لێرەدا مانـاکەی فراوان کراوە ؛ دەتوانین بڵێین : مشت بووە ، مشت دەبێ ...
تصدی	بەرەنـگاری	
التضاریس الارضیة	کەندولەند	لە زۆر ناوچە بۆ هەمان مەبەست بەکار دەهێنرێ .
التضحیات	فیدا کاری	
التضحیة بالنفس	خۆبەخت کردن	
تعامل	ســـەودا	
تعریة	رۆتاندن	دەڵێن : زەویيەکی رۆتەنە ، واتە دار و درەخت یا گیای تێدا نییە ، (داری رۆتـاو)یش هەیە ؛ بڕوانە : « ارض جرداء » .
ـ عملیة التعریة	رۆتاندنەوە	
تعلیب	قوتوبەندی	بڕوانە : « علبة » و « معلبات » .
تعویض	باتی	دەگوترێ : لە باتی ؛ باتـی لـە (بژاردن) باشترە چونکە بـۆ هەمـۆ جـۆرەکانی « تعویض » دەست دەدا ، بڕوانە (ل - ۱ -).
تفتت	پروان	
ـ تفتیت	پرواندن	
تقسیم (الاموال)	بەشینەوە	
تکاثر	زاووزێ	

تكرير	پارزن	مامۆستا گوردۆیێف بۆ هەمان مەبەست بەکاری هێناوە (Q. Kurdo..., L. 589) ؛ بڕوانە : « مصفاة » (ل ـ١ـ).
ـ إعادة تكرير	پارزنەوە .	
تل	گرد	لە بادینان دەڵێن : گر ؛ مامۆستایان تۆفیق وەهبی و ئەدمۆنس بۆهەمان واتا بەکاریان هێناوە (T. wahby ..., P. 168) ؛ (زۆرگی دێدەوان) ناوچە یەکە زنجیرەیە گردی تێدایە کەوتۆنە نێوان کۆیە و بردی هەولێرەوە .
ـ سلسلة تلال	زۆرگ	
تلقيح (عملية التلقيح)	پەیوەندکردن	لە لادێ دەڵێن : ئەو دارە پەیوەندە .
تلقيح مصطلح طبي	کوتان	
تمثال	کۆتەڵ ، پەیکەر	لە زۆر ناوچە گەورەپیاو کە دەمرێ کۆتەڵی بۆ دەکەن و بەرلی خاوەنەکەی دەکەنە بەر .
تموج	گەوە	بڕوانە : « متموج » .
تنقيح	بژار	دەتوانین بڵێین : بژاری توتن .

توازن	هەمبەرێ	لە ناو گرمانجدا بەکار دەهێنرێ؛ هەمبەرێ تۆم وانە بەرامبەر بە تۆم؛ لە هەندێك ناوچە (هامبەر) بەکار دەهێنن؛ بڕوانە: « متوازن » .
ـ التوازن الدولی	هەمبەرێ دوڵەتان	
توازن (توازن الثقل)	هاوسەنگ	
توازن القوی (توازن کمصطلح علمی)	هاوتین	
توجیه	ئاراستن	« وجه » - ئاراستی ، « یوجه » - دەئاڕێزێ .
ـ سنة التوجیه	ساڵی ئاراستن	بڕوانە (ل - ١ -) .
ـ السنة التوجیهیة	ساڵی ئاراستەیێ	(بڕوانە ل - ١ -) .
توزیع	دابەشین	
توفیق	ڕێکخستن ، پێکهێنان	
تیار	پێل	مامۆستا کوردۆیێف بۆ هەمان مەبەست بەکاری هێناوە (Q. Kurdo..., L. 607) ؛ (شەپۆل) لە (شاپێل)ەوە هاتووە کە مانای پێلی گەورەیە ؛ بڕوانە « موج » .

- التيار البحري پێڵی دەریا

- التيار التصاعدي پێڵی بەرەژوور

- التيار النازل پێڵی بەرەژێر

- ث -

ثقل کێش بڕوانە : « الوزن » .

ثلج بەفر

ثمرة بەر

- ج -

جاری ڕەوان

جاسوس دەسکێز دز (دەسکێز)یان هەیە کە ئەو کەسەیە دەچێ ئەو ماڵەی یەکەمیان نیشانی بڕینیەتی بۆی تاقی دەکاتەوە و ڕێگەی بۆ دادەنێ .

جانب لا ، تەنیشت

جبال إنكسارية شاخي گەوەدار لە زۆر ناوچەی کوردستان بە پێچاوپێچی ناو شاخان دەگوترێ : گەوە ؛ بڕوانە : « تموج » و « متموج » .

جثة تەرم

جرف	رادان	
ـ انجراف	رادران	
ـ منجرف	رادراو	
جرىء	ئازا	بڕوانه : « شجاع » .
جزء	پارْ	له ژمردەلان بـەکار دەهێنرێ ؛ بڕوانـه : مـەردۆخ ، بـەرگی ـ ١ ـ ، ل ٢٥٠ .
جغرافيا	جوگرافيا	وشەیەکی لاتینییەو له زمانانی تردا وەك خۆی بەکار دەهێنرێ .
جليد	شـــەختە	
جيولوجيا	زەوی ناسی	
ـ جيولوجي	زەوی ناس	

- ح -

الحانوت التعاوني	دوکانی هەرەوەزی	بڕوانه : « حانوت » (ل-١ـ) .
حبوب	دەغڵودان	بڕوانه : « الحنطة والشعير » .
الحرب الباردة	شەڕی سارد	له زمانه ژەورووپاییکانیشدا هـەر وای پێ دەڵێن : بـە ئینگلیزی (Cold War) و بە ئەڵمانی (der Kalte Krieg)ی پێ دەڵێن و بە ڕوسیش هەر(شەڕی سارد)ی پێ دەڵێن .

حرب السبعين	شەڕی حەفتایە	
الحرب الصليبية	شەڕی خاچ پەرستان	
حرش (أحراش)	دەوەن	
حرفة	پیشە	
ـ حرفی	پیشەگەر	
حرية	ئازادی	
حزب الأحرار	پارتی لیبرالی ، پارتی ئازاد	
حظ	بەخت	
حظيرة (للحيوانات ، داخلية)	غەڵ	
حظيرة (للحيوانات ، مكشوفة)	پەچە	
حقل النفط	نەوتەڵان	لەسەر وەزنی : (کەندەڵان) و (بەردەڵان) ...
حكومة الأدارة	میری کارگێڕی	بڕوانە : « ادارة » و « حكومة » (ل ـ ١ ـ) .
حكومة المؤتمر الوطني	میری کۆنگرەی نیشتمانی	بڕوانە : « حكومة » (ل ـ ١) .
حل	چار	
حلقة وصل	بەندەك	

حلول إستسلامية	چارى ملدان	بڕوانه : « حـل » و « استسلام » .
حلويات	شيرينتى	
حماية	پاراستن	
حمولة	بار	
الحنطة والشعير	دانەوێڵە	بڕوانه : « حبوب » .
حوض	حەوز	
حوض السباحة	گۆمى مەلە	
حوض النهر	ڕێژاو ، دەراو	
حياد	بێلايەنى	بڕوانه « محايد » .
ـ الحياد الايجابي	بێلايەنى ساز	
حيوى	ژيوەر	
ـ حيوية	ژيوەرى	

- خ -

خاصة	تايبەتى	
ـ خواص	تايبەتيەكان	بڕوانه : « خاصة » (ل - ١ -) .
خباز (نبات)	تۆڵەكە	
خردل	خەرتەلە	
خزان مائي	عەمباراو	

خزان مائي (للسدود)	ئەستێر
خصوبة	پیت
ـ عديم الخصوبة	بێ‌پیت
خطأ	هەڵە
خط	خەت
خط الأستواء	خەتی کەمەرێ
خَلَف	شوێنگر
خيط (حريرى)	داوی ئاوریشم
خيط (صوفى)	بەن
خيط (قطني)	دەزوَ
خيمة	خێوەت

زۆر باوە ؛ دوو نییە « خط » لە « کەنا »ی بەهلەوییەوە هاتبێ ؛ (هێڵ) تەنها بۆ خەتی جـوێت بەکار دەهێنرێ .

بڕوانە : « الدائرة الاستوائية » و « مدار » .

ـ د ـ

دائرة	جغز
الدائرة الأستوائية (المدار الاستوائي)	جغزی کەمەرێ
دار المجانين	شێتخانە

بڕوانە : « خط الاستواء » و « مدار » .

دنيا الجزاء	قيامەت	بڕوانە : « قيامة » .
دواجن	پەڕەوڵ	وەك زاراو ؛ دەڵێن : ئاگات لەو پەڕەوڵە بێ .
دوامة (دوارة) ، فتالة	گەردەلوول	
دين	دێن	

- ذ -

ذيل	كلكە	دەگوترێ : كلكەی ئەو چيايە ؛ لە فۆلكلۆری كوردیدا هەيە .

- ر -

رابطة	هاوبەندێ	دەتوانين بڵێين : هاوبەندێ زانايان « واتە « رابطة العلماء » ؛ بڕوانە (ل - ١ -) .
رافد (النهر)	چۆم	بڕوانە : « جدول » (ل - ١ -) و «شط» و «نهر» .
رخصة	ئيزن	(ئيزن) لە دەرفەت كە « مجال » دەگرێنەوە باشترە ؛ بڕوانە (ل - ١ -) و « مجال » .
رد	رەت	بەو جۆرە باوە ، دەڵێن : رەتم مەكەرەوە ...
رطوبة	شێ	

رعد	گرمه	
رعى	لەوەڕ	
ـ مرعى	لەوەڕگە	وانە جێگەی لەوەڕ .
رى	ئاودێڕێ	
الرياح التجارية	بای کەشتیرانێ	
رياح خفيفة السرعة	کزەبا	
رياح خفيفة السرعة	نزەبا	
منعشـــة وغالبا شمالية غربية		
الرياح الدائمية	هەمیشەبا	
رياح شرقية باردة خفيفة	زاویتە	
رياح شرقية باردة شديدة	زریان	
رياح شرقية شديدة	رەشەبا	ج لە هاوین و ج لە زستاندا رو دەدا .
الرياح الشمالية الغربية (السائدة في العراق)	شەمال	
الرياح ضد التجارية	دژەبای کەشتیرانێ	

الرياح العكسية	دژەبا	
الرياح العكسية الغربية	دژەبای ڕۆژئاوا	
الرياح المحلية	بای ناوچەیی	
الرياح المصحوبة بالمطر	باسریشك	واتە ئەو بایەی سروشکی بە دەمەوەیە و (سروشك) یش مانای فرمێسکە و گۆڕاوە بە (سریشك) .
الرياح الممطرة	نمەبا	
الرياح الموسمية	کژەبا	قیاس لەسەر (ڕەشەبا) ؛ بڕوانە : « فصل » .

- ز -

زراعة ديمية	دێمەکار	دەڵێین : گەنمەی دێمەکار .
زراعة شتوية	کشتی زستانە	
زراعة صيفية	شیناورد ، کشتی هاوینە	
زراعة مسقية	ئاویژە	واتە زەراعەتی بەراو ؛ لە (ئاوی زێ) وە وەرگیراوە .
زرع	چاندن	بڕوانە : « مزروع » و « وزارة الزراعة » (ل ـ ١ ـ) .

- س -

سحب	راکێشان	وەك زاراوەیەکی ئابـوریـش دەتوانین بڵێین : راکێشانی بارە لە بانك ئاسانە ...

سخی	دەهنده ، بەخشنده	
سد	بەست ، بەند	
سر	راز	
سریع الجریان	خوڕ	
سم	ژەهر	بڕوانە : « تسمم » .
سموم	گڕە	
سهب (سهوب)	دەشتایی	
سهل	دەشت	
سوق کبیرة	فرۆشگە	وانە جێگەی فرۆشتن .
سوق مشترکة	کۆبازێڕ	
سیر	ڕەوت	شێخ ڕەزا دەڵێ : ماینەکوێت جاران کە دەتگوت ڕەوتی ڕەوتی ئاهووە ... ؟ دەتوانین بۆ زۆر شوێن بەکاری بهێنین وەك : ڕەوتی خوێندن ، ڕەوتی کار ...
ـ سیر الدراسة	ڕەوتی خوێندن	
ـ سیر العمل	ڕەوتی کار	

ـ ش ـ

شائع	باو	
شاوی	بڕژێن	بڕوانە « محرق » .

شجاع	ئازا	بڕوانە « جرىء » .
شجيرة	پنچك	بەرامبەر « Shrub » .
شد	كێشانەوە	بەرامبەر « Tension » .
ـ شد الحبل	گوريس كێشەكتى	
شديد الصعود	رك	لە زۆر ناوچـە باوە ؛ دەڵێن : هەوراز يا شاخێكى ركە ...
شرير	شۆفار	(شۆفار) لە بەيتى كوردێدا زۆر بەكار هاتووە ، دەڵێن : شەيتان و شۆفاران لێنا گەڕێن ...
شط	زێ	(زێ) لە روبار گەورەترە ، دەڵێن روبارى رەوانـدز و زێى گەورە ... ؛ وشەيەكى زۆر كۆنە ، دۆر نييە لەگەڵ « Sea » دا لە يەك رەگەوە هـاتبن ؛ زەينەفوت بە كارى هێناوە ؛ بڕوانە : « جدول » (ل ـ ١ ـ) و « رافد » و « نهر » .
شلال	سۆلاف	
شمعة (للأضاءة)	مۆم	
شمع (مادة)	مێو	
شنان (بنان)	ئەسپۆن	
شهادة آخر راتب	باوەڕنامەى دوامۆچە	بڕوانە : « راتب » (ل ـ١ـ) .

- ص -

صاعقة	بروسك	
صانع	سازكار	بڕوانە : « صناعة » .
صحراء	سارا	مەولەوێ زۆر جار بەکاری هێناوە ، دەڵێ : من نە کەربەلای سارای مانەمدا ؟ (بیابان) فارسییە (ماموّستا تۆفیق وەهبیش وا دەڵێ) ؛ دوّر نییە « صحراء » لە (سارا)وە هاتبێ .
صخر	کەڤر	لە کرمانجیدا هەیە ، مەبەست (بەردی گەورەیە) .
صريفة	زنج	
صقيع	خۆسار	(زوقم)یش هەیە ، بەلاّم (خۆسار) لە ناو کرمانج و سۆراندا باوە .
صك الغفران	پسوڵەی بوردن	
صلف	رۆقایم	
صليب	خاچ	
ـ الحرب الصليبية	شەڕی خاچپەرستان	
ـ الصليب الاحمر	خاچی سۆر	
صناعة	سازکاری	بڕوانە : « صانع » .

ـ ض ـ

ضحل	تەنـكاو
ضحية	قوربانى
ضغط	تەوژم

له لادێ بـەكار دەهێـنرێ ؛ له هەندێك ناوچه دەڵێن : تەوزى خوێنى هەس .

ـ ضغط خفيف	تەوژمى سوك
ـ ضغط الدم	تەوژمى خوێن
ـ ضغط عالي	تەوژمى بەرز
ـ ضغط واطيء	تەوژمى نزم

ـ ط ـ

طب البيطرة	بەيتاڵى

(بەيتاڵى) و (بەيتاڵخانه) دەمێكه بەكار دەهێنرێن و له ناو دەشتەكيەكانيشدا باوه .

الطبقة الثالثة	چينى سێيەم

بڕوانه : « طبقة » (ل ـ ١ ـ) .

الطبقة العامة	چينى رەمەكى

« عامة » به ماناى (رەمەكى) ، واته پێى (ى) لێرەدا « نسبة » نييـه ؛ بـڕوانـه : « طبقـة » (ل ـ ١ ـ) .

طبيعة	سروشت

طبيعي	خۆڕسك	وانه بۆ خۆی دروست بووه و دەستكرد نییه ؛ دەڵێن : ئەو كێوه خۆڕسكه ، گیای خۆڕسك ...

- ظ -

ظهریاً	پشت گوێ خستن	

- ع -

عادة (تعود)	خو	
عادة (تقليد)	نەریت	
عاصفة	بۆران	
عاقول	حوشترالوك	دەبێ له (حوشتر ئالیك)ەوه هاتبێ .
عبور	ڕێبار	
عدم استقرار	پشێوی	
عديم الحياء	بێشەرم	
عرف	داب	
عرق سوس	میێكوك	له ئەردەلان (بەلەك) بەكار دەهێنن .
عصر	چەرخ	
ـ عصر النهضة	چەرخی ڕابەڕین یا وریابوونەوه	

عصيان	سەرپێچێ	بڕوانە : « تمرد » (ل-١-) .
عقائد	بیروباوەڕ	
علف (للدواب)	ئالیك	
علف (للدواجن)	چینە	لە (چینەوە)وە هاتووە ؛ لە موکریان باوە ، دەڵێن : چینەی مریشکەکان بدەن ؛ مەردۆخ بۆ هەمان مەبەستی داناوە (بەرگی ١ ، ل٥٩٤) .
عمداً	ئەنقەست	هەرچەندە لە « عن قصد »ی عەرەبییەوە هاتووە بەڵام بە تەواوی لە قەوارەی زمانی کوردیدا تواوەتەوە .
عمودي	ستۆن	بەرامبەر : « Vertical » ؛ لە ناو جافدا دەڵێن (ستۆن) ؛ ئەستۆنیش باوە و تەنانەت لە هەندێك شوێن دەگوترێ : (ئەستۆنکە) یا (ئەستۆندەکە) ، واتە ئەستۆنێ بچۆك .
عميل (اقتصاد)	سەوداگەر	
عميل (سياسي)	کرێگرتە	
العهد الأعظم (الوثيقة العظمى ، الميثاق الأكبر)	پەیمانی مەزن	بەرامبەر : « Magna Carta » .

العهد القديم	تەورات	
عيب (اخلاقي)	شۆرەیی	بڕوانە (ل ـ ١ ـ) .
عيب (نقص)	خەوش	بڕوانە : (ل ـ ١ ـ) .

- غ -

غابة (اصطناعية)	چەم	لە هەندێك ناوچە (بێشە) بەکار دەهێنن ؛ (چـەم) تەنها لە کوردێدا و (بێشە) لە فارسێشدا بەکار دەهێنرێ .
غابة (طبيعية)	لێڕ	گەلێك وشەی تریش هـەر بۆ ئەم مەبەسـتە لە کوردێدا بەکار دەهێنرێن ؛ « جـەنگەل » لە فارسێشدا هەیە .
غابة كثيفة	چڕ	بەکار هێنانی (چڕگەن) بۆ ئەم مەبەسـتە راسـت نییـە چونکە (چڕگەن) ئەو شوێنە دەگەیەنێ کە گیایەکی زۆری تێدا بێ .
غزل	ڕێس	دەڵێن : ڕێسەکەم بـۆوە بـە خوری ؛ لە هەندێـك ناوچـە دەڵێن : ڕێس .
غني بالمواد الحياتية	بژوێن	
غير مثمر(غيرأصيل)	زڕ ، خرش	لە بادینان (خرش) بۆ دارێ میوە بەکار دەهێنرێ ؛ بڕوانـە : « غير أصيـل » (ل ـ ١ ـ) .

غير مجاز (اقتصادى)	بێپاس	(پاس) وشەیەکی کوردیی پەتی کۆنە؛ لە (بێ پاس)ەوە وەرگیراوە.

- ف -

الفحم الحجري	رەژوی بەرد	رەز = رەش، بە کرمانجیش (رەزی)یە.
فرش (مفروشات)	رایەخ	
الفروسية	سوارێ	
- نظام الفروسية	سوارکارێ	
فصيلة (بشرية)	تیرە	تیرە مانای «طائفة»یە، بەلام دەتوانرێ بۆ ئەم مەبەستەش بەکار بهێنرێ.

- ق -

قدرة	هێز	بەرامبەر «Power».
قراصنة البحر	چەتەی دەریا	
قسط	پارە	
قشر	تۆپکل	
قصدير	تۆتیا	لە زۆر ناوچەی کوردستان بەکار دەهێنرێ.
قصيل	قەرسێل	

قطاع	پار	وانه (بەش) ؛ پار ـ پارچـه ؛ مامۆستایان تۆفیـق وەهبی و ئەدمۆنس بـۆ هەمان مەبەسـت بەکاریان هێناوە. (T. Wahby . P. 102).
ـ قطاع خاص	پاری تایبەتی	
ـ قطاع عام	پاری گشتی	
قطب	تەوەرە	لە زمارە یەکی گۆڤاری کۆڕدا لە ئەنجامی هەڵەی چاپدا بووە بە (تەوەر) (ل ـ ١ ـ) .
ـ قطبي	تەوەرەیی	
القطب المنجمـد الجنوبي	تەوەرەی بەستەڵەکی باشـور	بڕوانە : « جنوب » و « قطب » (ل ـ١ـ) و « منجمد » .
القطب المنجمـد الشـمالي	تەوەرەی بەستەڵەکی باکوور	بڕوانـە : « شمال » و « قطب» (ل ـ١ـ) و « منجمد » .
قطيع	ڕان	
ـ قطيع الماشية	گاڕان	
القلع باليد (للنبات)	دەسکەنە کردن	دەڵێن : دەغڵی دەسکەنە ...
قلم الحسابات	بەشی دەفتەرداری	بڕوانە : « محاسب » و « محاسبة » (ل ـ١ـ) .
قماش	کوتاڵ	
قمة	تڕۆپ	دەڵێن : سـەرتڕۆپی چیـا ؛ لە هـەندێك شوێن (تڕۆپك)یش بەکار دەهێنرێ .

قوت	بژێو	
قياس	پێوان	بۆ « حجم » و « طـول » و « مسـاحة » و « وزن » ؛ بژوانه : « مساحة » .
قيامة	قيامەت	بژوانه : « دنيا الجزاء » .

ـ ك ـ

كاهن	پێشبێن	« كاهن » لە « كهانة » و « تكهن »ەوە وەرگیراوە ، عەرەب زۆ دەچۆن بۆ لای « كاهن » بۆ « تكهن » ...
كبس	پەستاوتن	دەتوانین بڵێین : پەستاوتنی تۆتن یا خورما ...
كبش	بەران	
كثير النـاتج	بەبژشت	زاراوێکی باوە ، لە زۆر شوێن دەڵێن : زەوییەکی بەبژشتە ...
كماليات	فەنتازی	
كمرك	گومرگ	
ـ حماية كمركية	پاراستنی گومرگی	بژوانه : « حماية » .
كنتورات (مصطلح جغرافي)	گەوەز	دەڵێن : گەوەز لە قەراغ گۆم و شاخدا هەیە ، لە بن گەوەزەکەدا ...
الكواكب السيارة	ئەستێرە گەڕۆکەکان	

كوخ	كۆخ	دۆر نیبه کوردی یا فارسی بێ ؛ فارس بـه « قصـر » دەڵێن « كاخ » و لەوانەیه (كۆخ) « تصغیر »ی بێ .

ـ ل ـ

لحظة	تروكه	بڕوانه : « لحظة » (ل ـ١ـ) ؛ دەگوترێ : تروكەی چـاو ، بە تروكەیەك ...
لعبة التزحلق	خلیسكێن	بەرامبەر « Skiing » ؛ لەسەر وەزنی : موشێن ، مبچێن ... ؛ بڕوانه : « تزحلق » و « محل التزحلق » .

ـ م ـ

مالك الارض	زەویدار	بڕاونه : « الملكية الزراعية » .
مبادرة	پێش دەستی	له (پێش دەستی)یەوه وەرگیراوه .
مبزل	داچۆڕگه	له كتێبی فێـرگەكانـدا (داشۆڕگه) بـەكار هـێنراوه (بەروەردە وڕزانست ، ل ١٥٠) ، بەڵام (داشۆڕگه) یا (داشۆران) بۆ « تعرية » و « انجراف التربة » زیاتر دەست دەدا ، دەڵێن : ئەو خاكه شۆڕەكه ؛ ماموستا قەنائی كوردۆش (شـۆڕ)ی بەكار هێناوه=

؛ (Q. Kurdo ..., L. 718)=
داچۆڕان ئەو ئاوە زیادەیە
کە دەچۆڕێتە ڕخــوارێ ؛
(دەلاّو)یش بۆ هەمان مەبەست
دەست دەدا ؛ بڕوانە : « بزل » .

مبيعات	فرۆتەنی	
المتجول في العالم	جیهانگەڕ	واتە : جیهــان گەڕ ؛ وەك : مالاّنگەڕ ، شەوگەڕ ...
متحيز	لایەنگر	بڕوانە : « منزوي » .
متضائق	تەنگاو	(تەنگەتاو)یش بەکار دەهێنرێ .
متطرف	سەرچڵ ، سەرەڕۆ	
متقطع (للشيء)	پسۆك	قبــاس لەســەر : گرینۆك ، خەفۆك ... ؛ لە (پسان)ەوە وەرگیراوە ؛ لە هەندێك ناوچە بەکار دەهێنرێ .
متموج	گەوەك	لەسەر وەزنی ڕووەك ؛ دەتوانین بڵێــین : خاکێکی گەوەکە ؛ لە موکریان بــە سەربەرەوزێــر و سەربەرەوزۆری لەسەر خۆ دەڵێن (گەوە) ؛ بڕوانە : « تموج »و « جبال إنكسارية » .
ـ الاراضي المتموجة	خاکی گەوەك	

متوازي	هەمبەر	بڕوانە : « توازن » .
مثمر	بەردار	
مجال	دەرفەت	دەڵێن : دەرفەتی نەدام دۆ قسە بکەم ؛ ماموستایان تۆفیق وەهبی و ئەدموند بۆ هەمان مەبەست بەکاریان هێناوە (T. Wahby .. , P. 35)
مجرى (المياه القذرة او الامطار)	ئۆهێن	
مجلس الامن	ئەنجومەنی ئاسایش	بڕوانە : « مجلس » (ل ـ ١ ـ) .
مجلس الوصاية	ئەنجومەنی پێسپێرێ	
المجلس الوطني	ئەنجومەنی نیشتمانێ	
محاصيل صيفية	شـیناورد	لە زۆر ناوچەی کوردستان بەکار دەهێنرێ ؛ (تەزەکاڵ) بەوە دەڵێن کە دوای پەڵە دەچێنرێ .
محايد	بێلایەن	بڕوانە : « حياد » .
محتاج	ئاتاج	
محدود	رادەدار	بڕوانە : « حد » (ل ـ ١ ـ) .
محرق	سوتێن	بڕوانە : « شاوى » .
محرك	بزوێن	دەتوانین بڵێین : هێزی بزوێن یا هێزە بزوێنەکان ، وانە : (القوة ـ يان ـ القوى المحركة) .
محظوظ	بەختەوەر	

محل التزحلق	خلیسکه	بڕوانه : « تزحلق » و « لعبة الترحلق » .
محل النزيز	زەنەك	
محلي	خۆجێیی	لە هەندێك ناوچە بەکار دەهێنرێ .
محيط	زەریا	بڕوانه : « بحر » .
مخروط	قۆچەك	لە هەندێك ناوچەی کوردستان بە تەنگۆستیلەی دروماڵ دەڵێن : قۆچەکە .
ـ مخروط ناقص	قۆچەکی کەل	
ـ مخروطي	قۆچەکی	
مخصصات المبيت	شەوانە	
مخفی	نهێنی	بە فارسی (نهانی) یە .
مـــد	خێزاو	
مدار (مصطلح جغرافي كەمەرە وفلكي)		
ـ مدار الجدي	کەمەرەی کار	کار = کارزۆنە .
ـ مدار السرطان	کەمەرەی قرژاڵ	
مدّرج	پلەك	لە (پلەکان) هوە وەرگیراوە کە وشەیەکی باوە .
مذهب	ئایین	
مرتفع	بەرزە	

مرتفعات	هەڵەت	لە زۆر ناوچەی بادینان دەڵێن : ئەو شوێنە هەڵە ، واتە بەرزە ؛ (هەڵ) وەك نیشانەی بەرزی و سەرەوزۆر دێ : هەڵدان ، هەڵکردن ، هەڵخستن ؛ بڕوانە : « الامطار التضاریسیة » .
مرن (کمصطلح علمي)	بەپێز ، پێزا	بڕوانە : « هش » .
مزروع	چاندراو	بڕوانە : « زرع » .
المزروعات الصیفیة	شیناورد	
مزروع یدویا	دەسچێن	لە (دەست چێن)ەوە وەرگیراوە .
المزن	گەوالە	
مساحة	رووبێو	بەرامبەر « Area » .
مساحة	پێوان	بەرامبەر « Surveying » ؛ بڕوانە : « قیاس » .
مساعدة	یارمەتی	
مستقر (وضع)	کۆ	دەڵێن : دنیا کۆە .
مستقل	سەربەخۆ	
ـ إستقلال	سەربەخۆیی	
مستنقع	زەلکاو	لە زۆر ناوچەی کوردستان بەو شوێنەی ئاوی تێدا دەوەستێ و زەوی تێدا دەڕوێ دەڵێن : زەلکاو .

المسطحات المائية	تەختاوەکان	لە (هەخت) و (ئاو) هوە داناشراوە .
مسموم	ژەهراوی	بڕوانە : « تسمم » و « سم » .
مسيحي	دیان	لە زۆر شوێنی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە بەکار دەهێنرێ .
مسيل (مجرى النهر)	ئاوەڕۆ	
مشارف	هەنداف	لە بادینان باوە ، دەڵێن : هەنداقی گوندێ ...
مشتى	گەرمەسێر	مەولەوی دەڵێ : گەرمەسێر دڵ سیاسازیشەن ؛ لە هەندێك ناوچە دەڵێن : گەرمەستێر .
المشرق العربي	هەرەبستانی رۆژهەڵات	بڕوانە : « المغرب العربي » .
مصب	ڕێژگە	
مصفى (مكان التصفية)	پاڵێوگە	بڕوانە : « مصفاة » (ل ـ ١ ـ) .
مصير	چارەنوس	
مصيف	زۆزان	
مضاعفات	درژانگ	لە کتێبی فێرگەکانیشدا بەکار هێنراوە (بەروەردە و زانست ، ل ١٥٠) ؛ قیاس لەسەر : برژانگ ، قرژانگ ..
مضيق بين جبلين أو تلين	دەربەند	

مضيق (مطلق المضيق)	تەنگژە	وشەیەکی کوردیی پەتییە و لە زۆر شوێن بەکار دەهێنرێ .
مطر شديد قصير الأمد	ڕێژنە	دەگوترێ : ڕێژنە باران .
مطر شديد ومتواصل	ڕەهێڵ	لە هەندێك شوێن دەگوترێ : ڕەهێڵە .
مظهر	ڕواڵەت	
معدن	کان	
ـ معدنی	کانی	بڕوانە : « المياه المعدنية » .
معلبات	قوتوبەند	بڕوانە : «تعليب» و «علبة» .
معمار (معماري)	ئارکتێکت ، ڕەنگڕێژ	بەرامبەر « Architect » .
المغرب العربي	عەرەبستانی ڕۆژئاوا	بڕوانە : « المشرق العربي » .
مفاهيم (مفهوم)	چەمك ، چمك	بڕوانە : فەرهەنگی مەردۆخ ، بەرگی ـ ١ ـ ، ل ٥٧٤ ؛ فەرهەنگی خاڵ ، بەرگی ـ ٢ ـ ، ل . ٤ .
مقاومة	تابشت	لە لادێ دەڵێن : من تابشتی ئەو کارەم نییە ؛ دەتوانین بڵێین : تابشتم نییە . .
مقطع	بڕگە	
مقوم (مقومات)	بنەما	

مقياس	پێودان	بـەرامبەر « Standard » ؛ لە لادێ باوە .
ملاحة (بحرية)	دەریاوانێ	
ملتقى النهرين	دۆ ئاوان	بەو ناوچەیەی تانجەرۆ و زەڵم تێیدا بە یەك دەگەن دەڵێن : دۆئاوان ؛ بڕوانە : « ملتقى واديين » .
ملتقى واديين	دۆ شێوان	لە هەندێك ناوچە بەکار دەهێنرێ ؛ بڕوانە : « ملتقى النهرين » .
الملكية الزراعية	زەویدارێ	بڕوانە : « مالك الارض » .
ملوحة	سوێرێ	
مملكة	شانشین	بەرامبەر « Kingdom » .
مناخ	ئاووهەوا	
ـ المناخ الدافيء	ئاووهەوای گەرمۆك	
ـ المناخ الصحراوي	ئاووهەوای بیابانێ	
ـ المناخ المعتدل	ئاووهەوای فێنك	
منتج	بەرهەمدار ، بەرهەمهێن	
منجرف	رادراو	بڕوانە : « انجراف » و « جرف » .
منجمد	بەستەڵەك	
منحدر	لێژ	

منخفض	ئەور	لە هەندێك ناوچەی کوردستان بەکار دەهێنرێ .
منزعج	جارز	بڕوانە : « ازعاج » .
المنزه عن العيوب	بێخەوش	
منزوي (منعزل)	کەنارگیر	بڕوانە : « متحیز » .
المنطقه الأستوائية	ناوچەی کەمەرێ	
المنطقة المعتدلة الجنوبية	ناوچەی هێدێ باشوور	
المنطقة المعتدلة الشمالية	ناوچەی هێدێ باکوور	
المنطقة المنجمدة	ناوچەی بەستەڵەك	
منظر	دیمەن	
منظم	ڕێکخەر	
منظم حروف	پیتکار	
مهارة	شەرەقسە	
مهني	پیشەیی	بڕوانە : « مهنة » (ل ـ ا ـ) .
مواساة	دڵدانەوە	(دڵنەوایی)ش بەکار دەهێنرێ .
موج	شەپۆل	وانە (شاپێل) ـ پێڵی گەورە ؛ بڕوانە : « تیار » .
موزع	نامەبەر	
موسم الأنجماد	سەهۆڵ بەندان	

مياه جوفية	ژێراو	له (زێر ئاو)ەوە وەرگیراوە .
المياه الغازية	گازاو	
مياه معدنية	کاناو ، گەزاو	مامۆستایان تـۆفیق وەهبی و ئەدمۆنس بۆ هەمان مەبەست بەکاریان هێناوە (T.Wahby,... P. 71)؛ لە خـورمالّ و باتیخێلاّت بەو ئاوە دەلێین (گەزاو) .
مياه النزيز	زناو	
ميزانية	بۆجە	له (بۆدجە)وە وەرگیراوە .
ـ الميزانية السنوية	بۆجەی سالاّنە	

ـ ن ـ

ناظم (للري)	بناوان	
نبات	رووەك	
ـ نباتات بصلية	پیازەکی	
ـ نباتات بقولية	رووەکی کلۆدار	(کلۆ) ئەو بەرگەیە کە چەنـد دەنکە باقلە یا فاسۆلیا یا ئەو جۆرە بەرهەمانەی تێدایە .
ـ نبات طحلبية	رووەکی قەوزەیی	« طحلب » قەوزەیە .
نثر البذور	تۆوداڵ ، تۆوەشاندن	له موکریان دەلێین : تۆداڵ .
نزع السلاح	چەك کردن	

نزيز	زۆنگ	(زۆنگ) بەو شوێنە دەگوترێ کە ئاوێکی کەمی تێدایە و زەویەکەی شلە و لەوانەیە خەڵکی تێدا نقوم بێ .
نسب	رەچەڵەك	
نسج	تەون	« انسج » = دەتەنم ...
ـ نسيج	تەون	
نسيم	سروە ، شنە	
نظام الأدارة	پێڕەوی کارگێڕێ	بڕوانە : « ادارة » و « نظام » (ل ـ ١ ـ) .
نظام الاداره(مصطلح تأريخی)	ڕژێمی کارگێڕێ	
نظرية	تیۆری	وشەیەکی کۆنە و لە ڕێگەی لاتینێیەوە تێکەڵی گەلێك زمانی ئارێ بووە ؛ لە کوردستانی ئێران دەمێکە (تیئوری) بەکار دەهێنن ، بەڵام (تیۆری) لەسەر زمان سوکترە .
ـ نظرية الحق الالهي	تیۆری مافی خودایی	دەتوانین بڵێین (خوایق) .
ـ نظرية العقد الاجتماعي	تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی	
نهج	ڕچە	بڕوانە : « اسلوب » (ل ـ ١ ـ).

نهر	روبار ، چۆم	بڕوانە : « جدول » (ل ـ ١ ـ)و « رافد » و « شط » .

ـ هـ ـ

هادیء	ئارام	
ـ المحیط الهادیء	زەریای ئارام	بڕوانە : « محیط » .
هش	بێ‌پێز	بەرامبەر « Brittle » ؛ بڕوانە : « مرن » .
هضبة	بان ، بانـو	لەولای سەقـزەوە « هضبه »ی هۆبەتۆ هەیە کە ٣٠٠ گوندێکی تێدایە و پێی دەڵێن (بات هۆبەتۆ) ؛ دۆر نییە (بانه)ش هەر لەوەوە هاتبێ ...
هوایـة	خولیا	
هور	قۆپی	دۆر نییە « هور » لە (خۆڕ)ی کوردی و فارسـییەوە هاتبێ ؛ قۆپی ئەو نزماییەیە کە ئاوی تێدا کـۆدەبێتەوە و قامیش و سێسۆ و ئەو جۆرە رووەکانەی تیا دەڕوێ ؛ مامۆسـتایان تۆفیـق وەهبی و ئەدمۆنس بۆ هەمان مەبەست بەکاریان هێناوە(T.wahby...,P.117)؛ لە کوردستانی ئێران قۆپێ باڵ باڵی و لە کوردسـتانی عـیراق قۆپێ قەرەداغ هەیە .

- و -

وادی	دۆڵ ، گـەلی	بەرامبەر : «Valley» ؛ (شێو)یش بۆ «وادی» پچوك بەكار دەهێنرێ ..
وادی (صغیر)	شێو	
واســع	فرەوان	
وحدة (توحد)	یەكەتی	بڕوانە : « اتحاد » .
وراء الظهر	پاشملە	
وزارة النقل	وەزارەتی گواستنەوە	« Transportation » ؛ بڕوانە : « وزارة » (ل ـ ١ ـ) .
وزن	كێشـــان	بڕوانە : « ثقل » .
وعظ	پەند	
ـ واعظ	پەندیار	
ولایـة	ئاستان	
ولي	پیر	

* * * * * *

یاریدەیەکی گەورە

لە لایەژە ٨٥١ی ئەم کۆڤارەدا راماندگەیاند کە وا بەژێز سەرەک کۆمار موهیب ئەحمەد حەسەن بەکر بڕیاری داوە یاریدەی (کۆڕی زانیاری کورد) بدا بۆ تەواوکردنی بارەگاکەی . هێشتا ئەم ژمارەیەی گۆڤاری کۆڕ لە ژێر چاپدا بۆ کە سەرۆکایەتی کۆڕ بیست هەزار دیناری وەک بەشی یەکەمی ئەو یاریدەیە پێگەیشت . سەرۆکی (کۆڕی زانیاری کورد) مامۆستا ئیحسان شێرزاد سوپاسی گەرمی ئەنجومەن و ئەندامانی کۆڕی بە سەرەک کۆماری بەژێز بەرامبەر بەم یاریدە گەورە و لە جێیە راگەیاند .

چەند هەواڵێک

دیوانی سەرۆکایەتی :

